# پرۆژەی فرۆشتنی کوردستان

# و

# گرەو لەسەر ئەسپی تۆپیو

هەواڵنامەی کتێب

نووسینی: رێبوار رەشید

Weşanên Rewşen: 9

Çapa yekemin: Adar 1992

Xwedî: Yekîtiya Rewşenbîrên Welatparêzên Kurdistan
Maxstr. 50-52, 5300 Bonn 1, Germany

* بەشێکی ئەم نووسراوە لە ١٩٩١/٩/١ لە ستۆکهۆڵم بە شێوەی سیمینارێک
خوێندرایەوە و گفتوگۆی لەسەر کرا.

* هەموو پارەیەک کە لە ئەنجامی بڵاوکردنەوەی ئەم نووسراوەدا، بە شێوەی نرخی فرۆشتن و
کۆمەک و هاوکاری و پیتاک کۆدەبێتەوە دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی «Kurdistan Centrum» و بە
هیچ شێوەیەک بۆ نووسەر نابێت.

* مافی لە چاپدانەوەی ئەم نووسراوە
دەگەڕێتەوە بۆ نووسەر یاخود لێپرسراوانی Kurdistan Centrum.

ڕێبوار
١٩٩١

پێشکەشە بەوانەی لە پێناوی مافەکانی مرۆڤدا خەباتدەکەن و
ئەو مافانەش بە گەلی کوردستانیش ڕەوا دەبینن

هەواڵنامەی کتێب

# پێش گووتن

(مێژووی شۆڕشی کوردستانی ئێراق لە شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ەوە تاکو ئێمڕۆ، بریتی بووە لە خەباتی چەکدار بە شێوەی شەڕی پێشمەرگانەو گفتوگۆکردن و شەڕ وەستاندن، ئینجا هەڵگیرسانەوەی شەڕی پێشمەرگانە و گفتوگۆکردنەوەو دیسان دووپات بوونەوەی شەڕو ئاشتی، خەباتی چەکدار و گفتوگۆکردن و ئینجا شەڕبوونەوەو دیسان گفتوگۆکردنەوە، بوونەتە خاسیەتێکی تایبەتی شۆڕشی ئەم سەردەمەی کوردستانی ئێراق)[1]

ڕەنگە خوێنەر ئەم ووشانە بناسێتەوە، بە تایبەتی کە هەر یەکێک لەم ووشانە بە هەزاران گیانی پاک لەسەر گەلی کورد کەوتووە. کۆمەڵێک ووشەی بەزاو کە زۆریان نەمابوو بە زۆری زۆرداری بناخرێنە نێو گیانی مرۆڤی کورد و کۆمەڵگای کوردستانەوە و هەروەک هەموو یەکێک لەم ووشانە دەستەمۆو بەزیوو دۆڕاو سەری تاساوو ووڕ بەدەنە دەست ئایندە و چارەنووسێکی ڕەشەوە.

ئەم کۆمەڵە ڕستەیەی سەرەوە ڕازاوەترین دیاری و چەپکە گوڵی دەستی سەرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان «ی.ن.ک» بوو لە دەست تێکەڵاو کردنەکەی ساڵی ١٩٨٣/١٩٨٤دا لەگەڵ سەرانی ئێستای پارتی بەعسی سۆسیالیستی ئێراقدا، پێشکەش بە گەلی کوردستانیان کرد.

بەڵێ سەرانی (ی.ن.ک) بێ ئەوەی لە کردارەکانیان بە گومان بن، بێ ئەوەی نەک هەستی کوردایەتی بەڵکو تەنانەت ویژدانی مرۆڤایەتیشیان بجوڵێت، بێ ئەوەی سڵ لە ڕووشاندنی ئابڕوویان بکەنەوە و هەروەک بەزەییش بە زەبیان بە پێنج ملیۆن مرۆڤی سەرگەردان و ئاوارە و برسی و ڕووت دا بێتەوە، بە ئاشکرا هاوار دەکەن و دەڵێن، شەڕێکی بێ ئامانج، شەڕێکی بێ کۆتایی، شەڕێکی خوانووس، شەڕێکی بە ئاشکرا بێ سوود بە باڵای کورد بڕاوە.

پێمان دەڵێن، کورد لە پێناوی گفتوگۆدا شەڕ دەکات و ناگات بە هیچ و هەردوایش شەڕدەکاتەوە و ئیتر هەر بەو شێوەیەو بەو شێوەیە، بە جۆرێک وەک خۆیان پێمان دەفرۆشن، شەڕو گفتوگۆ «بوونەتە خاسیەتێکی تایبەتی شۆڕشی ئەم سەردەمەی کوردستانی ئێراق».

بەڵێ ئەو چەند ڕستەیەی سەرەوە هەرگیز کۆن نابێت و بەردی بناخەی بیری ئۆتۆنۆمیخوازی «ی.ن.ک» و سەرانسەری پارتە بۆرژوا فیوداڵی و خێڵەکییەکانی تری بەرەی کوردستانی ئێراقە، کە پاش هەشت ساڵ زیاتر، لە تاقیکردنەوەی جۆراو جۆر کە پێچەوانەی ئەم بۆ چوونە دەسەلمێنن،

هەمان ووشە و هەمان ڕستە و هەمان مەبەست چەند پات و چەند پات لە بەغدا و ئەنقەرە و تاران و دیمەشقدا دەکەنەوە.

تۆ بڵێی گەلی کورد لە پێناوی گفتوگۆیەکدا شەڕبکات کە سوور بزانێت سەرەنجامەکەی هەر شەڕ دەبێت؟! تۆ بڵێی گەلی کورد لە پێناوی دەسکەوتنی « هیچ » و لە کیس چوونی هەزاران گیان و ماڵوێرانی دا شەڕ بکات؟! داخۆ گەلی کورد لە پێناوی شەڕ و گفتوگۆو دیسانەوە شەڕو گفتوگۆدا منداڵان و لاوانی خۆی بە کوشت دەدات و ماڵ و سامانی خۆی دەخاتە قوڕگی مەرگەوە؟!

بێگومان، نە،، خەڵکی کوردستان وەک هەموو مرۆڤ و کۆمەڵگایەکی تری سەر ئەم زەمینە خوازیاری ئاشتی و یەکسانی و ئاسایش و پێشکەوتنە. ناخوازێت کات و ژیانی خۆی بە شەڕو گیروگرفتەوە خەریک بکات و لە کاروانی پێشکەوتن بە ساڵان دوا بکەوێت و خوێنی خەڵک بڕێژێ و خەڵک خوێنی بڕێژێت. دوژمنایەتی کەسی پێ باش نییە و خۆشی بە دوژمنی کەس نازانێت.

بەڵام جێی داخە دەستی شەڕ خراوەتە بینی و پەنجەی شەڕفرۆشی هەناسەیی لێبڕیوە. نەتەوەی کوردیش وەک هەرنەتەوەیەکی تر خاوەنی بەها مرۆڤایەتییەکانە ڕازی نابێت و ڕێگا نادات مافەکانی ژێر پێ بخرێن و بە نزم تەماشای بکرێت و وەک میکرۆب وڤایرۆس مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

بەڵام سەرکردایەتی خێڵەکی و فیودالی و هورودە بۆرژوای سازشکار و ئوتۆنۆمیخواز، بە زۆری زۆرداری، بە یارمەتی و هاوکاری ڕژێمە کۆنەپەرستەکانی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان داگیر کردووە و بە فاک و فیکی ئیمپریالیزمی ئەمریکی و کۆنە ئیمپریالیستەکانی ئەورووپا، هەر لە کۆتایی ساڵەکانی ۱۹٥۰ەوە بە کوشتن و بڕینی مرۆڤی کوردی پێشکەوتووخواز و نیشتمانی و سۆشیالیست بیرو خاوەن بیری کوردستانیەوە خەریک بوون، بە شێوەیەک کە سنووریان بۆ نەبووەو ووشەی « نهێنی » هەموو جۆرە دەستەسەربازێکی سەر سنووریان پێنگەیشتووە و لەم سەر بۆ ئەو سەر بە ئارەزووی خۆیان، بە هیوار خواستی شۆڕشی چەواشە، بست بە بست و کۆڵان بە کۆڵان گەڕاون.

سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراق « پ.د.ک ـ ع » و « ی.ن.ک)»ی لە دەرەوەی کوردستان زیاتر ژیاون و ناوی شەقامەکانی دیمەشق و ئەنقەرە و تاران و بەغدا زۆر بە دڵنیاییەوە لەوانەی سلێمانی و هەولێر باشتر دەزانن و چاکتر پێیان ئاشنان. کەسێکی وەک «نێچیرەوان» کە ئێستا پێیەکی لە بەغداو ئەوی تری لە کوردستانە و بە هەر دە پەنجە هەڕەشە لە جەماوەری زاخۆ و دهۆک دەکات، بۆ یەکەم جارە لە «کەرەج» و «تاران» بێتە دەرێ و کوردستان

بەچاوی خۆی بدیتی.

هەروەک چۆن هەورە گرمە و بروسکە بە زۆری لە ئێوارەی درەنگ و شەودا تەنگ بە ئاسمان هەڵدەچن، هەرواش سەرانی ئۆتۆنۆمیخوازی خیانەتکاری باشووری کوردستان لە گەرمەی بزووتنەوەو سەرهەڵدانی جەماوەریدا دەبنە کۆسپی سەرە ڕێ و لەبەردەم دەسکەوتەکاندا قووت دەبنەوە و تەنگ بە کورد هەڵدەچن.

چەندین جار بە ئاشکرا خۆیان فرۆشتووەو بوونەتە جاش و بەشێوەیەک لەگەڵ دوژمنانی کورد دا تێکەڵاو بوون کە سیمایان بۆ یەک ئاواز کردووە و هەردوو، بە جووتە، یاخود هەندێ جار بە چەند تۆزێ لەیەک شەڕوالیشدا هەڵپەڕیوون، بە جۆرێک کە خەڵکی بێگانەش بێزیان لێکردۆتەوە.

سەرکردایەتی «ی.ن.ک» هەروەک بە ئاشکرا بوونەتە « پێنۆچێت» و «مۆسۆلۆنی» و «فرانکۆ»ی نەتەوەی کورد، دەبوایە هەرواش بە ئاشکرا بیانگوتایە کە شەڕو گفتوگۆ، بوونەتە خاسیەتێکی تایبەتی « سەرکردایەتی ئەم سەردەمەی کوردستانی ئێراق » .

چونکە دیارە « شۆڕش » خاسیەتی شەڕو گفتوگۆو دیسانەوە شەڕو دیسانەوە گفتوگۆ ناگرێتە خۆی، شۆڕش بریتی نییە لە بە دەوری خۆدا خولانەوەو بەزین و دۆڕاندنی یەک لە دوای یەک.

شۆڕش بریتییە لە بە پراکتیک کردنی خواست و ئارەزووەکانی چینێک، یان گەلێک لە ڕۆژەیەکی دینامیکی گۆڕەردا، کە کۆمەڵێک گۆڕانکاری بابەتی و حاشا هەڵنەگر لە ڕووداو بەسەرهاتەکان هەڵدەهێنجێ و گۆڕەپانێکی نوێ بۆ ژیانێکی نوێ دەڕەخسێنێ. ڕادەی سەرکەوتنیشی لە خۆ ئامادەکردن و هێزی زانستیانەی ئەو لایەنانە دایەو گەورەترین هێزی دینامیکی ئەم شۆڕشەش لە ڕێکخستنی ئەو لایەنە «خۆی» دایە.

بەڵام لەبەر لاوازی هێزە چەپییەکانی کوردستان و کارتێکردنی بیری پان ئێرانیزم و پان ئارەبیزم لە سەر ڕەوتی ئەم چەپانە، ئەوا کۆنەپەرست و فیودالی کورد گۆڕەپانێکی لەبار و ئاووهەوایەکی گونجاوتری بۆ ڕەخساوە، کە مەحاڵ بوو بەبێ بوونی هۆکاری یەکەم و دووەم بەم شێوەیەی ئێستا ڕەگ داکوتێ و سەنگی رامیاری لە گۆڕەپانەکەدا هەبێت. هێزی فیودالی و خێڵەکی کوردی تا چەند مانگێک لەمەوبەریش (وا هێندی هێندی بەرەو مایە پووچی هەنگاو دەنێ) هێندە زاڵ و باڵا دەست بوو «دروشمی ئۆتۆنۆمی» کە خۆی لە خۆیدا، هیچ نەبێت، چارەسەرێکی ڕیفۆرمیستی و شێوازێکی خۆ بەدەستەوە دانی ترسنۆکانەیە. ئەمان بە ئاشکرا کردبوویانەتە پردی خیانەت لە گەلی کوردستان و فرۆشتنی ماڵ و سامانی و مامەڵە و بازرگانی کردن بە بەها مرۆڤایەتییەکانییەوە.

«ئۆتۆنۆمی» کراوەتە بازارێکی بازرگانی ئەوتۆ کە خەروارە گەوهەری بێ خەوشیش ناگاتێ.

دوژمنانی کورد هێندە پارە دەدەن لە بەرامبەر سەرپانکردنەوەی مرۆڤی کورد و لە ڕووت خستنی کاروانی سەربەخۆیی کوردستاندا کە زەحمەتە سەرانی بەرە بتوانن بە خەونیش بیدیتن.

ئیدی گیانی پڕ کینە و ئیرەیی و چاوچنۆکی سەرانی فیودالی و خێڵەکی خیانەتکاری کورد بە جۆرێک هەڵفریوێنراوە کە بە ئاشکرا لە هۆڵی میوانانی فاشیستەکانی بەغدا و تاران و ئەنقەرەدا بزووتنەوەی جەماوەری ڕەش و ڕووتی کوردستان بە « دەستی دەرەوە » دادەنێن و تاوانی تێکدانەوەی « گفتوگۆی ئۆتۆنۆمی » دەخەنە پاڵیان. (٢)

دیارە دەوڵەمەندیتی دوو وڵاتی داگیرکاری ئێراق و ئێران کە توانیویانە زۆربەی زۆری دەنگەکانی ئەوروپا ڕۆژهەڵات و ڕۆژ ئاوا و ئەمریکا و چینیش بکڕن، یاخود هیچ نەبێت دەمکوت ویێ هەڵوێستیان بکەن. هەروەها تورلەیەتی و ئەڵقە لە گوێی ڕژێمی فاشیستی تورکیا بۆ ئیمپریالیزمی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا، کە بەرامبەر ئەمە ڕشتنی خوێنی کوردی بۆ حەڵاڵ بکرێت.

لە سەرووی ئەمانەشەوە ڕادەی بەربەریێتی و دڕندایەتی و باڵا دەستی هێزی سوپایی و تەکنیکی ئەم ڕژێمانە ڕۆڵی تایبەتی خۆیان هەیە و ناکرێت پشتگوێ بخرێن.

بەڵام هۆکارە گرنگەکان کە بوونەتە مایەی تەنیس مانەوەی گیروگرفتی مەسەلەی کوردستان و گەشتنی تا ڕادەی خۆ خواردنەوە و بۆگەن کردن، بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ڕیڤیژۆنیستی و باڵا دەستی گیانی سۆڤێنیزمی نەتەوەی سەردەست لە سەرکردایەتی پارتی کۆمۆنیستی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان داگیر کردووە.

هەروەها گیانی خۆفرۆشی و خۆ بە کەمزانین و سەوداکاری هێزە خێڵەکی و فیودالییەکانی باشووری کوردستان کە خۆیان ووتەنی ( ٣٠) ساڵە لەگەڵ ڕژێمدا بەشەڕدێن و دوایش هەردەبێت بگەڕێنەوە بەغدا و یەکتری ماچ بکەنەوە. (٣)

ئەم ووشانە هەڵوێستی ڕێکەوت و نەزانین و سەرلێدەرنەکردن و بۆهاتنی‌کاتی نییە، بەڵکو ستراتیژی بیری مامەڵەکارو خۆڕانەگرە، ئەم ووشانە کۆیی هەمان ووشەن کە لە سازشەکەی ١٩٨٣/١٩٨٤دا، لە قشقۆڵی و سورداش دا دەووترانەوە. ئەم ووشانە کۆیی سەرجەمی هەموو ئەو دەست تێکەڵاو کردن و چاوبڕکێیەیە کە گاه بە نهێنی و گاه بە ئاشکرا لە نێوان هەموو سەرکردایەتییەکی خێڵەکی و فیودال و هوردە بۆرژوای خۆ بەدەستەوە دەردا و ڕژێمی بەعسی ئێراقدا هەردەم هەبووە.

تەنانەت لە دوای خنکاندنی هەڵەبجە و بادینانیشدا هەر بەردەوام بووە. ئەم ووشانە کرۆکی

خەسڵەت و ناکاری و سەرکردایەتی «بە هەزیوەکەی باشووری ئێراقە.

ئەم بیرە سەرچاوەی خۆیی لەو تیزەوە هەڵهێنجاوە کە «هەرگیز نابەوێت لە پشتەوە بە خەنجەر لە سوپای ئێراقی بدات»[4] کە سەددام حسێن بە «ناڕێزیکار» دادەنێت نەک بە «رەقیب».[5]

بەڵێ بەم شێوەیە خەڵکی کوردستان خراونەتە ژێر زەبری هێرشێکی پڕوپاگەندەی کوشندە و بە پرۆسێسێکی درێژ کە (٣٠) ساڵ تەمەنێتی، بە ووتەی چەور و ڕستەی فریوێنەر لە پەل و پۆ خراوەو خەریکە وای لێبکرێت کە ژێر دەستەیی خۆی بەکارێکی خواکردو و سروشتی لەقەڵەم بدات.

برا گەورەیی نەتەوە سەردەستەکانی فارس و تورک و ئارەب بە چارەنووسی دیاریکراوو دەستی قەدەر بزانێت.

هۆی چەوسانەوەی نەتەوەیی و چینایەتییەکانی، بەتاڵان بردنی ماڵ و سامانی، دەست درێژکردنە سەر بیرو هەست و نەست و هۆشی، هەموو تەنها ببەستیەوە بە « ڕژێمی ناوەندی» ئەم وولاّتانەوەو بێ هودە چاوەڕوانی ئەو ڕژێمە دیموکراتییە فریشتەییە ئاسمانییە بێت کە سەراتی ئۆتۆنۆمیخواز و پارتە کۆمۆنیستیە مافیاییەکان دەهۆڵی بۆ دەکوتن.

ئەم پرۆسێسە درێژخایەنە فرەکوشندەیە وای لە مرۆڤی کورد کردووە کە دەوڵەمەندی خاک و لە بن نەهاتووی سامانەکانی لە بیربچێتەوە، بەها مرۆڤایەتییەکانی خۆی ووردە ووردە بدات بە دەستەوەو خۆی لە کەسێکی ئارەب و تورک و فارس کەمتر بزانێت.

ڕاستەو خۆ و ناڕاستەو خۆ دان بەوەدا بنێت کە ئەم بەبێ مافێتی ڕازییە و کە ئامادەیە بەرخۆردانی «امتیاز» کەمتری هەبێت لە نەتەوەی سەردەست. بە ئاگا بێت لەوەی هەموو بەرخۆردانێک بدات بە نەتەوەی سەردەست و خۆشی نەک هەر بە بچووک بەڵکو بە نیوە مرۆڤ و چارەکە مرۆڤ و مرۆڤی ژمارە دوو... هتد بزانێت.

«بیری ئۆتۆنۆمیخوازی» و «برایەتی درۆ»ی سەرانی هوردە بورژوای خیانەتکاری کورد بە بارمەتی و هاوکاری پارتە کۆمۆنیستیەکانی ئێراق و ئێران و تورکیاو سوریا، وای لە مرۆڤی کورد کردووە کە لە خاکی خۆیدا بە پەنابەریش وەرنەگیرێت! نەتوانێت بە زمانی زگماکی خۆی بدوێ و بناخڤێ:

نەتوانێت لە کولتووری موزیک و هونەر و فەرهەنگی نەتەوەیی خۆیدا بەشداری بکات و وەک مرۆڤی هەموو کۆمەڵگایەکی تر بە جیهانی بناسێنێت.

پرۆسەیەکی درێژ کە هێندی‌هێندی مرۆڤی کوردی کردۆتە زیندانییەکی هەتا هەتایی،بەڵام زیندانییەکی بێ‌هیوا،مرۆڤێک کە زۆری نەمابێت ژێردەستەیی بە بەشێک لەژیانی سروشتی بزانێت.

مرۆڤێک کە نەویرێت داوای «سەربەخۆیی» و «ئازادی» خۆی بکات و لە دە لاوە دەمی لێبکەنەوە و بەسەریدا بقیژێنن کە « بەردی زل هەڵگرتن نیشانەی نەهاویشتنە ».(٦)

مرۆڤێک کە فێر کرابێت شەڕ لە پێناوی گفتوگۆ دایە و گفتوگۆش لە پێناوی هیچدایە و هیچیش پردە بۆ شەڕ کردنەوە.

مرۆڤێک کە چەندین جار قوربانی بدات، ماڵ و سامانی بدۆڕێت، بێکارو کاسپی ڕۆژانی برسێتی و چەرمەسەری و ئاوارەیی خۆی یەک لەدوای یەک بژمێرێت و چاوەڕوانی مەرگی نەبێ ببێت بکات.

تەنها بۆ ڕۆژێکیش بیر لە مافی دڵنیایی و ژیانی ئاسوودەی‌ئەکاتەوە و سوور بزانێت کە منداڵەکانی خۆیی و دراوسێکەیی و نەتەوەکەی هەر هەمان چارەنووس وەک گورگێکی برسی چاوەڕوانیانە.

شەڕ لە پێناوی گفتوگۆدا بکات و گفتوگۆش سەرەنجامەکەی هەر شەڕ بێت.

مرۆڤێک کە لە پێناوی مافی وا سەرەبیدا لێبدەدرێت و زیندانی دەکرێت و دەکوژرێت کە لە کۆمەڵگا شارستانێکاندا ناوبردنیان جێی سلەمینەوەو شەرمە.

مرۆڤێک کە زۆر نا پێویستیانە ژێر دەستەیی و ئازار و ئەشکەنجەی خۆی بە خەباتی گەلانی سەر دەستەوە ببەستێتەوە کە لە هیچ کات و دۆخ و شێوێنێکدا ئامانج و هیوا خواست و ویستەی چینایەتی و نەتەوەیی ئێستاییان چوون یەک نیە، بە تایبەتی لەم قۆناخەدا کە کوردستانی پێدا تێپەڕ دەبێت.

ڕامیاریتی ئۆتۆنۆمیخواز تەنها لە بیری «ئۆتۆنۆمی»دا نەوەستاوە، بەڵکو هێندی هێندی چۆتە دەست گروپێکی خۆویست و هەڵپەرست و پارە خۆردا و لەوێشەوە کراوەتە ئامرازێکی بازرگانیش لە بازاری پارە پەیداکردن و دادۆشینی کۆمەڵانی خەڵکدا. واتە زیانێکی دوو قاتیانەی ڕاستەوخۆی تووشی نەتەوەیی کورد کردووە.

لە پێناوی بەرژەوەندی گروپ و تاکە کەس و وەدەستهێنانی پلەو پایەو پارە و ساماندا مرۆڤی کورد کراوەتە کێڵگەی تاقیکردنەوەو هەر ڕۆژەی جۆرە بیرو بۆچوونێکی لەسەر تاقی کراوەتەوە.

ئەوەش بۆتە هۆی بێ هیوا کردنی مرۆڤی کورد و چاندنی گیانی پاسیڤیزم و نەتوانینی بڕیاردان لەسەر چارەنووس و ئایندەی خۆی.

بە شێوەیەک بە نائومێدی لە گێژاوی تاریکستانێکدا سەری خۆی هەڵگرێت و بە هەموو بوارێک نامۆو و بە هەموو کردارێک نا ئاشنا و کەمتەرخەم و دوورە پەرێز و تاڕادەیەک گۆشەگیریش بێت.

مرۆڤی کورد لە هیچ مرۆڤێک کەمتر و زیاتر نییە و نەتەوەی کوردیش هەر بە هەمان شێوە، پێویستە بەها مرۆڤایەتییەکانی بێ ئەملاو لاو بێنەو بەرە بۆ دابین بکرێت، پێویستە ڕێز لە هەست و

نەستی بگۆڕێت و بە هەموو مافێکی تەواوی خۆی شاد بێت.

کەچی بەداخەوە بە زۆری زۆرداری لە پێناوی بەرژەوەندی تاکەکەس و پایتەختەکانی دەرەوە و دروشمە سوورەیی و بەهەشتییەکانی پارتە کۆمۆنیستەکانی تورکیا و ئێراق و ئێران و سووریا و لە پێناوی دەوڵەمەندکردنی سەرکردە خێڵەکییە فیوداڵییەکانی کورد دا کراوەتە گۆشتی سەر چەپەر و بە ئارەزووی کرێبار کوت کوت و لەت لەت دەکرێ، وەک گورگان خواردوو تەنانەت بۆ بیرەوەریش لە سەرە ڕێی کاروانی مرۆڤایەتیدا جێ پێیەکانی دیار نابێت.

مرۆڤی کورد دەبێت بگاتە ئەو باوەڕەی کە نرخی خۆی لەسەرپەستی خاک و نەتەوەکەیدا دەبینێتەوە، کە سەربەخۆیی خۆی بە توندی بە سەربەخۆیی گەلەکەیەوە بەستراوە.

کرێکاری کورد دەبێت بگاتە ئەو ڕاستییەی کە مەحاڵە لەم قۆناغەدا و لە ئایندەیەکی نزیکدا بە ئامانجە چینایەتییەکانی بگات، ئەگەرەکو بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی دیموکراتی کوردستانی کۆتایی بە چەوساوە نەتەوەییەکانی نەهێنێت، کە زۆر لایەن کردوویانە بە گۆڕەپان و زەمینەی چەوساندنەوەو دادۆشینی چینایەتی. نەشیاوە تاکەکەسی کوردستانی بە ئامانجە کەسایەتی و هیواو خواستەکانی بگات، ئیتر لە هیچ بوارێکی هونەری و پیشەیی و... هتد دا بێت، تاکو سەرانسەری نەتەوەکەی مامەڵەی مۆرانە و میکرۆبی لەگەڵدا بکرێت.

مرۆڤی کورد دەبێت بۆی دەرکەوێت کە تا ئێستا نەشتومەکی کڕین و فرۆشتن بووە لە بازاڕی سەوداو و مامەڵەی چەوت و نامرۆڤایەتی و خیانەتکاریدا.

مرۆڤی کورد دەبێت بگاتە ئەو ئاستەی بێ سڵەمینەوە پەنجە بە چاوی هەموو نامرۆڤێک و دڕندەیەکدا بکات کە سەربەخۆیی خۆیی و گەلەکەی دەخاتە تەرازووی کێشان و بێنەو بەرەی گفتوگۆوە و، ڕازی نەبێت لە پشت پەردەوە لەسەر چارەنووسی قسە بکرێت.

ئاشکرایە کە بەم نزیکانە گەلی کوردستان دەنێتە شایەتی ئاشبەتاڵێکی گەورە و گران، ئاشبەتاڵێک کە دەبێتە هۆی گۆڕانی چارەنووس و ئایندەیان، ئاشبەتاڵێک کە لە هەموو ئاشبەتاڵەکانی دیکە جیاوازتر دەبێت.

ئاشبەتاڵێک کە بە سەر گەل و بزووتنەوەکەیدا نایەت. بەڵکو ئاشبەتاڵی سەرانی بەرە، سەرانی فیوداڵ و خێڵەکی و بەکرێگیراوی بێگانە، ئاشبەتاڵێک کە دەستی کۆنەپەرست و خۆفرۆش و پایتەختەکانی دەرەوە نەبوونەتە هۆکاری، بەڵکو ئەبێ ببێتە مێژووەو مێژووی خەباتی کاروانی مرۆڤایەتی بڕیاری لەسەر داوە.

ئاشبەتاڵێک کە دەبێتە خاڵی بادانەوە لە ڕێگای خەباتی ڕزگاریخوازیانەی خەڵکی کوردستاندا.

ئاشبەتاڵێک کە بۆ دواجار بە لێشاوێکی ئاگرین هەر پۆخڵەوات و زرکە تاڵێتی کۆنەپەرستی کورد رادەماڵێت، کە بە داخەوە دەبوایە زۆر دەمێک بوایە لە دۆزەخی سەرەنوێلکی مێژوودا بخولاتایەتەوە. ئینگلس وتەنی: «دەسەلاتی سیاسی لە درێژخایەنیدا کاتێک دەکارێت بمێنێتەوەو بەردەوام بێت کە بتوانێت ئەو کارانە ئەنجام بدات کە لە ڕەسەنیدا بۆتە هۆکاری بوون و ژیانی».(٧)

ئەو پارتانەی کوردستان کە سەرچاوەی خۆیان لە بیری فیودالیزم و خێڵەکایەتی سواو و خەرەکەوە وەرگرتووە و بە هێزی و بە یارمەتی هێزێکی خساوو کرچی هوردە بورژوازە دەبرێن بەڕێوە و رێنمایەتیان دەکرێت و بەملاولادا ئاراستەدەکرێن، هەموو، لەکاتی دروست بوونیاندا وایان نیشانداوەو وابانگەوازیان کردووە کە گوایە پارتی گەلن، یاخود پارتی زۆربەی توێژ و گروپ و چینەکانن، بە شێوەیەک کە گوایە ڕۆڵێکی هەماگزنی «فرەتوخم» یان هەیەو نوێنەری زۆربایەتی و هێلی پانن.

لەسەرەتایاندا سوودیان لە باشایەتی و نیشتمانێتی چەند کەسایەتییەک وەرگرتووە و لە هەندێ دۆخی تایبەتیدا بەکاری وا هەڵساون کە ئەگەر هێندێکیش پۆزەتیڤ نەبوو بێت ئەوا خراپیش نەبووە.

دەبێت ئەم قۆناخەی ئێستای کوردستان، کە بە ئاشکرا قۆناخی رزگاریخوازیانەی نیشتمانییە، ببێتە پاییزی ژیانیان و بە تەواوی هەڵوەرێن. چونکە نەک هەر بە کارو ئەرکەکانی خۆیان هەڵناسن، بەڵکو گراوشنەتە ئامێر و کۆسپ لە رێگای ئەرکە گرنگەکاندا، کە بنچینەیی ترینیان پرۆسەی سەربەخۆ بوون و دروست کردنی فۆرمێکی سیاسییە بۆ دەوڵەتێکی ئایندەیی سەربەخۆ و دیموکراتی کوردستانی.

رێکخراوە چەپەکانی کوردستان، کە ئیمڕۆ شۆڕشگێڕترین و چالاکترین دەستەن، دەبێت ئەو هەلە مێژووییە لە کیس خۆ نەدەن، کە خڕبوونەوەیانە لە بەرەیەکی کوردستانیدا. لەگەڵ هەموو ڕێکخراوە دیموکراتی و بۆرژوا نیشتمانییەکاندا، کە ئێستا ڕەنگە پوورەی ـ یاخود بۆ ماوەیەک ببنە پوورەی ـ زۆربایەتی ناکرێکاری و ناپرۆلیتارییایەکان. هەروەها دروشمە ئێستایی و ئایندەییەکانیان تێکەڵاو نەکەن و بە چاوی بە ئاگاو پەرۆشەوە بڕواننە ئەرکی وەدیهێنانی « سەربەخۆ بوون » و پەسارێکیش بۆی، کە لەم کاتەدا دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردستانییەو رازی نەبن ئەم ئەرکە فرە مەزنە بە نا کاملێتی لەبار بچووێنرێت، و بە دروشمی «برایەتی و یەک ئامانجی درۆ » و «دەوڵەتی سۆشیالیستی» و...هتد، کۆمەڵگای کوردستان و پارتە بورژوا و لیبرالییەکان بە شێوە نشێودا ببرێن و هەڵبفڕیوێندرێن.

ئەرکی سەرشانی رێکخراوە چەپ و کرێکارییەکان ئێستان بە پلەی یەکەم، بریتی دەبێت لەوەی

نەیێڵن ئەو گوڵەی جەماوەری کوردستان بەدڵ و گیان و بە خوێنی خۆیان ئاویان داوە هەر بە خونچەیی هەڵبچروکێنرێت و دڵدار ووتەنی «لەسەر ڕێگاش فڕێ بدرێ».(8)

گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا، جارێکی تر سەلماندیەوە کە مرۆڤ بەنرخترین سەرمایەیە. کە گەل ڕادەمێنێت بەڵام ناشکێنرێت. هێزی کرێکاران و جووتیاران و زەحمەتکێشان بام لە دەیان لاشەوە گەلە کۆمەکیان لێکرابێت و تەن و ویژدانیان ئازار درا بێت هەر دەبنە گرکانێک و بە چوار دەوری خۆیاندا دەتەقنەوە.

جەماوەری باشوری کوردستان وەک خەبات و دەسکەوتەکانی هەموو کۆمەڵگاو چینێکی شۆڕشگێڕی تر سەلماندیانەوە کە ڕەوڕەوەی مێژوو هەر بەرەو پێشەوە دەڕوات و نەشیاوە بۆ دواوە ببرێت و بگەڕێتەوە.

ئەم دەست تێکەڵاو کردن و سازشەی ئێستای سەرانی بەرە، بریتییە لە دووا لنگە فرتێی مەرگی بیرو مێشکی لە دەرەوە کۆک کراوی کورد.

بزووتنەوە مێژووییەکەی کوردستان، کە ئێستاش بەردەوامەو ڕووداو ڕەوی ڕزگار کردنی ناوچە داگیر کراوەکان هەنگاو دەنێت، بەردی بناغەی شۆڕشێکی دیموکراسی بەربڵاوی سەرتاسەرییە، دینگەی سەرەکی پاڵپشتیکردن و بە هێزکردنی بزووتنەوەی پارچەکانی دیکەی کوردستانە.. بە مەرجێک ئەگەر ڕێکخراوە چەپ و کرێکارییەکانی کوردستان بە پەلە یەک بگرن و ڕێکخراوێکی توند و تۆکمە و سەرتاسەری دابمەزرێنن و ڕابەرایەتی و پێشەوایەتی ئەم لێشاوە شۆڕشگێرانەیە بگرنە دەست.

یاخود هەر هیچ نەبێت لە بەرەیەکی یەکگرتووی دیموکراسی و سەربەخۆدا، توانا ڕامیاری و سەربازییەکان یەک بخەن و هاو ئاراستەیان بکەن، بۆ ئەم مەبەستە، سوود وەرگرتن لە خەبات و تاقیکردنەوەکانی P.K.K «پارتا کارکەرێن کوردستان». شایانی تێبینی و وەبیر خستنەوەیە.
دەبێت هەموو لایەنێکی نیشتمانی و خاوەن بیری سەربەخۆیی بە بڕواوە بگاتە ئەو ڕاستییەی کە نرخی مرۆڤ لە ئازادییایەتی، بەها مرۆڤایەتییەکانی کۆمەڵگاو نەتەوەیەک لە سەربەخۆیی خۆیدایەتی.

لەم قۆناغەی ئێستای مێژووشدا، سەربەخۆیی لە کیانێکی سەربەخۆو دەوڵەتێکدا نەبێت، زۆر بەداخەوە، ڕێزی لێناگیرێت و نەک هەر هەوڵی دەستەمۆکردن بەڵکو تواندنەوەو تونا کردنیشی دەدرێت.

لە کۆتاییدا، هیوادارم خوێنەر لەوە ئاگادارکەم کە ئەم نامیلکە بچکۆلەیە زۆر دەمێکە لە ژێر پرۆسەی ئامادە کردندایە، بەڵام هەندێ هۆی خۆیی وایان کرد کە زوو نەیەت بە دەستەوە و بێ

ئاگات!

هەرچی وەرگێڕانی « پڕۆژەکەی بەرە» بە تێکستە ئارەبییەکەی تا بڵێی لاواز و خراپ داڕێژراوو پڕ هەڵەیە، ئەوەی نووسیویەتی بە کوردی بیری کردۆتەوە و نەیتوانیوە وەک زمانی ئارەبی مامەڵەی لەگەڵدا بکات و دایڕێژێت.

بە هەر شێوەیەک، ئەز هەوڵی تەواوم داوە کە مانای ووشەکان بە هیچ شێوەیەک نەگۆڕم و شێرازەی مەبەستی « بەرە » تێک نەدەم، با خوێنەر لەو بڕیارە و لە بەراووردکردنی هەردوو دەقەکەدا، ئارەبی و کوردییەکە، خۆی سەرپشک بێت.

هەوڵیشم داوە، پەیتا پەیتا، گۆڕانکاری و ڕووداوەکانی کوردستان بە پێی توانا و ویستەی مەبەست و پێداویستی و سنووری ئەم بابەتە تۆمار بکەم و بیانخەمە بەردەستی خوێنەر، سەرچاوەکانیشیان دەست نیشان بکەم، هیوادارم لەو هەنگاوەشدا سەرکەوتوو بووبم کە ویستوومە توێژینەوەو شیکردنەوەکان تا ڕادەیەک بە زمانێکی ساکار بن و ئاسایی داڕێژرابن، تاکو ببێتە بابەتی دەمەتەقێ و گفتوگۆو ئاخافتنی هەموو مرۆڤێکی کوردستان، نەک تەنها توێژێک لە ڕووناکبیرانی دەرەوە و ناوەوەی وولات.

بۆ هەڵوێستی ئازاو بیری سەربەخۆیی کوردستانی

ڕێبوار ڕەشید

١٩٩١/٧/٢١

پاش جەنگە هەشت ساڵییەکەی ئێراق و ئێران، سەرانی فاشیستی ڕژێمی ئێراق بە توندی گیرسابوونەوە بە لێواری گێژاوێکی پڕ کۆنترادیکتەوە کە نە شیاو بوو بتوانن خۆیانی لێ دەرباز بکەن.

لە لایەکەوە باری ئابووری ئێراق لە بناغەوە هەڵتەکابوو، هێزی بەرهەمهێنان کە خۆی لە خۆیدا کەم و سووکە پیشەسازی و بەرهەمی ئاسەرەکی و سەرپێیی بوو بە تەواوی لە کار کەوتبوو.

ڕژێم دووچاری قەرزو قزڵەبەکی زۆر بوو بوو، چ لە ئاست دۆستە ئارەبە کاتییەکانی وەک کوێت و ئارەبی سعودی و چ لە ئاست وڵاتە سەرمایەدارییەکانی ڕۆژئاوا، وەک فەرەنسا و ئیتالیا و ئەڵمانیا و ... هتد.

لە لایەکی تریشەوە، خەڵکی ئارەب لە ئێراقدا ماندوو شەکەتی زیانێکی گەورەی ماڵی و گیانی بوون، کەم بوونەوەی دەزگا خزمەتگوزارییەکان تا ڕادەی نەبوون و دەست نەکەوتن، بێ پارەیی و بێ دەرامەتی و دەست نەکەوتنی ئەشتومەک و بژێو و لە سەروو هەموو ئەمانەشەوە، بێکاری... فشاریان هێنابووە سەر ڕژێم و ڕژێمیان خستبووە سەر ئەبێ بیێتی خۆڕاتەکاندنێکەوە.

دۆخی ڕامیاری و ئابووریش لە کوردستاندا وەک هەموو نەتەوەیەکی ژێر دەستەی تر و بە کۆلۆنیکراو، زۆر لە دۆخی ڕامیاری و ئابووری ئێراق خراپتر بوو.

نەبوونی خوێندنگاو بەستنی زانکۆو دانیشگاکان و بەجێهێشتنی کارگەو شوێنە کارگوزارییەکان بە وێرانی و خاپووری، هەروەها بێکاری و دەقات بوونی نرخی ئەشتومەکی پێویست و خەست بوونەوەی دەسەڵاتی فاشیزم و شۆڤێنیزمی ئارەبی، کوردستانی کردبووە زیندانێکی سەر ئاوەڵە، لەم زیندانەشدا، خەڵکی کوردستان بە ماکە ناهەمسارەکانی شەڕی برا کوژی و هەر منی و خۆ خۆرییەوە دەتلانەوە. سەرەنجامی چواردە ساڵ لە ماڵوێرانی و دەربەدەری و کوشتن و بڕین برێتی بوو لە ئاشبەتاڵێکی خشکەیی بێ دەنگ کە سەرانی کورد پسپۆڕیانە پەردەیان بەسەردا داو بڵاوەیان بۆ ئەو دیوو سنوور لێکرد. بە کورتییەکەی، ئەنجامی ئەم هەموو قوربانییە هەڵەبجەو یادینانێکی شەهید و ڕاگوێزانی هەزاران گوند و تەراتێن پێکردن و دەربەدەر کردنی زۆربەی زۆری کورد بوو.

جەماوەری کوردستان کەوتنە ژێر بەزەیی و سۆزی ڕژێمە فاشیستەکەی بەغداوە، باڵی ڕەشی نەهاتی فاشیزم سەرانسەری کوردستانی وەژێر سێبەری خۆی خست.

بەڵام ئەم پرۆسە فرە تاڵە پڕ تاقیکردنەوەیە ئەو ڕاستییەشی بۆ خەڵکی کوردستان سەلماند کە تەنها بزووتنەوەیەکی سەرتاسەری جەماوەری، بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازیخوازی دیموکراسیخواز

دەتوانێت داخوازییەکانی گەلی کوردستان، ئەگەرچی لەیەک پارچەشدا بێت، بێنێتە دی.

هەروەها ئەو ڕاستییەش تا ڕادەیەک یەکلا کرابەوە کە ئەم پارتە خەڕەکیانە و ترادیسیۆنالْ Tra-ditional ەی کوردستان نەک تەنها ناتوانن نوێنەرایەتی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان بکەن و ئالای کوردستانێکی سەربەخۆ بەرز بکەنەوە بەڵکو تەنانەت زۆر جار دەبنە کۆسپیش لە ڕێگای ئەم خەباتەدا و بزووتنەوە چەکدارییەکانیان وەک کۆمەڵێک هەنگاوی تاکتیکییانە لە خزمەتی ڕژێمەکانی چوار دەوردایە و لەلای ئەوانیشەوە کۆک و پرۆگرام دەکرێ، زۆر جاریش، بە ئاشکرا یا نهێنی، ڕاستەخۆ یا ناڕاستەوخۆ دوژمنکاری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی بەشەکانی تری کوردستان دەکەن.

لەبەر خۆ دۆزینەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوابانەی کوردستان جارێکی تریش لە قۆناغی قۆزاخەدا و خەریک بوونی ئێران - دوژمنی باوە کوشتەی ڕژێمی ئێراق - بە گیروگرفتە کەڵەکە بووە ڕامیاری و ئابوورییەکانی خۆیەوە، ڕژێمی ئێراق ئەو هەلە کاتییەی بۆ ڕەخسا کە بیر لە جۆرێک ڕزگار بوون، یا هیچ نەبێت خۆ دەرباز کردن بکاتەوە.

باشترین چارەسەریش کە بە سەرانی ئێراق بکرێت و لە دەستیان بێت بیکەن تەنها « شەڕ » بوو.

ئەویش شەڕێک کە سەرانی فاشیستی ئێراق بتوانن لە ژێر تواناو کۆنترۆڵی خۆیاندا بهێڵنەوە و تاوو توێی بکەن.

ئەوە بوو لە بەیتی « بیکەم - نەیکەم »ەکەی سەددام دا ژمارەی بەخت کەوتە سەر وڵاتی کوێت و چارەنووس ڕەشانە شەڕێکیان بۆ دەرچوو. ئەمش دیارە هەنگاوێکی چاوەڕوان نەکراو نەبوو لە ڕژێمی ئێراقەوە، چونکە زۆر دەمێک بوو دەوڵەتی ئێراق، هەر لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی کوێتەوە لە ساڵی ۱۹٦۱دا، مرخی لەم وڵاتە خۆش کردبوو، تەنانەت عەبدولکەریم قاسم، پاڵەوانە نیشتمانییەکەی عێراق « ؟!! » کوێتی هەر بە بەشێک لە وڵاتی ئێراق دادەناو بە میراتی دەوڵەتی عوسمانیان دادەنا کە ئەو سەردەمە کوێت بە ویلایەتی بەسرەوە لکێنراو بوو، قاسم ئەو سنوورەی بە دەستکردی ئیمپریالیزمی ئنگلیزی دادەنا و سوێندی لەسەر سڕینەوەو دووبارە لکاندنەوەی بە خاکی ئێراقەوە، دەخوارد، بەڵام بەهۆی هەڕەشەو گوڕەشەی ئەو کاتەی دەوڵەتی ئینگلستان و تەنانەت ناردنی هێندێک هێزی بەعێزکاری سەربازی بۆ سنوورەکانی کوێت، ڕووبەڕووی ئێراق، قاسم لە ووتەکانی خۆی پەشیمان کرایەوە، یان هیچ نەبێت، بۆ ماوەیەکی دیاری نەکراو ئاوێکیان بەسەر ئاگرەکەدا کرد. بەڵام تازە ئەم بەیتە کەوتبووە سەر لێوی بەعسییە تازە تەسنەکان، کە تووشی نەخۆشی ڕەگەزپەرستی و هەیت و هاوارەکەی ناسر بوو بوون، هەر چەندە کە هەر ئینگلیز خۆی دامەزرێنەری ڕاستەقینەیان بوو.

ڕژێمی سەددام، ئەم هەنگاوەی قاسم و ڕووداوە تۆمارکراوەیان وەک فاکتەرێکی مێژوویی و زەمینەیەکی پتەو لە چاو گرتبوو، بە بۆچوونی خۆیان، وایان بڕوا دەکرد کە دەتوانن کوێت بێننە سەر مێزی گفتوگۆ. گفتوگۆش، یەکەم لەسەر ئەو پارانە بێت کە ئێراق قەرزداری کوێتە، دووهەمیش، وەرگرتنی خەرمانەیەک بێت لە بری ئەو زیانانەی کە سەرانی بەعس لە شەڕەکەی ئێراندا لێیان کەوتبوو، گوایە لە پێناوی وڵاتانی ئارەب و پاراستنی سنوورەکانی خاکی ئارەب و بەرژەوەندەکانی میرنشینەکان وکوێت و سعودی ئارەبیدا کردوویانەو ئێستا لە سەریان کەڵەکە بووە.

بۆ بەهێز کردنی ئەم دۆزەش ئێراق وڵاتی کوێتی بەوە تاوانبار کرد کە لە کاتی جەنگە ٨ ساڵە مێژوویەکەدا دەوڵەتی کوێت هەم نەوتی بە هەرزان فرۆشتووەو هەم بە دزیشەوە ناخونەکی لە چاڵە نەوتە سەر سنوورەکانی عێراق داوە.

ئەوەبوو هێندەی نەخایاند کێشەکە هێندە گەورە بوو، ئێراق و کوێت کەوتنە مشت و مڕ بێئەو بەرەیەکی ئاینده نادیارەوە. شایانی تێبینییە کە گیروگرفت و کێشەکانی جیهان، بەتایبەتی کێشەیەکی وا گەورە بە وردییەوە لەلایەن زلهێزەکانەوە تێدەڕوانرێت و لەژێر چاوی بە ئاگای وڵاتە پێشەییە سەرمایەدارییە گەورەکاندا دەبێت و لێی خافڵ نابن.

بەتایبەتی کە ئەم زلهێز و وڵاتە سەرمایەداریانە خۆیان دروستکەرو داهێنەری ئەم جۆرە کێشانەن.

سەددام حسێن ـ یش وەکو هەڵبژێراوێکی ئەلقە لە گوێ، ئەم ڕاستییەی چاک دەزانی، هەر بۆیە پرسی بە باڵیۆزی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا کردبوو.

بەڵام دیارە، خۆمان وتەنی، پرسەکەی سەددام حسێن هەر پرسە گورگانە بووە، ئەویش چونکە سەددام حسێن بە تەواوی لە خۆی بایی بوو بوو.

لە لایەکەوە کارگە مۆنۆپۆلییە فرە زلەکان قەرزێکی زۆریان دابوویەو لێی دەست بەردار نەدەبوون، ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقی چەند جارێک ئەوەیان ڕاگەیاند بوو کە ئەمان ئەو قەرزە بە قەرزی سەددام دادەنێن نەک بە قەرزی خەڵکی ئێراق و ئامادەش نین بیدەنەوە. لەولاشەوە دەوڵەتی ئێران، وەک ڕژێمێکی ئیسلامی ترسناک، ئەگەرچی کلک و گوێشیان کردبوو، هێشتا هەر لە توانایدا بوو کە جار جار بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریکا بخاتە مەترسییەوە، یاخود هیچ نەبێت هەندێ گیروگرفتی سەرێشە و ئەملاو لایان بۆ پەیدا بکات.

لە سەر و هەموو ئەمانەشەوە، ڕژێمی ئێراق، هەر پاش سەرکەوتنی بەسەر بزووتنەوەکەی ١٩٧٥/١٩٧٤ی کوردستاندا خووی دابووە چەک و بە تەواوی بوو بوو بە چەک باز.

هەموو پارەو پولێکی ئێراقی لە پێناوی چەکی نوێ، چەکی کوشندە، چەکی بەکارو چەکی بێ هاوتادا خەرج دەکردو دەزگایەکی سوپایی و سیخوڕی توندو بەهێزیشی کردبووە تەیانی جبەخانە فرە گەورەکەی.

بە تایبەتی هەبوونی گازی کیمیاوی و هیوای وەدەستهێنانی چەند بۆمبێکی ئەتۆمی گچکە، سەددام حسێن و پیاوەکانی هێنابووە سەر هەرە لێواری لەخۆ بایی بوون و گەڕانەوەیان ئەستەم بوو.

لە دوا چاوپێکەوتنی سەددام حسێن و « ئەیپرل گلاسپی » کە باڵیۆزی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا بوو لە بەغدا. بە پێی ئەو تێکستەی کە ڕاستەو خۆ لە ئارەبییەکەیەوە وەرگێڕدراوە[٩] گفتوگۆیەکی زۆر سەرنج ڕاکێشەر لە نێوان دوو ناوو براوو تاریق عەزیز دا کراوە، سەددام لە گفتوگۆکەدا دەڵێت: «خانم ئەیپرل پێی گوتین کە ناکۆکی نێوان ئێوەو کوێت کاری ئێمە نییە و ئەمەریکا خۆی لە کاروباری ناوخۆیی خەڵکی ئارەب هەڵناقورتێنێت.ئێوە هەرچی دەکەن « مو ـ هۆز بلێم » سەددام ئەمەی بە جلفە گووت، دوایش خۆی ڕاستی دەکاتەوە و دەڵێت بە زمانی ئارەبی «مو ـ بو بلیم». واتە «گیروگرفت نییە».

بەڵێ خانم ئەیپرل پێی گوتبوو کە سەددام هەرچییەک بکات هیچ مەسەلەیەک نییە و ڕژێمی ئەمەریکا دەست ناخاتە کاروباری ناوخۆیی وڵاتە ئارەبییەکانەوە. بە کوردییەکەی «دانی بۆ ڕۆ کردبوون».

بەهەر شێوەیەک، ئەم گفتوگۆیەی ١٩٩٠/٧/٢٥ی نێوان سەددام و ئەیپرل تەنها بریتی بوو لە خۆ لە یەکتر گێل کردن.

سەددام بەو مەبەستە خۆی گێل دەکات گوایە بەهەڵە لە پەیامەکەی ئەمەریکا گەیشتووە و ئەم پرسی خۆی کردووە.

خانم ئەیپرلیش بەو هیوایەی سەرانی بەعس ڕووەو جەنگ بجوڵێنێت، واتە هەڵکردنی چرای سەوز بۆ ڕژێمی سەددام لە ڕاستیدا تەنها ڕاوکەیەک بوو بۆیان دانرابووەوە.

ئەمەریکاو وڵاتانی ڕۆژئاوا دەمێک بوو چاوەڕوانی کێشەیەکی وا بوون، دەرامەتی دارایی دەوڵەتە ئارەبییەکانی سەر کەنداو، بە ئێراق خۆشبیەوە، هەروەها دەسەڵاتی ڕامیاریان لە بازاڕی نۆپێک و لەسەر سنوورەکانی کەنداوی فارسی، ئەمەریکاو کۆمپانیا مۆنۆپۆلییەکانی ڕۆژئاوایان هەراسان و وەڕس کردبوو، لەبەر ئەوە هەر دەبوایە ئەو بەشەی جیهانی ئارەب تووشی شەڕێکی وا بکەن.

یەکەم، نەک تەنها باری داراییان بهێننە خوارێ بەڵکو تووشی قەرزیشیان بکەن و باری

ئابوورییان (کە ٩٨٪ داهاتی نەوتە) هەڵئاوسێنن و، بە هۆی دووبارە کڕینەوەی چەک و تەقەمەنی و بەرز بوونەوەی بێکاری و پشێوی ناوخۆیی و... هتدەوە، هێزو توانای بەرهەمهێنان و ناردنە دەرەوەیان بە شێوەیەک بێننە خوارێ کە شایانی باس بێت. بە کورتییەکەی، شەڕێکی وا کە سوود لە سامانی نەوتی ئاییندەی بیست ساڵێکیان وەرنەگرن.

دووهەمیش، ئەم وولأتانە لە یەکتر بکەن بە دوژمن و بیان کەنە «٣» بەرەی دژکار، کە ماف زەوتکار و ماف زەوتکراو دووره پەرێزە. لە هەمان کاتیشدا، پارسەنگی ئەو هێزە ئۆپۆزیسیۆنانە بدەنەوە کە لە هەندێکیاندا هەیە.

وەک بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان لە باشووری کوردستاندا «باکووری ئێراق» فەلەستینییەکانی ئوردن، ئارەبە شیعە ئاینزاکانی ئێراق و بزووتنەوە ئاینیییەکانی تری میسر و جەزائیر و مەراکیش کە لەم کاتەدا دژی بەرژەوەندی و بوونی ئەمەریکان لە وولأتانی ئارەبیدا.

هەروەها توند کردنەوەو بەهێزکردنی رژێمی لوبنان کە ١٦ ساڵ بوو کلیلی دەسەڵاتی رامیاری و سەربازیان لێسەندرابووەوە.

ئەمانە کۆمەڵێک نیشانە خۆشەی ئەم دەزگا مۆنۆپۆلییە ئاڵۆزانە بوو، بێگومان بێ لە هێنانەخوارەوەی نرخی نەوت و دەسەڵاتی ئۆپێک و... هتد.

پاش چەند چاوپێکەوتنێک لە نێوان نوێنەری دەوڵەتی کوێت و رژێمی ئێراقدا لەسەر ئاستی جیاواز، بۆ دواجار نوێنەری رژێمی ئێراق، عزەت دووری، بە نا ئومێدی گەڕایەوە و ئەو هەواڵەی بە سەددام گەیاند. کە دەوڵەتی کوێت ئامادەی هیچ جۆرە خۆ بەستنەوەدانێکی رامیاری و ئابووری و پارەیی نییە.

ئاشکرایە کە ئەمەریکا چوو بووە ژێر کلێنشەی میرنشینی کوێت ـ یش، کە تەنانەت ئەگەر واز لە مارەیی دایکیشیان بهێنن ئەوا نەکەن واز لە «مافی رەسەن»ی خۆیان بهێنن و هیچ جۆرە خۆبەدەستەوەدانێکی رامیاری یان دارایی بکەن.

دیارە ئەوەشیان بیرخراوەتەوە کە ئەمە یەکەم هەنگاوی ئێراق نابێت، بەڵکو رژێمی ئێراق پەیتا پەیتا لە دۆزینەوەی بیانووی هەمەجۆر دا دەبێت.

مەسەلەی یەک پارچەیەتی کوێت لەگەڵ خاکی ئێراقدا بۆ دواجار دەبێت یەکاڵا بکرێتەوە و، نەهێڵرێت هەموو رژێمێکی ئێراق پۆزی رامیاری پێوە لێبدات.

دەگینا میرنشینی کوێت بێ پشت و پەناو بێ بەڵێنی ئەمەریکا ئەو ئەبەزییەیان تیادا نەبوو کە شان بۆ داخوازییەکانی ئێراق هەڵتەکێنن.

ئەوەبوو سەر لە بەیانی رۆژی ٥شەممە، رێکەوتی ١٩٩٠/٨/٢ سوپای ئێراقی کە نزیکەی دوو هەفتە بوو لەسەر سنوورەکانی کوێت مۆڵگایان هەڵدا بوو و بزوزیان لێدەدا، چووە خاکی کوێتەوە و وولاتەکەی داگیر کرد.

زۆربەی سەرانی دەوڵەتی کوێت فریای خۆدەرباز کردن کەوتن، ئەوەی کە مایەوە لە پیاوانی دەوڵەت و هاونیشتمانان کەوتنە ژێر سێبەری رژێمی بەعسەوە.

بە هەر شێوەیەک، تەنها چەند رۆژێکی نەخایاند ئێراق یەکپارچەیەتی خاکی ئێراق و کوێتی راگەیاند. پاش چەند گۆڕانکارییەکی پەلەیی و خێرا، کوێت کرایە پارێزگایەکی باشووری ئێراق، واتە/١٩ نۆزدەهەمین پارێزگای ئێراق.

ئیتر نۆرەی کۆمپانیا مۆنۆپۆلییە سەربازی و پیشەییەکان هات دەهۆڵی ڕەسوایی بۆ ئێراق بکوتن و مێژووی رژێمی بەعس لە نووکەوە باس بکەن، بە دەزگای تیرۆر و خوێن ڕشتن و لەناو بردنیان بچوێنن. بە بیانووی پارێزگاری لە سنووری دەوڵەتی عارەبی سعودی، کە گوایە لە ژێر هەڕەشەی سوپا پێنجەم هێزییەکەی ئێراقدایە(!؟) لەشکرێکی چاخی بەهێزیان ڕەوانەی کەنداوی فارسی و وولاتی عارەبی سعودی کرد.

جۆرج بوش، سەرەک کۆماری ئەمریکا «١٩٨٨-١٩٩٢» زۆر لێهاتووانە توانی بە کەناڵی دیپلۆماسی دەنگی هەرە زۆربەی وولاتانی جیهان لەگەڵ ئەمریکادا هاودەنگ‌کات، کە لە زۆربەی پێشنیار و بڕیارەکاندا پشتگیری لێبکەن، تەنها « یەمەن » و « کوبا » نەبێت. ئەمە بێجگەلە بەرەیەکی سوپایی یەکگرتوو کە سەرانسەری وولاتانی پاکتی « ناتۆ »ی گرتەوە، لەگەڵ چەند وولاتێکی عارەبی وەک سووریا، میسر، عارەبی سعودی و... هتد.

پاش چەندین چاو پێکەوتن و گفتوگۆی هەمە جۆر، تکاو پاڕانەوەی چەندین سەرانی دەوڵەتانی عارەبی و ئیسلامی و جیهانی، هەوڵ و کۆششی هەمە لایەنەی تاکە کەس و گرووپ و دەستەو پارت و دەوڵەتانی جیهان، سەددام بەوە ڕازی نەبوو کە بێ هەل و مەرج سنوورەکانی دەوڵەتی کوێت بەجێ بهێڵێت و بکشێتەوە دواوە و مل کەچی بڕیارەکانی ڕێکخراوی نەتەوەکان بێت کە پەیتا پەیتا بڕیاری هەمە جۆرەی دژی ئێراق، لە بەرژەوەندی کوێت دەردەکرد.

لەم کاتەدا، بە تایبەتی لە نزیک بوونەوەی « کاتی دیاریکراو » کە ئێراق دەبێت بە زۆر و بە هێزی چەک دەرکرێت کە ڕێکەوتی ١٩٩١/١/١٥ی دەگرتەوە، ڕوودانی شەڕ لە هەموو کاتێکی‌تر ڕوونتر و ئاشکراتر بوو.

ئەوەبوو شەوی پێنج‌شەممە، چەند خولەکێک پێش لە دایک بوونی رۆژی پێنج‌شەممە، ڕێکەوتی

١٩٩١/١/١٧ هێرشێکی خەست و خۆڵی ئاسمانی بە نوێترین فرۆکەی جەنگی سەردەمیی ئەمریکا و وڵاتانی رۆژئاوا هێنرایە سەر سەرانسەری ئێراق و ماوەی (٤٢) رۆژی ڕەبەقی خایاند. هەر دوایش، بێ ئەوەی بهێڵن لەشکری ئێراقی پشوو بدات، هێرشێکی زەمینی « ١٠٠ » سەعاتی، بە پاڵپشتی هێزی ئاسمانی، سوپای ئێراقیان نەک هەر لە کوێت دەرکرد بەڵکو لە سنوورەکانی باشووری ئێراقەوە بەرەو ناوەڕاست ڕاپێچیان کرد.

بەم شێوەیە، لە کاتێکدا کە سەربازەکانی ئێراق بەشی زۆری ووزەو وورە سەربازی و مرۆڤایەتییەکانیان لێچۆڕا بوو، بە سەدان و بگرە بە هەزارانیش خۆیانیان دەدا بە دەستەوە و بەسەر پۆستاڵی سەربازی ئەمریکی و ئەورووپاییە هاوپەیمانەکاندا دەکەوتن.

سوپا یەک میلیزنییەکەی ئێراق، بە ئاشکرا بریتییە لە بە زۆر ڕاپێچکردنی کۆمەڵانی خەڵک لە هەموو توێژ و چین و گروپ و نەتەوە جیاوازەکانی ئێراق. هیچ سەربازێک بە تایبەتی خۆی بە سەربازی سەددام حسێن و پارتی بەعس نازانێ. بەڵام لە هەمان کاتدا سوپای ئێراقی خەسڵەتێکی داگیرکەرانەی وێرانکارانەی هەیە کە نموونەکانیان لە داگیرکردنی کوردستان و هەوڵدان بۆ داگیرکردنی هەندێک لە خاکی ئێران و داگیرکردنی وڵاتی کوێت و زەوتکردنی پاقلاوەکە و ناوچە بێلایەنەکەی نێوان سعودی ئارەبی و ئێراق » بە زۆری زۆرداری، بۆ خۆی، دا دەردەکەوێت. سوپای ئێراقی، هەروەک سوپای تورکیا رەفتار فاشییەو لە لایەن دەزگایەکی فاشیستەوە دەبرێت بە ڕێوە و بە بەهێزترین ئامێر و بەردی بناخەیی دەسەڵاتی فاشیزمی ئەم وڵاتە دادەنرێت.

هەر لەبەر ئەوە بوو کاتێک ئەم دەزگا ئاسنینە ڕمێنرا بەسەر یەکدا، خامۆشییەکی خەست و توون سەرانسەری ئێراقی داپۆشی. سەددام حسێن و پیاوەکانی، بۆ ئەو مەبەستە تەنانەت، ئەندامەکانی پارتی بەعسیش، بێ سەرو شوێن و دەنگ و ڕەنگ لە هیچ کوێیەکەوە دیار نەبوون.

هیچ جۆرە چالاکییەکی ئەوتۆی ڕامیاری و سەربازی یان نەما لە شاری بەغدا نەبێت.

وڵاتانی رۆژئاوا، بەتایبەتی ئەمریکا، زوو بە زوو ترسی ئەوەی لێنیشت کە ڕژێمی ئێراق بپرکێتەوەو، هێزی سوپایی ئێراق بە تەواوی لێک بترازێت و بۆشاییەکی گەورە و ترسناک بکەوێتە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوەو پارسەنگی تەرازووی هێزەکان، کە بەشی زۆری جەماوەری خەڵکەکە نەیاری ئەمریکا و رۆژئاوان، تێک بچێت و کۆنترۆڵکردنی کارێکی فرە گران بێت.

ئەوە بوو کات/٤ی بەیانی بە کاتژمێری ئێراق، ڕێکەوتی ١٩٩١/٢/٢٨، رۆژی پێنجشەممە ئەمریکا بانگەوازی شەڕ ڕاگرتنی ڕاگەیاند.

ئەم جەنگە بووە هۆی لە پەل و پۆ خستنی ئێراق لە هەموو بوارە سەربازی و ئابووری و

ڕێکخستنە پۆلیسی و سیخوڕییەکان، چ لە ئێراق خۆیی و چ لە کوردستانیشدا.

سوپای شڵەژاوو بڕسی و تینوو و لە پەل و پۆخراوی ئێراق، بە تایبەتی ئەوانەی کوردستان، بە پەلە بەرەو بەغدا بانگ کرانەوە بۆ ئەوەی شاری بەغدا و هەندێک ناوچەی ستراتیژیتر بپارێزن، بەو مەبەستەی کە بزووتنەوە جەماوەرییەکەی ئێراق و کوردستان نەگاتە پایتەخت و خاڵە گرنگەکان و هەڕەشە لە ڕووخاندنی ڕژێم نەکەن.

دەزگاکانی ئاژانس و ڕاگەیاندنی ئەمەریکا بە ناڕاستەوخۆ هەردوو گەلی ئارەب و کوردیان هاندەدا کە ڕووەو ڕووخدانی ڕژێم هەنگاو بنێن.

لە هەمان کاتیشدا ڕژێمی ئێران بە پەلە دەستی خستە بزووتنەوەکەی عێراق و مۆری تایبەتی پێوەنان و ڕووخسار و مۆرکی بزووتنەوەکەی گۆڕی و زوو بە زوو بە تایبەتی بە هۆی هەندێ ڕێکخراوی تایبەتی دواکەوتوو و نا جەماوەرییەوە، کە هەموو لە لوبنان و سوریا مۆڵگایان هەیە، بانگەوازی شۆڕشی ئیسلامی و ئێراقی ئیسلامیان کرد، کە لە دوابیدا بێگومان بە زیانی ئێراق و کوردستانیش کۆتایی هات و هەر ئەمەش مەبەستی ئێران بوو.

بەڵام دەستی ئێران و پایتەختەکانیتر نەگەیشتە کوردستان، چونکە سەرانی «بەرە» کە بارەگاکانیان داپوو بە کۆڵیاندا و ئەم پایتەخت و ئەو پایتەخت لە نێوان دیمەشق و تاران و بیروت و... هتد دا دەخولانەوە، ئەو ئەبەردییەیان تیا نەبوو کە بێنەوە کوردستان، واتە. دوورێتی سەرانی بەرە لە گۆڕەپانی کوردستانەوە، بریتی بوو لە بێگەردی و خاوێنی بزووتنەوەکە.

ئەوەبوو ئەو بزووتنەوە جەماوەرییەی کە لە دوای ئاشبەتاڵە خشکەییە بێ دەنگەکەی ١٩٨٨وە لە هەوێن کردندا بوو بە تەواوی هەڵهات و لە قۆناخی قوزاخەوە خۆی ڕاپسکاند.

بزووتنەوەیەکی جەماوەری سەرتاسەری کە زوو بە زوو یەک ئاهەنگیانە سەرانسەری کوردستانی گرتەوە، وەک لافاوێک بە لێشاوێکی مەزن لەشکری فاشیزمی ئێراقی بەرەو خوار ڕامالی و ڕوخساری فاشیزمی لە کوردستاندا سڕییەوە و دەزگا ئەمن و سیخوڕییەکان لە ناوبران. دەست بەسەر ئەشتومەک و چەک و تەقەمەنی سوپایی داگیرکار و کۆلۆنیالیستی ئێراقدا گیراو دروشمی « کوردستان یان نەمان » بەرزکرایەوە و ئاڵای کوردستان هەڵکرا، تەنانەت ڕووا و ڕووی سنووری دەستکردەکەی دەوڵەتی تورکیای فاشیستی داگیرکەریش.

خەڵکی شارەکان دەستیان بەدامەزراندنی شورای میللی کرد و شاری کەرکوک و ناوچەکانی باپەگوڕگوڕ و خانەقین، کە سەردەمێک بوو لە ژێر چڕنووکە خوێناویەکانی، فاشیستەکانی عێراقدا تەنگیان پێ هەڵچنرا بوو، ڕزگار کران و شاری موسڵیش لە ژێر هێرشێکی ئایندەیی بڕیاردەرانەدا بوو.

سەرانی پارتەکانی باشووری کوردستان کە دوو ساڵ بوو لە دوای ئاشبەتاڵەکەی ١٩٨٨- یانەوە لە وڵاتی ئێران و سووریا و لوبنان و... هتد داپەسترا بوون، لە دەمی قاچاخچییەکانی سەر سنوورەوە نەبێت هەواڵی کوردستانیان نەدەزانی، بەرەیەکی کارتۆنیان لە ژێر زەبری شەقی زەمانە و گوێ ڕاکێشانی وڵاتی سووریا و ئێراندا دروست کردبوو، بە پەلە پرۆزکێ خۆیان گەیاندەوە کوردستان.

هەندێک لێپرسراویان هەر چۆن لە هەڵەبجەی شەهید دا دەست و پەنجە و باسکی ژن و پیاویان لە پێناوی دزینی ئەڵقە و بازن و ئەنگوستیلە و سەعاتدا بڕیبۆوە، ئەمجارەش کەوتنە تاڵان کردنی شوێنە میرییەکان و فرۆشتنی ئامێری کارەبا و تەلەفۆن و ئۆتۆمبیل و کەمپاین و... هتد، هەروەها فرۆشتنی هیلیکۆپتەری گیراو و چەندین دەبابە و پارچە جیاوازەکانی بە وڵاتانی ئێران.

ئەمە بێ لە فرۆشتنی هەموو ئەشتومەکە میکانیک و ئەلکترۆنیک و هۆ گواستنەوەکانی پرۆژەی بەریەستی بێخمە بە ڕژێمی ئێران بە چوار ملیۆن دیناری ئێراقی - بە پێی ڕژێمی ئێراق و خەڵکی پسپۆڕی بیانی نرخی ئەو ئەشتومەکانە چوار ملیۆن دۆلاری ئەمریکاییە. کە تاکو ١٩٩١/٨/١٣ گواستنەوەو بارکردنی ئەم ئەشتومەکانە بۆ ئێران بەردەوام بوو.

تێکدانەوەی شورا میللییەکان و هەوڵدان بۆ چەک کردنی خەڵکی هەولێر و سلێمانی و قەڵادزێ، کارێکی تری پارتەکانی کوردستان بوو، ئەمە بێجگەلە هەر منی و هەرکەس بۆخۆی و پشت گوێ خستنی ئەرکە گرنگەکان.

هەر زوو بە زوو کە ڕژێمی ئێراقی توانی خاڵە ستراتیژییە سەربازییەکی پایتەخت و چوار دەوری دڵنیا بکات و بزووتنەوە جەماوەرییەکەی ئێراق، بە یارمەتی و هاوکاری ئەمریکا و هاوپەیمانەکان کە لە ڕۆژ ئاوای بەسرەو شاری بەسرەدا مۆڵگایان هەڵدا بوو، سەرکوت بکات، هێرشێکی سەربازی و پروپاگەندەیی سەربازی هێنایە سەر خەڵکی کوردستان و لە ماوەی دوو ڕۆژدا سەرانسەری کوردستانی داگیرکردەو (دوایی دێینە سەر هۆکانی) و هەر لە هەمان کاتی هێرشەکەشدا، ڕژێم کارتی گفتوگۆ و دەست تێکەڵاوکردنی فڕێدایە سەر مێزی دیپلۆماسی.

لە کاتێکدا کە هێزی پێشمەرگەی میللی لە بەرگری کردندا بوو، دوو ملیۆن مرۆڤی کوردی ئاوارەش بە کێوەکانەوە لە ژێر دوا هێرشی سەرماو بەفربارینیدا لە برسان و لە سەرمان ڕەق هەڵدەهاتن. خەڵکی کوردی ئەورووپاش بە هەر چوار دەوردا لە چنگەکرێی خۆپیشاندان و داواکردنی یارمەتی و کۆکردنەوەی پیتاک و پارە و... هتد بوون.

سەرانی بەرە بوونە میوانی سەددام حسێن و وەک قارچک لە بەغدا هەڵتۆقین. نەک هەر خەڵکی کوردستان، بەڵکو سەرانسەری هێزە پێشکەوتووخواز و ئاشتیخوازەکانی جیهان و جەماوەرانی

ئاسایی بەو ماچ و موچ و بەدەم یەکدا ڕشانەوەیە واقیان وڕما و دەمی پرسیاریان لە دەیان لاوە دەکردەوە.

نوێنەری بەرە، تاڵەبانی، تەنها چوار ڕۆژ لە بەغدا بوو، لە یەکێک لە چاوپێکەوتنە هەواڵنێرەکاندا، کە لە هۆڵی میوانانی کۆشکی سەددام حسێندا بەسترا بوو، بە هەر چوار دەوری خۆیدا دەخولایەوە و پێدەکەنی، بە شێوەیەک کە مرۆڤ چاوەڕێی دەکرد لە کورسییەکەی بکەوێتە خوارەوە، بە یەکێک لە هەواڵنێرەکانی گووت: «من هیچ کاتێک لە ژیانمدا ئاوا گەش بین نەبووم، ئێمە «سەرانی بەرەو بەعسییەکان ـ نووسەر»، (٣٠) ساڵە لەگەڵ یەکدا شەڕ دەکەین و دوایش هەر دەبێت چاومان بەیەکتر بکەوێتەوە و هەموو جارێک یەکتری ماچ بکەین».[10]

بەڵێ، لە تەلەفزیۆن و دەنگی ئاژانسەکانی بەغداوە خەڵکی کوردستان پێیان زانی کە ئاشی دەست تێکەڵاو کردن و سازش گەرمەی دێت.

خەڵکی کوردی دووره وولاتیش کە ژمارەیان لەیەک ملیۆن پترە، لە دەمی هەواڵنێرە بێگانەکانەوە ئەمەیان بیست، لە کاتێکدا کە نوێنەرانی بەرە لەم وولاتانەدا خەریکی خۆ لێساندنەوە و خۆ مەزۆل کردن و سووکە پیا هەڵدان بوون بە شانو باڵی ڕژێمدا، بۆ نموونە بڵاویان کردەوە گوایە «هەواڵێکی خۆش لە بەغداوە دێت». داخۆ ئەو هەواڵە خۆشە چییە کە لە بەغداوە بەرەو کوردستان بنێردرێت؟ یاخود «کورە بابە شەڕ تاکەی؟، خۆ حوکمەتیش زەرەری لێکەوتووە و هەر کورد نەکوژراوە »و... هتد.

خەڵکی کوردستان، (هەموو بەشەکان) لە شەهید بوونی هەڵەبجە و بادیناندا سەریان لە هەموو کاتێکی‌تر بەرزتر بوو، ووریان وەک کۆڵکی گڕکانێک گەرم و لەبن نەهاتوو بوو، چونکە دەیانزانی دوژمنی سەرکەوتوو دەس لە منداڵ و ژن و نەخۆش ناوەشێنێ و ئەم کارە نامەردانەیەی بەعس تەنها دووپات کردنەوەی هەندێ تیرۆری کەمالیستەکانی تورکیا و بنەچەی ڕەزا شای ئێرانەو هیچی دی.

بەڵام ملچە و شڵپەی ماچەکەی تاڵەبانی و هاوڕێکانی کوردیان وا وەڕس کرد، کە ئەگەر مرۆڤی کورد سایکۆلۆجی بەهێز نەبایە و بڕوای بە سەربەرزی و خەباتی خۆ نەکردایە تووشی خۆ کوشتن و خۆ بە کەم زانین و... هتد دەبوو.

زۆری نەخایاند دەنگی ناڕەزایی لە هەموو کونێکەوە بڵند بوو و سەرەتای ڕیسوا کردنی سەرانی بەرە دەستی پێکرد، چەندین ووتار و جڤین و بەیان و خۆ پیشاندان و...هتد نووسراو ووتراو سازکرا.

ئەوە بوو نوێنەرانی بەرە لە وولاتەکانی ئەورووپا بەپەلە پرۆزکێ چەند «سیمینارەێک »؟؟!!»[11] یان گرتوو و زۆر نا شارەزایانەو نا بسیزڕیانە هەر لە خۆیانەوە چەند ووشەیەکی بۆش و

ڕستەیەکی بێ مانایان لەبەر خۆ گرتەوە، کە تانەت خۆشیان لێی بە گومان و شک بوون و ئەمەش بووە هۆی بەرز بوونەوەی دەنگی نارەزایی، هێندەی تریش زیاتر.

هەندێ لە نوێنەرەکانیان وەک « کەرکوکلی » و « هوشیار زیباری » لە لەندەنەوە بڵاویان دەکردەوە گوایە « دەست تێکەڵاو کردن لە پێناوی ڕزگارکردنی خەڵکی ئاوارە دایە » «؟!»، «ڕژێمی سەددام حسێن وەک جاران نەماوە و گۆڕاوە» «؟!»، «سەربەخۆیی خەونە، تەنانەت ناشبینرێت»، «کورد دەبێت ڕیالیستی بێت و بەردێک هەڵگرێت کە بۆی بهاوێژرێت».

تا دەهات نارەزایی خەڵکەکە بڵندتر دەبوو بە تایبەتی کە جەماوەری ڕەش و ڕووتی کورد بە دەیان خۆپیشاندان و لە ڕێگای ڕزگارکردنی چەندین ناوچەوە... هتد ئەم ڕاستییەیان زیاتر دەسەلماند کە جەماوەری کورد سەرکردایەتی بەزیوو خۆ بەدەستەوە دەر و خێڵەکی و ئۆتۆنۆمیخواز ناخوازن، تەنها سەرکردایەتییەکی چاخی و لێهاتوو و نیشتمانی و باوەڕ بە خۆکار و پشت بە گەل ئەستوور دەخوازن.

ئەوەبوو پاش نزیکەی دوو مانگ بەسەر تێپەڕبوونی ئەو گفتوگۆیەدا کە سەرانی بەرە لە یەکەم ڕۆژیدا بە زەردەخەنەوە باسیان دەکردو دەیانگوت کە تەنها هەفتەیەک زیاتر ناخایەنێت، بە دزییەوە نووسراوێکیان[١٢] بە ناوی کوردی هەندەراندا بڵاوکردەوە، گوایە ئەو نووسراوە بریتییە لە «پرۆژەی بەرەی کوردستانی ئیراقی دەربارەی ئۆتۆنۆمی بۆ هەرێمی کوردستان». ئینجا پوختەی ئەم باسەمان لەسەر ئەم نووسراوە ژێر لێوەی بەرەیە، هەر بۆیەشە بەپەلەو سەرپێیی لەسەر ڕووداوە و باسەکانیتر دواوین.

ئەمەش دەقی « پرۆژە »کەیە:

## پرۆژەی بەرەی کوردستانی ئیراقی
## دەربارەی ئۆتۆنۆمی بۆ هەرێمی کوردستان

بەشی یەکەم

بنچینەکانی ئۆتۆنۆمی

برگەی یەکەم

بنچینە گشتییەکان

پەرەگرافی یەکەم

آ ـ (هەرێمی) کوردستان ئۆتۆنۆمی وەردەگرێت و ناوی "هەرێم" بشی لێدەنرێت هەروەکو لەم

یاسایەدا هاتووە.

ب - هەرێم لەو پارێزگا و بنکە بەڕێوەبەری یانە پێک دێت کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن ، سەرژمێری گشتی دەست نیشانی سنووری هەرێم دەکات ، بەشێوەیەک کە ئەو سەرژمێرە گشتیە تۆمار کراوەی ساڵی ١٩٥٧ ببێتە ژێرخانی سەرژمێریاری گشتی تازە.

ج - هەرێم یەکەیەکی بەڕێوەبەری یە ، خاوەنی کەسایەتی یەکی تایبەتی یە و بە ئۆتۆنۆمی شاد دەبێت لە چوارچێوەی یەکایەتی یاسایی ورامیاری و ئابووری کۆماری ئێراقدا.

خسلاتدنی دابەشکردنە بەڕێوەبەرایەتی یەکان بە گوێرەی ڕەوتی یاسایی پارێزگاکان دەکرێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی ڕەوتی ئەم یاسایەدا.

د - کۆماری ئێراق لە یەکێتی ڕامیاریانەی دوو نەتەوەی سەرەکی ئەرەب و کورد و براکەسایەتی یەکان پێک دێت.

هـ - هاونیشتمانیتی لە کۆماری ئێراقدا یەک پلەیە ، هاو وولاتیان لە ماف و ئەرکدا هاویەکسانن.

و - کۆماری عیراق یەک ئالا و یەک درووشمی هەیە ، گۆڕانکاری یاسای درووشم دەکرێت بە شێوەیەک کە شێوازی پێکهاتنی نەتەوەیی کۆماری ئێراق دەربخات.

ز - ناو شاری کەرکووک دەبێتە پێتەختی هەرێمی کوردستانی خاوەن ئۆتۆنۆمی.

ح - دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی پارچۆکەیەکن لە دەزگاکانی کۆماری ئێراق.

پەرەگرافی دوو

آ - شان بە شانی زمانی ئەرەبی زمانی کوردی زمانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەبێت.

ب - زمانی کوردی زمانی فێرکردن دەبێت لە ناوچەکەو هەروەها گوتنەوەی زمانی ئارەبیش لە هەموو قوتابخەکانی فێرکردندا زۆرەملێ دەبێت .

ج - دامی فێرکردن لە هەرێمەدا بۆ پۆلەکانی نەتەوەی ئارەب دادەمەزرێت و فێرکردنیش بە زمانی ئارەب دەبێت و گوتنەوەی زمانی کوردیش زۆرەملێ دەبێت تیایاندا . هەوەها دامی فێرکردن لە ناوچەکانی تری ئێراقدا دادەنرێت و زمانی فێرکردن بە زمانی کوردی دەبێت سەبارەت بەو کوردانەی تیایاندا دەژی و خوێندنی زمانی ئارەبیش زۆرەملێ دەبێت تیایاندا .

د - فێرکردن بۆ کەسە نەتەوایەتی یەکان لە هەرێمەدا بە زمانی خۆیان دەبێت و خوێندنی دوو زمانی ئارەبی و کوردیش زۆرەملێ دەبێت .

و ـ بە گوێرەی بۆ چوونی ئەنجومەنی بڕیاردانی هەرێم دەکارێ ڕەچاوی تایبەتمەندی بە نەتەوەیی و کەلەپوریەکانی نەتەوەی کورد و کەمە نەتەوایەتی یەکان لە ڕامیاری پەروەردەکردندا بکرێت .
هـ ـ پەروەردە و فێرکردن لە هەموو قۆناغەکاندا لە هەرێم مل کەچە بۆ ڕامیاری پەروەردە و فێرکردنی گشتی دەوڵەت .
ز ـ بەشی هەرێم لە وەرگرتن و خوێندنی قوتابیان لە لە دانشگا و کۆلیجە سەربازی یەکان بە ڕێژەی دانیشتوانی هەرێم بۆ دانیشتوانی ئێراق دەبێت. هەڵبژاردنی قوتابیەکانیش لەلایەن دەزگا تایبەتیەکانی هەرێمەوە دەبێت بەگوێرەی یاسا و دەستورە پەیڕەو کراوەکان .

پەرەگرافی سێ

آ ـ گەلی کورد بەشداری لە فەرمان ڕەوایی و هەمو دەزگا دەوڵەتیەکان‌دا دەکات و تەنانەت لە پلە گرنگ و ناسکەکانیشدا بە پێی ڕێژەی دانیشتوانی ئێراق و نوێنەرانیش لە دروست کردنی بڕیارە ئێراقیەکاندا دەستیان دەبێت .
ب ـ گەلی کورد لە دەسەڵاتی بڕیاردانی ناوەندیدا (ـ پەرلەمان ـ وەرگێڕ)* بەشدار دەبێت بەپێی ڕێژەی دانیشتوانی کورد بۆ دانیشتوانی ئێراق .
ج ـ جێگری سەرک کۆمار کورد دەبێت .
د ـ ماف وئازادی یەکانی ڕۆڵەکانی نەتەوەی ئارەب و کەمایەتی یەکان لە هەرێم‌دا دەپارێزرێ بە گوێرەی دەستورور ویاساو بڕیاری تایبەتی کە بەڕێوەرایەتی ئۆتۆنۆمی مل کەچی پەیڕەوکردنیانە .
هـ ـ ڕۆڵاتی نەتەوەی ئارەب وکەمایەتی یەکان لە ناوچەکەدا نوێنەری خۆیانیان لە هەمرو دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی‌دا بەڕێژەی ژمارەیان بۆ دانیشتوانی ناوچەکە دەبێت. هەر وەها بەشدار دەبن لە وەرگرتنی پلەوپایە بە پێ‌ی یاساو بڕیارە سازکراوەکان. کوردیش لە دەرەوەی هەرێمی کوردوستان‌دا نوێنەری لەو یەکە بەڕەوبەرایەتیانەدا دەبێت کە کوردیان لێ‌یە .

پەرەگرافی چوار
دەزگای دادوەری سەربەستەو جگە لەیاساو دەزگاکانی لە ناوچەکەدا ـ هیچ دەسەڵاتێکی تری بەسەردا ناسەپێت. هەروەها دەزگای دادوەری پارچەیەکی نەپچراوە لە زنجیرەی دادوەری کۆماری عێراق ، بە مەرجێک ڕەچاوی کوردستان وەک ناوچەیەکی تالوکە بکرێت .

بەشی یەکەم

## بڕگەی دووەم

## بوژەی گشتی هەرێمی کوردستان

## پەڕەگرافی پێنج

آ - هەرێمی کوردستان بوژەی تایبەتی خۆی دەبێت کە پاشکۆی بوژەی گشتی سەرانسەری دەوڵەتەو لەم بوژە لقیانە پێکدێت:

١- بوژەی سالانە.

٢- بوژەی پرۆگرامی خستنەگەڕی دەسەلاتی هەرێمی.

٣- بوژەی بەرژەوەندی و ئەو پرۆژە بەرهەمهێنەرانەی هەن و ئەوانەش کە دادەمەزرێن لە هەرێمەکەدا.

٤- قەرزو کۆمەک.

ب- سەرچاوەکانی بوژەی هەرێمی کوردستان ئەمانەن:

١- بەشی کوردستان لە داهاتە تەرخانکراوە نەوتی‌یەکان کە بۆ پلانی گەشەی نەتەوەیی بەپێی ڕێژەی دانیشتوانی هەرێم بۆ کۆی دانیشتوانی ئێراق.

٢- هەندێک لە بوژەی سالانەی ئاسایی بە ڕێژەی دانیشتوانی هەرێم بۆ دانیشتوانی ئێراق بە شێوەیەک کە بەشە بوژەی دامودەزگا ناوەندیەکان وەک: سەرۆکایەتی، ئەنجومەنی بڕیاردانی ناوەندی، ئەنجومەنی شالیاران، بەرگری، دەرەکی، نەوت، کانەکان لە بوژەی کەرتایەتی دابێت پێش دابەشکردنیان.

ج - داهاتی پلانە گش و نمایی‌یەکانی هەرێمی کوردستان لە داهاتە پەیوەندکارەکانی سەرەوە پێک دێت کە هەمان ڕێبازی ڕێخستنی بوژەی گشتی دەولەت دەگرێتە خۆ.

هـ - ووردکردنەوەی ئەم پرینسیپانەی سەرەوە دەربارەی بوژەی گشتی هەرێمی کوردستان بە یاسا ڕێکدەخرێت.

و - تەرخانکردنی بوژەیەکی تایبەتی بۆ چارەسەرکردنی دواکەوتن لە کوردستان.

## بڕگەی دووەم

## دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی

بەشی یەکەم

## پەرەگرافی شەش

هەرێمی کوردستان لە لایەن دەسەڵاتێکی بڕیاردانی هەڵبژێردراوەوە دەبرێت بەڕێوە کە پێی دەوترێت " ئەنجوومەنی بڕیاردانی هەرێمی کوردستان " وە ئەنجوومەنێک کە لە خۆی هەڵهێنجراوە و پێی دەوترێت " ئەنجومەنی جێبەجێکردنی هەرێمی " بە گوێرەی ئەم یاسایەو یاساپەیڕەوەکانی تر.

## ئەنجومەنی بریاردانی هەرێمی

## پەرەگرافی هەفت

ئەنجومەنی بڕیاردانی هەرێمی لە لایەن دانیشتوانی هەرێمەوە هەڵدەبژێردرێت لە ڕێگای هەڵبژاردنی ئازادەوە هەر چوار ساڵ جارێک، بە گوێرەی یاسا درووست دەکرێ و رێکدەخرێ و پەیڕەوی کاری دەست نیشان دەکرێت.

## پەرگرافی هەشت

آ ـ ئەنجوومەنی ناو براو سەرۆک و جێگری سەرۆک و جێگرێک بۆ پاراستن لە ناو ئەندامانی‌دا هەڵدەبژێرێت.

ب ـ کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن بە ئامادەبوونی زۆربەی ئەندامەکانی دەبێت، بڕیارەکانی خۆی بە زۆربەی دەنگی ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە دەدات، بەڵام یاساکان پێویستی بە دەنگی دوو لە سەر سێ‌ی ئامادەبووان دەبێت.

## پەرەگرافی نۆ

ئەنجومەنی بڕیاردانی هەرێمی لە چوار چێوەی دەستوور و یاسادا ئەم دەسەڵاتانەیان دەبێت:

آ ـ داڕشتنی پەیڕەوی ناوخۆیی.

ب ـ دانانی یاسای پێوست لە چوارچێوەی رامیاریەکی گشتی دەوڵەت بۆ برەو پێدانی دەزگا ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاوەدانی و رۆشنبیریەکان.

ج ـ دانانی یاسا کەپەیوەندکارە بە گەشەپێدانی ڕۆشنبیری و داب و نەریتی میللی و هاو وڵاتیان لە هەرێمدا.

د ـ داڕشتنی یاسا تایبەتی‌بەکانی باج و خەراجی هەرێم لە چوارچێوەی دەستوور و پرنسیپە

بنچینەییەکاندا کە پەیوەندیان بە یاسا ناوەندییەکانەوە هەیە.

هـ - مۆرکردنی بودجەی ساڵانە و بەگەڕخستنی هەرێمی بەگوێرەی بڕکەوتە داهێن کراوەکان و بڕیاردانی کۆسەرجەمییەکان و ناردنی بۆ "دەسەڵاتی یاسادانانی ناوەندی" بۆ پەسەندکردن.

و- مۆرکردنی پلانی گەش و نمای هەرێمی لە سنووری بڕکەوتە دەست نیشانکراوەکان لە چوارچێوەی پلانی گشتی وولاتدا خستنە بەردەستی دەسەڵاتی یاسادانانی ناوەندی بۆ پەسەندکردنی.

ز- مۆرکردنی پرۆژەکانی پلانی ووردەکاری کە ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی ئامادەی دەکات لە بواری ئابووری و پرۆژەی ئاوەدانی و پەروەردە و زانست و تەندروستی و کارکردن بە گوێرەی پێویستی پلانی ناوەندیی گشتی دەوڵەت و پێویستی جێبەجێکردنی.

ح - گۆڕانکاری کردن لە بودجەی ساڵانی هەرێم دوای مۆرکردنی بە مەرجێک دژکار نەبێت لەگەڵ یاسا و پلانی گشتی ئێراق.

ط - دەستەبەرکردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی جێبەجێکردن لەسەر ئەو کار و بارانەی کە پەیوەندی بە رشتەکانیانەوە هەیە.

ی- متمانەکردن بە ئەنجوومەنی جێبەجێکردن یا خود یەکێک یان زیاتر لە ئەندامەکانی و بڕیاری دەست کێشانەوەی -/ یان لە کار هەڵچ کاتێک متمانەیان لێ سەنرایەوە. بڕیاردانی لێسەندنەوەی متمانە بەزۆرینەی دەنگی کۆی ئەندامانی پێک هاتوو لە ئەنجوومەنی یاسا دانانی هەرێمی دەدرێت.

ک- داڕشتنی یاسای دام و دەسگا و نیمچە رەسمیە هەرێمیەکان بە ئاخافتن لەگەڵ لایەنە ناوەندیە تایبەتیەکاندا بەپێی یاسا پەیڕەوکراوەکان.

ل- بڕیاردانی گۆڕانکاریەکانی یاسای ئۆتۆنۆمی.

بەشی دووەم

ئەنجوومەنی جێبەجێ کردن

پەرەگرافی دە

آ- ئەنجوومەنی جێبەجێکردن دەستەی جێبەجێ کردنە بۆ ڕێبەڕێوەبردنی ئۆتۆنۆمی لە هەرێمدا.

ب- ئەنجوومەنی جێبەجێکردن لە سەرۆک و جێگری سەرۆک و هەروەها ژمارەی ئەندامەکانی هێندەی، یان یەکێک زیاتر لە ژمارەی دامە گشتیەکان دەبێت کە لە پەرەگرافی یانزەدا (١١) ناوبراوە.

ج ـ سەرۆک کۆمار یەکێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی بڕیاردانی هەرێمی دادەنێ بە سەرۆک بۆ دامەزراندنی ئەنجوومەنی جێبەجێکردن.

د ـ سەرۆکی دانراو جێگرێک بۆ خۆی و ئەندامانی ئەنجوومەنی جێبەجێکردن لە نێوان ئەنجوومەنی بڕیاردانی هەرێمدا یا خود ئەو کەسانەی کە مەرجی ئەندامیەتیان تیادا بەدی دەکرێت هەڵدەبژێرێت و دەیخاتە بەر دەستی ئەندامانی ئەنجوومەنی بڕیاردانی هەرێم بۆ متمانە پێ کردنیان بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پێک هێنەری ئەنجوومەنی بڕیاردان و ئینجا بڕیاری کۆماری لەسەر دامەزراندنی ئەنجوومەنی جێبەجێکردن دەردەچێت.

هـ ـ سەرۆکی ئەنجوومەنی جێبەجێکردن لە پلە و پایە و جێ گری سەرەک شالیاران یا خود جێ گری سەرەک‌کۆمار دەبێت، و ئەندامانی ئەنجوومەن بە پایەو پلەی شالیار دەبێت و هەمان دەسەڵاتی شالیاریان لە چوارچێوەی کارەکانیان دەبێت.

و ـ سەرۆک کۆمار بۆی هەیە سەرۆکی ئەنجوومەنی جێبەجێکردن فێنیش کات ، لەو کاتەدا هەمو ئەنجوومەنەکە هەڵدەوەشێتەوە.

ز ـ لە کاتی هەڵوەشاندنەوە یاخود لێسەندنەوەی متمانەدا، ئەنجوومەنی ناوبراو هەر بەردەوامدەبێت لەسەر کارەکانی خۆی تا دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی تازە لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ دا.

## پەرەگرافی پانزدە

## دەزگاکانی ئەنجوومەنی جێ‌بەجێ کردن

آ ـ سەرۆکایەتی دەزگای جێبەجێ کردنی لەمانە پێکدێت:

١ ـ بارەگای ئەنجوومەنی جێبەجێ کردن.

٢ ـ بارەگای پشکنین و پەیڕەوکردن.

ب ـ شێوازی دامەزراندنی ئەم بارەگایانە لە لایەن ئەنجوومەنی جێبەجێ کردنەوە بە ڕێسا دیاری دەکرێت.

ج ـ ئەنجوومەنی پلانی هەرێمی دەبەسرێتەوە بە ئەنجوومەنی جێبەجێ کردنەوە و شێوازی دامەزراندن و دەسەڵاتەکانی بە یاسای هەرێمی یاخود بە ڕێسای ئەنجوومەنی جێبەجێکردن دەست نیشان دەکرێت و هوکاری لەگەڵ ئەنجوومەنی نەخشەکێشانی ناوەندی دەکات.

د ـ ئەنجوومەنی جێبەجێکردن لێپرسراوێتی ئەم دەسگایانە دەگرێتە ئەستۆ:

١ ـ دامی پەروەردە و فێرکردنی باڵا.

٢ ـ دامی نیشتەجێکردن و ئاوادان کردنەوە.

٣. دامی کشتوکاڵ و چارەسەرکردنی.

٤ ـ دامی کاروباری ناوخۆیی کە پارێزگاکان و پۆلیس و بەرگری میللی و کاروباری کۆمەڵایەتی و ئاسایشی هەرێمی دەگرێتەوە.

٥ ـ دامی هاتوچۆ و گواستنەوە.

٦ ـ دامی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و لاوان.

٧ ـ دامی کاروباری شارەوانی و داهاتی.

٨ ـ دامی گەشت و هاوینەهەوار.

٩ ـ دامی کاروباری کۆمەڵایەتی و تەندروستی و کار.

١٠ ـ دامی ئابووری کە دراو و بازرگانی ناوچەیی دەگرێتەوە.

١١ ـ دامی داد و کاروباری ئایینی.

١٢ ـ دامی پیشەسازی بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری پیشەسازی لە ناوچەکە، بەمەرجێک ناوهێنان و دەستکاری نەوت و کانەکان کە تایبەتن بە ڕژێمی ناوەندی بەدیە.

١٣ ـ دامی پلان کە بە خوێندن و سەرژمێر و وردەکاری و شیکردنەوەی پرۆگرام و پلانی گەشەپێدان خستنە گەڕوە خەریک دەبێت بە هاوکاری و هاوکێشی لەگەڵ شالیاری پلان لە چوارچێوەی گەشەی گشتی کەرتدا.

هـ ـ لێپرسراوێتی کاری ئەم دامانە کە وا لە پەرەگرافی هەشتدا ناوی هاتووە دەکەوێتە سەرشانی ئەندامانی ئەنجومەنی جێبەجێکردن کە پێیان دەگوترێت جێگری گشتی کە هەریەکە لەلایەن چەند لێپرسراو و بەڕێوەبەرێکی گشتییەوە یارمەتییان دەدرێت بەگوێرەی یاسای ئەم دامانە کە ئەنجومەنی جێبەجێکردنی هەرێمی دایدەڕێژێ.

## پەرەگرافی دوازدە

ئەنجومەنی جێبەجێکردن بۆی هەیە ئەم کارانە بکات:

آ ـ بەڵێنی ئەنجومەنی جێبەجێکردنی یاسا و ڕێساکان.

ب ـ گوێ ڕایەڵی دەستوورەکانی دادوەری.

ج ـ بڵاوکردنەوەی دادوەری پاراستنی ئاسایش و ڕێسای گشتی و پارێزگاریکردنی بوونە گشتییە نیشتمانی و ناوچەییەکان و سامانی گشتی دەوڵەت و سامانی تایبەت.

ه ـ دەرکردنی بڕیار کە پێویست بێت بۆ پەیڕەوکردنی بنەما یاساییە هەرێمییەکان.

ه ـ سەرپەرشتیکردن لەسەر دامودەزگا گشتیە هەرێمییەکان.

و ـ دامەزراندنی فەرمانبەر و مووچە خۆرەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، کە دامەزراندنیان پێویستی بە دەرکردنی یاسای کۆماری و ڕەزامەندنی سەرۆک کۆمار نییە، بە گوێرەی یاسای دامەزراندن و خزمەت گوزاری کە یاسای فەرمانبەر و مووچە خۆرەکانی کۆماری ئێراق بەسەریاندا پەیڕەو دەکرێت، بە مەرجێک مووچە خۆر و فەرمانبەرەکان کورد بن لەو ناوچانەدا کە زۆربەیان کورد نشین. تەنانەت بەڕێوەبەرانی دەزگا و بەرز ناوەندیەکانیش کە لە هەرێمدا کاردەکەن، لەگەڵ ڕەچاو کردنی هەموو ئەوەی کە لە بڕگەی (٣) ئەم یاسایەدا هاتووە کە ئەنجومەنی کارگوزاری هەرێمی جێگای ئەنجومەنی کارگوزاری گشتی بگرێتەوە.

ز ـ بالاوتنی ئەو مووچە خۆرانەی کە پێویستیان بە دەرکردنی بڕیاری کۆماری یا خود بڕیاری سەرۆک کۆمار هەیە بۆ دامەزراندن.

ح ـ دامەزراندنی پسپۆری ئێراقی و بیانی لەگەڵ ڕەچاو کردنی یاسا و ڕێساکان.

ط ـ جێبەجێکردنی بوژەی سالانە و بە کەڕخستنی هەرێمی.

ی ـ ئامادەکردنی ڕاپۆرتی سالانە سەبارەت بە دۆخی هەرێمەکە و گەیاندنی بەسەرۆک کۆمار و ئەنجومەنی بڕیاردانی هەرێم.

ک ـ دەرکردنی پەیڕەو و ڕاگەیاندن و تەنانەت پلانی ڕێکخستنی بەڕێوەبردنی هەرێمی.

ل ـ ئامادەکردنی پرۆژەی پلانی شیکراوە بۆ کارو باری ئابووری و کۆمەلایەتی و پرۆژەی گەش و نماو کارو باری پەروەردە و فێرکردن و تەندروستی و کار بەپێی بەرکەوت و توانای پلانی ناوەندی گشتی دەوڵەتی ئێراق و پێداویستەکانی و گەیاندنی بە ئەنجومەنی بڕیاردانی هەرێمی بۆ پەسەند کردنی.

## بەشی سێهەم

## پەیوەندی نێوان بەڕێوەبەرایەتی ئۆتۆنۆمی

### پەرەگرافی سیانزدە

جگە لەو دەسەلاتانەی کە وا دەستەکانی ئۆتۆنۆمی پێی هەلدەستن، هەموو دەسەلاتێک لەسەر تا سەری کۆماری ئێراق دەگەڕێتەوە بۆ دەسەلاتی ناوەندی.

## پەرەگرافی چواردە

آ - بیرۆکانی ئاسایشی گشتی و پەساپۆرت و چوونە دەرەوە لە هەرێمدا دەبەسرێتەوە بە بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانی شالیاری ناو خۆییەوە لە بوارەکانی خاوەنداریەتی و هونەری و کاروباری کارگوزاری دا ، بەلام گوێ ڕایەڵە بۆ ئەرک و فەرمایشت و فەرمانی دەسەلاتە تایبەتیەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی (دامی گشتی کاروباری ناو خۆیی) لەگەڵ ڕەچاوکردنی یاسای پارێزگاکان بەلام پێکهانی پۆلیس لە هەرێمدا سەر بە دامی گشتی کارو باری نا خۆیە.

ب - دامەزراندنی بەڕێوەبەرانی ئەو کاروبارانەی لە بڕگەی - آ - دا ناویان هاتووە بە فەرمانی شالیاری ناو خۆیی دەبێت دوای پالاوتنیان لەلایان دامی گشتی کاروباری ناو خۆوە و گوێزانەوەیان بە فەرمانی شالیاری ناوخۆ دەبێت بە راوێشکردن لەگەڵ دامی کاروباری ناوخۆ لەگەڵ ڕەچاوکردنی یاسای پارێزگاکان.

ج - گوێزانەوەی فەرمانبەرانی پۆلیس و نەژادنامە لەناو هەرێمدا بە فەرمانی جێگری گشتی کاروباری ناوخۆیی یان ئەوەی خۆی سەرپشکی دەکات بە مەرەێک ڕەچاوی بڕگی-ب- لەم یاسایە بکرێت.

د - دامەزراندن و گوێزاندنەوەی مرچەخۆرانی و فەرمانبەرانی دەزگا ناوبراوەکانی بڕگەی - آ - لەم یاسایەدا بە گوێرەی پرنسیپ و توانەکانی کۆماری ئێراق دەبێت لەگەڵ ڕەچاو کردنی بڕگەی - ب - لەم پەرگرافە.

هـ - جێگری ناو خۆی هەرێم و دەزگاکانی سەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی ناوخۆن.

## پەرەگرافی پانزە

آ- دەزگاکانی دەسەلاتی ناوەندی لە هەرێمدا سەر بە شالیارەکانی ناوەندی دەبێت و کاروبارەکانی خۆی لە سنووری کارامەیی خۆیدا جێبەجێ دەکات و دەسەلاتە ناوچەییەکان تەنها مافی سەرپەرشتی و گیاندنی ڕاپۆرتیان هەیە بۆ شالیارە ناوەندییەکان، هەروەها لەسەر دەسەلاتە ئیوچەییەکان پێویستە هاوکاریەکی تەواو لەگەڵ شالیارە ناوەندییەکاندا بکەن بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیان.

ب - دەسەلاتی ناوەندی لە سنووری رشتەیاندا مافی ڕێ پیشاندان و ئاراستەکردنی گشتی هەیە بۆ بەڕێوەبەرایەتی بە هەرێمیەکانی ناوبراو لە بڕگەی (۱۱)ی ئەم یاسایە.

ج - سەرک کۆمار و سەرەک شالیاران بۆیان هەیە شالیاران بنێرنە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی جێبەجێکردن.

د ـ بڕیارەکانی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی و یاساکانی بە دەسەڵاتی ناوەندی رادەگەیەنرێت لە ڕێگای سەرۆکی ئەنجوومەنی بڕیاردانی هەرێم هەر کەس بەپێی کارامەیی.

هـ ـ سەرۆکی ئەنجوومەنی جێبەجێکردن ئەندام دەبێت لە ئەنجوومەنی شالیاران و ئەنجوومەنی پلانی ناوەندی.

## پەرەگرافی شانزدە

آ ـ دادگایەکی دەستووریی بڵند سانسووری بە جیابەتی یاسا و بڕیارەکانی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی دەکات بۆ دڵنیایی لە دەرنەچوونی یاسا و بڕیار لە دەسەڵاتە ناوەندییەکانەوە کە ناکۆک بن لەگەڵ بۆ هەبوون و ڕێکەوتنەکانی ئۆتۆنۆمی بە پێی دەستوور و یاسای لەو بابەتە.

ئەم دادگایە لە (٩) ئەندام لە گەورەپیاوانی یاسا پێکدێت. چوار ئەندامیان لە دانیشتوانی هەرێم دەبن کە هەڵبژاردنی ئەمان و سەرۆکیش لە ئەنجامی ڕێکەوتنی سەرۆکی دەسەڵاتی بڕیاردانی ناوەندی و سەرۆکی ئەنجوومەنی بڕیاردانی هەرێمییەوە دەبێت. ماوەی کاتی دادگای دەستووری دوو ساڵ دەبێت و درێژەبوونەوە تەنها جارێک لەبار دەبێت و بڕیارەکانیش بەزۆریەی دەنگی ئەندامان دەدرێت. یاخود دادگا لەسەرۆکی دەداگای چاوپێخشاندنەوە «محکمه التمیز» و دوان لە ئەندامانی دادگای چاوپێخشاندنەوە و سەرۆک و جێگری سەرۆکی بەشی هەرێم و چوار موچەخۆری پلە یەک، پێکدێت، کە دەسەڵاتی ناوەندی دووانیان لێهەڵدەبژێرێت و دەزگا هەرێمییەکانیش دووانەکەی تریان. یاخود لە چەند ئەندامێک پێکدێت کە دەسەڵاتی بڕیاردانی هەرێمی نیوەیان هەڵدەبژێرێت. (واتە، دەسەڵاتی ناوەندی نیوەکەی تر هەڵدەبژێرێت ـ وەکێڕ).

ب ـ شالیاری دادە بۆی هەیە دژایەتی لە بڕیارەکانی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی لە بەردەم دادگای دەستووری بڵندا بکات کە ناویان لە بڕگەکەدا براوە لە کاتی ڕێکنەکەوتنیان لە سەر دەستوور و یاساکان لە ماوەی (٣٠) ڕۆژدا ، لەو بەروارەوە کە دەسەڵاتی ناوەندی لە بڕیارەکان ئاگادارکراوە.

بۆ جێگری گشتیش هەیە دژایەتی لە گۆڕانی دەستووری یاسا و بڕیارەکانی دەسەڵاتی ناوەندی بکات لە بەردەم دادگای بڵندا لە کاتی ڕێکنەکەوتنیاندا سەبارەت بە ڕشتە و دەسەڵاتەکانی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی، بە پێی ئەو دەستوور و یاسایانەی پێوەی بەندن ئەویش لە ماوەی (٣٠) ڕۆژدا لە بەروارەوە کە ئەو گۆڕانکارییە بە دەزگا هەرێمییەکان ڕاگەیەندراوە.

ج ـ ئەو یاسا و بڕیارانەی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی کە دژایەتیان کراوە (ڕەخنەگرتن لە گۆڕانکارییەکانی دەستوور و یاسا و بڕیارەکانی دەسەڵاتی ناوەندی لە بەردەم دادگای دەستووری بڵندا) رادەوەستێنرێن و جێبەجێناکرێن تا یەک لادەکرێنەوە.

هـ . ئەو گۆڕانکاری‌یە دەستووریانە و یاسا و بڕیارەکانی ناوەندی و یاسا و بڕیارەکانی هەرێمی کە دادگای دەستووری باڵند بڕیاری ناپەیجی‌یان دەدات لە بەرواری دەرکردنیانەوە پووچ دەکرێنەوە و هەموو شوێنەوارێکی یاسایی کە پێیانەوە پەیوەندیت کۆیردەکرێنەوە.

و - دادگای دەستووری باڵند بڕیارەکانی خۆی بە شالیاری داد و جێگری گشتی داد ڕادەگەیەنێت و لە ڕۆژنامەی ئۆفیسیالیشدا بلاّودەکرێنەوە.

## پەرەگرافی هەڤدەهەم

آ - سەرۆک کۆمار بۆی هەیە ئەنجوومەنی بڕیاردانی هەرێمی هەڵوەشێنێتەوە لە کاتێکدا کە نەتوانێت بە کاروباری خۆی هەڵسێت بە هۆی دەست کێشانەوەی ئەندامەکانی یان لە کاتی نەبوونی پاڵپشتی یاسایی‌دا لە ماوەی (٣٠) ڕۆژدا لەو بەروارەوە کە داوایان لێ کراوە بۆ دانیشتن. یاخود لە کاتێکدا کە ئەنجوومەنی بڕیاردانی هەرێمی متمانە بە ئەندامانی ئەنجوومەنی جێبەجی‌کردن زیاتر لە (٣) جاری یەک لە دوای یەک ، نەکات ، هەر وەکوو لە داڕشتنی بڕگەی (د)ی پەرەگرافی (١٠) ی ئەم یاسایە هاتووە. یاخود لە کاتێک‌دا و بڕیارانەی دادگای دەستووری باڵند کە بۆی داڕێژراوە لە پەرەگرافی(١٦)ی ئەم یاسایەدا پشتگوێ بخات.

ب- لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی بڕیاردانی هەرێم‌دا، ئەنجوومەنی جێبەجی‌کردنی هەرێمی هەر بەردەوام دەبێت لە سەر کاری خۆی تا کاتی هەڵبژاردنەوەی ئەنجوومەنی بڕیاردانی هەرێمی نوێ لە ماوەیەکدا کە تەپەڕی (٦٠) ڕۆژبێت لەو بەروارەوە کە دەستووری کۆماری هەڵی‌دەوەشێنێتەوە.

ج - هەموو تێکستێک سەبارەت بەم دەستوور و ڕێسایە کە ڕێک نەکەوێت لەگەڵ ئەوانەی ناوەرۆکی ئەم پرۆژەیەدا پووچ دەکرێنەوە.

تێبینی/ دەبێت گۆڕانکاری پێویست لە دەستووردا بکرێت بۆ جێبەجی‌کردنی ئۆتۆنۆمی و خاڵە بناخەیی‌یەکانی ئەم پرۆژەیەش بخرێتە ئەو دەستوورەوە.

## پاشکۆکان

### یەکایەتی خاک

ناوچەی کوردستان لەم (٣٠) ساڵەی دوایدا توشی دۆخێکی یەکجار دژوار و ئاڵۆز بووە کە لە

هەموو لایە ئاشکرایە. دۆخێک کە وڵاتی خستۆتە مەترسی و لە گیسجوونی ووزەی زۆر و لاوازکردنی گیانی لێپرسراوەیەتی لەسەر بەشێک لە هاونیشتمانیان. وای کردووە کە دۆخە ئالۆکییەکان بەسەر دۆخە ئاسایەکاندا زاڵبێن و هاونیشتمانانی خستۆتە دۆخێکی نادڵنیاییەوە بەرامبەر دەوڵەت. ئەمانەش بە خراپە لەسەر یەکیەتی نیشتمانی ئیشکیان داوەتەوە. دووبارە گێڕانەوەی یەکیەتی نیشتمانی ئامانجێکی خوازراوە لە لایەن هەموانەوە و نەبوونی ئەم یەکیەتییە ڕێگە لە پێشکەوتنی گەل و وڵات دەگرێت و هیچ لایەنێک لە زیانەکانی دەرباز نابێت. لەبەر ئەم هۆیانە پێویستی بە چارەسەرکردنی بنەڕتی و بە پەلە هەیە بەپێی ئەم دینگانەی خوارەوە:

١ ـ یەکیەتی نیشتمانی بە چارەسەرکردنی ئەو کۆسپ و تەگەرانە توند دەکرێت کە هاتوونەتە ڕێ و قووت بوونەتەوە لە بەردەمی دا و هەروەها بە بەهێزکردنی برایەتی کورد و ئەرەب.

٢ ـ بەهێزکردنی یەکیەتی نیشتمانی لەسەر لابردنی ئەو ناڕەواییە مێژوییە بەندە کە تووشی گەلی کورد بووە ، و هەروەها بەهێنانەوەی مافی ڕەوا و لەژێر سایەی داد و هەڵپێدان و یەکسانی لە نێو هەموو کەمە نەتەوەییەکاندا .

٣ ـ لە ژێر سایەی یاسا و ڕەنسای پێویستدا کە دەبێت لە لایەن هەموانەوە ڕێزی بگیرێت و بە پەنابردن بۆ زەبر و زۆریش وە ئەنجام ناهێنرێت.

٤ ـ سەرۆکایەتی بزوتنەوەی کورد (ب . ک) دەبێت تا ئەو پەڕی لەگەڵ ڕژێمدا هاریکاری بکات بۆ پارێزگاری سنوور و ئاسایشی ئیراق لە ناوچەی کوردستاندا .

٥ ـ سەرۆکایەتی بزوتنەوەی کورد (ب . ک) توند و تۆڵانە لە قەدەغە کردنی سەرهەڵدانی چەکداری یانەی نایاسایی لە ناوچەی کوردستاندا بەشداری دەکات. هەروەها لە پارێزگاری کردن و بەهێز کردنی یەکایەتی خاکی ئیراقیشدا .

## گەڕانەوەی هێمنی بۆ کوردستان

(کۆتایی هاوردن بە هەموو دۆخێکی ئالۆکە)

١ ـ لێبووردنێکی گشتی بۆ هەموو زیندانی و گیراو و راکردوو و دەستبەسەر و پەنابردەیەک کە لەبەر سیاسەت تووشبوون و هەموو ئەوانەی چوونەتە ریزەوە (هێزی پێشمەرگە) بە کورد و نا کوردەوە لە سڤیل و سوپایی بە ئەفسەر و پەلەکانیەوە (سوپایی هەموو هێزی چەکداری دەگرێتەوە لە سەرباز و پۆلیس و ئاسایشی ناو خۆیی و هەرێمەکانی بەرگری میللی و پلاتۆنە تایبەتیەکان) . ئەم لێبووردنەش هەموو سزا بن چینەیی پاش کۆیەکانی سوپایی و سڤیلیش دەگرێتەوە . وازهێنان لە

دەست بەسەر داگرتنی موڵکە بگۆڕ و نەگۆڕەکانیان و پووچ کردنەوەی ئەو بڕیارانەی دژیان دەرکراوە و خەرمانەی بەجێ بەزیان لێکەوتووەکانیان دەدرێت. دابینکردنەوەی مافەکانیان و ئازادکردنی ئەو زندانی و گیراو و دەست بەسەرانەی کە ئەم لێبووردنانەی دەیانگرێتەوە. دەرکردنی لێبووردنێکی گشتی بەبۆنەی ڕێکەوتنەکەوە بۆ هەموو سزادارو و گیراوێکی ئێراقی کە هۆکەی بیر و گرفتی رامیاری بێت، دەسکەوتێک دەبێت کە بەشداری بەهێز کردنی یەکیەتی ئێراقیدا دەکات و پاڵ پشتیت دەبێت بۆ ئەم ڕێکەوتننامەیە.

٢ ـ گێڕانەوەی موچەخۆر و کارمەند و کرێکار و لایەنەکانی هێزی چەکداری بە ئەفسەر و پلە سەربازیەکان و پۆلیس و هێزی ئاسایشی ناوخۆیی و پارێزەری سنوورەوە لە کورد و ناکوردی دەرکراوو وازپێهێنراو و دوورخراوەو و پاڵ پێوەنراوو و خانەنشین کراووە کە هۆکەی رامیاری بێت، بۆ کارەکانیان بەبێ خۆ بەستنەوە بەپێویستی پێبوون یان نەبوون، وە یان، هەر وەک بەکاری خۆیان هەڵسابن سەبارەت بەزیاد کردنی مووچەی ساڵانە و پارە بۆ زیاد کردن و خانە نشینی.

٣ ـ گێڕانەوەی ئەو مووچە خۆر و کارمەند و کرێکارانەی کە دانیشتوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و کوردی دانیشتوانی بەشەکانی تری ئێراقن بۆ بیرۆ و رشتەکانی خۆیان.

٤ ـ گێڕانەوەی قوتابیە دەرکراو و پاڵپێوەنراو و گیراو و راکردوو و پەناهەندەکان بە هۆکاری رامیاری، یان ئەوانەی چوونەتە ڕیزی پێشمەرگەوە بۆ قوتابخانە و کۆلیج و زانکۆکانی خۆیان، بڕینەوەی یارمەتی ئابووری بۆ خوێندن بۆ دەست تەرزێشتووەکان تاکو بتوانن لەسەر خوێندن بەردەوام بن، بەبێ گوێدان بە ساڵانی لە دەستچوو ، هەروەها وەرگرتنی ئەو خوێندکارە کوردانەی لە دەرەوەی وڵات دەخوێنن لە شوێنی خۆیان و لە کۆلیج و زانکۆ و شوێنە دەوڵەتیەکان لەگەڵ ڕەچاو کردنی هەموو مافەکانیان.

٥ ـ وەرگرتنی قوتابی کورد و رۆڵە کەمایەتیەکانی تر لە هەموو قوتابخانە و کۆلیج و دەستگای پەروەردە و زانستی و زانکۆ و خوێندنگەباڵا ـ سڤیلی و سەربازیەکان ، هەروەها خەڵاتی بۆ خوێندن (البعثات) و خەڵاتی دەوڵەتی بێگانە بۆ خوێندن (الزمالات ) و ناوەختی ئابووری بۆ قوتابیان لە ناوە و دەرەوەی ئێراق بێ جیاکردنەوە و جیاوازی و بەپێی کارامایی.

٦ ـ دووبارەکردنەوەی زانکۆی سلێمانی.

٧ ـ گێڕانەوەی دانیشتوە کۆچ پێکراوەکان ئی‌دی لە گوند بن ، یان ناوچە یان هەرێم یان شارە کوردیەکان، بۆ گوند و شوێنە رەسەنەکانیان و خەرمانە پێدانیان بە شێوەیەکی وا دادوەرانە کە هەموو ئەو زیانانە بگرێتەوە کە بەهۆی راگوێزانەوەوە تووشیان هاتووە. هەروەها گەشەپێدانی

ناوچەکانیان ئەویش بە هۆی گەیاندنی هەموو جۆرە خزمەتگوزارییەک بۆیان بۆ ئەوەی بەپێی توانا گشەبکەن و شوێنە سروشتی و کشتوکاڵیە بەر بڵاوەکان بێنە مەیدانی پێشکەوتوو بۆ کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵ و پەلەوەر و پیشەسازی سووک و ناوچەی هاوینەهەوار، ئەمانەش بۆ پاڵپشتیکردنی ئاسایش و بەرگری لە نیشتمان شان بە شانی بەشداربوون لە پێش خستن و بەرەو پێشەوە بردنی ئابووری نیشتمانیدا.

٨ ـ گێڕانەوەی ئەو دانیشتووە ئەرەبانەی کە لە ناوچە کوردیەکاندا نیشتەجێ کراون بۆ شوێنی ڕابردوویان.

٩ ـ ئازادکردنی بارزانیەکان و گیراوەکانی « ئەنفال » و گەڕانەوەیان بۆ شوێنەکانی خۆیان.

١٠ ـ ئازادکردنی کوردە فەیلییەکان و ڕێگادان بە کۆچکردوو و کۆچپێکراوەکانیانەوە لە ناو وڵات و دەرەوەشیدا بۆ گەڕانەوەیان بۆ وڵات و نیشتە جێکردنیان لە ناوچەکانی خۆیان یاخود لە هەرێمی ئۆتۆنۆمیدا و گێڕانەوەی سامانەکانیان و خەرمانە پێدانیان بەشێوەیەکی دادوەریانە و بەخشینی پێناسەی هاوولاتی ئیراقیش پێیان.

١١ ـ بە پراکتیک کردنی یاسای چارەسەرکردنی کشتوکاڵ لە ناوچەی کوردنشیندا و چاک کردنیشی بەشێوەیەک کە لەگەڵ بەرژەوەندی جووتکاردا بگونجێ و نەهێشتنی پەیوەندییە دەرەبەگیەکان (فیۆدالیەکان) بە شێوەیەکی سەرتاسەری و پێدانی پارچە زەوییەک بە هەموو جووتکارێک و لێخۆشبوونیان لەو باجە زەویە کشتوکاڵیەی کە لە کۆنەوە لە سەریان کەڵەکە بووە.

١٢ ـ پوچەڵ کردنەوەی ئەو ڕێسا تایبەتیانەی کە پەیوەندن بە کردنی زەویەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەزەوی میری و هەروەها گەڕانەوەیان بۆ خاوەنەکانیان و پوچەڵ کردنەوەی هەموو یاسا و بڕیار و ڕێنماییەکی تالوکە.

١٣ ـ دووبارە دامەزراندنەوەی کۆڕی زانیاری کورد کە خاوەن پسپارێکی تایبەتی دەبێت و دیسانەوە دەکەوێتەوە کار بە گوێرەی یاسای کۆڕی زانیاری کوردی ژمارە (١٨٣)ی ساڵی ١٩٧٠ و گوێزانەوەی دەزگاکەی بۆ ناوەندیی هەرێمی ئۆتۆنۆمی.

١٤ ـ بڕینەوەی مووچەی خانە نشینی بۆ خێزانی ئەوانەی شەهیدکراون یاخود لە سێدارە دراون لە دۆخە تالوکیەکانی ڕابوردوودا . هەروەها بۆ هەموو ئەوانەی کە هەمان دۆخ بۆتە هۆی سەقەتیبان و دابین کردنی شوێنی ژیانی ئاسایی بۆیان بەپێی بڕیاردانێکی تایبەتی و مافی شەهیدان ئەمانیش بگرێتەوە.

١٥ ـ هەڵگرتنی بایکۆتی ئابووری لەسەر کوردوستان و زۆرکردنی ئەشتورمەکی بەرخۆری

(استهلاکی) بە جۆرەکانییەوە لە هەرێمەدا و توند کردنی سانسۆر لەسەر مشەخۆران.

١٦- گەڕانەوەی هەموو کارگوزاری و کارەکانی بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە بۆ کوردستان ئەمە بە پرۆژە گشت و گوزاری و هۆینە هەواری و جۆگاو بان و بەربەست و کشتوکاڵ و کارەبا و پیشەسازی و زێراب و ئاو ڕاگوێزان و پرد و ڕێگاو بان و دامەزراندنی قوتابخانە و نەخۆشخانە و تیمارسازی و خانوو و بەرە و هەموو پرۆژەکانەوە، بە گشت شێوەکانیانەوە. ئیتر پرۆژەی وەستێنراو یان پوچەڵ کراو یان نوێ بێت و دانانی پلانێک بۆ پێشخستنی ناوچەکە و خەرمانە دانەوەی هەموو زیانێکی دواکەوتن لەو ماوەیەی پێشودا، ئەمەش بەپێی بەرنامەی پرۆژە ساڵانیەکانەوە، یاخود پلانی گش و غای نەتەوەیی و ئامادەکردنی ئەشتورمەکی پێویست بۆیان.

١٧ - دانانی پلانێکی خێرا بۆ پێشخستنی ناوچەکە و خەرمانە دانەوەی هەموو تووشیەکی دواکەوتن هەروەک لە ڕێکەوتن نامەکەی ١١/ئازاری ١٩٧٠ دا هاتووە.

١٨ - هانا ئەبردن بۆ زەبر و رک ئەبونەوە لە هاونشتیمانی کورد لەسەر بەشداری کردنیان لە پارت و ڕێکخراوە جەماوەریەکاندا هەروەها ئازادی ماف و ئەرک و دەسکەوتنی بەرخۆدان (امتیازات) و مسۆگەرکردنی بەرژەوەندی ئەبەستریتەوە بەو بەشداریکردنە و پوچەڵکردنەوەی ئەو یاسا و سیستەمانەی کە دژ بەم پەرگرافەن.

## دیموکراسی لە ئیراق دا

ئەو گیرو گرفتە ئاڵۆزانەی کە دێتە رێی گەلی ئیراقیمانەوە بە ئەرەب و کورد و کەمە نەتەوەییەکان و پۆلە ئاینیەکانەوە ڕوویان ئەدەدا و کەڵەکە و ئاڵۆز ئەدەبوون ، ئەگەر ڕادەیەکی گونجاو لە دیموکراسی هەبوایە و ئەگەر ڕێگا بدرایا بە هێزە ڕامیاری‌یە نیشتیمانیە جۆراوجۆرەکان بۆ بەشداریکردن لە دەربڕینی بۆچوون و دۆزەکانیان‌دا لە مەڕ چارەسەرکردنی ئەو جۆرەگیروگرفتانە و نەیانئەدەیشت روو بدەن.

پەیام هەڵگرانی بەرە کوردستانی وا پێشبینی دەکات کە دڵنیایی سەرەکی و ئەگۆڕ و تۆکمە بۆ چارەسەرکردنی هەموو گیروگرفتەکانی گەل و وڵاتەکەمان بە مەسەلەی کوردیشەوە شیاوە لەزەمینە خۆش‌کردندا بۆ گەل و هێزە رامیاریە جۆربەجۆرەکان بە هەموو ئاراستەیەکی بیری و رامیاریەوە بۆ بە پراکتیکردنی ئازادیە دیموکراسی‌یەکان لەسەر بناغەی دەوڵەتێکی یاسایی و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و بە ئەژماردی پارتایەتی و سەربەستی هەڵبژاردن لەدەست نیشانکردنی نوێنەرانی گەل بۆ پەرلەمان و ئازادی ڕۆژنامەگەری و بڵاوکردنەوە و ڕێکخستنە سەندیکایی و پیشەیی و دیموکراسیەکان و

جێگرکێی شوێنەکان لە دەسەڵاتدا بە ئاشتی و بە پێی ویستی ئازادی گەل بۆ هێنانە دی دیموکراتی بۆ ئێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ هەرێمی کوردستان دەبێ رژێمێکی کوالیسیۆن (فرەلایەن)ی کاتی دابمەزرێت، کە هەڵدەسێت بە زەمی ئەخۆشکردن و ئامادەکردنی پێداویستی یەکان بۆ هێنانە کایەی هەڵبژاردنێکی ئازاد پاش شەش مانگ دوای دامەزراندنی، کە هەموو هێزە جۆراو جۆرە ئۆپۆزیسیۆنە نیشتیمانی یەکان و لەوانەش بەرەی کوردستانی بەشداری تیادا بکەن و ئەنجومەنێکی نیشتیمانی دامەزێنەر تیایدا هەڵدەجنجرێت کە دەستووری هەمیشەیی دارێژێ و لەمەش رژێمێکی زۆریایەتی برشتە بکرێت.

ئەم پرۆژەیە کە پەیام هەڵگرانی بەرەی کوردستانی خستویانەتە بەردەست سبارەت چاکردنی دۆخی وڵات، بەتایبەتی کوردستان ، بریتی یە لە بەرنامەیەکی بە پەلە و بەرکولی و لە کاتی جێبەجێ کردنی زەمینەیەکی پتەو خۆش دەکات بۆ هێنانە کایەی ئەو هەڵبژاردنە کە وڵات دەگەیەنێتە دۆخێکی هێمن و ئاسایش بۆ یەک ئاراستەکردنی هەموو ووزە و توانایەک لە پێناوی گیر و گرفتە ئاڵۆزە ترسناکەکانی وڵاتدا .

تەواو

جارێ پێش هەموو شتێک، گرنگترین پرسیار کە قووت دەبێتەوە ئەوەیە کە ئایا داخۆ ئەم «پرۆژە»یە لە کوردستانیش بلاْوکراوەتەوە ؟!».

وەلاْم: نەخێر!

لەپاش پرسیارکردن لە کۆمەڵێک کوردی باشووری کوردستان « ژێر چەپۆکی ئێراق» کە بۆ سەردان گەڕابوونەوە(١٣)، هەروەها پرسیار کردن لە کۆمەڵێک کوردی ئاوارەی تر کە گەیشتبوونە رۆژهەلاتی کوردستان « ژێر چەپۆکی ئێران » کە بە تەلەفۆن لەگەڵیاندا پەیڤیم و پرسیارم لێکردن داخۆ ئەو « پرۆژە »یە کەی بلاْوکراوەتەوە و لە کوێندەرێ، سەرەنجامی وەلاْمی هەموو لایەکیان لەم خەڵکە جیاوازانە ڕاستی «بلاْونەکراوەیی» ئەم «پرۆژە»یە دەرکەوت.

خەڵکی باشووری کوردستان، چ ئەوانەی کە لە بەشە رزگارکراوەکاندا خێمەیان هەڵداوە چ ئەوانەش کە ماونەتەوە، کەسیان ئەم « پرۆژە »یەیان نەدیوە بەرچاو نەکەوتووە و نەخراوەتە بەردەست.

ئەمەش ئەو ڕاستیە دەخاتە روو کە ئەم « پرۆژە »یەی بەرە بەو هیوایەوە بەو مەبەستە نە نووسراوە کە بگاتە دەست جەماوەری خەڵکی کوردستان و ببێتە جێگای دەمەتەقێ و گفتوگۆ و بیەوە بەرەو

کۆمەڵانی خەڵک لێی بترۆێنەوە.

هەروەها بە پێویستیش نەزانراوە کە جەماوەری کوردستان ئاگایان لە بابەتێکی وا بێت و خۆیان بە خاوەنی بزانن.

لەوەش بترازێت، سەرانی بەرە دەزانن کە ئەم « پرۆژە »یە هێندە چاوەنوارنەکراو بوو بۆ جەماوەری کوردستان، کە بە دڵنیاوە چارەنووسی داڕێژەرانی ئەم «پرۆژە» بەبان دەخستە مەترسییەوە، بە تایبەتی لە کاتێکی وا گەرم و گوڕدا کە جەماوەری کوردستان لە لایەکەوە بە خوێنی خۆیان سوپای داگیرکاری ئێراقیان وەدەرنا بوو، لە لایەکی تریشەوە ئاڵای کوردستانیان هەڵکرد بوو و دروشمی کوردستان یان نەمان و « ئۆتۆنۆمی بابەس بێ، میللەت بۆ خۆی سەربەست بێ »یان بەرزکرد بووە.

بە کورتییەکەی، هیچ جۆرە زەمینەیەکی خۆیی و بابەتی نەبوو بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم «پرۆژە»یە لە کوردستاندا.

ئەی بۆچی ئەم پرۆژەیە لە ئەورووپادا بڵاوکرایەوە؟!

هەر پاش ئاشبەتاڵە خشکەییە بێدەنگەکەی ١٩٨٨، سەرانی بەرەی ئێستا ڕوویان لە ئەورووپا کردوو کەوتنە پاکانەی بێ سەرو شوێن بۆ پینەکردنی ئەو ئاشبەتاڵ و پاپەڕسە و لەو هەموو دۆخە خۆیی و بابەتییانە دەدوان کە بوونەتە دوژمنی سەرسەختی کورد کە هەرگیز لەگەڵ شۆرش و بزووتنەوەی کورد دا ناگونجێن و بێگومان لە سەرو هەمووشیانەوە، نەگونجاندن و خراپی و لاوەکێتی و بێ نرخایەتی «خەباتی چەکداریش» کە دوایی دێنە سەری...

لەملاشەوە، سەری پەشیمانییان دادەنەواند کە گوایە وەختی خۆی نرخی خەباتی ئەورووپا و کوردە ئاوارەکانی ئەورووپایان نەزانیوە و لەمەولا پێویستە سەرۆکایەتی و پارتەکانیان هەموو هاریکاری تەواو لەگەڵ کوردی ئەورووپادا بکەن و برەو بە چالاکییەکانی ئەورووپا بدرێنت، لە چاوپێکەوتنێکدا لە ستۆکهۆڵم، مەسعود بارزانی تا ئەو بەرزاییەش ڕۆشت کە بڵێت:« ئێمە هیچ هیوایەکمان نەماوە و ئێوەش تەنها و تاکە هیوای ئێمەن.»(١٤)

بەڵام ئەم فرمێسکە دەنکە تۆکیانەی سەرانی باشووری کوردستان نەگەیشتە شوێنی خۆیی و نەیانتوانی خاڵی مەبەست بپێکن، چونکە ڕوناکبیرانی کورد بە بڕاوە لە دەبەنگی و کەمتەرخەمی و نا لێپرسراوێتی سەرانی کورد گەیشتبوون و هیچ بوارێکی ئەوتۆ نەمابوو کە بپێتە خاڵی بادانەوە.

بە کورتییەکەی، چالاکییەکانی خەڵکی کورد لە ئەورووپا، لە شیرازەی ڕێکخستن و سنووری ئەم پارت و ڕێکخراوانە ترازا بوو، شێوازێکی سەربەخۆو ئاراستەیەکی کوردایەتی و کوردستانی و سەربەخۆییانەی بە خۆیەوە گرتبوو. ئەمەش وەنەبێت دیاردەکی سەیر بێت چونکە ڕووناکبیرانی کورد

لە ئەورووپا بەشی زۆری ئەو دۆکۆمێنت و نووسراوو رێکەوتنامانەیان چنگ دەکەوێت کە لە نێوان سەرانی کورد و وولاتە داگیرکارەکانی کوردستاندا سەرهەڵدێنێن، ئاگاداری زۆر کەین و بەیێن کە جەماوەری کوردستان نە ئەو توانایەیان هەیە و نە سەریشیان دەپەرژێتە سەری.

بەم شێوەیە خەباتی سەربەخۆی ڕووناکبیرانی کورد لە ئەورووپا هەربەردەوام بوو، لەوانە دەیان خۆپیشاندانی هەمە جۆر کە بە هیچ شێوەیەک « بەرە » بەشداری تیا نەکردووە، نووسین و بڵاوکردنەوەی تابلۆ و تەنیشی ڕاگەیاندو... هتد.

ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە نووسین و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی وێژەیی و ئەرهەنگی و رامیاری و... هتدی ڕووناکبیران بە چەشنێک جیاوازی لەگەڵ ئەوانەی « بەرە »دا هەیە، کە لە ڕووی چەندایەتی و چوونایەتییەوە هەرگیز نەشیاوە بەراوورد بکرێن.

بڵاوکراوە و نووسینەکانی « بەرە » بە کوردی و بە زمانی بێگانەش ـ هەردەم زۆر کەمن ڕەنگە لەماوەی ئەو دوو ساڵەدا لە ٥٠ پەڕەیەک زیاتر نەبن.

بە هەر شێوەیەک، هەر لەگەڵ هێرشە دیماگۆگییە تاکتیکییەکەی رژێمی فاشیستی ئێراق بۆ سەر کوردستانی ئازادکراو، جارێکی تر هەل بۆ نوێنەرانی بەرە ڕەخسایەوە، دیسانەوە لە وولاتەکانی ئەورووپادا خۆیان کردە کوشتەی کورد و داوێنی هەموو لایەک گیرا، گوایە ئەمە ڕۆژی یەکێتی و یەکبوون و لە خۆبووردنە، خەڵکی ئاوارەی کورد و توێژە روناکبیرەکان لە هاریکاری و خەباتی شان بە شان زیاتر هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی تریان نەبوو، بە تایبەتی لە کاتێکدا کە «کار» و «خەبات» تاکە دەرمانی دەردی نەتەوەی کورد بوو، ئەوە بوو بە دەیان خۆ پیشاندانی گەورە لە سەرانسەری ئەورووپادا، تەنانەت لە پاکستان و هیندستان و وولاتی کوێت و سعودی ئارەبیش کراو بە سەدان بەیان و بانگەواز و نووسراوی هەمەجۆر بڵاوکرایەوە، هەروەها پارە و خۆراک و جل و بەرگ و پێخەف و... هتد کۆکرایەوە، بە شێوەیەک کە چالاکییەکانی ئەورووپا دنیای هەژاند، لەوانیش، داگیرکردن و هێرشی بەردەوام بۆ سەر باڵیۆزخانەکانی ئێراق و بیرۆکانی هاتوو چۆو... هتد.

بەشێکی زۆر لە دام و دەزگای بڵاوکردنەوەی بێگانەکان بە ناچاری، کۆمەڵێک پەڕەیان بۆ مەسەلەی کورد و ڕووداوەکانی کوردستان تەرخانکردبوو. دوو هەواڵی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان یەک ئاهەنگی سەرانسەری باسەکانیان دەگرتەوە. ژمارەی ئەو خەڵکانەی ئامادەی کار و چالاکییەکان بوون بە سەدان کەرەت زیاتر لە ژمارەی ئەندامی ڕێکخراوەکان بوون، تەنانەت نوێنەرانی بەرە لە کاری سەرپێی و بیروکراسی و خۆنواندن و هەرمنی زیاتر کارێکی بە سوودی ئەوتۆیان لەدەست نەدەهات، لە کاتێکدا کە کۆمەڵانی خەڵک خەریکی خۆڕێکخستن و چالاکی

هاوبەش و چاکتر بوون، نوێنەرانی بەرە نەیان دەتوانی تەنانەت لەسەر ئەوخاڵەش ڕێک بکەون کە هەواڵەکانی کوردستان لەژێر ناوی «بەرە» بخوێندرێنەوەو ڕابگەیەندرێن، تا پاش مشتومڕ و بێنە و بەرەبەکی زۆر نەبێت.

کات ڕۆیشت و ڕژێمی ئێراق توانی لە ڕووی سەربازی و ڕامیاریشەوە بزووتنەوە جەماوەرییە سەرتاسەرییەکەی خەڵکی کوردستان تێک بشکێنێت، ئیتر ئەوە بوو کە نوێنەرانی بەرە، چ لە دەرەوە و چ لە ناوەوەی کوردستان ئەو هەواڵەیان بڵاو دەکردەوە گوایە «هەواڵێکی خۆش لە بەغداوە دێت» و « دەوڵەت ئامادەی هەموو شتێکە » و...هتد.

ئەوەبوو لە تەنها شەوێکدا لە ئەورووپاش ئاشبەتاڵ کرا، هەوڵی ساردکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵک دەدرا و چالاکییەکان کە ئەشارەزاییانە خرابوونە ژێر دەستی «بەرەوە»، وورده وورده پوکانەوە و نوێنەرانی بەرە بە توندی دەستیان کرد بە دژایەتی بیری ئازادی و سەربەخۆیی. ووتاری کۆڵکە نوێنەرانی سەرانی بەرە بەشێکی گەورەیان لە ریزی هەواڵەکانی جیهان داگیرکرد، بە تایبەتی کە ئەمریکا لەبەر خاتری تورکیا پشتگیری لێدەکرد، سەبارەت بە باشایەتی ئۆتۆنۆمی و دروستێتی و ڕیالیستێتی ئۆتۆنۆمی و...هتد. گوایە ئۆتۆنۆمی بە بالای کورد براوەو سەربەخۆیی خەونە و کورد لە شەڕ بێزار بووە و لە ئۆتۆنۆمی زیاتر وەدەست ناهێنرێت و بەو شێوەیە.

کوردی بەشە داگیرکراوەکانی تر، کە هەتا ئەوکاتە لە هەموو بوارێکی چالاکی و خەباتدا شان بە شان و لە ریزی هەرە پێشەوەی ڕووداوەکاندا بوون، نەک هەر پشتگوێ خران بەڵکو بە ناڕاستەوخۆ تاوانی « ئاژاوەچی » و « بیری ناسیونالیستی » و « دەستی خۆم نیە ماری پێدەگرم» خرایە پاڵیان، گوایە کوردی بەشەکانی تر پشتیان بە کوردی باشووروە نایەشێت و گوێ نادەنێ چەندە زیانی ماڵی و گیانییان لێدەکەوێت.

کاردانەوەی ئەم کارە ناپەسەندە ئۆپۆرتۆنیستییە بریتی بوو لە دووبارە بەگژ هاتنەوەی ڕوناکبیر و خەڵکی ئاوارەی کورد، جارێکی دی، دژی نوێنەرانی بەرە و کردارەکانیان بە شێوەیەک کە نوێنەران و پیاوانی بەرە نەک هەر لە چالاکییەکاندا بەڵکو تەنانەت بە هەڵکەوتیش نەدەبینران، تا ڕۆژی ١٩٩١/٤/٢٣دا بانگەوازێک وەک نامەیەکی ئاوەڵە بڵاوکرایەوە (تەنها یەکێک بوو لە ژمارەیەکی زۆر)، لەوێدا داوا لە نوێنەرانی بەرە کرا بوو بە گێڕانی سمینارێک هەڵسن و مەسەلەی ئەم دەست تێکەڵاو کردنە بۆ خەڵکی ئاوارە ڕوون بکەنەوە. ئەوە بوو هەر بۆ دوو ڕۆژی دوای دەرکردنی ئەو نووسراوە، نوێنەرانی بەرە بە پەلە پرۆژکی لە ستۆکهۆڵم سمینارێکی گاڵتەجارییان گێڕا کە لە دوو دڵی و گومان زیاتر هیچ دەروازەیەکی تریان نەخستە سەرپشت.

بەم شێوەیە نارەزایی خەڵکی ئاوارە، بەتایبەتی ڕووناکبیرە چالاکەکان هەر بەردەوام بوو، تا سەرانی بەرە گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە بە بڵاوکردنەوەی ـ ئەم پرۆژەیەی نووسەری ئەم باسە گەرەکێتی لێی بدوێت ـ سەری کوردی ئەورووپا بقەبڵێنن. تاکو هیچ نەبێت هەندێک فیشاریان لەسەر کەم بێتەوە. بێ ئەوەی خۆیان بۆ ئایندە و چارەنووسی ئامادەکردبێت. ئەویش بێگومان وەک هەموو ڕەفتارێکی دژنکیشۆتی و ڕەبازێنی پێشوویان، کە باجەکەی، خەڵکی ڕەش و ڕووت و زەحمەتکێشی کورد بە بەردەوامی داویتی.

بۆچی ئەم پرۆژەیە بە زمانی ئارەبی نووسراوە؟

هەموو کوردێک چاک ئەو راستییە دازانێت کە زمانی داگیرکاران زمانێکی نامۆیەو تا ئێستا نەیتوانیوە ڕەگ و ڕیشەی لە کوردستاندا داکوتێت. زۆریەی زۆری خەڵکی کوردستان لەم زمانانە ناگەن. بەشێکی خەڵکی کوردستان تەنها لە توانایاندایە بەم زمانانە بناخافین و نیش و کاری رۆژانەی پێ هەڵسوڕێنن و هیچی تر. واتە ئەو توانا تەکنیکییەیان نیە یان فێر نەبوون کە وەک «زمان» سوودی لێ وەربگرن. ژمارەیەکی کەم، ئەویش لە ڕووناکبیران و خوێندکارانی باڵا لە توانایاندایە وەک «زمان» هەڵس و کەوت بەم زمانە بێگانانە بکەن و سوودیان لێ وەربگرن و بابەتە فەلسەفی و ڕامیاری و ئابوورییەکان بخەنە ژێربینە و بەرەی دەمەتەقێ و گفتوگۆوە.

بڵاوکردنەوەی بابەتێکی وا کە تایبەت بێت بە چارەنووسی کوردستان و نەتەوەی کوردەوە، بێ ئەسلاوئەولاو بێئەو بەرە «زۆر پێویستە» و «دەبێت» بە زمانی کوردی بنووسرێت و بڵاو بکرێتەوە، بێگومان، ئەگەر ئەو لایەنانە بیانەوێت کە بەشی زۆری خەڵکی کورد تێبگا و قسەی لەسەر بکات و ڕاو بۆچوونی خۆی لەسەر بدات.

بڵاوکردنەوەی بابەتێکی وا ناسک و گرنگ کە پەیوەندی بە ئایندەی خەڵکی کوردستانەوە هەبێت بە زمانی بێگانە جێی گومان و پرسیارە، بەتایبەتی چونکە ژمارەی ئەوکەسانەی کە بە دەربەست مەسەلەیەکی واوە دێن بەڕادەیەکی زۆر کەم دەکاتەوە.

دیارە خاڵی سەرەکیش لە پشت بڵاوکردنەوەی ئەم پرۆژەیەوە بە زمانی ئارەبی بە پلەی یەکەم ئەوەیە کە هەتا کەمتر لە خەڵکی کورد ئەم بابەتە هەڵسەنگێنن لە خزمەتی بەرە دایە.

دووهەم، بەشی زۆری ئەوکەسانەی کە دەیخوێننەوە، هەر سەرپێی دەیخوێننەو بەس، واتە خۆیانی پێوە خەریک ناکەن.

ئەو کەسانەی کە خۆیان بە مانای تەواوی ڕستە و مەبەستەکانەوە خەریک دەکەن و هەوڵدەدەن نێوانی دێڕەکان بخوێننەوەو لە هەموو مەبەستێکی گەورە و بچووک بگەن ژمارەیان ئەوەندەی تریش

کەم دەبێتەوە. بەتایبەتی دەبێت ئەو کەسانە کاتی خوێندنەوەو حەز و تاقەتی بابەتێکی واشیان هەبێت، چونکە زۆر لە ڕووناکبیرانی کورد، تۆتزنۆمی بە بابەتێک دانانێن کە شایانی قسە لەسەر کردن و گفتوگۆ بێت و ئەم جۆرە بابەتانە پشتگوێ دەخەن.

«بەرەی کوردستانی ئیراقی» کە لە «٧» پارت و ڕێکخراوی کوردی پێکهاتوون، بێگومان توانای ئەوەیان هەیە کە بابەتێکی «١٠» لاپەڕەیی وەربگێڕنە سەر زمانی کوردی.

خاڵی سەرەکی لە وەرنەگێڕانی ئەم «پرۆژە»یەدا بۆ زمانی کوردی بێ پارەیی و بێکاتی نییە.

هەموو دەزانین ئەوەی سەرانی بەرە هەیان بێت هەر «پارە» و «کاتە»، بەتایبەتی وەرگێڕانی بابەتێکی (١٠) لاپەڕەیی ئاوا هێندەی جێی گازی مشکێکیش کار ناکاتە سەر خەرواری پارە و کاتی سەرانی بەرە.

ئەم پرۆژەیە بە چ جۆرە ئارەبییەک نووسراوەتەوە؟

لە نووسیندا زۆر جۆر لە شێوازی نووسین و دەربڕین هەن، هەموو کەم یان زۆر لەسەر توانای زمان و ڕادەی تێگەیشتن و ڕووناکبیرایەتی مرۆڤ و شوێنگای چینایەتی و توێژایەتی مرۆڤ کەوتووە.

مرۆڤێکی کورد دەتوانێت زمانێکی بێگانە بە تەواوی و بێ خەوشی بزانێت، بەڵام ئەمە نابێت کار بکاتە سەر چۆنیەتی بیرکردنەوەو دارشتن و دەربڕینی باسەکەی، بە تایبەتی کە ئەو «باسە» سەبارەت، بە کۆمەڵێک خەڵک و ئایندەو چارەنووسیان بێت.

لە هەموو نەتەوەیەکدا چەندین جۆر رۆشنبیری هەن کە کەم یان زۆر دەبن بە دوو بەشەوە، رۆشنبیری پرۆلیتاریا، و رۆشنبیری بۆرژوا. ئەمانیش دیارە کۆمەڵێک لق و پۆپیان لێدەبێتەوە کە ئێستا مەبەستی باسەکەمان نییە. لە ئیراقدا، ڕۆشنبیری بۆرژوازی نەتەوەیی ئارەب بەربڵاوە، کە لە لایەن دەزگایەکی ڕێکخراوەی دەوڵەتیی توندەوە ڕابەرایەتی دەکرێت. واتە، ئەو ڕۆشنبیرییە بۆرژوازییەی لە ئیراقدا ڕەگی خۆیی دا کوتاوە بریتییە لە ڕۆشنبیری بۆرژوازی ڕەگەزپەرستی بیروکراسی ئارەبی.

ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە، کە ئەو «مێشک/مانە»ی ئەو «پرۆژە»یەیان دارشتووە کت و مت بەخێوکراو و پەروەردەی دەستی بیری رۆشنبیری بۆرژوازی ڕەگەزپەرستی ئارەبین، ئەو کەسەی لە زمانی ئارەبی باش بگات و زانیاری تەواوی لە بارەی ڕەوت و بیرکردنەوەی پارتی بەعسی ئارەبی سۆشیالیستییەوە هەبێت ئەم خاڵەی بە هاسانی دێتە بەرچاو.

ئەم پرۆژەیە بە شێوەیەک دانراوە و داڕێژراوە کە بۆچوون و ڕای تەواوە و بەربڵاوی بەعسییەکانی بە تەواوی تیا تواوەتەوە. با خوێنەر بڕوانێتە ووشەی «کەرت ـ القطر» یاخود «ڕۆڵەکانی

نەتەوەی ئارەب ـ ابناء القومية العربية » هەروەها شێوەی داڕشتنی ستریکتور « هیکل »ی ڕێکخستنە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان و... هتد.

ئەو « دەست/سانە »ی ئەم پرۆژەیەیان بە زمانی ئارەبی پێ نووسراوە ئایا نەیاندەکاری، لە شێوازی داڕشتنەکەیان «کوردایەتی»یانە بێت؟. یاخود هیچ نەبێت پرۆژەکە وەک بۆچوونی «ئێراقییەک» یان « مرۆڤێکی بێلایەن » دابڕێژرایە و دوور بووایە لە شێوەی بیرکردنەوەو چۆنیەتی تێڕوانینی پارت و ئایدۆلۆژیای بەعس!!. سیاسەتی بە ئارەب کردنی پارتی بەعسی ئارەبی سۆشیالیستی بە پلەی یەکەم کاری کردۆتە سەر نەوەی/ ئەوانەی ئەو پرۆژەیەیان هۆنیوەتەوە.

بۆچی ئێمە لەم « پرۆژە »یەی بەرە دەدوێین و ڕاستەوخۆ لە «ئۆتۆنۆمی» نادوێین؟

ترسناکییەکی ئەم « پرۆژە »یە ئەوەیە کە مرۆڤی کورد ناچار بووە وەک «ئۆتۆنۆمی» ئەم «پرۆژە»یە هەڵسەنگێنێت، بە تایبەتی چونکە سەرانی بەرە لە ژێر ناوی «ئۆتۆنۆمی»دا بڵاویان کردۆتەوە.

لە ڕاستیدا ئەمە هەڵەیە. ئۆتۆنۆمی کە خۆی لە خۆیدا داوایەکی نیوە ناچڵ و ترسنۆکانەیە، لە جیاتی چارەسەرکردنی گیروگرفتی نەتەوەیەک هێندەی تر گیروگرفتەکان دەمەیەنێت و کەڕوویان پێ هەڵدەهێنێت، پێویست ناکات وا بێ ویژدانیانە و نامرۆڤایەتییانە دابڕێژرێت و بە پەنجەی کورد و مێشکی دوژمن نووسرابێتەوە.

ئەم پرۆژەیەی بەرە دوورە لە داوای ئۆتۆنۆمی و چارەسەری گیروگرفتی کوردەوە بە شێوەیەکی ئاشتییانە. ئەم پرۆژەیەی بەرە لاواز و فریوێنەر و دوژمنکردەو و تەپکەیەکە کە تەنانەت دوایی بە داخوازی « ئۆتۆنۆمی » خەرەکیش دەهێنێت. داوێکە لەلایەن دوژمنانی ناوەوە و دەرەوەی کورد بۆ ڕاوکردنی هەڵۆی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد نراوەتەوە.

پێویستە یەکەم هەنگاو شیکردنەوە و توێژینەوەی ئەم « پرۆژە »یە بێت، چونکە ماسکێکی تیا شاردراوەتەوە، چەندین ساڵە، مامەڵە بە خوێنی کورد و فرمێسکی کوردەوە دەکات، تا ئێستا ڕانەماڵێنراوە.

« پرۆژە »کە چییە؟!

بە پێی سەرانی بەرە، پرۆژەکە بریتییە لە بەرنامەیەکی بەرکولی ئێستایی و پەلە کە دەبێتە بەردی بناخەی دامەزراندنی عیراقێکی دیموکراتی و شادبوونی خەڵکی کورد بە ئۆتۆنۆمی. بەڵام بابزانین «پرۆژە »کە خۆی چی دەبێژێت؟

لە بەرەگرافی ١/ خاڵی /أ دا دەبێژێت:

أ- هەرێمی کوردستان ئۆتۆنۆمی وەردەگرێت و ناوی «هەرێم»یشی لێدەنرێت، هەروەکو لەم یاسایەدا هاتووە.

نەک هەر خەڵکی کوردستان بەڵکو ڕای گشتی جیهان و لەوانەش مرۆڤە ئازادیخواز و ئاشتیخواز و دیموکراسییەکان، چ لە جیهان و چ لە نەتەوە سەردەستەکانی داگیرکاری کورد دا، گەیشتونەتە ئەو بڕوایەی کورد یەک نەتەوەیە و خاکی کوردستان یەک خاک و یەک پارچەیە و بە هێزی چەک و بە زۆری زۆرداری دابەش و پارچە پارچە کراوە. واتە وڵات و گەلێکی کۆلۆنیکراوە.

تازە بە تازە، بە تایبەتی پاش دەرکەوتنی خەسڵەتی ناوەکی ڕژێمی فاشیست و ڕەگەزپەرستی ئێراق بۆ هەموو دەنگێکی ئازادیخوازی جیهانی، لەولاشەوە دان نانی چەندین دەوڵەتی بێگانە بە «بوونی» گیروگرفتی کوردستاندا و «پێداویستی» دۆزینەوەی چارەسەرێکی ڕەگی و بناخیانەیی. سەرانی بەرە ناوی «کوردستان» لە فەرهەنگی ڕامیاریدا دەسڕنەوە و بە دڵخوازی خۆیان دەیکەنە «هەرێم» واتە بەشێکی سروشتی لە یەک پارچەیی وڵاتی ئێراق.

ڕێکخراوە ئاینییە تەنگەتیلە ڕەگەزپەرستەکانی ئێراق، کە ئێستا، خۆیان لە بەرەی ئۆپۆزیسۆن «!!»دا دەبیننەوە بە بەردەوامی لە بڵاوکراوەکانیاندا دەڵێن: «یەکایەتی خاکی ئێراق بە باکوور و ناوەڕاست و باشوور»یەوە، ڕژێمی فاشیستی ئێراق دەبێژێت:«باکووری وڵات یان باکووری خۆشەویست ـ مان».

سەرانی بەرەش دەڵێن: «هەرێم»

واتە سەرانی بەرە بە گوێی ڕژێمی عێراق و بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی تەنگەتیلە و ڕەگەزپەرستی ئێراقیدا دەچرپێنێت (ئەگا رۆژێک بێنە سەر حوکم) «ئێمە»ش و «ئێوە»ش لە یەک خاڵی سەرەکی هاوبەشدا یەکدەگرینەوە ئەویش یەکایەتی خاکی ئێراقە.

خۆی داواکردنی ئۆتۆنۆمی، کە زۆربەی کورد تا ئێستا نازانن، واتە «دان‌نان بە بوونی کوردستان، وەک «پارچەیەک لە خاکی ئێراق»».

ئەم داواکردنە، تا ئێستا لە زۆرکات و شوێندا لە لایەن هەڵگرانی دروشمی ئۆتۆنۆمییەوە وەک هەنگاوێکی دیپلۆماسی و تاکتیکی دراوەتە قەڵەم، گوایە ئەمە وەک قۆناغێک، ڕەواو ڕووی سەربەخۆیی کوردستان.

هەر بۆیەش هەندێک لە خەڵکی کورد لە کاتێکی وا دیاریکراودا بە ئۆتۆنۆمی «قایل»دەبن.

دەنا ئەگەر ئۆتۆنۆمی وەک دوا چارەسەری کێشەی کورد و یەکایەتی خاکی ئێراق و نەمانی کوردستان لەسەر نەخشە سەیر بکرایە، ئەز لەو باوەڕەدا بووم، کە جەماوەری کوردستان، هەموو

داخوازییەکی ئەم بیرەیان لە کوردستان شاربەدەردەکرد و نەفرەتیشیان لە هەڵگرانی دروشمەکەی دەکرد.

واتە جەماوەری کوردستان بەوە لە خشتە براون کە گوایە ئۆتۆنۆمی دەبێتە بەردی بناخە یاخود زەمینەیەک بۆ سەربەخۆیی، ئەو ڕاستییە لە جەماوەری کوردستان شاردراوەتەوە کە ئۆتۆنۆمی زۆر لەوە ترسناکتر و کوشندەتر و ماڵوێرانکارترە. ئەمە یەکەم جارە، لە مێژووی کوردستاندا، لەلایەن کورد خۆیەوە، ناوی کوردستان بە ڕەسمی بگۆڕدرێت، لە هەمووی کوشندەتر، گۆڕینی ناوی یەک بەشی داگیرکراوی کە خۆی لە خۆیدا لێسەندنەوەی هەموو مافێکە لە کوردی بەشە داگیرکراوەکانی‌تر لە کاتێکدا کە داوای سەربەخۆیی و سەرفرازی، یاخود یەک پارچەیەتی خاکی کوردستان بکەن.

لە ڕاستیدا داهێنانی وشەی «هەرێم»، کە جێگای «باکوور و ناوەڕاست و باشوور» و «باکووری خۆشەویست » بگرێتەوە و لە هەمان کاتیشدا هەمان مانای داگیرکارانە ببەخشێت، وە ئەم داهێنانەش لە کورد « خۆیەوە » بێت، گەورەترین خیانەتە تا ئێستا لە کورد و لە کوردستانی باشوور کرابێت.

لە خاڵی «ج»ی هەمان پەرەگرافدا ئەم ڕاستییە هێندەی‌تر ئاشکرا دەبێت کە دەبێژێت « هەرێم یەکەیەکی بەڕێوەبەرییە، خاوەنی کەسایەتییەکی بابەتییە و بە ئۆتۆنۆمی شاد دەبێت لە چوار چێوەی یەکایەتی یاسایی و ڕامیاری و ئابووری کۆماری ئیراقدا».

دەبێت ئەو «خاوەنی کەسایەتییە» چییبێت کە ئەم یەکە بەڕێوەبەرییە هەیبێت ئەگەر لە چوار چێوەی « یەکایەتی یاسایی و ڕامیاری و ئابووری کۆماری ئیراقدا » بێت؟ ئەم « کەسایەتییە » ڕاستەوخۆ بوونی خۆی ون دەکات، ئەگەر بێت و تەنها لە چوار چێوەی یەکێک لەو سیانەشدا ـ یاسایی و ڕامیاری و ئابووری ـدا بێت، نەک هەرسێکیشیان پێکەوە.

کێشکردنی نەتەوەیەکی «٥» ملیۆن مرۆڤی، کە بەشێک بێت لە نەتەوەیەکی «٢٥ ـ ٣٠» ملیۆن مرۆڤ، (خاوەن مێژوو و شارستانێتی و کولتوور و زمان و خاک) لە چوارچێوەی یاسایی و ڕامیاری و ئابووری ڕژێمێک (نەک سیستەمێکی دیموکراسی دیاریکراویش) بریتییە لە ژێر سەبر کردن و گاڵتە کردن، بە هەست و نەست و ڕووشاندنی ویژدانی و تەنانەت فرۆشتنی بەها مرۆڤایەتییەکانیشی، بەتایبەتی لە کاتێکیشدا کە یاسار سیستەمی ڕامیاری و ئابووریش دیاری نەکراوبێت.

دوایی خاڵی «ج» بەردەوام دەبێت: «خەملاندنی دابەشکردنە بەڕێوەبەراتییەکان، بە گوێرەی ڕەوتی

یاسایی پارێزگاکان دەکرێت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ڕەوتی ئەم یاسایەدا ». کەواتە «هەرێم یەکەیەکی بەڕێوەبەرییە، خاوەنی کەسایەتییەکی یاسایییە»، بریتییە لە ڕستەیەکی ووشک و بۆش و بێ ماناو لە خشتەبەر.

خالی/د دەبێژێت « کۆماری ئێراق- لە یەکێتی ڕامیاریانەی، دوو نەتەوەی سەرەکی، ئارەب و کورد و برا کەسایەتییەکان پێک دێت»

جارێ پێش هەموو شتێک، ئەگەر دوو میللەتی سەرەکی، « ئارەب و کورد » بوایە، ئەوا نەتەوەی کوردیش هەر وەک نەتەوەی ئارەب خاوەنی مافە نەتەوەییەکانی خۆی دەبوو و بەها مرۆڤایەتییە پیرۆزەکانی لێی زەوت نەدەکراو بەیەک چاو تێی دەڕوانرا. ئەگەر ئارەب و کورد دوو میللەتی « سەرەکی » بن دەبێت بۆچی نەتەوەی ئارەب خەروارێک بەرخۆردانی «امتیاز» هەبێت و کوردیش لە تایەکی وارەکەی درابێت؟

کە دەڵێن «یەکێتی ڕامیارییانەی» دوو نەتەوە، واتە کۆبوونەوەی دوو جەمسەری ڕامیاری لەیەک تەوەردا، بە دڵخوازی خۆیان و بێزۆرەملێ و بێفشاری لایەنێکیان، هەروەها یەکسانێتی تەواویشیان، لە هەموو بوارێکی ژیان و بووندا، بەبێ بوونی بەرخۆردانی تایبەتی بۆ لایەنێکیان.

هەرلە کۆتایی ڕستەکەدا، «برا کەسایەتییەکان»یشی خراوەتە سەر، لە کاتێکدا کە برا کەسایەتییەکان هیچ جۆرە حسابێکی ئەوتۆیان بۆ نەکراوە کە شایانی باس بێت و هێشتا بە درێژایی تەمەنی دەوڵەتی عێراق نەیانتوانیوە لە هیچ جۆرە بڕیار و دەسەڵاتێکی سیاسیدا بەشدار بن ئەم «یەکێتی ڕامیارییە» چۆن دەیانگرێتەوە؟ با خوێنەر خۆی سەرپشکی ئەم بڕیارە بێت.

خالی/ و دەبێژێت « کۆماری ئێراق یەک ئالایە و یەک دروشمی هەیە ».

دووبارە زۆر بە ئاگاوە جارێکی تریش دان نراوەتەوە بە بوونی کۆماری ئێراق وەک خاکێکی یەکگرتوو و لێکنەپچڕاو، هەموو دەزانین کە « ماف » لە ڕەنگی ئالایەکدا نابەخشرێت و ناشەندرێت. هەرچەندە کە مەحاڵە ڕژێمی ئێراق لە هیچ کات و لە ژێر هیچ هەل و مەرجێکدا (بە زەبری چەک و بە هێزی جەماوەر نەبێت) ڕەنگی ئالاو دروشمەکانی بگۆڕێت. ئەگەر گۆڕانکارییەک لە ئالاو دروشمەکانی دەوڵەتی ئێراقدا ڕوو بدات، ئەوە لەسەر خواست و ئارەزوو بەرژەوەندییەکانی ڕژێم دەبێت، بۆ نموونە لە مانگی یانزدەی ساڵی ١٩٩٠دا ووشەی « الله اكبر ـ خودێ مەزنە » لەسەر ئالای ئێراق زیاد کرا.

کە دەبێژێ «یەک دروشمی هەیە» لە هەمووی کوشندەترە. هەتا ئێستا پێش هاتنی بەعسییەکانیش، دروشم هەر دروشمی نەتەوەی ئارەب و خاک و چارەنووسی ئەوان بووە، هەروەک

نەتەوەیەک کە زۆرینەن و باڵا دەستیشن ئەم تایبەتکارییە هەروا دەمێنێتەوە.

دروشمەکانی پارتی بەعسی ئارەبی سۆشیالیست بریتین لە کۆمەڵێک داخوازی و هیوای سەرۆکایەتی بەعس، کە ئەستەمە بە تۆزقاڵێش لێیان بێتە خوارێ، بە تایبەتی کە ئەم دروشم و هێمایانە بەردی بناخەی تایبەتمەندێتی و بوونی پارتی بەعسن.

دووان لەو دروشمانە « گەلێکی ئارەبی یەکگرتوو، خاوەنی نامەیەکی نەمر » و « یەکێتی، ئازادی، سۆشیالیزم »ـە. بێگومان لەوێدا مەبەست لە « یەکێتی » یەکێتی کورد و ئارەب یاخود کەمە نەتەوایەتییەکان نییە! بەڵکو مەبەست لە یەکێتی ئارەبە، هەر بۆیەشە سەرانی بەعس و مێشکی شۆڤێنیزمی ئارەبی ناوی ئێراقیان گۆڕیوە بە « ألقطر ـ کەرت »، بەو مانایەی کە ئێراق کەرتێکی لێک ئەپچڕاوە لە خاکی ئارەب.

خاڵی « و » بەردەوام دەبێت « گۆڕانکاری یاسای دروشم دەکرێت بە شێوەیەک کە شێوازی پێکهاتنی نەتەوەیی کۆماری ئێراق دەربخات». لە لۆژیکی « ژێر بێژی » ڕامیاریدا ئیە دوو نەتەوە بکرێنە یەک و دروشمێکی واش ساز بکرێت کە شێوازی پێکهاتنی « نەتەوەییان » دەربخات.

هەتا ئێستا پارتی بەعس (بە پێچەوانەی قسەکانی بەکەم هەفتە و هەمیشەیی سەرانی بەرەوە گوایە سەددام حسێن بە هەموو شتێک ڕازییە) ئامادە نییە لەسەر ناوچەکانی ژەنگار و خانەقین و پارێزگای کەرکوک و نەوتی کوردستان و ... هتد بدوێت، ئەمە بێ لە دەیەها خاڵی گرنگیتر سەبارەت بە باری ئابووری و سەربازی و ... هتد، ئیدی دەبێت ئەو گوازانکارییانە چیبن و چۆن بپراکتیکبندرێن؟! دیارە ئەم ڕستەیە تەنها بۆ لە خشتە بردن و خەڵەتاندنی خوێنەری کوردە و بەس.

خاڵی/ ز نابێژێت « پارێزگای کەرکوک » واتە ناوەندی شاری کەرکوک و شاری کەرکوک خۆیی و هەموو ئەو ناوچانەش کە سەربە شارەکەن، واتە گشت پارێزگاکە. هەروەها ناش بێژێ «شاری کەرکوک» بەڵکو دەبێژێت «ناو شاری کەرکوک» بە واتایەکی تر «ناوجەرگەی شاری کەرکوک» یاخود چەقی شارەکە، کە ئەمە دەتوانێت تەنها گەڕەکێک و بگرە زۆر کەمتریش بگرێتەوە.

بۆچی ئەم ڕستە شێوێنەرە؟

سەرانی بەرەی هەرێم «؟!» چاک ئەو ڕاستییە دەزانن کە ڕژێمی ئێراق ئەستەمە دەست بەرداری پارێزگای کەرکوک بێت و بیخاتە چنگی کوردەوە (بە جەنگێکی ڕزگاری نیشتمانیانە نەبێت)، دەشزانن کە نەوت و سامانە ژێر زەمینییەکانی کەرکوک (هەروەک سەرانی بەرە خۆشیان دانیان پیادا ناوەوە و ئێمەش دێینە سەری) بەشێکن لە سامانی دەوڵەت و دەسەڵاتی ناوەندی.

سەرانی بەرە ئەوەش دەزانن کە خەڵکی کوردستان هیچ کاتێک لە بستێک زەوی نیشتمانەکەیان

خۆش نابن کە بە داگیرکراوەیی بمێنێتەوە یاخود زەوت بکرێت. بێ ئەوەش ئەگەر تەنانەت پاشڕوی کوردستان بکرێتە دەوڵەتۆکەیەکیش ئەوا ناتوانێت دراوسێی ئیراقێکی وا بەهێز بێت کە خاوەنی ئەو هەموو نەوتە بێت، واتە بە پارەی کورد هەڕەشەی بەردەوام لە بوونی کورد بکرێت، یاخود خەڵکی کوردستانێکی برسی چاو ببڕنە عێراقێکی دەوڵەمەند و سوور بزانن کە ئەمە خاک و سامانی داگیرکراویانە. لەمەش بترازێت، پارێزگای کەرکوک خاکی باپیرەیی کوردە، تەنانەت ئەگەر پڕ سامان و گرنگایەتیش نەبێت وازهێنان لێی ویژدان و ئەمەکی نەتەوەی کورد دەخاتە گومان و پرسیارەوە، دەبێت بۆچی نەتەوەیەک واز لە پارچەیەک خاکی خۆی بهێنێت بەو ئەم پارچۆکەیە پڕ سامان و دەوڵەمەندیش نەبێت؟

ئەم ڕاستییە تاڵانە مژدەکە هاسایی هەناسەیان لە سەرانی بەرە بڕیوە، تەنها ڕێگە، هەڵخەڵەتاندنی نەتەوەی کوردە بە ڕستەیەکی دیماگۆگی و لە خشتەبەر، چونکە ئاشکرایە، ڕژێم هەڵناخەڵەتێندرێت و بە ئاگاوە مامەڵە لەگەڵ کورد دا دەکات و دەشزانێت چی دەوێت. ئەوەی کە دەمێنێتەوە هەڵخەڵەتێندرێت نەتەوەی کوردە، بەڵێ ئەگەر هیچ نەبێت بۆ ماوەیەکی کەم تا شیرینایی وەردەگیرێت و شەکراو دەخورێتەوە. لەبەر ئەوە سەرانی بەرە بە زمانی ئارەبی ڕستەیەکی نادیار و نا ئاشکرای لە خشتە بەریان توند داوە بە زەویدا، «گوایە» ئاو شاری کەرکوک دەبێتە پایتەختی کوردستانی خاوەن ئۆتۆنۆمی».

کێ هەیە لە کوردستاندا بە ڕاستایەتی ئەو خاڵە شاگەشکە نەکات، کە کەرکوک بکرێتە پایتەختی کوردستان، با واز لە ووشەی ئۆتۆنۆمی/یەکە بهێنین؟!

زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان نازانن کە مەبەست لە پێتەخت بوونی دوو بیرۆی دەوڵەتی و چەند دام و دەزگایەکی سەر بە ئۆتۆنۆمییە کە بە دڵنیاییەوە لە خانوویەکی چەند نهۆمیدا جێیان دەبێتەوە!!

نازانرێت کە ئەم کەرکوک بە « پێتەخت » کردنە، ئاڕاستەو خۆ دژایەتی سەرانی ئۆتۆنۆمییە کارتۆنییەکەی شاری هەولێرە، کە ئیدی شاری هەولێر ئەو ناوەی پێوە نەمێنێت و ئەم «ئۆتۆنۆمی» بە «نوێ» یەی «سەرانی بەرە» جێگای خۆی بکاتەوە و لە هەموو ڕواڵەتێک و بوارێکەوە بوونێکی نوێی هەبێت.

لە دوا خاڵی پەرەگرافی یەکدا، خاڵی/ ح هەموو لێڵی و نادیارییەک چاوی قرژانگ ئاسایی ڕووندەبێتەوە و ڕاستایەتی هەواڵی فرۆشتنی کوردستان لە هەموو کاتێک ئاشکرا تر دەبێت، کە دەبێژێت: «دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی پارچۆکەیەکن لە دەزگاکانی کۆماری ئێراق».

بەڵێ، ئینگلیز و هەموو ئەوانەی لە دابەشکردنی کوردستاندا دەستیان هەبوو ئەوا لە مانەوەی کوردستاندا بە ژێر دەستەیی بەرژەوەندییەکانیان زۆرتر و زۆرتر خونچە دەکات، سوپاس بۆ چالاکی گەرمی سەرانی بەرە.

لە پەرەگرافی/٢ خاڵی/ أ دا دەبێژێت و شان بە شانی زمانی عارەبی، زمانی کوردی زمانی ناوخۆی ئۆتۆنۆمی دەبێت».

ئەم خاڵە، دەیان جار دەسەڵاتی ڕژێمی ناوەندی و زمانی عارەبی لە کوردستاندا زیاد دەکات لە بەراووردا لەگەڵ « پێش » مۆرکردنی ئەم « پرۆژە »یە.

پێش مۆرکردنی ئەم پرۆژەیە مرۆڤێکی کورد ڕەنگە تووشی ناڕەحەتی و بێنەوبەرە بێت لەسەر نەزانینی زمانی عارەبی، خوێندکارێکی کورد دوور نییە تووشی وەرنەگرتن و قبوڵ نەکردن بێت، مووچە خۆر و فەرمانبەرێکی کورد هەر بەو شێوەیە، ڕەنگە دووچاری وەرنەگرتن و دانەمەزراندن و... هتد بێت. بەڵام « لێی ناپرسرێتەوە » لەبەر ئەوەی زمانی عارەبی نازانێت، هێندە نەبێت کە بەهۆی نەزانینی زمانی عارەبییەوە تووشی گێرمە و کێشە و سەریەشەی لابەلایی و دواکەوتنی کۆمەڵایەتی و هتد... دەبێت. بەڵام بەهۆی ئەم خاڵەی سەرانی بەرەوە لە مەڕ « زمان » ئەمجارە مرۆڤی کورد، سەرباقی ئەو گیروگرفتانەش، هەروەها، لە سەروو ئەوانەشەوە، تووشی «لێپرسینەوە» و «سزادان»یش دەبێت.

هەموو مرۆڤێکی کورد لە مووچەخۆر، فەرمانبەر و کرێکار لە هەموو بیرۆ و بارەگا و خوێندنگا و دانیشگاو نەخۆشخانە و شوێنگەی هاوینەهەواردا « دەبێت » زمانی عارەبی بزانێت، ئەگینا لە ڕیز دابە تووشی لێپرسینەوە و دەرکردن و هەڵپساردن و سزا بێت ئەگەر بێت و نەتوانێت کارگوزاری خۆی بۆ مرۆڤێکی عارەب (ڕۆڵەکانی نەتەوەی عارەب، بە دەیان جۆر دیالێکتی جیاواز قسە دەکەن) یان عارەبی زمانێک پیادە بکات.

ڕەسمیێتی زمانی عارەبی، واتە ئەرکی سەرشانی مرۆڤی کورد/ژن و پیاو منداڵ و گەنج/ بە هەموو جۆرە کەسایەتی و شوێنپایەکی کۆمەڵایەتییەوە ئیتر لە هەر بوارێکی ژیاندا خۆی بدۆزێتەوە، کە بتوانێت یا خود پێویست بێت یان ئەرکی سەرشانی بێت کە بە زمانی عارەبی لە کاتی پێویست یان ڕوو بە ڕووبوونەوەدا هەڵس و کەوت و مامەڵە بکات، بۆ ئەوەی ئەوەی بەرامبەری کە بە زمانی عارەبی دەئاخافێت کارەکەی بڕوات و دەستەوەستان نەبێت.

یاسا ناسەکان، یاخود ئەو مرۆڤانەی بە تەنگ گەل و نیشتمانەکەیانەوە دێن هەمیشە-گە بە ئاگاداریییەوە خۆیان لەو مەسەلانە هەڵدەقورتێنن و زۆر ژیرانە ئەم دیوا و دیوو تاوو توێیان دەکەن.

بۆ نموونە، لە وڵاتی کەنەدا کە دوو زمانی ڕەسمی فەرەنک و ئینگلیزی هەن، لە سویسرا کە سێ زمانی ڕەسمی هەیە، یاخود لە ئیسرائیل کە سێ زمانی ڕەسمی هەیە تەنها لە شوێنە دەوڵەتییەکاندا سەربەستی ئەم زمانانە هەن. واتە « زمانی ڕەسمی » تەنها لە شوێنی ڕەسمیدا دەخوات و بەس.

ئەرکی دەوڵەتە کە ئیش و کاری هەموو کەسێک لە هەموو دام و دەزگایەکی دەوڵەتیدا بەڕێوە ببرێت، ئیدی بەهەر زمانێکی ڕەسمی ئەو وڵاتە بدوێت.

بەڵام هەموو دام و دەزگایەکی کۆمەڵایەتی و پیشەیی و بازرگانی و... هتد کە ڕاستەو خۆ سەر بە دەوڵەت نەبێت، یاخود شوێنە سڤیلەکان بۆیان هەیە بەو زمانە بئاخافن و مامەڵە بکەن کە خۆیان پەسندی دەکەن. نەتەوەیەک و بە سەدان دام و دەزگای کۆمەڵایەتی و هۆتێل و چێشتخانەی گشتی و شوێنگای یاری و گەمە و ڕابواردن و ... هتد نابێت زمانێکی بەسەردا بسەپێنرێت و ئەم کارە لە هیچ وڵاتێکی پێشکەوتوو و دیموکراسیدا نییە.

میللەتی کورد خۆی ئازار و ئەشکەنجە و دەردی سەری کەم نییە تاوەکو ئەم جۆرە گیروگرفتە دژوار و ئاڵۆزانەشی بۆ زیاد بکرێت. سەرانی بەرە، بە دڵنیاییەوە ئەو توانا سیاسی و یاسایی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجی و... هتدەیان نییە کە بتوانن زۆران لەگەڵ هەندێ بابەتی وا گرنگ و ناسکدا بگرن، ئەگەر « مەبەستی »تر لە پشتی ئەم خاڵەوە نەشاردرابێتەوە «؟»، هەر بۆیەشە ئەم پرۆژەیەی بەرەی هەرێم « ؟! » بۆتە کەمین و گراوەتە بۆسە لە ڕێگای کاروانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستاندا.

خاڵی/ ب  دەڵێت «زمانی کوردی زمانی فێرکردن دەبێت لە ناوچەکە و هەروەها گرتنەوەی زمانی ئارەبیش لە هەموو قۆناغەکانی فێرکردندا زۆرە ملێ دەبێت»

زمانی ئارەبیش لە « هەموو قۆناغەکانی فێرکردن »دا زۆرە ملێ دەبێت. لە هیچ وڵاتێکی ئەم جیهانەدا زمانێکی بێگانە لە « هەموو قۆناخەکانی فێرکردن »دا زۆرە ملێ نەبووە، زۆربەی زۆری ئەو زمانە بێگانانە لە پۆلی چوارەمی سەرەتاییەوە، واتە دوای فێربوونی منداڵ بە زمانی خۆی، دەست پێدەکات. لە ڕاستیدا، ڕژێمی سەددام حسێن تاکو بە تەواوی پێی خۆیان لە دەسەڵاتی عێراق گیر نەکرد، تا بە تەواوی خۆیان دانەکوتا، تا بە تەواوی جێی خۆیان لە کوردستاندا نەکردەوە، تا لە هەموو بوارێکدا ئارەقی ڕەگەزپەرستی و فاشیزمیان دەرنەدا، بە زمانی ئارەبی خوێندنیان نەکردە زمانی ڕەسمی لە « هەموو قۆناخەکانی » فێرکردندا.

ڕەگەزپەرستەکانی ڕژێمی شای ئێران و کەمالیستەکانی تورکیاش هەر بەو شێوەیە، سەرانی بەرە بۆڕی هەموو ئەم لایەنانەیان داوەتەوە. ئەو زیانانەی کە هەتا ئێستا سەرانی بەرەی هەرێم لە نەتەوەی

کورد و خەڵکی کوردستانیان داوە بەرابەری هەموو ئەو زیانانەیە کە تا ئێستا، خێڵەکایەتی و فیوداڵیزمی کورد لە مێژووی خۆیدا گەیاندبێتی.

لە خاڵی/ ج دا دەڵێت « دامی فێرکردن لە هەرێمدا بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەی ئارەب دادەمەزرێت و فێرکردنیش بە زمانی ئارەبی دەبێت »

لێرەدا نە نووسراوە بۆ « ڕۆڵەکانی ئارەبی ئێراق» بەڵکو نووسراوە بۆ « ڕۆڵەکانی نەتەوەی ئارەب» جێگای سەر سوڕماندنە کە سەرانی بەرە بە زۆری زۆرداری نەتەوەی کورد لە یەک دەپچڕێنن و دەیان کەنە پارچەیەکی لێک نە پچڕاوو سروشتی و هەتا هەتایی ئەم دەوڵەتە «دەسکردانە» و لە هەمان کاتیشدا باسی نەتەوەی سەردەست بە «ڕۆڵەکانی نەتەوەی ئارەب» دەکەن، واتە بەخێرهاتنی هەموو مرۆڤێکی ئارەب ئیدی لە هەچ سوچێکی «نیشتمانەکەیانەوە» هاتبن.

ئێمە دەپرسین ئاخۆ ئەو « ڕۆڵانەی نەتەوەی ئارەب » چی گەیاندوینەتە کوردستان؟ کە ژمارەیان ئەوەندە زۆر بێت پێویستیان بەو قوتابخانەی تایبەتی بێت؟ قوتابخانەیەک کە لە شێوەیەکی ساکاری وادا لە نزیکەی (٥٠٠) قوتابی پێک دێت، واتە نزیکەی ٥٠٠ خێزان. لێرەدا بێگومان دەبێت لە هەموو قۆناخەکانی خوێندندا بەشداری بکەن، بێگومان ژمارەیان بەم پێیە زۆر زیاتر لە (٥٠٠) مرۆڤە. داخۆ ئەم هەموو خێزانە لە شارێکی وەک سلێمانی و هەولێر و دهۆک و... هتد چی بکەن؟ هەردوایش بەردەوام دەبێت « هەروەها دامی فێرکردن لە ناوچەکانی تری عێراقدا دادەنرێت و زمانی فێرکردن بە زمانی کوردی دەبێت سەبارەت بەو کوردانەی تیایاندا دەژی و خوێندنی زمانی ئارەبیش زۆرە ملێ دەبێت تیایاندا ».

ئەمە هەر زۆر یاسایەکی بێ مانایە و تەنها بۆ پارسەنگدانەوەی خاڵی یەکەم گوتراوە.

دەنا هەموو دەزانین کە ئەو کوردانەی ڕاگوێزراون کەسیان ناخوازن لەو شوێنە ئارەبیانە بمێننەوە، و هەمووش بە زۆری زۆرداری لەو شوێنانەدا نیشتەجێ کراوون.

ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر هەر لە ژیانیشدا مابن، چونکە بەڵگەی تەواو هەیە کە بارزانی و گەرمیانییە ڕاگوێزراوەکان هەموو سەرەو نگووم و بێ سەرو شوێنن. ئیدی قوتابخانەو فێرکردن بە زمانی کوردی چی؟! ئەوەی کە دەمێنێتەوە کوردە فەیلییە کۆچپێکراوەکانن، ئەمەش یەکێکە لە گیروگرفتە گەورەکانی کورد و پێویستە بە شێوەیەکی زانستیانە و لە ڕووی بەرژەوەندی کوردەوە لێی بتوێژرێتەوە. ئەم کوردانە لە دوو هێرشی گەورەدا. یەکەم لە گەرمەی ڕێکەوتننامەی (١٩٧٠)دا و دووەم لە نێوان ساڵی (١٩٧٨) و (١٩٨٠)دا کۆچیان پێکراو تاوانی ئێرانی و فارس و

لایەنگری دەوڵەتی ئیسلامیان خریە پاڵ.

دەرکردنی ئەم کوردانە هەر خۆی لە خۆیدا باسێکە کە پێویستە شوێنێکی لەبارتر و چاکتری بۆ تەرخان بکرێت، بەڵام خاڵێکی گرنگ هەیە کە شایانی بیر خستنەوەیە، ئەوەیە کە هیچ ڕژێمێکی ئێراق (نەک تەنها هەر بەعسە فاشیستەکان) نایانەوێت و هەرگیز ڕازی نابن کە ئەوەندە کورد، واتە لە نیو ملیۆن مرۆڤی کورد زیاتر لە پایتەختدا بژین. چونکە ئەمە یەکێکە لە هەرە مەترسیبە گرنگەکان بۆ سەر پایتەخت و لە زۆر کاتدا ژمارەیەکی ئاوا زۆر دەتوانێت بڕیار لەسەر ئایندەی ڕژێم بدات.

هەموو ڕژێمێکی ئێراق چاک ئەو ڕاستییەی زانیوە، ئەگەر لەکات و شوێنی تایبەتیدا ڕژێمێک هێندەی ڕژێمی بەعسی نەکردبێت ئەوا هەر لەبەر ئەوە بووە کە پێیان نەکراوە و لە دەستیان نەهاتووە، بەڵام لە هەمان کاتدا لە سیاسەتی جیاوازکاری و دواکەوتن و بێزارکردندا درێغیان نەکردووە. بەتایبەتی کە کوردەکانی «بەغدا» و «کوت» و «عەمارە» هەموو لە دام و دەزگا ئاسکو گرنگەکاندا دەستیان دەرۆیشت و بەشێکی زۆریان بازرگانی گەورە و خاوەن کارگە و سەروکە پیشەسازی و ... هتد بوون. ئەستەمە ڕژێم چاوی لە ئاستی بەرز بوونەوەیەکی واداپۆشێت. هەر لەبەر ئەوەشە ڕژێم چەند جارێک دەستی وەشاندووە، لە پاشە ڕۆژیشدا هەروا دەست دەوەشێنێتەوە ئەگەرەکو چارەسەرێکی تەواو بۆ ئەو گیروگرفتە نەدۆزرێتەوە.

ڕژێمی تورکیا و ئێران و سوریاش هەر بەو شێوەیە ڕەفتار دەکەن ئەگەر ژمارەی کورد لە پایتەخت و شوێنە ناسکەکاندا بگەنە خاڵ و ئاستی مەترسی بۆ ڕژێم.

ئەگەر دەوڵەتی تورکیا هەنگاوی وەک ئەوانەی ئێراقی بۆ ئەنرێت دژی کوردەکانی ئەستەمبوڵ و ئەنقەرە، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ هەڵەی زیندەڕۆیی لە بە تورک کردندا، کەوا خەریکە بە زیان بۆیان دەگەڕێتەوە.

تاکە چارەسەر ڕزگارکردنی خاکی کوردستان و گەڕانەوەی هەموو ئەم کوردانە و هەموو کوردێکی ترە بۆ نیشتمان و جێنشین کردنیانە لەو شوێنانەدا کە خۆیان دەخوازن و خۆیان هەڵی دەبژێرن.

خاڵی/د دەڵێت «فێرکردن بۆ کەمە نەتەوایەتییەکان لە هەرێم «؟» بە زمانی خۆیان دەبێت و خوێندنی دوو زمانی ئارەبی و کوردیش زۆرەملێ دەبێت». ئەم خاڵە زیاتر لە نوکتەیەک دەکات وەک لە باسایەک کە چارەسەری سیاسیانە بێت بۆ گیروگرفتێکی کولتوری.

ئەز دەبێژم سوپاس بۆ سروشتی ئێراق کە لە جیاتی دوو نەتەوە، (٤) یا (٥) نەتەوەی سەرەکی

تیا ناژی دەگینا ئەم کەمایەتییە هەژارانە دەبوایە هەموو ژیانی خۆیان بە خوێندنی زمانەوە خەریک بکردایە.

سەرانی بەرە ئەوەشیان بۆ برا کەمایەتییەکان لە بیرچووە کە شەو و رۆژیان لە (٢٤) وە بۆ بکەن بە (٤٨).

کەمە نەتەوایەتییەکانی کوردستان پێویستە بێ هەلومەرج هەموو سەربەستییەکی کولتووری و فەرهەنگیان هەبێت و لە دەسەڵاتی سیاسیشدا بەشدار بن، ئەمەش دووبارە نەشیاوە لە دژخی ئۆتۆنۆمیدا بە تایبەتی ئەم ئۆتۆنۆمی «؟»یەی بەرە. مافەکانی ئەوان تەنها لە کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ و دیموکراسیدا دابین دەکرێن. ئەوانە کەمەنەتەوەیی ئێراق نین.

خالی/هـ دەبێژێت: «پەروەردە و فێرکردن لە هەموو قۆناخەکاندا مل کەچە بۆ ڕامیارێتی پەروەردەیی و فێرکردنی گشتی دەوڵەت».

بۆ یەکەمجارە لە مێژووی گەلاندا کە سەرانی نەتەوەیەک بە دەستی ئەنقەست و بە خواست و ئارەزووی کەسایەتی خۆیان و لەبەر پاراستنی بەرژەوەندیکانیان (ئیدی هەر چییەک بن) زۆر بە ئاگایانە و بەبێ بوونی هیچ جۆرە فشارێک لەسەریان ئاوا وەک سەرانی بەرەکەی هەرێم ژەهرێکی کوشندە دەرخواردی نەتەوەیەک بدەن.

هەموو دەزانین، پەروەردە و فێرکردن یەکێکن لە هەرە خالە گرنگەکانی ژیان. بە واتایەکی تر مرۆڤ بەرهەمی شێوازی فێرکردن و پەروەردەیەو کۆمەڵیش وەک یەکەیەکی سەربەخۆ چۆنیەتی شێوازی پەروەردەو فێرکردن لە تاکە کەس و خێزان و گروپ و دەستەو چیندا ڕۆڵی بڕیاردەری دەبێت لە پلە و پایەی تەندروستی ئەم کۆمەڵگایە و سنووری بیرکردنەوەی ئەندامەکانی و ڕەوتی ڕامیاری گشتی و... هتد دا.

کەم کەس هەیە نەزانێت کە هەموو ڕژێمێکی داگیرکار چ ڕاستەوخۆ چ ناڕاستەوخۆ لە هەموو بوارەکانی بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن و خوێندن و فێرکردن و پەروەردە و... هتد هەوڵدەدات کە کەم یان زۆر گەلی ژێر دەستە دادۆشێت، ماڵ و سامانی بە تالان ببات و هێزی فیزیاویان بە کەمترین نرخ بکڕێت و لە هەموو بوارێکی ژیاندا لە کاروانی پێشکەوتنیان دوا بخات و تەنانەت لاشیان بدات.

دەزگاکانی خوێندن و فێرکردن، واتە پەروەردەکردن بەگشتی، دەکارێن بکرێنە باشترین دەزگای لە خشتەبەر و فریوێنەر و پرۆگرامکار، بە تایبەتی لە « قۆناخەکانی خوێندندا » هەروەک سەرانی بەرە وا بە هاسانی دایانڕشتووە.

رژێمی فاشیستی ئێراق، هەر رژێمێکی چەوسێنەر و کورد داگیرکار نییە. لە ساڵەکانی مێژووی پاشایەتی ئێراقدا نەتەوەی کورد هەر کۆلۆنی ئێراق بوو، هەروەها لە دوای ڕمانی رژێمی پاشایەتیشەوە تاکو هاتنی بەعسییەکان بۆ دواجار لە ساڵی ١٩٦٨دا، ئێراق هەر کۆلۆنیالی نەتەوەی کورد بوو، بەڵام چۆنیەتی دادۆشین و چەوساندنەوەی نەتەوەیی و چینایەتییەکان لە فۆرمێکی تر و شێوازێکی تری ڕامیاری و ئابووریدا خۆیان دەبینییەوە. سەبارەت بە رژێمی ئێراق کە ئێستا بابەتی باسەکەمانە، بریتییە لە رژێمێکی ڕەگەزپەرستی ئارەبی کەلە شێوەی پارت و ڕێکخراوی ڕامیاری چینێک و وڵاتێکدا چۆتە دەرێ و بۆتە ڕێکخراوێکی ڕامیاری مافیایی، کە هیچ جۆرە مۆرکێکی ڕەوشتی و ئاکاری و نیشتمانپەروەری و مرۆڤانەی پێوە نەماوە، مێژووی ئەم ساڵەی دواییان بە زۆرەوە بەڵگەی حاشا هەڵنەگری ئەم ڕاستییەی تێدایە.

پارتی بەعسی ئەرەبی سۆشیالیستی، بە هەردوو باڵەکەیانەوە، بریتین لە هەرە زەقترین باوەڕی شۆڤێنیزمی ئارەبی کە ئامانجیان کۆکردنەوەی ئارەبی هەموو دەوڵەتێکی ئارەب و یەکایەتی خاکی ئارەبە. هەموو نەتەوەیەکی تر، بۆ نموونە کورد بە داگیرکاری خاکی ئارەب و ئیسلام لە قەڵەم دەدەن و بە گوێرەی دروشمە سێ سوچکەییەکەیان «یەکێتی، ئازادی، سۆشیالیزم»دادەنێن، لەوەش بترازێ، چاویان بڕیوەتە وڵاتە ئیسلامییە نا عارەبەکان و خەڵکی ئیسلام بە بەردەوامی و درێژبوونەوەی خەڵکی ئارەب و خاکی ئارەب دادەنێن. تەنانەت نەتەوەی نا موسڵمانی نا ئارەبی وەک سۆماڵی و ئەریتیری و ئەسیوپی ـ کە لە چەندین نەتەوە و کەمایەتی پێک دێن ـ هەر بە ئارەب لە قەڵەم دەدەن، هۆی سەرەکی ئەم بۆچوونەشیان ڕەگ داکوتانی زمانی عارەبی و کولتوور و فەرهەنگی عارەبییە لە ناو ئەم نەتەوانەدا، بێگومان پاش داگیرکردنەکانی ئیسلام و بە هۆی بوونی هەندێک رژێمی تۆولەیی خۆیانەوە کە لەبەر پارە و بەرژەوەندی کەسایەتی بە توندی خۆیان بە جیهانی ئارەبەوە بەستۆتەوە.

رژێمی بەعسی ئێراق و سوریا بریتین لە دومەڵی کێم و زاخاوی ڕامیاریتی دەرەوەی سۆڤیەت ـ کە ئێستا لەسەر لێواری هەڵوەشاندنەوەیە ـ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

سەرانی بەعسی ئێراق بەهۆی ئەو پارە زۆرەوە کە لە دزین و دادۆشینی ئێراق و کوردستاندا چنگیان دەکەوت توانیان سوپایەکی توند و تۆکمە و پتەو بە یارمەتی سۆڤیەت دابمەزرێنن و بە نوێترین چەک و تەقەمەنی خۆیان بەهێز بکەن.

بێ لەمەش، توانیان پاڵپشتییەکی بەهێز لە وڵاتە سۆشیالیستە مافیاییەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات بەهێزی دۆلار بکڕن، چ بۆ بەرزکردنەوە و گەیاندنی خۆیان بە ئاستی بیرناوی جیهانی و

چ بۆ سەرپانکردنەوەی نەتەوەی کورد و ئارەب و کردنی ئێراق و کوردستان بە دوو زیندانی گەورە و تاریک.

بێگومان، پارتی کۆمۆنیستی ئێراقی کە تا ساڵی ١٩٧٩/ ١٩٨٠ش توندکار و بەهێزکاری بیری شۆڤێنیزمی ئارەبی و بیری یەکایەتی خاکی ئێراق و کۆڵەکەی فاشیزمی ئێراق بوون، ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو.

ڕژێمی بەعسی ئێراق بە ناوی سۆشیالیزم و هاوبەشێتی و پێشکەوتووخوازییەوە بەشی زۆری سامان و کان و بەرهەم و داهاتی ئێراق و کوردستانیان کردە موڵکی کەرتی دەوڵەتی، ئەمەش ئۆتۆماتیکی بووە موڵکی پارتی بەعس و هەرە سەرەکانیان.

پارتی بەعسی ئارەبی سۆشیالیستی تاکە پارتی راستەقینە بوو کە تا ئێستاش هەموو هێزە رامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی لە ژێر چنگدا بێت و بتوانێت بەسەربەستییەکی تەواوەوە دەسەڵاتەکانی خۆی لەم بوارانەدا بپراکتیکێنێت.

هەرچی پارتی بەعیشە تەنها لە لایەن چەند کەسێکی زۆر باوەڕ پێکراوەوە، بێگومان بە سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی سەددام حسێن و خزمەکانی، دەبرێت بەرێوە.

بەم شێوەیە، سامانی کەرتی دەوڵەتی، هەر لە یەکەم جار و یەکەم هەنگاوەوە، بە هەموو شێوەکانیانەوە بووە موڵکی ڕاپیرەیی بەعسییە دەسەڵاتدارەکان.

بەعسییەکان توانییان بە یارمەتی و هاوکاری سۆڤیەت و هەروەها بە وەرگرتنی سیستەمی سیخوڕی و رێکخستنە سەربازی و پۆلیسی و سەرکوتکەرەکانی سۆڤیەت وەک مۆدێلێک، رێکخستنە بەعسییەکان توند و تۆڵ بکەن و هەموو دەزگا پیشەیی و هونەری کۆمەڵایەتییەکانیش بکەن بە تەواوکاری رێکخستنەکانی پارتی بەعس، بۆ نموونە، سەراپای رێکخراوە سەندیکاییەکان، ئافرەتییەکان، مامۆستایان، قوتابیان، یانە جۆر بە جۆرەکان و تیپەکانی موزیک و وەرزش و... هتد بەعسێنران.

لە کاتی خۆیدا، لە مانگی پێنجی ١٩٦٣دا لە کاتێکدا کە بەعسییەکان رێکەوتننامەیەکی سێ قۆڵیان لەگەڵ پارتی بەعسی سوری و دەوڵەتی جەمال عەبدولناسری میسردا مۆر کرد بوو، لەوێدا یەکایەتی خاکی ئارەب و یەکێتی نەتەوەی ئارەب و یەکایەتی سێ وولاتی ناوبراو ساغ کرابۆوە و دروشمە سێ کوچکەییەکەیان کردبووە دروشمی ئایندەیی « یەکێتی، ئازادی، سۆشیالیزم ».

هەر لەو ساڵەدا، سەرانی ئێراق ئاڵاکەی ئێراقیان گۆڕی و کردیان بەم سێ ئەستێرەیەی کە ئێستا هەیە، بێ لە ووشەی « خودێ مەزنە » کە ئێستا لە سەریەتی. ئەویش وەک ڕەنگدانەوەی

یەکێتییە مۆر لەسەر کراوەکەی سێ وولات و هەمدیسانەوەش دروشمە سێ کوچکەییەکەیان. بەڵام بەعسییەکان لە دەسەڵات گرتنە دەستی ١٩٦٣یاندا لە لایەکەوە خاوەنی تاقیکردنەوە نەبوون و تازە هاتبوونە سەر حوکم و هێشتا باڕ بوون، لە لایەکی تریشەوە چ خەڵکی ئێراق و چ کوردستانیش هێشتا لە ژێر زەبری ئاگر و ئاسندا دەستەمۆ نەکرا بوون و بێ هێز و لاواز نەکرابوون، پارتی کۆمۆنیستی ئێراقیش، ئەگەرچی هێندەیان نەکردبوو شایانی باس بێت و چەندین هەڵبشیان لە کیس خۆیاندا بوو. بەڵام هێشتا سەرکردە نوێیە تۆپۆرتۆنیستە پاسیڤەکەی عزیز محمد نەبوو بوون بە دەستی زاڵ، ئەوە بوو بەعسییەکان. بە توندی لێیان دراو لابران. بەڵام لە کۆدەتاکەی ساڵی ١٩٦٨دا کە جڵەوی فەرمانڕەواییان هەڵچرووکاندەوە، ئەم جارەیان لە جاری پێشوو لێهاتووتر بوون و خاوەنی تاقیکردنەوەیەکی باشتر بوون، بێ لەمەش ڕێکخستنێکی چاکیان دامەزراندبوو و توانیبوویان لە هەموو داکۆکی و ناکۆکییەکانی (پارتی کۆمۆنیستی ئێراق) و (پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراق) و (پارتی شۆڕشگێرانی کوردستان و دەستەی برایم ئەحمەد و تاڵەبانی، کە چوو بوونە تەک ڕژێم» سوود وەربگرن.

بەڵام پاش شەڕ ناچارکران لەگەڵ بزووتنەوەکەی ئەوکاتەی باشووری کوردستاندا لە ڕێکەوتنامەیەکدا سەر بۆ داخوازییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی بارزانی شۆڕبکەن. بەڵام هەر وەک دوایی دەرکەوت ئەم ڕێکەوتنامەیەی بەعسییەکان تەنها هەنگاوێکی تاکتیکییانە بوو و بەس، زوو بە زوو تێکەڵاو بە دڵپاکی و خۆش باوەڕی و نەشارەزایی «بێگومان خیانەتیش» سەرانی کورد، یەک ناهەنگیانە بووە گڵکۆی ئاواتی لە مێژینەی کورد.

هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠وە پارتی بەعسی ئارەبی سۆشیالیستی توانی (بە چالاکی خۆی) ڕێکخستنێکی بەرفراوان، چ لە ئێراق و چ کوردستانیش دابمەزرێنێت، بێگومان بە یارمەتی و هاریکاری سۆڤیەت و پارتی کۆمۆنیستی ئێراقی، کە گوایە میری نیشتمانی هەنگاوی سۆشیالیستیانەی دەناو کەرتە دەوڵەتییەکان لە بەرەی گەورە بوون و فرە بووندا بوون... و هتد.

زۆری نەبرد ئەڤینی، پارتی کۆمۆنیستی ئێراقی و بەعسییەکان هێند گەورە بوو بە هیچ نە دەشاردرایەوە! تا ئاییندەی گەلانی عێراق لە کەژاوەیەکی لە ڕووسیا دروست کراودا کرایە بووکێک و لە ڕێکەوتن نامەی دامەزراندنی بەرەیەکی دوو تۆڵبانەی پارتی بەعس و پارتی کۆمۆنیستدا، لە یەکێک لە کۆشکەکانی بەعسدا، بۆ دووا جار دوا قریشکەی لێ هەڵسار خامۆشی و بێدەنگییەکی زاڵی بەسەر ئاسمانی ئێراقدا، بەجێهێشت.

لە ماوەی ئەم سێ ساڵەدا، واتە لە نێوان دوو ڕێکەوتنەکەی بەعس و پارتی دیموکرات، هەروەها

بەعس و پارتی کۆمۆنیستدا، بەعسییەکان توانیبان زۆر سەرکەوتووانە بناخەیەکی پتەوو داڕێژراو لە سەرانسەری دەزگا دەوڵەتییەکاندا داڕێژن و پڕیان بکات لە گەرای پارتی بەعس.

ئەمە بێجگەلە بە بەعسی کردنی هەموو دام و دەزگا پیشەییەکان. لە هەمووشیان گرنگتر بە بەعسی کردنی لەشکر و سوپای ئێراق بوو، بێگومان دەزگای سیخوڕی و پۆلیسی هەمە جۆریش کرانە بەهێزکاری ئەم هەنگاوانە، ئەمانەش هەموو بەستران بە لیژنەی سەرۆکایەتی کەرتییەوە.

بەشی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە، ئیتر بە هەموو شێوازەکانییەوە، وەک ڕۆژنامە و هەفتەنامە و گۆڤارو نووسراوو رادیۆ و تەلەفزیۆن و ئەفیشی پڕۆپاگەندەو فیلم و سینەماو شانۆ کرانە دەزگایەکی مۆنۆپۆلی پارتی بەعس. هەموو بابەتێکی فێرکردن و پەروەردە (هەرە بابەتە زانستییەکانی لێدەرچێت کە نە دەبەعسێنران) هەموو بابەتەکانی تر بە تایبەتی مێژوو، ئایین، پەروەردەی نیشتمانی، هونەر... هتد هەموو بوونە شێوازی فێرکردن و پەروەردەیی خانەیی و شانەیی پارتی بەعس. بێ لەمانەش خوێندن بە زمانی کوردی بەرتەسک کرابەوەو لە ڕووی چۆنایەتییەوە کەم نرخ و بێ بەها کراو خوێندنیش بە زمانی کوردی وورده وورده هەڵگیرا، تاوای لێهات هەموو قوتابخانە ئامادەیی و ناوەندییەکان خوێندنیان تیا کرا بە عارەبی و زۆر زووش قۆناخە سەرەتاییەکانیشی گرتەوە.

لەدوای ئاشبەتاڵەکەی سەرانی خێڵەکایەتی کوردەوە، سەرانی بەعس کەوتنە بە پراکتیک کردنی ئەو پلانانەی کە هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٧١وە دایان نابوون و سەریان نەپرژابووە سەریان. لەوانە ڕاگوێزانەوەی گوندەکانی سەر سنوور و دروستکردنی پشتوێنێکی سنووری بە ناوی پشتوێنی «ئاسایش» و بەر سنوور کردنی گەورە بوونی شار و شارۆچکەکان و دامەزراندنی مۆڵگای زۆرە ملێ بە ناوی «گوندی چاخی» بەوە و چۆڵکردنی شارەکانی موسڵ و زەنگار و کەرکوک و خانەقین و مەندەلی و ... هتد. لە کورد و پەرش و بڵاوکردنەوە و سەرەنگووم کردنی هۆزی بارزان و خەڵکی گەرمیان. ئینجا بەهێزکردنی هێزو دەسەڵاتی دەرەبەگ و فیودالی کوردستان لەو شوێنانەدا کە پێویستی بوو، هەروەها دروست کردنی هێزی جاش و شۆڕشی چەواشە و نانەوەی شەڕی براکوژی لە نێوان سەرانی ئەم بەرە حازریەی ئێستادا و... هتد. ئەم کارە، تەنانەت لەکاتی دەست تێکەڵاوکردنەکەی سەرانی ی.ن.کەیش لە ساڵی ١٩٨٣/١٩٨٤یشدا هەر بەردەوام بوو.

هەر دوایش بەردەوام بوون لەسەر هەمان ڕێباز تا بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و شەهید کردنی هەڵەبجە و بادینان کە سەرەنجامەکەی ئاشبەتاڵەکەی ١٩٨٨ بوو، لەگەڵ بەجێهێشتنی

جەماوەرێکی بێکار و برسی و ماندوو شەکەت و کوردستانێکی سووتاوو وێران و کاولکراو.

دووپات بوونەوەی بەردەوامیانەی پلانی تیرۆر و وێرانکاری و گڕی تەڕو ووشک سوتێنەری شۆڤێنیزمی ئارەبی ئێراق لەم ٢٣ ساڵەدا بریتی نییە لە هەڵکەوتێکی مێژوویی یەکجارەکی، یاخود چەند هەڵەیەکی ڕامیاری و خراپ تێگەیشتنی ڕژێمی بەعسی ئێراق لە مەسەلەی کورد. بەڵکو بریتییە لە پوختەی بیرو بۆچوونی شۆڤێنیزمی ئارەب لە ستراتیژی ڕامیاری و ئایدۆلۆژییاندا سەبارەت بە نەتەوەی کورد، ئینجا بە پراکتیک کردنی ئەم ڕێبازەیە بە دەستی ئەنقەست و ئاگای تەواوەوە. هەموو هێز و توانا و ویستەیەکی ڕامیاری و سەربازی و ئابووری و پروپاگەندەییش بە باشترین و چاکترین شێوازی لواو بۆ گونجاو بەکارهێنراوە و خراوەتە کار.

لەبەر ئەوە ڕژێمی ئێراق، ئیدی پارتی بەعس بێت یان شێوازێکی سیاسی تر، ئێستا یان پاشە ڕۆژ، بە هەموو شێوەیەک ڕاستەوخۆ و چ ناڕاستەو خۆ بە شێوازی دیماگۆگی و لە خشتەبەر و فریوبنەر هەوڵدەدەن نەتەوەی کورد بە سیستەمێکی دیاریکراوو پلان بۆ کێشراوی تایبەتیانەی پەروەردەیی و فێرکردن بنەبڕ بکەن.

ئەم یاسایە « فێرکردن لە هەموو قۆناخەکاندا مل کەچە بۆ ڕامیارێتی پەروەردەیی و فێرکردنی گشتی دەوڵەت » واتە، فێرکردن و پەروەردەکردن و گۆشکردنی خەڵکی کورد، بە شیری ڕژێم.

گەیاندنی بۆ چوون و تێڕوانین و پێنگووتنەکانی پارتی بەعسە بە گەلی کورد، لە ساوایەتییەوە بۆ دوا پلەی تەمەن، بە زمانی کوردی، تاوەکو مرۆڤی کورد باشتر و زووتر بە بیرو بۆچوونە فەلسەفی و ڕامیارییەکانی پارتی بەعس ئاشنا بێت. هەروەها، گۆڕینی مێشکی شۆڤێنیزمی ئارەبییە بۆ سەر زمانی کوردی تاکو باشتر و هاسانتر ئاوێتەی خوێنی مرۆڤی کورد بێت و لە پاشەڕۆژدا خۆڕسکیانە بێتە شێوازی مامەڵەو بیرکردنەوەو تێڕوانین و ئاکارو خەسڵەتی ناوەکی و دەرەکی مرۆڤی کورد، بەتایبەتی ساوایان و منداڵان.

بە واتایەکی تر، بردنی گەلی کورد، بە کۆمەڵێک قۆناخ و پرۆسێسی تێکەڵاو کردن و لەبیر بردنەوە و مێشک شوشتن و ئاوێتە کردندا، ئینجا ئامادەکردن و گەلاڵە کردنێتی تا هەموو خەسڵەتە سۆسیۆلۆجییەکانی کۆمەڵگا و مرۆڤی کورد هێندی هێندی کاڵدەبنەوەو دەگۆڕێن بۆ بوونێکی تر.

یەکەم، هەرچییەک بێت کورد نە بێت و دووەمیش، بە تایبەتی ئەو « بوونە » بێت کە سەرانی بەعس نەخشەیان بۆ کێشاوە.

کوشندەترین هەنگاو لە ساوایانەوە دەست پێدەکات، لە قۆناغی ئامادەکردنەوە، کە لای خۆمان

بە «باخچەی ساوایان» ناو دەبرێت. ئەمەش بریتین لە کۆی ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان نەگەیشتۆتە ٧ ساڵان و هێشتا لە قۆناخی سەرەتایی وەرنەگیراون. ئەمەش بە پیشاندانی وێنەی سەرۆک و کادیرە بەرزەکان و چەک و تەقەمەنی و منداڵ بە جل و بەرگی سەربازی و ئەفسەری، یاخود سوپاییەوە، زۆرجار لە شێوەی توند ڕاوەستاندن و سڵاوی سەربازییانەدا کە خۆی لە خۆیدا بە مانای دیسپلین و گوێڕایەڵی و مل کەچ کردن لە مێشکی تاکە کەسو بە تایبەتی منداڵدا ڕەنگ دەداتەوە، هەروەها زۆرجاریش بە چەکی سوکەوە کە منداڵان تووشی نەخۆشی شەیدای چەک و هەستی بەرەنگار بوونەوە دەکات.

بێ لەمانەش، سروود و گۆرانی کە بریتی دەبن، لە باسی ئازایەتی و چاکایەتی و مەردایەتی و نەبەردایەتی ئەندامانی سوپا و سەرکردایەتی و قووتابیانی چاپووک.

هەروەها فێرکردنیان بە سووکە ووشەکان، وەک سەرکردەو تێکۆشەر و کۆڵنەدەر و ئینجا ناوی تاکەکەس و گروپ و لایەن. زۆرجار ئەم سووکە ووشانە ڕەنگە هەر بە زمانی کوردیش نەبن، چونکە ئەم ووشانە بە زۆری بە زمانی ئارەبی ئەبێت نیشانە خۆشەی خۆیان بۆ ئاپێنکێندرێت.

قۆناخی سەرەتایی کە (٦) ساڵە لە دوو قۆناخۆچکەی سەرەکی پێک دێت کە (٣) ساڵی یەکەم و (٣) ساڵی دوایی دەگرێتەوە، قۆناخۆچکەی یەکەم بریتییە لە فێرکردنی قوتابی بە ناسینی تیپ، ووشە، دروستکردنی ڕستە و جیاکردنەوەی مانا و مەبەست... هتد، بۆئەوەی بتوانێت لە قۆناخۆچکەی دووەمدا ئامادە بێت. هەروەها فێرکردن و ناساندنی بە بوونە نوێیەکان، کە ڕەنگە فێربوونیان، لە خێزان و شوێنگای کۆمەڵایەتی تردا هاسان نەبێت. ئەویش وەک، یەکەم: دووبارە کردنەوەی هەموو فێرکردن و پەروەردە کردنەکانی باخچەی ساوایەتییە.

دووەم: قوڵکردنەوەی هەمان بابەت بە فراوانتر و لە دوایشدا ناسینی کەسایەتییەکان بە قوڵتر. بە واتایەکی تر، دروستکردنی زەمینە لە دەروونی مرۆڤی کورد دا بۆیەکەم هەنگاوی پرۆسێسەکە، کە « ئاشنا بوون » و « خۆپێناساندنە ».

قۆناخۆچکەی دووەم بریتییە لە خوێندنی زمانی ئارەبی بە قوڵتر و بە فراوانتر کەوا لە مرۆڤی کورد دەکات، خۆی هەموو ئەو ووشەو ناوو گۆرانی و سروود و هەڵبەست و داڕشتن و... هتد/انە بگۆڕێتە سەر زمانی ئارەبی. ئەوەش کە بە ئارەبی وەریگرتووە بیگۆڕێتە سەر زمانی کوردی، تا لە لایەکەوە باشتر تێیان بگات و وەکو خۆیان وەریان بگرێت. لە لایەکی تریشەوە وەک قۆناخی یەکەمی ئامادەکردن بۆ بە ئارەبکردنی.

ئینجا خوێندنی ئایین، واتە ئایینی ئیسلام، یەکەم بیێتە تەواوکاری زمانی ئارەبی بۆ فێربوون،

دووەم وەک کولتوور و میتۆلۆجیای ئارەبی. سێیەم، ترساندنی مرۆڤ بە زلهێزە سروشتییەکان و بەستنەوەی مرۆڤ بە هەندێک پرنسیپ و بیروباوەڕەوە، بەڵام پرنسیپ و بیروباوەڕ لەم قۆناغەدا دەست نیشان نەکراوە. هەروەها وەک پرۆسێسی بە ئیسلامکردنی مرۆڤی کورد و ناساندنی بە هەست و نەستە ئیسلامییەکان، کە لە بیری شۆڤێنیزمی ئارەبدا واتە و ئارەب ە خۆی.

دوای ئەوە بابەتەکانی تر دێن وەک پەروەردەی ئیشتمانی کە بریتییە لە کۆمەڵێک بیری فەلسەفی و پەروەردەیی بەعس، بابەتی ڕاستەوخۆی دیسپلینەر، چیرۆک و داستانی نەبەردی و کۆڵنەدەری ئەو پاڵەوانانەی هێمای بوون و مێشکی بەعسن. خۆشەویستی ئیشتمان کە لەوێدا بریتییە لە خاکی ئارەب و کەرتی ئیراق، هەروەها فێرکردنی پیرۆزیەتی سنووری دەوڵەتایەتی و یەکایەتی خاکی ئیراق و ... هتد.

وانەیەکی تر کە مێژووە بریتییە لە ناڕاستترین و نا دروستترین مێژووی دروستکراوو و هەڵبەستراوی ئارەب کە بە ئاشکرا بە قەڵەمی دەسەڵاتدارانی ئیسلام و سەرانی کۆنەپەرست و شۆڤێنیزمی ئارەب نووسراونەتەوە، هەروەها بەرواری ناراست و بە درۆ گورتنەوەی شەڕ و جەنگە ئیسلامییەکان دژی نەتەوە دراوسێ موسڵمانەکان، بە تایبەتی کورد و فارس.

قوتابی کوردیش پێش ئەوەی پێ بنێتە بەشی ناوەندی کە ٣ ساڵە بە چەند قۆناخێکی ڕاستەو خۆو نا ڕاستەوخۆی مێشک شوشتنەوەدا دەبرێت، ئیدی پێی خۆش بێت یان ناخۆش، بێگومان دەکەوێتە ئاستی پلەی ژێرەکایەتی و ژێرایەتی قووتابی و هەستی نەتەوایەتی خێزان و... کۆمەڵێک هۆکاری تر، بەم شێوەیە کۆمەڵێک زانیاری دیاریکراوو تایبەتی دەئاخنرێتە مێشکی مرۆڤی کوردەوە کە کەم یان زۆر چۆنیەتی بیرکردنەوە و بۆچوونی دەگۆڕێت و هەوی ئەو کارتێکردنە هەر لە مێشک و ناخیدا دەمێنێتەوە، بێ ئەوەی هەستی پێ بکات لە ئاکار و کردەوەیدا ڕەنگ دەدەنەوە.

قۆناخی ٣ ساڵەی ناوەندی بریتییە لە دووبارە کردنەوەی هەمرو بابەتە باسکراوەکانی قۆناخی سەرەتایی، بێگومان بە قوڵتر و فراوانتر . ئەمجارە لەگەڵ هەستی لێپرسینەوەو بە پراکتیکردنیانە لە ژیانی رۆژانەدا.ئەمە بێ لە پێناساندنی ڕێکخراوە جۆر بە جۆرەکانی پارتی بەعس و پارتی بەعس خۆیی و تەنانەت داواکردنی بەشداریکردنی ڕاستەوخۆش لە ئەرک و کارەکانی پارتدا و زۆرجاریش، مەشق کردن لەسەر چەک و تەقەمەنی جۆرا و جۆر و فێرکردنی گەنجان بە ووشەی «بەرگری میللی» و «پارێزەری سنوور» و گیانی دوژمنایەتی لەگەڵ نەتەوەکانی تری دراوسێدا. قۆناخی ئامادەیی بریتییە لە دوا قۆناخی پرۆسەی ئامادەکردنەکە، تا مرۆڤی کورد لە پلەی

خوێندنی باڵادا بە تەواوی گۆشکراو و پاڵاوتە کرابێت. ئەگەر هیوای سوود لێ وەرگرتنی ڕاستەو خۆشی لێنەخوازرێت ئەوا جێی گومان و ترس و گیروگرفت پەیدا کردنیش نەبێت. گرنگترین قۆناغی ئامادەیی، بریتییە لە پەیداکردنی گیانی لێپرسراوێتی بەرامبەر یەکایەتی خاکی ئێراق، پیرۆزایەتی سنوورەکان، یەکێتی خەڵکی ئارەب، هەروەها پڕکردنی دەروونی مرۆڤی کورد بە هەندێ ئەزموونی ڕەگەزپەرستی ئارەبی و ئاکار و ڕەوشتی ئیسلامیتی.

یەکێک لە خاڵە گرنگەکان کە شایانی لە یاد نەکردنە ئەوەیە ئەم پرۆسێسە زۆر درێژە هەروەها بریتیشە لە ترساندن و تۆقاندن و گرمۆڵەکردنی ئەو مرۆڤانەی کە هەستی نەتەوایەتییان تێدا زاڵە و هێشتا ئەم پرۆسەیە نەیتوانیوە مێشکیان بشوٚرێتەوە، بە شێوەیەک کە بێ لەوەی دەبێتە هۆی سستی و ناچالاکیان، دوور نییە تووشی نیگەتیڤی و بیر تەسکی و تەنگە تیلەییشیان ئەکات.

ئەم یاسایە، واتە: دامەزراندنی دەزگایەک کە ئەرکی گۆڕینی هەموو بابەتە بیری و فەلسەفی و ئابووری و سەربازی و ئایدیۆلۆژییەکانی ڕژێم بگرێتە ئەستۆی خۆی بۆ سەر زمانی کوردی. لە زمانی «ئارەبی» ڕژێمەوە بۆ زمانی «کوردی» خەڵکی کوردستان.

ئەم یاسایە ئەک هەر پێویستە بە یەکێک لە دەسکەوتەکانی ئۆتۆنۆمی دانەنرێت بەڵکو دەبێت بە خۆرەی گیانی کورد و لەناوبردنی سیستەماتیکی کورد دابندرێت. خوێندن بە «زمانی کوردی» جیاوازی زۆرە لەگەڵ خوێندن بە« سیستەم و شێوازی کوردی». (١٥)

ئەڵتەرناتیڤ: بریتییە لە دامەزراندنی سیستەمێکی سەربەخۆی خوێندن و پەروەردە و فێرکردن، بە شێوەیەک کە لە خزمەتی مرۆڤایەتی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستاندا بێت و لە لایەن خەڵکی لێهاتوو و پسپۆڕ و کارامەوە دانرابێت، لە لایەن لێپرسراوانی ئەم بوارەوە لە پەرلەمانی کوردیدا پەسند کرابێت و لە بارەی ئایین و ڕەنگ و ڕووخسار و... هتدوە بێ لایەن بێت و بەرژەوەندی جینایەتی و نەتەوایەتی و کەسایەتی و مرۆڤایەتی تیا ڕەچاو کرابێت.

پەرەگرافی/٣خاڵی/د دەبێژێت: ماف و ئازادییەکانی ڕۆڵەکانی نەتەوەی ئارەب و کەمایەتییەکان لە هەرێمدا دەپارێزرێت بە گوێرەی دەستوور و یاسار بڕیاری تایبەتی کە بەڕێوەبەرایەتی ئۆتۆنۆمی مل کەچی پەیڕەوکردنیانە».

بێگومان دەبێت و پێویستە ماف و ئازادییەکانی کەمایەتییەکان بپارێزێن، هەروەها ماف و ئازادی هەموو « مرۆڤێکی »تریش بە پێی یاسا و بڕیار و دەستوور کە دەیانگرێتەوە. بەڵام داخۆ ئەو ماف و ئازادییانە چی بن کە «ڕۆڵەکانی نەتەوەی ئارەب» هەیانە، و بۆچی ئەو ماف و ئازادییانە دەست نیشان نەکراون؟! ئایا ئەو دەستوور و یاسا تایبەتیانە چین و لەمەڕ چ باسێکن و

چ جۆرە «ماف» و «ئازادی» یەک دەگرنەوە؟ ئایا ژمارەی «ڕۆڵەکانی نەتەوەی ئارەب» هێندە دەبن کە لە لایەکەوە باس لە ماف و ئازادییەکانیان بکرێت و لە لایەکی تریشەوە یاسا و دەستووری تایبەتی بیانگرێتەوە؟!

لە خاڵی/هـ دا دەبێژێت: «ڕۆڵانی نەتەوەی عارەب و کەمایەتییەکان لە ناوچەکەدا نوێنەری خۆیانیان لە هەموو دەزگاکانی ئۆتۆنۆمیدا بە ڕێژەی ژمارەیان بۆ دانیشتوانی ناوچەکە دەبێت. هەروەها بەشدار دەبن لە وەرگرتنی پلە و پایە بەپێی یاسا و بڕیارە سازکراوەکان».

لێرەدا باس لەسەر کەمایەتییەکان نییە.

هەمدیسان دێینەوە سەر باسی «ڕۆڵانی نەتەوەی ئارەب»؟!

ئێمە ئەو ڕاستییە دەزانین کە پارێزگای کەرکوک و شاری خانەقین و شەنگار و موسڵ، هیچییان لە بەرنامە و سنووری ئۆتۆنۆمیدا نین، بە واتایەکی تر، سنووری ئۆتۆنۆمی هەرچەندە دیاری نەکراوە و پارچەیەکە لە «کەرتی ئێراق» بەڵام دیارە تەنها پارێزگای هەولێر و سلێمانی و کۆیە و هەندێک ناوچەی شاخاوی بادینان دەگرێتەوە. نەتەوەیەکی (٥) ملیۆن مرۆڤی بەم هەموو بێتەو بەرەیە دوو دەزگای «بڕیاردان» و «جێبەجێ کردن»ی کارتۆنی پێ شێنراوە. داخۆ چەند کەسی یاخود چەند سەر لە ڕۆڵانی نەتەوەی ئارەب لە کوردستاندا پێویستە هەبن تاکو نوێنەری خۆیانیان لەو «دوو» دەزگایەدا هەبێت؟! داخۆ ژمارەیەکی وا هەڵبژاردەر کە پێویستیان بە نوێنەری خۆیان هەبێت چی دەکەن لەم بستۆکەیەی خاکی کوردستاندا؟! بە شێوەیەک کە «بە ڕێژەی ژمارەیان»؟! بۆ «دانیشتوانی ناوچەکە» ژمارەی نوێنەریان بۆ دابین بکرێت؟!.

بێ لەوەش، بەشداریش دەبن لە «پلە و پایە»دا بە پێی یاساو بڕیارە «سازکراوەکان»؟!. بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارانە هەر وەک لە نهێنی سێ گۆشەکەی بەرمۆدا دا ڕۆچن هەموو بێ سەرو شوێنن و ونن. لە دوایشدا ئەم خاڵە بەردەوام دەبێت و دەڵێت «کوردیش لە دەرەوەی هەرێمی کوردستاندا نوێنەری لەو یەکە بەڕێوەبەرایەتیانەدا دەبێت کە کوردیان لێیە».

ئەز ئەوەندە دەبێژم، داخۆ ئەو ناوچانە کوێن کە ئەوەندەی کوردیان لێبێت تا پێویستیان بە نوێنەر بێت؟ داخۆ ئەو کوردانە لەو شوێنانە چی دەکەن و چی گەیاندوویەتییە ئەوێندەری؟ یاخود سەرانی بەرە زەمینە خۆش دەکەن و ڕێگا دەڕەخسێنن بۆ ڕاگوێزانەوە و بە ئارەب کردنی سیستەماتیکی کورد؟!

لە پەرە گرافی چواردا بە تەنها سێ دێڕ هەموو دەزگای دادوەری هەڵبڕاوەتەوە و هەروا بە ساکاری و سادەیی بەجێهێڵراوە، هەروەک هەموو بڕگەکانی تر پڕە لە کۆنترا دیکت و داکۆکی.

بە شێوەیەک کە نیوە بڕگەی یەکەم پێچەوانە و تەنانەت دوژمنی سەرسەختی نیوە دێڕی دووەمە.
بۆ نموونە، نیوە بڕگەی یەکەم دەڵێت: «دەزگای دادوەری سەربەستە و جگە لە یاسا دەزگاکانی لە ناوچەکەدا هیچ دەسەلاتێکی تری بەسەردا ناسەپێت»، کەچی هەر لە تەواوکردنی بڕگەکەدا دەڵێت: «هەروەها دەزگای داوەری پارچەیەکی نە پچڕاوە لە زنجیرەی دادوەری کۆماری ئێراق» دوایش، هەمدیسان بۆ سەر لێتێکدان و پارسەنگدانەوەی ئەم بڕگە زۆر نا هەموار و فریوێنەرە دەڵێت و بە مەرجێک ڕەچاوی کوردستان وەک ناوچەیەکی تالوکە بکرێت».

کەس ژنی نیوە سک پڕی دیووە؟!!

ئەگەر «دەزگاکانی دادوەری سەربەستەو جگە لە یاسا دەزگاکانی لە ناوچەکەدا هیچ دەسەلاتێکی تری بەسەردا ناسەپێت» چۆن لە هەمان کاتدا دەکارێت و پارچەیەکی نە پچڕاو بێت لە زنجیرەی دادوەری کۆماری عێراق»؟ بە چ شێوەیەک و لەسەر چ بناخەیەکی فەلسەفی و کۆمەلایەتی ؟

کە دەزگاکانی دادوەری پارچەیەکی لێک نە پچڕاوو بن لە زنجیرەی دادوەری لە کۆماری ئێراقدا و هەموو دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی پارچۆکەیەک بن لە دزگاکانی ناوەندی، واتە دانانی پرۆگرامێکی یەکۆمی توند بۆ هەموو دەزگایەکی ئۆتۆنۆمی کە لە سنووری بەرژەوەندی و بیرو بۆ چوون و رامیارێتی دەرەوە و ناوەوەی ئێراق بە مرو/ش لا نەدات، چونکە هەموو لادانێک، ئیدی کەم بێت یان زۆر، دەبێتە هۆی تێکچوونی شیرازەی ئەم پرۆگرام و سیستەمە و ئەستەمە رژێمی ناوەندی لە هیچ کات و شوێن و دۆخێکدا بە « ناکارێک »ی وا ڕازی بێت، مەگەر لە دۆخێکی تالوکەیی وادا کە رژێم هیچ دەسەلاتێکی ئەوتۆی لە دەست دا نەمێنێت و بۆ ماوەیەکی دیاریکراوی کورت چاوی خۆی لە « سەربەستی »یەکی وا بپۆشێت. ئەمیش نەک وەک ڕێگادان و فەرامۆش کردن بەلکو وەک «خۆگێل کردن» و «چاولێ قووچاندن».

دوای ئەوە، ئەو یاسایانەی کە ئافرەت و مافەکانی ئافرەت دەگرنەوە هەموو کتومت بەستراوون بە رامیارێتی دەولەت و ئەمیش بە ئایینی ئیسلامەوە.

واتە ئافرەتی کورد بێ دەست نیشان کردنی هیچ جۆرە تایبەتمەندییەکی خۆیی و بابەتی مل کەچی بڕیار و یاساکانی ئیسلامە و ئینجا دەستوورەکانی «مێشک و بیری بەعس».

یاساکانی ئیسلام هەروەها سەبارەت بە خوێندن و جل و بەرگ و کاری هونەری و ئەدەبی و ئەلکهول و بابەتەکانی ترەوە، هەموو تایبەتی و ئەگۆڕن و لە زیان زیاتر هیچ سوودێک بە گەلی کورد نابەخشین و دەبێت ئەتەوەی کورد مل کەچیشیان بێت. ئەوەندە بەسە کە بڵێن، دادوەری

لە کوردستاندا دەبێت لە ئەنجامی کۆمەڵێک تاقیکردنەوەی ڕاست و دروستەوە لە کۆمەڵگای کوردستان هەڵقوڵا بێت و لە خزمەت بەرژەوەندییە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانی نەتەوەی کورد دا بێت و بە هەموو شێوەیەکیش مافی تاک و گروپ و دەستە و چینەکان بەبێ دیاری کردنی ئایینزاو ئایین و چۆنیەتی بیروباوەڕی ڕامیاری و فەلسەفی و فەرهەنگی مسۆگەر بکرێت و بشپارێزرێت. لە لایەن پەرلەمان و میری کوردیشەوە بەرگریان لێ بکرێت.ئەم کارە بە خەڵکی لێهاتوو و پسپۆڕ و شارەزاو ناسراو وەئەنجام دەهێنرێت، بەتایبەتی ئەو خەڵکانە پێویستە لە کوردستاندا ژیابن و شارەزای کەم و کوڕی و پێچ و پەناکانی کۆمەڵگای کوردستان بن، نەک سەرانی بەرە کە بە دەگمەن ڕێیان دەکەوێتە کوردستانەوە.

پەرەگرافی پێنج کە خۆی بە باری ئابوورییەوە خەریک کردووە، لە بڕگەی/ أ دا دەبێژێت: «گوایە بوژەی کوردستان لەم بوژە لقیانە پێک دێت ـ کە چوار لقن ـ یەکەم لقیان» بوژەی ساڵانە »بە ئەم بڕگەیە تا بڵێی ساویلکانە داڕێژراوە. خۆی «بوژەی ساڵانە» لە هەموو قوژبنێکی ئەم جیهانەدا، تەنانەت بوژەی ساڵانەی مرۆڤێکی ئاسایی یەکسانە بە کۆی بوژەکانی تر. هەموو ئەم بوژە لقیانە، دێنە دەریای بوژەی ساڵانەوە. کەچی لە حسابە مێژووییە ئابوورییەکەی بەرەدا « بوژەی ساڵانە » خۆی کراوتە لقێک لە هەموو بوژەکە ؟؟

ئەگەر کۆمەڵگایەک خاوەنی پەساری ڕامیاری و یاسا و بڕیاری خۆی بێت ئەوا ئەم جۆرە کەسانەی ئەو بڕگەیەیان داڕشتووە تیایدا زیندانی دەبن و دەشکرێن بە مەزەی شانۆ و چەرەسی شەوو... بابەتی گەرمکردنی کۆڕی شەو.

ئەم بڕگە ساویلکە فرەلاوازە دەبێژێت: «هەرێمی کوردستان بوژەی تایبەتی خۆی دەبێت کە پاشکۆی بوژەی گشتی سەرانسەری دەوڵەتە و لەم بوژە لقیانە پێک دێت».

با خوێنەر بڕوانێتە سێ ووشەی « بوژەی تایبەتی خۆی » و « پاشکۆی بوژەی گشتی » و لە سەرانی بەرە پرسیار بکات داخۆ چ شتێکی « تایبەتی » دەتوانێت لە هەمان کاتدا «پاشکۆ»ش بێت؟ بە تایبەتی کە کۆمەڵگای کوردستان، هیچ جۆرە ئازادییەکی بازرگانی و پیشەییان نییە و لە خولگەی پێداویستی و نەخشەو پلانەکانی دەوڵەتی ناوەندیدا دەخولێنەوە .

بڕگە/ ب /ی هەمان پەرەگراف دەبێژێت سەرچاوەکانی بوژەی هەرێمی کوردستان ئەمانەن:

١- بەشی کوردستان لە داهاتە تەرخانکراوە نەوتییەکان، کە بۆ پلانی گەش و نمای نەتەوەیی بە ڕێژەی دانیشتوانی هەرێم بۆ کۆی دانیشتوانی ئێراق ».

« لە داهاتە تەرخانکراوە نەوتییەکان کە بۆ پلانی گەش و نمای نەتەوەیی»، واتە ئەو ڕێژەیەی

کە سەرانی بەعس دەیقەبڵێنن. بۆ نموونە، ڕژێم خۆی سەرپشکە لەوەی ئەو ڕێژەیە چەند بێت کە بۆ پلانی گەش و نمای نەتەوەیی تەرخان دەکرێت. لەوانە ٥٪، ١٠٪ و... هتد، کەس نازانێت و سەرانی بەرە شەرەفی ئەوەیان نەداوە بە خۆیان بەشداری لە دانانی ئەو ڕێژەیەدا بکەن.

ئەگەر تاقیکردنەوە چەند ساڵییەکانی ئەم ڕژێمانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەوانە ئێراق، لە پێش چاو بگرین و خۆمان نەبەستینەوە بە ڕژێمی « بەهەشتی » و « ئاسمانی »یەوە ئەوا تا ڕادەیەک دەزانین کە ڕژێمی ئێراق بەشێکی زۆری ئەو پارانە تەنها لە دەزگا سوپایی و پۆلیسی و سیخوڕی و ڕێکخراوەییە دەوڵەتییەکاندا سەرف دەکات. تەنها ڕێژەیەکی زۆر کەم کە ڕەنگە نەکاتە ١٠٪ی بوژەی وولات بۆ مەبەستی ئاوەدانی و خزمەتگوزارە گشتییەکان سەرف دەکات. لەو ڕێژەیەش ئەک تا ئێستا هەر هیچ بەر کوردستان نەکەوتووە « هەروەکو ئێران و تورکیا و سوریا » بەڵکو تەنانەت کوردستان سوتێنراوەویشە و وێران و خاپووریش کراوە. سەرانی بەرە خۆیان لەمە ڕاپسکاندووە و یەکسەر هاتونەتە سەر « بەشی کوردستان بە ڕێژەی دانیشتوانی هەرێم، بۆ کۆی دانیشتوانی عێراق » وەک هەتا ئێستا سەرانی بەرە، زانی ئەوەیان کردبێت کە سەرژمێرێکی گشتی ئازاد بە چاودێری ڕێکخراوی نەتەوەکان بکرێت و بۆ دواجار ژمارەی ئەم نەتەوەی کوردە کە لە هەموویان بۆتە مەتەڵ بزانرێت.

خاڵی/ ٢ دەڵێت: «هەندێک لە بوژەی ساڵانەی ئاسایی بە ڕێژەی دانیشتوانی هەرێم بۆ دانیشتوانی ئێراق بە شێوەیەک کە بەشە بوژەی دام و دەزگا ناوەندییەکان وەک: سەرۆکایەتی، ئەنجومەنی بڕیاردانی ناوەندی (لێرەدا مەبەست لە پەرلەمان ـ ئەنجومەنی نیشتمانی ـ نیە، بەڵکو مەبەست لە دوو سەرۆکایەتی کەرتی و نەتەوەییە) ئەنجومەنی شالیاران، بەرگری، دەرەکی، نەوت، کانەکان لە بوژەی کەرتایەتی دابێت پێش دابەشکردنیان».

باخوێنەر بڕوانێتە یەکەم وشە:« هەندێک؟!» کتومت بۆی دەردەکەوێت کە سەرانی بەرە بە «گزترە» باری ئابووری کوردستان دەقەبڵێنن.

دەستم دامێنتان کوڕگەل ئەگەر ئەم خەرجانە «سەرۆکایەتی، ئەنجوومەنی بڕیاردانی ناوەندی، ئەنجوومەنی شالیاران، بەرگری، دەرەکی، نەوت، کانەکان» لە «بوژەی کەرتایەتی دابن پێش دابەشکردنیان » ئەوا مەگەر سەرانی بەعس لە ڕێی خودێ دا لە «گیرفانی » خۆیان خێرێک بە «نەتەوەی کورد » بکەن. ئەوەی سەیرە کە « نەوت » و « کانەکان »یش خراونەتە ئەم یاسایەوە کە لە ڕاستیدا «گێلایەتی» و «نەزانینی» داڕێژەرانی ئەم پرۆژەیە نەبێت هیچ شتێکی تر نادات بە دەستەوە. ئێمە دەزانین کە « نەوت و کانەکان » وەک ئەو دەزگایانەی تر بەرخۆر

«مستهلک» نین، بەڵکو هەر خۆیان بەشێکی بەرهەمهێنان و داهاتی نەتەوەن، واتە:

«پارەی» پوختەی بەرهەمی نەوت «کانەکان» = سەراپای بەرهەمی بەرهەمی نەوت «کانەکان» - (بەهای سوان + کرێی ئەشتومەکی نوێ + مووچەی کرێکار و فەرمانبەران و... هتد + وەلاخستنی ڕێژەیەکی تایبەتی بۆ چاک کردنەوە و برەو پێدان و نەهاتی کتوپڕی + ووردەشتی تر ئەگەر هەبن). ئەوەی کە دەمێنێتەوە «دەسکەوت» یان «پارەی» پوختەی بەرهەمی نەوتە «کانەکانە» کە دەبێتە بەشێک لە داهاتی نەتەوە. واتە لقێکی ڕووبارەکەیە. چۆنیەتی دابەشکردن و بەگەڕخستنی بە توندی بەستراوە بە سیستەمی ئابووری ئەو دەوڵەتە تایبەتییەوە.

هەمور دەزانین لە ئێراقدا سەرۆک و سەرۆکایەتییەکان «مووچە» یان نییە. ئەگەر ڕێژەیەکی تایبەتی لەسەر پارچە کاغەزێک تۆمار کرابێت ئەوا هەتا ئێستا هیچ ڕژێمێکی ئێراقی پەیڕەوی نەکردووە تاوەکو سەرانی بەعس بیکەن. سەرانی بەعس هەمور ئێراق و کوردستانیش بە موڵکی باپیرەییان لە قەڵەم دەدەن، چ کەسێک هەیە لە ئێراقدا بزانێت، بۆ ئەو مەبەستە، هەر بشوێزێت لە مووچەی سەددام حسێن یان سەرۆکایەتییەکی تر بپرسێت؟! کێ هەیە توانیبێتی ئەو پرسیارانە بکات کە داخۆ خەرجی ساڵانەی سەرۆکایەتی و خێزان و کارگوزاری و سەرانسەری بژێوی و ژیانیان دەکاتە چەند ؟!.

داخۆ سەرانی بەرە خۆیان توانیویانە ئەو پرسیارە بکەن، یاخود تەنانەت بیریشیان لێ کردۆتەوە؟! ئەز دەبێژم ئەگەر بێت و هەچ لایەنێکی سیاسی، ئیدی بچووک پێک یان گەورە، کوردستانێ بێت یا ئێراقی، تەنها لەم «خاڵە»ش بکۆڵێتەوە ئەوا ناچێت لەگەڵ سەرانی بەعسدا دانیشێت، بەڵکو تاوانی «دزی» دەنێتە پاڵ یان و داوای سزادان و لێپرسینەوەشیان دەکات. ئەمەش مافێکی ساکارە. هەمور مرۆڤێکی ئێراقی و کوردستانی ئاوەزی پێ دەشکێت و سەری ڕەزا بوونی بۆ دەلەقێنێت ئەم کارە لە دەرەوەی خواستی «گێلکردنی» بەرە دایە.

ئەنجوومەنی شالیاران، کە بریتییە لە بەهێزترین ئەڵقەی خانە مافیاییەکانی تکریت و جەلادەکانی بەغدا، داخۆ خەرجی ساڵانەی ئەوان چەند بێت و لەسەر چ بناخەیەکی کۆمەڵایەتی و کارگوزاری و بژێوی دابین کرابێت؟

دەزگای سێیەم ناوی لێنراوە «بەرگری». بێگومان لێرەدا تەنها «شالیارگەی بەرگری» نییە وەک مووچە، بەڵکو سەرانسەری دەزگاکەیە وەک «خەرجی تایبەتی».

بەڵام با ئەوەش لە یادنەچێت کە سەرانی بەرە بە ووشەی «بەرگری» ئێراقیان کردۆتە بەهەشت و وولاتی کوردان!!

دیارە هەندێک وڵاتی پیشەسازی نیمچە زلهێز کە سەدەیەک دەبێت خاوەنی سیستەمی پەرلەمانی و دیموکراتی « بۆرژوازی »ن، وەک سوید، سویسرا، هتد دەتوانن (ئەگەرچی جێگای گفتوگۆشە)، لە بەرنامەی سوپایی خۆیاندا ووشەی « بەرگری » بەکار بهێنن، چونکە بە لایەنی کەمەوە، مێژووی ئەم سەدەیەی دواییان دوورە لە شەڕو جەنگەوە و بەشدارییان لە کێشەی سەربازی و سوپاییدا نەکردووە.

ئەو ڕێژە تایبەتییەش، کە کردوویانەتە بوژەی « سوپایی » ساڵ بەساڵ دەگۆڕێت. هەموو جارێکیش، لە لایەن پەرلەمانەوە بڕیار لەسەر پێداویستی و تازەکردنەوەکان دەدرێت. دیارە ووشەی بەرگری لە لایەن هەموو دەوڵەتێکەوە بەکار دەهێنرێت و هیچ جۆرە ڕژێمێک ناوی سوپاکەی خۆی نەناوە « هێرشکار » و « پەلاماردەر ». بەڵکو گشت لایەنەکان دەبێژن هێزی بەرگری.

ئەمەریکا کە بەسەدان دەستدرێژی سەربازی و تەنانەت داگیرکردنی ئاشکرا و ڕاستەو خۆشی کردۆتە سەر گەلانی بچکۆڵەو کەم هێز، هەر سوپاکەی ناو ناوە « سیستەمی بەرگری ئەمەریکایی American defence system » و دەتوانین دەیان نموونەی تر بهێنینەوە.

ئێراقیش هەر ئەو ناوەی لە خۆی ناوە، ئەگەرچی هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، تا ئێستا ئەم سوپایە، بە دەیان دەستدرێژی کردۆتە سەر گیان و ماڵ و شەرەفی خەڵکی ئێراق. شکاندن و خەفەکردنی بزووتنەوەکانی ئێراقی لە ئەستۆگرتووە و لەسەر هەموشیانەوە کوردستانیان بە داگیرکراوەیی پێهێشتۆتەوە و کردویانە بە کۆلۆنی ئەوەی مرۆڤی خاوەن ویژدان و مەرد بێزی لێکردبێتەوە ئەمان کردوویانە.

هەر ئەم هێزە « بەرگری »یە چەندین جار دەست درێژی کردۆتە سەر گەلانی ناوچەکە و زیانی گەورەی ماڵی و گیانی لێداون. دەستدرێژی ئەم سوپایە، گەیشتۆتە سنوورەکانی ناوەوەی وڵاتی سعودی عارەبی و ئیسرائیلیش. لە جیاتی هەموو توێژینەوە و بڕیاردانێکی تایبەتی لەسەر ئەم وسرپاهارە سەرانی بەرە خۆیان کردۆتە تابووری پێنجەمی هێزی سوپای ئێراقی و بەسەربەرزییەوە ناویان لێناوە «بەرگری».

بە پێی شیکردنەوە زانستییەکان ئێراق لە، ٤٥٪ - ٥٠٪ داهاتی نەتەوەیی (لە ڕاستیدا تەنها دەسکەوتی نەوتە، چونکە نەوت نزیکەی ٩٥٪ کۆی داهاتی نەتەوەیی ئێراق دەگرێتەوە). بۆ چەک خەرج کردووە. ئەمە بێجگە لە دەیان کڕینی گەورە لە بازارە ڕەشەکانی جیهاندا. بەشی زۆری نەوتی فرۆشراویش (بەپێی سەرچاوە رۆژئاواییەکان) لە کانەکانی کوردستانەوە بووە، دیارە

ئەمەش ڕێی تێدەچێت چونکە ڕژێمی بەعس لەگەڵ خۆیاندا ڕاستگۆن، دەزانن کوردستانیان داگیر کردووە و ئەو ڕاستییەشیان لا ئاشکرایە کە هەر لەژێر چنگیاندا دەردەهێندرێت، لەبەرئەوە ئاساییە کە ڕژێمێکی کۆلۆنیالیستی وەک ئیراق هەوڵی تالانکردنی کوردستان بە زووترین کات بدات.

لە ڕاستیدا وایە!! ئیراق خاوەنی هێزێکی « بەرگری » گەورەیە (؟!) کە بتوانێت شۆڕشی گەلانی ئیراق سەرکووت بکات و شەڕێکی ٨ ساڵەی خوێناوی پێ تەواو بکرێت و سوپاکەی بە پێنجەم هێز (جێگای گلتوگزیە) لەقەڵەم بدرێت. خوێنەر دەتوانێت ئەو پرسیارە بکات کە بۆچی دانانی پڕۆژەیەکی تایبەتی لە داهاتی نەوتەوە بۆ هێزێکی « بەرگری » ڕاستەقینە لە لایەن بەرەوە نەهاتۆتە باسک کردن، هەروەها بەوخەڵکردنی» سوپای ئیراقیش بە شێوەیەک کە لە دەزگاکانی بەعس بێتە دەرەوە ؟!

پێویست ناکات لە دەزگاکانی تر بکۆڵینەوە، ئەوەندە بەسە بڵێین کە ئەمە زیاتر لە دەوەن بە ئاشێک دەچێت وەک پلانێکی ئابووری، کە سەرانی بەرە بۆ ئیمپراتۆریەتی « هەرێم »ەکەیان تەرخانیان کردووە.

دوا خاڵ/ و: «تەرخانکردنی بوژەیەکی تایبەتی بۆچارەسەرکردنی دواکەوتن لە کوردستان». مرۆڤ دەکارێت بپرسێت چ دواکەوتنێک ؟!

دواکەوتنەکانی کوردستان لە ژمارە نایەن و گرنگترین خاڵیش ئەوەیە، کە ئەم دواکەوتنانە بە توندی بەستراون بە « بوونی » ئەم ڕژێمە خۆیەوە. ئەم دوا کەوتنانە بە بوژەیەکی « تایبەتی » چارەسەر ناکرێت کە ڕژێم تەرخانی کات. ڕژێمی ئیراق بێ لەوەی شەڕێکی فیزیاوی لەناوبەری سیستەماتیکی هەڵکردۆتە سەر خەڵکی کوردستان بە مەبەستی بنەبڕکردنی کورد، هەروەها شەڕێکی بایۆلۆجی گشت لایەنیشی بەرپا کردۆتە سەر هەموو بوونێکی تر لە کوردستاندا، کە تەنانەت تەقاندنەوەی کانیاوەکان و پوورە هەنگەکانیشی گرتۆتەوە، سەدان داری ووشکەوە بوو بەڵگەی ئەو ڕاستییەن، ڕژێم بۆ سووتاندنی دارو دەوەنەکانی کوردستان، فۆسفۆرو تیزابیشی بەکار هێناوە.

ئەوەی ڕژێمە داگیرکارەکانی کوردستان گەرەکیانە دزینی سامان و کانە جۆراو جۆرەکانە کە گرنگترینیان نەوت و گوگردو مس و ئاسنن، هەروەها سەرچاوە ئاوەکانن، لەمانەش بترازێت کرێنی هێزێکی فیزیاوی هەرزان و تالانە لە میللەتێکی بن دەستی بیست و پێنج ملیۆنی بۆ ئاوەدان کردنەوە و توند کردنەوەی ووڵاتەکانیان، بۆ ئەو مەبەستە، ئیراق. ئیدی کوردستان دەسووتێت یان

ئەوە، سامانە سروشتییەکان، لەوانە دارو دەوەن و سەوزایی و شینایی نامێنن و دەفەوتێن ئەوە کارێک نییە کە ڕژێمی عێراق کاتی خۆی پێوە بکوژێنێت و بیری لێ بکاتەوە.

داخۆ ئێراق پاش شەڕێکی هەشت ساڵە و یەکێکی یەک مانگ و نیوی کاولکارانە کە بێ لە پاشەکەوتی خەزێنەی ئێراق کە سفرە، نزیکەی ٧٠ ملیارد دۆلار قەرزارە (بێ لە قەرزەکانی دەوڵەتە عارەبییەکان کە تەنها کوێت ٤٠ ملیارد دۆلارە)، بایکۆتێکی ئابووری توندی لەسەرە کە ئەگەر بشتوانێت نەوتیش بفرۆشێت ئەوا بە ڕێژەیەک دەبێت کە تەنها بەشی بەرهەمی بژێوی و خەرجی ڕۆژانەی خەڵکی ئێراق دەکات ئیتر بەچی چارەسەرە دواکەوتن بکات لە کوردستاندا؟ چارەسەری دواکەوتن بە پارە دەکرێت. ئێراق خاوەنی بەرهەمێکی ناردنە دەرەوەی تایبەتی نییە کە سەرانی بەرە دڵیان پێ خۆش کردبێت تا چاوەڕوانی ئەو داهاتە شایانە باسە بن. ئەگەر تەنانەت پارسەنگی هێزەکان و بەرژەوەندی نێونەتەوەیی لە قازانجی ڕژێمی ئێراقدا وەلا کەوێت هێشتا هیوای پاشەکەوتێکی وا تایبەت ناکرێت. لە کاتی دەسکەوتنی پارەیەکی وادا کە شتێکی پێبکرێت سەرکەوتووترین بۆچوون ئەوەیە کە ڕژێمی ئێراق ئەو پارەیە بۆ بەهێزکردنەوە و توندکردنەوەی سوپاکەی بەکاردەهێنێت. یەکەم هەنگاوی سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان دەبێت، ئەوەش نەک هەر تەنها خەسڵەتی ڕژێمی ئێراقە بەڵکو خەسڵەتی هەموو دەوڵەتە داگیرکارەکانی کوردستانە، بە هیوای چاوترساندن و نا ئومێدکردنی بزووتنەوەکانی دیکەی تری ئەو وڵاتە کە هەمیشە بەهێزترینیان بزووتنەوەی کوردستانی بووە، هەروەها هەوڵدان بۆ سەلماندن بۆ جیهان کە «دەوڵەت» دەستی زاڵ و توانای کۆنترۆڵی هەیە، تاوەکو بوونی «جموجوڵێکی» ناوخۆ کارنەکاتە سەر بۆچوون و هەڵوێستی جیهان لە ڕێگاکانی بازرگانی و مامەڵە و ئاڵوگۆڕ و... هتد دا.

ئەو ڕێژەیەی ڕژێم بیەوێت (وەک تاکتیکێکی ڕۆژانە) بەکاری بهێنێت، ئەوا بۆ «چاکردنەوە» بەکاری دەهێنێت نەک بۆ «ئاوەدانکردنەوە»، ئەمەش یەکەم هەر دیارە ڕێژەیەکی کەم دەبێت و دووەم کوردستانیش ناگرێتەوە.

«ئاوەدان کردنەوە» لە کاتێکدا ڕوو دەدات کە ڕژێمێک شەڕخواز نەبێت و قەرز و قۆڵەیەکی زۆری لەسەر نەبێت و لە قەیرانێکی هەمە لایەنەی قوڵدا ڕۆنەچووبێت. با خوێنەر بڕوانێتە ڕژێمی شەڕخوازی ئێران، ڕژێمی شەڕخواز و فاشی سەربازی تورکیا، هەروەها ئەفگانستان و ڤێتنام و سلڤادۆر و کۆریای باکوری و سۆمالیا و... هتد، دەبینین کە «ئاوەدانکردنەوە» نەک هەر گرانە، بەڵکو تەنانەت نەشیاویشە.

بێ هێزییەتی سەددام حسێن و دەستەو دایەرەکەی مانای ئەوە نییە کە رژێم تەمێ خواردوو بووە و بەرەیەکی نوێ هەڵدەداتەوە و ئەم تێکشکاندنە یەک لەدوای یەکانە دەیگۆڕێت بۆ بەرەیەکی دیموکراسی و لەپاش ماوەیەکی کەم دەکارێت بە ئاوەدانکردنەوە خەریک بێت، بەڵکو تەنها بریتییە لە قۆناخێکی قۆزاخە و خۆکۆکردنەوە و هیچی‌تر. ئەوەتا تاکو نووسینی ئەم باسەش بە پێی هەواڵەکانی رێکخراوی نەتەوەکان، سەددام حسێن بە ئاشکرا گەمە بە نوێنەرانی رێکخراوی نەتەوەکان دەکات، سەبارەت بە ئاشکرا کردنی ئەشتومەکی ئەتۆمی و کیمیاوی و بایۆلۆجی جبەخانەکەی، هەموو هەواڵێک ئەوە دووپات دەکاتەوە ـ کە چەندایەتی راستەقینەی ئەم ئەشتومەک و زەخیرە جەنگیانە چەند قات زیاتری ئەو ژمارەیەیە کە سەرانی رژێمی ئێراق خستویانەتە بەردەست. رژێمی ئێراق کە خەڵکی ئێراق و کوردستانی بۆ (٢٠) ساڵی ئایندەش تووشی قەرز و قۆڵبییەکی ناهەموار و فرەگران کردووە بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت بە ئاوەدان کردنەوەی کوردستان هەڵسێت و خەرمانە بەزیان لێکەوتووەکان بدات. کارێکی دژ بە ئاکاری شۆڕشگێرانەیە ووشەی «ئاوەدانکردنەوە» و « رژێمی بەعس » بدرێتە پاڵ یەکتر.

لە بەرەگرانی ٧ و ٨ و ٩ دا، ئەگەر خوێنەر لە ووشەی « رامیاری گشتی ئێراق » لە «چوارچێوەی دەستوور و پرنسیپە بنچینەییەکانی یاسا ناوەندییەکان»، « دەسەڵاتی یاسا دانانی ناوەندی »، « داواکارییەکانی پلانی ناوەندی گشتی ئێراق »، « یاساو پلانی گەشەی گشتی ئێراق »و... هتد ووردبێتەوەدە بینێت کە چۆن ئەم پرۆژەیە بریتی نییە لە داوایەکی ئۆتۆنۆمی (ئەگەر هێشتا مەبەست لە ئۆتۆنۆمی هەندێک دەسکەوت و مافی لاوەکی بێت) بەڵکو بریتییە لە کۆمەڵێک دەسەڵاتی کارتۆنی کە روو و ڕووی فرۆشتنی کوردستان دێتە خوارێ، گاڵتە کردنە بە هەست و نەست و بەها مرۆڤایەتییەکانی خەڵکی کورد.

بۆ ئەوەی خوێنەر زیاتر لە باسەکە نزیک بکەینەوە دەبێت ئەو پرسیارە بکرێت کە داخۆ ئەم بەرنامەی پرۆژەیەی بەرە لە کوێ هەڵهێنجراوە ؟!

ئەم بەرنامەیەی ئێستا کە بەرە ناویان لێناوە «پرۆژە» بریتییە لە کۆی جووینەوە و کاوێژکردنەوەی «بنچوون» و « داخوازییەکان »ی سەرانی بەعس، کە هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٩وە، (پاش بێزار بوون و نا ئومێدیان لە هێزە نا نیزامییەکەی تاڵەبانی کە نەیتوانی شەڕی کورد بکات، هەروەها پاش کلپە سەندنی بڕوای جەماوەر کە رژێمە لاوازە کەم تەمەنەکەی بەعسی خستبووە گژشەی مەرگەوە)، ناچارکران سەر بۆ داخوازییەکانی سەرکردایەتی ئەو کاتەی بارزانی لە ڕێکەوتنامەکەی (١٩٧٠)دا دانەوێنن. ئینجا لەبەر دواکەوتوویی و زاڵێتی هێزی

فیودال و خێڵەکی کورد، کە لەبەر هێشتنەوەی پەساری رامیاری و ئابووری بەرتەسکی خۆی (هەندێک بەرژەوەندی تاکە کەس و گروپیانە) کە بە هەموو شتێک دەیژەنی، هەروەها مێشکی ریفۆرمیست و لادەرانەی پارتی کۆمۆنیستی ئێراق و هەوڵدانی بۆ کردنی خاکی کوردستان بە پارچەیەک لە خاکی ئێراق و نەتەوەی کورد بە بەشێک لە گەلی ئێراق، واتە لە پێناوی ساخکردنەوەی و یەکایەتی خاکی ئێراق » و « نەتەوەی ئارەب »دا، بەرنامەی رێکەوتنامەکە فۆرمێکی وا شکڵی وەرگرت کە نا ڕاستەو خۆ و لە درێژخایەنیدا سوود بە پارتی بەعسی ئارەبی سۆشیالیستی بگەیەنێت.

لەو دۆخەدا زاڵێتی و دەسەڵاتی یەکلایەنی و مۆنۆپۆلیزمی پارتی بەعس شەن و کەوتەکراو لەخرایە ژێر پرسیارەوە. واتە « ئۆتۆنۆمی » لە ئەنجامی کۆمەڵێک گۆڕانکاری رامیاری ناوخۆی ئێراق و دەوڵەتی ئێراقەوە لە دایک نەبوو، بەڵکو تەنها وەک بریار و یاسایەک دەوڵەتی ئێراق بە «سەربەخۆیی» خۆی دایەزراند و ژیانی پێبەخشی. لە گەرمەی ئەو رێکەوتنامەیەدا بوو کە رژێمی بەعس تەنگی بە خەڵکی ئەهوارەکان و شیعە ئایینزاکان هەڵچنی بوو، هەر لە هەمان کاتیشدا بوو کە بە دەیان پلانی کوشتن دژی بارزانی ئەنجام دەدرا و بە هەزاران لە کوردە فەیلییەکان بۆ ئێران رادەگوێزران و شەنگار و چۆمان و زاخۆ بۆمباباران دەکران، چ لە ناوچەی بادینان چ، لە گەرمیان کوردستان بە ئارەب دەکرا. ئەمانەش ڕاستایەتی ئەو خاڵە دەردەخەن کە ئاستەمە «ئۆتۆنۆمی» وەک چارەسەرێکی ڕامیاریانە سوود بە نەتەوەی کورد بگەیەنێت.

دەست تێکەڵاو کردنەکانەوەکانی سەرگردایەتی ی.ن.ک کە لە ساڵانی ۷۸ - ۸۳ هەر دوایش بەردەوامیتی بە نهێنی و یەک لایەنی تا ئێستا. بە تایبەتی لەبەر ئەوەی کە ئەم خۆبردنە پێشەوە و سازشانە لەبەر بێ هێزی هەڵوێست و شلەکی زەمینەی شۆڕشگێڕایەتی لایەتی ناوبراو بوو، هەروەها زاڵبوونی ویستەی بەرژەوەندی تایبەتی تاکەکەس و گروپی بچکۆلە، بە تایبەتی دوای شەهید بوونی ئارام و تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵەی رەنجدەران، بەسەر رێکخراوەکەدا، هێندەی‌تر مل کەچایەتی و ریفۆرمی بێ سەروشوێن و هەستی خۆبەدەستەوەدان ئاخنرایە بەرنامەی ئۆتۆنۆمییەوە. تا دەست تێکەڵاوکردنەوە بەناوبانگەکەی ۱۹۸۳ کە سەرانی ی.ن.ک هەر لەسەر ئەم رێیەی ئێستا بە «زەوق» و «گەش بینی» و «باوەڕی تەواوەوە» دەیان وتاری سورمەییان خوێندەوە و کۆمەڵێک کاغەزی سپیان پەنجەمۆر کردو لە ویندا بە گژ هەموو هێزەکانی ئەو کاتەی کوردستاندا چوون، ئەوە بوو ناخۆشبەختیانە سەرکەوتنیان لەو دژایەتییەدا وەدەست هێنا. ئەویش لەبەر ئەوەی بەشی هەرە زۆری ئەو هێز و رێکخراوانە لە دژایەتی «ی.ن.ک» دا رێبازێکی

دۆستیانە و هاریکاریانەیان لەگەڵ «پ.د.ک.ئ» دا هەڵگرتبوو، کە ئەو کاتە پارتی لە ڕیزی پێشەوەدا هەڵگری بەیداخ و تاڵای شەڕە کۆنەپەرستانەکەی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو دژی بزووتنەوە ڕزگاریخوازانەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

تاڵەبانی، لە وتارە مێژوویییەکەیدا لە قەشقۆڵی، یەکایەتی خاکی ئێراق و نەتەوەی عارەب «کە کورد بەشێکە لێی و لێی جیانابێتەوە» بە توندی دەسەلمێنێ و خۆی وتەنی: «هەرگیز ڕازی نابێت بەوەی لە دواوە خەنجەر لە پشتی سوپای ئێراقی بدرێت لە کاتێکدا کە ئەو سوپایە بە جەنگی نیشتمانی و بەرگریکردن لە خاکی خۆیەوە خەریکە» و... هتد و هتد . ئەمە لەکاتێکدا کە تەنها پێش زەمینە خۆشکردنی ئەم دەست تێکەڵاو کردنە بە (٣) مانگ، لایەنی ناوبراو لە کێبڕکێیەکی کوژەردا بوو لەگەڵ لایەنەکانی تردا « پارتی کۆمۆنیستی ئێراقی لێدەرچێت » لە خزمەتکردن و جووتکردنی پێڵاوی ئاخوندەکانی ئێراندا.

ڕۆژان ڕۆیشت و ئەم دەست تێکەڵاوکردنەش، وەک هەموو ئەوەکانی تر (بۆ ئەو مەبەستە هەموودانەیەک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا سازکرا بێت) ئەزۆک بوو. یان کورد وتەنی: زۆڵەکەی ئۆتۆنۆمی هەر لە دایک نەبوو.

لەو ماوەیەدا تا هەرە ئەم دواییە، تاڵەبانی و سەرانی تری ئەم پارتانە دەیان جار ڕەنگ و بۆی خۆیان گۆڕی و گا ئۆتۆنۆمیخواز و گا فیدراڵیخواز وگاش سەربەخۆیخواز، و بێگومان دیسانەوە ئۆتۆنۆمیخواز چەقەنەی ئاش ئاسایی لە لێدان نەکەوتن. ئەم « سووڕە » هەر بەردەوام بوو هەرروەک لە هێلکەیی گۆی زەوی بە گومان بن و بیانەوێت بۆ دواجار خڕێتییەکەی بسەلمێنن.

بێگومان تا کتێبە ناو زڕاوەکەی تاڵەبانی «أغد و دیمقراطي و حرمان شعب حتى من حق الحلم» دەرچوو، لەو کتێبەدا، تاڵەبانی بە شیرینکی کولی دەسک نیوەپەڕیوەوە خۆی لە گێژەپانی ڕمبازێندا دیوەتەوە و بە گۆ کۆمەڵێک دێوو درنج و ئەژدیهاکی ئەفسووناوی هەناسە ئاگردا چووە و لە ئارەق ڕشتنی سەلماندنی ڕەوایەتی مافی چارەنووسدا بۆ کورد لە قوڕ دا گەوزیوە.

بەهای ئەم کتێبە بێ بێنەو بەرە لەو هەنگاوە ترسنۆکانەدا دەردەکەوێت کە یەکەم جار لە ژێر ناوی « جلال تاڵەبانی »دا بلاوکرایەوە، هەر دوایی پاش نزیکەی دوو هەفتە ئەم کتێبە لە لایەن نوێنەرانی (ی.ن.ک) وە کۆکرایەوە بە تۆزاڵە چەسپێک کە لەسەری نووسراوە « الاتحاد الوطني الكردستاني » جێگای «جلال تاڵەبانی »یەکەیان ڕەش کردەوەو ناوەکەیان داپۆشی!!

هۆی ئەمەش بە تەواوی ئاشکرایە، لە دوای شەهید بوونی هەڵەبجە و بادینان و ئاشبەتاڵە خشکەییەکەیان هیچ بە دەست سەرانی کوردەوە نەما، ئەوە نەبێت کە بە پەلە پرۆزکی کتێبێک

بنووسرێت لەوێدا «بیری ئۆتۆنۆمی» تۆو بچێنێت و دروشمی بڕیاری مافی چارەنووس بەرز بکرێتەوە، تاوەکو پارسەنگی ئەو ڕک و کینە و بێزارییە بداتەوە کە دڵی جەماوەری کوردستانیشدا دروست بووە و لە هەمان کاتیشدا ببێتە مایەی پڕکردنەوەی هەندێک لەو بۆشاییە ڕامیارییە گەورەیەی کە شکستی (٣٠) ساڵ خەباتی خوێناوی و دوو ئاشبەتاڵی گەورە و گرانی تیا کۆ بوو بۆوە.

ئەوەی بە کۆی فەرهەنگ و ڕامیاری پارتی بەعس و شێوازی پەروەردەکردنیان، هەروەها بە گلێشە سازی و بنەما و چۆنیەتی ڕێکخستنی پارتەکەیان ئاشنا بێت، دەزانێت کە ئەم پارتە چۆن دەڕوانێتە نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستان و خاکی کوردستان، لەوێشەوە دەردەکەوێت کە چۆن چۆنیەتی دارشتنی ئەم پرۆژەیە بریتی‌یە لە دەقی خواست و ویست و ئارەزووەکانی پارتی بەعس، تەنانەت بە شێوەیەک کە سەرانی کوردی باشور بە ئاشکرا وشەی «کەرت ـ قطر» و یەکایەتی خاکی ئێراق و یەک گەلێتی نەتەوەکانی ئێراق و ... هتد دووبارە و سێ بارە بکەنەوە.

لێرەدا دەبێ هەندێک تیشک بخەینە سەر دوو دەزگای «ئەنجوومەنی بڕیاردانی هەرێمی» و «ئەنجومەنی جێبەجێکردنی هەرێمی» و لە شێوەی بنما و پێکهاتنیان بکۆڵینەوە.

ڕژێمی ئێراق ڕژێمێکی تۆتالیتاری ڕەگەز پەرست و فاشی‌یە کە لە کۆمەڵێک دەزگای ئۆتۆکراتی سەرکوتکار پێکهاتووە، ئەمانیش تیشکیان لەسەر شێوەی دروست کردنی شانەی ڕێکخستن و دام و دەزگای ڕامیاری و کۆمەڵایەتیە باڵاکان داوەتەوە.

لە هەموو سیستەمێکی دیموکراسیدا ـ نموونەکان دیموکراسی لیبرالین ـ پەرلەمان (ئەنجومەنی نیشتیمانی) باڵاترین دەزگایە و کۆمەڵێک دەزگای تایبەتی سەربەم کە لە بواری جیاوازدا پسپۆڕن، بەکاری خۆیان هەڵدەستن. هیچ پارتێکی ڕامیاری یاخود ڕێکخراوێکی ڕامیاری یان پیشەیی، هیچ جۆرە سەرۆک و تاکە کەس و گرووپێک لەسەرو ئەم دەسگایەوە نیبە و نابێت ـ بڕوانە وێنەی(١) و شیکردنەوەکان ـ، لە وڵاتە دیکتاتۆری و تۆتالیتاری‌یەکاندا بە پێچەوانەوەیە، بڕوانە وێنەی (٢).

لە ئێراقدا، پاتی بەعس گەورەترین و باڵاترین دەزگایە و دامی سەرکردایەتی کەرتی و سەرکردایەتی نەتەوەیی باڵاترین دامن لە پارتدا. ئەنجومەنی نیشتمانی، واتە پەرلەمانی ئێراقی تەنها دامۆکەیەکی شانەیی پارتی بەعسە و زۆربەی ئەندامەکانی بریتین لە ( ئەندامە لە کارخراو و ناچالاک و پاڵپێوەنراوەکان) و ڕۆڵی ( بڕیاردان ) یان نی‌یە، بەڵکو تەنها بە ناو ئەم ڕۆڵەیان دراوەتێ و لە ڕاستی‌دا تەنها ڕۆڵی ( جێبەجێکردن ) یان دراوەتێ، بە واتایەکی تر، ئەم دەزگایە زیاتر بۆ پروپاگەندە و فریواندنە .

هەموو بڕیارەکان لە سەرکردایەتی کەرتی و نەتەوەییەوە هەڵدەقوڵێن و بە کەناڵەکانی خۆیاندا دەگەنە ئەنجوومەنی گشتی، لەوێدا کەس بۆی نییە مشتوومڕیان لەسەر بکات و تەنها وەک (نواندنێک) دووبارە بڕیاریان لەسەر دەدرێتەوە .

لە ئێراقدا، ئەنجوومەنی گشتی نزمترین دەسەڵاتە تەنها مۆرکردن، بڵاوکردنەوە، ڕاگەیاندن و جێبەجێکردنی کارەکانی گرتۆتە ئەستۆ .

لە کوردستاندا، ئەم هاوکێشانەی پارتی بەعس بە پێچەوانەوە خەسڵێندراون . ئەنجوومەنی بڕیاردانی هەرێمی کە دەبێت جێگای ئەنجوومەنی بڕیاردانی ناوەندی (دامی کەرتی و نەتەوەیی) لە کوردستاندا بگرێتەوە، بە پێچەوانەوە نزمترین دەسەڵاتی دراوەتێ، کەچی ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی هەرێمی، کە خۆی لە خۆیدا کاری تەنها ( جێبەجێکردنە ) گەورەترین دەسەڵاتی پێدراوە .

« ئەنجوومەنی بڕیاردانی هەرێمی » بە پێی بڕگەی ( ٧ ) « لە لایەن دانیشتوانی هەرێمەوە هەڵدەبژێردرێت لە ڕێگای هەڵبژاردنی ئازادەوە هەر چوار ساڵ جارێک » . واتە « ئەنجوومەنی بڕیاردانی هەرێمی » دەبێت گرنگترین دەزگا بێت، چونکە یەکەم لە لایەن دانیشتوانەوە بە شێوەی هەڵبژاردنی ئازاد و بۆ چوار ساڵ هەڵبژێردراوە، دووهەم، هەڵدەستێت بە دەرکردنی هەموو بڕیار و یاسایەک کە لە ( خزمەتی ) سەرانسەری بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵ دابێت.

«ئەنجوومەنی جێبەجێکردن» ئەگەر هەر بە ساکاری ناوەکەشی بێت ئەوە پێویست ناکات ئەو نرخ و بایەخەی بدرێتێ، چونکە لە ڕاستیدا ئەم ئەنجوومەنە « دەبێت» تەنها بە جێبەجێکردنی «فەرمان و بڕیار و دەستوور و یاسای دەرکراو» هەڵسێت. نەک هەر پێویست ناکات «ئەنجوومەنێک» بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکرێت بەڵکو دامەزراندنی «دامەزگە» یەکی بچکۆلە کە کۆمەڵێک مووچەخۆر و فەرمانبەر ئەرکی جێبەجێکردنی ئەم بڕیار و دەستوورانە بخەنە سەر شانی خۆیان و فەرامۆشیان نەکەن، بەسە .

بەڵام لە پرۆژەکەی بەرەدا «ئەنجوومەنی جێبەجێکردن» دەسەڵاتی ڕامیاری و بڕیاریی لە «ئەنجوومەنی بڕیاردان» زیاترە. ئەمە لە بۆسەیەک نەبێت کە بۆ کاروانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردستان نراوەتەوە، لە هیچ شتێکی تر ناچێت .

باشە بۆ چی، ئەنجوومەنی بڕیاردانی ناوەندی کە دامی «کەرتی و نەتەوەیی» دەگرێتەوە گەورەترین و باڵاترین دەزگا بێت لە پارتی بەعسدا، کەچی ئەنجوومەنی بڕیاردانی هەرێمی کە لەلایەن خەڵکیشەوە بۆ چوار ساڵ هەڵبژێردراوە نزمترین دەسەڵات بێت لە کوردستاندا ؟!

بەواتایەکی تر، بۆچی «ئەنجوومەنی جێبەجێکردن» گەورەترین و باڵاترین دەسەڵاتی هەبێت لە کوردستاندا کە بەرامبەرەکەی « ئەنجوومەنی نیشتمانی ئیراقی» بێت و نزمترین و بێبەهاترین دەزگابێت ؟!

وەڵامەکە هاسانە، سەرانی پارتی بەعس لەژێر هیچ هەل و مەرجێکدا ڕێگە نادەن بە هیچ کەس و لایەنێک، بام پسپۆڕیش بن، نە بڕیار بدەن، نە یاسا دەرکەن، نە دەست بخەنە کاروباریانەوە، هەر لەبەر ئەوە هاتوون ئەنجوومەنێکی کارتۆنییان بەناوی « ئەنجوومەنی نیشتمانی » یەوە وەک دامۆکەیەکی بێنرخ و بێکردار تەنها بۆ کاروباری سەرپێیی جێبەجێکردن و بڵاو کردنەوە و ڕاگەیاندن و لەسەرو هەمووشیانەوە بۆ پڕوپاگەندە، بۆخۆیان دامەزراندووە.

بەڵام کە هاتۆتە سەر مەسەلەی کوردستان، ئەوەی کە خەڵکە هەڵبژاردووە کراوەتە پوچ و بێنرخ و بێکردار ( فەنکسیۆن )و لاوەکی و لەجیاتی ئەوە «ئەنجوومەنێکی جێبەجێکردنیان» بۆ خەڵک دروست کردووە کە سەدان قاتی خۆی بەهێز و بەدەسەڵات و خاوەن توانای ڕامیارییە (بێگومان لە سنووری بڕیار و دەستوور و یاسای ناوەندیدا)، ئەوەی سەیرە کە «ئەنجوومەنی جێبەجێکردن» خۆی لە ناو « ئەنجومەنی بڕیاردانەوە » هەڵهێنجراوە.

ئەوەش مانای ئەوەیە کە سەرانی پارتی بەعس یەکسەر و ڕاستەوخۆ و بێشاردنەوە ئەو «ئازادی» یان لەو «هەڵبژێردراوانە» سەندۆتەوە کە خەڵک پێی بەخشیون و هەموویانیان خستۆتە ژێر ڕکێف و سنووری دەوڵەتی ناوەندی خۆیەوە.

لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە کە ئەم ڕووداوانە، واتە جێگۆڕکێی دەسەڵات و توانای ڕامیاری لە ناو هەردوو ئەنجوومەندا بە دزی خەڵکەکەو بە بێ ئاگای خەڵکەکە ئەنجام دەدرێ و گەل ئاگای لەم کەبن و بەینە نییە.

خاڵەکە ساکارە، جەماوەر وا تێدەگەن کە «ئەنجوومەنی بڕیاردانی» - هەڵبژێردراو - هەموو تواناو دەسەڵاتێکی ڕامیارییان هەبێت نەک بە هۆی کردەتایەکی تەکنیکی و سیستماتیکەوە هەموو هێز و دەسەڵاتێکیان لێسەندرابێتەوە و بە ( یەکێکی تر ؟!) درابێت.

بەم شێوەیە، گرنگ نییە جەماوەری خەڵک کێ هەڵدەبژێرن، با مەلا ماتۆر و هاشم عەقراوی نەبێت، تاڵەبانی و مەسعود و سامی بن یا تەنانەت خودی مستەر بتوین* خۆی بێت، هەر دەبێت لە سنووری « ئازادی » یەکانی دەوڵەتی ناوەندی و ڕژێمی بەعسدا بجوڵێن و کاربکەن، کە بەرەی نیشتمانی لە پڕۆژەکەیاندا ناویان لێناوە « ئەنجوومەنی بڕیاردانی ناوەندی ».

ئێمە دەپرسین داخۆ بۆچی « ئەنجوومەنی بڕیاردانی ناوەندی » هیچ جۆرە ئەنجوومەنێکی

«جێبەجێکردن» بی بۆ دروست نەکراوە کە بەتایبەتی دەسەڵاتی لە خۆی زیاتر بێت، بۆچی شێوەی پێکهاتنی هەمان شێوەی «ئەنجومەنی بڕیاردانی هەرێمی» نی یە ؟! بۆچی ئەم جۆرە پێکهاتن و پاشکۆیەتیانە تەنها بەباڵای ئەنجومەنەکانی « هەرێم » بی خۆشەویستی «بەرە» بڕاوە ؟!

سەرانی بەرە خۆیان لێرە نین تا بەرگری لە خۆیان بکەن !

بەڵام کرداری (٣٠) ساڵی ڕابردوو و ئەم « پڕۆژە » بەیان لێرەیە.

باشە ئەگەر « ئەنجومەنی بڕیاردانی هەرێمی » لە لایەن خەڵکەکەوە لە هەڵبژاردنێکی ئازاد دا هەڵدەبژێردرێن ئیدی بۆچی سەرەکۆمار دەبێت یەکێک لەناو ئەواندا بە ئارەزووی خۆی هەڵبژێرێت و بە دەستی خۆی بیکاتە سەرۆکی « ئەنجومەنی جێبەجێکردن » ؟! بۆچی هەر هەڵبژێردراوان خۆیان کەسێک لە ناو خۆیاندا هەڵنابژێرن، و هەر کاتێک ئەم « کەسە » نەخۆش کەوت، دزی کرد، متمانەی پێ نەکرا، مرد . . . و هتد ئەوا هەر خۆیان یەکێکی تر هەڵبژێرنەوە ( ؟! ).

خۆ ئەگەر ئەم هەڵبژێردراوانە جەماوەر بە ئازادی خۆیان هەڵیان بژاردبێ دەبێت ئەو توانا و دەسەڵات و لێپرسراویتی و شەرەفەیان پێ ببەخشرێت ( ؟! ).

نەخێر لە ڕاستیدا تەنها گەمە بە جەماوەر کراوە و پێیان ڕابوێردراوە .

باخوێنەر بڕوانێتە خاڵی: "سەرۆکی ئەنجومەنی جێبەجێکردن لە پلەوپایەی جێگری سەرەک شالیاران یاخود جێگری سەرەک کۆمار دەبێت، و ئەندامانی ئەنجومەن بە پایەو پلەی شالیار دەبێت و هەمان دەسەڵاتی شالیاریان لە چوارچێوەی کارەکانیان دەبێت ".

لەم خاڵەدا دەردەکەوێت " ئەنجومەنی جێبەجێکردن " تا چ ڕادەیەک بۆ پارتی بەعس گرنگە، لە کاتێکدا کە بە هیچ شێوەیەک باسی پلەو پایەی " ئەنجومەنی بڕیاردان " ناکرێت و ژمارەیان دیاری نەکراوە .

خاڵی دەبێژێت: " سەرەک کۆمار بۆی هەیە سەرۆکی ئەنجومەنی جێبەجێکردن قنبش کات، لەو کاتەدا هەموو ئەنجومەنەکە هەڵدەوەشێتەوە ".

چەند جێگای سەرنجە !!

دانیشتوان لە هەڵبژاردنێکی ئازاد دا کۆمەڵێک (؟! ) خەڵکیان بۆ ماوەی چوارساڵ هەڵبژاردووە و دەسەڵاتیان داونەتێ کە بە دەرکردنی ئەو بڕیار و یاسار دەستور و فەرمانانە هەڵسن کە دانیشتوان لە ماوەیەکی دیاریکراودا، یاخود وەک و پێداویستیەکی ژیان پێویستیانە، کەچی سەرەک کۆمار بۆی هەیە سەرۆکی ئەنجومەنی جێبەجێکردن قنبش کات، یاخو دەریکات، لەناویەرێت (خوێنەرچی ناو دەنێت با بینێت )، واتە سەرەک کۆمار هەڵیشی دەبژێرێت و لە کاریشی دەخات، دەسەڵاتێک

کە بە هیچ کەس و لایەنێکی دیکەی تر نەدراوە . ئەوەی سەیرە کە یەکسەر لەگەڵ فنیش کردنی سەرۆکی ئەنجوومەندا هەموو ئەنجوومەنەکەش هەڵدەوەشێتەوە. ( ؟ ! ) کەواتە سەرەک کۆمار بۆی هەیە، یەک یەک هەموویان فنیش کات، ئەی کەواتە کاری هەڵبژاردنی جەماوەر چی‌بوو ؟ !

بەپێی ئەم یاسایە دەنگی سەرەک کۆمار یەکسانە بەکۆی دەنگی هەموو دانیشتوان ـ لە دوای تەمەنی ١٨ ساڵی‌بەوە ـ، لە کاتێک‌دا " ئەنجوومەنی بڕیاردانی هەرێمی " کە لەلایەن دانیشتوانەوە هەڵبژێردراوە تەنها بۆی هەیە «ئەندام / انی» ئەنجوومەنی جێ‌بەجێ‌کردن لە کاربخات و دەسەڵاتی تری لەو لەو بوارەدا نی‌یە ـ بڕوانە پەرەگرافی نۆ (٩ ) خاڵی ـ ی ...

ئەمەیە دیموکراسیزمی نوێ !!

لەڕاستی‌دا، نووسەری ئەم یاسە . دیموکراسیزمی سۆشیال دیموکرات و دیموکراسیزمی بورژاو و دیموکراسیزمی خەڵک ـ کە جۆرێکە لە دیموکراسیزمی بۆرژوا ... و هتد ـ ی بیستووە، بەڵام ئەم جۆرە « دیموکراسی » یەی نەبیستووە .

وا لەبەر خاتری لەیاد نەکردن، ناوی دەبنێین « دیموکراسی جەلالیزم »،بەڵام بێ توانج.

خاڵی (ز) دەبێتە تەواو کاری خاڵی (و) و دەبێژێت:" لە کاتی هەڵوەشاندنەوە یا خود لێسەندنەوەی متمانەدا، ئەنجوومەنی ناوبراو هەر بەردەوام دەبێت لەسەر کارەکانی خۆی تا دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی تازە لە ماوەی ( ٣٠ ) رۆژدا».

واتە ڕێگادان بە سەرەک کۆمار کە هەموو ( ٣٠ ) ڕۆژێک کۆدەتایەکی ناو خۆیی بچووک بکات بێ ئەوەی هیچ خێرخواز و هاونیشتمانی‌یەک ئاگای لێبوە بێت، تاکو لە چەند تا قیرکردنەوەیەکدا لۆزەنگەرێک بۆ خۆی دەدۆزێتەوە، لەسەر ئەم بناغەیە ڕاسترە ئەگەر مرۆڤ بێژێت « ئەنجوومەنی لۆزەنگەران ».

بەپێی پەرەگرافی دە (١٠) خاڵی(ب) دەزانین کە ئەنجوومەنی جێ‌بەجێ‌کردن ژمارەیان بریتیە لە (١٥ ـ ١٦) کەس، بەڵام نە ژمارەی ئەنجوومەنی بڕیاردان و نە سەرجەمی ژمارەی ئەوانەی کە دانیشتوان هەڵیان دەبژێرێت دیارنین، دیارە ئەوەش کاری هاووڵاتیان نییە، تەنها «بەرە» و «میری نیشتیمانی» ئەو کارە دەزانن و تەنها بۆ ئەوان گرنگە . بەڵام ئەوەندە بۆ ئێمە ئاشکرایە کە بزانین ژمارەی ئەندامانی هەر دوو ئەنجوومەن ناگەنە (٤٨). چوونکە نەشیاوە ژمارەی ئەنجوومەنێکی وەک ئەنجوومەنی بڕیاردان ( کە هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی رامیاری نییە ) بگاتە (٣٢ ) کەس.

کە سەرەک کۆمار دەسەڵاتی ئەوەی هەیە مانگی سەرۆکێکی ئەنجوومەنی جێ‌بەجێ‌کردن فنیش بکات، دیارە وەک لۆژیکی ڕامیاریش نەشیاو نییە، ئەمەش ئەوە دەگەێنێت کە ڕاستیدا ئەو کەسانە

لە لایەن دانیشتووانەوە بۆ ماوەی (٤) ساڵ " هەڵدەبژێردراون "، چونکە ئەگەر سەرۆک کۆمار ئەو ووزە و کاتەی هەبێت کە مانگی یەکێکیان فڕێش کات ئەوا لەپێش سێ ساڵیش‌دا تەواو دەبن. (ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی بڕیاردان ئەگەر لە ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی جێبەجێکردن کەمترن نەبن و ١٥ ـ ١٦ کەس ، ئەوە زیاتریش نابن ).

ئەمە لە کاتێکیش‌دا ئەگەر هەر هەموشیان بە ڕیزە لە لایەن سەرۆک کۆمارەوە بە سەرۆکی ئەنجوومەنی جێبەجێکردن هەڵبژێردرێن. ئەوەش وەک لۆژیکی ڕامیاری نەشیاوە، ئەو کەسانەی سەرۆک کۆمار بە پلەیەکی وا پەسەندیان بکات کەسانێکن کە سەرۆک کۆمار زۆر چاک لە هەموو " خەسڵەت " و " ئاکار " و "خوو و ڕەوشت " و " نەریتێکی کەسایەتیان " گەیشتووە و بە تەواوی هەڵیسەنگاندوون، دەزانێت بەهای کەسایەتیان چەندە، بە چی دێنە پێکەنین و بە چیش دەگرین و بە چ ئاوازێکیش دێنە سەما. ئەم کەسانەش ژمارەیان لە پەنجەی دەست تێپەڕ نابێت، سەرانی بەرە بە پلەی یەکەم دێن، کەسیان نییە کە سەددام حسێن و دەستە و دایەرەکەی توێژینەوەیەکی باش و تێر و تەسەری لەسەر نەکردبێ.

کەسی تر ئاوا بەباشی لە کوردستاندا ناسراو نییە، بۆ توێژینەوەیەکی وا بابەتی سەرانی بەعس پارە و کاتێکی بێ ئەندازەیان گەرەکە کە ئێستا پێیان هەڵناسوڕێ.

ئەوەی شایەنی باسە ئەوەیە کە لەم پەرەگرافەدا هێندە کۆنترادیکت و داکۆکی زۆرن کە شایانی توێژینەوە و دووپات کردنەوەنین .

لەسەر هەموو ئەمانەشەوە، ئەم ئەنجوومەنی جێبەجێکردنەی بەعس خستویەتیە سەر دەمی سەرانی بەرە هیچ دەسەڵاتێکی ڕامیاری ئەوتۆی وای پێنەدراوە کە مرۆڤ هەر لە ڕووشی بێ دووپاتیان بکاتەوە. ئەوەی شایانی لێدوان بێت دوو خاڵن کە لە کاتی نەبوونیان دا خزمەت زیاتر بە کورد دەگەیەنن، ئەویش خاڵی یەکەم و خاڵی دوانزدەی بڕگەی ( د ) ی پەرەگرافی پانزدەهەمە.

١ ـ دامی پەروەردە و فێرکردنی باڵا.

لە پەرەکانی پێشەوەدا باسی ئەم خاڵەمان کرد کە چ قەیران و ئەهاتی‌یەکە بۆ کورد و چۆن بەپێی پێناسەی سەرانی بەرە خۆیان، ئەم دەزگایە « مل کەچە بۆ ڕامیارێتی پەروەردەیی فێرکردنی گشتی دەوڵەت».

خاڵی دووانزدەش دەڵێت : " دامی پیشەسازی بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری پیشەسازی لە ناوچەکە، بە مەرجێک ناوهێنان و دەسکاری نەوت و کانەکان کە تایبەتن بە ڕژێمی ناوەندی بغەیە ".

خاڵێکی زۆر سەرنج ڕاکێشە ! « بەمەرجێک ناوهێنان و دەسکاری نەوت و کانەکان کە تایبەتن

بە ڕژێمی ناوەندی بغدیە ».
واتە هەموو گرێژێک تونکلەکەی بۆ کورد، و کاکلەکەشی بۆ ڕژێم.
ئەز لەو باوەڕەدام کە هەندێک لە سەرانی بەعس بە « ویژدان تر » مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا دەکەن، واتە سوپاس بۆ سەرانی بەعس، نەک بۆ سەرانی بەرە، کە تا ئەم قۆناخەی « ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە » نەتەوەی کورد باجی هەڵمژینی هەوای کوردستانی لێ نەسەندراوە، بێگومان، لەم کاتەدا دەبێت گاز بارانەکەی هەڵەبجە و بادینان بکەین بە قەزاوە گێڕی سەرانی بەرە.
با ئەوەش بیننەوە یادی خوێنەر کە ئەم پرۆژەیە لەلایەن « سەرانی بەرە » وە نووسراوە، نەک سەرانی بەعس و ڕژێمی ئێراق.
لە ئەرکەکانی ئەنجوومەنی جێبەجێکردندا، لە خاڵی (ج) لە پەرەگرافی دووانزەدا دەبێژێت: «بڵاوکردنەوەی دادوەری و پاراستنی ئاسایش و ڕێسای گشتی و پارێزگاری کردنی بوونە گشتی بە نیشتمانی و ناوچەیی یەکان و سامانی گشتی دەوڵەت و سامانی تایبەتی».
بە کوردی یەکەی، ڕژێم ئامێر و شێوازی سەرکوت کارانەی چاکی نی یە کە بتوانێت ئەو کارە «بڵاوکردنەوەی دادوەری (!!) و پاراستنی ئاسایش و ڕێسای گشتی» لە سەداسەد هەڵسووڕێنێت و پێویستی بە دەستێکی بارمەتی یە. ئەو دەستەش لە ئەنجوومەنی جێبەجێکردن زیاتر کە سەرەک کۆمار بە دەستی خۆی و بە ئارەقەی تێوڵی دروستی کردووە، زیاتر نی یە. هەر لەبەر ئەوەیە زوو ئەم خاڵەی پێ سپێرراوە، چونکە ئەگەر بە وردی بڕوانینە نەنکسیۆنی دروستی ئەم خاڵە دەبینین کە ئەرکی « پۆلیس » ی گرتۆتە خۆ، ئیدی بە مەبەستی باش بێت یان خراپ .
ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی و مووچەخۆر و فەرمانبەرانی دەزگای پۆلیسی هەموو وڵاتێکی ئەم جیهانە کت و مت بڕگەی ( ج ) ی پەرەگرافی دووانزەدەیە و ئەمە شتێک نی یە بشاردرێتەوە .
خاڵی ( و ) ی هەمان پەرەگراف دەبێژێت : « دامەزراندنی فەرمانبەر و مووچەخۆرەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، کە دامەزراندنیان پێویستی بە دەرکردنی یاسای کۆماری و ڕەزامەندی سەرەک کۆمار نی یە ».
لێرەدا دەردەکەوێت کە تەنانەت ئەم ئەنجوومەنی جێبەجێکردنەی بەرە تا چ ڕادەیەک کارتۆنی و بێ نرخ و سووکە.
دانیشتوان بە هەڵبژاردنێکی ئازاد کۆمەڵێک نوێنەریان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە، سەرەک کۆمار کودەتایەکی لە ناویاندا کردووە، بۆئەوەی دانیشتوان و نوێنەران بەگژ یەکدا بکات و لەو کارەشدا دانیشتوان تاوانبار بکرێن گوایە خۆیان بەم هەڵبژاردنە هەڵساون و کەس ڕێگای پێ نەگرتوون . هەر

دوای سەرۆک کۆمار خۆی بەدەستی خۆی و بە ئارەزوو و خواستی خۆی سەرۆکێکیشی بۆ ئەم ئەنجوومەنی جێبەجێکردنە داناوە، کەچی سەراپای هەموو ئەمە، هێشتا ئەنجوومەنی جێبەجێکردن هێزی نی‌یە، و توانا و دەسەڵاتی ڕامیاری نی‌یە کە هەموو جۆرە مووچەخۆر و فەرمانبەرێک دابمەزرێنێت. ( ؟! )

ئێمە ئەوەندە فێربووین کە سەرۆکی ئەنجوومەنی جێبەجێکردن لەلایەن سەرەک کۆمارەوە هەڵدەبژێردرێت. وە لەو خاڵەش تێ‌دەگەین و دەزانین کە سەرۆکی ئەنجوومەن دەبێ باوەڕپێکراو بێت بۆ بەجێ گەیاندنی ئەو " ئەرکە " گرنگانەی لە پاشە ڕۆژدا سەرەک کۆمار پێ‌ی دەسپێرێت، بەڵام داخۆ دەبێت ئەو مووچەخۆر و فەرمانبەرانە کێ بن و ژمارەیان چەند بێت و چ کارە بن کە پێویستیان بە بە دەرکردنی یاسای کۆماری و ڕەزامەندی سەرەک کۆمار هەیە ؟!

هەر دوایی بەردەوام دەبێت: « تەنانەت بەڕێوەبەرانی دەزگا و بیرۆ ناوەندیەکانیش کە لە هەرێمدا کاردەکەن ».

سەرانی بەرە بە ووشەی « هەرێم » خوێنەریان داگرتۆتەوە !!

دەبێت ئەو دەزگا و بیرۆ ناوەندیانە چی‌بن و کاریان چی‌بێت و چ دەسەڵات و توانایەکیان هەبێت کە لەم هەرێمەدا کار دەکەن ؟!

بێ‌گومان، ئەو دەزگا و بیرۆ ناوەندیانە ئەوانەن کە جەماوەری سلێمانی و هەولێر و قەڵادزێ و پێنجوێن و هەڵەبجە و . . . هتد خوێنی دەیان و بگرە سەدان لاویشیان بۆ ڕشت بۆ ئەوەی لە کوردستان شار بەدەریان بکەن . ئەو دەزگاو بیرۆیانە ناشێت ئەخۆشخانە و قوتابخانە و دەزگاکانی شارەوانی بن.

بەشی سێهەمی، پەرەگرافی سیازدە دەبێژێت : « جگە لەو دەسەڵاتانەی کەوا دەستەکانی ئۆتۆنۆمی پێ‌ی هەڵدەستن، هەموو دەسەڵاتێک لەسەر تاسەری کۆماری ئێراق دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی ناوەندی ».

مانای پەرەگرافەکە لە خۆیایەتی، بەڵام هێندە دەڵێن کە ئایا ئەو دەسەڵاتانە کامانەن کە دەستەکانی ئۆتۆنۆمی پێ‌ی هەڵدەسن ؟!

ئەو دەسەڵاتانە، خاڵی ( ٤ ) و ( ٥ ) ی بەشی "پاشکۆ" کانن، با خوێنەر تێیان بڕوانێت، جگە لەو دوو دەسەڵاتە ئەشباوە دەسەڵاتی تر درابێتە سەرانی بەرە. خاڵەکانی ( آ ) و ( ب ) و ( ج ) ی پەرەگرافی چواردە خۆیان ساکارن و پێویست بە توێژینەوە و شیکردنەوە ناکەن و وەک هەموو خاڵەکانی تر بێ مانا و پڕ لە داکۆکین و ڕاستەوخۆ لە خزمەتی سەرانی بەعس و پارتەکەیاندایە .

خاڵی (د) ی ئەم پەرگرافە دەبێژێت : « دامەزراندن و گوێزانەوەی مووچە خۆران و فەرمانبەرانی دەزگا ناوبراوەکانی بڕگەی - ا - لەم یاسایەدا بەگوێرەی پرنسیپ و تواناکانی کۆماری ئیراق دەبێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی بڕگەی - ب - ئەم پەرەگرافە».

ئایا ئەمە مانای ئەوە نی یە کە ڕژێم بۆی هەیە و دەتوانێت بە ئارەزووی خۆی ( بێ‌گومان بە داوەتی سەرانی بەرە ) لە کوردستان دا تەراتێن بکات و جێگای دانیشتوانی کوردستان بە «ڕۆڵەکانی نەتەوەی ئارەب» پڕ بکاتەوە و هەرچی فەرمانبەر و مووچەخۆریشە - بەتایبەتی ئەوانەی کە مەبەستیانە - لە هەموو سوچێکی ئیراقدا بڵاویکرێتەوە ؟!

پەرەگرافی پانزدە، خاڵی ( ا ) و ( ب ) زۆر ڕوون و ئاشکران. خاڵی ( ج ) دەڵێت : «سەرەک کۆمار و سەرۆک شالباران بۆیان هەیە، شالباران بنێرنە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی جێبەجێکردن».

ئالێرەدا بەتەواوی و ڕوونی دەردەکەوێت و ئەنجوومەنی جێبەجێکردن « چەند گرنگ و بە بایەخە بۆ ڕژێم، بەلام باواز لەمە بێنین و بێینە سەر خاڵێکی دیکە تر. خاڵەکە دەڵێت « . . .بۆیان هەیە. . . . بنێرنە . . . ».

دکتۆرێک و نەخۆشێک هەردوو پێکەوە بەتەنها لە ژوورێکدا دەدوێن، ئەمە هیچ دزی و ساختەچێتی و دەسبڕینێکی تێدا نی یە، بەڵکو تەنها ڕێزێکی گشتی یە بۆ تایبەتەندیەکی مرۆڤێکی نەخۆش و بۆچوونەکانی دکتۆرێک، کە بەڕێوەبەرێکیش بە تەنها لەگەڵ مامۆستایەکیدا دەدوێت، مەبەست تەنها ڕێزە لە بۆچوون و کۆمەڵێک سەرئەنجام و ڕووداو، کە ئەبەستراون بە کاری باقی مامۆستا و فەرمانبەرانی قوتابخانەکەوە.

پۆلیسێکیش کە دزێک یان پیاو خراپێک دەگرێت ناچێت بە هەموو کوچەی شاردا جاڕبدات، بەڵکو کابرا دەگەیێنێتە شوێنی مەبەست، کە پۆلیس‌خانە یاخود دادگایە، و بەم شێوەیە. کۆمەڵێک خەڵک لە هەڵبژاردنێکی ئازاددا بۆ ماوەی چوار ساڵ لە لایەن دانیشتوانەوە هەڵبژێرراون، هەر دوایش سەرەک کۆمار خۆی یەکێکیانی بە ئارەزووی دڵی خۆی هەڵبژاردووە و ئەویش جێگرەکەی خۆی و بەو شێوەیە، بەلام هێشتا سەرەک کۆمار و سەرۆک شالباران بۆیان هەیە شالباران بنێرنە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی جێبەجێکردن.

(!!)

چەند جێگای تێبینی یە !!

بێگومان ئەم یاسایەی بەرە هیچ جۆرە فەلسەفە و زانست و تەڕایەتی یەکی ناوەزیی تێدا نی یە، ئەوە نەبێت کە سەرانی بەرە دەیانەوێت هەرچۆنێک و بە هەرنرخێک بێت لە (سەددام حسێن ) ی

بگەیەنن کە ئەمان بە هیچ جۆر و کلۆجێک و هیچ کاتێک بیر لەوە ناکەنەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان وەرەقەیەک یان دو ووتەیەکی نابەجێ و ناپەسەند بە ناڕەزای دڵی سەرەک کۆمار و پارتی بەعس بدرکێنن. ئەگینا ئەم باسابە چ جۆرە پەیوەندیەکی بە فەلسەفە و ڕامیاری و ویژە و کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی و تەنانەت بۆ ئەو مەبەستەش، تۆزتۆزمیەوە هەیە ؟ !

سەرانی بەرە پێخۆشحاڵی خۆیان دەربڕیوە بەوەی کە کەسێک یان چەند کەسێکی دەرەکی ئامادەبن و چاوی لێیان بێت تا لەکاتی هەڵە و زیندەڕۆییاندا جڵەویان ڕاکێشێتەوە و بە ئاگایان بهێنێتەوە .

لەمە زیاتر، ئەم باسەی خاڵی ( چ ) هیچ جۆرە هونەر و ڕەنگینیەکی تری تیانییە.

بەرەگرانی (١٦ ) و ( ١٧ ) ساکار و سادەن و شایانی تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەنین .

ئینجا دێینە سەر پاشکۆکان :

پاشکۆکان، هەریەکسەر بە «یەکایەتی خاکی ئیراق » دەستی پێ کردووە و سەرجەمی ڕستەکان ماناکانیان دیارە و خۆیان هاوار دەکەن، ئەوەندە کە بڵێن سەرای بەرە ماڵوێرانی و سەرگەردانی و قەڵاچۆلکردنی کوردیان لە ماوەی ئەم ( ٣٠ ) ساڵەی ڕابردوودا ناوناوە « دۆخی تاڵوکە »، گوایە، نەک سەددام حسێن بەڵکو هەمو کەسێک هەڵە دەکات. هەڵەش یەک لایەنی نییە و کوردیش کەم یان زۆر تاوانبارە، سەددام حسێن و ڕژێمی بەعس دەکارن خۆیان چاک بکەنەوە و هەڵوێستیان بگۆڕن و تەنانەت هێندەش زیادەڕۆییان کردووە کە دەڵێن ... "... هاونیشتمانیانی خستۆتە دۆخێکی نادڵنیاییەوە بەرامبەر بە دەوڵەت، ... ".

ئەگەر واز لە ئیراق بێنین و تەنها لە کوردستان بدوێین، سەرانی بەرە دەڵێن، جەماوەری کوردستان، نادڵنیان، نازنن چ جۆرە هەڵوێستێک بەرامبەر دەوڵەت وەربگرن، نازنن ڕژێم تا ئەو ڕادەیە خراپە ئەمان ڕەخنەی لێبگرن، یان هەمو ڕژێمێک ئەو هەڵە ووردانە دەکات کە بەعس کروونی (؟!)، بە بڕوای سەرانی بەرە، دیاردەیەکی بەربڵاوە کە لە جیهاندا هەمو ڕۆژێک گازی کیمیاوی بەکار دەهێنرێت و بە ناپاڵم و فسفۆر خەڵک دەسووتێنرێن و بە هەزاران مرۆڤ ڕادەگوێزرێن و گوند و شارۆچکە دەروخێنرێن و ... هتد . هەر لەبەر ئەوە جەماوەری کوردستانیش نادڵنیان.

لە خاڵی (٤) دا دەڵێت :" سەرۆکایەتی بزووتنەوەی کوردی (ب.ک) دەبێت تا ئەوپەری لەگەڵ ڕژێمدا هاریکاری بکات بۆ پاریزگاری سنوور و ئاسایشی ئیراق لە ناوچەی کوردستاندا".

بەواتایەی تر، سەربەخۆیی کوردستان تەنانەت لە یەک پارچەشیدا بەهەمو شێوەیەک لە لایەن

سەرانی بەرەوە، بە ئاشکرا، ڕاستەوخۆ و بۆ دواجار ڕەت دەکرێتەوە، ئەم خاڵە بەسە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە داوای " ئۆتۆنۆمی " بە چارەسەرێکی کاتی و هەنگاوێکی تاکتیکی‌یانە دەدەنە قەڵەم و سەرانی بەرە تواناییانە زەفەریان پێ بەرن و لە خشتەیان بەرن.

لەسەر چ بناخەیەک سەرانی بەرە ئەو مافەیەیان داوە بە خۆیان کە " تا ئەوپەڕی لەگەڵ ڕژێمدا هاریکاری بکات بۆ پارێزگاری سنوور و ئاسایشی ئێراق لە ناوچەی کوردستاندا " ؟ داخۆ سەرژمێرییارێکی گشتی لەناو دانیشتوانی کوردستاندا کراوە و بزانن داخۆ خەڵکی کوردستان، یەکەم بە ئۆتۆنۆمی ڕازی دەبن ( تەنانەت بۆ ئەو مەبەستەش دەزانن ئۆتۆنۆمی مانای چی و لە فەرهەنگی ڕامیاری‌دا چۆن جێگای خۆی دەکاتەوە تا چ ڕادەیەک دەکارێت ببێتە قەڵغان لە پێناوی پاراستنی مافە نەتەوایەتی یەکانی گەلی کوردستاندا و ... هتد ؟ !! ) و دووەم، خەڵکی کوردستان دەخوازن بەدڵ و گیان، هەتاهەتایە و بەناوی تا درا نەوەی کوردستانەوە ئەو بەڵێنە بدەن و ئامادەی خۆیان دەربڕن کە " تا ئەوپەڕی لەگەڵ ڕژێمدا هاریکاری بکەن بۆ پارێزگاری سنوور و ئاسایشی ئێراق لە ناوچەی کوردستاندا " (٤١)

بێ‌گومان، نە ئەو پرسیارە ئاراستەی خەڵکی کوردستان کراوە و نە ئەو مافەش دراوەتە خەڵکی کوردستان و نە هەنگاوێکی لەو بابەتەش، زۆر یان کەم نراوە .

دیارە، لەمەدا دەردەکەوێت کە سەرانی بەرە چەند نرخی خەڵک و کۆمەڵگای کوردستان دەزانن و تا چ ڕادەیەک ڕێزی هەڵوێست و بۆچوون و خواست و ئارەزوو و ویستەی باشووری کوردستان و بۆ ئەو مەبەستەش پارچە داگیرکراوەکانی دیکەی کوردستان دەگرن.

هەموو دەزانین کە کۆمەڵێک بۆچوون و تێڕوانینی ڕامیاری جیاواز هەیە سەبارەت بە مەسەلە و کێشەی کوردستان . هەموو ئەوەش دزانین کە سەراپای ئەم جۆرە بۆچوون و تێڕوانینانەش بە توندی بەستراون بە خەسڵەتی ڕامیاری ئەو کەس و گروپ و ڕێکخراو و پارتانەوە و لەسەر چۆنیەتی بەرژەوەندی تاکەکەس و ڕێکخراو و چینایەتی ئەو لایەنانە کەوتووە .

هەندێک لەم لایەنانە بیر لە بەرژەوەندی و سوود و قازانجی تاکە کەسی ئێستایی دەکەنەوە، لایەنی دووەمیش، بەرژەوەندی ئێستایی و ئایندەیی چین و نەتەوەکەیان بەلاوە گرنگە. بەهەرشێوەیەک، ئەم بۆچوون و تێڕوانینانە هێندە وورد دەبنەوە کە زۆرجار، بە ئاشکرایی و زەقی، دووکەس، دوولایەن، دووپارت لە بەری " وڵات فرۆش " و " وڵات پارێز " دا خۆیان دەبیننەوە.

دیارە بۆچوون و تێڕوانینی ڕاستیش تەنها بە کار و کردار و مێژووی پڕ تاقی‌کردنەوەی سەرکەوتووانەی خۆی دەسەلمێنرێت . هەر بەو شێوەیەش، بۆچوون و تێڕوانینی چەوت و هەڵە و

خیانەتکاریش هەروەها لە کار و کرداردا دەردەکەون و مێژوویەکی تایبەتی و ناسراوی خۆیان هەیە و ناکرێت دەعزلی پێچەوانەکەی بکوترێت.

لەمەسەلەکەی کوردستانیش‌دا دوو بۆچوون و تێڕوانینی ئاشکرا و دیارهەن.

یەکێکیان بیری ئۆتۆنۆمیخوازیی و یەکایەتی خاکی ئەو وڵاتانەیە کە کوردستانیان بەسەردا بەشکراوە. گیروگرفتەکانی کوردستان بەستراون بە بوونی دیموکراسیزمەوە لەم وڵاتانەدا و بە ماهیەت و خەسڵەتی ڕژێمی ناوەندی‌یەوە.

ئەوەش لەبیر نەکرێت کە زۆر جار « زۆر » لایەن و کەس و گروپ و پارت لە ژێر پەردەی ئەم دروشمانەوە بە ئاشکرا لەبەری «جاشایەتی » دا بوون و دوژمنکاری نەتەوەی کورد بوون ( لەگەڵ ڕێز و سڵاودا بۆ هەموو شەهیدێک کە بوونەتە قوربانی ئەم مەسەلەیە ) بڕوانە ساڵانی (٦٣ ـ ٦٥) ی تاڵەبانی لە ئێران، (٦٦ ـ ٧٠) ی تاڵەبانی و برایم ئەحمەد لە ئێراق (پارتی شۆڕشگێڕانی کوردستان)، (٧٣ ـ ٨٩) ی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراق لە ئێران، بە هەردوو سەرکردایەتی‌یە ڕەسەن و کاتی‌یەکەیەوە چ لە زەمانی " شا " و چ لە کاتی « خومەینیزمەکان» دا.

ئەم پارتانەی ئێستای بەرە چ لە ئێران و چ سوریا . ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراق لە تورکیا، بۆ نموونە دروستکردنی ( پارتی دیموکراتی کوردستان ـ تورکیا ) و بڵاوکردنەوەی بیری ئۆتۆنۆمی خوازی و یەکایەتی خاکی تورکیا و یەکگەلێتی تورکیا لەوێش . هێنانە ژوورەوەی لەشکری سوپای پاسداری ئیسلامی لەلایەن هێزی ( ی . ن . ک ) و (پ . د . ک . ع ) وە بۆ ناوەوەی کوردستان، بۆ هەڵەبجە و بادینان ... هتد.

هەروەها، بڕوانە « سەرلێتێکچوونی ڕامیاری و خۆ وونکردنی هەردوو پارتی « حزبی کۆمۆنیستی ئێران ـ کۆمەڵە و " پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران " و پەیوەندی توند و تۆڵ و دۆستایەتیان لەگەڵ ڕژێمە فاشیستەکەی ئێراق‌دا، تا ڕێکەوتنی دوو قۆڵبانەی کۆتایی ١٩٨٨ ی ئێراق و ئێران، کە تووردانی ئەم دوو هێزە کوردی‌یە ( نەک کوردستانی‌یە ) بەدەست پێش‌خەری سەددام حسێن کۆتایی پێهات...هتد.

لایەنی دووەمیشیان مێشکی کوردستانی‌یە ( بیری سەربەخۆیی )، واتە تێڕوانین لە کورد وەک یەک نەتەوەی بە زۆر دابەشکراو و خاکی کوردستان وەک یەک خاکی بەزۆر لێک‌پچڕاو.

ئامانجی ئەم لایەنە ڕزگارکردنی مرۆڤی سەرتاسەر و خاکی کوردستانە، بە ڕێبازێکی نوێ و بە بیرێکی نوێ‌وە کە توانای بڕکردن و تەی کردنی هەمان ئەندازە و بارستایی ڕووداوە جۆراوجۆرە ناوچەیی و جیهانی‌یەکانی هەبێت، لە گۆڕە پانێکی دیموکراسی‌دا کەمەسوو لایەنێکی " کوردستانی"

بە تەواوی توانا و تاقەت و دەسەڵاتی ڕامیاری بەوە خەبات بکات و بەچالاکی خۆی هەڵسێت، نەک تەنها دژی نەوەستێتەوە بەڵکو تەنانەت (لەسەر هەڵ و مەرجی تایبەتی و پێویستی ئەو لایەنانە خۆیان و دوای ڕێکەوتنی هەسەلایەنەو خۆ ساخکردنەوەی تەواوەتی) هاوکاری بکرێت و بارمەتیش بدرێت.

گرۆپانێکی دیمۆکراسی کە نووکی هیچ جۆرە خامێکی کوردستانی نەشکێنرێت و هیچ دەنگێک کپ نەکرێت و هیچ کەس و لایەنێک نەکرێتە قوربانی ووشە و بەڵێنی چەوری دوژمنانی کوردستان. گرۆپانێک کە " سنوور " بۆ ڕەوتی بیرکردنەوە و تێڕوانین و هەڵسەنگاندن دانەنرێت و هیچ لایەنێکی تایبەتی بۆی نەبێت " شەرەفی نیشتمانی " و " پسوڵەی لێبووردن " بفرۆشێت و باسای باج و خەراجی هەسەلایەن لەسەر لایەنەکانی تر و جەماوەری خەڵک دانەنرێت . گرۆپانێک کە ڕەخنەی ئاشکرا و دروستکار، کە بانگی ئازاد و هەڵوێستی ڕوون و دیار ببێتە یەکێک لە هێزە دەینامیکیە شۆڕشگێڕەکانی.

ئەم بیرە کوردستانیە پێی وایە نەتەوەی کورد لە هیچ نەتەوەیەکەی تری ئەم جیهانە کەمتر و زیاتر نیە، بە هیچ شێوەیەک ڕێگا نادات نەتەوە سەردەستەکان بەرخورردانی تایبەتی و هەمە جۆرەی ڕامیاری و ئابووری و کۆمەلایەتی و فەرهەنگیان هەبێت و نەتەوەی کوردیش بەبەردەوامی ژمارەی کوژراو و بریندار و تەراتێنکراوی نەتەوەکەی بژمێرێت، ئامادەنیە ڕازی بێت کە نەتەوەی سەردەست ( هیچ نەبێت بە ڕێژە و بەپێی کات لەچاو نەتەوەی کورد دا ) خەریکی خۆشی و شادی بێت و نەتەوەی کورد و خاکی کوردستانیش دووکەڵی ناپاڵم و فسفۆر و گازی کیمیاوی لێ هەڵسێت.

لە خاڵی ( ٥ ) ی یەکایەتی خاکی بەشی پاشکۆکان‌دا سەرانی بەرە دەڵێن " سەرۆکایەتی بزووتنەوەی کوردی ( ب . ک ) توند و تۆڵانە لە قەدەغە کردنی سەرهەڵدانی چەکداریی‌بانەی نایاسایی لە ناوچەی کوردستان‌دا بەشداری دەکات و هەروەها لە پارێزگاریکردن و بە هێزکردنی یەکایەتی خاکی ئێراقیش‌دا ".

با خوێنەر بڕوانێتە ئەم ووشانە : " سەرۆکایەتی بزووتنەوەی کوردی "، " توند و تۆڵانە "، «سەرهەڵدانی چەکداری‌بانەی نایاسایی»، " پارێزگاریکردن و بەهێز کردنی یەکایەتی خاکی ئێراقیش دا ". ووشەکان تابڵێی ساکاران و هەموو مرۆڤێک لێیان دەگات.

ئەز دەزانم کە جاشە فرە ناسنامەرەگەزەکانی ئوردن و سودان و فەلەستین و موجاهیدی خەلقەکانی ئێران، هەر دەقاو دەق هەمان ووتە دەبێژن و هەمان مەبەستیشیان هەیە، بەڵام ئەمان نە

خۆیان ناو ناوە " سەرۆکایەتی بزووتنەوەی کوردی " و نە داوای ئۆتۆنۆمیش بۆ کوردستان دەکەن .

بەر لە هەموو شتێک " سەر هەڵدانی چەکداری‌یانەی ناپاسایی " مانای چی؟!

تۆزقاڵێ‌ی کەس هەبێت لە کوردستان‌دا - بۆ ئەو مەبەستە نە تەنها پارچەکەی ژێرچەپۆکی ئێراق بەڵکو پارچە داگیرکراوەکانی دیکەی تریش - ئەزانێت کە نەک سەرهەڵدانی چەکدارییانە بەڵکو بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێک، بچووک یان گەورە، کۆن یان تازە، لە گوند یان لە شار یا خود لەدەرەوەی‌دا قەدەغەیە . بەشێوەیەکی وا کە تاپر و ساچمەزەن و دووانزەتیری کۆنی ڕاویش بەربەست کراون . ئەمە بێ لەوەی کە لە هەموو ناوچە حەرام کراوەکان‌دا ( المناطق المحرمة ) کە یەک لە سەر سێ‌ی کوردستان دەگرێتەوە، هەر هەموو جۆرە هات و چۆو دەرکەوتن و تەنانەت "ڕەش بوونەوەیەک"-یش قەدەغە بوو و دەدرایە بەر دەستڕێژی گوللە.

ئەی کەوایە سەرانی بەرە مەبەستیان لە " ناپاسایی " چی‌یە ؟!

بێ ئەوەی مرۆڤ خۆی ماندوو شەکەت بکات بەم ووشەیەوە، ڕاستەوخۆ ئەم کاردانەوەیە لە مێشکی‌دا دروست دەبێت:

١ - ئەو پارت و ڕێکخراوە ڕامیاری‌یانەی لە باشووری کوردستان‌دا کاردەکەن و نەچوونەتە، یاخود ناخوازن بچنە " بەرە " وە، بەهیچ جۆرێک بۆیان نییە داواکاری‌یەکانیان، ئیدی سوپایی، رامیاری، سەربازی، کۆمەڵایەتی - بێت، لە سنووری داواکاری و ویستەکانی " سەرانی بەرە " تێپەڕبێت. ئەم لایەنانە لە دەرەوەی " بەرە " بن یان نە،، بۆیان نی‌یە بڕیاری هیچ جۆرە هەنگاوێکی تایبەتی بدەن، دەنا " بەرە " توند و تۆڵانە لەگەڵ ڕژێم‌دا لە پێناوی قەدەغەکردنی سەرهەڵدانی‌دا بەشداری و هاریکاری دەکات " .

٢ - هیچ جۆرە پارت و رێکخراوێکی کوردستانی دیکەی تر، ئیدی سەرچاوەکەیان باکوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوابێت، بۆیان نی‌یە لەو سنوورە دەسکردە بێنە دەرێ و لەو پارچەیەی کوردستان‌دا خەبات بکەن . واتە بۆ جاری « هەزار » ئەو پارچە داگیرکراوەی ژێر چەپۆکی ئێراق کرایە پارچەیەکی سرووشتی و خواکردی ئێراقی جیهانی ئارەب.

٣ - سەرۆکایەتی بزووتنەوەی کورد(ب.ک) خۆیان کردۆتە مۆنۆپۆلی بزووتنەوەی کورد و پسوولەی نیشتمانی دەفرۆشن.

٤ - " سەرۆکایەتی بزووتنەوەی کورد " جێگای ڕژێمی لە کوردستان گرتۆتەوە بە تایبەتی کە ڕژێم خۆی لاوازە و قاچ و قولی ئارەبی ئێراق زیاتری پێ‌ناگیرێت.

٥ - " سەرۆکایەتی بزووتنەوەی کورد " بە ئاشکرا و دیار و ڕاستەوخۆ و بێ‌شاردنەوە، بەزمانێکی

ڕەوان هاوار دەکەن کە ئەوان دژی هەموو بیرێکی کوردستانین. ئەمە باشترین خاڵە بۆ ئەو کەسانەی کە مێژووی (٣٠) ساڵەی ئەم لایەنانە و هەڵوێستەکانیان بە تاکتیک و دوژمن هەڵخەڵەتاندن و دیپلۆماسییەتی دەدەنە قەڵەم و دەزانن.

٦ ـ " سەرۆکایەتی بزووتنەوەی کورد " لە " پێناوی توند کردن و پتەوکردنی یەکایەتی خاکی ئێراقدا " دەجەنگن . ئێمەش هێندە ڕاستی دەزانین کە یەکایەتی خاکی ئێراق لەلایەن ئەمریکا و سووریا وتورکیا و ئێرانەوە هەڕەشەی لێنەکراوە، ئەی گوایە سەرانی بەرە دژی کێ دەجەنگن ؟!

خاکی کوردستان سامانی نەتەوەیی و باپیرەیی نەتەوەی کوردە، ئەم سامانەش بە درێژایی مێژوو بە تەنها بۆ ئەم جیلەی ئەمڕۆ بەجێ نەهێڵراوە کە ئێستا سەرانی بەرە لە خۆیانی تاپۆ بکەن و بیخەنە مامڵەی کڕین و فرۆشتن و ڕهنەوە، بەڵکو سامانی هەموو نەوەیەکی ئایندەیی و پاشەڕۆژە. خاکی کوردستان دەوڵەمەند و پڕ سامان و بەپیت و فەڕبێت بان نە،، نەتەوەی کورد پێویستە شانازی پێوە بکات، ئەوەش نەک وەک پارچەیەکی تایبەتی بۆ خەڵکی کوردستان بەڵکو وەک پارچەیەکی لێکنەپچڕاو لەم جیهانەی ئێمە . پارچەیەک زەوی کە هەموو مرۆڤێکی خاوەن ویژدان کە نرخ و بەهای ئازادی و ئاشتی و دیموکراسیزم بزانێت بتوانێت تیایدا بژی.

بە کورتی‌یەکەی، مایکۆفسکی وتەنی «... جێگەیەک بێت شوێن پێی بیروکراتی تیانەبێتەوە بەڵام پڕبێت لە مەزرا بۆ هەڵبەست وگۆرانی» .

خاکی کوردستان بە زۆری زۆرداری داگیر و دابەشکراوە، مێژووی هەموو پارچەیەک لەم نەتەوە ستەم دیدەیە بێ ئەملا و ئەولا کراوەتە مێژووی نەتەوەی داگیرکراو .ئەم نەتەوە سەردەستە و ڕژێمەکانیان هێندەی بە کەڵکی خۆیان هاتبێت سوودیان لەم مێژووە وەرگرتووە ئەوەش کە سوودی پێیان نەگەیاندبێ و هەر زۆر تایبەت بووبێت بە کۆمەڵگای کوردەواری و نەیانتوانیبێت گیانی کوردایەتی تیادا ڕەش بکەنەوە ئەوا تورەیانداوە و سووتاندوویانەو ژێر گڵیان ناوە و ... هتد .

ئەگەر ڕژێمی تورکیا، ئێران، ئێراق یان سووریا لە هەڵکەنینێکی ئارکیۆلۆجیدا هەندێک بابەتی بەنرخ بدۆزنەوە ئەوا یەکسەر و ڕاستەوخۆ دەکرێنە مێژووی ئەم وڵاتە . ئەوەندەی پێیان بکرێت هەوڵ دەدەن چەکوشکاری لە هەموو بوارێکی‌دا بکەن تا گیانی کوردایەتیەکەی لێ‌دەربهێنن و بیکەن بە کەلەپور و سامان و فەرهەنگی خۆیان . خۆ ئەگەر هەر زۆر حاشا هەڵنەگر و نکۆڵی لێنەکراوبوو ئەوا دەیسووتێنن و فڕێیدەدەن و . . . هتد.

هیچ کاتێک، هیچ ڕژێمێک، ئیدی شاهەنشایی و پاشایەتی بووبێت، سۆشیالستی ئارەبی، تورکی یان فارسی بووبێت، کودەتای سەربازی، یان پەرلەمانی، یان ئیسلامی و . . . هتد بووبێت هەرگیز

نەهاتوون و بابەتێکی دزێراوەی ئارکیۆلۆجی بێنن و پاکی بکەنەوە بەناوی کورد و خەڵکی کوردستانەوە لە مۆزەخانەیەکدا دایبنێن . نەخێر لەم وڵاتانەدا «کورد» نەژیاوە و ناشژی، ئەگەر نکۆڵیش لە بوونی کورد نەکرا ئەوا بە گازی کیمیاوی چەکی فسفۆری هەوڵی بنەبڕکردنی دەدرێت.

مێژووی دروست بوونی ئەم دەوڵەتانە بە دەستی ئیمپریالیستە ئینگلیزی و ئەمریکایەکان و دوایش پتەوکردنیان لەلایەن دەوڵەتی سۆڤیەتەوە ڕاستی دروستایەتی ئەم وتانەمان بێ بێ‌ئەوبەرە بۆ دەسەلمێنێت . مێژووی خەباتی کوردیش لە پێناوی ئۆتۆنۆمی‌دا کە هیچ نەبێت وەک مرۆڤ سەیر بکرێت و ئەگەر هەر وەکو نەتەوە سەردەستەکانیش تەماشا نەکرێت ئەوا لە قەرەوڵی شێلگی تفەنگیشەوە تێ‌ی نەڕوانرێت و وازی لێبهێنرێت بۆ خۆی ـ ئەگەر سەرەتایی و کولەمەرگیش بووبێت ـ بژی، لە ماڵوێرانی زیاتر نەگەشتۆتە هیچ خاڵێکی تر.

ئەم بیرەش، واتە بیری ئۆتۆنۆمی، سێ سووچکی‌بەوە لەسەر سێ دینگەی لاواز و بێ بناغە و بێ سەروشوێن ڕاوەستێنراوە، مێژوو سەلماندی کە نەشیاوە سەربگرێت . یەکەم سوچک ئەو بیرە ناپەسەندە هەڵەیە بە کە لە کەناڵەکانی سۆڤیەتەوە (پارتی کۆمۆنیستی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان داگیر کردووە) مێشکی جەماوەری کوردستانی (بۆ ئەو مەبەستە زۆر نەتەوەی بن دەستی تریش) پێ شوشترایەوە، کە گوایە نەتەوەیەکی بچکۆلە، یا خود کەمە نەتەوایەتیەکان دەکارن لەگەڵ نەتەوەی سەردەست‌دا بژین بەمەرجێک ڕژێم لەو وڵاتانەدا سۆشیالستی و پێشکەوتووخوازبێت (واتە مۆدێلی سۆڤیەت)، ئیدی گوایە وردە وردە ئەم نەتەوە بچکۆلانە هەستی ناسیونالێتیان نامێنێت و ڕادێن.

هۆی بڵاوکردنەوەی ئەم بیرە لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە (کە ئیستا لە هەڵدێری ڕماندایە) هێشتنەوەی ئەو ئیمپراتۆریەتە کەڵەکە تێنەیی‌یەی کۆمۆنیستە مافیای‌یەکانی ئەم وڵاتانە بوو، بە هەر نرخێک بێت، واتە، بە هەموو شێوەیەک دووربوو لە برایەتی نەتەوەکان و یەکسانێتی گەلان و هاریکایەتی چینی کرێکاران و هتدەوە.

لێرەدا، پێش ئەوەی هەر بکەوینە سەر ڕەتدانەوەی ئەم بیرە زۆر چەوتە، دەڵێن کە نەتەوەی کورد نە کەمایەتی‌یەو نە نەتەوەیەکی بچووکیشە و نە نەتەوەیەکیشە کە بە ژمارە بچووکتربێت لە نەتەوەیەکی سەردەست و بە هەڵکەوت کەوتبێتە ئەو وڵاتەوە . نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی وا گەورەیە کە خەڵکی کورد ( ژمارەیان لە ۳۰ ملیۆن پترە ) لەبەر ستراتیژی خاکەکەی و دەوڵەمەندی و سامانەکەی، پەرەوازە کراوە و تاکو وڵاتانی هیندستان و پاکستان و ئەفگانستان و میسر و ئوردن و لوبنان و ... هتد ڕاگوێزراوە و کۆچی پێکراوە، هەروەها نەتەوەی کورد لە هەموو نەتەوە سەردەستەکانی ئەم وڵاتانە، بەجیا گەورەترە، لەمانەش بترازێت نەتەوەی کورد دابەشکراوە، بۆیە

بۆتە نەتەوەیەکی «بچووکتر» لەم وڵاتانەدا.

مەسەلەکە، مەسەلەی هەستی ناسیۆنالیستی ئەوە ژێردەستەکان نی‌یە وەک هەندێک لایەن لێی تێگەیشتوون، بەڵکو چەوساندنەوەی تەواوی نەتەوەیی‌یە و بیری شۆڤێنزمی نەتەوەپەرستی نەتەوەی سەردەست ئەم بەیتەی هەڵبەستووە و مرۆڤە نازیرە فریوێنراوەکانیش لێیدەدەنەوە.

بۆ نموونە، زمانی کوردی بە هەموو زاراوەکانی‌یەوە لە تورکیاش و لە ئێرانیش دەدزرێت . ئەز وشەی « قەرزکردن » و « پەڕین » بەکارناهێنم . لەم کاتەی ئێستادا هەموو زمانێک کۆمەڵێک وشەی لە زمانەکانی ترەوە بۆ هاتووە، یان وەرگرتووە، ئەویش دیارە بەپێ و بارو دۆخی پێداویستی بازاڕی بازرگانی و ئاڵوگۆڕ و جیهانی تەکنیکی زاڵ ولێک نزیک بوونەوە و . . . هتد. بێ‌گومان ئەم کارەش خۆڕسک و سادە و تا ڕادەیەکیش پیرۆزە، چونکە بریتی‌یە لە هەندێک گۆڕانکاری نەبی‌بینتی مێژوویی و یەک هاو ئاهەنگیشە لەگەڵ ڕەوتەکانی تری مێژوودا. بەڵام کە فارس و تورکەکان بە خەروار وشەی کوردی دەناخننە نێو زمانەکانی خۆیانەوە ئەمە نە " قەرزە " و نە " پەڕین " و نە" گۆڕانکاری نەبی‌بینتی مێژوویی و نە یەک هاو ئاهەنگیشە لەگەڵ ڕەوتەکانی تری مێژوودا" چونکە نەتەوەی کورد لەم وڵاتانەدا هەر دانیشی پێدا نەنراوە و نکۆڵی لە بوونی دەکرێت و پڕوپاگەندەی سووک و کەمیشی دژ دەکرێ، ئیدی " قەرزی " چی و کاری خۆرسکی و سرووشتی چی ؟!

ئەم کارە وەنەبێت تەنها لە زمان‌دا ڕەنگی دابێتەوە، بەڵکو تەنانەت لە موزیک و بەستە و گۆرانی و فۆلکلۆر و ئالەتی موزیک و ... هتدیش‌دا، یەکێک لە فەرشە بەناوبانگە جنراوەکانی کوردستان فەرشی " هەوشارە "، کە لە ئەورووپادا بە ناوی فەرشی فارسیەوە دێتە فرۆشتن، دیارە ئەم بابەتانە و هونەر و کار و کردارەکانیان نە قەرزکراون و نە کڕاون و نە بە دەستیاو براون و نە هیچ.

سووچکی دووهەم بریتی‌یە لە هانی هانی و پڕوپاگەندەی نەتەوە سەردەستەکان گوایە کورد "جیابوونەخواز"ە و دژی یەکایەتی خاکی ئەم وڵاتانەیە و دژی یەک گەلیتی ئەم دەوڵەتانەیە (دیارە ئەمیش هەر لەسەر بنەمای بۆ چوون و تێڕوانینەکانی سۆڤیەت) و ئەم جۆرە داوایانە بریتین لە داخوازی ئیمپریالیزم دژی کرێکارانی ئەم وڵاتانە" هەروەک "کرێکاران" کوردستانیان بەش کردبێت و "ئیمپریالیزم" هێزی کاری ئەم وڵاتانە بێت!!

خۆی لە ڕاستی نەتەوەی کورد دەبوایە شانازی بە وشەی " جیابوونەخواز " ـ ەوە بکردایە و دەماودەم، هەر ئەوەندەی لە زاری ئەم ڕژێمانە دەکەوێتە خوارەوە ئەم بیقۆزتایەتەوە و دەیاتی بکردایەتەوە . بەڵام بەداخەوە بیری ئۆتۆنۆمی خواز و جاشایەتی کورد ئەم وشەیەیان کردۆتە مایەی

شەرم و شکۆ و کەسێتی بۆ کورد، گوایە کورد جیابوونەوەخواز نی‌یە.

ئەمەش دیارە پلان و هەنگاوێکی سایکۆلۆژیانەیە کە بە کورد بڵێن " جیابوونەخواز " تاکو سەرانی نازانستی و دەبەنگ و هیچ نەزانی خێڵەکایەتی و فیوداڵی کورد کاردانەوەی ئەم ووشەیە بە هەڵە وەربگرێت و لە جیاتی پی‌ی خۆش بێت بڵێت بەڵێ من جیابوونەوەخوازم، دەڵێت " نەخێر، من جیابوونەوەخواز نیم" .

دیارە دوای ئەوەش تەنها ئەلتەرناتیڤ مانەوەیە لە سنووری ئەم دەوڵەتانەدا و پارێزگاریکردنە لە یەکایەتی خاکی ئەم دەوڵەتانە کە ئێستا سەرانی بەرە سوێندیان پێ خواردووە.

سوچکی سێیەم، بریتیە لە بیری ئۆتۆنۆمیخواز و بەرژەوەندی تایبەتیخواز و مێشکی خیانەتکاری کوردی کە فیوداڵ و هوردە بۆژوای بی‌زەمینەی نابووری ترسنۆی کورد و هەندێک فەریکە مارکسی کورد هەڵگرین، بەداخەوە کە تا ئێستا دەست و باڵی زاڵ بوون لە بزووتنەوەکاندا.

ئەم سێ سوچکە خۆیان لەناو خۆیاندا داکۆک و ناتەبا و پڕ کۆنترادیکتن و لە ماوەیەکی زۆر کورت و لە هەنگاوی تەسک‌دا نەبێت پێکەوە هەڵناکەن .

مێژوو دەیان جاری سەلماند کە سەرانی پارتی بەعس چەند بڕوایان بە سۆشیالیزمە و تا چ رادەیەک وەک مرۆڤ دەڕواننە کورد و تاکوێ لە هەمان ڕێگادا لەگەڵ سەرانی ئۆتۆنۆمیخواز و پارتی کۆمۆنیستی ئیراقی‌دا بردەکەن.

دیارە ئەم جووینەوە و خەرەکە بێ نایندەیە وا لە مرۆڤ و نەتەوەی کورد دەکات بیر لە ڕێگای تر بکاتەوە و هانا بۆ شێوازی مۆدێرن تر و هاسانتر و باشتر بەرێت کە بتوانێت بە هێزیانەوە مرۆڤ و خاکەکەی سەرفراز و ڕزگار بکات . دیارە ئەمەش تەنها تایبەت نی‌یە بە گەلی کوردستان، بەڵکو هەموو بوونێکی دیل و ژێردەست و ناسەربەخۆ، هەنگاو هەنگاو ڕوداوڕووی سەرفرازی و سەربەخۆیی هەنگاو دەنێ و خۆی لەگەڵ بوونە جیاواز و دۆخە خۆیی و بابەتی‌یەکاندا دەگونجێنێ.

هەر لەبەر ئەم هۆیانە و هەندێک هۆی تر کە پەیوەستن بە خەسڵەتی تایبەتیانەی ڕژێمی فاشیستی تورکیاوە نەتەوەی کورد لە باکووری کوردستان‌دا ئالای سەرخۆبوونیان بەرزکردۆتەوە و دروشم و بیری ئۆتۆنۆمیخوازیان تورداوە . ئەم دیاردەیە لە باشوری کوردستانیش‌دا پەرەی سەندووە و لە شێوەی داوای مافی چارەنووس‌دا بەرزکراوەتەوە، لە ڕۆژهەلاتی کوردستانیش بزووتنەوەیەکی توندوتۆڵی کوردستانی لە بەرەوی بردنەوەی گرەودایە و هەموو ڕووداو و بەسەرهاتنەکان نوقلانەی مایەپووچی بیری پانئیرانیزمی شاهەنشای و هەموو شێوەکانی تر، لە کوردستاندا ، دەدەن.

پارتا کارکەرێن کوردستان (P.K.K) لە ساڵی ١٩٨٤ وە قۆڵی خەباتی چەکداریانەی

ڕزگاریخوازیان لێ هەڵکردووە. دامودەزگای توند و پتەوی - دوایی دێنە سەری - رامیاری و پروپاگەندەیی و سەربازی دامەزراندووە کە فاشیستەکانی تورکیا و دەوڵەتە ڕەگەزپەرستەکانی خستۆتە گێژاوی سەرلێشێواندنەوە، بەشێوەیەک کە بە ئاشکرا بە دوای جاشی ئینتەرناسیۆناڵی دا دەگەڕێن کە بێنە کۆمەک و یاریدەیان.

لە سەرەتای بەهاری ئەم ساڵدا - ( ١٩٩١ )، هەموو جیهان شایەتی لە دایک بوونی پارتێکی کوردستانی دیکەیان کرد (پارتی ئازادی کوردستان PAK) کە لە باشووری کوردستاندا چاوی بوونی هەڵهێناوە و شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی پارچەکانی دیکەی گەلی کوردستانی پارچەکراویان کردۆتە یەکەم دۆستی ستراتیژی خەباتی خۆیان و برایەتی گەلانی ئەو ناوچەیە تەنها لە ئازادی و سەربەستی و سەربەخۆیی هەموو گەلانی ناوچەکەدا دەبینن، نەک وەک هەندێک لایەنی دیکە کە ئۆتۆنۆمی بە باڵای کورد دەبڕن و بن دەستایەتی و دیلێتی و بێ مافی کوردیشیان کردۆتە بەردی بناخە و دینگەی سەرەکی یەکایەتی خاکی ئەو وڵاتانە و برایەتی گەلانی سەردەست و خاوەن دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری .

بەم شێوەیە دەبینین، کە تەنها هەر مێشکی ئۆتۆنۆمیخواز و خیانەتکار لە گۆڕەپاندانی یە، بەڵکو هەروەها مێشکی سەربەخۆیی و سەرفرازیش . ئەمەش دیارە مافێکی سادە و ڕەوای مرۆڤە و مرۆڤ دەکارێت بۆچوون و بیر و بیروانین هەمە جۆری هەبێت، چ بەرامبەر بە خۆیی و چ بەرامبەر بوونەکانی تر و چ بەرامبەر گیروگرفت و کێشە و داکۆکیکانیش.

ئەم ئازادییە بە توندی بەستراوە بە سەربەخۆیی ژیان خۆیەوە و یەکێکە لە مافە دیموکراسی و ڕەواکانی مرۆڤ، بەڵام هێندە سەرەکی و گرنگە کە مرۆڤ ناکارێ بێ ئەم ئازادییە، واتە ئازادی بیر و بۆ چوون و بیروانین، بەردەوامی بەژیانی بدات و سەرکەوتوو بێت.

ئیدی دەبێت بۆچی سەرانی بەرە " بەشێوەیەکی توندوتۆڵانە بەشداری لە ئەنجومەنی دا بکەن " ؟!

پارتی کرێکانی کوردستان، پارتی ئازادی کوردستان ( PAK )، یاخود پاسۆک و زۆر ڕێکخراوی کوردستانی تر، لەوانە ( پارتی سەربەخۆیی کوردستان - ژێر چەپۆکی ئێران ) و بەدەیان گروپی چەپ کە داوای مافی چارەنووس، واتە " لە هەڵبژاردنێکی ئازاد دا "، دەکەن، هەر لە سەرەتای دامەزراندنیانەوە خۆیان بە وڵات و سنوورێکی تایبەتییەوە نەبەستاندووە، چ وەکو ڕژێم و چ وەکو نەتەوەش . بەڵکو پێناسەی خۆیان وەک پارتێکی کوردستانی کردووە و سنووری چالاکی و خەباتی خۆیانیان بە درێژایەتی و پان و بەرینی ڕووبەری کوردستانەوە بەستۆتەوە.

پاری کرێکارانی کوردستان P.K.K وەک پارتێکی کوردستانی کە ستراتیژێکی ئاشکرا و

دیاریان هەیە، بێگومان دەبێت بۆیان هەبێت لە هەرچ شوێنێکدا بیانەوێت و بخوازن هەوار هەڵدەن و خەبات بکەن . مرۆڤی کوردیش بچووک بێت یان گەورە، نێر بێ یان مێ، لە باکوور و رۆژهەلات و باشوور و رۆژئاوا بێت بۆی هەبێت ببێتە ئەندام و لایەنگر و دۆست و هاوڕێیان بێ ئەوەی لە مەترسی گرتن و ڕاو نان و کوشتن‌دا بێت، یاخود لە مەترسی تەسلیم کردنەوەدا بێت بۆ دەوڵەتی تورکیا، ئێران، ئێراق یان سووریا.

ئەم مافە، مافێکی بنچینەیی مرۆڤایەتی و دیموکراتیە و نابێت خەڵکی کورد لێی بێبەش ببێت و ناکرێت پێچەوانەکەی بەزۆری زۆرداری لە کوردستان‌دا بێتە ئەنجام، ئیدی بۆچی سەرانی بەرە "بەشێوەیەکی توند و تۆڵانە بەشداری دەکەن لە نەهێشتنی‌دا" ؟!

دیارە مرۆڤێکی کورد کە لەبیری ئۆتۆنۆمیخوازی و خیانەتکاری بێ تاقەت و بێ هیوا و نائومێد و ڕەش بین دەبێت، دەبێت بۆی هەبێت بە شوێن ئەلتەرناتیڤێکدا بگەڕێت.

مرۆڤی کورد ناتوانێت تەنها لە نێوان دوو ئەلتەرناتیڤی " ئۆتۆنۆمی خواز " و " پاسیڤیزم و دوورە پەرێزی " دا بمێنێتەوە و هەر بۆی هەبێت بەیەکێک لەمانەوە لەنگەر بگرێت.

ئەو مرۆڤە کوردەی کە تا ئێستاش دوای بیری ئۆتۆنۆمیخوازی و خیانەتکاری سەرانی بەرە کەوتووە، لەبەر ئەوەی هەڵخەڵەتێنراوە، هەڵە بووە یان هەرشتێکی تر، دەبێت بۆی هەبێت کە ڕێگای ئەلتەرناتیڤێکی تر بگرێتە بەر، کە بیری سەربەخۆبوونە، یاخود دارای مافی خۆنووسینە لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و سەربەست‌دا.

مرۆڤی کورد، مرۆڤی شۆڕشگێڕ، مرۆڤی هارچەرخ و سەردەمی هەرگیز بەوە ڕازی نابێت ئەلتەرناتیڤی سێیەمی بەزۆری زۆرداری پێ هەڵبژێردرێت کە دوورەپەرێزی و پاسیڤیزمی و دەبەنگی و کیسەڵ ڕەوی‌یە. بەواتایەکی تر، کە دان نانە بە ژێردەستەیی و دیلیەتی‌دا، تەنها لەبەر ئەوەی سەرانی بەرە بە " دروشمی کۆماری ئێراق " سوێندیان خواردووە کە " بەشێوەیەکی توندوتۆڵانە بەشداری بکەن لە نەهێشتنی‌دا ".

بیری سەربەخۆیی ئەو بیرەیە کە یەکایەتی خاکی کوردستان و نەتەوایەتی کورد بە مافێکی ڕەوای نەتەوەی کورد دادەنێت کە تا ئێستا لێی زەوت کراوە و براوە و خوراوە . دیارە ڕەوایەتی ماف بەس نییە بۆ سەندن، بەڵام بیری سەربەخۆییش ئەم ڕاستیە دەزانێت و خاوەنی تیۆری شۆڕشگێڕایەتی و فەلسەفی و ڕامیاری خۆیەتی و بڕوای بە هێزی گەلە، نەک بە هێزی دوژمن، لە جەماوەری ڕەش‌ورووت و زەحمەتکێش و کرێکار و جوتیاری کوردستان سڵ دەکاتەوە نەک لە هێزی سوپای دوژمن. ئامادەشە لە کێو و دۆڵەکانی کوردستانەوە کۆڕی هەواڵنێری ببەستێت نەک لە

هۆڵی میوانانی سەددام و ئۆزال و رەفسەنجانی و ئەسەدەوە.

سوێند خواردنەکەی بڕگەی ( ٥ ) کە ناوی لێنراوە " یاسا " نەک هەر ترساندنی خەڵکی باشوری کوردستانە و دەدرێت بەگوێی رۆڵەی نەتەوەکەماندا کە جارێکی دی بزووتنەوەی جەماوەری سەرتاسەری ساز نەکەن و ئاڵای سەربەخۆیی بەرز نەکەنەوە و شورای میللی دانەمەزرێنن و دروشمی « ئۆتۆنۆمی بابەسبێ، میللەت بۆ خۆی سەربەرزبێ » هەڵنەگرن، بەڵکو پێوەندکردن و تۆقاندن و هەڕەشەکردنە لە پارتە کوردستانیەکانی تری بەشە داگیرکراوەکانی تری کوردستانیش و بە ئاشکرا پێیان دەڵێن، ئێوە بۆتان نیبە یەکایەتی خاکی ئێراق بخەنە مەترسی‌یەوە، ئێوە بۆتان نی‌یە ئاهەنگ و گۆڵمەزی ئۆتۆنۆمیمان لێ تێکدەن، ئێوەش بڕۆن داوای ئۆتۆنۆمی « ڕاستەقینە » بکەن کە ئێمە بەباڵای کوردمان بڕیوە، ئێوەش لە پێناوی گیرفانی گەرم و پاروی چەوری خۆتان‌دا سەودا و مامەڵە بکەن، ئێوەش لە دووتوێی لیفەی سەرانی رژێمەکانی خۆتان‌دا رۆژ بکەنەوە . ئێمە ئەگەر هیچمان پێ نەکرێت ئەوا شۆڕشمان پێ تێک دەدرێتەوە .

بیری کوردستانی، بیری سەر بەخۆیی و سەرفرازی بە ئاشکرا لەم بزووتنە جەماوەرە سەرتاسەریەی باکوور و باشوری کوردستاندا بە کامڵی لەدایک بوو.ئەستەمە سوێندخواردنی سەرانی بەرە و دروشمی یەکایەتی خاکی ئێراق لە بەغداوە بتوانێت تەنگی پێ هەڵبچنێت، کاتژمێری مێژوو بەرەو پێشەوە لێدەدات و گەڕانەوەی ستەمە، کاروانی خەبات هۆی لە تاریکیەوە هەنگاوی هەڵهێناوە، بەرەو ڕووناکی دەڕوات و ئاسۆی لێڕوونە و هیچ هێزێک بەرەو تاریکستانی ناگەڕێنێتەوە . پێشمەرگەکانی کوردستانیش . بە چاوی تێبینی و پەروەردە کاری و سەرنجەوە دەڕواننە " سەرانی بەرە " و هەرگیز نابنە تابوری پێنجەم و هێزی نەنفالی دوژمن .

بابەتی دوایی ئەم پرۆژەیە کە « گەڕانەوەی هێمنی بۆ کوردستان » و « دیموکراسی‌یە لە ئێراق »دا تا بڵێی کەم بابەخ و سووک و بێ نرخە، لە دوا پەڕەدا، لە باسی دیموکراسی بۆ ئێراق »دا دەڵێت:

بۆ هێنانەوەی دیموکراتی بۆ ئێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ هەرێمی کوردستان دەبێت ڕژێمێکی کوالیسیون ( فرەلایەن ) ی کاتی دابمەزرێت، کە هەڵدەستێت بە زەمینە خۆشکردن و ئامادەکردنی پێداویستی‌یەکان بۆ هێنانە کایەی هەڵبژاردنێکی ئازاد پاش شەش مانک دوای دامەزراندنی ...».

ئێمە ئەوەندە دەڵێین کە یەکەم هەفتەی دەست تێکەڵاوکردن و سازشەکەی سەرانی بەرە، نوێنەری یەکەمیان « تاڵەبانی » لە بەغداد گوتی " من هەرگیز هێندە گەش بین نەبووم، دیموکراسیزم لە ئێراق‌دا بەر کەماڵ دەبێت و ئۆتۆنۆمیش دەدرێت بە کوردستان ... هتد ".

ئێمە دەڵێین کە مێژووی ئێمرۆ پڕی (٣٠) ساڵی ئەم جۆرە ڕامیاریتی و هەڵسوکەوتە،

تاقیکردنەوەی ئەم ( ٦ ) مانگەی ئەم دوای بەدەست تێکەڵاوکردنەی سەرانی بەرە، لە هەموو کاتێکی تر باشتر ئەو ڕاستی‌یە دە پات دەکەنەوە کە نەک پاش شەش مانگ، بەڵکە پاش دەیان مانگی پڕ خۆ سووک کردن و خۆ بردنە پێشەوە و مامەڵە و سەودادا «هەڵبژاردنێکی»وا نەشیاوە سەربگرێت، ڕۆژانی ئاییندە چاونێری ئەم سووربوونە دەبێت. ئەوە ئەوان و ئێمە و مێژوو.



---

* لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانی ئەم دواییەدا (مانگی ١٩٩١/١٠) د.مەحمود سۆرانی، بە مەسعود بارزانی دەڵێت: Mr. Insade و ناوی تاڵەبانیشی ناوە Mr. outsade وبە خۆشی دەڵێت: Mr. Between. ئەم کاسێتە لە ئەرشیفی «کۆمیتەی هاوکاری کۆمەڵە کوردییەکاندا» دەست دەکەوێت.

# ئەمجارەیان، سەرانی بەرە
# شەیدای سیستەمی دیموکراتی تورکیان

مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازیانەی باکووری کوردستان بەشێکی لێک نەپچڕاوە لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی سەرانسەری کوردستانی داگیرکراو. مێژووی ستەم و زوڵم و زۆری تورکە کەمالیستە شۆڤێنی‌یەکان لەسەر ئەم بەشەی نەتەوەکەمان لە باکووری کوردستان‌دا نەک هەر تراژیدی‌یە و بەس بەڵکو مرۆڤی خاوەن ویژدان و بە نرخ بێزی لێ دەکاتەوە .

هەر لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەنجە تورکەکانەوە و ڕوکاندنەوەی دەوڵەتە نەخۆشەکەی ئوسمانی و دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە نەتەوەی کورد کە ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی نیشتمانی خەڵکی تورکیادا، دوو چاری چەوساندنەوە و ئازار و ئەشکەنجەیەک بوو کە ڕەنگە لە مێژوودا هاوتای نەبێت.

نەتەوەی کورد نەک تەنها ماڵ و سامانی دزرا و براو سووتێنرا، نەک تەنها ماڵ و منداڵی کرا بە نووکی نێزەوە و نیشانەی شەستیری فاشی دڕندەکانی تورکیاوە، بەڵکو نکۆڵی لە بوونیشی کراو ناوی لێنرا " تورکی شاخاوی " .

تەنانەت پارتێکی وەکو پارتی کۆمۆنیستی تورکیا کە " دەبوایە " باشترین دۆستی کورد بوایە، ئەو کاتانەی لێدەرچێت کە لەلایەن ڕژێمەوە لێی هەڵپێچراوە و قەدەغە کراوە، هەموو کات لەسەر قاقڵەی بە تورک کردنی مرۆڤی کورد و بە " تورکیا " کردنی خاکی کوردستان بووە، ئیدی ئەوە چ جای پارتە بورژوا و شۆڤێنی‌یەکانی تورک .

باکووری کوردستان " ژێرچەپۆکی تورکیا " گەورەترین پارچەی نیشتمانەکەمانە و بەشی هەرە زۆری کوردیش لە ویندەریێ دەژین . هەرچەندە سەرژمێرێکی زانستی و ئازاد و تائێستا نەکراوە، بەڵام بە پێی سەرچاوە جیاوازەکان ژمارەیان لە ( ١٥ ) ملیۆن پتر دەبێت و ناوچەکە لە ( ٢٠ ) بیست باژێری سەرەکی پێکدێت کە بە تورکی پێی دەگووترێت " ویلایەت " و کورد لە هەموو ئەم باژێڕانەدا زۆرینەن.

ئەم بەشە زەوت کراوەی کوردستان وەک هەموو پارچەکانی تر لە ڕووی پیشەسازی گرانەوە

دوواکەوتوە و برەوی پی‌نەدراوە و بایەخی پیشەسازی و بازرگانی نەدراوەتی، ئەگەرچی لە نەوت و ئاسن و کانەکای تریش‌دا دەوڵەمەندە . کشتوکاڵ هەرچەندە زۆربەی داهاتی نەتەوە پێک دەهێنێت هێشتا هەر لە قۆناغە سەرەتای‌یەکان‌دا ماوە و هێزی بەرهەم‌هێنان تیایدا دوواکەوتوو و سەرەتای‌یە و هێزی فیزیاوی مرۆڤ گەورەترین هێزی بەرهەمهێنان و خستنە گەڕە .

لەم بەشەی وولاتەکان‌دا، ژمارەی زیندان لە ژمارەی نەخۆشخانە و قووتابخانە و کارگوزاری‌یە گشتی‌یەکانی تر زۆرترە . بە شێوەیەک کە بازێرێک یان شارۆچکەیەکی بیست‌هەزار کەسی نەخۆشخانەی تیانی‌یە، بەڵام زیندانێکی تێدایە کە جێگای هەزاران کەس دەگرێت و پارەی نەخۆشخانەیەکی زیاتری تێچووە و خەرجی ئەو کەسانەی کە دەبێت بەڕێوە لە خەرجی مووچەخۆر و فەرمانبەرانی دەسگایەکی کارگوازی گەلێک زیاترە. لە هەموو یەکێک لەم گوند و شارۆچکانەدا بارەگایەکی پۆلیس و هێزی نهێنی و یەکێکی سەربەسوپا و دانەیەکی دەمیت‌ەی تێدایە.

لەبەر هەژاری و بێ کاری و نەبوونی هۆی گواستنەوە و ڕێگاو بانی باش بەشێکی زۆری منداڵانی نەتەوەکەمان ناتوانن بچنە قووتابخانە یاخود پلەکانی خوێندنیان پێ تەواو ناکرێت . لە قووتابخانەکاندا لە کاتێک‌دا کە ئاڵای تورکیا هەڵدەکەن، منداڵان دەبێت بە شانازیی‌یەوە هەموو بەیانی‌یەک بەیتێکی شەش دێڕی بڵێنەوە. ئەم بەیتە شەش دێڕی‌یە بەو مەبەستە دەووترێتەوە کە منداڵان لە قۆناغی " خۆدۆزینەوە " و " خۆدروست کردن " و " خۆناسین " دا پێ‌ی ئاشنا بێن، بەو هیوایەی بیێتە زەمینەیەکی مادی بۆ خۆ بە (تورک ـ ناسین) ـ ی منداڵ لە قۆناغەکانی پاشەڕۆژیدا.

ئەوەش بەیتەکانن

| | |
|---|---|
| ئەز تورکم | Ben Tûrk `ûm |
| دایکم تورکە | Annem Tûrk |
| باوکم تورکە | Babam Tûrk |
| داپیرەم تورکە | Ninem Tûrk |
| باپیرەم تورکە | Dedem Tûrk |
| بنیادەم تورکە | Soyum Tûrk |

یاخود ڕۆژانە،بەیتا بەیتا دەبێت ئەم ڕستەیە دووبارە بکەنەوە

" ne muttu turk umdiyen " واتە " شاد ئەو کەسەیە کە بێژێت ئەز تورکم " . (١٧)

لە مێژووی دامەزراندنی ڕژێمی تورکیاوە سەرجەمی زیندانی‌یە کوردەکانی ڕۆژانەی ئەم وولاتە لە (٢٠٠٠٠٠ ) هەزار مرۆڤ پترە، لە کاتی هاتن و دەست گرتنی سەرباز بەسەر ڕژێمدا، ئەم زیندانیانە، بە زیندانی مرۆڤی تورکەوە دەگاتە ( ٦٠٠٠٠٠ ) هەزار کەس، لە دوا سەرژمێری زیندانی‌یەکانی تورکیا کە دەزگای ئەمنیستی ئینتەرناسیونال Amensty international لە ڕژێمی سەربازی تورکیادا کردبووی، گەیشتبووە ( ٦٣٥٠٠٠ ) مرۆڤ، بێ‌گومان، بەپلەی یەکەم کورد و ئینجا تورک و ئەرمەنی و ... هتد.

ئەو کوردەی کە زیندانی‌یەو زمانی تورکی نازانێت دەبێت لە زینداندا بمێنێتەوە تا خۆی فێری زمانی تورکی دەکات، هەرچەندە کە دادگای زیندانی لە تورکیادا گاڵتەی منداڵان و ڕابواردنێکی فاشیستانەیە، بەڵام مرۆڤ دەبێت زمانی کوردی فێر بێت ئەوجا دادگا دەکرێت . بێ‌گومان، ئەمە خۆی لە خۆی‌دا شکاندنی وورە و گیانی کوردە، کە بەزۆر، هیچ نەبێت لە زینداندا فێری تورکی بکەن و لە هەمان کاتیش‌دا ئۆتۆماتیکی باوەڕی پێ بهێنن کە " دادگا " یەک‌هەیە لە تورکیادا، و بەتایبەتی بۆ خەڵەتاندنی ڕای گشتی جیهانیش.

هەر وەکو ڕژێمی فاشیستی ئیراق، ڕژێمی تورکیاش سەدان یاسا و بڕیاری تایبەتی بە پەلە دەردەکات، بە هیوای ڕوانان و چەواشەکردن خەفە کردن و ترساندن و زیندانی کردن و کوشتن بڕینی خەڵکی شۆڕشگێڕی کورد، سەدان کەس بەجارێک لە هۆڵێکی گەورەدا لێیان دەپرسرێتەوە و بە کۆمەڵ بڕیار لەسەر چارەنووسیان دەدرێت، تائێستا هەزاران کەس لە خەڵکی شۆڕشگێڕی کورد لە زیندانەکانی تورکیا و کوردستان‌دا گیانیان لە ژێر ئازار و ئەشکەنجە و لێدان و تیرۆری جەندرمەکانی تورکیادا سپاردووە.

لە تورکیادا نەک تەرم و لاشەی شەهیدێک نادرێتەوە بە خاوەنەکەی، بەڵکو تەنانەت هەرکەسیش ناتوانێت خۆی بکات بە خاوەنی، چونکە هەموو ئەندامانی خێزانەکەی دەکوژرێت و ماڵەکەی خاپور دەکرێت و ڕاشەدەگوێزرێ بۆ ناوچەیەکی تورک . یەکێک لەو شارانەی کە دەکەوێتە تورکیاوە و بۆتە زیندانی خەڵکی کورد، ناوی " قونیەیە " و ئێستا نزیکەی نیو ملیۆن کوردی ڕاگوێزراوی تیا دەژی.

زۆرجار، تەرمی خەڵکی شەهیدکراو، بۆ ئەتک و شکاندنی ویژدان و بە ها مرۆڤایەتی‌یەکانی لە نێو گۆڕەپانی ئەو شوێنەدا بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک هەڵدەواسرێت کەسیش مافی نی‌یە و بۆی نی‌یە توخنی بکەوێت.

هەڤاڵێکی باکوری کوردستان کە خۆی ٣ ساڵ لە زیندانەکانی تورکیادا بە تاوانی بە کوردی

قسەکردن گیرابوو، بۆی گێڕامەوە کە ناخۆشترین شت لە زیندانەکاندا ئەوە نییە کە مرۆڤ بە وەخت و ناوەخت لێی دەدرێت، یاخود لە کونجێکدا زیندانی دەکرێت کە لە بالای مرۆڤ خۆی کورت ترە، یان تەنیا چەند جارێک لە بارستایی مرۆڤ فراوانترە . ناخۆشییەکان ئەوانە نین کە لە زۆربەی زیندانەکانی فاشیەکانی جیهاندا هاوبەشە، بەڵکو ئەو وێنانەن کە پۆلیسی تورکی لەژوورەکاندا هەڵیان دەواسن.

ئەو وێنانە، وێنەی پۆلیس و ژەندرمەیە کە دەست درێژی دەکەنە سەر ناموسی زیندانی، ئیتر نێر بێ یا مێ، یان خوشک و دایک و مێینەی زیندانی‌یەک، یان وێنەی ڕووت و قووتی ئافرەتی زیندانی و دەست بۆ براوو ئەتک کراوە،بۆ ئەوەی کە زیندانی‌یەکە هیوای لێ بپڕێت و ویژدانی بروشێنرێت و دڵی ئازار بدرێت.

بە هەر شێوەیەک، قووڵبوونەوەی گیروگرفتی کوردستان لەو پارچەیەدا کە ئیمپریالزمی ئەمەریکی و وڵاتە ڕۆژ ئاوایی‌یەکانی سەر بە "ناتۆ" دەستی یەکسیان تێی‌دایە، بۆ ئەوەی تورکیا بکرێتە گزرەپانێکی والاْ دژی یەکێتی سۆڤیت و بە کارهێنانی ژمارەی دانیشتوانی تورکیا کە لە (٥٥) ملیۆن پترە، وەک قەڵغان و کەوشی فیدای شەڕێکی ئەتۆمی یان سەربازی گەورە، لەبەر ئەم مەبەستەش خوێنی کورد حەلاڵکراوە بۆ ڕژێمی تورکیا.

ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی ئێران و خۆ گورج کردنەوەی جەماوەری کوردستان لەو بەشەی‌دا، وای لە ئەمەریکا کرد کە بە زووترین کات هەر وەک پەرکەسێکی دەساڵ جارە کودەتایەکی سەربازی فاشی لە تورکیادا دروست بکات، تاوەکو بزووتنەوەی نیشتمانی تورک و کوردستان جارێکی تر بخنکێنرێتەوە و لە باربیرێن، هەر ئەوکاتەش، برادەرانی پارتی، کە هێشتا لەلایەن ئەوانەی خۆشیانەوە هەر پێیان دەووترا " سەرکردایەتی کاتی " و ئەم تاڵەبانی‌یەی ئێستا، شەڕێکی براکوژی وایان خۆش کردبوو سەگ لە خاوەنی خۆشی دەوەڕا، لەگەرمەی ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەدا پارتی کرێکارانی کوردستان ـ P.K.K دامەزرێنرا و دەروازە لەسەر خەباتێکی سەختی ڕامیاری و سەربازی و پروپاگەندەیی و ئابووری لە کوردستاندا کرایە و مەرگی فاشیزمی داگیرکاری تورکیاش چەکەرەی کرد .

دیارە پارتی کرێکارانی کوردستان خەسڵەتی سۆپەرمانی نی‌یە، تا بێ هەڵە و کەم و کوڕی بێت، بەلاْم مێژووی ئەم (١٤) ساڵە سەلماندی کە پارتی کرێکارانی کوردستان، ئەگەر هەر لەسەر خەباتی بێ ووچان و دیسپلین و پرەنسیپە پتەو و تۆکمەکانی خۆی هەنگاو بنێت ئەوا بە دڵنیاییەوە تاکە پارت دەبێت لە کاروانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردستاندا، هەروەها نموونەی خۆڕاگری و وڵات

پارێزی و هێمای ژیانەوە و " کورد زیندووە " دەبێت.

پارتی کرێکارانی کوردستان لە کاتێکدا هەڵبێنی خەباتی دا، کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دۆخێکی سیاسی ناسک و ئاڵۆزدا بوو، کوردستانیش لە لایەکەوە شەڕی براکوژی و پلان بۆ کراو و لەلایەکی ترەوە، بزووتنەوەیەکی جەماوەری بێ ڕابەرو و بێ پێشەوا و لە هەلاشەوە، دەستێکی ئاسنینی سەربازی فاشی، خنکاندبووی و هێزو توانای لێبڕیبوو.

پارتی کرێکارانی کوردستان، هەر لە سەرەتاوە بڕوای وابووە، کە یەکێتی کوردستان، یەکێتی پارت و ڕێکخراوەکانی کوردستان بەردێکی بناخەیی و بنەڕەتی سەرخۆبوون و سەرفرازییە و ئەمڕۆ کە (١٤) ساڵ بەسەر ئەو بۆچوونەدا تێپەڕدەبێت، ڕاستایەتی و بێ ئەملاوئەولایی ئەم ووتەیە لە هەموو کاتێک پتەوترە.

پارتی کرێکاران بیری سەربەخۆیی کوردستانی بە پێزوبڕەو و ووزەی ئەم یەکێتییە دادەنێت و پێی وانییە کە ئەم یەکێتییە لەسەر مێشکی ئۆتۆنۆمی و هەڵوێستی گفتوگۆیانەو دەست تێکەڵاوکردن بتوانێت لەنگەربگرێت.

پارتی کرێکارانی کوردستان، سەرانسەری کرێکار و جووتیار و زەحمەتکێشی کوردستان بە هێزی لەبن نەهاتوو و بنەڕەتیی شۆڕشێکی سەرتاسەری دەزانێت، نەک بیری فیوداڵ و خێڵەکی و هوردە بورژوای سازشکار و خۆ بەدەستەوەدەر.

پارتی کرێکاران پێی وایە کە وولاتەکانی تورکیا و ئێران و ئێراق، سوریا داگیرکار و کۆلۆنیالیستی و لەشکری ئەم وولاتانە دەبێت کوردستان بەجێ هێڵن و لە سنووری نەتەوایەتیەکانی کورددا نەمێنن، بۆ ئەم مەبەستەش داوای پاڵپشتی و پشتگیری چەپ و هێزە خێرخواز و پێشکەوتوخواز و ئینتیمانیەکانی ئەم نەتەوە سەربەستانە دەکات و بە دۆستی ستراتیژی خۆی دەیاناسێنێت و لە هەمان کاتیشدا پێیان دەڵێت لە وولات و لە ناوچەکانی خۆیاندا خەبات بکەن و کوردستان نەکەنە گۆڕەپان و مەیدانی شەڕو نشێوی و ناکۆکی . مرۆڤی شۆڕشگێڕ لە خۆی خێزانەکەی خۆی و چواردەور و وولاتی خۆیەوە دەست پێدەکات . مرۆڤی شۆڕشگێڕ هەگبەیەک ناکاتە کۆڵی و سەدان کیلۆمەتر لەو وولاتەکەی خۆی دوورناکەوێتەوە بۆ شۆڕش، ئەمە لە کاتێکدا وولاتەکەی خۆی پێویستی بە هەموو جۆرە کار و چالاکی و خەباتێکی هەمەجۆر بێت.

پارتی کرێکارانی کوردستان هەر لە سەرەتاوە پێی وابووە، ئۆتۆنۆمی واتە گفتوگۆ و دەست تێکەڵاوکردن و ئەمیش واتە نەگەیشتن بە ئامانجی خۆ . ئەستەمە دوژمن، "وولاتێکی داگیرکار" لەسەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵ نەتەوەیەکی بندەستدا دانیشێت ئەگەر مەبەستی پاشقولگرتن و

هەڵخەڵەتاندن و لەبارپردنی شۆڕش لەپشتەوە نەبێت.

وڵاتێکی داگیرکار چارەکە ماف یان نیوە ماف بە نەتەوەی بن دەست نادات، وڵاتێکی داگیرکار ناکارێت چارە دیموکراسی و چارەکە مرۆڤپەروەر و چارەکە ئاشتیخواز مامەڵە لەگەڵ نەتەوەی بندەستدا بکات . دانیشتن و گفت و گۆ لەگەڵ دەوڵەتێکی داگیرکاردا کتومت، واتە دانپنان بە یەکایەتی خاکی ئەو وڵاتە و ڕازی بوون بە " سەرانسەریتی " ئەو ڕژێمەدا.

پارتی کرێکارانی کوردستان پێی وایە کە وڵاتی داگیرکار پێویستە هەگبەکەی خۆی بپێچێتەوە و تەنانەت لە یەک بستیشدا نەمێنێت کە خەڵک و نەتەوەی دی خاوەنی بێت.

پارتی کرێکارانی کوردستان پێی وایە کە ئەگەر ڕژێمێکی داگیرکار هێندە پشتیان بە مرۆڤایەتی و ئاشتی و بێوەیی و خۆشکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە ببەستێت کە خوازیاری گفتوگۆ و دەست تێکەڵاوکردن و ئاخافتن بن، ئەوا هەر یەکەم جار و هەر لە سەرەتاوە پێویست ناکات وڵاتێکیان داگیرکردایە و کارێکی وا نامرۆڤایانەیان نەدەکرد . لە ڕاستیشدا ئەم ڕژێمانە لە بێهێزی و لاوازی و لەرزەی مەرگەوە نەبێت هەرگیز لەگەڵ کورددا دانانیشن، ئیتر دەبێت نەتەوەیەکی بن دەستی وەکو کورد چ جۆرە سوودێک لەو گفتوگۆیە ببینێت؟

ئەم هەڵوێستە زانستییە و میرخاسییەی پارتی کرێکارانی کوردستان بۆتە تارمایی مەرگ و سەر بەهەموو بارەگا و خێمە و بیرۆیەکی کارتۆنی پارتە دروستکراوەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا دەکات، هەر بۆیە لە هەموو لایەکەوە تیلای لێهەڵگیراوە و ڕۆژ نییە گەلەکۆمەکییەکی لێنەکرێت، بێگومان هەموو ئەم گەلەکۆمەکێ و هێرشە پروپاگەندەییانە لەلایەن ئیمپریالیزمی ئەمریکا و وڵاتەکانی ناتۆوە کۆک دەکرێ، کە بێئەمانە ڕژێمی تورکیا نە پارەی شەڕی هەیە و نە ئەبەردایەتی شاڵاو و ئەسینشکی دوژمنایەتی کوردیش.

پارتی کرێکارانی کوردستان پێی وایە کە بیری پان ئێرانیزم و پان ئارەبیزم ئیدی لەژێر هەج بیانوو و لە پاڵ هەر دروشم و بەناوی هەر ئایدیۆلۆژییەکەوە بکرێت تەنها بەشێکە لە پروپاگەندەی ژەهراوی و تاکتیکی دوژمنانی کورد بۆ لە ناوبردن و تواندنەوەی خەڵکی کوردستان. ئەم کارەش جێی سەرسوڕماندن و واقوڕمان نییە کە هێزی سایکۆلۆژی پروپاگەندەیی ئەم ڕژێمانە بە دەیان شێوە لقوپۆپی دەرداوە.



ژەندرمەی تورک لە گوندێکی ئاساییدا

باشترین بەڵگە بۆ بینەوبەرە ئەو مێژوویەیە کە هەڵگرانی بیری ئۆتۆنۆمی خوازی تیایدا نەک دەسکەوتیان وەدەست نەهێناوە بەڵکو لە زیان زیاتر کورد خێری لێ‌نەبینیوون.

لە سەرەتای دەست‌تێکەڵاو کردنەوەی ۱۹۸۳ ی (ی.ن.ک) لەگەڵ ڕژێمی فاشستی ئێراق، پارتی کرێکارانی کوردستان دەیان جار داوایان لە سەرکردەی ڕێکخراوی ناوبراو کرد کە کارێکی ئاوا نەکەن و لەسەر خەبات سووربن و با ئیتر کورد بە فیتی پایتەختەکانی دەرەوە هەنگاوەکانی خۆی سووک یان خێرا نەکات، لە کۆتاییدا بەشێوەیەک سەرانی (ی.ن.ک) لە پارتی کرێکارانی کوردستان بێزاربوون کە لە بڵاوکراوەیەکیان‌دا نووسیبوویان:

و لە کوردستانی تورکیەش‌دا، هێزە گەورە و بەرپرسیارەکانی وەک پارتی سۆشیالستی کوردستانی تورکیە و ئاڵای ڕزگاری و کۆمەڵی ئازادی کوردستان و کۆمەڵی سەر بە هاوڕێ خەجۆ لەگەڵ چەندین ڕێکخراوی وەک کۆمکار و بیر ڕۆشنە هۆشیارەکانیان لە ئەوروپا، گفتوگۆیان بە هەقێکی خۆمان و بە شێوەیەکی خەباتی خۆمان زانی و دژی نەوەستان، بەڵام کلکەکانی

سەرکردایەتی بارزانی و حشع لەناو کورک و تاقمە سەرلێشێواوەکەی (پ.ک.ک) ی ئاپۆچی‌دا هێرشی ناڕەوایان بردینە سەر ». (١٨)

جارێ، پێش هەموو شتێک، ئەم هێزانەی «ی.ن.ک» بە گەورە و بەرپرسیار و هۆشیار " یان لە قەڵەم دەدات، کۆمەڵێک خەڵکن کە بەداخەوە تەنها لە « ستۆکهۆڵم » هەن، ئیتر نازانم لەچ ڕێگایەکەوە داخۆ دەبێت پشتگیریان لە کارێکی وا شێتانە و بەرەڵای وەک سازشەکەی ١٩٨٣ کردبێت ؟ داخۆ ئەم گرووپە مەزنانە لە باروودۆخی باکووری کوردستان گەیشتبوون تاوەکو هێندە لە باروودۆخی باشووری کوردستان‌دا بتوێنەوە و سەری ڕەزامەندی بۆ ( ٦٦ ) یەکی دی بلەقێنن ؟!

ڕەنگە ڕستی‌یەکەی تاڵ بێت کە ئەم گرووپ و ڕێکخراوە " گەورە و بەرپرسیار و هۆشیارانە " ئێستا ( ١٩٩١ ) ئەماون تا جارێکی دی سەری ڕەزامەندی بلەقێننەوە و پەنجەمۆری ( ٩١ ) یش بکەنەوە.

دوایی دەڵێن: "تاقمە سەرلێشێواوەکەی ( پ . ک . ک ) ی ئاپۆچی دا هێرشی ناڕەوایان بردینەسەر " . دەبێت سەرلێشێواوی پارتێک ـ ئەمان گووتوویانە : تاقم ( ؟! ) ( وەک هەموو باشووری کوردستان جەلالی بن )، لە چی‌دا بێت کە بەرەنگاری یەکێک لە هەرە فاشیستەکانی سەردەمی مۆدێرن بووبێتەوە و لەسەر ئەوە سووربن کە کوردستان موڵکی خەڵکی کوردە نەک چەند دوژمنێکی داگیرکاری خوێن ڕێژ ؟

لەمەش بترازێت دەبێت: «هێرشی ناڕەوا» چی‌بێت ؟!

داخۆ بۆچی پارتێکی ڕامیاری پارچەیەکی کوردستان نەتوانێت یان بۆی نەبێت ڕەخنە بگرێت یاخود دژایەتی هەنگاوێکی ڕامیاریانەی لایەنێکی کورد یان کوردستانی نەکات ؟!

سەرانی ی.ن.ک کە ئێستا باڵا دەستی ئێو بەرەن هەر وەک ئاگاری پیرێژنەکانی سەردەمی ئۆسمانی کار بە دەستیاو دەکەن . کە لێرەدا دەبێت بە کورتی بۆ خوێنەری ڕوون بکەمەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراق، هەر وەک ئەوەی سوورییایان، پارتێکی کارتۆنی تریان بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیاوە دروست کردووە، کە ئەرکی سەرەکی کۆکردنەوەی لایەنگرانی بیری خێڵکایەتی و فیوداڵی ئەو بەشەی کوردستانە بۆ بەگژدابردنەوە و تێبەردانیان لە هەڵگرانی بیری سەربەخۆیی ـ کە وا هەڵکەوتووە پارتی کرێکارانی کوردستان بێت ـ و ڕازی کردنی دەوڵەتی تورکیا.

ئەم پارتە ـ پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا ـ کت و مت بیروباوەڕ و بۆچوونی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراق ـ دووپات دەکاتەوە، هەر لەبەر ئەوە، لەو کاتەدا کە (ی.ن.ک) لە

مامەڵەی دەست تێکەڵاوکردندا بوو ئەمانیش دژی وەستان .

لە ڕاستیدا، پارتی دیموکراتی کوردستان و لقەکانی دژی (ی.ن.ک) نەبوون لەبەر مامەڵەی سازش، بەڵکو شەڕەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٦٥.

لە ١٩٦٦ دا بۆ یەکەم جار، بووە هۆی لە دایک بوونی جاشی نیزامی و لایەنگرانی پارتیش لەلایەن جەلالی یەکانەوە ناونران بە (مەلایی یەکان)، تەنانەت سەرانی (ی.ن.ک) ئێستاش هەمان ناوەتۆرە دەنێنە پاڵ خەڵکانی تر، بۆ نموونە دەڵێن، کۆمەڵی سەر بە خوشکە خەجۆ، ئەمە لە کاتێکدا کە لایەنگری خۆیان بوون، دەنا دەیانگوت (خەجۆیی یەکان)، یاخود بە لایەنگرانی پ.ک.ک دەبێژن ناپۆچی یەکان . . .هتد ئینجا ئەم شەڕە (جەلالی و مەلایی) هەر بە درێژایی مێژوو بەردەوام بوو. (لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠دا نەبێت کە بەهۆی ڕێبەرێتی بەعسی بارزانی یەوە کە لێخۆشبوونی گشتی بۆ دەرکردن وەستان دژی خواست و چاوەڕوانی ڕژێمی بەعس کە بەتەماو مرخی لە شەڕێکی خوێناوی ناوخۆیی خۆشکردبوو) ئەم شەڕە، هەر لەدوای ساڵی ١٩٧٧ وە بە قووڵی بەردەوام بوو، ئەویش لەسەر مەسەلە میراتی یەکە - دوایی دێینە سەری - کە هەر یەکێکیان کوردستان بە موڵکی خۆی دەزانێت.

ئینجا لەبەر ئەوەی کە پارتی کرێکارانی کوردستان دژی بیری ئۆتۆنۆمیخوازیی (پارتی دیموکراتی کوردستانی - تورکیا) یە و چەندین پلانی ژەهراوی کوشندەی لە دەستەخۆشکەکانی ئەمەوە دژ دەکرێت، ئەوا (ی.ن.ک) پەیوەندی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستاندا بەستبوو، دیارە ئەم پەیوەندی یەش لەسەر ئەو بناخەیەی کە «دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە»، نەک لەسەر بناخەی یەکیەتی بیر و یەکیەتی ئامانج و یەکایەتی ستراتیژ .

ئەوەبوو کە (ی . ن . ک) کەوتە مامەڵەی دەست تێکەڵاوکردنەکەوە چاوەنواڕی ئەوە بوون لە پارتی کرێکارانی کوردستان کە پشتگیریان لێبکەن و بەرگری لەم هەڵوێستەیان بکەن، بەتایبەتی کە (پ . دە . کێ . ع) و ئەم دەستە تێکەڵاوکردنەیان کردبووە سەنگی مەحەکی بیانوو و شەڕەکانیان، گوایە (ی . ن . ک) دووبارە لە دووپاتکردنەوەی ڕێبازی ( ٦٦ ) دایە.

بەڵام (ی.ن.ک) وەکو هەموو جارێکی تریان هەڵە بوون . چونکە (پ.ک.ک) لەسەر بناخەی «دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە» ئەم جۆرە هەڵوێستانە وەرناگرێت.

(پ.ک.ک) دژی پارتی دیموکراتی کوردستان - ئێراق و لقە دروستکراوەکانێتی چونکە لە پێناوی دژایەتی بیری سەربەخۆیی و سەرفرازیدا هەڵپەیان دێت و بوونەتە مۆنۆپۆلی بیری ئۆتۆنۆمی و ئەمیشیان کردۆتە خۆفرۆشی و دەست تێکەڵاوکردن و بەهێزکردنی کۆنەپەرست و

فیوداڵی کوردستان و ناوچەکەش، هەروەها ئەو کاتە بە شەڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشەوە (ژێر چەپۆکی ئێران ) مەژوڵ بوون و شەڕیان بۆ خومەینی دەکرد .

بەڵام ئەمە مانای ئەوە نی‌یە کە پێچەوانەکەی ڕاست‌بێت و ئەم کارە (پ.ک.ک) بکاتە دۆستی (ی.ن.ک) کە لە خەسڵەت و ئاکاری ڕامیاری‌دا هێندە لە (پ.د.ک.ع) و دەستەخۆشکەکانی جیاوازتر نی‌یە . بەڵکو هەڵوێستی ڕاست و دروست و ئازا ئەو هەڵوێستیە کە دژی هەموو بیرێکی نا کوردستانی و ئۆتۆنۆمیخواز و لە دەرەوە ـ کۆک کراوبێت، ئیدی بام لەژێر هەچ ناوێکیش‌دا خۆی حەشار دابێت.

لەبەر ئەم نائومێدی‌یەیان کە هەرگیز پێش‌بینی‌یان نەکردبوو سەرانی (ی.ن.ک) هاتون و لە شەڕە جنێوەکەیان‌دا هەردوو لایەنی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ تورکیا کە پێیان ووتوون (کلکەکانی سەرکردایەتی بارزانی) و پارتی کرێکارانی کوردستان کە ناویان ناون ( سەر لێ‌شێواو و تاقمی ناپۆچی ) ـ یان خستۆتە هەمان تەرازووەوە، و لە ڕوانگەی ۱۹۸۳ ی بەغداوە هەڵیان سەنگاندوون.

ئەمەش بێ‌گومان خۆ گومکردن و سەر لێ‌شێواوی و سەردەرنەکردنە لە ڕوداووە ڕامیاریەکان .

بەڵێ، پاش ( ۸ ) ساڵ دوای ئەم ئامۆژگاریەی پارتی کرێکارانی کوردستان کە ئەو کاتە سەرانی (ی.ن.ک) بەسەر لێ‌شێواو و تاقمیان دەدانە قەڵەم، ئێستا لە هەموو کاتێک بەهێزتر و تۆکمەترن و ئێستاش هەر وەکو هەڵوێستی(۸) ساڵ لەمەوبەریان دووبارە بەگژ هەموو دەستێکەلاوکار و ئۆتۆنۆمیخوازێک‌دا دەچنەوە و، هەڵوێستی ئازایان لەهەموو کاتێکی تر ئاشکرا ترە.

هەر لەبەر ئەوەیە سەرانی (ی.ن.ک) هەموو هێز و توانای خۆیان خستۆتە گەڕ بۆ دژایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان و تێکدانی شۆڕشی ڕزگاریخوازانەکەی باکوری کوردستان، بەڵام دیارە ئەم جارەیان (ی.ن.ک) بەتەنیا نی‌یە، ئیدی ئەم «کارە» تەنها بە لایەنێک ناکرێت و دوژمنانی کورد لە پایتەختەکانی دەرەوە چاک ئەم ڕاستیە دەزانن. هەر بۆیە هاتوون هەمو لایەن‌گرانی مێشکی ئۆتۆنۆمیخوازیان کۆک کردووە کۆمەکی پارە و ترۆتفاقی شەڕیان کردوون و مەشقی چاکیان لە پایتەختەکانی دەرەوەدا پێ‌کراوە و بەتەواوەتی دڕیان کردوون . بێ لەمەش لەبەرەیەکی کارتۆنی و ناکوردستانی‌دا کۆیان کردوونەتەوە و خستوویانەتە ئەو دیو گۆڕەپانەوە بۆ جێبەجێکردنی گەورەترین ئەرکی مێژوویی:

لەباربردنی بزووتنەوە ڕزگاریخوازانەکەی کوردستان کە ئێستا هاو ئاهەنگ لەگەڵ باقی کێشە ڕزگاریخواز و دیموکراسیەکانی جیهان‌دا لەبەرەوی پێش‌بڕکێ و بردنەوەشی دایە.

هەر لەبەر ئەوەبوو سەرانی بەرە بەپەلەپڕوزکێ خۆیان گەیاندە بەغدا، بەتایبەتی کە کاتەکەی تا بڵێی ناسک و لەرزۆکە و ئەوەندەی نەمابوو جەماوەری کوردستان تەنانەت ناوی ئەم «سەرانە»ش لەبیر بکات. ئیمپریالیزمی ئەمریکاش، بەچاوداگرتنی تورکیا و ئێران و سوریا، بەناوی بەرگری‌کردن لە (کوردی ئێراق ؟!) خۆی گەیاندە ناوچەی سێ سنوور و بە هەمە قۆڵی، بزووتنەوە جەماوەرییە ڕزگاری خوازەکەی سەران‌سەری کوردستانیان خستۆتە ناو کەمینی تفەنگێکی دووربین‌دارەوە.

لە مێژووی کوردستان‌دا، هیچ کاتێک نوێنەرانی خێڵکایەتی و فیوداڵی کورد هێندە لەگەڵ دوژمنانی کوردستان‌دا بەینیان خۆش‌نەبووە و هێندە بەدەم یەک‌دا نەپرشاونەتەوە و بەدەوروخولی یەک‌دا نەهاتوون. دیارە ئەمەش دیاردەیەکی کت و پڕو چاوەڕوان نەکراونی‌یە و بەپێی کۆمەڵێک نەخشە و پلانی وورد و پڕکاردا هێنراوەتە جێ.

هەڵبەتە، لەم چەند پەڕەیەدا ناتوانرێت توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیەکی پڕ و هەمەلایەنەی ئەم پارتە فیوداڵی و خێڵەکایەتی‌یە خەرەکیە سواوانە بکرێت، کە سەرکردایەتیەکی هوردە بورژوای ترسنۆک و سازشکار و بێ‌بار و وولات فرۆش دەیان‌بات بەڕێوە، بەڵام وا تیشک دەخەینە سەر هەندێک خاڵی ئێستا ـ گرنگ.

هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٩ وە (ئەگەر ئەمانەوێت پەڕە کۆنەکانی تر هەڵدەینەوە تاوەکو برادەرانی ناو برا و بە تاوانی کولاندنەوەی برینی کۆن تاوان بارمان نەکەن) بەبیانوی ڕاگوێزانەوەی تەرمەکەی بەهەشتی بارزانی‌یەوە، (پارتی دیموکراتی کوردستان ـ ئێراق) دەستیان کرد بە شەڕی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ( ژێر چەپۆکی ئێران )، لە ملاشەوە، دووقۆڵی لەگەڵ (ی.ن.ک) دا بە شەڕێکی براکوژی خست سینەمایەکی کۆمێدیان بۆ لەشکری دوژمن سازکردبوو. بە شێوەیەک کە کابرایەکی فاشیستی وەک سەددام حسێن لەسەر تەلەفزیۆنی ئێراقی پەیتا پەیتا گاڵتەی بە کورد دەکرد و دەیگووت: " ئەگەر ئەمانە هێندێک بە تەنگ یەکێتی و دیموکراتی ئێراقەوە دێن، بۆ جارێ لەناو خۆیان‌دا یەک ناگرن ؟! ".

کۆلۆنیالیستەکان زۆر چاک دەزانن چۆن باری دەروونی و سایکۆلۆژی گەلێکی بندەست بڕووخێنن.

(ی.ن.ک) خۆی کردبوو بە پاڵەوانی گۆڕەپانەکە و هەر لایەنێک بە ئارەزوو و خواستی ئەمان و بەپێی ئاوازی مۆزیکی ئەمان سەمای نەکردایە ئەوا لێیدەدرا و تەنانەت بوختان و قسەی بێ ڕەووشتیانەشیان بۆ هەڵدەبەسترا، بەڵام هیچ لایەنێکیش لەم لایەنانە نەیانتوانی سەرکەوتن ـ ئەگەر

چی کاتیش بێت ـ وەدەست بهێنن، ئەمەش چونکە ئەم ڕێکخراوانەی تر، "هەم لە لایەکەوە یان دەستکردی (ی.ن.ک) خۆی بوون یان (پ.د.ک.ع)، و لەلایەکی تریشەوە، هەموو فیوداڵ و خێڵەکی و هوردە بورژوای خۆ بەدەستەوەدەر و ڕاڕا دەبیردن بەڕێوە.

ئەوە کە بیری کوردستانی هەبوێت تەنها (کاژک) و (پاسۆک) بوون، (کاژک تەنها وەکو بیر، نەک ڕێکخراو)، پاسۆکیش وەک پارت، بەڵام وەنەبێت هەر لایەنێک هەڵگری بیری کوردستانی بێت ئیدی دەتوانێت جەماوەر لە خۆی کۆبکاتەوە، بە تایبەتی کە پاسۆک زیاتر وەک "کاردانەوەیەک" ـ نەک ڕێکخراوێکی کوردستانی ـ دژی دەسەڵات و توانای «چەپ» لە کوردستان‌دا دروست کرابوو و لەڕاستیش‌دا هەر لەو «ئەرک» ـ ەدا سەرکەوتوو بوو. ئەوەبوو نەیتوانی جەماوەری کوردستان لە خۆی کۆبکاتەوە. تەنانەت ئێستاش دەساڵێک زیاتر بەسەر ئەو دۆخەدا تێپەڕیوە، هێشتا هەر پاسۆک نەیتوانیبەوە خەڵکی کوردستان لە خۆی خڕکاتەوە.

بێ گومان ئەمەش قەتیس مانەوە و پەنگ خواردنەوەی بیری تەسکی ناکامڵی ناسیونالیزمی کوردە کە تا ئێستا نەیتوانیوە لە خولگەی دەسەڵات و توانای فیوداڵ و خێڵەکایەتی کورددا خۆی ڕاپسکێنێ، کە لەبەر هۆی مێژوویی گرنگ ناتوانێت بیری ناسیونالیستی نەتەوەی بن دەست بخاتە فۆرمی خەباتی ڕزگاریخوازانەوە و بەرەو سەرکەوتنی‌بەرێت.

بەکوردێکەی، پاسۆک، کە تەنها و تاکە هەڵگری بیری سەربەخۆیی بوو، هێشتا هەر شێلەی گەراییان پێوە مابوو و نەیاندەتوانی بینە دژکاری بیری ئەتۆنۆمیخواز و مێشکی براکوژی و هەوڵبدەن هاوکێشەکە بە پێچەوانەوە هەڵگێڕنەوە، ئێستاش، هەرلەیەکەم ڕۆژی دەست تێکەڵاوکردنەوکەوە ئەم پارتە نوێنەری خۆیانیان لە (بەرە) دا هەیەو بەشێکن لە بەرە و زۆر بەداخەوە هەڵۆی دروشمەکانیان وا کەویی بووە کە لەگەرمایی خۆشە ـ شوێنی هێلانەکەی " بەرە " دا نەبێت هەڵناکورمێت.

لە ڕاستی‌دا، ئەم هەڵوێستەی پاسۆک تا ڕادەیەک زۆر سەرسوڕهێنەرە، ئەویش لەبەرئەوەی کە (بەرە) بە ئاشکرا داوای یەکایەتی خاکی ئێراق و یەکێتی گەلی ئێراق و پاراستنی سنووری ئەم دەوڵەتانە دەکات و بگرە زیاتریش.

دەستە خوشکی ئەم پارتانە، کە (پارتی دیموکراتی کوردستانی ـ ئێران) و (کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان) بوون، ئەوانیش بزووتنەوەیەکی جەماوەریی پانوبەرینی ئەو بەشەی کوردستانیان شەتەک دابوو و لە هەردوولاوە تاریان بۆ هێنابوو و خەریکی خلۆرکردنەوە و بە نیشێودا کردنی بوون، هەر دوای ئەوەش ڕووداوڕووی شەڕێکی براکوژی خویناوی هەنگاریان دەنا، کە

لە لایەن هەڵگرانی دروشمی ئۆتۆنۆمیخوازانی باشووری کوردستانەوە بۆیان مابووەوە ئەمانیش هەر ناویان لێنابوو شەڕی چینایەتی و جەنگی نێوان بۆرژوا و پرۆلیتا و سەرەنجامەکەشی لەوەی باشووری کوردستان کەمتر زەرەرمەند و سامناک و خوێناوی نەبوو.

هەرچەندە دیارە شەڕ بە دوولایەن دەکرێت، ئەمن لێرەدا ناخوازم تەنها تاوان بنێنمە سەر (حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ـ کۆمەڵە) و ناشمەوێت بە هۆکاری سەرەکی و سەرەتاییەکانی ئەم شەڕە ماڵوێرانکارانەیەوە خۆم خەریک بکەم، بەڵام نووسینەکانی ئەولای موهتەدی و مەنسووری حیکمەتی، و هەندێکی تریان، یان وتاربێژانی حیزبی کۆمۆنیست، تا ڕادەیەکی زۆر پەردە لەسەر ئەو ڕاستییە هەڵدەدەنەوە کە تاچەند و تا چ ڕادەیەکی باڵادەستی بیری «پان ئێرانیزم» لە شەڕی براکوژی کوردستاندایەو چۆن بەناوی بیری کۆمۆنیست و خەباتی چینایەتییەوە، جارێکی دیش ڕۆڵەکانی (شا) و (بەنی سەدەر) و (خومەینی) (١٤) ڕیسی کورد دەکەنەوە بەخوری .

نووسینەکانی ئۆرگانی (سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ـ کۆمەڵە) کە «پێشڕەو» ـە شایانی قسە و باسێکی گەرمتر و درێژترن، بەڵام وا من لێرەدا تەنها دوا کۆپلەی باسێکیان دەخەمە بەردەست، پێشڕەو یان ڕاستر «ئەولای موهتەدی» دەڵێت:-

<u>«نوێنەرەکانی حیزبی کۆمۆنیستیش لە کوردستان دەبێ لەرادەی گرنگی خەباتی ئێستایان بەتەواوی ئاگاداربن، تەئسیری ڕووخێنەری سەرکەوتنی حیزبی دێموکرات لەسەر خەباتی چینی کرێکار و شۆڕش لەسەر بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان دەرک بکەن و ئاکامەکانی سەرکەوتنی خۆشیان نەک تەنیا لە پتەوکردن و چەسپاندنی ڕێبەری پرۆلیتاریای بەسەر بزووتنەوەی کوردستاندا و تەرک کردن و بە تاق خستنەوەی بۆرژوازی و لە ئاکامدا، جەماوەری کردنەوە و قووڵکردنەوەی خەبات و سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیە، بەڵکو هەروەها لە خەباتی چینایەتیدا، لە سەنگ و سووکی هێزە چینایەتییەکان و قەوارە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێرانی سبەی ڕۆژدا، بە تەواوی و جوودیانەوە هەست پێبکەن و بەهەموو هێز و لێهاتوویی و کارامەییانەوە، جیاواز لە هەر هەڵس‌وکەوتێکی کاتی، بەرەوسەرکەوتن هەنگاو هەڵگرتن» (٢٠) هێڵی ژێر ڕستەکان هی خۆمانە.</u>

واتە، موهتەدی نەک هەر جدی بووە، بەڵکو تەنانەت بە خوێنی خۆشی مەبەستی بووە.

ئەگەر کەسێک کوردستانی نەدیبێت و تەنها لە ڕووانگەی ئەم نووسینە و ئەوەکانی تری "حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانەوە" کوردستان بناسێت ئەوا وادەزانێت کوردستان یەکێکە لە هەرە دەوڵەتە پیشەییە پێشکەوتووەکانی جیهان کە خاوەنی دەیان کۆمپانیای مۆنۆپۆلی پیشەیی و سەربازیی

ئاڵۆزە و بەدەیان دەوڵەتی کۆلۆنی - ئابووری لە ژێر چنگ‌دایەو خاوەنی (بەلایەنی کەمەوە) یەک دەرزەن بزووتنەوەی پرولیتاریی (نەک کرێکاریش) ڕاتەکێنەر و هەرەشەکارە و هەموو داکۆکی‌یە نەتەوەیی و فەرهەنگی و کولتووری و ئافرەتی و پەروەردەی‌یەکان پوکاونەتەوە و حیزبی دیموکراتی ئێرانیش لە ئەستێرەی ئیمپریالیەکانەوە نێردراوە بۆ سەرلێشێواندنی بەرەوکۆمۆنیزم - ڕۆیشتنی ئەم ئەستێرە پرۆلیتاری‌یە پیشەیی‌یە فرە مەزنەی ئێران کە حیزبی کۆمۆنیست ڕابەرایەتی دەکات.

بەڵێ، ئێران جیهانێکە کە بەشی هەرە زۆرەی خەڵک شورای میللی شۆڕشگێڕیان دامەزراندووە و «دەوڵەت» وەکو ڕێکخراوێکی سیاسی پووکاوەتەوە و کۆمەڵگا خۆی ڕێکخەری خۆیەتی و دروشمی «لە هەرکەسێک بەپێی توانایی و هەرکەسێک بەپێی پێداویستی» نەک هەر بەرزکراوەتەوە بەڵکو لە پراکتیکیش‌دا جێبەجێ دەکرێت .

ئینگلیز وتەنی، هەمیشە بەهار دەبێت گەر پیار بە چاویلکەی ڕەنگاورەنگەوە بڕوانێتە جیهان.

لە هەموو کوردستان‌دا، تەنها باشووری کوردستان خاوەنی چەند کارگەیەکە کە لە چاو پارچەکانی تری کوردستان و ناوچەکەدا هەندێک شایانی باس بێت. ئەم کارگانەش چاخی نین و هێزی بەرهەمهێنانیان لە چاو بەرهەمی کارگەی نوێ‌دا کە هەمان کاریکات هەر زۆر نزمە و ڕەنگە شایانی لێدوانێکی زانستی‌یانە نەبێت. گرنگەکانیشیان، شەکر و چیمەنتۆ و جگەرەکەی سلێمانی و جگەرەکەی هەولێرە، کە ئێستا تا ڕادەیەک لە کارکەوتوون . هەرچی سەبارەت بە کۆمپانیای نەوتی کەرکوکە ئەوا نزیکەی «١٥» ساڵە، واتە لە دوای ئاشبەتاڵەکەی ١٩٧٥ وە لە کرێکاری کورد پاک کراوەتەوە. خەڵکی کوردستان، لە باشور و ڕۆژهەڵات‌دا بە زۆری کاسپکاری ڕۆژانەن، واتە لە بەرهەمهێنانی ڕاستەوخۆدا بەشداری ناکەن.

بەشێکی تا ڕادەیەک شایانی باش (بەتایبەتی بۆ مەبەستی هەڵسانگاندنی هێز و بوونی پرۆلیتاریا) لە کارەکان هەرجۆرێکە لەو کارانەی کە هەر لەسەر شێوازی فیودالی ماونەتەوە و پەیوەندیەکانیش تا ڕادەیەک چوونەیەکن، هەرچی کرێکار لە بوارەکانی تردا، لە چەند شێوازێک‌دا خۆیان دەبیننەوە، لەوانە کرێکاری کاتی، کرێکاری وەرزی، کرێکاری کۆچکار - واتە کار لە هەر شێوێنێک هەبێت ڕووە و ئەوەی دەکشێن - و بەو شێوەیە، تەنانەت تا ئێستاش کاژێرە کرێکار، واتە ئەو کرێکارانەی تەنها بۆ چەند کاژێرێکی دیاریکراو بەکرێ دەگیرێن، لە کوردستان‌دا ماوە. (ئەم جۆرە کارە ئێستا لە وڵاتە پێشکەوتووەکان‌دا - پیشەیی‌یەکان - دەبێت کرێی ( ٨ ) کاژێری بۆ تەرخان بکرێت، ئیدی کارەکە با لە هەشت کاژێریش کەمتر بێت) .

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چ هێزی بەرهەمهێنان و چ پەیوەندی‌یەکانی بەرهەمهێنان، چ ئامرازی

بەرهێنان بەگشتی لەوانەی باشوور دواکەوتووترن. خەڵکەکیش هێندەی باشووری کوردستان لە فێرگەی پیشەیی و کشتوکاڵی و بازرگانی‌دا ئامادە نەکراون، تاکو هیچ نەبێت بناخەیەکی زانستی تا رادەیەک پێویست هەبێت بۆ وەرگرتنی بیری سۆشیالیزم و خۆ ناسینەوە لە خەباتێکی چینایەتی‌دا. بۆ نموونە، ژمارەی ئەو ئافرەتانەی کە لە فێرگەی کشتوکاڵی و پیشەیی و بازرگانی و ئینجا دکتۆری و ئەندازیاری و هتد دا ئامادە کراون، چەند جارێک ژمارەی ئافرەتانی کۆمەڵگای رۆژهەلاتی کوردستانن و بەم شێوەیە.

ئەوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە پلەی یەکەم پشتی پێ بەستبێت کرێکارانی کورە خشتەکانن، و کارگەکانی تر تابلێی لاوەکی ئاسەرەکین، ئیدی دەبێت ئەم کۆمۆنیزمەی ئەمان ئێستا پێیان لێ کردۆتە کەوش و گەرەکیانە لەسەر چ بناخەیەکی فەلسەفی بێت ؟

بێگومان ئێمە خوازیاری ئەوەنین کە لە چۆنیایەتی و چەندایەتی کرێکارانی کورد کەم بکەینەوە، ناشمانەوێت رۆڵی مێژوویی خۆیان لێ داگیربکرێت و بە بزوێنەری خەباتی رزگاریخوازانەی کرێکاریانەش نەیاندەینە قەڵەم، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نی‌یە لە کۆمەڵگایەکی وەک کوردستاندا کە خەڵک تەنانەت بە زمانی خۆشیان ناخوێنن (نەک هەر ئەوەندە بەڵکو فشاری پان ئیرانزم و لایەنی کۆنە پەرست واشیان لێ‌کردووە زمانەکەی خۆی بەکەمتر بزانێت و هەوڵ بدات زمانی نەتەوەی سەردەست بەکاربێنێت، بۆ نموونە، بڕوانە هەندێک لە کوردە ئەندامەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کە هاتوونەتە ئەورووپا)، لە جل و بەرگ و بەکارهێنانی نەریت و خوی نەتەوەیی نەک هەر تێریان نەخواردووە بەڵکو نامەزرۆیشین، وەک مرۆڤ هێشتا لە ژێر کۆمپلێکسی (ئاڵۆزایەتی) خۆنەناسین و خۆدزینەوەدان و هەردەم لە ژێر هێرشی بۆرژوای باڵادەسەلاتی نەتەوەی سەردەست‌دا نەک هەر هێزی فیزیاویان بە پارە دەکڕێت (کە ئێستا لای حیزبی کۆمۆنیست بووتە گرنگترین و یەکەمین خاڵ) بەڵکو تەنانەت وەک مرۆڤ سەیریان ناکرێت و مامەڵەی مۆزانە و میکرۆبیشیان لەگەڵدا دەکرێت. هۆی سەرەکی ئەم چەوساندنەوەیە ئەوە نی‌یە کە کرێکارن و خۆیان لە چینێکی تایبەتی‌دا بدۆزنەوە کە وا رێکەوتبێت لەگەڵ رژێمێکی بۆرژوازی (هەر جۆرێک بێت) فەرمانڕەوادا کەوتبنە مشت و مڕ و جەنگەوە .

هۆی سەرەکی ئەم چەوساندنەوەیە ئەوەیە کە « کورد »ن.

کەواتە بریتین لە کۆمەڵێک خەڵک کە بیانەوێت و نەیانەوێت بوونەتە کۆسپ لەرێگای دوژمنانی کوردستان‌دا کە گەرەکیانە کوردستان تاڵان و فەرهوود بکەن.

ئەم کرێکارانە ئەگەر فەلسەفەی بۆرژاش بەتەواوی قبوڵبکەن و لەسەر رەگی درەخت و شینایی بژین

و واز لە هەموو ئەزمونێکی چینایەتیش بهێنن و دەست بنێن بە ڕووی هەموو جۆرە شێواز و هێز و پەیوەندیەکی بەرهەمهێنانەوە هێشتا هەر لە لایەن ڕژێمی ئێرانەوە هەوڵی لە ناوبردنیان دەدرێت، چونکە ڕژێمی ئێران کێشەی سەرەکی لەگەڵ کرێکارانی کورد دا نی‌یە و بە پلەی یەکەم دژایەتی ئەوان ناکات، بەڵکو کێشەی سەرەکی لەگەڵ بوونێک‌دایە کە ناوی «کورد» ە.

دەوڵەتی ئێران کرێکارانی کورد بە هۆی کورد و لە ڕێگای کوردەوە دەناسێت.

هەرچۆن ئیسرائیل دژی فەلەستینی‌یە نەک تەنها و بە پلەی یەکەم کرێکارەکانیان، هەرچۆن ئەتیوپیا دژی ئەریتیری، هیندستان دژی کشمیر و پەنجاب و... هتد، ئاواش ڕژێمی ئێران دژی کوردە.

دیارە بە گوێرەی ڕژێم و هاتنەکایەی «دروست سۆشیالیستی» لە قۆناخێک‌دا کە کۆمەڵانی هەموو نەتەوەیەک بەشداری " تەواو " و " پڕ " و " کامڵ " ی هێنانەی کایەی ئەم سیستەمەیان کردبێت و بەشی هەرەزۆری داکۆکی و کێشەکانی بورژوازی و سەرمایەداری لەناو برابێت و پێش ئەمە خەباتێکی سەخت لەنێوان نەتەوەکاندا لە پێناوی نەهێشتنی بەرخوردانی تایبەتی بۆ یەکێکیان کرابێت و بەم داخوازی‌یەش گەیشتبن، ئەوا «ڕەنگە» ـ ئەگەر ـ هەلومەرجی تر نەیەنە پێشەوە ـ ئەو ڕژێمە کۆتایی بە چەوساندنەوەی چینایەتی بێنێت . ئەوش ئایندەیەکی فرە دوورە و نەتەوەی کورد پێویست ناکات خەباتی خۆیی بۆ بەخە سێنێت و بلاوە بە کاروانی خەباتی خۆی بکات.

گیروگرفتی خەڵکی ئێران بەپلەی یەکەم چینایەتی نی‌یە. هەروەک برادەرانی خاوەن چاویلکەی ڕەنگاوڕەنگ لی‌ی گەیشتوون (با خوێنەر بڕوانێتە چۆنیەتی دروست بوونی ئێران و ژیانی بلوچ و قەشقایی و ئازەری و ئارەب و کورد، ئینجا فارسیش). بەڵکو ئەو گیروگرفتانەیە کە پەیوەندیان بە بوونی نەتەوەی هەمەجۆر و چەوساندنەوەیانەوە هەیە . ڕاستە ڕژێمێکی سۆشیالیستی دەکارێت چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە بەڵام لە ئەبێ بیبێتی مێژوودایە کە ڕژێمێکی سۆشیالستی وا وەک سیستەمێکی کۆمەڵایەتی لەبەر ئەم گیروگرفتانە هەر بەرکساڵیش نابێت ـ (حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە " کۆمونیزم " ـ یش دەدوێن).

گیروگرفتی خەڵکی ئێران (کە ئێستا پاسفیسم و نهیلیزم گەورەترین دیاردەی نەخۆشی کۆمەڵایەتین تیایدا) بریتیە لە تووڕدانی بیر و ڕەتی ئاینی، کە ئیسلامە، ئینجا هێنانە کایەی سیستەمێکی سایکۆلاریزمی ئاینی‌یە کە هەموو ئاین و جۆرە خوداوەندێک لەو سنووروەدا جێگایان بێتەوە و تاکو کۆمەڵانی خەڵک بتوانن لە یەکتری بگەن و بزانن کە ڕەگی چەوساندنەوە «شەیتان» و «ئاینیزا و ئاینەکانی تر» نی‌یە، بەڵکو سیستەمی بۆرژوازی و توندڕەوانی بیری ئیسلامین.

گیروگرفتی خەڵکی ئێران بریتی‌یە لەو کینە دروست و بەجێ‌یەی کە تەشقای‌یەکان هەیانە دەرهەق نەتەوەی سەردەستی فارس و دەوڵەتەکەیان و تەنهاش لەسەربەستی ڕاستەقینەی ئەم نەتەوەیەدا نەبێت مەحاڵە سەرکەوتن وەدەست بهێنرێت.

هەروەها سەربەستی تەواو و مافی دروست‌کردن و دامەزراندنی پەسار و دەوڵەتی سیاسی بۆ هەموو یەکێک لە بلوچ و ئازەری و ئارەب و کورد، ئەگەر پێیان خۆش‌بێت. تاکو بۆیان دەرکەوێت کە «نەتەوەی فارس» کلیلی باسەکە نی‌یە، بەڵکو ئەوەی ئەوان لە ڕاستی‌دا کینیان لێ‌یەتی وسەرمایەداری باڵادەستە لە نەتەوەی سەردەست» بە پلەی یەکەم و «ئەوەی خۆیانە» بەپلەی دووەم.

وەک هەنگاوی یەکەمیش داواکردنی سەربەستی ڕێکخستن و یانەی جۆراجۆری کرێکار و جووتیارانە، هەروەها کردنەوەی قووتابخانە و نەخۆشخانە و فێرگای پەروەردەکردن (کە دووربێت لە فشاری یەک لایەنی و یەک پارتایەتی) ... و ... هتد. تاکو لە ئەنجام‌دا هێزێکی پرۆلیتاری و وریا و تێگەیشتوو و تۆکمە و سرک لە دایک ببێت کە بناخەی فەلسەفی و ئابووری و ڕامیاری خۆی هەبێت و لەسەر ئەو بەردە بنەڕەتیانە بزانێت چی‌دەوێت و داوای چی دەکات و بە چ قۆناخێک‌دا تێپەڕدەبێت و چۆن بە ئامانجەکانی دەگات و کە گەشتیش چۆن مامەڵە لەگەڵ جەماوەر و بوونەکانی تردا دەکات.

کۆمەڵگای لاواز، پاسیڤ، نائومێد، نەخۆش، برسی، دواکەوتوو، تووڕە، دڵ پڕ کینە هێزێکی کرێکاری لاواز و ماندوو و تێنەگەیشتوو و کرچوکاڵ و ڕارا و سڵکار دەهێنێتە بەرهەم. ئەستەمە شۆڕشی پرۆلیتاری‌بابی نەک هەر بەرپا ببێت بەڵکو خوێنێکی سەوزوسوورە و مرۆڤێک کە تەرایەتی لە ئاوەزی‌دا هەبێت هەر بیریشی لێ‌ناکاتەوە و داڵغەشی بۆ لێ‌نادات.

ئەو ڕژێمەی بەتەنها ووتارێک[٢١] کلیلی بەهەشت لە ملی سەدەها هەزار کەسی دەکات، ئەو ڕژێمەی نزیکەی نیوملیۆن مرۆڤ بەکوشت دەدات و سەرانسەری وڵات لە ڕووی فیزیاوی و ئابووری‌یەوە کەنەفت دەکات، ئەو ڕژێمەی هێندە توانا و کۆنترۆڵی ڕامیاری زۆرە کەبە نەتەوەی یەک، دووەم بکوژێت و بەنەتەوەی دوو سی‌یەم بکوژێت و بەو شێوەیە.ئەو ڕژێمەی بە ئاشکرا دەیان قاتی بوژەی ئاوەدانکردنەوە و بژێوی دراو بۆ کڕینی چەک و تەقەمەنی خەرج دەکات، ئەو ڕژێمە بە تۆڕی زیندە ڕژیی ڕاوناکرێت[٢٢] و بۆ ڕووخاندنی ئەو ڕژێمە ئەو دروشمە قوناخی‌یە فرە گرنگانەی گەرەکە کە کۆمەڵانی خەڵک لێ‌ی تێدەگەن و خواست و مەبەست و داخوازیانە.

کاتێک کۆمەڵگا لە مافە دیموکراسیەکان (ئێستا باس هەر لەسەر قوناخی سۆشیالیزم‌نی‌یە) دەگات کە ئەو کۆمەڵگایە ئامادەبێت (واتە، لەلایەن گروپ و ڕێکخراوە چەپ و بزوا

نیشتمانیی‌یەکانەوە زەمینە و بناخەی بۆ خۆش و ئامادە کرابێت) لە ڕێگای چین و توێژەکانی خۆیەوە لە منداڵانی ئەوانەوە ژیان بە کۆمەڵێک ڕێکخراو و پارت و گروپی رامیاری ببەخشێت کە بیانکاتە نوێنەری خۆیی و بیانخاتە گۆڕەپانی ململانێ و بێنە و بەرەوە و ئینجا لە ئەنجامی ئەم بۆخۆڕاپسکاندنەدا لایەنەکان ـ یاخود زۆربەیان ـ بگەنە ئەو بڕوایەی کە تەنها لە گۆڕەپانێکی دیموکراسیدا، بیری نوێ و کرداری نوێ، هەنگاوی نوێ لەدایک دەبن و ئەوجا مرۆڤ دەکارێت خەون بە یەکەم چەکەری بیری سۆشیالیزم و کۆمەڵگای ئاییندەیی سۆشیالیستیانەوە ببینێت، ئەم پرۆسێسە ناشێت لەلایەن پارتێک یان چەند پارتێکی دروستکراو و ناسرووشتیی‌یەوە بەرکەماڵ بێت کە بیانەوێت «ڕژێم» بکەنە دیموکراتی و شۆڕشگێڕ و سۆشیالستی و لەو ڕێگایەوە بخوازن لە شەوێک‌دا کۆمەڵگا بکەنە سۆشیالیست و پێش دەمە دەمی ئیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، چەوساندنەوەی نەتەوەیی ببڕکێنەوە.

ئەو زرکە تاڵە بەناو کۆمۆنیستیانەی بە زەبری قامچی و لە ژێر فشاری چەقۆی کوڵ و ڕستەی بۆش و بیری کرچ و ئەوینی پیرۆزایەتی «دەوڵەت و سنوور»دا هەندێک کۆمەڵگایان پێش خۆیان دابوو، وا نموونەکانیان لە سەرانسەری ئاسیا و یەکیەتی سۆڤیەت و هەموو ئەورووپادا بەدیدەکەین، بەڵام برادەرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و هەموو ئەوانەش کە ئەوان ئاسایی کۆک کراون و لەم کاتە ناوەختەدا بەم دروشمە «نا ئینستاییبانە» زۆریان بۆ کورد هێناوە، هاکا خەڵکی کورد ئاوڕی لێدانەوە و بە قامچیی‌یەکەی خۆیان تا یەکەم ئەشکەوتە ماڵی مرۆڤی سەرەتایی بردنی و لەوێندەرێش بەجێیان دەهێڵێت تاوەکو بە قۆناخی سرووشتی خۆیاندا ملی تولە ڕێی مێژوو بگرنەوە.

ئەم ڕێکخراوە و هەموو ئەوانەش کە لەسەر بناخەی «پان ـ دەوڵەتیزم»یی داگیرکار و نەتەوەی سەردەست «دروست بوون» زوو یان درەنگ بیری سەربەخۆیی و کوردستانی لە نێویان‌دا زاڵدەبێت و ڕووە و سەرچاوە ڕوونەکەی هەستی نیشتمانی و خۆ بەکەم ـ نەزان دەگەڕێنەوە.

گرنگایەتی دروشم و بەهایەخێتی مەبەستەکەی لە ڕەنگاو ڕەنگی و قەبەیی و ئاوسایی‌دا نی‌یە، گرنگایەتی دروشم بەتوندی لەو قۆناخەدا خۆی دەبینێتەوە کە تیایدا بەرزکراوەتەوە. نەک هەر پێشکەوتنە رامیاری‌یەکان، بەڵکو هەموو کردارەکانی ژیان بە کۆمەڵێک قۆناخی سرووشتی و تایبەتی‌دا پێویستە بڕۆن تاکو دەگەنە دۆخی ئامادەیی، یان خاڵی پێگەیشتن، تینلیز ووتەنی مرۆڤ ناکارێت ڕابکات تاکو فێری ڕۆیشتن نەبێت.

قۆناخی سۆشیالیزم و بۆ ئەو مەبەستە هێنانە کایەی سیستەمێکی سۆشیالیستی هەر دەبێت بە قۆناخی تایبەتی و سرووشتی خۆیدا بڕوات و ئەستەمە بەتەنها ئەم «قۆناخە» پێچەوانەی یاسای

سرووشتی «بوون»ەکان و «ڕووداوەکان» بێت.

ڕووداوێکی مێژوویی سەیرە کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەر وەک خۆی وەک ڕێکخراوێکی سەرتاسەری ئێرانی دەداتە قەڵەم هیچ گرووپێکی کۆنەپەرستی لەو ئێرانە گەورەیەدا بۆ نادۆزرێتەوە کە گەڵیان شەڕبکات، بەڵکو تەنها لە (کوردستان)دا ڕوودەدات و ئەویش لەگەڵ پارتی دیموکرات دایە.

دیارە، یان دەبێت ڕێکخراوی کۆنەپەرست و فیودالی و بۆرژوازی‌تر نەبن لەو ناوچانەی تری ئێراندا، یان کۆنەپەرست و بۆرژواکانی نوێنەری دۆستی «کۆمۆنیزمەکەی» حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بن.

کەم مرۆڤ هەیە ئەو ڕاستی‌یە نەزانێت کە لە کۆمەڵگایەکی وەک ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا زۆربەی زۆری خەڵک لەسەر کشتوکاڵ و میوەچنین و ماسی‌گرتن و کاسبکاریی ڕۆژانە و . . . هتد دەژین و کارەکانیان هەر لەو سنوورەدا بەندە. بەشی زۆری لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بریتین لەم خەڵکە سادە و ساکارە گشتی‌یانە و ئەم پارتە بەهۆی نەریت و خوی شۆڕش وبزووتنەوە سادەکانی ئەم پارچەیەی کوردستانەوە دەناسن و هەر لە دەلاقەی ئەو ڕووانگەیەشەوە دووای کەوتوون. ئەم خەڵکانەش ـ یاخود بەشی هەرە زۆریان ـ (نەک سەرکردایەتی پارتی دیموکرات) هیچیان لە ڕاستی‌دا دژی چینی کرێکار و بزووتنەوەی پرۆلیتاری نین (بەتایبەتی لەم قۆناغەدا) ئیدی دەبێت شەڕی شۆڕشگێڕانە وخەباتی چینایەتی چی لە نێوان ئەم لایەنانەدا بکرێت.

دیارە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، ئەگەر ویستبای شێوازی باشتر و چاکتر هەبوو بۆ دژایەتی سەرکردایەتی پارتی دیموکرات و هێزی فیودڵ و دەرەبەگ و خێڵەکایەتی تیایدا. بەڵام ئەم کارە قورس و گران بوو چونکە هەردوو ڕێکخراوەکە هەر لەسەر هەمان تەوەری پان ـ ئێرانیزم دەخولێنەوە و هێندە مەوداو بواری خەباتی سیاسی نی‌یە تا زانستیانە لە گۆڕیانێکی دیموکراسیدا خەبات بکەن. هەروەها خاوەنی هێزێکی جەماوەری پان و بەرینی بڕیاردەریش نین تا بە شێوازی تری و پێویست بەربەرەکانی‌ی بیر و تێڕوانینەکانی یەکدی بکەن. شەڕەتەقە باشترین دۆخ دەڕەخسێنێت بۆ سەرلێتێکدان و بەشێوا بردنی جەماوەری خەڵک.

دەبوایە ئەولای موهتەدی و هاوڕێکانی بۆ مێژوو بڵێن: (ئێستاش نەیڵێن لە ئاییندەدا دانی پێدادەنێن) کە مەیوونە قورمیشەکەی پارتیان هێندە بای پێدراوە کە تەنها لەو سنوورە بۆ دانراو و دیاریکراوەدا هاتوو هۆڕیا و سەمای خۆی بکات. تەنها بەیەک کلیلیش هەڵدەسوڕێت کە لای خۆیان نی‌یە .

ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە پێشبڕکێی سەرانی پارتەکانی هەردوولا بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ دوژمنی ئەمدیو و ئەودیودا، بە رادەیەک قوڵبووبووەوە کە ببووبووە قۆشمەکاری و گاڵتەجاری ئەم دەوڵەتانە. سەرانی ئەم «بەرە»ی ئێستا بارەگایان لە هەموو شوێنێکی دەوڵەتی ئێراندا کردبۆوە (ئێستا «ی. ن. ک» و «پ. د. ک. ع» دوو بارەگایان لە شاری ئەنقەرە هەیە، هەروەها لە ئەستەمبوڵ و ئامێدیش تاڵەبانی بۆ یەکەم جار بە مانگی ١٩٩١/٦ دا ئەم داوایەی خستە بەردەست ڕژێمی تورکیا و لە مانگی (٨) دا ـ هەمان ساڵ ـ تورکیا قبوڵی کرد)، و سەرانی ڕۆژهەلاتی کوردستانیش لە هەموو شوێنێکی ئیراق‌دا، بە تایبەتی لە کوردستان. (ئەم دوو ڕێکخراوە، بەتایبەتی، حیزبی کۆمۆنیست هەندێک گرووپی چەپی لەو بەشەی باشووری کوردستان دروست کردووە ـ بێ گومان لە خزمەت و لە ژێر کارتێکردنی بیری پان ـ دەوڵەتیزمی ئیراق‌دا ـ کە شێوازی زمان و کولتوور و فەرهەنگ و شێوەی دارشتنی بڵاوکراوەکانیان بە ئاشکرا «شێوەی فارسی‌یە»).

ئەم پێشبڕکێیە گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە ڕێکخراوە ئێرانی‌یە ناکوردەکان و فارسەکانیش بگرێتەوە، بەشێوەیەک کە ڕێکخراوی مجاهدینی خلقی ئێرانی لەمدواییەدا بوو بوو بە بەشێک لە هێزی نیزامی ئیراق و تەنانەت لەم دوا ڕاپەڕینەدا شەڕی کوردستانیشیان کرد. لە ڕاستی‌دا، سەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ ئیراق و (ی. ن. ک) بە پاڵپشتی و داهێنەری ئەم مۆدێلە سیاسی‌یە کوشندەیەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دادەنرێن و دەست پێکردن و دەست پێشخەرێکە هەمیشە لە مانەوە بووە.

ئەم مۆدێلە سیاسی‌یە فرەکوشندەیە (لە ڕۆژنامەکانی ئەورووپادا وەک خەسڵەتی بزووتنەوەی کوردی سەیری دەکرێت و لەقەڵەم دەدرێت، دیارە ئەویش بە مەبەستێکی ئیمپریالیستیانە بۆ ناشیرینکردن و ناوزڕاندنی بزووتنەوەی کوردستانی) کە ئیمپریالیزمی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا، بەپلەی یەکەم بۆ خنکەکردن و خەساندنی شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردستان و بەپلەی دووەمیش بۆ بێ ووزە و لاوازکردنی هێزە نیشتمانی‌یەکانی تورکیا و ئیراق و ئێران و سوریا، دایان‌نابوو، ئەم مۆدێلە خۆفرۆشتییە لە جەنگی ئیراق ـ ئێران‌دا بە شێوەیەک قوڵبووەوە کە نەک هەر نەتوانرا سوود لەو شەڕە ناهەموارە و ماڵوێرانکارەی دوو دەوڵەتی فاشی و ئایینی سەربازی وەرگیرێ و بخرێتە خزمەت مەسەلەی کوردەوە، بەڵکو تەنانەت سەرەنجامەکەی هەڵەبجە و بادینانی شەهید بوو.

ئەو مۆدێلە سیاسیە لە ماوەی ئەم جەنگەدا بە چەشنێک بووە هۆی بێ‌هێزکردنی بزووتنەوەی

پشتیمانیانەی ئەم وڵاتانە کە هێشتا لە مێژوودا هاوتاو وێنەی نەبووە. بێگومان هەردوو دەوڵەتی ئێران و ئێراق بەدڵ و گیان هاریکاری و یارمەتی خۆیان بۆ ئەم لایەنانە تازە دەکردەوە (بیانووی سەرەکی ئەم دەستێکەڵاوکردن و ئەلقەلەگوێیی‌یەی ئەم پارت و رێکخراوانە ئەوەیە گوایە «بزووتنەوە !!»ەی کورد بێ‌یارمەتی هەڵناکات. هەروەک بتوانێت بە یارمەتی ئەم «دەوڵەتانە» شتێک بە شتێک بکات!!) تا وای لێهات سەرانی بەرەی ئێستا سوپای پاسداری ئێرانیان هێنایە سەر بابەگوڕگوڕ و هەڵبجە و بادینان و تەنانەت لە هاجی‌هۆمەران، پاسدارەکان بە گەورەیی نووسیبوویان «بەخێربێن بۆ جمهوریەتی ئیسلامی ئێران».

بەڵام پاش ئەوەی دەوڵەتی ئێران و ئێراق بە مورادی دڵی خۆیان گەشتن و پلانەکانیان بەو شێوەیەی دایان نابوو دوا ترۆپکی سەرکەوتنی بڕی، هەر ئەوڕۆژە دەنگی دەمەقاچان و پەلکەزێڕینەی نیشەکە شێتەی بەختەوەریی، ئاسمانی پایتەختی هەردوو وڵاتی گۆڕی بە ڕۆژی ڕووناک. سەرانی پارتەکانی هەردووولاش هەر وەک ڕێوی تەڵە بەکلکدا تەقیو کون نەمابوو سەری پێدا نەکەن و لە هیچ شوێنێک جێیان نەدەبووەوە، زۆربەیان، بە پسوولەی تایبەتی لە پایتەختەکانی دیمەشق و بەیروت و تاران و بەغدایا مانەوە و هەندێکیشیان ڕووە و ئەورووپا هەڵاتن، دیاردەیەکی سەیر نەبوو کە ئەورووپا ببێتە مۆڵگاو و بارەگای سەرەکی بەشی هەرە زۆری ئەندام کادیرە بەرزەکانی حیزبی کۆمۆنیست. بێگومان، شایانی باسە بڵێین ئەوانەیان کە لە پایتەختەکان دا مابوونەوە سەری کڕنووشیان لە هەموو کاتێکی تر ئەوی تر بوو.

ئەو ڕاستی‌یەی کە دەبێژێت سەرانی باشووری کوردستان خاوەنی هەڵەی ڕامیاری ساکارنین و شکستیان بە هەڵەی تاکتیکی‌یەوە پەیوەست نی‌یە، بەڵکو خۆفرۆش و خۆبەدەستەوەدەر و لەدەرەوە کۆک کراون و بۆ لەباربردنی بزووتنەوەی جەماوەری ڕزگاریخوازی کوردستان دروستکراون هێندەی تر ئاشکراتر دەبێت لە کاتێکدا سەرانی بەرە ناتوانن و نایانەوێت سوود لەو هەموو شکستی و تووشی‌یە وەربگرن کە خۆیان بەدەستی خۆیان لە مێژووی خۆیاندا بەسەر میللەتی کوردیانا هێناوە. ئەگەر ئەم کەوتن و گلانانە تەنها لە ئەنجامی هەڵەی تاکتیکی‌یەوە بێت و پەیوەندی بە «هۆکاری تایبەتی»یەوە نەبێت، داخۆ کەی ئەم سەرانە بە ئاگا دێن و هەنگاوی چارەسەرکردنی بۆ دەنێن !!

بێگومان، مەسەلەکە زۆر لەمە قووڵترە. سەرانی بەرە لە ساڵی ١٩٨٨دا، هەر دوای ئاشبەتاڵە خشکەیی‌یەکەیان، کادیرەکانیان لە کەرەج و دیمەشق بەجێ‌هێشت و خۆشیان هاتن بۆ ئەورووپا و لە پایتەختەکانی ئەورووپادا چەند دانیشتنێکیان لەگەڵ خەڵکی کورد دا کرد (ئەو کاتە،واتە دوای ١٩٨٨ هەموو بووبوون بە کوردستانی و دەهۆڵی بیری سەربەخۆییان دەکوتی) و هەندێک

فەرمێسکی کرۆکۆدیلانەیان هەڵڕشت و دووبارە سوێندی «خەبات(؟)» و «شۆڕش (!!)»یان دەخواردەوە.

بەڵام ڕووناکبیرانی کورد لە ئەورووپا زۆر چاک لە ورشەی ووڕگی ئەمانە دەگەیشت و چاک زاری دەخوێندنەوە و باشیش لە مایە پووچی و بێ‌هیوایی و زیانە خۆیی ئەم سەرانە گەیشتبوون . هەر بۆیە سەرانی بەرە بە نائومێدی کلیان بە دوای خۆیان‌دا ڕادەکێشا و بەرە و سەرکردن بە دەروازەیەکی تردا هەنگاویان دەنا . بێ‌هیوایی و مایەی پووچیەتی ئەم سەرانە ڕۆژ بە ڕۆژ قووڵتردەبۆوە تا یەکەم بزووتنەوەی جەماوەری خەڵکی باشووری کوردستان پشکووت (گەورەترین زیان تا ئێستا بە ڕژێمی بەعسی فاشیست گەیشتبێت). ئەو کاتە ئیمپریالیزمی ئەمریکا و ئیمپریالیستەکانی ئەورووپا، وەک فەرەنسا و ئینگلستان یەکسەر، بە پەلەپرووزکێ کەسایەتی سیاسی و ڕەووشتیان بۆ دروستکردن و هێنایانە سەر تەلەفزیۆن و رادیۆ و لە ڕۆژنامەکاندا چاویان پێیان کەوت. تاوەکو لە کوردستان بە خێرایی جەماوەریان لێ کۆبکەنەوە. سەرەڕای ئەوەی ئەم جەماوەرە برسی و تینوو و پەروازەیە باوەشی لێبووردن و بەخێرهاتنەوەی بۆ زۆربەی ئەم سەرانە کردەوە کەچی هێندەی نەخایاند گەیشتنە بەغدا و لەوێشەوە ئەستەمبوڵ و ئەنقەرە . بەرادەیەک کە لە سەرەتای مانگی (٦/١٩٩١) وە هەفتە نی‌یە تاڵەبانی لە تورکیا نەبێت و ڕۆژنامەیەکی تورکی، بە تایبەتی «جمهوریە» و «حریە»(٢٣) چاوی بەیەکێک لەم سەرانە نەکەوێت، چ لە تورکیا و لە باکووری کوردستان و چ لە باشووریش.

هەڤاڵێکی کرمانجی باکووری کوردستان پێ‌ی گووتم : " ئەز ئەدڵگران دەبم ئەگەر تاڵەبانی بێتە ئەنقەرە و لەگەڵ (تورگت ئۆزال) دا دابنیشێت و چاوپێکەوتن بکات. بەڵام ئەم کابرایە والی و قایمقام و ئەفسەری تورکی ئەساوە لەگەڵیاندا دائەنیشێت و باسی ڕازونیازی خۆی بۆ ئەکات " .

ڕاستی ئەم چەند دێڕەی سەرەوە مەلی باد و بیرەوەری تاڵ و سوێری هەموو کوردێکی باشوور و ڕۆژهەڵات دەخاتەوە شەکەی باڵ و لەسەر هەموو برینێکی کۆن لەنگەریان پێ‌دەگرێت، کێ هەیە لە ئێمە دروستایەتی و بەجێبایەتی ئەم دوو ڕستەیەی ئەو هەڤاڵە هەست پێ‌نەکات ؟

ئەو کەسەی لە ساڵی ١٩٥٨ وە لە دوای مێژووی ڕامیاریانەی تاڵەبانی و سەرانی بەرە (بۆ ئەو مەبەستە ئەوانەش کە مردوون) کەوتبێت دەزانێت ووتەکانی ئەو هەڤاڵە تا چ ڕادەیەک ڕاست و دروستە و بۆشایی بێنە و بەرەی تیادا نی‌یە.

لەبەر ئەوەی کە ووتار و چاوپێکەوتنەکەی نوێنەری بەرە «تاڵەبانی» تا بڵێ‌ی بە ئەژمارد و دوورپاتەوە بوو و چەندجارەکی‌یە ئەز ناتوانم هەموو چاوپێکەوتن و ڕووداوەکان بخەمە بەردەست

(هەڵبەتە ئەم کارە لە ئایندەیەکی نزیکدا بەشێوەیەکی سەربەخۆ ئامادە دەکرێت)، بەڵام وا چەند کۆپلەیەکی ئەو بابەتانە کە لێرە و لەوێ و بەمەبەستی جیاواز وتراون و کراون دەنێمە پێش چاوی خوێنەر، با ئەویش لە شیکردنەوە و توێژینەوەی هەندێکیاندا خۆشی سەرپشک بێت.

لە ١١/٦/١٩٩١، تاڵەبانی لە ڕێگای ڕۆژنامەی «جمهوریە»ـەوە بە دەوڵەتی تورکیا دەڵێت : ولەگەڵ سەددام حسێن‌دا تا ئێستا لەسەر مەسەلەی سنووری ئۆتۆنۆمی کە نە کەرکوکی تیایە و نە خانەقین و نەرمواندزیش ڕێک نەکەوتووین، ئەو یاسا نوێ‌یانەی کە دەینووسینەوە جێگای بەعس زۆر بەهێز دەکات لەبەر ئەوەیە ئێمە قبوڵمان نەکردوون، ئێمە یاسایەکی وادەخوازین کە دادی بۆ هەموو لایەک تێدابێت. بەڵام ئەگەر شەڕ لەسەر کەرکوک تێک چێت ئەوا شەڕ لەلایەن ئێمەوە دەست پێ‌ناکات. سەددام حسێن ئەم تاکتیکانە بۆ بردنەوەی " کات " بەکاردەهێنێت، دەخوازێت کە هێزەکانی بیانی دەربچن و پشتگیری بۆ کوردان نەمێنێت».

ماوەیەک لەمەو بەر لەگەڵ کابرایەکی فەرەنسی‌دا یەکتریان ناسی، ئەو کابرایە زۆر بە تەنگ مەسەلەی کوردەوە دەهات و بە تراژیدیایەکی جیهانی دادەنا. لەسەر مەسەلەی چاوپێکەوتن و گفتوگۆ سەرانی بەرە لەگەڵ ڕژێم، کابرا گوتی: «ئەگەر ئێوەی کورد پیاوێک لە هیندوستان یان پاکستان بکرن و بیکەن بە نوێنەری کوردی ئێراق ئەوا من زۆر دڵنیام کە بەوێژدانتر و بە ڕەووشتر مامەڵە لەگەڵ مەسەلەکان دا دەکات».

ئەزیش دەبێژم کە قۆناغی ڕزگاریخوازانەی کوردستان لە پلەیەکی تاڕادەیەک باش و پۆزەتیف دایە چونکە تەنانەت خەڵکی ئاسایی بێگانەش لە کرۆک و ناوەرۆکی مەسەلەکەمان گەیشتووە.

جاری پێش هەموو شتێک پێویست ناکات تاڵەبانی ئەوەی لە چاوپێکەوتنێک‌دا لەگەڵ سەرانی ڕژێمی ئێراق وتراوە و کراوە ئەم ووشە بە ووشە و بە ئاماژەشەوە بۆ دەوڵەتی تورکیای لێداتەوە، باوەڕناکەم دەوڵەتی تورکیا هێندە ـ تا ئەو ڕادەیە ـ زۆریان بۆ تاڵەبانی هێنابێت.

یەکەم هەفتەی دەست تێکەڵاوکردنەکە تاڵەبانی کە لە بەغدا بوو، لە هۆڵی میوانانی سەددام حسێن بەخۆیی و تەزبیحێکی زەردەوە لەسەر هەرە لێواری پێشەوەی کورسی‌یەکی ماین چەقەڵی بەعەر چواردەوری خۆیدا دەخولایەوە و پێدەکەنی و ماسولکەکانی لالێوی لەوە زیاترگۆیان نەدەکرد، وڵامی پرسیاری هەواڵنێرەکانی دایەوە (نە سەددام و نە هیچ سەرێکی ڕژێمی بەعس فێڵبازانە و ژیرانە لەوێندەری ئامادە نەبوون) گوتی: «ئێمە هەرگیز وا گەش بین نەبووین، هەموو کەس دەگۆڕێ، ئێمە گۆڕاوین، سەرۆک سەددام حسێنیش گۆڕاوە، ئێراق دەبێت بە دەوڵەتێکی دیموکراتی، کوردیش بە مافەکانی خۆی دەگات، بە تەواوەتی گیروگرفتەکانمان چارە کردووە . . . و هتد».

لە ڕاستی دا ئەو هەواڵنێرانە، کە زۆربەیان بەعسست بوون لەگەڵ مەسەلەی کورددا دەیانویست تاڵەبانی وەلامێکی وای هەبێت کە ببێتە بیانوو بۆ ئەو دەست تێکەڵاوکردنە کت و پڕە و ئەو فشارە گەورەیەی لەدوای ماچەکەوە هێنراوەتە سەر مەسەلەی کورد (لە ڕاگەیاندنی ڕۆژئاواوە) تۆزێک کەم بکرێتەوە، دەنا هەر ئەم هەواڵنێرە ژیرانەبوون، هەر یەکەم ساتی ماچەکەیان ناونابوو «ماچی ژەهراوی»، «ماچی کوشندە» و «ماچی مەرگ» و . . . هتد.

بەهەر شێوەیەک، ٣ مانگ دوای ئەو شەکرباارانە، گەشبینییەکەی تاڵەبانی چۆتە ناو و کورت بۆتەوە، بەڵام هێشتا هەر ووزەی ئەم سەروسەری تیا ماوە. سەیر ئەوەیە بۆ ئەوەی پارسەنگی داواکارییەکانی دەوڵەتی تورکیا بداتەوە دەڵێت: «بەڵام ئەگەر گفتوگۆ لەسەر کەرکوک تێکچێت ئەوا شەڕ لەلای ئێمەوە دەست پێناکاتەوە».

بە واتایەکی تر «کەرکووکی تیابێت یان نە،، چ قەیدی ناکات». چونکە دیارە بەرە یان دەبێت ڕازیبێت یان دەبێت شەڕی لەسەربکاتەوە، ئەڵتەرناتیڤی سێ توونە.

دیارە سەددام حسێن بە ووردی دەروانێتە قسە و ئیقدانەوەکانی تاڵەبانی و سەرانی بەرە و دەشبیستێتەوە تاڵەبانی لە تورکیا دەڵێت: «ئەگەر گفتوگۆ لەسەر کەرکوک تێکچێت ئەوا شەڕ لەلای ئێمەوە دەست پێناکاتەوە». بە بۆچوونی خوێنەر سەددام حسێن ئەگەر بەتەماش بوو بێت کەرکووک بدات بەسەرانی بەرە ـ هەرچەندە مەحاڵە ـ ئێستا پاش بیستنی ئاشکرابێژییەکی وا پەشیمان نابێتەوە ؟!

ئایا ماقوڵە کابرایەک لە پلەی «سەرکردە» دا بەو «شێوەیە» و تا ئەو «ڕادەیە» دەم شڕ و ووتەنەجوو بێت ؟!

هەر دوای ئەوە نوێنەری بەرە بە دەوڵەتی تورکیا دەڵێت: «سەددام حسێن دەخوازێت کە هێزەکانی بیانی دەربچن و پشتگیری بۆ کوردان نەمێنێت».

با خوێنەر لێرەدا هەڵوێستێک بکات، ئەم ڕستەیە، لەلایەن سەرانی بەرەوە بە دەیان جار وەک خۆی و پێچەوانەکەشی گوتراوە، بێگومان هەر ساتەی بە جۆرێک.

کورد دەڵێت: «دۆستی وام هەبێت دوژمنم بۆ چییە (؟)».

لەکاتێکدا دەوڵەتی ئێراق دووملوێن کوردی دەربەدەرکرد، تورکیا یەکەم وڵات بوو لە ناوچەکەدا دژی دەوڵەتی ئێراق قسەبکات. یەکەم وڵاتیش بوو کە سنووری خۆیی داخست. هەروەها یەکەم وڵاتیش بوو کە بە دووقۆڵی لەگەڵ دەوڵەتی ئینگلستاندا ویستی داوابکرێت کورد لە شاخەکان بهێنرێتەوە و لە زوونێکی تایبەتیدا مۆڵگایان بۆ سازبکرێت ـ بێگومان مەبەست و خواستی

دەوڵەتی ئینگلستان و تورکیا جیاوازە و ئێستا تەنها لەسەر تورکیا دەدوێین - .

دەوڵەتی تورکیا خۆی بەبوونی ١٢ ملوێن کورد - بەپێی دان پیانانی ڕژێمی تورکیا - سەری دنیای لێهاتووەتەوە یەک، لەملاشەوە بزووتنەوەیەکی سەرتاسەری کە بە دەیان ئاڵای کوردستانیان لەسەر سنوورەکان بەرز کردبۆوە و تا دەهات پتر بەهێزتر و خۆناستر دەبوو - دەوڵەتی تورکیای بەچەشنێک تۆقاند کە ڕۆژنامەکان، لەوانە «حریە» و «جمهوریە» پەیتا پەیتا لە یەکیەتی خاکی تورکیا و یەکگرتوویی وولاتی تورکان و هەستی نیشتمانی تورکی و پێداویستەکانی "پاراستنی تاکە دەوڵەتی دیموکراتی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست" لەمەترسی لێکداپچڕان و کووت بووندا دەدوا و نەیاندەزانی چی بکەن.

تاکە هەنگاوی سەرکەوتوو، تاکە ئەڵتەرناتیڤی ڕیالستی کە بە دەوڵەتی تورکیا بکرێت و بۆشی بلوێت ئەوە بوو کە ئەم بزووتنەوە جەماوەریە لە ڕەوت بخات و داوای ئۆتۆنۆمی بە کورد بەرزبکەنەوە، واتە ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورت و کاتیش بێت ئەوا بیری سەربەخۆیی هەڵپەسێرن. ئەوەبوو هاوار لە میسر و سعودی ئارەبی و سووریا و ئێرانیش بەرزبۆوە و بەیەک دەنگ و ئاواز هاواریان دەکرد کە نابێت خاکی ئێراق دابەش بکرێت.

واتە ئەم وولاتانە کە هەرگیز دۆستی کورد نەبوون و هەمیشە دوژمنی خوێنێنی گەلەکەمان بوون چاک ئەو ڕاستییەیان دەزانی کە کورد دەکارێت و لەتوانایدایە و بارود ۆخەکەش لەبارە، کە ئەگەربزووتنەوەکەشی سەرانسەری نەکات و بە پارچەکانی دیکەی‌تردا نەیتەنێتەوە ئەوا هەر دەتوانێت دەوڵەتۆکەیەکی کوردی بۆ ئەو (٥) ملوێنە دروست بکات. ئەم دەوڵەتانە ئەوەشیان دەزانی کە ئەگەر گەلی کورد داواکارییەکی وا بەرزبکەنەوە و لەسەری سووربن ئەوا ئەمان لە قیرە قیر و هاوار زیاتر هیچ شتێکی تریان لەدەست نایەت. ئەوەبوو ئەمریکا لەترسی دەست تێوەردانی بەرەی «ڕۆژئاوا» - کە هەواڵی خۆجیاکردنەوە و دامەزراندنی بەرەیەکی سەربازی خاوەن هاوبەرژەوەندی هاوبەشی دەدەن - و بە داوا و تکای ئەم دەوڵەتانەی سەرەوە، بە پەلە پرۆژێ خۆی گەیاندە کوردستان و لە هەمووش گرنگتر ئەوەبوو کە کردی بەماڵ بەسەر کوردەوە و ناوی لێنا «یارمەتی و هاوکاری ئەمریکا بۆ کورد».

ئەم «بەرە»یەش پروپاگەندەیەکی باشی بۆکردن و بەخێرهاتنیشی کردن، بەڵام زۆری نەخایاند ڕووی ڕاستایەتی مەبەستی ئەمریکا لە پراکتیک‌دا دەرکەوت و ئەم «یارمەتی»یە تەنها بووە یارمەتی مرۆڤایەتی، واتە خۆراک و جل و بەرگ و چادر و... هتد. بە شێوەیەک کە تەنانەت یەکێکی وەکو دەیڤد لەیڤی - شالیاری بەرگری ئیسرائیل - بڵێت: «ئەمریکا دەخوازێت کوردەکان

بەتێری بمرن»،

ئەو نەتەوەیەی کە مانگێک لەوەبەر بەگژ یەکێک لە هەرە ڕژێمە فاشیستەکانی جیهاندا هاتبووەوە و مۆرکی فاشیزمی ئێراقیان لە کوردستان بنبڕکرد، ئەو نەتەوەیەی نزیک بوو لە سڕینەوەی سنووری دەستکردی (١٨)ساڵەی ئیمپریالیست و کۆلۆنیالیستەکانەوە، ئەو نەتەوەیەی کە زۆر نزیکبوو لە دروستکردنی کۆمارێکی کوردی نەتەوەییەوە لەسەر خاکی خۆی، ئەو نەتەوە شۆڕشگێڕە پڕ ووزەیە ئێستا کەوتبووە ژێر مێهر و سۆزی سوپای تورک و ئەمریکاوە، بەدوای هەلیکۆپتەر و ئۆتۆمبیلی بار و سەربازیدا پێیان پێهەڵدەگرتن و جارجارە، لێرە و لەوێ سەمونێکی ووشک و چەند قووتوویەکی خۆراک و، جاریش هەبوو بۆ ڕابواردن «بنێشت» یان بۆ فڕێدەدانە خواری.

ئەمریکا بۆ لەباربردن و تێکدانی بزووتنەوەکە و بەهاواری دەنگی تورکیای زۆر بۆهێنراو و ئێراق و سووریا و ئێرانەوە هات، نەک بۆ یارمەتی و هاریکاری کورد.

ئەمریکا دەیتوانی هەمان یارمەتی کورد بدات، بەڵام لەهەمان کاتدا دەست نەخاتە کاروباری کوردەوە. ئەو قسانەی جۆرج بوش و هەندێک لە نێونەرانی دەوڵەتی کۆنسەرڤاتیڤی ئێستای ئەمریکاوە دەکرا لەوە دەچوو کە هەر ئەمان بن بووبنە شۆڕسواری سپی شەوزەنگی تاریکی و بەبەردەوامی نەتەوەی کورد لە قوڕگی گەورەترین ئەهاتی و بەکرۆژدا ڕزگاربکەن، ئەو ڕێژە خواردن و چادرەی کە دەوڵەتی ئەمریکا باڵی زلهێزێتی خۆیی هێندەی تر پێ فش دەکردەوە، کۆمەڵێک پێداویستی بوون کە نەتەوەی کورد بە ملوێنەها کەڕەت بێهتری ئەو «بەها» یەی لێدزراوە، بێگومان لەلایەن پیاوان و تولەڕژێمەکانی ئەمریکا و لە پێناوی ئەمریکادا، کە وا ئێستا ئەمریکا کردبوویە ماسکی ڕووخسارێکی فریشتەیی و لە گۆڕەپانێکی خامۆشدا ئەراتێنی دەکرد.

ئەگەر ئەمریکا یارمەتی کورد دەدات و دەیەوێت بۆ یەکەم جار لەسیاسەتی ئەمریکادا بەرامبەر کورد سیاسەتێکی بێلایەن ـ ئەخوازەلاباش ـ ی هەبێت و هیچ نەبێت پارسەنگی یارمەتی دانی (٥٠) ساڵەی ڕژێمی پەهلەوی و کەمالیزمی تورکیا بداتەوە بۆچی باکووری کوردستان بەجێ ناهێڵێت؟! یان بەلایەنی کەمەوە فشار بخاتە سەر دەوڵەتی تورکیا کە مافە مرۆڤایەتییەکانی کورد نرخیان لێبگیرێت.

ئەمریکا لە جیاتی هەندێک وەرهەمی قووتوو ـ ئەویش وەک پڕوپاگەندە بۆ کۆمپانیا ئەمریکاییەکان ـ، دەیتوانی هەڕەشە لە ئێراق بکات کە ڕژێمی سەددام حسێن نەتوانێت دۆڕانی شەڕەکەی کوێتی بە کوردستان پارسەنگ بداتەوە و هەروەک جەنگە دۆڕاوەکەی قادسیەی دووەمی

کۆتایی ١٩٨٨، ئەمیشیان بە داپڵۆسینی کوردستان، بەسەرکەوتنی. یاخود ئەمریکا هەر چۆن لە مافی فەلەستینی‌یەکان دەدوێت ـ ئەگەرچی بەشی زۆری پڕوپاگەندەییشە ـ و داوای بەستنی کۆنفرانسێکی نێونەتەوەی‌یان بۆ دەکات، هەرواش باسی کوردستانیان بکردایە.

دەوڵەتی ئەمریکا نەک ئێستا، بەڵکو هەتاکو بزووتنەوەی ڕزگاری خوازانەی کورد لەژێر سەرکردایەتی‌یەکی بە پێز و بڕەو و چاخی و سەردەمی‌دا بەرژەوەندی هەمە لایەنانەی ئەمریکا لەناوچەکەدا نەخاتە مەترسی تووڕدان و بەستن و لێدانەوە (ئەویش دیارە لەلایەن سەرکەوتنە میللی‌یەکانی خۆیەوە لەو پارچانەدا کە ئەمریکای تێدایە و دۆزینەوەی ئەڵتەرناتیڤی نیشتیمانی لەجیاتی دەسەلاتی فاشیزم و ئەوجا پاراستنیشی)ئەستەمە ئەمریکا چاو بە سیاسەتی خۆی سەبارەت بە مەسەلەی کورد بخشێنێتەوە.

سیاسەتی ئەمریکا سیاسەتی نیو-کۆلۆنیالیزمە کە بە هۆیەوە بتوانێت نەک نەتەوەی کورد هەر ژێردەستە بێت و بمێنێتەوە بەڵکو هەروەها لە زوون و پەناگای زۆرەملیدا بهێلرێنەوە تا هەموو پێشکەوتنێک دووربن و بێ‌بەرهەمیان بکەن و بۆ خواردن و خواردنەوەش ناسەربەخۆیان بکەن و بیانبەستن بە میرۆسۆزی «یارمەتی و هاوکاری» ئەمریکاوە. ئەم نموونانە لە فیلیپین و ڤیێتنام و کۆریا و لاتینی ئەمریکا و... هتد دا زۆرن. ئەمە یەکەم جار نییە ئەمریکا لە کوردستاندا ئەم کارە بکات.

نەتەوەی کورد (کە بێ‌گومان تەنها ئەو (٥) ملیۆنە نی‌یە کە لەژێر چەپۆکی ئیراقدایە) دەبێت چارەیەکی بنەڕەتی و سەرتاسەری و بناخەیی بۆ گیروگرفتی بندەستی و ماکەکانی بدۆزێتەوە. ئەوەی هاریکاری و کۆمەکی کورد بکات دەبێت لەو خولگەیەدا خۆی بنوێنێ و کارەکەی دروست کارانەبێت و کار بکاتە سەر هەموو کردارەکە وەک هەنگاوێکی باشتر لەو پرۆسە یەکجارەیەدا.

کەس ناتوانێت ورگی کورد تێرکات و کەسیش پێ‌ی ناکرێت وکەسیش نایکات.

کەس ناتوانێت خۆراک بە کورد بدات ـ ئەگەر بە نیازی ناسیاسی و مەبەستێکی خاوێنیش بێت-، گیروگرفتی کورد پاراستنی نی‌یە لە ڕژێمی ئیراق، بەڵکو دروستکردنی پەسارێکی سیاسی‌یە کە ئیدی کورد لە هەڕەشەی لەناوچوون ڕزگاربێت و وەکو هەموو نەتەوەیەکی سەربەستی تر بتوانێت بەشداری لە دروستکردنی کۆمەڵگای خۆی و بنیات نانی جیهان‌دا بکات و ڕۆڵی کەم یان زۆری خۆیی هەبێت.

لەکاتێکدا کە مرۆڤی برسی و تینوو و نەخۆش و پەک‌کەوتەی کوردستان ـ یاخود بۆ ئەو مەبەستە خەڵکی سادە و ساکاری گشتی ـ لە یارمەتی و هاریکاری دەوڵەتی ئەمریکا دەدوێن، ئەوە

شتێکی ترە و مرۆڤ دەتوانێت لەودۆخە تاڵوکەیە و لەو هەستەخاوێن و خۆش باوەڕێتی‌یە بگات، بەڵام کە نوێنەرانی «بەرە» لە ئەنقەرە بەدەستی خۆیان و بە ئاگای تەواوەوە ئەمریکا بە هاودەنگ و دۆستی کوردان لەقەڵەم بدات، لە کاتێکدا کە ئەمریکا ڕازی‌نەبوو و نەیدەهێشت خەڵکی کوردستان لە وولاتەکەی خۆشیدا بینە پەناهێندە، جێگای گومان و پرسیارە.

هەردوای ئەمە لە ١٩٩١/٦/١٢ دا، تاڵەبانی «ئەردال ئینونە نوێ» سەرۆکی پارتی سۆشیال دیموکراتی تورکیا دەبینێت کە یەکێکە لە هەرە دوژمنەکانی کورد (ئەوەی سەیرە کە ئەم چاوپێکەوتنە بەهیچ جۆرێک پەیوەندی بە مەسەلەی کورد و بەتایبەتی ئەم دۆخەی ئێستاوە نی‌یە، ئەم مەسەلەیە بە هیچ شێوەیەک کارێکی پێویست و وابەستەکی نی‌یە. لەکاتێک کە گەلی کورد لە گەرمترین خەبات و ئاڵۆزترین بار و دۆخدا دەژی و دەبوایە تاڵەبانی بە بابەتێکی زۆر باشتر و بەرهەمهێنەرەوە مەژوڵ بووایە، نەک چاوپێکەوتنەکی وا لاوەکی و بێ‌نرخ (بۆ کورد). ئەم چاوپێکەوتنە تەنها بریتیە لە پڕکردنەوەی ئەوبۆشاییە سایکۆلۆجی‌یەی لەدەروونی تاڵەبانی‌دا هەواری هەڵداوە، هەروەها ـ بێ‌گومان ـ هاندانی خەڵکی تورک لە گەلی باکوری کوردستان).

هەواڵنامەی کتێب



وێنەی تاڵەبانی و ئینێنۆی فاشست و کەمالیست

کابرای هەواڵنێر ئاوا باسەکە دەکاتەوە :

[ سەرۆکی (ی.ن.ک) ڕەخنەی لە سیاسەتی P.K.K گرت و لەدوای دا گووتی: ئەگەر لە ئێراق وەک تورکیا ڕژێمێکی دیموکراسی هەبووایە، کارێکی هاسان و تەنانەت خۆشیش بوو کە ئێمە چەک دانێین و گیرگرفتی خۆمان لە ڕێگای ڕامیاری ئاشتیانەوە جێبەجێ بکەین ].

پرسیار: ئایا ئێوە دەخوازن لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا پەیوەندی بکەن، وە ئایا ئێوە بۆ ئەو مەبەستە نێونەرێکتان پێویستە ؟!

وەڵام : بەڵێ، ئێمە ئەو پرسیارەمان لە دەوڵەتی تورکیا کرد و پێمان گووتن ئەگەر پێیان دەکرێت با "بارگا" یەکمان بۆ بکەنەوە.

پرسیار: ئێوە ڕاتان لەسەر P.K.K چی‌یە ؟!

وەڵام: ئێمە زۆر ڕەخنە لە P.K.K دەگرین. زۆر بە ئاشکرابێژی و بە شێوەیەکی ئاشتی لەو ڕامیاری و هەڵوێستەی ئەوان پشتگیری ناکەین. ئێمە دەڵێین لە هەموو میتۆدێک و ڕامیاریتی‌یەکی ئەمڕۆی P.K.K ڕازی نین. بەڵام لەلایەکی ترەوە مەسەلەی P.K.K بەکاری ناوخۆی تورکیا دەزانین و نامانەوێت دەست بخەینە ئەو کاروبارەوە. ئێستا دیموکراسی لە تورکیا زۆر بە خێرایی پێشدەکەوێت. ئەگەر ئۆتۆنۆمی و مافی کولتووری بە کورد بدرێت کە ئێستا بە ئاشکرا دەبینرێت کە وردە وردە دێتە جێبەجێ‌کردن ئەوا تاکتیکەکانی P.K.K لە هەواداگوڕدەخۆن و هیچ کارتێکردنێکیان لەسەر مەسەلەکان نامێنێت. ئەو ڕامیاریتی و ستراتیژی‌یەی P.K.K پشتیان پێدەبەستێت تەواودەبن. ڕاسترین ڕێگا لە تورکیا کە گەلی کورد هەوڵی بۆ بدات و مافەکانی خۆی بەدەست بهێنێ، لە ڕێگای پەرلەمانەوەیە و ئەگەر ئێراق وەک تورکیا بوایە ئەوا ئێمە دەمان توانی ئەو پرنسیپانەی خۆمان باشتر جێبەجێبکەین و هیچ گیروگرفتمان نەدەهاتە ڕێ.

پرسیار : سەرۆک دەوڵەت "ئۆزاڵ" داخۆ هیچ بیرێکی هەیە لەسەر بازرگانی و ئاڵوگۆڕ لە نێوان تورکیا و کوردستانی ئۆتۆنۆمی‌دا ؟!

وەڵام : ئێمە هەر لە ئێستاوە وا هەست دەکەین لەگەڵ بەڕێز "ئۆزاڵ" دا ـ هەر وەک ئەویش دەڵێ ـ هەردوو پێکەوە هەموو پەیوەندی‌یەک و هی بازرگانیش بەرەو پێشەوە دەبەین، ئێمە بڕوامان وایە ئەگەر بازڕگانێکی هاوبەشی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دروست ببێت ئەوا تورکیا ڕۆڵی زۆر دەبێ، ئێمە هیواداریین ئەو بازاڕە هاوبەشەی کە دروست دەبێت گەلەکانمان لێک نزیک بکاتەوە.

پرسیار : وەزعی تورکمانەکانی ئێراق چۆنە ؟

وەڵام : ئێمە دەڵێین کە گەلی ئێراق لە کوردەکان و تورکەکان و گەلی تر پێک‌هاتووە. تەواوی

گەلەکمان بۆتە قوربانی بەرپوەبەرایەتی خراپی ئێراق. کورد و تورکمانەکان بەرژەوەندی و دوژمنیان هاوبەشە. هێزە پێشکەوتووخوازەکانی ئێراق لە کوردستانی ئۆتۆنۆمی پێویستە دەست بخەنە ئێردەست و بۆ وەدەیهێنانی مافەکانیان تێبکۆشن. ئێمە لە بەردەوام پەیوەندیمان لەگەڵ پارتی نەتەوەی تورکمانی ئێراق بەتینە و بەینمان زۆر خۆشە.

پرسیار: سەرۆک دەوڵەت «ئۆزاڵ» ویستی لەگەڵتاندا دابنیشێت ؟

وەڵام: تا ئێستا نەء. بەڵام هیوادارم ئەو هەلەم پێبدات. من زۆر پێم‌خۆشە سوپاسی بکەم. کورد ئەو کەسانە لە بیر ناکات کە لە ڕۆژی ڕەش‌دا دەستی یارمەتی بۆ درێژدەکەن.

تاڵەبانی لە وەڵامی پرسیاری یەکەمی ئێنۆن‌دا دەڵێت: "پێمان گرنگ نیە ئەگەر پێیان دەکرێت یا «بارەگا» یەکمان بۆ بکەنەوە".

مرۆڤی کورد دەپرسێت داخۆ (ی.ن.ک) یاخود (بەرە) بارەگایان بۆچی بێت و کاری ئەوان چیبێت لە ئەنقەرە ؟!

بارەگاکانیان لە تاران و کەرەج و دیمەشق و تەرابلس و ... هتد هەتا ئێستا چییان بەچی کردووە، تا ئێستا دڵیان بە بارەگایەک خۆش‌بێت لە چەقی یەکێک لە هەرە دەوڵەتە فاشیستەکانی ئەم چەرخەدا ؟!

تاڵەبانی لەناوەڕاستی قسەکانی‌دا هەروەک وەحیی بۆ هاتبێت دەڵێت:

"مەسەلەی p.k.k بە کاری ناوخۆی تورکیا دەزانین و نامانەوێ دەست بخەینە ئەو کاروبارەوە".

ئەگەر وایە ئەم هەموو قسە و ئامۆژگاری و هەڕەشە و بووختان و خۆبردنە پێشەوەیە چی‌یە کە پێش ئەم ڕستەیە و لە دوایەوە تاڵەبانی کردوونی ؟ کارێکی ڕاستر نەدەبوو، هەر لەسەرەتای وەڵامەکەدا تاڵەبانی بەو ڕستەیە بیبڕاندایەتەوە و هیچی تری نەگوتایە؟

یاخود تاڵەبانی هەموو قسەکانی خۆی مەبەستە تەنها ئەو «دێڕە» نەبێت ؟!

ئایا ئەم هەموو قسەوباسە، زیاتر لە (١٢) دێڕی ژەراوی، "بەکاری ناوخۆیی زانینی تورکیایە"؟!

ئەگەر تورکیا هێندە دیموکراسی‌یە کە تاڵەبانی شەیدای باڵای‌بووە، ئەوا تاڵەبانی دەیتوانی هەروەک تازە گەشتبووە تورکیا ئۆتۆنۆمی‌یەکی لەوەی خۆیانی بۆ کوردی (تورکیاء؟)ش وەرگرتایە، کورد ووتەنی «خێری دەنووسا»، و ئەو کاتە تاڵەبانی دەیتوانی بە پراکتیک بیسەلمێنێت کە «تاکتیکەکانی P.K.K لە هەوادا گوردەخۆن و هیچ کارتێکردنێکیان لەسەر مەسەلەکان نامێنێت».

لەوەڵامی پرسیاری سێهەم دا، تاڵەبانی دەڵێت: "هەر لەئێستاوە وا هەست دەکەین".

لە ساڵی ١٩٥٨ وە تاڵەبانی یەکسەر وەحی بۆ دێت و وا «هەست» دەکات.

یەکێک ئەم شێوە سوارە تەناسێت وادەزانێت لە ٩٩٪ی کردار و بۆچوون و پێش بینی و هەست کردنەکانی تەواویان هێناوە. پێم وایە بە زووترین کات ژنانی کورد ئاگاداربکرێن تا بە هیچ هەموو ووتەکانی تاڵەبانی لەسەر کولێرە بەرزن بنووسنەوە بۆ ئەوەی لە مەترسی گووم بوون بیان پارێزین.
هەردوای ئەوە زۆر شێتانە و ساویلکانە لە «بازرگانی و ئاڵوگۆڕ» لە نێوان «تورکیا» و «ناوچەی ئۆتۆنۆمی» دەدوێت (!!) ئەمە تەنها شایانی گاڵتە پێکردن و پێ ڕابواردنە و هیچی تر، چونکە لەوەدا نەماوە پیاو توێژینەوەی ڕامیاری و هەڵس و کەوتی بیری لەگەڵدابکات.
لە ڕاستی‌دا، ئەم قسانەی تاڵەبانی هەر لە قۆڕەی ووڕگی بەتاڵ دەچن.
ئەو خاڵەش پێویستە بگوترێت کە بەردەکەی تاڵەبانی بە کێلەکەوە نووسا و «ئۆزاڵ»ی دیت. بەڵام پێش ئەوە، کابرایەکی قۆشمە دەبینێت کە ناوی «ئۆکتای ئەکشی» یەو هەواڵنێرێکی ووریای تورکە. ئۆکتای لە ١٩٩١/٦/١٤ لە ژێر ناوی «تاڵەبانی چۆن مەسەلەی کورد دەبینێت»، دەڵێت:
[ئەگەر بەحساب و بە چاوی تاڵەبانی لە دنیا و لە مەسەلەی کورد بڕوانرێت ئەوا هیچ گیروگرفتێک نی‌یە و هەر بەتەنها «خراپ تێگەیشتن» لەسەر مەسەلەی کورد هەیە، دوێنێ (٦/١٣ وەرگێر) بە دوورو درێژی لەگەڵ تاڵەبانی قسەمان کرد، لە دوایی‌دا، پاش سەرەنجامی هەموو پرسیارو وەڵامەکان بۆم دەرکەوت کە کوردەکان بۆ دەوڵەت تێ‌ناکۆشن و هەروەک تاڵەبانی خۆی دەڵێت:
"هەندێ کەس بەتایبەتی تورک، وا دەزانن ئێمە بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ تێدەکۆشین، بەو شێوەیە تێماندەڕوانن، لێمان دەترسن، "تاڵەبانی بەردەوامە" ئێمە سیاسەتێکی واقعی دەکەین، ئەو ڕیالیزمەش ئەوەیە کە ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەوڵەت جێگای باس‌نی‌یە، ئێمە لەسەر بناخەی ڕێزگرتن لەو سنوورانە دەمانەوێ چارەسەری کێشەی کورد بکەین، ئێمە سەربەخۆیی ناخوازین، ئێمە ئۆتۆنۆمی دەخوازین].
پرسیار: باشە ئەگەر وەزعەکە بگۆڕێ و وەرعێکی تایبەتی دروست ببێ، ئێوە ئەو کاتەش دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی ناخوازن؟!
تاڵەبانی: ئەوە وەک خەیاڵە، بەڵام وەک خەباڵێکی خۆش. بۆ جیلی ئێمە، زۆر زۆر زۆر هەر ئۆتۆنۆمی دەبینین، سەربەخۆیی نابینین.
پرسیار: لەسەر مەسەلەی P.K.K چی‌دەبێژن؟!
تاڵەبانی: سەرۆکی P.K.K مرۆڤێکی خامە(کرچ و کاڵە)، من هەمیشە قسەی لەگەڵدەکەم کە بە شەڕ بە ئامانج ناگات، ئەویش دەڵێت وایە و هەموو شتێک قبوڵدەکات. هەر کە ئێمە دەڕۆین

بەکسەر پەشیمان دەبێتەوە، وا دیارە دەبێت زیاتر پێبگات و کامڵتربێت.

پرسیار: ئەی سەبارەت بە تورکمانەکان؟!

تاڵەبانی: یەکێک لەو حزبانەی کە گفتوگۆکە باش ناڕوات مەسەلەی تورکمانەکانە. ئێمە زۆرمان هەوڵدا کە لە کوردستانیش و لە ئێراقیش بە ڕێژەی ژمارەی خۆیان نوێنەریان هەبێت. ئێمە لایەنگری تەواوی مافی کولتووری و شتی ئەوان دەکەین، لەسەر ئەو بناغەیەش، سەرۆکیان، دکتۆر موزەفەرئەسڵەن، ڕاپۆرتێکی پێدام کە ٢١ مادە بوو و هەموو داخوازییەکانی خۆیانی تیابوو. منیش کە سەیرم کرد هەمووی شتی بەجێ و مەقوڵە.بەڵام بەداخەوە دەوڵەتی ئێراق قبوڵی نەکرد، چونکە ڕژێمی بەغدا تورکمانەکان وەک گروپێکی سەر بەخۆی ئەتنیکی (نەتەوەیی) نابینێت.

ئەو ڕۆژنامەنووسە ئینلبازە لە کۆتاییدا وەک توانج دەڵێت: "جێگای دەستی قەدەرە کە چارەنووسی تورکمانەکان کەوتۆتە دەست مەسعود و تاڵەبانی و سەددامەوە".

لێرەدا پێمخۆشە خوێنەر بروانێتە خاڵێکی فرە گرنگ لەسەرەپای هەموو چاوپێکەوتنەکاندا کە



هاوڕێ ئۆجەلان لە کاتی سەردانی هەندێک لە پێشمەرگەکانی P.K.K.
گرنژایەلی، باوەر، دیسیپلین لە پرنسیپە گرنگەکانی پارتیین.

لەگەڵ سەرانی بەرەدا گراوە، دەبینێت کە هەر درای یەکەم پرسیار یەکسەر مەسەلەی P.K.K و کوردی باکوری کوردستان هاتۆتە گۆڕێ، لێرەدا بە هاسانی دەردەکەوێت کە دەوڵەتی تورکەکان مشتیان لەکێ خواردۆتەوە و کێشیان کردۆتە تیری کەوانیان.

تاڵەبانی لە سەرەتای قسەکانیدا دەڵێت: "ئێمە لەسەر بناخەی ڕێزگرتن لەو سنوورانە دەمانەوێ چارەسەری کێشەی کورد بکەین".

تۆ بڵێی شەهیدان لەگەڵ بۆچوونی تاڵەبانی‌دا یەک بگرنەوە؟! تۆ بڵێی دایک و باوک و برا و خوشکی خەباتکاری کوردستانیکی شەهید هەمان هەڵوێستی تاڵەبانیان هەبێت؟!

ئەز دەپرسم، باشە ئەگەر «بەرە» ئاوا بیردەکاتەوە بۆچی دروشمی "کوردستان یاخود نەمان" ناگۆڕێت و ئەو دێڕەی بخاتە جێ؟!

هەر دوایی دەڵێت: "ئێمە سەر بەخۆیی ناخوازین، ئێمە ئۆتۆنۆمی دەخوازین".

تاڵەبانی هێندە سوورە لەسەر قسەکانی هەردەڵێی لە هەڵبژاردنێکی ئازادی سەرانسەری‌دا خەڵکی کورد ئەو بڕیارەی داوە. هەر وەک خەڵکی کورد خۆپیشاندان و ڕێپێوان و مانگرتنیان کردبێت دژی سەربەخۆیی و لە پێناو و بۆ ئۆتۆنۆمی. ئێمە دەپرسین داخۆ کێ ئەو مافەی بە تاڵەبانی داوە، هەر لە خۆیەوە، بەبێ بناخەیەکی زانستیانە و بێ ئەوەی پرس بە خەڵکی کورد کرابێت و لە هەڵبژاردنێکی ئازاد دا ئەو بڕیارە درابێت ئەم هەر لە خۆیەوە دەڵێت: «ئێمە ئۆتۆنۆمی دەخوازین»؟

ئەگەر تاڵەبانی هێندە دڵنیایە بۆچی داوای هەڵبژاردنێکی ئازاد ناکات، بزانین داخۆ خەڵکی کوردستان دەیانەوێت «لەسەر بناخەی ڕێزگرتن لەو سنوورانە چارەسەری کێشەی کورد بکەن» و «ئۆتۆنۆمی» یان گەرەکە؟!

لە وەڵامی پرسیاری دووەم‌دا کە هەمیشەگە سەبارەت بە P.K.K و کوردی باکورە دەڵێت: «سەرۆکی P.K.K مرۆڤێکی خامە».

تاڵەبانی خامێتی سەرۆکی P.K.K لە ئەگەرانی بە ئەنقەرە و تاران و بەغدا و تەرابلوس‌دا دەبینێت. هەردوایی دەڵێت: «من هەمیشە قسەی لەگەڵ دەکەم کە بەشەر بە ئامانج ناگات، ئەویش دەڵێت وایە و هەموو شتێک قبوڵدەکات، هەر کە ئێمە دەڕۆین یەکسەر پەشیمان دەبێتەوە، وا دیارە دەبێت زیاتر پێبگات و کامڵتر بێت».

لەبەر ئەوەی تاڵەبانی زۆر دیاگۆگیانە قسە دەکات لە پایتەختەکانی لەندەن و پاریس و نیویۆرک و ئەنقەرەدا چۆن دژی هێزی کرێکاری کوردستان و بزووتنەوەی سەربەخۆیی کوردستان قورمیشکراوە هەر بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ مەسەلەکان‌دا دەکات زۆرگرنگە کە ئێمەش بە هەمان

شێوە و زۆر بە جدی مامەڵە لەگەڵ بۆچوون و لێکدانەوەکانی‌دا بکەین.

پێنج ساڵ دوای دەستپێکەڵاوکردنەکەی ١٩٨٣، تاڵەبانی لە مانگی ئاپاری ١٩٨٨ دا خۆی گەیاندە بارەگای P.K.K و مۆزی یەکێتییەکی نوێی کردەوە (پاش تێکدانی ئەوانەی سەرەتای سالی ١٩٨٠). لەوێدا(٢٤) بەهیچ شێوەیەک باسی ئۆتۆنۆمی ناکرێت، بەڵکو تاڵەبانی لە «کوردستانی ناوەندی» واتە ژێر چەپۆکی تورکیا و لە "باشوری کوردستان" و لە وەدەستهێنانی «مافی چارەنووس» و تێکدانی هێزە کۆلۆنیالیستەکانی کوردستان دەدوێت. بەلام P.K.K گوتەنی، هێشتا مرکەبی ئەم ڕێکەوتن‌نامەیە ووشک نەبوو بۆوە کە تاڵبانی خۆی گەیاندە ئەمریکا و بەهزار شەرمشق چاوی بە چەند کابرایەکی کۆنگرێس کەوت، لە کاتێک‌دا زۆر چاک دەیزانی بەشی زۆری ماڵوێرانیکان کە بەسەر کورددا هات کردەی ئەمریکا بوو، بەتایبەتی سیاسەتی وێرانکارانەی بەعس بۆ «سوتاندنی خاک» کتومت سیاسەتی نیوکۆلۆنیالزمی ئەمریکا بوو، تاوەکو کوردستان وەک ناوچەیەکی کشوکاڵی و بەرهەمی بژێوی نەمێنێتەوە و ئێراق بکەوێتە ژێر میهرو سۆزی سیاسەتی کشتوکاڵی ڕۆژئاوا، بە تایبەتی ئەمریکاوە.

ئەوەبوو لەبەر ئەو گەشتەی تاڵەبانی ئەو ڕێکەوتنە نامەیە لە نێوان (ی.ن.ک) و (P.K.K) بڕکایەوە، بەتایبەتی کە P.K.K لە ووتارێک‌دا بەتوندی دژی ئەم گەشتە کتوپڕەی تاڵەبانی هاتبوونە دەم.

لە دوای ئاشبەتاڵە خشکەیی‌یەکەی ١٩٨٨ وەی سەرانی (ی.ن.ک) نەیاندەتوانی تەنها بەو تۆزە خۆشەویستی‌یەی ئێران ڕازی بن کە دەوڵەتی ئێران بە ناچاری دەبوایە لە نێو هەر ٨ پارتەکەی بەردا بیبەخشایەتەوە، بەڵکو تووشی کۆمپلێکسی ئێرەیی "منداڵ بەسەر هاتن‌دا" بوو بوون، ئەوە بوو لە چنگەکرێنکەیاندا وە دوای باشکردنەوەی پەیوەندی‌یە پارەپارەبووەکەیاندا لەگەڵ P.K.K، سەرکەوتنیان وەدەست هانی، بەلام هەم‌دیسانەوە ئەوەیان لەسەر کەوتەوە کە جارێکی تریشی لە قۆناغی «ئۆتۆنۆمی‌خوازی» بەوە (کە پاش تێکدانەوەی ڕێکەوتن نامەکەی ئاپاری ١٩٨٨ وە چوویبوونەوە سەری) بەرەو قۆناغی «سەربەخۆیی» خواستن، یا خود هیچ نەبێت لێدانی ئەو باڵوورەیە ملی ڕێگا بگرن.

کەسێک نی‌یە، بلاوکراوەکانی (ی.ن.ک) لەو ماوەیەدا ـ کە (٢) ساڵ دەبێت ـ نەدیتبێت کە چۆن دژی بیری ئۆتۆنۆمی‌خوازین و تەنها وە دیهێنانی مافی چارەنووس و سەربەخۆیی وەک چارەسەر دەبینین، کادێری وەک نەوشیروان مستەفا و فریدون و ... هتد تۆزێک هەوای سەربەخۆیی بێهتر لێیدابوون و ئەسپی توندڕەوێتی و شێتۆکەی خۆیان تاو ئەو خاڵەش تاو دابوو کە تەنانەت دژی

خەڵکی ئارەبیش ببنەوە و تەنها بە ڕزگارکردنی کوردستانە نەوەستن، خۆ کتێبە بە ناوبانگەکەی تاڵەبانی[٢٥] ـ أغد و دیموقراطی و حرمان شعب حتی من حق الحلم ـ لە ژێر ختولکە بەفری زستانەی ئەم هەوا لێدانەدا چرووزەوەی کرد.

ئەوەبوو لە ١٩٩١/١/٤ دا، ڕێکەوتنێکی دیکەی تر، بێگومان کە (ی. ن. ک) لە بەرەدا دەست پێشخەری بوو، لەنێوان سەرکردایەتی (P.K.K) و (بەرەدا) مۆرکرایەوە، لەوێدا هەمدیسانەوە[٢٦] بیری کوردستانی و سەربەخۆیی، پەیوەندی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان و خۆ نەبەستنەوەیان بە یەکێک لەو دەوڵەتانەوە، بەتایبەتی کە زیانی ڕاستە و خۆ و دیار و ئاشکرا بدات بە دەستەوە و تەنانەت دامەزراندنی بەرەیەکی کوردستانی یەکگرتوو و (تەنانەت!!) کە هەموو ڕێکخراو و گروپێکی دیکەی کوردستانیش بێتە ناوی، ژیایەوە و هەموو ئەمانە مۆرکران.

بەڵام هەر وەک هەموو جارێکی دی و بگرە خراپتریش، ئەمجارەیان تەنها پاش (١٢) ڕۆژ، واتە کاتێک کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکان لە ئێراق ـ یان سرەواند و ڕاپەڕینەکان لەدایک بوون، دیسانەوە پیاوانی بەرە هەموو شتێکیان هەڵوەشاندەوە و بە بەرچاوی هەموومانەوە لە بەغدا گیرسانەوە.

بۆ ئەوەی زۆر درێژە بە باسەکەمان نەدەین، داوا دەکەین کە خوێنەر هەر لەدوای شۆڕشی ١٩٥٨ی ئێراقەوە بڕوانێتە سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ ئێراق، هەروەها کەسایەتییەکی وەک تاڵەبانی و سامی عبد الرحمن و دوای ئەوەش سیاسەتی کەم و زۆری هەموو ئەم پارتانەی "بەرە"، بەتایبەتی دوای دروست بوونیان (١٩٧٦) و گۆڕانیان لە چەند قۆناغێکی تایبەتیدا بۆ فۆرم و ناو و پێکهاتنی هەمەجۆرە، دەبینێت کە ئەملایەنانە دەیان جار، چ وەکو گروپ چ وەکو تاکەکەس، بۆ چوون و هەڵوێست و ستراتیژی خۆیان گۆڕیوە، چ سەبارەت بە شێوازی خەبات و چۆنیەتی ستراتیژ و جۆری ستراتیژ و چەشنی ئامانج و ... هتدیش.

لێرەدا ئەو پرسیارە دەکەین و دەڵێین داخۆ کێن ئەو کەسانەی کە زوو زوو "دەگۆڕێن ویەشیمان دەبنەوە و پێویستە زیاتر پێگەن و کامڵتر بن" ؟

داخۆ بۆچی تاڵەبانی ئەم بیرە زانستییەمان لە نامیلکەیەکدا بۆ چاپ ناکات تاوەکو باشتر لە قۆناخ و تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوەی گەلەکەمان بگەین و سوودیان لێ وەرگرین؟

ئایا کاری تاڵەبانی وەکو سەرۆکی ڕێکخراوێکی رامیاری و نوێنەری بەرە ئەوەیە کە لە پایتەختەکانی دوژمندا بەو شێوەیە و بەو ئاکار و ڕەوشتە لە «پێگەیشتن و کامڵبێتی» مرۆڤێکی کورد بدوێت؟!

با خوێنەر جوان بڕوانێتە ووتارەکانی تاڵەبانی و بزانێت ئەو قسانە لە خزمەتی کێدان و داخۆ دەبێت لە گۆڕەپانەکانی تاران و ئەنقەرە و بەغدادا بووترێن؟، تاڵەبانی دەڵێت تەنانەت ئەگەر دۆخی سیاسیش بگۆڕێت ئێمە هەر ئۆتۆنۆمی دەخوازین.

تاڵەبانی ناتوانێت بڵێت هەزاران دۆخیش بگۆڕێت ئەوا ئیمپریالستەکانی ئەورووپا و ئەمریکا لە تێکدانی سنوورەکانی ئێراق رازی نابن، چونکە ئەمە هەروەها دەشبێتە تێکدان و هەڵوەشاندنەوەی سنوورە دەستکردەکانی دیکەی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە کوردستان دەکەوێتە هەرە ناوجەرگییەوە. تاڵەبانی بە ئاشکرا نالێت کە داواکانی ئەوان پەیوەندی بە گەلی کوردستانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە پایتەختەکانی دەرەوە هەیە.

رۆژنامەیەکی تر هەیە ناوی «ئیولکە» - ûlke - بە واتە (وولاتی نوێ) و هەفتانە دەردەچێت. لە ژمارەی ۲۲/۱٦ ی مانگی جۆزەردانا چاویان بە تاڵەبانی کەوتووە و ئەمە دەقەکەیەتی.

پرسیار: ئێوە دەڵێن با P.K.K واز لە چەک بهێنێت و کاری سیاسەت و خەباتی چەکدارتیان پێ باش نی‌یە. بە بڕواتان دەوڵەتی تورکیا هەلێکی وا بە P.K.K دەدات؟! وە ئایا خۆت شتێکی وات دەکرد؟!

تاڵەبانی: بەڵێ، من ساڵێک وازم لە چەک دەهانی و بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی کوردی پەنام دەبردە بەر دیالۆگ.

پرسیار: جەنابتان ئەو ئیلهامەی لەکوێ‌وە بۆ هاتووە ؟

تاڵەبانی: ئەو باوەڕەم لە دانیشتنێکەوە چنگ‌کەوت کە لەگەڵ کۆمەڵێک تورکی تورکیادا کردمان و لەوێدا گیشتمە ئەو باوەڕە، بەتایبەتی کە پێیان گووتم خەباتی سیاسی لە تورکیاشیاوە.

پرسیار: ئایا ئەو کەسانە نوێنەری دەوڵەت بوون یان بزووتنەوەی کوردان؟

تاڵەبانی: نوێنەری دەوڵەتن.

پرسیار: ئایا ئێوە لەگەڵ P.K.K هیچ لەو بارەیەوە دوواون؟

تاڵەبانی: بەڵێ ئەو پێشنیارەم کردوە.

پرسیار: ئێوە دەڵێن خەباتی چەکداری هەر زیان بە کورد دەگەیەنێ و هیچ تر، ئایا ئەگەر ئێوە لەگەڵ سەددام حسێن دا نەگەنە هیچ سەرەنجامێک چی دەکەن؟!

تاڵەبانی: ئێوە هەڵە لە من تێگەیشتوون. من نەم گووتووە شەڕی چەکداری خراپە، من گووتم هەر تەنها یەک ساڵ وازی لێبهێنن. لە کوردستانی ئێراق شتی وا کراوە و شیاویش بووە.

پرسیار: ئاگاداریمان هەیە کە لەشکری ئەمریکایی دێنە ئێرە تاوەکو شەڕ دژی P.K.K، توند تر

بکرێت، ئەگەر هێزێکی وا کرا ئێوە هەڵوێستان چۆن دەبێت؟

تاڵەبانی: ئێمە هەڵبژاردنی شێوەی خەباتی سەربازی یان پەرلەمێنتاری بەکاری خۆیان‌دەزانین، بەڵام ئێمە لە ئێراق دژی ئەوەین کە کامپی P.K.K هەبێت.

پرسیار: لەسەر کۆنگرەی نەتەوەی کورد، ئێستا لە چ قوناغێک‌دایە و چۆن کار لە ئێوەدەکات؟

تاڵەبانی: ئێمە وەک (ی.ن.ک) دژی ئەوە نین. ئیمە ناڵێین با نەکرێت، ئێمە ناخوازین لەو بوارەدا رەخنە لە رێکخراوەکانی کوردستانی تورکیا بگرین.

پرسیار: دەربارەی P.K.K دەڵێن چی؟

تاڵەبانی: ئێمە ناخوازین لە تورکیا، لە ئەستەمبول یان لە ئەنقەرە رەخنە لە P.K.K بگرین، بەڵام کە چووینەوە کوردستان ئەو کاتە قسەدەکەم.

پرسیار: پلانتان بۆ داهاتوو چی‌یە؟!

تاڵەبانی: تێکۆشانمان بۆ رزگارکردنی کوردستان بە رابەرایەتی (ب.ک) بەردەوام دەبێت، رامیاری، دیپلۆماسی، چەکداری‌یانە، لەدەرەوە، لەسەر ئاستی چاپەمەنی و ... هتد.

لە کۆتایی‌دا هەواڵێرەکە دەڵێت: تاڵەبانی وەک نوێنەری دەوڵەتێک بینرا (واتە : توانی سەرەک کۆمار بدبینێت ـ وەرگێڕ)، لە هەموو لایەکەوە سەرنجی دراوەتێ. ئێمە (رۆژنامەی ئولکە ـ وەرگێڕ) چاونێری ـ شاهید ـ مانگی هەنگوینی سەرۆکی (ی.ن) و دەوڵەتی تورکیاین، ئەو هیوایەی تاڵەبانی بە ساڵان هەیبوو، کە پەیوەندی بە دەوڵەتی تورکیاوە بکات، هاتە جێ.

دیارە ناکرێت هەموو چاوپێکەوتنەکانی نوێنەری (بەڕەء) دووبارە بنووسینەوە (بەڵام لەم ماوەیەدا وەک نامیلکەیەک بە جیا کۆدەکرێتەوە) و توانجیان لەسەر بدەین، بەڵام لێرەدا چەند خاڵێکی گرنگ هەیە کە دەبێت دەست نیشان بکرێن.

تاڵەبانی دەڵێت: "من ساڵێک وازم لە چەک دەهانی و بۆ چارە سەرکردنی گیروگرفتی کوردی پەنام دەبردە بەر دیالۆگ".

کورد دەڵێت : ئاش لە خەیاڵێ و ئاشەوان لە خەیاڵێ.

ئەز تێناگەم تاڵەبانی دەخوازێت «کێ» خەشیم کات وە «کێ» هەڵفریوێنێت؟.

تاڵەبانی چاک ئەو راستی‌یە دەزانێت کە مەسەلەی «چەک» و «دیالۆگ» دوو خاڵی فرە گرنگن و بە توندی پێکەوە بەستراون. وازهێنان لە چەک، لەسەر کاتەکە ئەوەستاوە. گرنگ نییە رێکخراوێکی سیاسی بۆ هەفتەیەک، شەش مانگ، ساڵێک یان زیاتر چەک دابنێت . گرنگایەتی‌یەکە لەو خاڵەدایە کە داخۆ ئەو ئیلهامە، ئەو باوەڕە، ئەو بۆچوونە لە چ سەرچاوەیەکی

ئایدیۆلۆژی و لە چ کات و شوێنێک‌دا هەڵدەقوڵێت. داخۆ ئەڵتەرناتیڤی ئەو «چەک دانانە» چی‌یە و ئایا کارێکی وا پێویستە (؟!)

چەک‌دانان مانای دیالۆگ نی‌یە.

مرۆڤ یان ڕێکخراوێکی رامیاری دەکارێت خەبات بەچەک نەکات و هەر بەردەوامیش بێت لەسەر جۆری خەباتەکانی تر و "دیالۆگ" یش لەگەڵ دوژمن‌دا نەکات.

خەباتی چەکداری تەنها پارسەنگدانەوە و بەهێز کردنی شێوازەکانی تری خەباتە، بەتایبەتی ئەگەر دوژمن «فاشیزمی ئێراق» یان «دیکتاتۆری سوریا و ئێران» یان ئەو سیستەمە «دیموکراتی‌یەی» تورکیابێت کە تاڵەبانی شەیدای بووە.

تاڵەبانی «دانانی چەک» یەکسەر بە «دایالۆگ» ەوە دەبەستێتەوە.

لەبەر ئەوە، کە تاڵەبانی دەڵێت با ساڵێک واز لە چەک بهێنن، بە واتایەکی تر دەڵێت: با ساڵێک لەگەڵ «دەوڵەت» دا گفتەوگۆ بکەن، یان دەست تێکەڵاوبکەن ... هتد.

(P.K.K) ـ وەک ڕێکخراوێکی رامیاری پێی وا نی‌یە دەوڵەتی تورکیا بە دیالۆگ نەرم دەبێت، کە نیوملیۆن سەربازی لە کوردستان هەیە و بەهێزی دروستکردنی سەدی (ئەتاتورکەوە) دەیەوێت بەشێکی گەورەی نیشتمانەکەمان بخاتە ژێر ئاوو هەڕەشە لە پاشەڕۆژی میللەتمان دەکات. هەروەها بە هێزی دەرکردنی یاسای تیرۆریستەوە مافی داوە بە پۆلیس و ژەندرمە و سیخوڕ لە هەر شوێنێک دا بیانەوێت خوێنی کورد بڕێژن.

دەوڵەتی تورکیا وەک دەوڵەتێکی کۆلۆنیالیستی مشەخۆر و خۆشی وەک سیستەمێکی فاشی چاک لە گیروگرفتەکان حاڵی دەبێت و پێویستی بە دیالۆگ نی‌یە. هەموو دیالۆگێک کورد دەهێنێت سەر مێزی "دەستێکەڵاوکردن" و "تەوین"، نەک «گفتەوگۆ».

گفتەوگۆ لە نێوان لایەنە هاویەها و هاو ئیمتیاز و هاو هێزەکان‌دا مانای سیاسی و ئەوتۆی خۆی دەگرێتەوە.

P.K.K پێی وایە کە هێزی داگیرکاری کۆلۆنیالیستی تورک پێویستە و دەبێت خاکی کوردستان، وەک زەمینەیەکی بەوان بیانی بەجێ‌بهێڵن.

P.K.K پێی وانی‌یە کە وەستاندنی خەباتی چەکداری دڵی کۆلۆنیالیستەکان نەرم بکات، یا خود ببێتە هۆی ئەوەی چاو بە رامیاریان‌دا بخشێننەوە.

P.K.K پێی وایە کە خەباتی چەکداری دەکارێت خزمەتی تایبەتی خۆی شان بەشانی شێوازەکانی تری خەبات بە خەباتی سەرخۆبوون بگەیەنێت، ئەم خەباتەش لەگەڵ ئاست و پلەی

جەماوەری کوردستان و شێوازەکانی تری خەبات‌دا هەڵبەز و دابەز دەکات.

ئەگەر بەعزیەکی تایبەتی خەباتی چەکداری کەم بکرێتەوە یاخود هەڵپەسێررێت، مانای دەرگاکردنەوە نی‌یە لەسەر «دیالۆگ».

دیالۆگ واتە بڕوابوون بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەسەر مێزی پایتەختەکانی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکان، هەروەک لە مێژووی ئەم (٣٠) ساڵەی دوایی خەباتی «سەرکردایەتی» باشووری کوردستان دا دیارە سەرەنجامی ئەم «دیالۆگە» ش کە تاڵەبانی شەیدای بووە بۆ هەموولایەکمان ئاشکرایە و ئەز هەر ئەوەندە دەڵێم کە کاری باش‌ەدە «سەرەنجامی باشی دەبێت». ئەگەر کاری رامیاری ئەم «دیالۆگ» و «گفتوگۆکاری» بە باش بوایە ئەوا دەبوایە پاش (٣٠) سەرنجامێکی باشی هەبوایە.

"دیالۆگ" هەروەها مانای بەستنەوەی گیروگرفتی بن دەستایەتی کوردستانە بە دەوڵەتی ناوەندیشەوە، ئێمە هێندەش فێربووین کە دەوڵەتی ناوەندی ئەم وڵاتانە دەیان جار گۆڕان و هێشتا کوردستان هەر بەبن دەستیی ماوەتەوە. لەبەر ئەوە «دیالۆگ» ئەو گەنجینە نوێ‌یە نییە کە تاڵەبانی بە هەڵکەوت یان بە هێزی کار دۆزیبێتەوە و ئێستا بە دیاری بیدات بە گەلی کوردستان.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە دەڵێت «ئایا ئێوە لەگەڵ P.K.K هیچ لەو بارەیەوە دوواون»، واتە مەسەلەی دیالۆگ و دانیشتن لەگەڵ دەوڵەت.

تاڵەبانی دەڵێت: "بەڵێ من ئەو پێشنیارەم کردووە".

زۆرم پێم ناخۆشە کە دەبێت دان بەجەرگی خۆمدا بنێم و بڵێم تاڵەبانی لەجیاتی قسە "درۆ" دەکات. هەموو مرۆڤێکی کورد دەتوانێت و بۆی هەیە و مافی خۆیەتی و ئازادە ڕەخنە لە ڕامیارێتی P.K.K بگرێت و داوایان لێ بکا.روونی بکەنەوە داخۆ بۆچی ڕێگای سەربەخۆیی و بۆچی ئۆتۆنۆمی ودیالۆگ نا (؟!).

بەلام مرۆڤی کورد، با تاڵەبانیش بێت بۆی نی‌یە "پێشنیار" یان "داوای" ئەو هەنگاوە بکات. چونکە دیارە ئەگەر کەسێک یان لایەنێک داوای دیالۆگ بەرزبکاتەوە ئەوا دەستێکی قوڵتر لەمەسەلەکەدا هەیە و زۆر دوورە لە "پێشنیارەوە"، لەماناش بترازێت، پارتا کارکەرێن کوردستان نە فرۆشیاری پێستە دەڵەکە و نە لەساڵەکانی سەدەی نیوەڕاست‌دا یە کێچ بەشوو بدات. ئەم جۆرە قسانەی تاڵەبانی وامان لێدەکات بەزمانێک بدوێین کە بەبالای نوێنەرانی «بەرە» براوە و خوێنەر پێویستە تێبگات کە «بەر پەنج دانەوە» یەک جێی خۆیەتی و پێویستە.

لەوەلامی پرسیاری (٨) دا دەڵێت: «ئێمە ناخوازین لە تورکیا، لە ئەستەمبول یان لە ئەنقەرە

ڕەخنە لە P.K.K بگرین، بەڵام کە چوومەوە کوردستان ئەو کاتە قسەدەکەم».

دووبارە پێویستە بڵێم کە تاڵەبانی ڕاست نابێژێت. جاری پێش هەموو شتێک کاری هیچ لایەنێکی تایبەتی نی‌یە لە پایتەختێکی دوژمندا و لە شوێنێکی تایبەتی‌دا باسی لایەنێکی کوردستانی بکات (لە ڕاستیش‌دا تەنها پارتەکانی بەرە لە سەرانسەری کوردستان دا بەم کارە هەستاون). دوای ئەوە، تاڵەبانی سەدان جار، لە هەموو ڕۆژنامەو گۆڤار و بڵاوکراوەیەکی تورکی و چەندین دانەی ئارەبی‌دا وەک خەرەک قەوانی P.K.K لێدەداتەوە، هەموجارێکیش چەند پەرەیەک قسەی کردووە، تەنانەت دوای ئەم دیرەی سەرەوەشی و ئێستاش هەر بەردەوامە، (. ٢/٨/١٩٩١).

ئیدی چی لە «ئەستەمبول یان لە ئەنقەرە ڕەخنە لە P.K.K ناگرێت»؟!

کاتی ئەوەش هاتووە خوێنەر بتوانێت گەواهی بدات کە ئەو قسانە «ڕەخنە» نین، ڕەخنە لە پایتەختەکانی دەرەوە وە بەزمانی بێگانە و ڕوواو رووی گوێی بێگانە ناگیرێت و بۆ بێگانە ناگوترێت. لەڕاستی‌دا، "بەرە" بۆتە فەرهەنگێکی نوێ بۆ پێناسەی «دیموکراسی» و «ئۆتۆنۆمی» و «ڕەخنە» و ... هتد. هیوادارم خەڵکی نیشتمان پەروەر توێژینەوەیەکی قوڵتر و هەمە لایەنتر لەسەر ئەم خاڵانە بکەن.

هەر لەو هەفتەیەدا کە بە داخەوە بەرواری لەسەر نی‌یە، چاوپێکەوتنێکی تر لەگەڵ تاڵەبانی‌دا کراوەتەوە کە هەر لە هەمان ژمارەی (١٦/٢٢) ی مانگی جۆزەردان دایە.

پرسیار: ئایا ئێوە چۆن ئەم وەزعە تایبەتی‌یە دەبینن؟ (دیارە هەواڵنێرەکە مەبەستی لە چاوپێکەوتنەکەی تاڵەبانی و ئۆزال . . ە).

تاڵەبانی: " ئێمە و مەسعود بارزانی گەشتووینەتە ئەو بڕوایەی کە بەرامبەر دەوڵەتی تورکیا یەک هەڵوێستین".

پرسیار: " لە هێرشێکی ئەمەریکا بۆ سەرP.K.K ئێوە چی‌دەکەن؟"

تاڵەبانی: " کاری P.K.K لە ئێراق چی‌یە؟ هەرکەس با لە پارچەی خۆی کاربکات، ئێمە لە تورکیا بۆێنایە وازمان لە ئۆتۆنۆمیش دەهانی، من لەم سەدەیە هەرگیز باسی سەربەخۆی کوردستان ناکەم و ئەوەی باسێکی وابکات، واتە باسی سنوورەکان بکات و دژایەتیان بکات بێ عەقلە".

هەواڵنێرەکە لە کۆتاییدا دەڵێت:"ئەو تاڵەبانی‌یەی کە دەیگوت ئێمە کوردستان دەکەین بە ڤێتنام، ئێستادەڵێت ئێمە پشتگیری دەوڵەتی تورکیا دەکەین لە هاتنی‌دا بۆ کوردستان. ئێمە هەقمان نی‌یە و ئاسایی‌یە".

نوێنەری بەرە دژی مەسەلەی سەربەخۆیی‌یە و ئەم هەڵوێستە ڕەنگە بە هەزاران جار لەلایەن

نوێنەرانی بچووک و گەورەیانەوە، لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتدا دووپات کرابێتەوە.

لەم کاتەدا کە جەماوەری ڕاپەڕیوی کوردستان بە بڕستێتی، لە ئاڵۆزترین دۆخدا کوردستانیان - یاخود بەشێکی گەورەی کوردستانیان - بە ئازاد کراوی و ڕزگارکراوی هێشتۆتەوە، کارێکی فرە گرانە لایەنە ئۆتۆنۆمی خواز و پاندەوڵەتیخواز و دژکوردەکان بتوانن هەڵوێستێکی دوو ڕوو، یان دووگما، یان فریوێنەریان هەبێت و بیخەنە بەردەم جەماوەر. ئەم لایەنانە «دەبێت»، (واتە مێژوو زەبری هێناوەتە سەریان) کە خۆیان ساغبکەنەوە، نوێنەرانی بەوە کە ئۆتۆنۆمیخوازن ئەمەش و لەلایەن بەشێکی زۆریانەوە کراوەتە "بازرگانی"، نە ئەو توانا و دەسەڵاتە رامیاری - ئابووری و کۆمەڵایەتی‌یەیان هەیە و نە ئەگەر هەشیان بێت دەخوازن بە پرۆسەی ئامادەکردنی سەرخۆبووندا تێپەڕبن. چونکە بیری سەربەخۆیی تەنها وەک دروشمێک و وەک ئاڵایەکی هەڵواسراو لە ڕاپەڕینێکی وادا جێگای نابێتەوە، بەڵکو ئەو بیرە، یان ئەو هێزە کە کراوەتەوە دروشم دەبێت لەسەرو هەناسەو هەنگاوێکی ئەم لایەنەو چواردەوری‌دا ڕەنگبداتەوە.

لایەنی سەربەخۆیخواز دەبێت هەڵسێت بە ڕێکخستنی جەماوەر بۆ پارێزگاری لە ناوچە ڕزگارکراوەکان، بۆ ڕێکخستنی دەزگای تایبەتی تەرخانکراو بۆ بەگەڕخستنی دامودەزگا دەوڵەتییەکان کە بۆ کاروباری نەتەوەیەک پێویستن. دەبێت هەڵسێت بە ئاوەدانکردنەوە و چاک کردنی ڕێگاوبان و خەملاندنی دادگایەکی میللی و جەماوەریی بۆ بەرسنووردکردنی تاوانکاری‌یە گشتی و تایبەتی‌یەکان، بەتایبەتی ئەوانەی لەکاتی ڕاپەڕینێکی وادا لە هەموو ناوچەو نەتەوەیەکدا ڕوودانیان چاوەڕوانکراوە، ئەمە بێجگە لە دۆزینەوەی کار بۆ خەڵکی تایبەتی و مژوڵکردنیان بەو کارە گرنگانەوە کە دەبنە بەهێزکاری ڕاپەڕینەکە و بەڕێوەبردنی ناوچە ڕزگارەکان و ... هتد.

هەروەها دامەزراندنی سوپایەکی نەتەوەیی و ناردنی خەڵکی پسپۆڕ و لێهاتوو بۆ دەرەوەی وڵات بۆ کۆکردنەوەی پشتگیری و یارمەتی و هاوکاری لەو بیرە سەربەخۆیی‌یە، کە دەبێت فۆرمی دەوڵەتێک هەڵگرێت.

ئەمە نەک هەر بە سەرانی بەرە نایەتە کردن کە بە ئاشکرا ئۆتۆنۆمی دەخوازن، بەڵکو تەنانەت بە پێچەوانەی ئەم پرۆسەیەی سەرەوە، بە ئاشکرا و ڕوونی کاریان کردووە و کوردی باشووری کوردستان چاونێری ئەم ڕاستیەن.

باشە ئەگەر سەرانی بەرە ڕاست دەکەن "گفتوگۆ" دەکەن و "دەست تێکەڵاوکردن" ناکەن، بۆچی لە کاتێک کە جەماوەری کوردستان شارەکان ڕزگاردەکەن و بەڕزگارکراوی دەیهێڵنەوە ئەمان (سەرانی بەرە) دەچن ڕێگا دەدەن بە سوپای ئێراقی، ئەگەرچی وەک هێزێکی هێمایش بێت، بێتەوە نێو ئەو

شارانە؟!

زۆر کەس هەن دەڵێن گوایە ئەو سوپایە، بە ئەژماردنین، بەڵکو هێماین و کارێکی سەربازی ئەو تۆیان پێ ناکرێت.

ئێمەش لەوەڵامدا دەڵێین خاڵی سەرەکی لە بەئەژماردەیی و قەڵەوی و خووڕتی ئەم سوپایەدانی‌یە، خاڵی سەرەکی لەو پێنگووتنە سایکۆلۆجی‌یەدایە کە ڕژێمی ئێراق وەک دەستی قورسی مۆتەکەیەکی ناوەخت لە سینەی جەماوەری کوردستانی گیردەکات و پێیان دەڵێت: ئێوە و سەرکردەکانتان یەک ناگرنەوە، هەریەکەتان لە ئاوازێ دەخوێنن، کلکی ئێوە لە ژێر دەستمدایە، ئێوە خاوەنی سەرکردایەتی نین، ئێوە ناتوانن خۆتان بەڕێوەبەرن. من هەر لە شارەکانتان‌دا لە سەرشەقام و لە دەزگاکاندا مارم و هەر دەشمێنم.

ئەمەیە پێنگووتنی ڕژێم.

ڕژێم چاک ئەو ڕاستی‌یە دەزانێت کە دوو (أنضباط)ی سەر سووری سەربازی هیچیان پێ ناکرێت. بەڵام ڕژێم دەیانکاتە چەکوشێکی قورسی ناخ داپڵۆسێنەر لە کاتێک‌دا کە بەرە رازی دەکات ئەم دووکەسە "دووقۆڵی" لەگەڵ دوو پێشمەرگەدا پیاسەبکەن.

ئەم کارە هیچ پەیوەندیەکی بە گفتوگۆ و ئۆتۆنۆمییەوە نییە. ئەم چاوپێکەوتنانەی سەددام و سەرانی بەرە ئەڵقەیەکن لە زنجیرێکی درێژە پلانێکن لە پرۆسەیەکی درێژ کە کۆیلەکردنی کوردی تیا ساخدەبێتەوە.

بۆچی خاڵێک لە خاڵەکانی پێشبندی گفتوگۆ ئەوە نی‌یە کە هیچ نەبێت و بەلایەنی کەمەوە تاوەکو گفتوگۆ (!؟) "لایەکی بە لایەکدا دەکەوێت ئەوا سوپای ئێراقی لە" دەرەوە" ی ئەو ناوچە ڕزگارکراوانەدا بێت؟!

بۆچی دەبێت ڕژێم بە بەردەوامی لە هێرش‌دا بێت بۆ سەر ئەم ناوچە ڕزگارکراوانە (تا ئێستا دەیان جار ڕووی داوە) و جەماوەر بکەوێتەوە شەڕو "سەرانی بەرە" یش ناوبژی بکەن (٣٦) (!) ئایا کاری "سەرانی بەرە" دەبێت ناوبژی کردن بێت؟!

ئەمە چ جۆرە گفتوگۆیەکە کە ڕژێم پەیتا پەیتا لە هێرش و هەوڵدان بۆ گرتنەوە و داگیرکردنەوەی کوردستان لە هەڵمەتدابێت؟ ئێمە بەڵگەی کوشتن و داپڵۆسین و دوورخستنەوە و ڕاونان و ڕاگوێزانی هەزاران کوردی مەندەلی و کەلار و خانەقین و کەرکووکمان بەدەستەوەیە کە هەفتەیەک دوای ئەم «گفتوگۆ (!)» یەی سەرانی بەرە ڕوویانداوە. باشە ئەگەر سەرانی بەرە نەتوانن دەوڵەتی داگیرکاری ئێراقی بە نەکردنی کارێکی وا - هیچ نەبێت لە کاتی گفتوگۆکەدا - ڕازی بکەن، ئەی گوایە چۆن

دەتوانن ئەم دەوڵەتە بەو کارە فرە مەزنانە بهێننە باوەڕ کە مافی ئازادی خەڵکی کورد و دیموکراتی بۆ گەلانی ئێراقی تیا بەرکسال دەبێت؟!

ئەمانە لە ئەرکەکەی ڕامیاری زیاتر هیچی تر نین.

خەڵکی کوردستان پێویستە بە زووترین کات هەموو هەنگاوو هەڵوێست و تێڕوانینێکی ئەم لایەنانە بخاتە ژێر فشاری پرسیارەوە و داوای مافەکانی خۆیانیان لێبکات. ئەگینا خەڵکی کوردستان دەبێت بزانن کە بە هەزاران شەهیدی تریش بدەین هەر بەشمان ئاوارەیی و دەربەدەری و برسێتی و هەژاری و نەخۆشی دەبێتەوە، هەتا سوود لە هەموو قۆناخ و ڕووداوێکی مێژوویی وەرنەگیرێت، مێژوو ناچارە دووپات بێتەوە، مێژوو نەک هەردووپات، بەڵکو دەپاتیش دەبێتەوە. مێژوو دەکارێت سەدپاتیش بێتەوە ئەگەرکو جەماوەری سوودی لێوەرنەگرێت و هەنگاوی نوێ و چاکی لەدوایەوە هەڵنەهێنێت.

ئەگەر گەلی کورد مێژوو بخوێنێتەوە ئەوا مێژوو ناچار نابێت دووبارەبێتەوە. ئاشبەتاڵی یەک ئاشبەتاڵی دوو ناهێنێتە دنیاوە و ئاشبەتاڵی سێ ئاشبەتاڵی دوومان ناهێنێتەوە بیر. (٢٧)

تاڵەبانی دژی خەباتی چەکداری بەو ئەمە یەکەم جار نییە خۆی، یان نوێنەرێکی بەرە بیدرکێنێت.

کاتی خۆی هەردوای ئاشبەتاڵە خشکیی یەکەی ١٩٨٨، بۆ یەکەم جار بە ئاشکرا، بە هەسەلایەنی ئەم فەلسەفە پڕ نرخەیان ڕشاندەوە. گوایە باوی خەباتی چەکداریانە نەماوە و دەوڵەتەکان زۆر بەهێزن و کورد نەهێزی چەک و تەقەمەنی هەیە و نە ئەمە و نە ئەوە.

سەرانی بەرە کە (٣٠) ساڵ زیاترە "شەرەتەقە" دەکەن و هیچیان پێنەکراوە بە هیچ، وادەزانن یان ڕاستتر، دەیانەوێت جەماوەری کوردستان بگەیەننە ئەو باوەڕەی کە "شەرەتەقە" بریتییە لە "خەباتی چەکداری".

هەتا ئێستا باشووری کوردستان خاوەنی خەباتێکی چەکدارییانەی زانستی و چاکی نەبووە. تەنانەت بزووتنەوەی ١٩٧٤ کە زیاتر لە (١٠٠ هەزار) پێشمەرگە بەشداری کرد و بەشی هەرە زۆریەی خەڵک بە دڵ و گیان سەرکردایەتی پارتییان بە ڕابەری خۆیان لە قەڵەم دەدا، سەرکردایەتی بارزانی زۆر بەبێ شەرمانە و ساویلکانە پشتیان بە ئەرتەشی ئێرانی بەست، تەنانەت بارزانی ئەمەی بە ئاشکرا درکاند کە بەسەر پێشمەرگەکاندا تووڕە بوو و هاواریکرد کە «ئەز پێویستم بە پێشمەرگە نییە ئەرتەشی ئێران شەرم بۆ دەکات».

گەلی کوردستان سوود لەم ڕاستییانە وەرناگرێ!

هەموو جارێک، بە فاک و فیکی پایتەختەکانی دەرەوە، چەند کەسێک دەستیان داوەتە چەک،

ئینجا خەڵکی هەژار و ساکار و سادە و نیشتیمانی گەلەکەمان، کوڕی کوڕی شار و گوندیی میرخاس و دڵپاک و ڕەوشتپاک و وڵاتپارێزی نەتەوەکەمان بێ‌ئەوەی ئاگایان لە مەسەلەکان بێت چەکیان کردۆتە شان و خوێنی خۆیان لە پێناوی شەڕ و، شەڕیش لە پێناوی گفتوگۆدا ڕشتووە. لە دەیان لاوە کورد دووچاری نەگبەتی و ماڵوێرانی و سەرگەردانی بووە، و ئەم کارە لەم (٣٠) ساڵەی دوایی‌دا پەیتا پەیتا دووپات بۆتەوە.

هەموو جارێک لە بەختی سەرانی بەرە و بە پەنجەی ڕێکەوت و بەحوکمی فاشیزمی دەوڵەتی ئێراق و هەڵەی تاکتیکی دەوڵەت و . . . هتد وە سەربازی ڕاکردوو و جاش و پۆلیسی تۆراوو . . . هتد یان لێ‌کۆبۆتەوە، بەم شێوەیە چەند کەسێک «شەڕ»یان کردووە و پێنج ملوێن مرۆڤی کوردیش سەیریان کردوون. ئامانجیشیان هێندە بەر تەسک و لاواز و بێ‌نرخ بووە کە کوردی پارچەکانی تریش هاوکارییان نەکردوون و دەستی یارمەتی‌یان بۆ درێژ نەکردوون.

تاڵەبانی شەرم ناکات و ئەم کارەی ناو ناوە خەباتی «چەکداری» و زوو زوو لەبەر خۆیەوە دەیڵێتەوە وەک دەوڵەتی تورکیا، ئێراق یان ئێران لە کوشتنی دوو سەرباز و سووتاندنی زیلێکی سەربازی سڵ بکەنەوە. ئەوەی سەیرە، هەندێک لایەنی دواکەوتوو و لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی «سەرانی بەرە»دا سەری ڕەزامەندی و هاوهەڵوێستی بەرامبەر ئەم «تیزە نوێ‌یە» دەلەقێنن و دەنە سەدای دەنگی تاڵەبانی و هەمان بەزم دەڵێنەوە. گوایە «خەباتی چەکداری لەبەرژەوەندی کورد دانی‌یە».

سەرانی بەرە لە ڕوویان نایەت بە ئاشکرا بڵێن : «خێری تیا نەماوە».

خەباتی چەکداری بناخەی پتەوی خۆی لە جەماوەرەوە هەڵدەچنێت و بەسەرکردایەتی‌یەکی بە پێز و برە و پێشڕەوایەتی دەکرێت و دەبرێت بەرێوە کە ئامانج و ستراتیژی خۆی بزانێت و دڵی وەک دڵی تەڕەگەنجێکی چواردە ساڵە لە هەڵچوون و داچوونی بەردەوام دا نەبێت.

ئەگەر خەباتی چەکداری لە خزمەتی ستراتیژیی ڕزگاریخوازەنەدا نەبێت، بەڵکو لە خزمەتی گفتوگۆ و دەست تێکەڵاوکردن و زۆرجار «ماچ» یش دا بێت ئەوا پێ‌ی ناگوترێت خەباتی چەکداری، بەڵکو دەبێتە «شەڕە تەقە» و «ڕێگری» و «بازرگانی بەخوێنی خەڵکەوە کردن» و . . . هتد. خەباتی چەکداری کاتێک سەنگ و قورسایی خۆی بۆ جەماوەر دەسەلمێنێت کە بزانێت چۆن و بە چ شێوەیەک دەست لە دوژمن دەوەشێنێت و بۆ لێ‌ی دەوەشێنێت و چۆنیش مامەڵە لەگەڵ سەرئەنجامەکانی‌دا دەکات.

بەواتایەکی تر، خەباتی چەکداری واتە: زانستی ناسینی هێزی دوژمن ومامەڵەکردن لەگەڵیدا.

خەباتی چەکداری بریتی نی‌یە لە وەرگرتنی چەک لە ئێران و سووریا و تورکیا، کە تەنانەت ژمارەی ئیشەکانیش ژمێردراین و بە پارە و پوولی دوژمنان و پایتەختەکانی دەرەوە مەسرەف بکرێت. جەماوەری خەڵک دەبێت کاری خەباتی چەکداری، هەروەک خەباتی کولتووری و زمان و فەرهەنگ و هونەری و... هتد بخەنە ئەستۆی خۆیان و لەوەپێش بۆ ئەو کارە ئامادە کراین. خەباتی چەکداری دەبێت بەشێک بێت لە خەباتی دیپلۆماسی و هونەری و ڕامیاری و پروپاگەندەیی و . . . هتد و دەبێت بەشێکی زۆری جەماوەر بەشداری تێدا بکات، نەک چەند کەسێک بیکات و جەماوەر تێیان بڕوانێت.

خەباتی چەکداری هەروەها دەکارێت ڕاوەستێنرێت، یان کەم بکرێتەوە، یاخود بۆ ماوەیەکی کەم لەلایەن سەرکردایەتییەوە هەڵپەسێررێت، لە کاتێکدا کە هەموو شێوازەکانی تری خەبات لەکاردابن. ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بە دیالۆگ و دانیشتنەوە نییە.

خەباتی چەکداریانەی ڕزگاریخوازانە لە هەموو لایەکەوە بە هەموو مەبەستێک لە دوژمن دەدات و هەوڵی دەرپەڕاندنیان لە هەموو ناوچەیەکی بەوان ئامۆزدا دەدات. خەباتی چەکداری ناچێت دەست لێرە و لەوێ و لە هەموو دەزگایەکی گرنگ و ناسک و بە بایەخی ڕژێم بپارێزێت تاوەکو «مەجالی» دەست تێکەڵاوکردن و سازش بهێڵێتەوە.

خەباتی چەکداری دەبێت کەمینە دزەخێک بێت کە دوژمن بە ئاشکرا دەرکی پێبکات، بەڵام بەچاوەڕوانەکراوی و کوت و پڕ لە بەردەمی‌دا قووت بێتەوە.

سەرکردایەتی خەباتێکی چەکدار ناچن شارێک کە جەماوەر بە خوێنی خۆیان ڕزگاریان کردووە و پاراستوویانە، ئەمان لێیان بسێننەوە و بیدەنەوە دەست ڕژێم، سەرکردایەتی خەباتی چەکداری نابێتە ناوبژیکار لەناوەند جەماوەر و ڕژێم دا.

سەرکردایەتی خەباتی چەکداری بە ئاگاوە لێرە و لە وێ خۆی نیشاندەدات و لەگەرمە و چەقی ڕووداو و ناوچەی ڕزگارکراودا هەڵدەتۆقێ، نەک لە هۆڵی میوانەکانی بەغدا و تاران و دیمەشق و ئەنقەرەدا. سەرکردایەتی خەباتی چەکداری هەردەم مەژوڵ و سەرقاڵی ڕووداو و کارەسەتەکان دەبێت و لەگەڵ کاروانی ڕووداو و کارەساتەکاندا پێ‌هەڵدەگرێ و بە فەرسەخ لە دوای کاروانی ڕووداوەکانەوە بەجێ نامێنێت.

سەرکردایەتی خەباتی چەکداری بەخۆیو تەزبیحێکی کارەباوە بە خۆراکی دوژمن ناژی و لەدوو توێی لێفەی دوژمندا چاوی خەوی هەڵناهێنێت و هەر لەخۆیەوە ناخنێتەوە و تەدارەکیشی بۆ ناکرێت.

خەباتی چەکداری ئەو خەباتەیە کە شۆڕشگێڕانە بێت و ئەگەر ڕابەرەکانیشی بە دەستە مردن، ئەوا ئەم هەر بەردەوام بێت، واتە لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلدابێت نەک لەگەڵ بزووتنەوەی قاچ و قولی دەسەرکردەکانداپەدا.

لەسەر هەموو ئەمانەشەوە، خەباتی چەکداری بۆ خۆشکردنی زەمینەیە لە پێناوی ڕاپەڕینی جەماوەرییدا، نەک جەماوەر بە گیانی ئۆتۆنۆمی و مافی کولتووری و پیرۆزیەتی سنووری دەوڵەتی کۆلۆنیالیستەوە گۆش بکرێت.

بەڵام بازۆر لەسەر ئەم مەسەلەیە ئەڕۆین. مرۆڤ ناکارێت سەرقاڵی وەڵامدانەوەی هەموو ووشە و



پارتی کرێکارانی کوردستان خاوەنی هێزێکی لەبن‌نەهاتووی جەماوەرییە

ڕستەیەکی نوێنەرانی بەرەبێت، ئەوە گرنگە کە تاڵەبانی لە وەڵامی دواپرسیاردا دەڵێت: «کاری P.K.K لە ئێراق چی‌یە؟ هەرکەس با لەپارچەی خۆی کاربکات».

ئێمەش لەسەولا بەبێ «توانج» دەڵێین «پارچەکەی تاڵەبانی».

سەبارەت بەوەشی کە دەڵێت: «کاری P. K . K لە ئێراق چی‌یە؟» ئەز دەبێژم: یەکەم ئێراق نییە و کوردستانە، دووەمیش کاری P. K . K زۆرن.

هەر هەفتەی دوای ئەم چاوپێکەوتنە و واتە ژمارەی نێوان ۲۹/۲۳ هەمان مانگ، هەواڵنێرەکانی ئولکە خۆیان گەیاندۆتە کوردستان و یەکێک لە سەر ووتارەکانیان ئاوا دەست پێ‌دەکات: [پاش ٤١ ڕۆژ مانەوەی لە بەغدا، مەسعود بارزانی گەڕایەوە بۆ کوردستان و چاومان پێ‌ی‌کەوت. پێش ئەوە مەسعود بارزانی کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ سەرۆک خێڵەکاندا کردبوو کە ڕۆژنامەنووس تیایدا قەدەغەبوو. ئەوەی ڕۆژنامەنووس بۆی هەبوو تەنها (٥) دەقیقە ڕەسم گرتن بوو و بەس. لە بەیانی زووەوە لەوێ بووین، پاش ١٢ سەعات ڕاوەستان و چاوەڕوانی چاومان پێ‌ی کەوت]

پرسیار/ بەڕێز بارزانی سەرئەنجامی گفتوگۆی بەغداتان بوو بەچی؟

مسعود / ئەو گفتوگۆیە لە چوارچێوەیەکی دیموکراسی‌دا ڕوویدا، بەتایبەتی ئازادی تەلەفزیۆن و چاپەمەنی هەبوو. بە کورترین کات ئێمە دەچینە نێو سیستەمێکی پڕپارتی و فرەلایەنی‌یەوە، سەرەک کۆمکار لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێرێت، تەواوی دەسەڵاتی سەرەک کۆمار لەدەست ئەنجوومەندا دەبێت، ئێمە لەسەر ئەو شتانە ڕێک کەوتووین، ئێستاش لە کوردستان هەر بۆ ئەو مەبەستە دەگەڕێین و پش ئەوە دەگەڕێمەوە بۆ بەغدا و ئیمزای ڕێکەوتنەکە دەکەم.

پرسیار / ئیمزای ئەو پەیمانە دەکەیت کە کاتی خۆی لەلایەن باوکتان و دەوڵەتەوە لە ساڵی (١٩٧٠) ئیمزاکرابوو؟

مسعود / ئەو پەیمانە ڕۆشت. ئەو پەیمانە نەما.ئەم پەیمان کەمێک جیاوازە. ئێمە بەشێوەیەکی تایبەتی لەسەر مەسەلەی ئازادی و دیموکراسی گیرساوینەتەوە، نیوەی دەوڵەت لەدەست ئێمەدا دەبێت.

پرسیار / بۆ ئێوە وازتان لە ئۆتۆنۆمی هانی؟!

مسعود / ئێمە لایەنگری یەکیەتی ئێراقین. ئێمە ویستمان وایە کە ئەرەب و کورد و تورکمان وەک برا پێکەوە بژین. یەکیەتی ئێراق بۆ ئێمە زۆرگرنگە.

پرسیار / مەسەلەی کەرکوک چی‌لێهات؟!

مسعود / لەم چاوپێکەوتنەدا باسی جوگرافیامان نەکرد. لەزۆر ناوچە ئەرەب هەنە، ئەو ناوچانە

پێکەوە هاوبەش بەکاردەهێنرێت. کەرکووک بۆ ئابووری ئێراق زۆرگرنگە، هەر لەو بوارەشدا قسەمان لەسەرکرد، ئێمە لە ئەنجامەکەی مەمنوون بووین. کەرکووک ماڵی ئێراقە. بە شێوەیەکی هاوبەشی سوودی لێ وەردەگیرێت.

پرسیار: ئەو چاوپێکەوتنەتان بۆ هێندە درێژ بوو؟

مسعود: ئێمە (٢٠) ساڵە لەگەڵ دەوڵەتی ئێراقدا لە شەڕداین. زۆر پلانی ئاشکرا و ڕووغان نەبوو. ئەو مەسەلانە ناکرێن بە دوو ڕۆژ تەواو بکرێن. ئێمە باسی زۆر شتمان بەووردی کردووە.

پرسیار: وەزعی پێشمەرگەکان چۆندەبێت؟

مسعود: سنوورەکانی کوردستان لەلایەن پێشمەرگەکانەوە دەپارێزرێن و هەمووشیان هاونیشتمانی ئێراق دەبن.

پرسیار: مەبەست ئەوەیە سنوورەکان دەکێشرێن، یاخود چۆن؟!

مسعود: نا، خواستم ئەوەیە کە بڵێم پێشمەرگەکان سنووری ئێراق - ئێران دەپارێزن.

پرسیار: واتە پێشمەرگەکان چەکەکانیان دادەنێن؟

مسعود: سنوورەکان دەپارێزن و دەبنە سەربازی ئێراقی.

پرسیار: ئایا ئێوە دەخوازن سەربازی ئەمریکا و هاوپەیمانەکان خۆیان بکێشنەوە؟!

مسعود: ئەوان بۆ یارمەتی ئێمە نەهاتوون و ئێمەش پێویستمان بەیارمەتی ئەوان نی‌یە.

پرسیار: ئایا ئەو خاک و زەوی‌یەی قسەی لەسەر دەکرێت کوردستان نی‌یە؟ داخۆ ئێوە هیچ خۆتان بەر پرسیار نابینن؟!

مسعود: ئەوە مەسەلەیەکی ترە. ئەوە لەگەڵ ئەمەدا تێکەڵاو مەکە.

پرسیار: ئایا ئێوە بڕواتان بە سەددام هەیە. ئێوە ناترسن بە کۆمەڵ کوشتنێکی تری وەک "هەڵەبجە" ـ تان پێبکرێت؟

مسعود: زەمانە دیاری دەکات. کە پەیمانەکە مۆر کرا دیار دەبێت. ئێمە شان بە شانی دەوڵەتی ئێراق سیاسەت دەکەین.

پرسیار : ئەو چوارسەد گوندە کە وێرانکراوە، ئایا دەوڵەتی ئێراق خەرمانەیان پێدەدات و ئاوەدانی دەکاتەوە و خەڵکەکان دەکارن هەمدیسانەوە لەوێندەرێ بژین؟!

مسعود: دەوڵەت دەیەوێت گوندەکان ئاوەدان بکاتەوە و خەڵک بگەڕێنەوە.

پرسیار: ئەو کوردانەی کە پێش شەڕ و کاتی شەڕەکەش چوون بۆ ئێران و تورکیا؟

مسعود: هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان.

پرسیار: کەنگێ ئێوە دەکارن بەروارێک بۆ ئەم خاڵە بدەن؟

مسعود: لە وەختێکی نزیک. ئەز نەکارم بڵێم کەنگێ.

پرسیار: باشە ئێوە لەکوێ ئەم خەڵکانە دادەنێن؟

مسعود: هەرکەس دەڕواتەوە گوندی خۆی. ئەوەی گوندەکەی خراپ بێت دەچێتە گوندێکی تر. ئێمە گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە زۆربەی گوندەکان لەیەک شوێن‌دا کۆبکەینەوە بۆ ئەوەی لەوێ توانای کردنەوەی قوتابخانەو ... هتدمان هەبێت.

پرسیار: ئێوە سیاسەتی ئۆزاڵ چۆن دەبینن و چۆنی هەڵدەسەنگێنن سەبارەت بە کورد؟

مسعود: ئۆزاڵ ڕامیاری‌یەکی ژیرە. ئێمە وەک باکووری ئێراق پێمان وایە بە دیالۆگ چاری مەسەلەکە دەکرێت نەک بە شەڕ. ئێمە لە تورکیا و سووریا و ئێراق و ئێران، دەخوازین لەسەر خاکی کورد ئاشتی هەبێت. ئێمە دەخوازین ئۆزاڵ بە ئاشتی چارەسەری مەسەلەی کورد بکات نەک بە زەبر.

پرسیار: پەیوەندیتان لەگەڵ P.K.K چۆنە؟

مسعود: هیچ پەیوەندیمان لەگەڵ P.K.K نی‌یە. P.K.K لە کوردستانی تورکیایە، ئەوان لەوێ هەرچی دەکەن ئێمە کارمان پێیان نی‌یە.

پرسیار: ئێوە چۆن گفتوگۆ تاڵەبانی هەڵدەسەنگێنن لە تورکیا؟

مسعود: لەگەڵ برام تاڵەبانی، ئێمە هەروەک یەک بیردەکەینەوە. ئەز چاوەڕوانم تاڵەبانی بێتەوە و بە زوترین کات یەکدی ببینین.

پرسیار: چی لەسەر پەنابەرانی کورد دەڵێن لە تورکیا وە هەروەها سەبارەت بەو یارمەتی‌یەش کە گەل پێیان‌دان.

مسعود: ئێمە زۆر کەیف خۆش‌بووین بەو یارمەتی‌یەی کە لەدەرەوە هات. ئێمە سوپاسیان دەکەین، سوپاسی کوردەکانی تورکیا دەکەین.

جێگای سەرسوڕمان و تێڕمان نی‌یە سەرانی بەرە، ووتەکانیان وا دێتە گوێ هەر دەڵێی بەیەک مێشک بیردەکەنەوە، مسعود ڕاست دەکات کە دەڵێت "ئێمە هەر وەک یەک بیردەکەینەوە".

کەواتە ئێمەش بە هەڵەدا نەچووین کە هەردەم گوتوومانە ئەم سەرانە هەموو لەیەک شیرواڵدا هەڵدەپەڕن و بەرنامەی یەک پرۆگرامی دەرەکین.

لە گەرمەی ئەو ڕۆژانەدا کە پیاوانی بەرە بە شان و باڵای دەوڵەتی تورکیا هەڵدەدەن و گوڵبارانی تاکە دیموکراسیزمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن و بارزانی ئۆکاز ئاسیی هەریەکەی قوژبنێکی لە

ئەنقەرە و ئەستەمبوڵ کردۆتە تاقی کردگاری خۆی، مرۆڤێکی مێرخاس و ئەمەرد، کەلە پیاوێکی لێهاتوو و ژیری گەلەکەمان، ماڵئاوایی لە کوڕەگەلی کاروانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد کرد و دڵی گەرمی، بۆ دواجار، لەژێر ئەشکەنجەی ڕژێمی فاشیستی تورکیادا لەلێدان کەوت.

بەڵێ، لە ڕۆژی ١٩٩١/٦/٦ دا، ودیدات ئایدین، لێپرسراوی پارتی کرێکارانی گەل، لەلایەن چوار پۆلیسی تورکیەوە لە ماڵی خۆی برایە دەرێ و پاش چوار ڕۆژ دوای ئەو بردنە، لاشەکەیان لە شارێکی نزیک دیاربەکر (مادن) دۆزیەوە. ویدات لە کورد برا، بەڵام مەشخەڵەکەی دەستی تا هەتایە لە گۆڕەپانی شاری مادن‌دا لە کڵپەدا دەمێنێتەوە و لەم دەستەوە دەدرێت بەو دەست.

لە کاتی ناشتنی تەرمی ئەو جوامێرە چالاکەدا، باژێری دیاربەکر بە کۆمەڵ کوشتنێکی بەخۆیەوە دیت کە سلێمانی و هەولێر و سابلاخ بە شانازیەوە تێیاندەڕوانی.

لەگەرمەی ئەم خوێنی کورد ڕژاندنەدا، بەشی ڕاگەیاندنی پارتی کرێکارانی گەل نامەیەکی ناوەڵەیان بڵاوکردەوە کە بە زمانی کوردی ئەمە دەقەکەیەتی :

نامەیەکی ناوەڵە:

بەبۆنەیەوە کە (ویدات ئایدین)، لێپرسراوی ناوچەی پارتیمان لە دیاربەکر بە دەست پیاوکوژەکانی دژ ـ پێشمەرگە (CONTRA - GRILLA) لە ڕۆژی ١٠/ جوزەردانی ئەمساڵدا (١٩٩١) شەهیدکرا، پرسەیەکمان بۆ سپاردنی تەرمەکەی ئامادەکرد. ڕژێمە تیرۆریستەکەی تورکیا ئەم سپاردنەی کردە کوشتنی بەکۆمەڵ و واچونیەتی پەرسەندنی ڕووداوەکە دەخەینە ڕوو.

بە کاروانێک کە بریتیبوو لە هەفت تا هەشت هەزار ماشێن تەرمەکەی ویدات ئایدین ـ مان لە (مادن) ـ وە هێنایەوە بۆ دیاربەکر، تاکو لەوێ بینێژێ. هێزی پۆلیس هەموو گەڕەک و ڕێگایەکی هاتنەژوورەوەی بۆ شاری دیاربەکر گرتبوو تا نەهێڵن کۆمەڵانی خەڵک بەشداری لە ناشتنی تەرمەکەی (ویدات) دا بکەن.

سەد هەزارەکەس لە گۆڕەپانی نزیک وێستگاکە کۆبووبوونەوە بۆ گوێگرتن لە لێپرسراوی پارتیمان (فەهمی ئیـــکیلەر)، لە پاشان بە شێوەی خۆ پیشاندان بەرەو گۆڕی شەهیدی ناوبراو کەوتنە ڕێ بەرەو (ماردین کاپی). هەرچەندە کە ئەم ڕێپێوانی (مارشی) تەرم ناشتنە کەوتە بەر لێشاو و هێرشی قســە و گفتی ناشرینی گروپی تایبەتی بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر هێمنایەتی و ئارامی خۆی هەر بەردەوام بوو، لەجیاتی وەڵامدانەوە بە قســە و گفتی ناشرین و زەبر، جەماوەر بە چەپڵە و هۆبها وەڵامی ئەو گروپە تایبەتیانەی ڕژێمیان دایەوە.

ئەندامەکانی پارتی (پ. ک. گ HEP) کە بە پاسی پارتەکەیان هێنرابوون داوایان لە جەماوەر

دەکرد کە کۆنترۆڵی خۆیان بکەن و دان بەخۆیاندا بگرن، لە هەمان کاتیشدا داوایان لە هێزەکانی پۆلیسی نهێنی دەکرد کە ڕێگایان بکەنەوە و چیدی ئازاری جەماوەر نەدەن.

بەهەر شێوەیەک، بە جۆرێکی ئارادەیەک هێمن، لە دەوروبەری چواری پاش نیوەڕۆدا، مارشەکە گەیشتە (ماردین کاپی) لەوێندەری، هێزی تایبەتی تورک هەروەک خۆیان مەڵاس دابێت و چاوەڕوانی گەیشتنی مارشەکە بووبێتن بەبێ هیچ هۆیەک کەوتنە دەستڕێژکردن لە جەماوەرەکە، هەر لەوێدا دووکەس شەهیدبوون و چەندیش بریندارببوون. ئەندامەکانی پارتی (پ.ک.گ) داوایان لە جەماوەر دەکرد کە هێمن بن و پێیان دەگوتن کە ئەو جووڵەکدانە (Provocation) و دەوڵەت بەدوای بیانوویەکدا دەگەڕێ تاکو کوشتنێکی بەکۆمەڵ بۆخۆی حەلاڵ کات.

خەڵکەکە لە ڕۆشتنی خۆیان بەردەوام بوون تا گەیشتنە شوێنجێی گۆڕەکە. هەر دوای ئەوەی کە تەرمەکە نێژرا پۆلیس چواردەوری جەماوەری تەنی و گشت ڕێگاکانیان بەربەست کرد، سەرکردایەتی پارتی چاویان بە لێپرسراوانی لەشکرەکە کەوت و لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کە بەدڵنیاییەوە ڕێگا بدرێت کە کارەکە جێبەجێ بکرێت و سەر لە خەڵکەکە تێک نەدرێت . پاش ئەم داوایەی فەهمی ئیسکیلەر جەماوەرەکە خۆیان ئامادەکرد تا بەهێمنی بڕۆنەوە، بەڵام تووشیان بوو بەتووشی بەربەستەکانەوە، جەماوەرەکەش دانیشتن و نارەزایی خۆیان بە چەپڵەکوتان دەربڕی، ئەم جەماوەرە کە لەلایەن پۆلیسەوە گەمارۆ و ئابڵوقە درابوون هەموو بێچارە و بێدەسەڵات و شەڕنەخواز بوون.

بەڵام پۆلیس و هێزی تایبەتی دەوڵەتی تورکی لە ناوچەی (ماردین کاپی) بە تانکەوە هێرشیانکرد و لەهەموو لایەکەوە دەستڕێژیان لە خەڵکەکە دەکرد، گازی فرمێسک و گڕ - پژان هێندەی تر خەڵکەکەیان شڵەژاند . هەندێک خەڵک چاونێری هەلیکۆپتەرێک بوون کە هەروەها دەستڕێژی لە خەڵکەکە دەکرد، کوژراو و بریندارەکان، هەموو بەسەر شەقامەکاندا بڵاوببووبوونەوە، جەماوەر تەنها بۆیان کرا پەنابەرنە بەر شوێنە بەرزاییەک کە پەنجا ( ٥٠ ) مەترێک دوور دەبێت لە نزیک ڕووباری دیجلەوە . پۆلیس و هێزی تایبەتی زۆر بەناگای تەواوەوە تەقەیان لە خەڵکەکە دەکرد بۆ ئەوەی هێندەی تر بشڵەژێن و هەڵبێن، هەزاران خەڵک ڕوواو ڕووی ئەم شوێنە دەڕۆیشتن و پۆلیسیش هەر لەتەقەکردنی خۆی بەردەوام بوو بەو هیوایەی بەشێکی خەڵکەکە بکەونە ئاوی دیجلەوە . ئۆتۆمبێلەکانی خەڵکەکە هەموو درانە بەر گوللە و هەندێکیشیان بوون بە ژێر تانکەکانەوە . هەر پاش ئەمە پۆلیس دەستی کرد بەتەقەکردن دژی ئەندامانی پارتی و نارنجۆک و تەقەمەنی فڕێدرانە نێو بارەگا و لۆکاڵەکانیشیانەوە . نوێنەری پارتیمان و نوێنەرانی پەرلەمانمان و ئەندامەکانمان هەموو بەر تێلاێی پۆلیس کەوتن و درانە بەر گوللە و زۆریان لێکرا خۆیان لەسەر زەوی

بە خۆ بەدەستەوەدراوی ڕابکێشن.

نوێنەری پارتی (فەهمی ئیشکیلەر) و نوێنەرانی پەرلەمان (ئیبراهیم ئەکسۆی) و (ئەحمە تورک) و ( ئەدنان ئێکمان ) ئێستا لە نەخۆشخانە تیمار دەکرێن.

هەواڵنێرەکانی ناوخۆ و بیانی‌کان لەم دەست درێژی کردنە بێبەش نەکران . کامێراکانیان لێشکێنرا و ڕۆڵە و بەکرەی فیلیمەکانیان هەموو ناوەڵاکران و دەستیان بەسەردا گیرا . یەکێک لە پاسەکانی پارتی کرابوو بە بێژنگ . هەر پاش ئەم خوێن ڕشتنە پۆلیسەکان دەستیان کرد بە شکاندنی هەموو شتێک، ئوتومبیلی فریاگەر ( ئەمبولانس ) بۆیان نەبوو تۆزێکی ئەو ناوە بکەون و بەهانای کوژراو و بریندارەکانەوە بێن، پۆلیسەکان تەنانەت دوکتۆر و سستەر و فەرمانبەرەکانی نەخۆشخانەیان دایە بەر تێلاّ و دەستیان لێ وەشاندن، سەدان کەس گیرا و سەدانیش لە ئەندامانی پارتەکەمان بێ سەر و شوێنن . ڕۆژی ١٩٩١/٦/١. شاری دیاربەکر قەلاّچۆ کردنێکی بەکۆمەڵی وای دی کە ناکرێت بە ووشە دەرببڕێت .

دەوڵەتی تورکیا پەیتا پەیتا هەمیشەگە ڕووخساری ( چەپەڵ ! ) ی ڕاستەقینەی خۆی دووبارە نیشان دەداتەوە لە ڕێگای ئەو شێواز و مامەڵە بەربەری نامرۆڤی و بەزەبر و زەنگەدا کە دەرهەق میلەتەکەمان دەیکات . ئەوانەی کە تا ئێستا خەسڵەتی ڕاستەقینەی دەوڵەتی تورکیایان نەناسیوە، ئێستا، باشترین هەل و کاتە بەم ڕاستیە ئاشنا بێن . ئەو دەست درێژی کردنە پڕ ڕک و کینە و زەبر و زەنگە بۆ تەنها تاکە یەک مەبەست بوو : تواندنەوەی نەتەوەی کورد کە بە میتۆد و شێوازی پاسایی خەبات لە پێناوی وەدیهێنانی مافەکانیدا دەکات .

لەم کاتەدا کە هەموو جیهان بەرەو ڕووی ئاشتی و ڕزگاری و دیموکراتی هەنگاو دەنێت، دەوڵەتی تورکیا لە ڕێگای ئاکارە دڕندەیی و خوێناویەکانیەوە، بە بەڵگەوە سەلماندی چەندە دوورە و چەند دواکەوتووە لەم هەنگاوە مرۆڤیانە .

نوێنەرەکانی دەوڵەتی تورکیا هەموو ئەو زانیاری و ئاگاداریانەی کە لە مەڕ دەست‌درێژی کردن و بە کۆمەڵ کوشتنەکەی شاری دیاربەکرن بە نهێنی هێشتریانەتەوە و پەردەیان بەسەردا داون و لە ڕای گشتی جیهانی شاردویانەتەوە . لە هێرشێکی دڕندەیی وادا کە هەموو نەتەوەی کورد وەک دوژمن تێی دەڕوانرێت مەحاڵە بەبێ ئاگای دەوڵەتی تورکیا ڕوویدات و بە دەستور و بە فەرمانی دەوڵەت نەکرابێت. ئەگەر بێت و ئەو سەرلەشکرانەی کە بەرامبەر ئەم کارە دڕندەیی‌یە لێپرسراوبوون نەدرێن بە دادگا و لێیان نەپرسرێتەوە ئەوا گومانی خەڵک لە بەشداریتی و دەست تێکەڵاوی دەوڵەتدا هێندەی تر زیاد دەکات.

هەرە لێپرسراو و تاوانبارە سەرەکییەکان ڕژێم و سەرکردایەتی سەربازی و لێپرسراوانی پۆلیس و سیخوڕی نهێنین.

پ. ک. گ ( پارتی کرێکارانی گەل )
بەشی ڕاگەیاندن
١٩٩١/٧/١٨

باوەرناکەم هیچ کوردێکی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا و باشوور لە ڕاستایەتی و دروستایەتی ئەم ڕووداوە بە گومان بێت، ئەم کارە چەندین جار لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک و سابلاغ و سنە و بۆکان و ... هتد دا ڕوویان داوە و هەر بەو شێوەیەش لە بازێڕەکانی ئەم سەرو ئەو سەری باکووری کوردستان ڕوودەدەن .

کە سەرانی بەرە لە دیموکراسیزمی تورکیا دەدوێن و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی ڕزگاریخوازیانەی ئەو بەشەی کوردستان بە تاوانی تیرۆریست و کرچ و کاڵ و بێعەقڵ تاوانباردەکەن و بە بەرچاوی جیهانەوە پاکانە بۆ دەوڵەتی تورکیا دەکەن و پێیان دەڵێن کە ئێمە لە ئێراق بە مۆدێلی « فاشیزمی تورکیا » قایلین، چی دەگەیێنێت ؟

باشووری کوردستان داگیرکاری ئینگلیز و تارەب دەیان جار پێی شادبوون و ئەرتەشی ئێرانی لە ٧٤ و ٨٨ دا هاتە ناوی و هەر داگیرکاری تورک ماوە، سەرانی کوردی باشور زەوقی شەوانەیان بۆ هەڵسێنن .

لە چاوپێکەوتنەکەی تاڵەبانی لەگەڵ ئۆزکتای دا، تاڵەبانی وا بە گەرم و ڕێز و شەوقەوە لە مافی تورکمانەکان دەدوێت و پێی دەڵێت گوایە تا ئێستا گفتوگۆکە لەسەر تورکمانەکانە کەوا دوادەکەوێت . ئێمە دەزانین ئەگەر تاڵەبانی بەکەڵکی نەتەوەی خۆی نەیەت باوەرناکەین هیچ نەتەوەیەکی تر سوودی لێ هەڵگرێنێت، بەڵام داخۆ بۆچی تاڵەبانی لە نێوەڕاستی تورکیا ئەم مەسەلەیە وا گەورە بکات و ناڕاستەوخۆ دەمی تورکەکان ناوتێژێنێت کە چاوبڕنە ولایەتە کۆنەکەی موسڵیان و بیانخاتە خەیاڵە گەرمەکەی بابەگوڕگوڕەوە کەچی ئاوا لە پارچەیەکی نەتەوەکەی خۆی بدوێت کە لە ( ١٥ ) ملوێن مرۆڤ کەمتر نابێت؟

ئەمە نەک هەر سیاسەتی خۆفرۆشی و نیشتمان فرۆشییە، بەڵکو هەروەها بێویژدانی و بێڕەووشتی و سەرسەرێتییە.

لەم ڕۆژانەدا کە لە باکووری کوردستان بە کۆمەڵ خەڵک دەکوژرا تاڵەبانی لە شاری ئەستەمبوڵ پیاسەی دەکرد و باسی جوانیتی ئەو شارە مێژوویی‌یە پڕ ئاشتی‌یەی بۆ هەواڵنێرانی جیهان دەکرد. چەپەکانی تورکیا لە دەیان لاوە ئابڕووی ئەم نوێنەرەی بەرەیان برد و ڕێکخراوێکیان نووسیبووی: « ئەگەر تاڵەبانی هێندە شەیدای ئەستەمبوڵە، بابە هاوڕێ ( سەددام حسێن ) ی بڵێت کە وەک کۆنسوڵێک ( باڵوێزگایەک ) بۆ تورکیا ڕەوانەی بکات و تادەمرێ لێرە بمێنێتەوە. ئەگەر تاڵەبانی تامی شەرابی خۆماڵی تورکیا بکات ئەوا هێندەی تر بە دیمەنەکان شەیدا دەبێت » .

ئەوەی باشە کە هەموو لایەنێک لە ڕووانگەی سەرانی بەرەوە ناڕەوانە ئەوەی کورد دەگێنا دەبوونە مایەی شەرم و شکۆ و کەسێتی کورد. بەڵام وادیارە کورد ووتەنی، « دەریا بە دەمی سەگ پیس نابێت ». زوو یان درەنگ کوردیش بەم قۆناخەدا دەرباز دەبێت و دەگاتە قۆناخی هەناسە دانەوە و سەرفرازی.

سەرانی بەرە کە پێیان وایە مەسەلەی کورد بە دیالۆگ و ئاشتی چارەسەردەکرێ، بۆچی بە (٣٠) ساڵ گەشتنە ئەو بڕوایە ؟! هاوکێشەی وا لە لۆژیکی سیاسی‌دا ڕوونە کە سەرکردایەتی‌یەک خوێنی هەزاران لاو بەفیڕۆ بدات و ژیانی (٣٠) ساڵی نەتەوەیەک بکاتە قوربانی دۆزینەوەی سەرئەنجامێکی وا بۆش. ئەی چی بۆتە هۆی ئەوەی پاش ( ٦ ) مانگ دەست تێکەڵاوکردن و ماستاو ساردکردنەوە هێشتا سەددام حسێن پێیان ڕابوێرێت و دەستیان بپڕێت و ئەم دەست و ئەو دەستیان پێبکات ؟!

ئەمە لە کاتێکدا کە جەماوەری کوردستان بە « برسێتیش » شارەکانیان بە « ڕزگارکراوی » هێشتۆتەوە.

مێشکی ئۆتۆنۆمیخوازی بە ئاشکرا بۆتە مێشکی خۆفرۆشی و وولات فرۆشی و ئێستا لە قۆناخی مایە پووچی و تەنانەت پوکاندنەوەدایە. سەرانی بەرە داوا لە کوردی « تورکیا (؟) » دەکەن کە بە « ئاشتی » چارەسەری مەسەلەکەی خۆیان لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا بپڕێننەوە. هەروەک خۆیان خاوەنی مێژووی خەباتێکی پڕسەرکەوتن و دەسکەوتی نەتەوایەتی بن و کوردی باکووریش هەر ساڵەی ئاشبەتاڵێکیان کردبێت.

خەباتی (؟!) بایەتەختچێتی سەرانی بەرە دوورنی‌یە لە قۆناخی « ماچ »،وە ڕووەو خەباتی بە « تەلەفۆن » ڕزگارکردنی کوردستان هەنگاونەنێت.

پارتی کرێکارانی گەل، هەر وەک خوێنەر دەبینێت نە ووشەی «کوردی» پێوەیە، نە «تورک» و نەهیچ «نەتەوەیەکی» تر، بەڵام بە ئاشکرا دیارە کە ئەم پارتە بە شێوەیەکی یاسایی، لە ناو

پەرلەماندا خەباتی خۆی دەکات، هەموو جارێکیش تووشی گرتن و سزاو لێدان و زیندان دەبن. شەهید «ویدات ئایدن» کە خۆی لەسەر بە کوردی قسەکردن لە کۆبوونەوەیەکی « مافی مرۆڤەکانی تورکیا» دا زیندانی کراوە و چەندین جار لێبدراوە و سزادراوە و زیندانی کراوەتەوە، دواجار،هەر فاشیەکانی تورکیا ( هاورێکانی بەرەی کوردستانی ئێراق ! ) بە ناشرینترین و دڕندەترین شێوە گیانی ( ویدات ) یان لە قەفەسی سینەیدا دەرهێنا و دوور لە خاو و خێزان و خزم و نەتەوە و هاوبیرەکانی گیانی سپارد.

بێ ئەوەی هیچ تاوانێکی دژی هیچ مرۆڤێک کردبێت.

تەنها تاوان، هەروەکو هەزارانی تری پاکووری وولاتەکەمان، ئەوە بوو کە کورد بوو. بەڵام کوردێکی دڵسۆز، کوردێکی چاونەترس، کوردێکی مێرخاس، مرۆڤێک کە نرخی خۆی و نرخی نەتەوەکەی و مافی نەتەوەکەی بە پارە نە دەفرۆشت . مرۆڤێک کە مامەڵەی بە فرمێسک و خوێنی کوردەوە نە دەکرد.

ئەگەر ویدات ئایدین و هەزاران شەهیدی هەموو قۆناغێکی وولاتەکەمان ئامادەی خۆفرۆشتن و ڕیسکی خواردنەوەی ئەم پایتەخت و ئەو پایتەخت بوونایە، ئامادەی کڕین و فرۆشتنی گیان و ویژدان و بەهاو شەرەفی نەتەوەی کورد بوونایە، ئەوا لە خوێنەر و هەموو کەسێکی تر ئاشکرایە کە بەو شێوەیە لەناو نەدەبران .

مرۆڤ دەگاتە ئەو خاڵەی پرسیار لە خۆی بکات و بڵێت داخۆ بۆچی ئەم تاڵەبانیەبە شۆڕشگێڕە و هاورێکانی بەرە، کە خەڵکی بەکاڵ و کرچ و بێعەقڵ لە قەڵەم دەدەن، لە تاوی هەموو پایتەختێک دەخۆنەوە و هیچیان بەسەر نایەت ؟!

مرۆڤ دەپرسێت داخۆ چۆن ئەم سەرە شۆڕشگێڕانەی بە هەرچوار دەوری خۆیاندا ئامۆژگاری کورد دەکەن و شەرەتەقە سازدەکەن و بە ئارەزووی خۆیان دەچنە دیمەشق، ئینجا تاران و ئەنقەرە و لەوێشەوە بۆ بەغدا و کەچی کەس پەلچەیان بۆ نایات ؟! بەڵام بە دەیان ڕۆڵەی نەتەوەکەمان لە ناوەڕاستی کوردستان و ( ۳۰ ) ماوێن مرۆڤی کورددا ویدات ئایدن کە بە ئاسایش خەبات دەکەن، بە دزیشەوە بێت دەکوژرێن ؟!

تۆبڵێی ئەنقەرە توانای کوشتنی تاڵەبانی نەبێت ئەگەر بزانێت لە قانزانجیتی ؟! تۆبڵێی دیمەشق کە خوێنی هەزارانی لە شاری حەڵەب و حەسەکە ڕشت، خوێنی هەزاران فەلەستینی و لوبنانی ڕشت لە دەستی نەیەت لەسەرانی بەرە بکوژێت، ئەگەر لە سوود و بەرژەوەندی بێت ؟

داخۆ سەددام حسێن کە بە دەیان جار بینیوونی و چاوی پێیان کەوتووە، لەدەستی نایەت

سەرەونگومیان بکات ئەگەر بە پێویستی بزانێت؟

تارانێک کە پیاوی سیاسی تەنها تیرۆری ئەکات، بە دەیان دەستدرێژیی بێ‌ناموسیانە و خوێناویانەی کردۆتە سەر کوردستان و هەروەها ئاپێنزایەکی وەک «بەهایی» و ئەتەوە و گروپەکانی دیکەی تری ئێران، ناتوانێت سەرانی بەرە لەم تەرانێنە بخات ئەگەر بەسوودی خۆی بگەڕێتەوە ؟!

کە سەرانی بەرە لەم سەر بۆ ئەو سەر . لە ناو هەموو کۆشکی میوانانێکی ئەنقەرە و تاران و دیمشق و بەغدا و . . .هتد وا وەک قارچک هەڵدەتۆقن، مەسەلەکە ئەوە نی‌یە جادووکارین و بەهێزی ئەفسوون ئەم کاربکەن، کە کەسیش دەستیان بۆ نابات ئەوە نی‌یە گوایە ئەم پایتەختانە لە ووشەی دەوڵەتانی جیهان بترسن و ڕێز لە سیاسەتی جیهانی و پەیوەندی ئەصلا ولابگرن.

دەوڵەتێک کە (. . .٦) کەس لە سەعاتێکدا بە گازی کیمیاوی دەکوژێت، کە ئەتەوەیەکی (٥) ملوێن مرۆڤی لە خاکی خۆی وەدەردەنێ، کە لە گەرمەی « گەنتۆگۆ (؟)» دا دەیان شەڕ دەنێتەوە و بەهەر چوار دەوری خۆیدا زیاندەگەیێنێ، کە (٢) ملوێن ئارەبی خوارووی ئێران (ئەرەبستان) بە ناوی ڕزگارکردنەوە دەربەدەر و ماڵوێران دەکات کە دەوڵەتێکی سەربەخۆی وەک کوێت دەکاتە پارێزگای (١٩) هەمینی، بێ‌گومان بە دڵنیشەوە لەدەستی دێت سەرانی بەرە لە ناوبەرێت، بەڵام ئایا ئەم کارە سوود و قازانجی دەوڵەتی تیادەبێت؟!

با خوێنەر ئەم پرسیارە لە خۆی بکات : هەموو کوردێک بچێتە باڵوێزخانەی تورکیا، ئێراق سووریا و ئێران (ئەگەر لەدەرەوەی وولات بێت) یان بچێتە بارەگای پۆلیس و سەرباز (ئەگەر لە کوردستان بێت) و قسەو ووتەو ووتارەکانی سەرانی بەرە دووبارە بکاتەوە، لە سەر یەکایەتی خاکی ئەم وولاتانە، یەک گەلی ئەم وولاتانە، بەرەسمی ناسینی دەوڵەتی ناوەندی و. . . هتد، بەتایبەتیش بە باوەڕی تەواوەوە هەروەک (سەرانی بەرە) بیانڵێت و بشیان پراکتیکبێنێ، داخۆ پارە و خەرمانە و تەنانەت مەدالیاش نادرێت بەم مرۆڤە کوردە . داخۆ وێنەی لەملاولاشەوە لەگەڵدا ناگیرێت و میرانکاری‌یەکی تەواوی ناکرێت وبە ژێر و نیشتیمانی و ئاشتیخوازیش نادرێتە قەڵەم؟ لەڕاستی‌دا، هەموو کوردێک ئاوای لێبدێت وەکو سەرانی بەرە بیر بکاتەوە بە ملوێنەها دۆلار لەسەر دوژمنانی کورد دەکەوێت.

بۆچی کوردێک کە باسی سەربەخۆیی و بیری کوردستانی دەکات لەملاولاوە ڕێگای پێدەگیرێت و هەوڵی کوشتنی دەدرێت ؟! تەنانەت ئەگەر ڕێگای ئاسایش بۆ ئەم خەباتە بەکاربهێنێت؟

کە سەرانی بەرە لە هەموو لایەکەوە داوەت دەکرێن و فەرشی سووری بە پیرەوە چوونیان لەژێر پێدا بۆ ڕادەخرێت و لە باشترین هۆڵی میواناندا ڕووداو ڕووی دەیان هەواڵنێریان دەکەنەوە، لەبەر

ئەوەیە ئەوکارەی ئەمان دژی کورد دەیکەن بە هیچ هێزێکی دوژمنی کورد ناکرێت.

لەبەر ئەوەیە کە پێناسنامەی کەسایەتیان لەلایەن هێزە ئیمپریالیستەکانی جیهان و دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکانەوە بۆ دروستکراوە. لەبەر ئەوەیە کە گوێ لە دوژمنی کورد دەگرن و کارەکانیان لە کوردستاندا بۆ هاسان و لەبار دەکەن.

ئایا گەلی کورد گوێ لە دەوڵەتی تورکیا، ئێراق، ئێران، سووریا دەگرێت ئەگەر «ئەوان» داوای لێبکەن خەباتی چەکداری تێدا و دروشمی ئۆتۆنۆمیخوازی بەرزکاتەوە؟!

ئایا نەتەوەی کورد بە «یەکایەتی خاک» و «ڕەسمیەتی دەوڵەت» و «یەکگەلی ئەم وڵاتانە» ڕازی دەبێت ئەگەر دەست پێشخەرییەکە لە لایەن ئەم «دەوڵەتانەوە بێت» ؟!

ئەمەش ڕاستییەکی خەوش هەڵنەگرە کە ئەو کارە تەنها بە کورد خۆی دەکرێت . کورد بە گاڵتە ئەی گوتووە « دار پوازی لە خۆی نەبێت نائلیشێت »، ئەوەتا شالیاری بەرگری تورکیا لە ١٩٩١/٨/١٦ دا بە سەرانی بەرە دەڵێت :

«ئەگەر ئێوە لە کوردەکانی تورکیا نەدەن، ئێمە لێیان دەدەین و ئێوەش ڕەنگە پەیشکی ئەو دەست وەشانەتان بەرکەوێت».

کە شالیاری بەرگری تورکیا ئەم قسەیە دەکات دەزانێت بەکێ دەڵێت.

دەزانێ ڕووی دەمی کردۆتە کوێ، هەروەها دەزانێت گوێی لێدەگیرێت و بە فەرمایشی دەکرێت، ئەگەرەکو بزانێت قسەی بە فیڕۆ دەڕوات و پشتگوێ دەخرێت ئەوا شێوازێکی تر بەکار دەهێنێت و خۆی بەدەستی خۆی پڕوپاگەندە دژی خۆی ناکات. خۆی بەدەستی خۆی ناچێت خۆی بە درۆ بخاتەوە. هەڕەشەیەکی وا ناکاتە خاڵی لاواز بۆخۆی.

دوو هەفتە پێش ئەو هەڕەشە منداڵانەیە دەوڵەتی تورکیا هێرشێکی خەست و قورسی کردە سەر ناوچەی سێ سنوور و بەناوی گرتن و ڕاونانی هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە، ڕەوێکی (٨٠) فڕۆکەیی و زیاتر لە (٥٠) هەلیکۆپتەری شەڕ و (٤٠) هەزار سەربازیان ڕەوانەی ئەو ناوچەیەکرد، لە سەرەتای هێرشەکەدا ( ٤٠ ) کیلۆمەتر چوونە نێو خاکی باشووری کوردستانەوە و بانگەوازێکیشیان کرد گوایە دەوڵەتی تورکیا بڕیاری داوە زوونێکی ( ٥ ) کیلۆمەتری بەدرێژایی سنوور هەڵبەستێت، بەڵام کە پ.م ەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لێیان هاتنە دەست ( ٥ ) فڕۆکەی جەنگی و ( ٣ ) هەلیکۆپتەری شەڕ خرانە خوارێ و چەندین کوژران و زیاتر لە ( ١٥٠ ) سەربازیش بەدیل گیران . دەوڵەتی تورکیا کلکی بەناوگەڵی خۆیدا شۆڕکردەوە و وازی لە بڕیار و بانگەوازەکانی هانی.

مرۆڤی کورد دەبێت داخۆ چۆن دەوڵەتی تورکیا وازی لە بڕیارێکی وا هانی کە بە تەمابوو (٥)کم زوون بە درێژایی هەموو سنوور دروست بکات؟

دەوڵەتی تورکیا سیاسەتێک بەکاردەهێنێت کە ڕژمەکان ( ١٩٢٠ ) ساڵ لەمەوبەر دژی جولەکەکانی ئیسرائیل بەکاریان هێناوە. کە ئیسرائیلییەکان لە ساڵی ( ١٩٧٠ ) دا دژی ئەرەبەکان کردیان، لە بەشەڕدانی ئەرەبی ئوردن و فەلەستین، ئەویش بە لێدانی خەڵکی ئوردن بۆ ئەوەی خەڵکی ئوردن ئەم شەڕە بخەنە ئەستۆی فەلەستینییەکان و ئەوان بکەن بە هۆیەکەی. تورکیا تازە بە تازە دەخوازێت هێرش بکاتە سەر کوردی باشوور و پێیان بڵێت کە ئەمە تاوانی کوردی باکوورە و دەنا پێویست ناکات تورکیا بێتە سەر خاکی ئێوە و لێتان بکوژێت.

دەوڵەتی تورکیا، هەروەک تاران و بەغدا و دیمشق چاک پیاوانی بەرەی هەڵسەنگاندووە، ئەگەر باشووری کوردستان لەلایەن سەرکردایەتییەکی نیشتیمانی و وڵاتپارێز و چاکەوە دەبرا بە ڕێوە چۆن دەهێڵرا، نەک تورک، بەڵکو باوکی تورکانیش پێ‌بنێنە بەشێکی تریشی خاکی کوردستانەوە ؟ ئەمە لە کاتێکدا نەتەوەی کورد خاوەنی هەزاران پێشمەرگەی دلێر و جەماوەرێکی شۆڕشگێڕ و خاوەنی چندین پارچە چەکی قورسە، لەملاشەوە هاریکارییەکی گیانی بەگیانی بەشەکانی تری لە تەکدایە.

پێشمەرگەکانی باکوری کوردستان لە شارەکانی ئیدیل و ماردین و دیاربەکر و موسەیبین و...هتد و لە ناو جەرگەی کوردستان و سەر سنووری کوردستان و تورکیادا یەخەی فاشیزمی تورکیایان گرتووە، ئەم پێشمەرگانە نەهاتوونەتە سەر سێ سنوور و شەڕ بۆ بەشەکانی تری کوردستان بێننەوە، یاخود لەوێوە شەڕ بە دەوڵەتی تورکیا بفرۆشن. پێشمەرگەکانی P. K . K دەزانن ئەو ناوچەیە هەمووی پەناهێندەی ڕش و ڕووت و بێ‌شوێن و جێگایە.

بێ لە هەموو ئەمانەش، لە باکووری کوردستاندا ڕاپەڕینی جەماوەریانە هەیە، بە شێوەی ڕاپەڕین، خۆپیشاندان، مانگرتن، دوکان نەکردنەوە، ئۆتۆمبیل لێنەخوڕین، نەچوونە قوتابخانە... هتد.

ئەمە بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بە بوونی پێشمەرگەی P. K . K وە نییە لەسەر سنوور. تاڵەبانی و سەرانی بەرە لە هەموو کەسێک ئەم ڕاستییانە باشتر دەزانن.

کە سەرانی بەشێکی کوردستان گوێ لە ووتار و دەستووری وادەگرن شایانی تێبینی و گومان و پرسیارە و مرۆڤی کورد پێویستە ڕۆژی دەیان جار لە خۆیی بکاتەوە.

بەڵام کە لەشکری تورکان تێک شکا، دەوڵەتی تورکیا هەر زوو بەزوو لە بڕیارە ( ٥ ) کیلۆمەترە

زوونەکەی خۆی پەشیمان بووەوە، ئەمجارەیان داوا لە سەرانی بەرە دەکات بە دەنگی‌یەوە بچن، چونکە دەزانێت ئەو جۆرە شەڕە تەنها بە کورد خۆی دەکرێت. ئەوەش دەزانن کە بە هێزێکی ئانیزامی دەکرێت، ئەو راستییەش دەزانن کە سەرانی بەرە باشترین رێکخەری هێزی ئانیزامین. ئەگەر خەڵکی کوردستان بە ئاگا نەبن ئەوا دیسانەوە مێژوو دووبارە دەبێتەوە ئەمجارە لە جیاتی خوێنی ڕۆژهەلات، خوێنی باکووری وولاتەکەمان دەکەینە کاسەپێکی زوحاکەکەی تورکیاوە .

هەر دوای ئەم تێکشکاندنە گەورەیەی دەوڵەتی تورکیای فاشی، کە لەلایەن هەموو جیهانەوە دژایەتی کرا ( ئەمریکا و سەرانی بەرەی لێندەرچێت )[۲۷] سەرلەشکرێکی تورکیا بە ڕۆژنامەی « حریە »ی گووتبوو: «ئێمە لەگەڵ پێشمەرگەدا شەڕمان نەکردووە، پێشمەرگە زوو خۆیان دەدەن بەدەستەوە».

دیارە خوێنەر نازانێت ئەم دێڕە مانای‌چی، لەبەر ئەوە پێویستە پێشینەکەی ڕوون‌بکەمەوە. سەرانی بەرە کە دڵیان لە ڕزگارکردنەکەی کوردستان ڕەش بووبوو، لە دەرێشەوە فەرمانیان پێدرابوو کە بە هەر شێوەیەک بێت سەر لەکۆمەلانی خەڵک تێکدەن و بیکەنەوە بە گەمەی دەست تێکەلاوکردن و ئۆتۆنۆمی[۲۸]، هەر لەبەر ئەوە یەکەم کار کە کردیان هەڵوەشاندنەوەی شوورا میللی‌یەکان بوون کە خەڵک بۆ دابەشکردنی خۆراک و ئاوو جل و بەرگ و تەقەمەنی و... هتد دایان مەزراندبوون. ئینجا کەوتنە سووتاندنی فایلەکانی هەیئەکانی کەرکووک و هەولێر و شوێنەکانی تر تاکو کەس نەزانێت کێ دەستی لەچی‌دابوو و چەند لە پیاوانی بەرە تاوانی خۆفرۆشی ئاشکراو راستەوخۆیان لەسەرە. بۆ نموونە، لە جیاتی کۆکردنەوە و پاراستنی فایلەکان، ئەمان خەڵکیان فێردەکرد توڕیان بدەن و بیاندڕێنن و لە ناویان بەرن. زۆرجار بۆ بەهێزکردنی ئەم جۆرە کارە دەچوون فایل و نهێنییەکانیان لەسەر زەوییەکە بە تورڕدراوی بلاوەدەکردەوە. ئینجا لێنەپرسینەوە لە سەدان پیاو خراپی ئاشکرا و پیاوی دەوڵەت بە شێوەیەک کە نەک هەر بە ئازادیش بسوڕێنەوە[۲۹] بەڵکو بەشداریش لە هەندێک لەم ڕێکخراوانەی بەرەدا بکەن، دوای ئەوە هاندانی هەندێک لە پیاوەکانی خۆیان بۆ فرۆشتن و تالانکردنی شوێنە ڕەسمی‌یەکانی دەوڵەت، وەک قووتابخانە و نەخۆشخانە و شوێنگای پیشەیی و کشتوکالی و... هتد[۳۰] تاوەکو ئاژاوە و پشێوی و دزی و جەردەیەتی بلاوبێتەوە و «دزی کردن» ببێتە خەسڵەتێکی قۆناخی ئەو سەردەمە و «دزە» سەرەکی و ڕەسەنەکان نەناسرێنەوە و تاوانەکە بە «گشت» بکەن. واتە دزیکردنی کابرایەکی هەژار بۆ وەدەستهێنانی نانێک، یان جووتێک پێلاو یان شتێکی سەرپێی تر، ئەمان بیخەنە هەمان ئاستی فرۆشتنی دەبابە و هەلیکۆپتەر و تەقەمەنی و ترانسفۆرماتۆری کارەبا و...هتدەوە. ئینجا

پیشاندانی فلیمەکانی هەڵبجە لە هەموو سینەما و گۆرەپانێکی شارو شارۆچکەی کوردستاندا تارەکو ووزە و توانای جەماوەر بشکێنن و چاو ترسیان بکەن.

پشاندانی فلیمەکان، سەبارەت بە هەڵەبجەی شەهید گەورەترین خیانەت بوو لە کوردی باشووری کوردستان کرا، چەپەڵترین دەست بوو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان وەشێنرا و نرایە بینی.

لەبەر ئەوە پێویستە چەند دێڕێکی سەرپێیی و پەلە سەبارەت بەم بابەتە بنووسم. بەو هیوایەی تۆزێک تیشک بخەمە سەر مەسەلەی لێدانەوەی فیلمەکانی هەڵەبجە بۆ جەماوەری پانو بەرینی کوردستان.

سینەما، وەک هونەرێک، هەر زوو بە زوو گەیشتە دەست ڕووناکبیرانی سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمین ئەورووپا، قۆزرایەوە و لە بابەتی «ڕابواردن» و «کات بردنە سەر» وە کرایە ئامراز و دەستگایەکی «پەیامبەر» ی ڕامیاری . بە تایبەتی کە ڕووناکبیرانی ڕامیاری ئەو سەردەمە لە ڕۆڵی بەرتەسکی شانۆ و بەر سنووریتی توانای شانۆ بێزار بوو بوون. سینەما وەک شانۆ نی‌یە، بەڵکو توانای بڕینی سنوورەکانی هەیە بە پەلەو لە هەموو قوژبنێک‌دا. ئەوەندەی تەزووی کارەبای بگاتێ، لێدەدرێتەوە و دەکارێت بەدەیان جار و بگرە پتریش دووبارە لێبدرێتەوە بێ ئەوەی ئەکتەر و داهێنەر و کارگوزارەکان بێ تاقەت و ماندو و هیلاک بن، هەروەها بە هاسانی دەگوزرێتە سەر زمانەکانی تر ... هتد.

سینەما، شێوازەی دەرهێنانی هەمە جۆرە و لەسەر بۆچوون و بڕوای فەلسەفی و سیاسی دەرهێنەر (بەپلەی یەکەم) و ئەکتەرەکان دەکەوێتەوە. دەتوانرێت سینەما بۆ هەموو مەبەست و خواستێک بەکاربهێنرێت و بخرێتە خزمەتی هەموو جۆرە بیر و بۆچوونێکەوە. سینەما وەک شێوازێکی پڕوپاگەندەیی و لە خشتەبەر و فریوێنەر تابڵێ‌ی سەرکەوتووە و کارتێکردنەکانی، هەرچەندە یەکجارەکی و یەکۆمبانەیە بەڵام لە ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و...هتد ئاڵۆزتر و پێکێنەرترە، بەتایبەتی کە ڕەنگ و دەنگ و بزواندن و... هتد دەبێتە باشتر سەرنج ڕاکێشانی بینەر.

لەبە ئەوەی سینەما هەر سێ شێوازی وەرگرتنەکەی تێدایە کە گێڕیلێبوون و خوێندنەوە (خۆلەخاوردا دۆزینەوە) و بینینە، دەتوانێت بە باشی و بە هاسانی خۆی بخزێنێتە مێشکی بینەرەوە . زێدەڕۆیی نابێت ئەگەر بڵێین بەرهەمەکانی هۆلیود وەک شێوازێکی دیاگۆگی سەرمایەداری مۆنۆپۆلی و خۆشی وەک کۆمپانیایەکی مۆنۆپۆلی ئاڵۆز هاوشان و زۆرجار پێشبڕکێش لەگەڵ بیرو بۆچوون و پێشبینی‌یەکانی پەنتاگۆن و کۆنگرسی ئەمەریکی‌دا دەکات . بەتایبەتی کە بە سەدان ڕاوێژکاری

ڕامیاری و سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژ و ئەنترۆپۆلۆژی بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی و پڕۆگرامکردنی ئەم بەرهەمانەوە خەریک دەبن.

ئەو فیلمانەی لە شێوازی سینەما و تەلەفزیۆن‌دا، واتە وەک بەرهەمێکی هونەری « ڕێکخراو » و « پلان بۆ کراو » دا نین و زیاتر کاری سەربەخۆن، واتە کاری مرۆڤی تاکە کەسی و خێزان و گرووپی جیاواز و تۆێژ و ... هتدی کۆمەڵن، کارتێکردنەکانیان و ڕادەی زیان و سوودیان بە خەڵکی تایڵی‌ی جیاوازە و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی ترو لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر و لە جۆرە خەڵکێکەوە بۆ جۆرە خەڵکێکی تر دەگۆڕێت . لەبەر ئەوە بەکارهێنانی ئەم فیلمانە و لێدانەوەیان، بەتایبەتی لە شوێنی گشتی و لەبەدەم خەڵکی ئاسایی و ... هتد دا تا پلێ‌ی ناسک و پڕمەترسییە و دووروەنی‌یە کوژەر و ماڵوێرانکاریش نەبێت.

ئینجا فلمێک کە بەدەست، مرۆڤێک خۆی بیگرێت تا ڕادەیەک فلمێکی سینەمایە، بەڵام فیلمێکی سەرلێشێواو، فیلمێکی ڕێکنەخراو. ئەو فیلمانەی کە خەڵکی جیاواز و خاوەن بیری جیاواز لە هەڵەبجەی شەهید گرتبوویان، هەموو بۆ مەبەست و خواستی جیاواز گیراون . هەندێک لەو فیلمانە بە کامێرای ساکاری ڤیدیۆی لەلایەن پێشمەرگە و دانیشتوانی ئەو ناوچەیەوە گیراون، کە دەبێت زۆر بە ئاگاوە بڕیاری لەسەربدرێت . هەندێکی تریان لەلایەن هواڵنێری تەلەفزیۆنی، بە تایبەتی بە هۆی کامێرای تەلەفزیۆنی و کامێرای سوپەر ڤیدیۆی ساکارەوە گیراون، دیارە ئەمەش بۆ مەبەستی تایبەتی، بەڵام بەپلەی یەکەم دیارە بۆ ڕوشاندنی ڕای گشتی (ئەگەر لەسەر تەلەفزیۆن لێبدرێتەوە) و بە مەبەستی کاروباری تر (لەدەزگای سەربازی و... هتد دا)، بەڵام ئەم جۆرە بەرهەمانە، بە دڵنیایی‌یەوە چەند جارێک بە سەنسۆری دەوڵەت و پسپۆڕانی ئەو بابەتەدا تێپەڕدەبن، بەتایبەتی ئەگەر پیشانی جەماوەرێکی (بەرین) درێن.

زۆر لەم فیلمانە، تەنیا لەلایەن کۆمپانیای چەک فرۆش نێرراون و تەنها بۆ وێنەی پڕ مەبەست و تایبەتی بەوان . هینی تر بۆ مەبەستی گشتی و لایەنی تر، بۆ بزووآندنی توێژێک یان چینێک لە کۆمەڵانی خەڵک و لایەنی تر بۆ گرتنی ئەو وێنانەی کە مرۆڤ تووشی دووبارە «بیرکردنەوە» و «هێنانەوە سەرخۆ» و «بە ئاگا هاتنەوە» دەکەن .

بەشێکی تر لەم خەڵکانە لە دەستگاکانی ئێران و تورکیا سووریاوە نێررابوون، کە لە پاشەڕۆژدا بۆزیان گەیاندن بە کورد بەکاری دەهێنن. یاخود ڕەنگە بە کاریان هێنابێت.

ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە، ئەم فیلمانە، تەنانەت ئەوانەش کە بۆ وڵاتە دواکەوتووەکانی تورکیا و ئێران و سووریا و ئێراق و ... هتد دەگێرین، تا دەگاتە ئەوانەی کە بە تایبەتی بۆ هولیبود و

دەزگا سەربازی‌یە مەزنەکان گیراون، هەموو دەبێت چەند جارێک بە مێزی سەنسووردا بڕۆن و بەپێی پێویست لێیان ببڕێت و لێیان کەم بکرێتەوە و ئەگەر پێویست‌کرا ڕووداو مەبەستەکان کەمتر و زیاتر بکرێن و دەستکاری هەندێ لایەن بکرێت . ئەو وێنانەی کە دەوڵەتێک ـ بەتایبەتی دەوڵەتێکی پێشکەوتوو ـ دەیخاتە بەر چاوی دانیشتوانی وولاتەکانی زۆر بە هێمن و لەسەرخۆیی و پسپۆڕیانە لێیاندەکۆڵرێتەوە . هەموو ئەو بەرهەمانە، بەشێوەی تەمەن و کات و شوێن و ... هتد دیاری دەکرێن . ئەگر ئەو فیلمانە بە کەڵکی منداڵ و مرۆڤی ناسک و کەم‌تاقەت و هەستیی و دڵنەرم و ... هتد نەبن ئەوا پێش ئەوەی پیشانبدرێن داوا لە خەڵکی دەکرێت تێبینی ئەو تایبەقەندیانە بکەن و ڕەچاوی ئامۆژگاری‌یەکان بکەن.

زۆرجار هەندێک بەرهەم لێنادرێت و پێشکەش ناکرێت تاوەکو جیهانی منداڵ و پیرو پەککەوتە چینێک خەویان نەکردبێت . ئەم فیلمانە بەزۆری بۆ ئەوەن (بێ گومان بە مەبەستی جیاواز) بەشی زۆری خەڵکەکە بەلای مەسەلەیەکی مرۆڤیاندا ڕابکێشن و هەست‌ونەستیان بجوڵێنن و بیان‌خەنە دۆخی پرسیار و تێرماندن و هەڵوێستەوە.

ئێمە نازانین ئەو فیلمانەی گەشتوونەتەوە کوردستان لە لایەن چ جۆرە گروپ کەسانێکەوەگیراون . ناشزانین مەبەستی سیاسی و فەرهەنگی ئەم لایەنانە چین . لە ڕاستی‌دا ڕەنگە فیلمێک هێندە ئەم دەست و ئەو دەست کرابێت کە دۆزینەوەی خاوەنەکەی فرەگران بێت. بەڵام هێندە دەزانین (بەدڵنیایی‌یەوە) کە ئەم فیلمانە بە مەبەستی جیاواز گیراون، زۆریان بەدەزگای سەنسووری کوردستان‌دا نەڕۆشتوون، هەندێکیان ڕەنگە هەر بەتایبەتی بۆ مەبەستی ئاژاوە و تێکدان و تۆقاندنەوە نێررابن، بە کورتی‌کەی خەروارێک لە بەرهەمی چینشتی مجەوریی هەڵڕژراوەتە بازاڕەکانی کوردستانەوە . ئێمە ئەوەش دەزانین، کە لێدانەوەی ئەم فلیمانە، لەم کات و سات و دۆخەدا نەک هەر هەڵەیە بەڵکو خیانەتکاری و دوژمنکاریشە، بۆچی؟!

١) هیچ جۆرە فلمێک ـ هەندێک کۆمیدی و کۆمەڵایەتی لێدەرچێت ـ بە هیچ شێوەیەک و لەژێر هیچ هەل و مەرجێک‌دا بۆ هەموو " دانیشتوان " نەکراوە و باش نی‌یە .

٢) هیچ جۆرە فلمێکی شەڕ، بەتایبەتی شەڕی دۆکۆمێنت، بۆ منداڵان باش نین و لە زۆربەی زۆری وولاتە پێشکەوتووەکان‌دا یان ناهێڵرێن منداڵان بیان بینن، یاخود بە یاسای تەمەن، لە کاتی نووستنی منداڵان و کاتی قوتابخانەو ... هتد ڕێژەی بینینیان کەم دەکەنەوە .

٣) هیچ جۆرە فلمێک لە قازانجی هەموو کۆمەڵدا نی‌یە. ئەگەر سوودبەخشیش بێت ئەوا دیارە هەر لە سوود و قازانجی « گروپ و دەستەوکەس ... هتدی » تایبەتی‌دایە . بەتایبەتی لەو دۆخەی

کوردستان‌دا که ڕەش و سپی تێکەڵاوبوون .

٤) ئەو فیلمانە هەندێکیان لەلایەن خەڵکی پسپۆڕەوە دەرنەهێنراون و مونتاژ نەکراون و کۆنەکراوەتەوە و بە دەسگای سەنسووری نەتەوەیی‌دا تێپەڕ نەبوون . زۆریان هەڕەمەکی گیراون و پڕی لەبەرزی و نزمی و هەڵچوون و داچوونی بیری و ڕەتی و مەسەلەی فیزیاوی و شەڕ و خوێن و تۆخم و ... هتد .

٥) کە زۆر گرنگە، بەش زۆری ئەم فیلمانە خەڵکی کورد نەیگرتوون و بێگانە گرتوونی، مرۆڤ نازانێت ئەگەر ئەم فلیمانە لە شوێنی تر دەستکاری نەکرابن . بە تایبەتی کەلەم سەردەمەدا گەمە بە فلیم و بەرهەمی تەلەفزیۆنی و سینەمای manipulation of تا ڕادەی ساکار و سادەیە و هەموو دەوڵەتێک یاخود دەزگایەکی سینەمای سەربەخۆ دەکارێت و لە توانای‌دایە بە « ئارەزووی » خۆی دەستکاری ناڕیالیستیانەی تیا بکات.

پیشاندانی ئەم فیلمانە لە کوردستان، بە شێوەیەک کە هەموو جۆرە مرۆڤێک، پیر، نەخۆش، منداڵ، پەک‌کەوتە، ژن، کچ، ژنی دووگیان، مرۆڤی بریندار، مرۆڤی تەنیا، پیاوی کوڕکوژراو ...هتد بیدینێت . واتە کارتێکردن لەسەر هەموو مرۆڤێکی کورد چ بەتایبەتی و چ بە جیاش .

مرۆڤ لە خۆی دەپرسێت داخۆ چۆن دوو ملیۆن کەس خانوو و ماڵ و سەروەت و سامان و شاروگوند و نیشتمانەکەیان بەجێ دەهێڵن ئەگەر هێزێکی سایکۆلۆژی تەواو لەسەرە ناخەوە تەنگی پێ هەڵنەچنیبن و زۆری بۆ نەهانین ؟

هیچ ئافرەتێکی دووگیان، نەک هەر کورد، بەڵکو مێینەی ئاژەڵیش لە شوێنێک‌دا نامێنێتەوە کە «سوور» بزانێت گازی کیمیاوی بەسەردا دەکەن و سەرەنجامەکەشی ئەو شارە خوێنینەی هەڵەبجە دەبێت.

هیچ مرۆڤێک، هیچ دایکێکی جگەرسووتاو، هیچ نەخۆشێک، هیچ منداڵێک ناخوازێت لە شوێنێک‌دا بمێنێتەوە کە وەک «هەڵەبجە» ی لێبکرێت. پێشمەرگەی هیچ نەتەوەیەک ناچێت پشت لە خێزانەکەی بکات، بە خۆی و تفەنگێکەوە ڕوواو ڕووی شوێنێکی تر پێ هەڵگرێت، بەڵکو یەکەم جار هەوڵ‌دەدات خێزانەکەی خۆی ڕزگارکات. ئەمەش لۆژیکی ژیانە. بەتایبەتی خەڵکێک کە خاوەنی ترۆتفاقی گازی کیمیاوی و خۆ پارستن نەبن، بە تایبەتی ئەگەر خەڵک لە لایەن سەرکردایەتی‌یەکی بەهێز و بەرەوە وە ڕابەرایەتی نەکرابێت و پێداویستی‌یەکانی شەڕێکی ئاوای بۆ جێبەجێ نەکرابێت.

ڕێگادانی «سەرانی بەرە» بە نیشاندانی ئەو فلیمانەی لە سەر هەڵەبجە و بادینان و گوندە

وێرانکراوەکانەوە گیراون ، ئیتر هۆی نەزانین بێت (کە جێی ستەم و گومانە سەرانی بەرە تا ئەو رادەیە دەبەنگ و بێ ئاوەزبن) - یان کەمتەرخەمی و گوێنەدان و یان هەچ هۆیەکی ترەوە بووبێت، گەورەترین دەست بوو لە بزووتنەوەی کورد وەشێنرا . ژەهراویترین پڕوپاگەندە بوو بە زۆری زۆرداری ناخنرایە دەماری خوێنی کوردەوە، جێگای ستەمە کارتێکردنەکە دەروون و مێشکی هیچ یەکێک لەو بینەرانە لە ئایندەیەکی ئاوا نزیکدا بەجێ بهێڵێت.

ئەو فلیمانەی نیشانی سەرباز دەدرێن بۆ هارکردن و درکردنیان، ئەو فلیمانەی نشانی منداڵان دەدرێن بۆ گزشکردن و پەروەردەکردنیان بە مەبەست و نیازی جیاواز، ئەو فلیمانەی نیشانی جەماوەرێکی پان و بەرین دەدرێن بۆ خۆراگرتن و ڕابوون و سەرهەڵدان و . . . هتد و هەموو ئەوانەی تریش، هەموو سەراپا شێوەی گرتن و دەرهێنان و لێدانەوەیان تایبەتی‌یە و دەبێت خەڵکی بەرپرسیار و پسپۆڕ و لێهاتوو و کارامە ئەو کارە وەئەنجام بگەیێنێت، ئەو کەسانەی کە لە نەزانین و دڵپاکی‌یەوە کارێکی ئاوەها دەکەن، دەبێ زوو ئاگادار بکرێن و ڕاستی و فاکتەکانیان بۆ دەربخرێت و یارمەتیان بدرێت و کارێکیان پێ‌بسپێررێت کە دەرەقەتی دێن و لێی دەزانن.

بەهەر شێوەیەک، هەموو مرۆڤێکی ئەورووپا ئەو ڕاستی‌یەی هەرگیز لەبیر ناچێتەوە کە سەرانی بەرە و دەزگای ڕاگەیاندنیان پڕوپاگەندەیەکیان بڵاوکردەوە سەبارەت بە هێرشەکەی دەوڵەت و چارەنووسی کوردان کە بە دڵنیایی‌یەوە وا تێگەیشتبێن سەرانسەری کەرکووک و خانەقین و کفری و هەولێر و سلێمانی داری بەسەر بەردەوە نەماوە و بە سەدان بۆمبای گەورەی دوورهاوێژ، کە (۳۰۰) کیلۆمەترێک بەلای کەمەوە دەڕۆن، بەر شارەکان کەوتوون و بەکۆمەڵ کوشتنێک بووە کە کورد قڕی تێ‌کەوتووە، دیارە ئەم هێرشە پڕوپاگەندەیی‌یەی کە لە پایتەختەکانی دەرەوە بە سەرانی بەرە کرابوو و هەر لە سەرەتاوە پێش ئەوەی بگاتە ئەورووپا، گوێی فەقیر و هەژار وزەحمەتکێشی کوردستانیان پێ قان دابوو تاوەکو ئەو بزووتنەوە ڕزگاریخوازانەیە بەدەستتێکەڵاوکردن بقەبڵێنن و ڕاستی‌یەکەشی ئەوە بوو، بێ‌گومان لە بێ‌تاقی کردنەوەیی و نەبوونی سەرکردەیەکی کوردستانی خاوەن مێشکی سەربەخۆ، کە « سەرانی بەرە » بوون بە کوڕی بارکی خۆیان و مەدالیای ئافەرینیان بە خۆیان حەڵاڵ کرد و دوو ملوێن کوردی ڕەش و ڕووت بە برسی و تینوو، بێ جل و بەرگ و پەنا پەسارێک وەسەر کێوەکان کەوتن، سەرانیش لە بەغدا گیرسانەوە، گوایە لەبەر دڵی میللەت و لەبەر ژیانی ئەوان ناچارکراون میواندارێتی سەددامیش بکەن.

ئەوە بوو، کۆمەڵێک هێزی بەرگریی میللی کە زۆریەیان نەخۆش و پەککەوتە و منداڵ و پیاوی خێزانداری و چەکداربوون لەگەڵ خێزان و ناسیاوەکانی خۆیاندا، بۆ پارێزگاری و یارمەتی و

ئاگالێبوون، ملیان نابوو، کە گەشتنە سەر سنووری تورکیا، ژەندرمە تورکەکانی دەوڵەتی فاشی تورکیا کە لە لایەن ڕژێمەکەیانەوە لەم کەین و بەینە ئاگاداربوون چەکیان بە خەڵکەکە دادەنا و چەکەکانیان لێوەردەگرتن. بێگومان ئەمەش ئاساییە. ئەو خەڵکە ئاوارەیە ئەگەرچی چەکداریش بن ئەوا لەو دۆخە نالەبار و ئاسکەدا چەکیان پێویست نییە، بە تایبەتی ئەگەر ئەو «چەک کردنە» وەک ئەڵتارناتیڤێک بۆ پاراستنی منداڵ و نەخۆش و پەککەوتە ساخبێتەوە. بەهەر شێوەک هەتا ئەو خاوەن چەکانە چەکەکانیان نەسپاردایە بە ژەندرمە تورکەکان ڕێگا نەدەدران بەرەو پێشەوە بڕۆن. ئیتر لەگەڵ دانانی چەکەکانیان ئەوجا ڕێگەیان دەدان یان بچنە خاکی « تورکیا( ؟)» وە یان لەسەر ئەو شاخانە لەنگەر بگرن، هەواڵنێرەکانیش زوو زوو فلیمی ئەو بارە چەکانەیان دەگرت کە خەڵک لەسەر یەک کەڵەکەیان دەکرد و فڕێیان دەدا .

دەوڵەتی تورکیا، کۆمەڵێک لەم وێنانەی گرتبوو و لە تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکاندا بڵاوی دەکردەوە گوایە پێشمەرگە ترسنۆک و خوێڕی و بوودەڵەن و خۆیان تەسلیمی تورکیا دەکەن و تەنانەت شەڕی «ئارەب» ـ لەلای تورک ئارەب ترسنۆکە ـ پشیان پێ ناکرێت، بێ‌گومان بۆ بەعیزکردن و وورە بەرزکردنەوەی ژەندرمە و تورکە فاشیکان کە پێشمەرگەکانی P.K.K کونە مشکیان لێکردوون بە قەیسەری.

ئیتر دەوڵەتی تورکیا لە ڕێگەی پروپاگەندەوە ئەو چەک سپاردنانەیان کردە کای ترسنۆکی و بوودەڵەیی پێشمەرگەی کورد.

بەڵام کە هێرشەکەیان هێنایە سەر سێ سنوور و پێشمەرگەکانی P.K.K لێیان ڕاپەڕین و هەندێ پێشمەرگەی نیشتیمانی دلێریش چ لە ڕۆژهەڵات و چ لە باشوورەوە چوونە یارمەتییان و بە دەنگیانەوە چوون، لەشکری تورکیای فاشی وەک قوزەی سەر ئاو شکێنرا، دۆڕاندنێکی بە خۆیەوە دیت کە ڕەنگە وەک یەکەم دەستەوەشاندن لە مێژووی سوپای تورکدا بێ وێنە بێت، هەر لەبەر ئەوەبوو ئەو سەرلەشکرە ووتبووی:

«ئێمە لەگەڵ پێشمەرگەدا شەڕمان نەکردووە، پێشمەرگە زوو خۆیان دەدەن بە دەستەوە».

بەڵام ئەو سەرلەشکرە ترسنۆکە دۆڕاوە باسی نەکردبوو کە دژی کێ شەڕیان کردووە.

ئەمە بوو بەسەرهاتی ترسنۆکی «پێشمەرگە» کە تورکەکان خۆیانی پێ ختولکە دەدەن.

وەنەبێت نوێنەرانی بەرە تەنها لە کوردستان ئەم کارانەیان کردبێ . لە ئەورووپادا، نوێنەرانی بەرە گەیشتبنە هەر شوێنێک و لەگەڵ هەچ کەسێکدا قسەیان کردبێ، تەنانەت ئەگەر باسەکە و بابەتەکیش ئەوە نەبووبێت ئەسان هەر ووتوویانە ؛ ئێمە هەر ئۆتۆنۆمی دەخوازین، ئێمە سەربەخۆبوون

ناخوازین و دەوڵەتمان ناوێت . ئێمە یەکایەتی خاکی ئێراقمان گەرەکە، ئێمە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقدا هەموو یەک بیر و یەک بڕواین و لەسەر هەموو شتێک ڕێککەوتووین ـ کە هەرگیز وانەبووە و هیوادارم ئەمە دوا درۆیان بێت» و بەشێوەیەک، ئەمانە دیاری‌کردنی کات و شوێنیان پێ‌ناوێت و کوردێکی ئاوارەی دەرەوەی وڵات نی‌یە ئەم ڕاستی‌یە نەزانێت .

ئەم قسە ژەهراویانە، لەلایەن نوێنەری پارتەکانەوە ـ ناڵێم نوێنەری بەرە چونکە لە دەرەوەی وڵات لەسەر ( ١+١=٢ ) ش ڕێک نەکەوتن ـ لەسەر تەلەفزیۆنی پایتەختەکانی ستۆکهۆلم و پاریس و نیویۆرک و کۆپنهاگن و ئەمستردام و لەندەن دا پەیتا پەیتا گوترراونەتەوە.

لەشاری لەندەن، بنکەی بارەگای بەرەی کوردستانی ئێراقی، شەو نەبووە ئەم قسە ژەهراویانە دەرخواردی خەڵکی بێگانە نەدرێت، ئەمە لە کاتێک کە هەموو جیهان ـ چین و سۆڤیەتی لێدەرچێت بە گیروگرفتی کەڵەکە بووی خۆیانەوە خەریک بوون ـ ئامادەی پشتگیری سیاسی و دارایی و مرۆڤایەتی‌یانە و . . . هتدی گەلی کورد بوون . ئەمە لەکاتێک‌دا کە پیاوانی سیاسی جیهان، لەوانە سەرۆک وەزیران و سەرۆکی دەوڵەت و شالیاری بەرگری وڵاتان لە مەسەلەی " کوردستانی «ئێراق» " نەدواون، بەڵکو لە کێشەی نەتەوەی «کوردستان» دواون و باسی گیروگرفتەکانی خەڵکی «کوردستان»یان کردووە، نەک تەنها بەشی «ئێراق»، بەڵام سەرانی بەرە، دیسانەوە ئەم ووشانەیان لە دەمی ئەم خەڵکانە قۆزیوەتەوە و بابەتەکەیان هێناوەتەوە سەر کوردی «ئێراق» و دیسانەوە ماڵی کوردیان وێران کردۆتەوە.

هەموو مرۆڤێکی سیاسی لە جیهاندا دەزانێت کە مەسەلەی کورد تەنها کوردی ئێراق نییە، لەبەر ئەوە لە کاتێکدا کە باسی کورد دەکەن و لە هەموو پارچەکان دەدوێن.

بۆ ئەم مەبەستە کۆنفرانسێک لە ستۆکهۆڵم لە ڕۆژی ١٥ ـ ١٧ ی مانگی ٣دا گیرا، واتە لە گەرمەی ڕووداوەکانی باشووری کوردستان و خۆپیشاندان و ناڕەزایی و مانگرتنەکانی باکووری کوردستادا . ئەمەش دەقی ئەو کۆنفرانسەیە بە زمانی کوردی:

کۆنفرانسی ستۆکهۆڵم

سەبارەت بە مافەکانی گەلی کورد

لەلایەن کۆنفرانسە ئینتەرناسیونالی‌کەوە پەسەندکراوە

" Recgnition of kurdish Rights "

« دانان بە مافەکانی گەلی کورد دا »

ستۆکهۆڵم ( ١٥ ـ ١٧ ) خاکەلێوە ١٩٩١

کۆنفرانسە ئینتەرناسیونالی‌کە «دان نان بە مافی گەلی کورد دا» لە ڕۆژانی (١٥-١٧) ی مانگی سێی ١٩٩١ لەسەر داخوازی کۆمەڵە سویدی‌یەکان - بۆ مافە مرۆڤایەتی‌یەکانی نەتەوەی کورد بەسترا .

لەنێوان ئەو (٢٤٠) بەشداربووانەی کە لە (٢٠) وولاتەوە هاتبوون، نوێنەرانی پارتە کوردی‌یەکان و کۆمەڵە کولتوری‌یەکان و هەروەها کەسایەتی نیشتمان پەروەری کورد لە هەندەران بەشداریان تیادا کرد .

کۆمیتەی «پشتگیری» لە زۆر وولاتەوە هاتبوون و ئەندامانی پەرلەمان و نوێنەرانی زۆر پارت و ڕێکخراوی وولاتانی جیاواز ئامادە بوون لە نێوان بەشداربوواندا چاوگێر و سەرپەرشتی‌کار و نوێنەری سیاسی‌یەکان و گروپە مرۆڤ‌دۆستە ئینتەرناسیونالی‌یەکان بەدی دەکرا و هەروەها ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەش بانگ کرابوون. گفتوگۆ لەسەر بەشێک لەو ڕاپۆرتانە کرا و لێیان توێژرابەوە کە دەربارە و سەبارەت بەو دۆخانە بوون کە لە مەڕ مافە مرۆڤایەتی‌یەکانەوەن لەو ناوچە کوردیانەدا کە دەکەونە وولاتی ئێران، ئێراق، سووریا، تورکیا و یەکیەتی سۆڤیەتەوە .

گفتوگۆ لەسەر هەنگاوەکان بۆ وەدەستهێنانی ئەو دۆخانە کرا، بەتایبەتی و لەوانەش لەگەڵ پێشینەی ئەو دۆخە ئێستایی‌یەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، کۆنفرانسەکە ئەم مەنیفێستەی بانگەوازکرد «مەنیفێستی ستوکهولم سەبارەت بە مافەکانی گەلی کورد» .

چیدی جیهان ناتوانێت بێ‌دەنگ بمێنێتەوە لە ئاست ئەو چەوساندنەوە و زوڵم و زۆربەی دەرهەق بەنەتەوەی کورد دەکرێت کە لە ٢٠ ملوێن کەس پترە، ئەم کارە ناڕەوایانە هەڕەشە لە ئاشتی و لە هاوسەنگی ناوچەکە دەکەن و هەروەها ڕێزلێنەگرتنێکی ئاشکرا و وەژێر پێ‌خستنی ئەو پەیمانە نێو دەوڵەتیانەشە کە دەربارەی مافە مرۆڤەیەتی‌یەکان بەستراوە .

شکاندن و وەژێرخستنی ئەو پەیمانانە لە بەشە جیاوازەکانی کوردستاندا ساڵەهاساڵە هەر بەردەوامە و ئێستاش زۆر سیستەماتیکی و بەرفراوانیانە ئەنجام دەدرێت :

خەلک هەر لەخۆوە و بە گۆترە دەگیرێت، ئازاردان، سزای توندوتیژ لە دوای دادگاکردنێکی پڕ کەم و کوڕی یاخود هەر بێ دادگاش، ماشینەوە و فڕاندن و کوشتن بەبێ هیچ دادگایەک، بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و ڕاگوێزانەوەی بەکۆمەڵ و تالانکردن و دادۆشینیان. ڕووخاندنی خانووبەرە و شوێنی ژیانیان و کوشتنی ئاژەڵ و ڕەشەوولاخ و پەلەوەریان، هەروەها قەدەغەکردنی زمانی زگماکیان مۆزیک و کولتور و فەرهەنگ و خوێندنی مێژوویان. لە ئۆردوگا زۆرەملیبەکاندا بارو دۆخی ژیانیان زۆر نابەجێ و ناپەسەند و نامرۆڤانەیە.

گەلی کورد تا ئێستا لە سێبەری دیموکراتی‌دا نەژیاوە، چ جای شێوەیەک لە سەربەخۆیی و ڕزگاری بە مانایەکی ڕاستی . ئێراق ـ کە تاکە ووڵاتێکە کە بەلایەنی کەمەوە هیچ نەبێت لەسەر کاغەز دانی ناوە بە ئۆتۆنۆمی بۆیان ـ لە ڕێگای ستەم و جەور و زۆرەوە، لەلایەن چەوساندنەوە و دامەزراندنی پیاوانی خۆیەوە ناوەڕۆکی ئەم پەیمانەی کرمۆڵ کردووە .

ئێراق و ئێران و تورکیا و سووریا و یەکێتی سۆڤیەت هەموویان لەکاتی جیاجیادا هەوڵیان داوە بۆ ئەوەی ناسنامە و بوونی نەتەوەی کورد بێ‌هێز و لاوازبکەن لە ڕێگای تێکدان و لاسەنگ کردنی ئەو پارسەنگ و بالانسە دیموگرافیە کە لە ناوچە کوردی‌یەکاندا هەیە.

هەتا ئەم بێ‌دادی و چەوساندنەوەیە بەردەوام بێت ئاشتی ڕاستەقینە مەحاڵە.

کۆنفرانسەکە:

داوا لە ڕژێمەکانی ئێراق و ئێران و سووریا و تورکیا و یەکێتی سۆڤیەت دەکات کە ڕێز لە ستادگا و بڕیارەکانی ڕێکخراوی نەتەوەکان و هەموو ئەو ڕێکەوتن نامانەی دەربارەی مافی مرۆڤایەتی بەستراون، بگرێت. وەهەروەها بەتەواوی لە پراکتیک‌دا لە کوردستان و ئەو ناوچانەی کە دانیشتوانی کوردیان تیایە، جێ‌بەجێ بکرێت، بەتایبەتی داوا لە ڕژێمە بەرپرسیارەکان دەکات کە:

- دەست بەجێ دەست لە ڕاگوێزان و وێرانکردنی خانووبەرە و کوشتنی ئاژاڵ و ڕەشووڵاخ و لە ناوبردن و سووتاندنی ماڵ و سامانی گەلی کورد هەڵگرن .

- دەست بەجێ هەموو ئەو کوردانە ئازاد بکرێن کە لەسەر بیروباوەری کوردایەتی گیراون و هەموو سزاو ئازاردان و ئەشکەنجە و کوشتنێک ڕاوەستێنرێت .

- ڕێگەی هەموو پەناهێندە سیاسی‌یەکانی هەندەران بدرێت کە بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان و وەک هەموو هاووڵاتی‌یەکی تر سەیریان بکرێت هەموو مافێکیان بدرێتێ کە بە یاسا مافی خۆیان بێ.

- ئەو دەزگا پۆلیسی و سیخوڕی و هێزە سەربازی و نهێنیانە بە کارهێنراون بۆ چەوساندنەوەی نەتەوەی کورد هەڵوەشێنرێنەوە و یاسا و دادپەروەری بەپێی ئەو پەیمان‌نامە نێودەوڵەتیانەی کە هەن دەربارەی مافی مرۆڤ، بڵاوبکرێتەوە .

- خەرمانە و پاداشی هەموو ئەو کەس و لایەنانە بدرێتەوە کە بوونەتە قوربانی زوڵم و زۆر و ستەمی دژی ئەو چەوساندنەوەیە.

- ڕێز لە زمان و بەکارهێنانی زمانی کوردی و کولتووری کوردی بگیرێت، هەروەها بەکارهێنانی زمانی کوردی لە خوێندن و دەربڕین و بڵاوکراوە و ڕاگەیاندن دا، ڕێز لە مافی منداڵ و لاوی کورد

بگیرێت سەبارەت بە خوێندن و پەروەردەکردن بە زمانی خۆیان .

ـ ڕەفتارکردن لە گەڵ پەنابەرە کوردەکان بە شێوەیەکی مرۆڤ دۆستانە و بەپێی یاسا و پەیمانە نێودەوڵەتی یەکان کە لە مەڕ مافەکانی مرۆڤەوەن.

ـ ئیدی ڕێگە لە پەیوەندی و پەیوەست کاری کوردەکان لە نێوان ئەو سنوورە دەوڵەتیانەدا نەگیرێ و بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەم ڕێگایە هاسانتر و باشتر بکرێت.

ـ داوا لەو ڕژێمانە دەکات کە دان بنێن بە مافی چارەنووسی کوردەکان بە دەستی خۆیان و توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی تەواو و زانستی یانە بکرێت کە چۆن ئەو مافە لە پراکتیکدا بکرێت بە شێوەیەکی وا باش و یەکتاهەنگی کە لە دروستکردنی پەیوەندی یەکانی نێوان کورد و کۆمەڵگاکانی کەدا ئاشتییانە بێت و لە بەرژەوەندی هەردوولایەنەکان‌دا بێت .

تکا لە هەموو ئەو ڕژێمانە دەکات کە لە کۆمیتەی ڕێکخراوی نەتەوەکان‌دان سەبارەت بە مافە مرۆڤایەتی یەکان کە باس و خواستی ئەو هەموو چەوساندنەوە و زوڵم و زۆرەی لە گەلی کورد دەکرێت لەو وولاتانەی کە کوردی تیا دەژی، بهێننە پێشەوە و لەسەری بدوێن .

ـ تکا لە هەموو ڕژێمێک دەکات کە بە ووزەی تەواوەوە ڕێز لەو پەیمانانە بگرن کە دەربارەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی مۆرکراوە .

ـ تکا لە هەموو دەوڵەتەکان دەکات کە لە هەچ شێوە کۆنفرانسێکی ئاشتی سەبارەت بە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بگیرێت دوای شەڕەکەی کەنداوی فارسی باسی کوردیشی تیا بکرێت. چ وەکو باسی ڕێزگرتن لە مافە مرۆڤایەتی یەکانی کورد، بە شێوەی تاکە کەس و چ وەک مافی نەتەوەی کورد لە دیاریکردنی مافی چارەنووسی‌دا .

ـ تکا لە سکرتێری یەکەمی ڕێکخراوی نەتەوەکان دەکات کە لە کاتی بەستنی ئەو کۆنفرانسە نێودەوڵەتی یەدا کە بۆ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەگیرێت، هەروەها باسی کوردیشی تیا بکرێت و مەسەلەی کوردیش تیا زیندووبکرێتەوە .

ـ تکا لە سکرتێری یەکەمی ڕێکخراوی نەتەوەکان دەکات کە سەبارەت بە گەلی کورد و هەموو ئەو نەتەوانەی کە بێ‌دەوڵەت و بێ‌نوێنەرن، پلان و شێوازێکی وا بهێنێتە کایەوە کە لە سنووری ڕێکخراوی نەتەوەکان‌دا ئەوانیش نوێنەری خۆیان هەبێت .

ـ داوا لە هەموو وولاتانی جیهان دەکات کە بە شێوەیەکی مرۆڤانە ڕەفتار لەگەڵ پەناهەندەی کورددا بکرێت، وەک ڕەچاوکردنێکی ئەو دۆخە نالەبار و فرەگرانەی لە وولاتەکانی خۆیان‌دا ڕووبەڕووی کوردەکان دەبێتەوە .

- تکا لە کۆمیتەی پەناهێندەکانی ڕێکخراوی نەتەوەکان دەکات کە هێزو توانای گەورەی خۆی لە پاراستن و یارمەتی دانی پەناهێندەی کورد لە ڕۆژ هەڵاتی ناوەندا بەکاربهێنێت، بە پلەی یەکەم لە تورکیا و ئێراق و ئێران و داوا لە هەموو دوڵەتەکان دەکات کە هاوکاری پشتگیری ئەم کۆمیتەیە بکەن سەبارەت بەم مەسەلەیە.

تەواو

وتەکانی ئەم کۆنفرانسە، وێکڕا یان زۆر، هەڵوێستی بەشی زۆربەی خەڵکی ئەورووپان سەبارەت بەمەسەلەی کورد. پرخنەی ئەم کۆنفرانسەش بریتی‌نی‌یە لە کاری تاکە کەس و گروپی ئاسایی، بەڵکو کاری «دەزگا»ی ڕامیاری دەوڵەتەکانی ئەورووپا و هەندێ دەوڵەتی ترن، واتە دەوڵەتەکان ئاگا و دەستیان لەم مەسەلەیەدا هەیە.

ئەگەر خوێنەر لە ڕاپۆرتەکە وورد بێتەوە دەبینێت کە هیچ بابەتێکی تایبەت نییە بە کوردی ئێراق، تەنانەت لە زۆر شوێن‌دا هەرووەک دڵنیاکردن و گومان نەکردن ناوی تورکیا و ئێران و سوریا، تەنانەت یەکێتی سۆڤیەتیش هاتووە و داوا لە هەموویان کراوە کە بە جیدی مەسەلەی کورد بەو شێوەیە هەڵنەسەنگێنن کە تا ئێستا کردوویانە.

لە کاتی باسکردن کوردستان و خەڵکی کورد دا، هیچ کات بە تەنها نەخشەی باشووری کوردستان (ژێر چەپۆکی) ئێراق ناگیرێت، بەڵکو نەخشەی سەرانسەری کوردستان و زۆر جار تەنانەت ئەو شوێنانەش کە کوردستان نین و بەڵام کوردیان تیادەژی، دەکێشرێت. وەک ناوچەکانی هەرە ڕۆژ هەڵاتی ئێران و لوبنان و هەرە خوارووی ئێراق و ...هتد.

ئەی باشە بۆ هەمیشەگە سەرانی بەرە و نوێنەرەکانیان هەموو کوردستان دەکەن بە بەشی ئێراق و ئەمیش دەکەن بە بەشێک لە ئێراق و خاکی عەرەب؟

بۆچی هەمیشە باسی پیرۆزیەتی سنوورەکانی دەوڵەتی ئێراق و یەکایەتی خاکی ئێراق و یەک گەلێتی ئێراق دەکەن؟

ئەگەر خوێنەر بڕوانێتە پەیڕەو و تۆڵ و هەمیشە سەوزی سەرانی بەرەو ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیر کردووە، ڕەنگ سەرە داوێکی بەدەستەوە بێت.

لەو مانگەدا کە بووە بە نەریت و کوردی تیا سەردەبڕێت (مانگی٣) واتە لەکاتی کۆنفرانسەکەدا، یەکێک لە نوێنەرە هەرە ڕەسمی‌یەکانی بەرەی کوردستانی ئێراق کوڵە پیاوێکە کە هەموو دەیناسین و ناوی «دکتۆر محمود سۆرانی»یە. ئەم نوێنەرەی بەرە، هەر لە دوای ئاشبەتاڵەکەی ١٩٨٨ یانەوە

بە ختولکە و نەقیزەی تاڵەبانی، وولات و پایتەخت ئەماوە سەری پیانەکات، نووسەری ئەم نامیلکەیە لە چەند دانیشتنێکی ئەم کوڵە پیاوەدا لە کەنەدا و ئەمەریکا و فەرەنسە و سویدا بەشداربووە . لە گەرمەی ڕووداوەکاندا بە دەیان نوێنەری بەرە کە دژی سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردی دەدوان و وازیان لە ویسکی و قەڵ بێنایە وازیان لە ئۆتۆتۆمی نەدەهانی، یەکێک لەوانە ئەم کوڵە پیاوەیە کە ڕەنگە بەسەدان میرو دەرەبەگ هێندەی سەعاتێکی ئەم زیانیان بە کورد نەگەیاندبێت.

ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە لە ڕۆژانی کۆنفرانسەکە و دوارۆژی کۆنفرانسەکەش ( لەو مانگەدا بەشی زۆری کوردی سوید بە هەموو بەشەکانییەوە لە یەکێک لە گۆرەپانەکانی ستۆکهۆلم‌دا کۆ دەبوونەوە، و لە گەرمەی وەدەستهێنانی کۆمەڵە و پارە کۆکردنەوە و پەیدا کردنی جل‌وبەرگ و ... هتدا بوون ) ئەم کوڵە پیاوە، حەمەسەعید حەسەن ووتەی کە " شێوەی ڕاوەستانەکەی هەر لە قیت وەستاندنی گوڵە گەنمێکی پووت دەچێت "، ووتاری بۆ کورد و نا کورد بەدوو زمانی ئینگلیزی و کوردی دەخوێنەوە. لە ووتاری ئینگلیزی یەکەی‌دا، هیچ شێوەیەک ناوی کوردستان و خاکی کوردستان و کوردی بەشەکانی تری تیانەبوو، تەنها بریتی بوو لەباس و خواستی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراق و نارەب و...هتد و داوای کۆمەک و یارمەتی بۆ گەلی ئێراق . بەڵام لە ووتارە کوردی‌کەی‌دا، پاش ئەوەی دەیزانی کە هەموو کوردێکی باشور و باکور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کۆبوونەتەوە (کوردی بەشەکانی تر ئەگەر زۆرتریان لە کوردی باشوری ئێراق نەکردبێت ئەوا کەمتریشییان بۆ ئەو دووملیۆنە ئاوارەیە نەکردووە)، زۆریی شەرمانە لە کوردستانی یەک‌گرتوو و یەکایەتی خاکی کوردان و ڕژێمی تورکیا و ئێران و سوریا دەدوا .

ئەمە یەکەم جارە لە مێژووی مرۆڤایەتی و گەلاندا کە پیاوێکی خۆ بەرپرسیاری‌زان لەگەڵ نەتەوەی خۆیدا "دیپلۆماسی" بێت. کە پیاوێکی خۆ بەرپرسیاری زان لەگەڵ نەتەوەکەی و دژ بە نەتەوەکەی تاکتیک بەکار بهێنێت و لەگەڵ بێگانەش‌دا ڕاستگۆ بێت.

محمود سۆزانی دەزانێت کە کوردی هەموو پارچەیەک گوێ لە قسەکانی دەگرێت لەبەر ئەوە ناچارە چوار ڕستەی بێ‌ فەرویەر بڵێت و دژی ئەم وولاتانە قسەبکات، گوایە ئێمەی کورد هەڵدەخەڵەتێنێ و کابرا لێ‌ هاتووە (؟). محمود سۆزانی ئەو ڕاستی‌یە نازانێت کە هەموو کوردێک بەردەبارانی مێشکیان دەکرد کە لەسەر دوژمنانی کورد بە ملیۆنەها دۆلار کەوتووە .

ئەو ڕاستی‌یە نازانێت کە بەشی زۆری ئەو کوردانەی لەوێندەری کۆبوونەوە زمانی ئینلیزی تێ دەگەن و دەزانن چی دەڵێت و بۆچیش وا دەڵێت . خەڵکی بەشەرەفی کورد ولاتی محمود سۆزانیان

ئەندايەوە چونکە بە پێویستیان نەئزانی لە گەرمەی کارەساتێکی وادا شەڕێکی لاوەلایی و ناوخۆ هەڵگیرسێنن و دڵی دوژمنانی پێ شادەکەن .

ئەم کوڵە پیاوە، هەردوای تەواوبوونی کۆنفرانسەکە لەلایەن هەواڵنێرێکی ڕۆژنامەی -Dagensny heter ـ هەواڵەکانی ڕۆژ ـ هەواڵەکانی ئەمڕۆ، وە کە نزیکەی دوو ملیۆن کەس دەیخوێننەوە و زۆر جار سنووری سویدیش بەجێ دەهێڵن، گفتوگۆیەکی لەگەڵدا کرا، کە گوایە بەرەی کوردستانی چی دەوێت، ئۆتۆنۆمی یا خود دەوڵەتی کوردی، ئەمیش لە وڵامدا دەڵێت :ـ

« ئێمە خەڵکی ڕیالیستین، ئێمە ئۆتۆنۆمی دەخوازین، ئێمە دەوڵەتمان ناوێت و بیر لە کوردستانی گەورە ناکەینەوە، مەسەلەی کوردستانی گەورە زۆر ئاڵۆزە، داخۆ ئێوە سەیری ئێراقتان نەکردووە، لە داگیرکردنی کوێتدا چی بەسەرهات ؟ ئیدی ئێمە چۆن هەڵەیەکی وا بکەینەوە و بڕوانینە ئەو پارچانەی تری کوردستان و داگیرکردنی ئەو سنوورانە ؟ »

ئەوەی باشە کە مرۆڤە ئاشتی خواز و مرۆڤە ئاشتی دۆستەکان لە ڕوانگەی سەرکردایەتی بەرەوە ناڕواننە نەتەوەی کورد، ئەگینا بە دواکەوتووترین کۆمەڵگا و بەترسنۆک و ئاشی و دەبەنگ و خۆ بەکەم زان و بێ مێشک لە قەڵەم دەدراین.

محمود سۆزانی، ئەم کوڵە پیاوە ڕەنگ دێزە، بەراوردی ڕزگارکردنی کوردستان لەگەڵ سەددام حسێن و داگیرکردنی کوێتدا دەکات. داخۆ دوژمنانی کورد تاکو ئێستا زیانێکی وا پڕوپاگەندەییان لە کورد داوە ؟ بێگومان نە. کە دوژمنانی کورد، وڵاتە داگیرکەرەکان بوختان بەدەم کوردەوە دەکەن و هەوڵی کورد سووک کردن دەدەن، بۆیان سەرناگرێت، چونکە هەموو کەسێکی بێگانە، بەتایبەتی مرۆڤ دۆست و دیموکرات‌خوازەکان ئەو ڕاستییە دەزانن کە نەتەوەی سەردەست ژیان بە دیاری بۆ نەتەوەی بندەست ناهێنێتەوە بەڵام لە کاتێکدا هاونەتەوەیەک، بۆ ئەم مەبەستە سەرکردەیەکی سیاسی کە خۆی بە پێشەوای نەتەوەیەک بداتە قەڵەم، بەهەر چواردەوری خۆیدا دژی نەتەوەکەی هەڵسوڕێت، شتێکی سەیر و جێگای واقوڕمان دەبێت. زۆر لەسەر تورکەکان دەکەوت دەگینا بە دڵنیاییەوە وێنەیەکی محمود سۆزانیان شان بەشانی وێنەکانی ئەتاتورک لە هەموو کون و قوژبنێکی وڵاتدا هەڵدەواسی.

لە سەرەتای هێرشە پڕوپاگەندەیەکەی (سەددام حسێن) دا بۆ سەر کوردستان و پەرەوازەکردنی خەڵکی کوردستان بەناو کێو و چیا شەختاوییەکاندا سەددام حسێن لە ووتارێکی بە پەلەدا کە بەزین و ژێرکەوتنەکەی کوێتی بە تراژیدییەکەی کوردستان دادەپۆشی، لێبوردنی گشتی بۆ کورد دەرکرد، تەنها ئەوانە نەبێت کە لە «دزی و تالانی» و «زۆرگی کردنی ئافرەت» و «پیاو کوژ»

پێ‌دا بەشداریان کردووە، هۆی نەکەوتنی ئەمانیش لە نێو سنووری لێخۆشبوونەکەدا ئەوە بوو کە ئەمانە بە «دەستی دەرەوە» ئەم کارەیان وەئەنجام هێناوە.

ئەم وتە بۆشانە لەدەرەوەی وڵات، لەلایەن خەڵکی بێگانەوە نەک هەر گوێی لێ نەگیرا بەڵکو تەنانەت گاڵتەشیان بە سەددام حسێن دەکرد و هێندەی تر پشتگیری خۆیان بۆ ئەو نەتەوەیە زیاد دەکرد کە فاشی‌یەکی وەکو سەددام حسێن تاوانی بکوژی و بێ ناموسی و دزیان دەخاتە پاڵ.

بەو وتارەی سەددام حسێن دۆستەکانی نەتەوەی کورد کەم نەدەبوونەوە، بەڵکو زیاتر دەبوون.

بەڵام ١٩٩١/١/١٧ دا کە جەماوەری شاری سلێمانی و هەولێر لە دووبارەبوونەوەی دەسەڵاتی بۆگەنی بەچکە فاشیستەکانی بەغدا وەڕک بووبوون، بە تایبەتی کەلەلایەن پیاوانی بەرەوە بەرگریان لێ دەکرا، دووبارە لە شاڵاوێکی مەردانەی کتوپڕی جەماوەریانەی گەرم وگوڕ دا، دیسانەوە هەموو دەسەڵاتێکی فاشیزمیان لەو ناوچانەدا بنبڕکردەوە. ووشەی «بەعسی قڕان» گیانی فاشیستەکان و بەچکەکانیشانی تەنانەت لەناو شاری بەغداش‌دا دەهێنایە لەرزین و مژدەی مەرگی پێدەدان.

مسعود بارزانی کە ئەوکاتە لە هۆڵی میوانانی بەغدا دەگەوزا، هێرشێکی شێزوفرینیانەی کردە سەر جەماوەری کوردستان و بە هەڕەشە و گوڕەشەوە بە هەواڵنێرەکانی جیهانی ڕاگەیاند کە ئەمە کاری دەستی « دەرەوە »یە. واتە هەرهەمان وتەکانی چوار مانگ لەوەبەری ( سەددام حسێن ) ی دووبارە دەکردەوە. بەڵام ئەم تۆزێک زیاتر سلاوی جەماوەری ڕەش و ڕووتی دەدایەوە. ئەم « هەڕەشە » شی لێ دەکردن.

ئەم دەستی «دەرەوە»یەی مسعود دۆستەکانی کوردی هەژاند و بەتەواوی خستنیە کەمینی گومانەوە. «ئایا کێ ڕابەرایەتی خەڵکی کوردستان دەکات؟».

مسعود وا دەزانێ ئاواتی جەماوەری کوردستانە کە زۆڵەکەی تۆتۆنۆمی هەر لە دایک نابێت.

دیاردەیەکی سەیر نی‌یە کە کۆنەپەرست و فیوداڵ و خێڵەکایەتی کورد قۆڵیان کردووە بە قۆڵی بەگداو مسعود خۆی وتەنی: «ئەگەر ئەم جارە خۆشمان تەسلیم کەینەوە، ئەوا پێکەوە دەیکەین».

لە ڕۆژی دووشەممەی ٢٢/گەلاوێژی ١٩٩١ دا مسعود بارزانی لەگەڵ ڕۆژنامەی «قادسیە»[٣١] دا چاوپێکەوتنێکی کردووە. هەرچەندە چاوپێکەوتنەکە دوورودرێژە، بەڵام لەبەر ئەوەی کرۆکی ڕاستەقینە و خەسڵەتی بیرکردنەوەی مسعود بارزانی و پارتەکەیان بۆ دەخاتە ڕوو بە پێویستی دەزانم دەقی چاوپێکەوتنەکە بەزمانی ئارەبی کراوە بخەمە بەردەست خوێنەری بەڕێز.

(شەمشەمەکوێرەی شەو لە باکووری وڵاتدا جێیان نابێتەوە)، کە ئاڵەکانی ئەوروپا ڕاستگۆیانە ووتارەکانمان دووپات ناکەنەوە و زۆر لادان و خراپ تێگەیشتنیان پێوە دیارە.

نووسینی جمال عبد ناموس، وێنەگر حازم خالد.

* هێشتا نەکەوتووینەتە نێو باسەکەوە مسعود بارزانی دەستپێشخەری دەکات و دەڵێت: «بەرژەوەندی ئێراق لەسەر و هەموو شتێکەوەیە. ئەو کاتە هاتووە پەرەگزنەکان هەڵدەینەوە و بە هەموو هێزێکمانەوە خۆمان بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەمان تەرخان بکەین».

ڕێکەوتنەکە، بەرواری بانگەوازکردنی، مەسەلەی بەردەوامی گفتوگۆ و چەندین پرسیاری تر دەروازەی سەرەکی چاوپێکەوتنەکەی «قادسیە» بوو لە میوانداریتی بەڕێز مسعود بارزانی دا.

(دڵگرانی و قرمێسک بەسە و پێویستە خۆمان بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵات تەرخان بکەین، ڕێکەوتنەکە لە ٨٠٪ لە ڕێگای خۆیی بەرەو کۆتایی بڕیوە و بەم زووانە بەیاندەکرێ).

پرسیارەکانمان لە بارەی ئەو ڕێکەوتنەوەن کە هەموو ئێراقی‌یەک چاوەڕوانیتی هەروەک دەروازەیەکی نوێ، کە سەراپای ئەو دەرگایانە دادەخات کە زۆر لە دوژمنان بە کاریان دەهێنا و هەوڵیان دەدا پەیوەندی برایانەی نێوان کورد و عەرەب پڕ هەوراز و نشێو بکەن. هەر وەکو هەمووانیش دەزانن ئەو زوڕنا دژکارانە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوان کە ئاڕاستەی گفتوگۆ لێرە و لەوێ دەکرێن. بەتایبەتی سەبارەت بە مەسەلەی یاسای پارتەکان (یاسای فرەلایەنی ـ وەرگێڕ).

زیاتر لە جارێک، نوێنەوانی هەواڵنێر و ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژئاوا ڕەتکردنەوەی پارتە کوردی‌یەکان ڕادەگەیێنن سەبارەت بە بڕگەیەکی دیاریکراو لە یاسای پارتەکان. توانجی بەڕێزتان سەبارەت بەم ئاژاوانە چی‌یە ؟!

ـ بەڕێز مسعود بارزانی: لەسەرەتادا سوپاسی ڕۆژنامەی قادسیەی پاڵەوان دەکەم بۆ ڕەخساندنی ئەم هەلە بۆ باس‌کردنی ئەوەندەی کە گفتوگۆکە لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی‌دا گەیشتویەتێ.

یاسای پارتەکان وردەکاری پۆزەتیڤی زۆری تیایە و لە هەمان کات‌دا وەکو بەرەی کوردستانی تێبینی خۆمان هەیە و ئەم تێبینیانەشمان خستۆتە بەردەم برایانی لێپرسراو.

واش چاوەڕوان دەکەین کە لەم دوو ڕۆژەی ئایندەدا پێکەوە لەسەر ئەو تێبینیانە بدوێین کە ئاراستەی دەوڵەمەندکردن و بەهێزکردنی «یاسا» کە کراون، پێویستە گوێ نەدەینە ئەو ئاوازانەی زوڕناکانی ڕۆژئاوا دەیژەنن و پێویستە بەشێوەیەکی ئاسایی وەریگرین.

هەروەها گرنگترینیشی ئەوەیە کە لەکاتێک‌دا ئەنجامەکان دەردەکەون گشت لایەنێک بارستایی ئەو هەوڵە دەبینن کە پێشکەشمان کردووە و دەبینن کە ئەو هەوڵە چەند مەزنە و تا چ ڕادەیەک ئەو ئامانجە سەبارەت بە ئێراق و پاشە ڕۆژەکەی مەزنە.

* قادسیە: ئایا خاڵی دیاری کراو هەن کە (ب.ک) زۆر لێیان وردبینەتەوە لە یاسای

پارتەکاندا؟

بەڕێز مسعود بارزانی: بێگومان، کۆمەڵێک مەسەلەی زۆر هەن، نەک تەنها یاسای پارتەکان. ئاشکرێ هەرگیز وا بڕوانرێتە یاسای پارتەکان کە شتێک بێ کار بکەنە سەر گفتوگۆ و پشت بە خواش هەر لەسەری ڕێک دەکەوین .

* قادسیە: بێ ئەملاولا، ساڵانی ڕابردوو، و بەتایبەتی ئەم (۲۰) ساڵە کۆمەڵێک ڕووداوی زۆر لەناوچەی ئۆتۆنۆمی ڕوویانداوە و زۆریان ڕووداوی دڵتەزێن بوون و ئەمانەش هەمووکات ئەو بیانوانە بوون کە ئێستا ڕۆژئاوا گەرەکیانە ئەم گفتوگۆیەی ئەم کاتەی پێ دوا بخەن. بەبڕواتان ئەم شێوازە چییە کە بەهۆیەوە دەتوانن ئەم بیانوانە نەهێڵن و لە جێگای ئەوانە دەروازەیەکی نوێ بکرێتەوە کە ببێتە ژیانێکی نوێ بۆ گەلەکەمان، لەم دۆخەدا کە گەلەکەمان خۆیی تیا دەبینێتەوە؟

بەڕێز مسعود بارزانی: تاقیکردنەوەی ئەم (۲۰) تا ڕادەی دەوڵەمەندە و باوەڕی ئەم ڕێککەوتنەی ئێستا لە منداڵانی ئەم تاقیکردنەوەدا لە دایک بووە کە هەر لەیەکەم چاوپێکەوتنەوە بڕیاری دبالۆگ و چارەی گیروگرفتەکان بە ئاشتی دراون. ئەو بڕیارە هەڵشەیی نییە و بەڵکو لە بڕواو تاقیکردنەوەی دوو لایەنەوە هاتۆتە کایەوە، نەک تەنها هەر لەیەک لایەنەوە.

لەڕاستیدا ئەوەی زیاتر منی سەرقاڵ کردبوو ئەوە بوو کە چۆن چاومان بەیەک بکەوێت، نەک کە چۆن ڕێکبکەوین. چونکە هەوی (۲۰) ساڵ کەم نییە. بەڵام هەر لە یەکەم چاوپێکەوتندا هەستمان کرد هیچ نیگەتیڤییەک لە ئارادا نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەسەر هەڵدانەوەی پەڕەی کۆن ڕێککەوتین و لە پێناوی پاشەڕۆژێکی پڕژیان بۆ گەلی ئیراق بە ئارەب و کورد و کەمایەتییەکانەوە تێدەکۆشین. ڕێککەوتنەکە هەنگاوە ڕاستەکەیە، ڕێککەوتنەکە ئەو دەروازەیەیە. ئەوەی ئێمە پێویستە پێی هەڵسین بۆ پێوەدانی دەروازە لەسەر هەموو خۆ تێ هەڵقورتاندنێکی دەرەکی ئەوەیە کە ئێستا خوایاربێت هەڵدەسین بەڕێکەوتن لەسەری. ئەو ڕێککەوتنە هەموو دەرگاکان لەسەر ڕووی دوژمنان پێوەدەدا .

* قادسیە : بەڵام بە ئەژماردی بانگەواز کە گوایە ڕێککەوتنەکە بەم زووانە بەیاندەکرێت وای کردووە کە هاونیشتمانی بپرسێت داخۆ کەی ئەم بەیانکردنە دەبێت و بەتایبەتی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی بەیانکردنی ئەم ڕێککەوتنەن ؟

بەڕێز مسعود بارزانی : هۆی درێژەبوونەوەی گفتوگۆکە ئەوەیە کە ئێمە دەمانەوێت کە ئەمە دوا ڕێککەوتن و گفتوگۆمان بێت و هیچ جۆرە بۆشایییەکی تیانەمێنێتەوە . لەبەر ئەوەیە کاتی خۆی دەدەمێ. لە ڕاستیش دا ئەمڕۆ هاتنەکەی ئەمجارەی خۆمانم بۆ بەغدا هەر خۆی بە ڕێککەوتن دادەنێم،

هەروەها من بە ڕێککەوتنێکی کۆتایی دادەنێم، بەڵام بانگەوازی لێ ناکەین و هەندێ جاریش ڕۆژنامەکان پێشمان کەوتوون و پێش دەستیان کردووین (یاخود هەندێک جار زۆر بەپەلەبوون)، ئێمە ڕێز لە هەستی گەلی ئێراق دەگرین لە باکوورەوە تاکو باشووری و ئێمەش هەروەها پەلەمانە، ئێ لە ڕاستیشدا مەسەلەکە زۆر گرنگە، باتۆزێک دواش بکەوین و لە هەموو مەسەلەکان بەجوانی بتوێژینەوە تاوەکو هیچ جۆرە بۆشاییەک تیانەمێنێتەوە. ئەوە باشترە لە بانگەوازێکی بەپەلە کە پڕبێ لە کەموکوڕی و پڕ بێ لە مەسەلەی بەتەواوی نالێکۆڵینراوە و پشتگوێ خراو.

* قادسیە: ئایا دەکرێت سنوورێکی دیاری کراو بۆ ئەو کاتە دابنرێت کە گفتوگۆیەکەی تیا وەئەنجام دەگەیەنری؟

بەڕێز مسعود بارزانی: نامەوێ بچمە ناو ئەو مەسەلەیەوە، لەبەر ئەوەی تا ئێستا دووجار هەڵسەنگاندنەکەم هەڵە بووە . هەر بۆیە ئەم باسە بەجێ دەهێڵین . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، یاخود، هەروەها، ئێمە هەر زۆر لە ڕێککەوتنەکەوە نزیکین، بەڵام هەندێک بابەتمان لە پێشدان کە کات دەخوازن .

* قادسیە: ئایا دەتوانیت ڕێژەیەکی تایبەتی بدەیت بە دەستەوە لە ڕادەی سەرکەوتنی گفتوگۆدا؟

بەڕێز مسعود بارزانی: مەسەلەی زۆر گرنگ لە ڕێککەوتنەکەدا وەدەستهێنران کە گشت لە چوار کاغەزی کار پێکدێت. دووانیان گفتوگۆی لەسەرکراوە و بەتەواویش وەدەستهێنراون. سێ‌هەمیان نزیکەی ۹۰٪ ی تەواو بووە و ئەوەی کە ماوەتەوە خوا بارێنێت پاش دوو ڕۆژ یەک کالای دەکەینەوە . کە واتە دەتوانین بڵێین کە ڕێککەوتنەکە ۷۵ ـ ۸۰٪ ی ڕێگای بڕیوە و کۆتایی پێنراوە و بەم زووانە بەیاندەکرێت و خاڵی گرنگیش سووربوونی هەردوولایەنە لەسەر ڕێککەوتنەکە. ڕێککەوتنێکی تەواو لەسەر ڕێککەوتنەکە هەیە و پێویستیشە ڕێک بکەوین.

* قادسیە: هەروەک لە بڕگەکانی ڕێککەوتنەکەداین، داخۆ لە توانادا هەیە تیشک بخرێتە سەر خولگەی سەرەکی ڕێککەوتنەکە کە جێگای دەنگوباسێکی زۆر بوو و تەنانەت ئێستاش لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە هەر بەردەوامە کە ئەویش سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمییە بەپێی ڕێککەوتنی نوێ وینەماکانی؟

بەڕێز مسعود بارزانی: گفتوگۆمان لەسەر ئەم خاڵانە نەکردووە، بەڵام لێرەدا مەسەلەیەک هەیە کە پێویستە ئاشکرا و ڕوون بێت ئەویش ئەوەیە کە سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی هەرگیز مانای ئەوە نییە ئێمە سنوور لە نێو دوو دەوڵەتدا دەکێشین، سنووری دەوڵەتی ئێراق سنووری کۆماری ئێراقە و ئێمە (مەبەستی لە سەرانی بەرەیە ـ وەرگێڕ) لە هەر هاونیشتیمانییەکی ئێراق سوورترین لەسەر

یەکێتی نیشتمانی و یەکایەتی خاکی ئێراق و سیادەی ئێراقی.

ئەگەر ئەم بازنەیە یان ئەوی دی بکەوێتە ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌وە هەر بە بازنەیەکی ئێراقی دەمێنێتەوە ئیدی لەنێو ناوچەی ئۆتۆنۆمیدابێت یاخود لە دەرەوەی، لەبەر ئەوە، هەرچەندە ئەمە بابەتێکی گرنگە چونکە یاسای ئۆتۆنۆمی لە ناوچەکە بەپێی سنوورەکەی دەپراکتیزێنرێت، بەڵام ئەز وای بۆ دەچم بابەتەکە کە بەو هەستە دڵسۆزی‌یەوە مامەڵەی لەگەڵ کراوە، بەرژەوەندی خودی، هەر دەگێنە سەرەنجامێکی پۆزەتیف هەروەک گشتینەتە سەرەنجامی پۆزەتیفی‌تر سەبارەت بە بابەتەکانی تری رێککەوتن . چونکە نیشانەخۆشە (ئامانج) کە لە دڵەوەیە بریتی‌یە لە بەهێزکردنی یەکێتی نیشتمانی و توندکردنی برایەتی ئارەب و کورد و بنیاتنانی پاشەڕۆژێکی پرشنگدار بۆ گەلی ئێراقمان بە ئارەب و کورد و کەمایەتی‌کانەوە، مادامەکی ئامانجەکانمان ئەمانەن ئەوا هیچ جۆرە کۆسپێک نایەتە ڕێی هیچ بابەتێک.

* قادسیە: ئەمەریکا لە دەستدرێژکردنیدا دژی ئێراق کارتی ئەو دۆخە ئاڵۆزەی بەکارهێنا کە ناوچەی باکوری پیاتێپەڕی، ئەویش لەو دۆخە دژوار و تاڵانەدا کە هەموو کەرت پیایدا تێپەڕی. ئەمەریکا بە داگیرکردنی بەشێک لە ناوچەی باکوری هەستا، لە پاشاندا شان بەشانی وڵاتە هەوپەیمانەکان ( فەرەنسا و ئینگلتەرا ) هێزی ودەست‌تێوەردانی خێرا ەی دروست‌کرد. ئەمەریکا لەسەرەتادا سەبارەت بەوە دەیگووت گوایە بۆ پارێزگاری ( کوردەکان ) ە، پاش ئەمە پەرەی سەند تاکو بەتەواوی ئامادەکراو بووە یەکەیەک بۆ دەستدرێژی کردنە سەر ئێراق هەر لە باکوری‌وە تاوەکو باشوری، هەر وەک سەرۆکی ئەو هێزانە خۆی پێش چەند ڕۆژێک بانگەوازی کرد . ئایا تواننجی ئێوە لەسەر ئەم کردارە تایبەتی‌یە چی‌یە لەکاتێک‌دا زۆر لە دەستگاکانی ڕاگیاندیی جیهانی ئاماژەی لێپرسراوانی بەرەی کوردستانیان بۆ بە خێرهاتنی ئەم هێزانە دەکرد؟

بەڕێز مسعود بارزانی : لەراستی‌دا ئەم بیستووە یەکێک لە سەرانی بەرەی کوردستانی بۆ بەخێرهاتنی ئەم هێزانە شتێکی بێژابێت. ئێمەش کە هاتووین بۆ بەغدا مانای ئەوەیە کە ئێمە (سەرانی بەرە ـ وەرگێڕ) ئەڵتەرناتیڤی نیشتمانیانەمان هەڵبژاردووە و بەسەر هەموو ئەڵتەرناتیڤەکانی تریشدا وەسەرمان خستووە، مەسەلەی کوردیش تایبەتمەندایەتی خۆی هەیە و چەندیش درێژ بێتەوە هەر دەبێت لە ئێراق و لە بەغدا چارەی بکرێت، لەبەر ئەوە بوو لە دۆخێکی وادا هاتین کە هەموو دڵسۆز و هاونیشتمانی‌یەک بە بەرزەوە تێ‌ی دەڕوانێت و گەواهیمان بۆ دەدات کە ئێمە ئەڵتەرناتیڤی نیشتیمانیمان هەڵبژاردووە، هێزی ودەست تێوەردانی خێرا » و تەنانەت (هێزی هاوپەیمانان) پرسیان بە سەرۆکایەتی بەرەی کوردستانی نەکرد لەکاتێک‌دا کە هاتنە

ژوورەوە. ئەو بڕیارە درا ( بە هاتنە ژوورەوە و گەڕانەوەش ) بەبێ هیچ پرس و ڕاوێژێک، لەبەر ئەوە ئێمە خۆمان بە بەرپرسیار بەرامبەر هیچ شتێک کە پەیوەندی بەم باسەوە هەبێت نازانین. ئەوان بە بڕیاری خۆیان هاتن و بە بڕیاری خۆشیان گەڕانەوە و لە تورکیاش هەر بە بڕیاری خۆیان مانەوە و بەبێ بڕیاری خۆشیان نە تورکیا بەجێ دەهێڵن و نە دەشمێننەوە، ئەمەش لە داوای ئێمەوە نی‌یە. ئەوەش دەڵێم کە هەرچی‌یەک ڕادیۆکانی ڕۆژئاوا بەیانی بکات ڕاست نی‌یە و ووتارەکانی ئێمە ڕاستگۆیانە و وەکو خۆی ناگوێزدرێتەوە. لە زۆریاندا دەستتێوەردان و لادان دروست دەکرێ، یاخود خراپ تێگەیشتن لە یەکتری. یاخود بە شێوەیەکی باش ئەو هەڵوێستە تایبەتی‌یە دەرنابڕێت بە تایبەتی ئەگەر ئەو ووتارە بە زمانێکی بێگانە بێت، ئەمەش هەندێ جار ئەوە دڵنیا دەکاتەوە کە نوێنەرێک لێرە و لەوێ دەیڵێت . سەبارەت بەوەی لەلایەن من و جەلال تاڵەبانی براوە دەووترێن خۆمان بەرپرسیارێتی‌یەکەی دەخەینە سەرشانمان نەک ئەوەی نوێنەری ئەم وولات یان ئەو وولات دەیڵێت.

* قادسیە: ئەو بابەتە ژەهراوی‌یەی کە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا بە دڵپیسییەوە بڵاوی دەکاتەوە ئەو ڕووداوە دواییانەن کە لە شاری هەولێر و سلێمانی‌دا هاتە کایەوە. ئایا دەترانێت شتێکمان لەو بارەیەوە پێ‌بڵێیت، ئایا دەستی دەرەوەی تیادا بووە ؟

بەڕێز مسعود بارزانی: ئەوەی ڕووی‌دا جێ‌ی داخ‌بوو، بەڵام پێویستە ئەوە پشتگوێ بخەین، چونکە ڕێکەوتنەکە نامانجە، بەرەی کوردستانی نامانجە، دەوڵەت نامانجە و بەرژەوەندی ئێراق و هێمنی و ئاسایش نامانجن . ئەز بوونی دەستی دەرەوە لەپشت ئەو ڕووداوانەی ئەو دوایی‌یەوە بەدوور نازانم، تا ڕادەیەکیش نیمچە دڵنیام کە دەستی دەرەوە هەیە و خەڵکان هەن کە ڕێز لەبەرژەوەندی وولات و ڕێز لە بەرژەوەندی گەلی کورد ناگرن. لەم جۆرە دۆخانەدا و لەم زرووفە ئاڵۆز و نالەبارانەدا کە کەرت لە ئەنجامی بایکۆت و گرانی و گوزەرانی ژیانەوە پیایدا تێپەڕ دەبێت کارێکی شیاوە کە هەستی هەندێک مرۆڤ ختولکە بدرێت، ئەوەی ڕووی دا ئەنجامی خراپ‌تێگەیشتنە و دەستی پیسیش هەیە کە بەهیچ جۆرێک پێی خۆش‌نی‌یە ڕێکەوتنەکە سەر بگرێت . بەڵام کۆنترۆڵی دۆخ بەخێرایی کراو هاوکاری‌یەکی باش و پتەو لە نێوان دەوڵەت و بەرەی کوردستانی‌دا هەیە و هەموو هەنگاوێکی پێداویست دژی ئەم دەستە گلاوانە دەدرێت و ئێستا دۆخەکە هێمنە و ئەوەی پێویستە لەخۆمانی بپرسینەوە و خۆمانی پێ تاوان بارکەین ئەوەیە کە پێویست بوو پشتگوێ خەر نەبوونایە. هەموو هەنگاو و کردارێکی پێویست نرا تاوەکو ئەم مەسەلانە ڕوو نەدەنەوە و خۆ ئەگەر ڕوویشباندایەوە ئەوا سپێری باش و لەبار هەیە بۆ بە

گۆداچوونەوەی، ئەمیش مەسەلەی کاتە. ئەز دڵنیا دەکەمەوە کە ڕێکەوتنەکە ئەم باوەڕانە دەسەلمێنێت و هەموو پێداویستیەکیش لەبار دەکا بۆ چارە سەری دۆخی گوزەرانی بۆ جەماوەر و بۆ هەموو ئەو مەسەلانەی کە بەلای ئێمەش و بەلای لێپرسراوانی دەوڵەتیشەوە گرنگ دەبێ.

* قادسیە: یەکەم، واتە بەشێوەیەکی تر ڕێکەوتنەکە براوەتەوە و دەسگیرکراووە، و خۆتان ئەو خاڵەتان دڵنیا کردووە، دووەم ئەم ڕووداوانەی ئەم دواییە بانگەوازێکی وا بەیان دەکەن کە جۆرێک لە پەرت بوون لەبەرەی کوردستانیدا چەکەرەی کردووە، ڕاستایەتی ئەم واتە واتە چەندە؟!

بەڕێز مەسعود بارزانی: یەکەم، لەبەرەی کوردستانی‌دا ناتەبایی نی‌یە و بەرە سەراپا یەکگرتووە و هەروەها نوێنەریشی لەگەڵ گفتوگۆیەی ئێستادا بەشداری دەکات . بەرەی کوردستانی هەمیشە و پێش ئەم ڕووداوانە (مەبەستی لە دووەهەم ڕاپەڕینەکانی هەولێر و سلێمانییە- وەرگێڕ) هەر یەک بوون و ناتەبایی نییە لە ڕیزەکانی بەرەی کوردستانیدا، ناتەبایش نی‌یە لە نێوان بەرە و دەوڵەتی ناوەندی‌دا .

* قادسیە: ئایا تا ئێستا هەڵوێستی گەلی کوردمان سەبارەت بەم گفتوگۆیە چی‌یە ؟

بەڕێز مەسعود بارزانی: دڵنیاتان دەکەم کە لە ٩٠٪ ی جەماوەری گەلی کوردمان پشتگیری لە ڕێکەوتنەکە دەکەن و بە هێزیشەوە دەیکەن. پشتگیری ئەوان نەبایە ئێمە نەمان‌دەتوانی تا ئەم پلەیە باوەڕمان هەبێت، من سوورم لەسەر ئەمە و پاش (٣٠) ساڵ لە جەنگ کاتی ئەوە هاتووە کە ئارەب و کورد و هەموو ئێراقییەک پرسیار لە خۆی بکات تاکو کەی؟ لەم بوارەدا چارەیەکی سەربازیانە نی‌یە تەنانەت ئەگەرەکو جەنگ (٣٠) ساڵی تریش درێژە بکێشێت، لەبەر ئەوە ئاشتی بۆ چارەسەرەکە پێویستە . ئێمە و کوڕی یەک وڵاتین و پێویستە خۆمان بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەمان تەرخان بکەین و پێویستە مەسەلەکەمان لە گەمەی نێودەوڵەتان دەربازبکەین .

* قادسیە: بارستایی ئەو کارگوزاریانە چەندە کە دەزگاکانی دەوڵەت بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی تەرخانی کردووە، لەم کاتە ئاڵۆزەدا کە لە ئەنجامی بایکۆتە ئابووری‌یەکەوە هاتۆتە گۆڕێ ؟

بەڕێز مەسعود بارزانی: لە ڕاستی‌دا زانیاریم سەبارەت بەو خزمەتگوزاریانە نی‌یە، بەڵام دەتوانم بڵێم کە ئەم کارگوزاریانە هەن بەڵام ڕادەی پێداویستی ڕۆڵەکانی ناوچەکە پڕ ناکاتەوە، نەک هەر تەنها لە باکووری ئێراق تەنانەت لە باشووری ئێراقیش‌دا. هۆیەکەشی هەر وەک دەزانرێت ئەو بایکۆتە ئابووری‌یەیە و ئەگەر کارگوزاری‌یەکان تەواو نەبن ئەوا هەر لەبەر بایکۆتەکەیە، ئەو کەسانەی لەم دۆخەدا کاردەکەن ئەوانەن کە ووشەی ڕاستیان بۆ پووچەڵکردنەوەی ناڕاستی گەرەکە و

ئەوانەش کە بە تێکدان و گێرەشێوێنی هەستاون لەو ڕووداوانەی دوایی‌دا (ئازادکردنەکانی سلێمانی و هەولێر - وەرگێڕ) ئەوانەن کە هەرگیز بەرژەوەندی گەل و گرژەرانی گەلیان بەلاوە گرنگ نی‌یە. بەڵکو دەخوازن ئەو بۆشایی‌یە گچکانە کەهەن بەسوودی خۆیان وەربگرن و ئەویش بە مەبەستی تر و بەدەستی دەرەوە، نەک بۆ بەرژەوەندی جەماوەر و هاونیشتمانی، لە پاشەڕۆژیش‌دا ئەمانە دەردەکەون، با (ڕاستگۆ)ش بن، لە کاتێکدا کە جەنگ لە ئارادابوو و ئەو کەسە گێرە شوێن و تێکدەرانە دەبوایە پارێزگاری جەماوەریان بکردایە، بەپێچەوانەوە کاری تێکدەرانەیان دەکرد و لە هەرە پێشەوەی هەڵهاتووەکان بوون و لەپێش ژن و منداڵانیشەوە هەڵدەهاتن . لەبەر ئەوە ئێمە ئامادەی هەموو شتێکین. ئەگەر مەسەلەکە هەڵبژاردن و دیموکراسیزم بێت جەماوەر دەست‌نیشانی دەکەن لەگەڵ کێدان، خۆ ئەگەرەکو مەسەلەکە هێزبێت ئەوا ئەم (کەسانە) لە بەراوردی هێزی بەرەی کوردستانیدا هەر هیچ نین. ئەگەر هەڵبژاردن نەکرا ئەوا ئێمە بە پیری هەموو جۆرە شێوازێکی ترەوە دەچین . بەڵام گەمەکردن بە چارەنووسی جەماوەر و بە چارەنووسی گەل و بەرژەوەندی گەل کارێک نی‌یە کە هەرگیزاو هەرگیز بێنە و بەرەی تیا بکرێت . مەبەستم ئەوەیە کە ئەو (کەسانە) لە کاتێکدا لەسەریان بوو جەماوەری گەل بپارێزن کەس نەی ئەناسین و لە هیچ کونێکەوە دیارنەبوون و ئەز دەکارم بە شەمشەمەکوێرەی شەو بیان چوێنم.

* قادسیە: بەڕێزی سەرۆک، سەددام حسێنی ڕەهبەر لەووتارە مێژوویی‌یەکەی ٢٣ هەمینی شۆڕشی گەلاوێژدا هەموو ئێراقیەکانی، بە خاوەنی هەموو جۆرە بۆچوون و بیر و باوەڕیەکیانەوە، هاندا کە لە پێناوی هێشتنەوە و پاراستنی یەکایەتی و سەربەخۆیی ئێراق‌دا سووربن، ئێروانینی ئێوە سەبارەت بەم بانگەواز و ئاودانە چی‌یە ؟!

بەڕێز مسعود بارزانی: هەڵسەنگاندنی ئێمە تا بڵێی پۆزەتیڤە، من بڕوام وایە کە ئەم هاندانە یەکتاهەنگی بەرنامەی ڕاستەقینە و ئەو ڕێگایەیە کە خزمەتی ئێراق و خزمەتی هێزە ئارەبی و کوردیەکان و خزمەتی هەموو هاونیشتمانی‌یەکی ئێراقی دەکات . هیوامان وایە کە هەموو ئێراقی‌یەک بە بۆچوونی باشەوە لەگەڵ ئەم بانگەواز و ئاودانەدا مامەڵە بکەن، بانگەوازی سەرۆکی بەڕێز بۆ بەرژەوەندی نیشتمانی و هەڵدانەوەی پەڕەیەکی نوێ بڕوام وایە بانگەوازێکە کە پێویستە هەموو ئێراقی‌یەک بە پیریەوە بچێت و پێویستە خۆمان بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەمان تەرخان بکەین. ناخۆشیمان بەسە، فرمێسکمان بەسە، ئازارمان بەسە.

* قادسیە: ئەی سەبارەت بەم دیموکراتی‌یەی لە چوارچێوەی بڕگەی ڕێکەوتنەکەی ئێستادا لێی دەدوێین؟

بەڕێز مسعود بارزانی: بەدڵنیاییەوە دیموکراسیزم بۆ هەموو گەلانی جیهان پێویستە و بۆ ئێمەی ئێراقیش گرنگە. پێش ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، دیموکراتی بۆ ئێراق بۆ (٣٠) ساڵ دەچێت بریتی بووە لە دروشمی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان.

دیموکراسیزم دەرمانی زۆر لەو دەردانەیە کە پێوەی دەناڵێین و بێ گومانیش دیموکراسیزمێکی داتاشراو یەکپارچە و دارێژراومان پێویستە (واتە مەرج نی‌یە وەک دیموکراسیزمی وڵاتانی تر بێت و دەبێت شتێک بێت ئێمە دامان ڕشتبێت و فۆرمولەمان بۆ کێشابێت ـ وەرگێڕ) چونکە دەبێت وەزع و قەوارەی خۆمان بزانین.

* قادسیە: جەنابتان کەوتۆتە بەرلێشاوی هێرشێکی بەربڵاو و توند لەسەرچاوەی هەندێک ئاژانسی ڕۆژئاوای‌یەوە، ئایا هیچ هۆیەک بۆ ئەمە هەیە؟

بەڕێز مسعود بارزانی: ئەز پێم وایە ڕێکەوتنەکە ئامانجە، ئارامگرتنەوە لە کوردستان‌دا ئامانجە، چارەنووسی هاوبەش ئامانجە و گەشەکردن و بوژاندنەوەی گەلی ئێراق ئامانجە، لەبەر ئەوە شانازم بەوەی هێرشم براوتە سەر، چونکە من ڕۆڵێکم هەیە لەو ڕێکەوتنەدا . ئەوەش شەرەفێکی گەورەیە بۆ من لە بەجێهێنانی هێمنی و ئاسایش لە ناوچەکە و لە توندکردنی برایەتی ئارەب و کورد دا .

* قادسیە: ئایا لە توانانات‌دا هەیە دیتنێکی تایبەتی ئەگەر بە شێوەیەکی گشتیش بێت سەبارەت بە برگەی ڕێکەوتنەکە کە ئێستا گفتوگۆی لە سەرەوە بدەیت؟

بەڕێز مسعود بارزانی: ئەمە ئەمانەتە. بەڵام پێت دەڵێم ئێمە لەسەر مەسەلەی دیموکراتی ڕێکەوتووین، هەروەها لەسەر چاک کردنی دۆخەکان لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا. هەروەها گەیشتوینەتە سەرئەنجامی زۆر باش و پێم وا نی‌یە کە کاتی باسکردن و چوونە ژوورەوە لە ووردەکاری‌یەکاندا ناگونجاوبێت، یاسای ئۆتۆنۆمی خۆی هەروەها یاسایەکی نوێ و پێشخراوە و بەیانی (١١)ی ئازار ئەو بناغەیەیە کە لەسەری گیرساوینەتەوە و باشیشە پاش (٢٠) ساڵ بگەڕێینەوە سەری و ئەو بەیانە کارێکی مەزن و پیرۆزە لە مێژووی ڕێبوانی خەباتی هاوبەشماندا، یاسای ئۆتۆنۆمی کۆن پاش تاقیکردنەوەی (٢٠) ساڵ پێشخراوە و لە پاشاندا یاسایەکی نوێ دەردەکرێ کە تیایدا چارەسەری ئەو بۆشایی‌یە گچکانە دەکرێت کە هەن، ئەویش بەپێی گبانی هاوچەرخ.

* قادسیە: ئەی سەبارەت بە ئەنجومەنی بڕیاردان و ئەنجومەنی جێبەجێ‌کردن، ئایا شێوازێکی نوێ‌یان هەیە ؟

بەڕێز مسعود بارزانی:  ئەو دوو ئەنجومەنە هەر وەک پەیکەرێکی گشتی ماونەتەوە، بەڵام گۆڕانکاریان تیا ڕوودەدات .

* قادسیە : لە کۆتایی ئەم چاو پێکەوتنەماندا سوپاسی بێپایانمان ئاراستە دەکەین سەبارەت بەم هەلە نیانە کە پێتان داین و خوا بپارێزێت ئێراقی‌یەکان بە مۆزکردنی ئەو ڕێکەوتن نامەیە شاد دەبن.

بەڕێز مەسعود بارزانی: زۆر سوپاس . ئەوەی بەلامەوە گرنگە دڵنیای یەکسەوە ئەوەیە کە بەرژەوەندی ئێراق لەسەرو هەموو شتێکی ترەوەیە و برایەتی ئارەب و کورد ئەو بەردە سەختەیە کە خوایاربێت هەموو پلانێکی لەسەر ووردوخاش دەبێت. ئەوە شێوەی قسەکردنی کابرایەکی گەنجی بەعسی‌یە و ئەوەش ووتەو کرداری «سەرۆکێکی» کوردە.

لەبەر ئەوەی کاتی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی ئەم ووتارە دوور و درێژمان نی‌یە هیوادارم خوێنەر خۆی ئێوان ووتە و ڕستەکانی مەسعود بارزانی بخوێنێتەوە و لێیان تێبگات، با ئەوەش بهێنمەوە یادی خوێنەر کە ئەم ووتانە تەنها هەڵوێست و بۆچوونی مەسعود بارزانی نین و بەڵکو تێڕوانینی تایبەتیانەی سەرانی بەرەیە .

لێرەدا تەنها یەک خاڵ هەیە دەمەوێت پەنجەی ئاماژەی بۆ هەڵبێنمەوە چونکە ناتوانم لێی بێدەنگ بم، ئەویش ئەوەیە کە مەسعود بارزانی دەڵێت: «لە هەرە پێشەوەی هەڵهاتووەکان بوون و لە پێش ژن و منداڵانیشەوە هەڵدەهاتن». کڵپەی ئاگری دووەم ڕاپەڕینی هەولێر و سلێمانی کە مەسعود بە شەمشەمەکوێرەی شەو و ترسنۆکیان دەداتە قەڵەم نەک هەر مەسعود بارزانی و پارتەکەی، بگرە تەڕترین کۆنەپەرست و خێڵەکی و فیوداڵی کورد لە ووشکە پووشی هاوینێکی درەنگ باشتردەسووتێنێ.

مەسعود دەڵێت: «لە پێش ژن و منداڵانیشەوە هەڵدەهاتن».

واتە ژن و منداڵان ترسنۆکن و خاوەنی خۆڕاگرتن و بەگژداهاتنەوە و گیانی نەبەز نین.

ئەز زۆر بەلامەوە گرنگە ئەوە بڵێم کە ئەو داستانە قارەمانانەی ئافرەت و منداڵانی کورد لە مێژوودا تۆماریان کردووە، سەری ئەوی مەسعود بارزانی ئاگاتە شەکەت ترین وورده تۆزی هەنگاوی ماندوویشیان . کەسیش نی‌یە هێندەی نێرینەی کورد قەرزاری چاکە و خۆڕاگری و گیان فیدایی و لەخۆ بووردوویی مێینە و منداڵانی کورد بێت، کۆچێک نی‌یە ئافرەتی کورد سەرەکاروان و بنەکاروانی نەبێت، ڕاپەڕینێک نەبووە ئافرەتی کورد هەوێنی دەستپێکردن و خوێنی بەردەوام بوون و گیانی سەرکەوتنی نەبووبێت.

گەلی کورد خاوەن سەدان حەپسەخانی نەقیب و ئەختەری ڕەشۆڵ و لیلا قاسمە، خاوەنی هەموو ئەوانەیە کە لە هەرە بەرزایی قەڵاکانەوە خۆیان فڕێ دەدایە خوارێ تا دەست دوژمن نەکەون . نەتەوەی کورد خاوەنی ئەو ئافرەتانەیە کە بە دووگیانی و لەژێر فشاری هەڵبگۆزێتەرە زرێپۆشەکانی

فاشیستەکان و سەرما و ڕەهێڵە بارانی تاریکە شەودا ئامادەبوون چەکوشی مەرگ بەپێوە لە کەللەی سەریان بدات (٣٢)، ئەتەوەی کورد خاوەنی ئەو ئافرەتەیە لەچاوپێکەوتنێکی هەواڵنێری‌دا بەخۆی و تەرمی کۆرپەیەکی ساوای گیاندەرچووەوە توند ڕاوەستابوو و بە هەواڵنێرەکانی دەگووت: «با بەری سکی ئەمساڵمان بۆ ڕزگارکردنی کوردستان بێت». منداڵانیش هەر ئەوانەن لە کاتێکدا ئەدریس بارزانی بە سپای ئەرتەشی ئێرانەوە خۆی گێف دەکردەوە، ئەمان لە سلێمانی تانکەکانیان ناونابوو «تەنەکە» و تەنانەت سەربازە تارەبەکانیش فێری ماناکەی ببوبوون و دەیان ووتەوە، هەر ئەو منداڵانەشن کە بە سەدانیان لێ شەهید بووە و لەدوا ڕاپەڕینەکاندا لە کاتێکدا کە پیاوانی بەرە هێشتا لەودیو سنوورە دەستکردەکەی ئێراقەوە گرییان بۆ هاتنە ژوورەوە دەخواردەوە، ئەمان هەڵگری فیشەک و ئاوساجی و ئازووخە بوون بۆ پێشمەرگە میللی‌یەکان.



ئافرەتان لەژێر ڕابەرایەتی پارتە پرۆلیتاریا شۆڕشگێرەکەی P.K.K دا پیادەکاری ئەرکی مێژوویی خۆیانن

مسعود ڕاست دەکات کە دەڵێت ناتەبایی لەنێو «بەرە»دا نی یە، بەڵام ڕاستر دەبوو ئەگەر بیگوتایە ناتەبایی لە نێو «سەرانی بەرە»دا [٣٣] نی یە.

سەرانی بەرە لە ١٩٩١/١/١٤دا لە بارەگایەکی سەرکردایەتی P.K. K بە داوەت و دەست پێشخەری P. K. K چاوپێکەوتنێکیان کردووە و لەو چاوپێکەوتنەدا سکرتێری گشتی P. K. K، ئەوڵا ئۆجەلان داوایان لێدەکات کە بەرەیەکی کوردستانی یەکگرتوو دابمەزرێنن و هەموو جۆرە گروپ و ڕێکخراوێکی هەموو پارچەیەکی تیا کۆببێتەوە . بەڵام با بیری کوردستانی و سەربەخۆیی خاڵی هاوبەش بێت. هەر لەوێدا نوێنەرێکی پارتی کۆمۆنیستی ئێراقی (کە بەداخەوە نایناسم) یەکسەر دەڵێت: «گروپ و ڕێکخراوی تری چی؟ ئێمە (بەرە) نوێنەرایەتی هەموو کوردستان دەکەین».

هەر دوای ئەوە، پاش مۆرکردنی پرۆتۆکۆل و نووسراوەکان، سامی عبد الرحمن ڕوودەکاتە هاوڕێکانی و دەڵێت: «بەڵام ئێمە ناتوانین هیچ شتێک بەبێ ئاگاداری و پرسی سووریا بکەین و ئیمزای بکەین».

چەند شەرم و بێ ئابڕوویی یە ! لەساڵی ١٩٩١ مرۆڤ بەشێوەیەکی واپێشکەوتووە کە دوو منداڵی ٧ ساڵانە نهێنی و قسە و باس خواستی برادەرایەتیان لەناو خۆیاندا دەهێڵنەوە، کەچی دووپارتی کوردی هەموو قسەوباس و پلان و نەخشەیەک کە لە چوارچێوەی چواردیواردا لێی دەدوێن بە ڕێک و پێکی و تۆمارکراوی دەیخەنە بەردەست یەکێک لەو پایتەختانە .

ئەز بەش بەحاڵی خۆم باوەڕ ناکەم ئەو پایتەختانە تا ئەو ڕادەیە زۆریان بۆ ئەم لایەنانە هێنابێت، بەڵکو بەئاشکرا دیارە کە «پارە»ی ئەم کارە هێندە باشە و هێندە «کاسپی»یەکی چاکە سەرانی بەرە ناتوانن دەست بەرداری ئەو «کەپارە» دانسکانە بن .

وەنەبێت ئەم هەڵوێستە تەنها پەیوەندی بە ساڵی ١٩٩١وە هەبێت . کاتی خۆی لە ساڵی ١٩٧٢دا کە «کۆمەڵی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا» لەژێر دەستی پڕ زەبرو زەنگی «پارتی» دا بوو، لە شاری پراگ هەندێک کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باکوور ویستبوویان بەبۆنەی هەندێک دەست درێژکردنی ئەو کاتەی شای ئێرانەوە بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان ووتارێک بڵاوبکەنەوە. بەڵام (سامی) لێیان هاتبووە دەست و تەنگی پێ هەڵچنیبوون و پێی گوتبوون کە نابێت هیچ شتێک دژی شای ئێران دەرکرێت و سەبارەت بە هەرلایەنێکی تریش دەبێت ڕەزامەندی تەواوی (پارتی) لەسەریان بڕیاربدرێت. ئەمە لە کاتێکدا کە بەهەشتی (دارا تۆفیق) خۆی لەوێندەرێ ئامادە بووبوو.

ئەمانە، هەموو کاری هەڵکەوت و ڕێکەوت و قەدەر و هەڵەی سیاسی و نەزانین و ساویلکەیی

نین. چونکە ئەوەتا (١٩) ساڵ دوای ئەوە، هەمان سەرانی کورد هەروەک لەیەک هێلکەدا ترووکابن، یەک ئاهەنگی ئەک ووتەی (١٩) ساڵ لەمەوبەریان، بەڵکو (٢٥) ساڵیشیان وەک دوو شەیدای بەزۆر لێکدابڕاو چاویان یەکانگیری یەکدی دەبێتەوە و یەکتر لە ئامێز دەگرن، دۆستایەتی شای ئێران و تورکیا و ئەمریکا و... هتد کارێکە دەبێتە مایەی بڵندی سەرییان.

ڕۆژنامەی «حریە» لە ١٩٩١/٧/٢٩دا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ تاڵەبانیدا کردووە کە ڕۆژنامەکە لەژێر ئەم ناونیشانەدا بڵاوی کردەوە، تاڵەبانی:

(دۆستایەتی تورکیا و ئەمریکا بۆ ئاشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرئەنجامی باشی هەیە)

تاڵەبانی لەم کاتەدا کە لە نەخۆشخانەیەکی ئەستەمبول کەوتبوو، بەبۆنەی هاتن و سەردانی «جۆرج بووش»ەوە ئەم قسانەی کرد. تاڵەبانی هەروەها دڵنیای ئەو ڕاستییەی کرد کە جێگای گرنگی تورکیا بۆ ئەمریکا و ڕۆژئاوا هەر بەردەوام دەبێت (ئەگەرچی پاکتی وارشۆش پوکاوەتەوە - وەرگێڕ)، ئەمەش بەو ڕاستیەدا دەردەکەوێت کە « جۆرج بووش » بۆ سەردانی تورکیا هاتووە، ئەگەر دۆستایەتی نێوان تورکیا و ئەمریکا هەر بەردەوام بێت ئەوا ڕەوشی (بارودۆخی) سیاسی ناوچەکە ئاشتیانە دەبێت و ڕووەو چارەنووسێکی باش هەنگاو دەنێن، ئەو هێزەی ناتۆ «هێزی تێسرەواندن» کە لە تورکیایە زۆرباشە.

هەواڵنێرەکە لە کۆتاییدا دەڵێت : تاڵەبانی پاش ئەوەی لە نەخۆشخانە دەرچوو چوو بۆ "لندن". نەخۆشخانە لە دنیادا نەماوە تورکیا نەبێت بۆیە تاڵەبانی لەوێ داوای چارەسەر دەکات و دەڵێت « بەکەنە ئەمانەتی دکتۆرە تورکەکان » . کە مرۆڤ نرخی خۆی لانەبوو، هیچ قورسایی و سەنگ و بەهایەکی بۆ خودی خۆی دانەنا. وەک مرۆڤ ڕێزی لە خۆی نەگرت و ئەبڕوانییە خۆی ئەوا هەر لە هەمان دیدەوە دەڕوانێتە نیشتمان و گەل و هەموو مرۆڤێکی تریش.

سەرکردەی هیچ نەتەوەیەک لە باوەش دوژمنەکەیدا تیمار نەکراوە، سەرکردەی هیچ نەتەوەیەک، ئەم سەرە فیوداڵی و خێڵەکیانەی کوردیان لێدەرچێت، لەباوەشی و لە ماڵ و لە سنووری دوژمنەکەیدا نەمردووە .

خاڵی تێبینی لە ئەشتەرسازی گورجیلەیەکدانییە بەڵکو لە پرینسیپ و باوەڕدایە.

تاڵەبانی شەرەفی ڕزگارکردنی گیانی «کورد» ێک بەبەرچاوی جیهانەوە دەداتە دەوڵەتی و تورکیا و بەچکە فاشیکانیان لە کاتێکدا کە (١٥) ملیۆن مرۆڤی وولاتەکەمان مامەڵەی ڤایرۆس و میکرۆبیان لەگەڵدا دەکرێت. لە کاتێکدا کە گوندێکی (٢٠) هەزار مرۆڤی - بەپێ ی ڕاپۆرتی ئەمنستی ئینتەرناسیونال ـ لە نەخۆشخانە و تیمار خانە بێ بەشن.

ئەو پڕوپاگەندەیەی تاڵەبانی و سەرانی بەرە بۆ دەوڵەتی تورکیای دەکەن نەشیاوە ئەو پڕوپاگەندەیە بە ملیۆنەها دۆلار بە دەوڵەتی تورکیا خۆی وەئەنجام بهێنێت.

هەموو مرۆڤێکی ژیر دەزانێت وڵاتەکانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا « تورکیا » یان کردبوو بە گۆڕەپانێکی مەزن بۆ بەکارهێنانی دژی یەکێتی سۆڤیەت و مەترسی تەشەنەوەی کۆمۆنیزم، ئێستا لەبەر گەلێک هۆ ـ کە لێرەدا پێویست بە باسکردنیان ناکرێت ـ ئەو تێزە ئیدی ئاخوات و ڕیالیزم بەو شێوەیە نەماوە . لەبەر ئەوە ئەگەر ڕۆڵی تورکیا هەر لە فۆرمێکیش‌دا بشمێنێتەوە ئەوا بە سەدان جار لەسەنگی پێشبەندی خۆی هاتۆتە خوارەوە.

ئەم دەوڵەتانەی ئێستای ناتۆ کە لە بەخێوکردنی تورکیا وەڕس و بێزار بوون ناکارن ئەو پارەیەی لە باج کردنی نەتەوەکەیان دەستیان دەکەوێت بیخەنە چنگی دەوڵەتی تورکیاوە و ئەمیش شەڕی کوردی پێبکات. ئەم دەوڵەتانە وێڕی تورکیا بۆ شەڕێکی وا ناکەن کە بە ئاشکرا هەڕەشە لە بوونی تورکیاش و بەرژەوەندی‌یەکانی خۆشیان دەکات . ئیتر پێویست ناکات تاڵەبانی کورد بەم هەڕەشە و گوڕەشانە بترسێنێت گوایە ڕۆڵی تورکیا هەرماوە و ئەمریکا دۆستی تورکیایە. گریمان ئەمریکاش هەر بەدۆستی تورکیا مایەوە (کە ئەمە پارەیەکی زۆر لەسەر ئەمریکا دەکەوێت و ئەم هەڵوێستە شایستەی گومانە و جێی ئەم باسەمان نی‌یە)، گوایە چی دەبێت ؟ داخۆ ئەمریکا دەتوانێت لەوە زیاتر زیان لە گەلەکەمان بدات؟

نەتەوەیەک کە خاوەنی هیچ ئازادی‌یەک نەبێت، نەتەوەیەک کە لە کۆت و پێوەند زیاتر هیچی لەکیس نەچێت، نەتەوەیەک کە خوێنی خۆی لە پێناوی سەرخۆبووندا بەخت بکات و لەئەمسان کاتیش‌دا خاوەنی سەرکردایەتی‌یەکی نیشتیمانی تۆکمە و پتەو و لێهاتوو بێت نەک هەر لە لەشکری فاشیزمی تورکیا بەڵکو سڵ لە هیچ هێزێک ناکاتەوە.

تورکیا کە خۆی دەستەوەستان ماوە لە شەڕە باڵەوانانە شۆڕشگێڕەکەی ئەو بەشەی گەلەکەمان ئێستا هیچی بۆ نەماوەتەوە سەرکردایەتی بەرە نەبێت، هیچ کەسێک دۆستی تورکیا نی‌یە لە نێو تورکیادا . تورکیا کۆمەڵێک نەتەوەی چەوساوەی تیایە کە ئەگەر تەنها و لەبەر ڕووخاندن و تەنانەت لاوازکردنی دەوڵەتی تورکیاش دا بێت یارمەتی و هاریکاری لەشکری کوردان دەکەن.

تورکیا نە پارەی شەڕی هەیە و نە ووزەی شەڕ و نە تاقیکردنەوەی شەڕ . تورکیا لەشکرێکی برسی قەوارە گەورە نەبێت کە لە قاوغی مادووشکێکی زاوو دەچێت هیچی تری نی‌یە، تەنانەت ئەو فڕۆکە جەنگیانەش کە هەیەتی و جارجارە دوو پەناگای کوردی لێقەوماوی تێرە و تەوێژی پێ‌دەترسێنێ، هەموو بە کەڵکی چەند جارێک فڕین زیاتر نایەن، ئەویش چونکە ئەو فڕۆکانە نوێ

نین و توورکیا بە دراوی گران نەیکڕیوون، بەڵکو کۆنن و بەرماوەی وڵاتانی ناتۆیە و هەموو چەندین جار هەڵفڕیون و بەشێکی زۆری پارچەکان کۆن و نیوداشن، هەروەها توورکیا خاوەنی نەوت و جۆرەکانی بەنزین نی‌یە و لە قەیرانێکی بێکاری گەورە و نەعامەتی‌یەکی ئابووری مەزندایە و ڕێژەی هەڵئاوسانی ئابووری دەگاتە ٤٣٪(٣٤).

لەهەموو ئەمانەش بترازێت گەلی کورد وڵاتەکەی بەزۆری زۆرداری داگیرکراوە و لە هەموو لایەکەوە دزی و تالانی دەکرێت و بە بەردەوامی گیانی لە دۆزەخی فاشیستەکاندا هەوڵی سووتاندنی دەدرێت، و پێویستە و ئەبێت و لەسەریەتی وڵاتەکەی ڕزگار بکات و بەجیهانی بسەلمێنێت کە ئەمیش مرۆڤە و هەموو یاسایەکی مرۆڤایەتی دەبێت بیگرێتەوە.

ئەم پڕوپاگەندەیەی تاڵەبانی بۆ توورکیا و ئەم شاباش و شەکربارانە نوێ نیە. لە دوای سەرەتاکانی (١٩٨٠) وە کە ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمەریکا لە گەرمەی مەترسی کۆمۆنیزم و تەنینەوەی سنووری ئایدیۆلۆژی مۆسکۆ بوون، بەتایبەتی لەدوای مردنی لیۆنارد برجنێف و هاتنی ئەندرۆپۆف، سەرۆکی (KGB) وە، ئەم وڵاتانەی ناتۆ بەوپەڕی ئاگا و توانا و ووزە و تاقەتێکی سەربازی و ئابووری و سایکۆلۆجیانەوە لە باکووری کوردستانیان دەڕوانی، بۆ ئەوەی ئەگا P.K.K و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی باکووری کوردستان - لە بۆچوون ڕای ئەمان کە وەک پێشبینی‌یەک بۆیان دانابوو - زووتر و خێراتر پەرە بستێنێ و ترس بخاتە سەر بوون و دەوڵەتی توورکیا. لەبەر ئەوە لە سەدان لاوە، بە دەیان شێوەی لە خشتەبەر و دیاکۆگی هێرشی پڕوپاگەندەیی قورس و گرانی سایکۆلۆژیانەیان دەهێنایە سەر P . K . K.

تەلەفزیۆن وڕادیۆی ئەمەریکا و ئەورووپا ئەمابوو باسی تیرۆریزمی P . K . K نەکات و بە جیابوونەوەخواز و پەرتکاری توورکیا نەیاندانە قەڵەم. گوایە ئەم پارتە هەڕەشە لە تاکە سیستەمی دیموکراسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست «توورکیا(؟)» دەکات و دەیەوێت ئاژاوە و پشێوی بخاتە ناوچەکە، ئەوەی سەیرە کە سەرانی ئۆتۆنۆمیخواز و وڵات فرۆش ئەم ووشانەی ڕۆژئاوایان «جیابوونەوەخواز» و «پەرتکاری توورکیا» یان کردبووە مایەی شەرم و شکۆی کورد و بە دەیان لادا خۆیان دەهات و هەڵپەیان دەکرد و دەپاتیان دەکردەوە گوایە ئەمان «ئۆتۆنۆمیخوازن» و «یەکایەتی دەوڵەتخواز» و «بەرەسمی ناسی سنوورەکانن» و دوورن لە سیاسەتی P.K.K و جیابوونەوەخوازی و دروستکردنی پەسارێکی ڕامیاری بۆ کوردەوە.

ئەوەبوو بە دەسیسەی میتی توورکیا و CIA، سەرۆکشالیارانی سوید «ئۆلۆف پالمێ» کوژرا.

ئەم پیاوە یەکێک بوو لە هەرە سۆشیال دیموکراسە چالاکەکانی جیهان و هێندە کارامەبوو کە

تاڕادەیەک پارسەنگی هەردوو بەرەی (ناتۆ) و (وارشۆ)ی دابوو، بەپلەی یەکەم بەرژەوەندی مۆنۆپۆلیانەی ئەمەریکای خستبووە مەترسی دارمانەوە و لە دەیان لاوە کونی تێکردبوون.

ئەم پیاوە سوودی بۆ کورد هەبوو ( کە لێرەدا مارەی باس کردنیمان نی‌یە )، ڕێکخراوێکی وەکو پارتی کرێکارانی کوردستان کە دۆستایەتی هەموو مرۆڤ و لایەنێکی بچووک یان گەورە دەخوازن، نەک هەر بیر لە کوشتنی مرۆڤێکی وا ناکەنەوە، بەڵکو بەرێزیشەوە ناوی دەبەن و بە دۆستایەتی دڵخۆش وسەربەرزن. پالمێ، لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا کە تەلەفزیۆنی سوید لەگەڵ ئەورەحمانی قاسملۆدا ڕێکخستبوویان، بە گوێی قاسملۆیدا دا (کرایسکی-ش کە سەرەک وەزیرانی سەرەتای سالانی (١٩٨٠)ی نەمسا بوو، جارێک هەمان پێکەوتنی بە قاسملۆ گووت) کە ئەگەر کورد دۆستایەتی و هاریکاری دەرەوە دەخوازێت ئەوا لە ڕێگای ئۆتۆنۆمی‌یەوە ناکرێت و ئامۆژگاری قاسملۆی کرد کە ناپێویست و ناڕەوایە کورد لەسەر ئۆتۆنۆمی بەکوشت بدرێت . دیارە قاسملۆ لەم ووتانە نەگەشت، چونکە تا ڕۆژی کوشتنەکەشی لە ڤیەنا هەر پەیڕەوکاری ئەو بیرە بوو و هەر لە پێناوی ئۆتۆنۆمیدا مرد.

بەهەر شێوەیەک، پالمێ کوژرا و، هەر شەوی کوشتنەکەی لە تورکیاوە یەکسەر هێنرا بەسەر (P.K.K)دا (ئەم بەروار و بەڵگەیە بە تۆمارکراوی هەیە)، رادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕاگەیاندنی ئەمریکا و ئەورووپاش ئەم هەواڵە پلان بۆ کراوەیان بەچاو تروکاندنێک بەهەموو کون و قوژبنێکی ئەم جیهانەدا بڵاو کردەوە.

پۆلیس و دەوڵەتی سویدیش کە تاڕادەیەک نەکردەبوون و خاوەنی ئەم جۆرە تاقی‌کردنەوانە نەبوون و لە گەرما و گەرمی مەسەلەکەدا خوێن گرتبوونی، دوای دەنگی ئەم دەهۆڵە کەوتن و کارێکیان بە ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردستان کرد کە هەتا ئێستا لە هیچ ڕژێمێکی فاشیستی دنیادا نەکراوە. کچێکی شۆڕشگێڕی نەترس لە گەرمەی ڕووداوەکاندا دژی پۆلیس بە هەواڵنێرەکانی گووتبوو «ئێمەی کورد سوید بە وولاتی خۆمان دەزانین، نەک لەبەر ئەوەی باش مامەڵە دەکرێین بەڵکو چونکە هەروەکو دەوڵەتی تورکیا مامەڵەمان لەگەڵدا دەکەن» (٣٥).

بەڵێ، بە هەفتەیەک P . K . K کرا بە تیرۆریست و پیاوکوژ و تلیاک و کۆکاین و حەشیشە فرۆش و قاچاخچی و... هتد . هەندێک ڕووداوی ناوخۆی ( P . K . K )ش کە بە پەنجەی ڕێکەوت لە گەرمەی ئەو ڕووداوانەدا لە دایک بوون، هێندەی تر، ناخۆشبەختیانە ئەم کارەیان ئاڵۆزکرد. ڕژێمی سوید، نزیکەی ساڵ و نیوێک (بێگومان بە بڕیاری SÄPO - پۆلیسی نهێنی سوید و تیزی CIA و میت و... هتد) بە ملیۆنەها کرۆنی سویدی بۆ پڕوپاگەندە دژیP.K.K

بڵاوکردەوە.

ئەم پلانەی ئەمریکا دژی P . K . K نەبوو بەڵکو دژی نەتەوەی کورد هەمووی بوو، بەتایبەتی کە تازە ئەمریکا و ئێراق لە سۆزمانیخانەکەی (ریاض)دا خەریکی چاوچاوێن و یەکتر ڕاهێنان بوون و (ی.ن.ک) [ کە ئەو کاتە تاکە هێزی ژمێرراوی کوردستان بوو ]ـیان هاندابوو ئامادە نەبێت و خەنجەر لە پشتەوە لە سوپای ئێراقی بدات لە کاتێکدا کە سوپای ئێراقی بە شەڕی نیشمانیپەروەخەریکە‌ە[٣٦]، بەتایبەتی کە باڵە ساویلکە و خێڵەکییەی ئۆپۆزسیونی (ی.ن.ک) ئەو کاتە چووبوونە پاڵ ڕژێمەکەی خومەینی کە دەوڵەتی ئەمریکا بە خوێنی سەری تینوو بوو.

ئیدی، پلانی ئەمریکا و هەڵەی پەسەریەکدا کەڵکەبووی سەرانی خۆفرۆشی کورد .(سەرانی ئەم بەرە حازریبە) ئاوێتەی یەک بوون و کارێکیان کرد بە کورد با بە دەواری شڕ و سەرما بە هەتیوی نەکردبێت.

ئەم سەرانی بەرەیە هێرشێکی پڕوپاگەندەیی ناوخۆیی و دەرەکی خەست و خۆڵیان کردە سەر P.K. K . نەک هەر بە تیرۆریست وپیاوکوژ بەڵکو بە جیابوونەوە خواز و ئۆتۆنۆمی تێکدەر و مێشک پووت و . . . هتدیش سەریان قەبلاندن.

(ی.ن.ک) کە داخی ڕەخنە توند و تیژەکانی (١٩٨٣ )ی P. K. K یان هەر لە دڵدا مابوو، نەک هەر پەوانەوە نە وەستان بەڵکو بە دز و قاچاخچی و گورگی تورکیا ـ شی چوێنیانن.

ئەوەی بەسەر P . K . K دا هات، بەسەر هەر ڕێکخراوێکی تردا بهاتایە دەمێک بوو ناوی لە کولەکەی تەپیشدا نەمابوو، لە ڕاستیشدا هەر ئەوە نیشانەخۆشە و ئامانجی ئەو هەموو ملوێنە دۆلار و کرزنە بوو کە لەلایەن ئەمریکا و ڕۆژئاواوە کرایە دەریای پڕوپاگەندە و ناوزڕاندنی (P.K.K )وە.

بەڵام حسابی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و کۆلۆنیالیستەکان و جاشکوردەکانیان تا بڵێی هەڵە و پڕ کەموکورتی بوو. خەباتی P.K.K هەر بەردەوام بوو، ڕەگی کوردایەتی و وڵات پارێزی و سەربەخۆبوون نەک هەر لە کوردستاندا بەڵکو بەناو کوردە تەراتێنکراوەکانی ئەورووپاشدا چرومخواری. بە سەدان گروپی چەپ و خێرخواز و دژ ئیمپریالیزم و ئاشتی پەروەر و مرۆڤ دۆست و کورد دۆست شان بە شانی بیری ڕاستەقینەی کوردایەتی و بانگی حەق هاتنە گۆڕەپانەوە.

دەوڵەتی سوید زۆر بە تەریقی و شەرمەوە، بە هەگبەیەک تاقیکردنەوەی تاڵ و سوێر و بە نشێوبردندا، کۆتایی بە هانی هانیەکانی هانی و وردە وردە بای دایەوە بەلای کورددا.

دەوڵەتەکانی ڕۆژئاواش، کەم یان زۆر، لەگەڵ قوڵبوونەوەی دەسەڵاتی فاشیزمی تورکیا و

بەرەسەندنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی ( P . K . K ) پروپاگەندەکانیان لە «جیابوونەخوازە»ـی نێگەتیفەوە گۆڕرا بە «ئازادیخوازە خەباتکارەکان»...... و بەم شێوەیە.

ئەم لایەنانە، کەم یان زۆر گۆڕان چونکە شەڕی بەرژەوەندی ئابووریـیان لەگەڵ P . K . K و کورد دا هەیەو و دەبێت ئاگایان لە خۆیان بێت. ئەو ڕاستیـیە دەزانن کە مەحاڵە دەوڵەتی تورکیا چیدی ئەو پۆلیسی و دەلالّی و جەلادیـیەی بۆ بکرێت و تاهەتایە کورد بە ژێردەستەیی بهێڵێتەوە. زوو یان درەنگ کورد دەبێتە «میری» خۆی و ناخوازن (٣٠) ملوێن مرۆڤی مافخوراو و خاوەن ڕکی پیرۆز بکەنە دوژمنی خۆیان و ئەگەر بشخوازن لە قازانجیان نابێت.

بەڵام سەرانی بەرە، سەرانی تۆتۆتۆمیخواز چونکە دەستکردی دەرەوەن و لە دەرەوەوە کۆک دەکرێن، دەیان جار لە پەیمان و بەڵێنەکانی خۆیان پاشگەز دەبنەوە و هەر زوو لە یادیان دەچێت چییان گوتووە و نەگوتووە: لینین ووتەنی « هەر وەک ئەو خوێنەرە دەبەنگە وان کە پێش ئەوەی بگاتە سەر دێرێکی نوێ ئەوەی پێشەوە لە یاد دەکات » .

جیهان گۆڕرا و ڕەووشت و ئاکار و خەسڵەتی ئەمان نەگۆڕا، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەمان بە مێشکی خۆیان بیر ناکەنەوە تاکو بگۆڕێن. مرۆڤ کاتێک دەگۆڕێت کە بە مێشکی خۆیی و بۆ خۆیی و لە پێناوی خۆیدا بیربکاتەوە و بەرژەوەندی و مافەکانی خەڵکی دی لەبەر چاو بگرێت.

کە تورکیای فاشی هێرشە خوێناوییەکەی کردە سەر باشووری کوردستان (٣٧)، مسعود یەڵماز کە سەرەک شالیارانی دەوڵەتی تورکیایە بە ڕۆژنامەی «حریە»ی ڕۆژی ١٩٩١/٨/٩ گووت: «دەوڵەتی تورکیا (٥) سەعات ڕاوێژی لەسەر مەسەلەی عەملیاتی ئێراق کرد و هەردوای ئەوە بە شێوەیەکی رەسمیش بانگەوازیکرد، پێش ئەوە، «پێگووتن» بێکمان دایە مسعود بارزانی و تاڵەبانی کە تیاماندا نووسیبوو:

«بۆ ئەوەی ئەو ناوچەیە خاوێن بێ و سنوورەکانی تورکیا بە شێوەیەکی ڕێک و پێک بپارێزێت ئێمە هەموو شتێک کە بەلامانەوە پێویست بێت دەکەین. یان ئێوە P . K . K تەواو بکەن یان ئێمەش لە باکووری ئێراق نیشتەجێ دەبین».

هەر سەبارەت بەو باسە کە تورکیا چۆتە ناو کوردستانەوە و تاڵەبانی لە نەخۆشخانەیەکی ئەوێ چاوەڕێی «شیفا» دەکات، هەمان ڕۆژنامە چاویان بە «محسن دزەیی» کە نوێنەری (پ.د.ک.ع) کەوتووە . دزەیی دەڵێت:

«یان دەبێت P . K . K بڕوات یان ئێمە ڕێگەی لێدەگرین و ناهێڵین هیچ بکات. ئێمە داوای بارمەتیمان لە دەوڵەتی تورکیا خواستووە. ئێمە بە P . K . K دەڵێین کە لە ناوچەکەمان دەرچن

ئێمە لەم ناوچەیەدا کار و کرداری تیرۆریستی قبوڵناکەین . ئەو ناوچەیەی باکوری ئێراق هی خۆمانە، ئەگەر ئەوان هەر بەردەوام بن ئەوا ئێمە بە شەق دەریان دەکەین».

«ناوچە‌ی باکوری ئێراق(؟!)

ئەگەر نوێنەرانی بەرە بە زیندانیکردن و کوشتن و ڕاونانی مرۆڤی کوردەوە خەریک بن تەنها لەبەر ئەوەی خاوەنی «بیری جیاوازن»، بێ‌گومان بێچوویەکی وەک دزەییش هەڕەشەی «شەق» دەکاتە هەوێنی فەلسەفە. کورد بەگاڵتە نەیگوتوە گەورە ناو دەڕێژێ و بچوک پێی لێدەخات.

ئەگەر ئۆتۆنۆمی لەبەشی ڕۆژئاوای کوردستاندا (ژێر چەپۆکی ئێران) ڕەشەڕاو بێت ئەوا لە باشوری کوردستان بە ئاشکرا بووە بە بازرگانی و مامەڵەی فرۆشتنی کوردستان.

لە ۱۹۹۱/۸/۱دا هەر دوای ئەم چاوپێکەوتنەی پێشوو، دزەیی چووە بۆ ئەنقەرە و لەوێ لەگەڵ ڕاوێژکاری سەرۆک دەوڵەتدا کە ناوی «قەیا تۆزپەر»ە یەکتریان بینیوە. هەواڵنێرەکە دەڵێت «گوایە هاتبوو بۆ زانیاری وەرگرتن لەبارەی ئەو عەمەلیاتەی تورکیاوە»، هەروەها باسی تاڵەبانیش دەکات کە «قەیا تۆزپەر »ی بینیوە، ڕۆژنامەکە بەردەوام دەبێت و دەڵێت «سەرۆکەکانی کورد بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر ئەو مەسەلەیەی هێرشی تورکیا و بۆ دەربڕینی ڕای خۆشیان هاتنە ئەنقەرە. دزەیی دوویاتی کردەوە کە پشتگیری ئەو هێرشە دەکات. هەروەها وتی کە ئێمە هیچ بەو هێرشە دڵگران نین و دژی هەموو جوڵاندنەوەیەکی تیرۆریستین. لەپێش ئەوەشدا ئێمە هەر بە (ئاپۆ)مان گوتووە کە ئێمە دژی تیرۆریستین و با واز لە تیرۆریزم بێنن».

قەیا تۆزپەر دەڵێت: ئێمە «قەیا تۆزپەر و هەندێک کەس لە شالیارگای دەرەکی تورکیا» لەگەڵ مەسعود بارزانیش‌دا قسەمانکردووە و دزەییش پێی گوتین: «کەسێک ئاگاتان لە خەڵکی بێ‌گوناه بێت، ئێمەش گوێمان بەسەر چاو، ئێمەش بۆ ئەو مەسەلانە بەسۆزین».

دوایی قەیا تۆزپەریش لەسەر دانیشتنەکە دەڵێت: «ئێمە زۆرمان پێخۆشە بارزانی لەگەڵ ماندایە. ئەوان داوایان لێکردین کە یارمەتی خواردن و دەرمانیان بدەین و پاش ئەوە چوون بۆ شاری دیاربەکر».

ئینجا خوێنەر وورده وورده هەر کە دەبینێت چۆن ئەم سەرانە وەک زیکزیکەی سەوزە دەغڵ هەموو بەیەک سۆز و بەیەک دەم و بەیەک ئاهەنگ و بەیەک سەدا لەهەموو لایەکەوە لەهەسان لۆتەر دەدەن، دەگاتە سەرەنجامێک و سەرەتاوێکی بەدەستەوە دێت، ئەوەتا تاڵەبانی لە ۱۹۹۱/۸/۱۱دا، واتە یەک ڕۆژ دوای دزەیی گەشتەتە ئەنقەرە و لەژێر ناوی : «ئێمە دژی تیرۆریستین» چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا کراوە.

هەواڵنێرەکە ئاوا باسەکە دەکاتەوە:

«ئەو کردارەی تورکیا لە باکووری ئێراق سەرۆکەکانی کوردی ڕوو بەڕوو کردەوە. یەکەم ڕۆژ تاڵەبانی دژی وەستابوو، کەچی دوێنێ هاتە ئەنقەرە و دژی P . K . K قسەی کردووە و گوتی: «تیرۆریزم، ڕاپێچکردن و ماشێنەوەی گشتکار و مرۆڤ لە نەریت و خووی کوردایەتیدا نی‌یە».

دوایی هەواڵنێرەکە بە سەیرو واق‌وڕمان و پرسیارەوە دەڵێت: «لەپێش چەند ڕۆژێک نوێنەری مسعود بارزانی کە محسن دزەیی‌یە بە «حریە»‌یی گووت: لە هەرێمی ئەو ناوچەیە بۆشایی دەسەلات نی‌یە هەروەک دەوڵەتی تورکیا دەڵێت، فرۆکەکانی تورکیا لە جیاتی (P . K . K) پێشمەرگە و پەنابەرەکانی ئێمەی بۆمباباران کردووە، زۆر لە کوردی ئێراق کوژراوە، تورکیا دەبێت ئەو کارە ڕاوەستێنێت. ئەو بارەگایانە سەر بە P . K . K نین هەروەک تورکیا بوختاندەکات. ئێمە هێزی خۆمان لە ناوچانە هەیە. ڕەنگە لە ترۆپکی چیاکان P . K . K هەبن، بەڵام لەم شوێنانە بارەگای گەورە و جێگای مەشق و پەروەردەکردن نی‌یە» .

بێ‌گومان دەبێت کورد ئەو پرسیارە لە خۆی بکات کە بۆچی سەرانی بەرە لە دەنگی چەقەنەیەکدا ڕای خۆیان دەگۆڕن و هێندە بەپەلە لە هەڵوێستی ماوەیەکی کورتی ڕابردوویان پاشگەز دەبنەوە، وابزانم کاتی ئەوە هاتووە بە بڕوای تەواوەوە بڵێین تاکە بۆچوون کە لۆژیکی ڕامیاری پەسەندی بکات ئەوەیە کە « تەلەگرامی دەرەوە » بڕیار لەسەر ئەو جۆرە مێشکانە دەدات. ئەوەتا تاڵبانی لە ١٩٩١/٨/١٢دا، واتە دووشەممەی هەمان هەفتە، بە «حریە» دەڵێت: «تاڵەبانی گەرەنتی دژایەتی کردنی P . K . K دەدات بە تورکیا».

پێش ئەوەی دەست بکەم بە ووتەکانی تاڵەبانی، با ئەوە ڕوونبکەمەوە کە ڕۆژێک پێش ئەوە پێشمەرگەکانی P . K . K لە پەناگایەکی پۆلیس و ژەندرمەی تورک ـ یان دابوو. پەناگاکە وێران و خاپوور کرابوو و بەسەریاندا. تورکیاش لەژێر ناوی «کارێکی تیرۆریستانە» و «جیاوازخوازیاندا» وێنەی ئەم پەناگا تەپیوەیان بەگەورەیی لەبەرەی یەکەمی «حریە»دا بڵاوکردبووە و نووسیبوویان کە ئەم پەناگایەی گوندی « سەمان » لە شاری هەکاری دەست درێژی کراوەتە سەر و (٣٣) لە پاڵەوانانی تورک تا دوا دڵۆپی خوێنیان شەڕیان کردووە (واتە کوژراون ـ وەرگێڕ). ئینجا دەوڵەتی تورک ئەم وێنەیەشیان نیشانی تاڵەبانیش دابوو. بەپێی ڕۆژنامەکە، تاڵەبانی تۆزێک لە وێنەکەی ڕووانیوە و گووتوویەتی: «ئێمە ئامادەین لە پێناوی ئاسایش و پاراستنی‌دا هاریکاری لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا بکەین، ئێمە جارێکی تر ڕێگا بە P . K . K نادەین کاری ئاوا بکات».

هەواڵنێرەکە دەڵێت: ڕۆژێک لەبەری « دوێنێ » تاڵەبانی لەگەڵ ڕاوێژکاری باڵوێزخانەی ئەمریکا لە ئەنقەرە سەعاتێک قسەی کردووە و پاش ئەوە خۆی ئەم شتانەی پێگوتین: «ئەمریکاییەکانمان دڵنیاکرد کە ئێمە بەڵێنمان بە تورکیا داوە، ئێمە دژی P . K . K و دژی هەموو گروپێکی ترین کە خاکمان بۆ لێدان و دژی دەوڵەتی تورکیا بەکاربهێنێت. ئیتر ڕێگا بەوە نادەین. ئێمە سەبارەت بەو مەبەستە دەوڵەتی تورکیامان دڵنیاکردووە».

پرسیار: ئەو پەناگەیەمان ڕۆژی یەک شەممە (٩) سەربازی (لێرەدا بوو بە (٩)، خۆی (٣٣) دانە بوو - وەرگێڕ) تیا کوژراوە، لەبەر ئەوە تورکیا ئەو هێرشەی کرد (خۆی وانی‌یە، ئەو هێرشە هەفتەیەک پێش ڕووداوی ئەم پەناگایە ڕووی داوە - وەرگێڕ)، ئێوە دەڵێن چی؟!

تاڵەبانی: ئێمە دەزانین P . K . K لەوێیە و لەگەڵ دەوڵەتی ئێراقیش دیالۆگی هەیە، ئێمە ئاگامان لێیە کاتی خۆی لە دهۆک و زاخۆ و ئامێدی بارەگای P . K . K ی لێبوو . بەڵام کە گەڕاینەوە ( مەبەستی لە دوای ڕاپەڕینەکەیە - وەرگێڕ ) ئەوانمان لەو شوێنانە دەرکردوو پێمان گوتن لەوێ باربکەن. ئێمە هەتا ئێستا نەمان توانیوە تەواوی کوردستانی ئێراق کۆنترۆڵ بکەین و بیخەینە ژێر دەستی خۆمانەوە . پاش ئەوەی لەشکری ئەمریکا، ئێمە بە ( P . K . K )مان گووت کە ئەوان ناکارن ئەو ئاخە ( خاکە ) دژی دەوڵەتی تورکیا بەکاربهێنن . پێمان گوتن دوو ڕێگاتان هەیە، یان ئەوەتا بچن بۆ تورکیا و لەوێ چیدەکەن بیکەن، یان ئەوەتا ناتوانن لێرە کار بکەن ».

پرسیار: باشە سەبارەت بەو لەشکرەی تورکیا کە لە ناوەوەیە؟

تاڵەبانی: بۆ پاراستنی سنوورەکان و دڵنیایی و ئاسایشی دوولایەنیانە ئێمە لەگەڵ نوێنەرەکانی تورکیا یەکتر دەبینین و پێویستە بگەینە سەرەنجامێک و پەیمانێک لە ناوخۆماندا ببەستین.

پرسیار: ئەی سەبارەت بەو هێرشەی تورکیا کە هەر بەردەوامە؟

تاڵەبانی: ئەوەیان، ئەوە پێویستە ئێمە بە شێوەیەکی زۆر دۆستیانە و هەڤاڵانە گفتوگۆی لەسەر بکەین، بۆ دڵنیایی تورکیا ئێمە دەکارین لەگەڵ نوێنەرەکانی تورکیادا هاوکاری بکەین، بۆ ئەو هاوکاری‌یەش ژمارەیەک پێشنیاری کۆنکرێتمان هەیە.

پرسیار: دەربارەی ئەو هێرشەی تورکیا ئەمریکا هیچی بە خۆتان گووت؟!

تاڵەبانی: ئەمریکا لە نێوان دۆستەکانی کوردی ئێراقی خۆیدا و هاوپەیمانەکانی لە تورکیادا لەو بەینەدا ماوەتەوە و نەیدەزانی چی بکات.

پرسیار: بەڵام لەوێ بۆشایی ڕامیاری و هێز هەیە . دەوڵەتی تورکیا دەیێژێت لەو ناوچانە

دەوڵەت تورنە و ( P.K.K )ـ ش زۆر بە هاسانی دەبزوێ و کاری سەربازی دەکات ؟

تاڵەبانی: خۆ ئەوە جاری یەکەم نی‌یە ( P . K . K ) هێرش بکاتە سەرتان، بەهاتنی من بۆ تورکیا گەلێک کەس ڕەخنەسان لێ‌دەگرێت . هیوام وایە دەوڵەتی تورکیا تێمان بگات و یارمەتیمان بدات .

پرسیار : بەڵێ، بەڵام ئەو کاتە لە ئێراق دەوڵەت هەبوو، ئێستا دەوڵەت وەکو نەبێ وایە .

تاڵەبانی: وەبەڵام ئێستاش دۆستەکانی خۆتانی لێ‌یە، کوردی ئێراق. ئێوە دەکارن لەگەڵ ئەواندا گفتوگۆ و ئاخافتن بکەن و هاریکاریان لێبخوازن. ئێوە هەندێک کاتمان پێ‌ببەخشن تا دەتوانین خاکی خۆمان کۆنترۆڵ بکەین. ئەو «کاتە» بۆ گەلەکسان و بە سەرۆکایەتی خۆمان زۆرگرنگە. ئینجا داواکاری‌یەکانتان بە زووترین کات جێ‌بەجێ دەکەین، ئەز دەکارم گەرەنتی ئەوە بکەم.

بە پێویستی نازانم توانج لەسەر ئەو وەلامانە بدەین چونکە تابلۆ‌ی کۆمیک و گاڵتەجار و جێ‌ی قۆشمەن . بەڵام ڕۆژنامەی «الحیاة» کە هەمیشەگە چاوپێکەوتن لەگەڵ نوێنەرانی بەرەدا ساز دەکات، چەند دێرێکی بڵاوکردبۆوە کە تابلۆ‌ی شایانی باسن، ڕۆژنامەکە ئەو هەواڵانەی لە هەواڵنێرێکی کوردەوە چنگ کەوتووە لە (لندن)ـەوە کە ناوی «کامەران قەرەداخی»یە :

(تاڵەبانی کوردەکانی تورکیا تاوانبار دەکات بە بوونی پەیوەندی نهێنی لەگەڵ سەددامدا) .

بێگومان، ڕۆژنامەکە باسی ئەوە دەکات کەچۆن سەرۆکایەتی بەرەی کوردستانی بەردەوامێتی ووتووێژەکانی خۆی سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی و چاک کردنی دۆخەکانی کوردستان درێژە پێدەدا. و دەڵێت گوایە بەخۆی دوواندنێکی تەلەفونی‌یەوە لەگەڵ هۆشیار زێباری کە قسەکاری ڕەسمی پارتی دیموکراتە (یەکێکە لە هەرە ئەو کەسانەی کە بەبەردەوامی دژی بیری سەربەخۆیی و بە شان و باڵهەڵدانی ئۆتۆنۆمی‌دا لە دەرەوەی ووڵات قسەدەکات ـ وەرگێڕ) پێی گووتین کە ئەو دانیشتنە دوێنێ لە هەوایەکی پڕتەبادا شەن‌وکەوی بابەتەکانی دەکرد. هەروەها گووتی کە بەشداریکاران بەڵێنیان دایەوە کە هەموو بڕیارێک پێکەوە و بە کۆمەک بدەن. (... هتد) .

هەر دوایش باسی ئەوە دەکات کە چۆن دوو بەرێز تاڵەبانی و مسعود بارزانی بروسکەی کامەرانیان بەبۆنەی سەرنەگرتنی کودەتا سەربازی‌یەکەدا بۆ گەرباچۆف لێداوە .

ئینجا دێتە سەر مەسەلەی P.K.K کە هەردەم کراوەتە خۆی‌ی چێشت.

«لە ڕووداوە دوایی‌یەکاندا تاڵەبانی پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیایی‌تاوانبار کرد بە پەیوەندی کردنی نهێنی‌یەوە لەگەڵ سەددامدا، بۆ ماوەی ٣ ساڵ. وە ووتی کە ئەم پەیوەندی‌یە نهێنی‌یەش بریتی‌یە لە سڕینەوە و پووچەڵکردنەوەی ئەو «ڕێکەوتنە نارەسمی‌یەی» نێوان لایەنە

کوردێکان کە هیچ لایەنێک هەڵنەسێت بە پەیوەندیکردن و بۆی نەبێت پەیوەندی بە دەوڵەتێکی بێگانەوە بکات بەبێ ئاگاداریکردنی لایەنەکانی دی.

وە هەروەها گوتی، کوردەکانی ئێراق بە هۆی هێرشەکەی تورکیاوەوە بۆ سەر باکوری ئێراق بۆیان دەرکەوت کە P.K.K «۳ ساڵە چەک و پارە و زانیاری لە بەغداوە وەردەگرێت» و گوتی «ئەو زەخیرە نهێنییانە بێزاری کردووین و دەبوایە پارتی کرێکارانی کوردستان پێمانیان بگوتایە».

تاڵەبانی دڵنیایی کردینەوە و ئێمە هەرگیز بە زەمینی تورکیادا بە مەبەستی سەربازی تێناپەڕین (...) و لەسەر پارتی کرێکارانیشە بە هەمان دراو پارسەنگمان بدەنەوە و زیان بە مەسەلەکەمان نەگەیەنن».

تۆ بڵێی تاڵەبانی ڕاستگۆبێت کە دەڵێت «ڕێکەوتنێکی نا ڕەسمی هەیە لە نێوان لایەنەکاندا کە هیچ پەیوەنییەک بەبێ ئاگاداری لایەنەکانی تر لەگەڵ دەوڵەتانی بێگانەدا نەبەستن».

ئەگەر تاڵەبانی هەر بۆ مێژووش ڕاستبکات، ئەوە سەرانی بەرە دەبێت دەیان جار گیانیان بکرێتەوە بەبەردا، بۆ کە سەرۆکایەتی خێڵەکایەتی مەسعود بارزانی (۷)ساڵی ڕەبەق کوردی ڕۆژهەڵاتیان کوشت، هیچ کاتێک پارتەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیان ئاگادارکردبوو کە پەیوەندییەکی وا لەگەڵ ڕژێمی ئاخوندەکاندا دەبەستن؟!

ئایا تاڵەبانی خۆی پرسیاری لە P.K.K کردوە بۆ ئەم نەرمە دیپلۆماسییەی خۆیان کە لەگەڵ فاشیزمی تورکیادا گمەیدێت؟

تاڵەبانی دەڵێت: «ئەو زەخیرە نهێنییانە بێزاری کردووین». باشە بۆچی زەخیرەیەکی وا تاڵەبانی و هاورێکانی بێزاریکات و بیانخاتە ئاکونیکەوە ؟ دەبێت بۆچی ئەم « زەخیرەیە » مەترسی بۆ ئەمان هەبێت؟!

لەڕاستیدا تاڵەبانی و هاورێکانیان وەک هەموو جارێکی تر، بەداخەوە دەبێت بڵێم نەک هەر ڕاست نابێژن بەڵکو « درۆ » دەکەن . ئەو نووسراوو بڵاوکراوانەی کە P.K.K کوردستان بەتەنها «و تەنها» دژی ڕژێمی بەعسی ئێراقیان دەردەکات دەیان قاتی ئەوانەیە کە بەهەموو بەرە تا ئێستا پێکەوە بە هەمبالی دەریان کردووە. ئەوەی ئاگاداری بڵاوکردنەوەکانی پارتی کرێکاران بێت ئەم ڕاستییە دەزانێت.

پارتی کرێکارانی کوردستان هەروەها بە چێکردنی خۆپیشاندان و ڕێپێوان و مانگرتنیش دژی ئەم دەوڵەتە هەڵدەستێت. لە کوردستانی باکووردا، سوپاس بۆ خەباتی پارتی کرێکاران کەم مرۆڤ کورد هەیە داستانەکانی هەڵەبجە و بادینانی شەهید نەزانێ و لە ئاکار و خەسڵەتی ڕژێمی فاشی ئێراقی .

بێ ئاگابێت . لە هەموو بڵاوکراوەیەکی ڕامیاری ئەم پارتەدا بەبەردەوامی باسی داگیرکاری و تورکیا و ئێران و ئێراق و سووریا دەکرێت».

لەمانەش بترازێت، پارتی کرێکارانی کوردستان، لەدەیان بڵاوکراوەی ڕەسمی‌دا دووپاتیان کردۆتەوە کە بە هیچ شێوەیەک هیچ پەیوەندییەکیان بە ڕژێمی ئێراقەوە نی‌یە و ئەم واتەواتە بەردەوام بوون و درێژە پێدانی سیاسەتی داگیرکارانە و کۆلۆنیالیستیانەی تورکیایە، کە ئێستا بۆتە هاوڕێی گیانی بەگیانی سەرانی پەرە.

ئایا بۆچی تاڵەبانی و سەرانی پەرە ئەو دۆکۆمێنتانە ناخەنە ڕوو

تاڵەبانی وەک کابرای ژاژڵەی لێهاتووە کە وای دەزانی پێغەمبەر خزمی خوایە (٣٨). پاش ئەوەی جەماوەری کوردستان لە دەمەدەمی زەردەپەڕدا لاتەکانی خۆیان جێ‌دەهێڵێت و لە ژێر گوللەبارانی هێلی‌کۆپتەرەکانی ئێراق‌دا شەویان بەسەردا دەهات (٣٩) و لەسەرماندارڕوق هەڵدەهاتن ئەمان لە نیوەڕۆی ئاهەنگی دەست تێکەڵاوکردن و گرمەی سازشبداوبوون (٤٠). ئێستا کە وورده وورده تۆزی نائومێدی لەسەر پێڵوێ چاوو بەڵێن‌نامە و پەیمان نامەکانی ژوانی نهێنی خۆیان و سەددام‌دا دەنیشێ و مژدەی بەزینیان دەداتە دەست، دەبێت دەسە چەورەکەیان بەلایەکدا بسڕن و تاوانی سەرنەکەوتنی «گفتوگۆ (؟)» و سەرلێشێکدان بخەنە ئەستۆی لایەنێکەوە.

دیارە ئەو لایەنەش، لێرەدا پارتی کرێکارانی کوردستانە کە هێزە ئیمپریالیستی و کۆلۆنیالیستییەکان زەندەقیان لێی چووە.

بێ گومان، ئەوەی ئەم ڕۆژنامانە دەیڵێن و دەینووسنەوە هەموو ڕاستی‌یەکان نین. زۆر شتی نهێنی و ناسکی تر هەن بچووک تا گەورە، زۆر یان کەم، خوێنی ڕەش و ڕووتی گەلەکەمانە و بەداخەوە لە ژێر پەردەوە دەکرێت و کەس ئاگای لێوەیان نی‌یە.

بەڵام مرۆڤی خاوەن ویژدان و خاوەن شەرەف تەنانەت ئەگەر کوردیش نەبێت پرسیار لە خۆی دەکات، داخۆ کاری سەرانی پەرە و نوێنەرەکانیان لە تورکیا چی‌یە؟! کاری ئەوان بە ئۆفیسەر و بنکە سەربازی‌یەکانی تورکیاوە چی‌یە؟! داخۆ بۆچی سەرانی پەرە بە «مانگ» ڕۆژ لەو وولاتەدا بکەنەوە کە لە لایەکەوە زیاتر لە (١٥) ملیۆن مرۆڤی نەتەوەکەمانی بن دەست کردووە و لە ملاشەوە بۆردومانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات و (ئێران تا ئێستا نارەزایی خۆی دەرنەبڕیوە) و مرخیشی لە باشووری کوردستان خۆشکردووە و ناوی لێناوە «ویلایەتی موسڵ».

داخۆ سەرانی پەرە چ کارێکیان بەسەر کوردی باکووری کوردستان و ئەو ڕێکخراوانەوە هەیە کە لەوێندەری کاردەکەن؟!

داخۆ خاکی کوردستان موڵک و سامان و تاپۆی بەرەیە تا هەرەشە لە کوردی تر بکەن تیای نەبێت و لێی دەرچێت ؟

مرۆڤی بە شەرەف پرسیار لە خۆی دەکات داخۆ بۆچی ئەو سنوورانە بۆ دوژمن نەبن و تاوان بۆیان هەبێت بۆ هاریکاری یەکتر بە دەیان کیلۆمەتر بڕۆنە قوڵایی یەکترەوە و کوردی هەژاری تاراوبکەن، کەچی پارتێکی ڕزگاریخواز بۆی نەبێت دان بە وەهمیتی و دەستکردیتی ئەو سنوورانەدا بنێت و بۆی نەبێت لە خاکی باپیرەیی خۆیدا خەبات بکات ؟

سەرانی بەرە بەزەردەی «لێبوەوە باسی یەکایەتی خاکی ئارەبان دەکەن و ئێراقیش بە پارچەیەکی لێک نەپچڕاوی ئەو خاکە دادەنێن و بەخێرهاتنی «ڕۆڵەکانی نەتەوەی ئارەب» بۆ کوردستان دەکەن بەڵام ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردبۆیان نەبێت کێوەکانیش بکەنە پەناپەساری خۆیان وتیایدا بژین (؟!).

ئەوە تا لە ١٩٩١/٨/١٣ دا ڕۆژنامەی «حریە» دەنووسێ:

«سەرۆکەکانی کورد کۆبوونەوەیەکی سەربازی لەگەڵ ژەنراڵە تورکەکاندا دەکەن».

«لە ڕۆژی شەممەی عەملیاتی باکووری ئێراقدا سەرۆکەکانی کورد و سوپای تورکیا لە ئەنقەرە کۆبوونەوەیەکی کتوپڕ و نهێنییان کرد. لەو کۆبوونەوەیەدا تاڵەبانی و نوێنەری مەسعود بارزانی «محسن دزەیی» ئامادەبوون. ئەو نیشانانەی کە باکووری ئێراق لێیان درابوو گفتوگۆیان لەسەر کراو هەردوای ئەوە، سەرۆکەکانی کورد بە ماشێنی تایبەتی و بە شێوەیەکی نهێنی بۆ بارەگای سەربازو سقبلی ئەو ناوچەیە بران. چاوپێکەوتنەکەیان دوو سەعاتی خایاند».

کوخ لە (٢٧)دا و مێشولە لە زۆنگاو و سەرانی بەرەش لە پایتەخت.

ئەوەتا لە ١٩٩١/٨/١٤ دا چەند هەواڵنێرێکی «حریە» گەشتوونەتە زاخۆ و چاویان بە نێچیرەوان بارزانی کەوتووە، ئەویش دەڵێت: «P.K.K لە کوردستان بووە بە بەڵا».

نوێنەری مەسعود بارزانی، ئەندامی پۆلیت بیرۆ «سەرکردایەتی ڕامیاری» کە ناوی نێچیرەوانە پێی گووتین: «ئێمە دڵنیاین کە P.K.K شتی باشمان فێرناکات. ئێمە پرینسیپەکانی ئەوان، شێوەی بۆچوون و بەگشتی ئەو پرینسیپانە پشتگیری ناکەین و کاری ئەوانمان پێخۆش نییە، ئێمە خاوەنی مێشکی مێژووین. هەر لە سەرەتاوە « ئێمە » نوێنەری کوردامان کردووە. ئەو کارانەی P.K.K دەیان کات ناڕاستن. ئەو ڕاستییە پێویستە بگووترێت کە کورد موسڵمانن و دیندارن. P.K.K ئایدیۆلۆژی مارکسیزم قبوڵدەکات. لە جیهاندا و لە پێش هەموو شوێنێکەوە لە «ڕووسیا» کۆمۆنیزم مردوە. کۆمۆنیزم هەروەک دیناسوور ڕۆڵی نەما. بەڵام سەرۆکی P.K.K دەڵێت: «ئەمن کوردان بە کۆمۆنیزم ڕزگار دەکەم».

ئەزیشم دەڵێم ئەگەر نێچیرەوان بارزانی کوڕی میللەتی کورد بوایە، ڕۆڵەی زاخۆ بوایە و بە هەژار و زەحمەتکێش و کرێکار و داروبەرد و شاخ و گوندی کوردستان ئاشنا بوایە، نرخی خۆیی و ڕۆڵەی نەتەوەکەی بگرتایە ئەوا لە ئامیلکەیەکی زانستییانەی بە کوردی نووسراودا ڕەخنەی دروستکارانە و هەمە جۆری خۆی نەک هەر لە P.K.K بەڵکو لە هەموو مرۆڤ و لایەنێکی دیکەی تردەگرت و دەبووە مایەی شانازی خۆی و خێزان و نەتەوەکەی.

بەڵام نێچیرەوان بارزانی کوڕی کەرەج و تارانە و بە کوچەی شارەکانی ئاخوندەکانی ئێران ئاشناترە، هەر بۆیە سوودی تونکڵە مۆزێکی بۆ کورد نییە و وەک گەزۆی ئاسمانیش لە دەمی دوژمنانی بە خوێنی کورد تینوودا دەتوێتەوە. تا ئێستا ئەوەی هەموو پارتەکەی نێچیرەوان بارزانی نووسیبوویانە لە تەقەسێکی بولبولدا جێگای دەبێتەوە، هەموو ئەو سەرانی بەرەبەی نێچرەوانیان کردووە بە دەم ڕاستی خۆیان، بڵاوکراوە و نووسراوەکانیان زەرفێکی چیمەنتۆ پڕناکات، لەبەر ئەوە جێگای سەر سوڕمان و ئەندیشەی ئێمە نییە ئەگەر نێچرەوان بارزانی دژی بیری سەربەخۆیی بێت و بخوازێت ژیانی میللەتەکەمان لە پان ـ ئیسلامیزمێکی ئێرانی، تورکی یان ئێراقیدا مسۆگەر بکات.

ئایا ئەگەر ئایاتوڵا نێچیرەوان دوو جنێوی مزر بە سەددام حسێن بدات کە تەنها لە یەک هێرشدا (١٨٢) هەزار لە ڕۆڵەی نەتەوەکەمانی سەرەنگووم کرد [٤١] و ڕاستییەکی وا بە هەواڵنێرانی بێگانە بڵێت باشتر نییە لەوەی شەڕەجنێو لەگەڵ مرۆڤێکی کوردی وولات پارێزدا بکات؟!

لە کۆتاییدا دەمەوێت ئەوە بەخوێنەر بڵێم کە تاڵەبانی لە دوای گەڕانەوەی لە ئەورووپا ووتارێکی لە ئێستگەی دەنگی کوردستاندا بڵاوکردۆتەوە، لەوێدا [٤٢] مرۆڤ دەتوانێت بە هاسانی ووزە و توانا و ئاکار و ڕەووشت و خەسڵەتی ئەم پیاوە هەڵسەنگێنێ. بە دەنگێکی ناساز، بە ڕەوتێکی خێرا کە زۆربەی ووشەکان لە ئیرەیاندا دەپچڕێنێت و قووتیان دەدا، بە ئیرەناچڵی وەڵامی دوو پرسیار دەداتەوە، یەکەم گەشتەکەی ئەورووپایی و دووەم، مەسەلەی گفتوگۆ (؟).

لەوێدا زۆر شت دەڵێت کە هەمووی کەم یان زۆ ر پڕ کۆنترادیکت و کەسوکوڕی و منداڵ بازاڕێتییە. مرۆڤ دەگاتە ئەو ڕادەیەی لە خۆی بپرسێت چۆن ئەم کابرایە دەکارێت دەنگی من وەک مرۆڤێکی کورد بگەیەنێتە جیهان و بگەیەنێتە دەوڵەتی ئێراق . تەنانەت پێش کۆتایی ئەم ووتارە، مرۆڤ لە خۆی دەپرسێت ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بەدوای ئەڵتەرناتیڤێکی نیشتیمانیانە و زانستی و تۆکمە و چاکیدا بگەڕێنین؟!

وەک گووتم، زۆر شت دەڵێت بەڵام ئەز لێرەدا چەند مەتەڵێکی دەنێمە بەردەست خوێنەر، بێ هیچ

جۆرە دەستکاری یەکی ووشەیی و ڕێزمانی و تەکنیکی و مانایی:

«ئەگەر لە ئەنجامی گفتوگۆش‌دا نەگەینە نەتیجە ئەوا تووشی شەڕ نابینەوە، تووشی شەڕ نابینەوە و بەڵکو حاڵەتێک لە شەڕ و ئاشتی دەبێت».

«نایەڵن جارێکی تریش ئێراق لە کوردستان بداتەوە (مەبەستی لە ڕۆژ ئاوایە ـ نووسەر)»

«لەسەر کورد دەچنەوە یەکۆ حوکومەتی ئێراق‌دا، لەگەڵ ئەمەریکا خەڵکی کورد دەپارێزن بە هەموو شێوەیەک».

«بڕوایان نی‌یە (مەبەسی لە ڕۆژ ئاوایە ـ نووسەر) دەوڵەتی ئێراق بێتە دیموکرات».

«ئێمە چۆن وادەکەین، هەوڵی پێکەوە لکاندنەوەی (٥) دەوڵەتی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بدەین»

دیارە ئەم ڕستەیە تابلۆی تالەبانیانەیە و هیچ مەبەستێک نادات بەدەستەوە. بەلام کورد بەسیلەی ڕەحم ماناکەی دەناسێتەوە، ئەم ڕستەیە هەمان شەکرپارانەکەی محمود سۆزانی‌یە کە لە سەرەتای ئەم باسەوە لێی‌ی دواوین.

«کۆمەلانی خەڵکی کوردستان زۆر فیداکاریان کردووە لە پێناوی دیموکراتیەت و سەربەخۆیی بۆ ئێراق و ئامادەنە ئەو خەباتە درێژە پێبدەن».

«شایانی باسە لەنێو تورکیا نەک هەر حوکومەتەکە بەڵکو ئۆپۆزیسیۆنیش باسی لەسەر کورد و پشتیوانیان لە خەباتی خەڵکی کوردستانی ئێراق دەربڕیوە».

ئەوەش دەڵێم، لەم ووتارەدا، لەوە دەچێت تالەبانی زۆر لە گفتوگۆ پەشیمان بووبێتەوە، لە قسەکانی‌دا دیارە کە ڕۆژئاوا چاک فوویان تێکردووە، بەلام خۆی هەمیشە وەک مارانگازێک هەر سڵ دەکاتەوە، بۆیە گوێگر بە هاسانی دەبینێت کە تالەبانی لە نێوان داوای «ئۆتۆنۆمی» و «مافی خۆ نووسین»دا بە هەڵواسراوەیی ماوەتەوە و ناتوانێت بڕیار بدات، وابپێدەچێت تەزبیحی گفتوگۆکەی ڕوابێتەوە.

ئەمانەش چەند پرسیارێکی کراوەن بۆ خوێنەر:

١ ـ ئایا بۆچی دوو بارەگای (ی.ن.ک) و (پ.د.ک.ع) لە ئەنقەرە، بۆچی بارەگایەک «نا» بۆ هەموو بەرە ؟ ئایا ئەو پارتانەی تری بەرە (٦ پارت) خاوەنی هەمان هەڵوێست نین؟!

٢ـ ئایا بۆچی دوو کەنالی ڕادیۆ بۆ ( ی.ن.ک) و ( پ.د.ک.ع ) لە کوردستان، بۆچی یەک ڕادیۆی بەهێز و کوردستانی «نا» بۆ هەموو «بەرە»؟ ئایا پارتەکانی تری بەرە دژی ڕادیۆن وەک ئامرازێکی ڕاگەیاندن؟!


٣ـ ئایا خوێنەر دەزانێت کە ڕۆژنامەکانی «الثورە» و «الجمهوریە» و «القادسیە» و...هتد دەگەنە

هەموو سووچ و قوژبنێکی کوردستان؟ بەڵام ئەوانەی سەر بە زۆر پێکخراو و رووناکبیری کوردستان سەنسۆر و قەدەغەیان لەسەرە؟!

٤ـ خوێنەر هەڵوێستی چی‌یە کە تاڵەبانی لەووتاری کاسێتەکەی‌دا دەڵێت:«لە ئوردون، چاومان بە ڕۆژنامەی «الریٔ العراق» کەوت کە ڕۆژنامەیەکە ئێراق لە ئوردن دەری دەکات و لەوێدا «تێگەیشتین کە دەوڵەتی ئێراق لەدەرەوە هەر لەسەر سیاسەتی خۆی بەردەوامە» (واتە دژ بە کورد ـ تەنانەت لەکاتی گفتوگۆ(؟)ش‌دا ـ نووسەر)؟

٥ـ ئایا خوێنەر هەرگیز بیری لەوە کردۆتەوە کە پەرلەمانێکی کوردستانی (ئەگەرچی کاتیش بێت) دابمەزرێنێت و لەو پەسارەدا مرۆڤی پسپۆڕ و لێهاتوو و کارامەی کورد بتوانن بەکاروباری خۆیان هەڵسن و گۆڕەپانێکی دیموکراسی بێ هەڵ و مەرج بڕەخسێنرێت؟ وە ئایا خوێنەر چاوەڕوانی پێشنیار و پشتگیریکردنی لە هەڵوێستێکی وا لێ دەکرێت؟!

هەواڵنامەی کتێب





دەستی من داوێنی تۆ، دیوارەکەت باش بڕێەکە
با، بە شەو سەرمای نەبێ منداڵی بن دیواری کورد
حەوشەکەت باخچەی نەبێ گزمەڵ بەچی ڕزگار ئەکەی؟
وێنکی نۆشی گیانی خۆت کە، چاکە بۆ ڕزگاری کورد
( قانع ١٨٩٨-١٩٦٥)

# هەڵوێستی پارتی کۆمۆنیستی

# ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیرکردوە

*«کینەی نەتەوایەتی زۆر زوو ون نابێت: ئەو کینەی- کە بە تەواوی دروستە-نەتەوەی چەوساوە هەیەتی دەرهەق نەتەوەی چەوسێنەر ماوەیەک دەمێنێتەوە، ئەو کینە تەنها پاش سەرکەوتنی سۆشیالیزم، وە پاش دوا دامەزراندنی پەیوەندیە دیموکراسیە تەواوەکان لە نێوان گەلاندا نامێنێت. ئەگەر ئێمە بمانەوێت راستگۆ بین لەگەڵ سۆشیالیزمدا پێویستە هەر ئێستا جەماوەر بە گیانی ئینتەرناسیۆنالیستی گۆش بکەین، کە ئەشیاوە وە ئەنجام بێت لە نەتەوەی چەوسێنەردا بەبێ پاڵپشتی کردن لە سەربەستی جیابونەوە بۆ نەتەوەی بن دەست.»(٤٣)*

هەر لەبەر ئەوەی پارتە کۆمۆنیستەکانی ئێراق و ئێران و تورکیا و سوریا (لێرەدا لە پارتی کۆمۆنیستی سوریا و ئێران ئەدوواوم، ئەویش لە بەر ساکاری تێگەیشتنیان لە بیری سۆشیالیزمی زانستی کە خۆیان ناویان ناوە«مارکسیزم- لینینزم» و لە هەمان کاتدا درێژنەکردنەوەی باسەکەش، کە بە تایبەتی تایبەتە بە پارتی کۆمۆنیستی ئێراق) خۆیان بە مارکسیزم - لینینزم لە قەڵەم دەدەن و هەر لە سەرەتای دروستکردنیانەوە - نەک دامەزراندنیانەوە -کێشەی کوردستانیان بەستۆتەوە بە خەسڵەت وشێوازی پێکهاتنی دەوڵەتی ناوەندیەوەو بە لایانەوە وابوە کە بونی دیموکراسیزم لەم وڵاتانەدا ( تا ئێستاش بە هیچ شێوەیەک دیاریان نەکردوە چ جۆرە دیموکراسیەک و چۆن و بە چ شێوەیەک چۆنیەتی بەرکەمالبوونی چارەسەری کێشەی کورد دەکات. لە هەمان کاتیشدا کورد وەک یەک نەتەوە و خاکی کوردستانیش وەک خاکێکی «بەزۆر دابەشکراو» و «پێکەوە لکێنراو» نەبینراوە. لەبەر ئەوە بەلامەوە پێویست بوو بە چەند لاپەرەیەکی خێرا ئاوڕێک لەم بابەتە بدەمەوە و بیخەمە بەر دەستی خوێنەرەداخۆ مارکس و لینین چۆن لەهەمان مەسەلەیان ڕوانیوە و هەڵیان سەنگاندوە و باسێکی سەرپێی پارتی کۆمۆنیستی ئێراق (پ.ک.ع) بکەین.

ئەو نەتەوەی نەتەوەیەکی بچەوسێنێتەوە، خۆی سەربەست نیە (٤٤) کارل مارکس ئەمەی گوت و لینینیش لە چەند شوێن و باس دا دەپاتی کردۆتەوە. کەم کەسیش هەیە لە ئێمە ئەم رستەیەی چەند جارێک بەر چاو نەکەوتبێت. مانای رستەکەش هێندە ئاڵۆز نییەو هاوکێشەیەکی هێندە

گران نی‌یە کە هێشتا ڕەوتی بیری مرۆڤ نەیتوانیبێت بیگاتێ.

دیارە، نەتەوەی کورد لەلایەن ئەم پارتە کۆمۆنیستانەوە وەک «نەتەوە» یەک نەبینراوە ئەویش ڕوونترین هۆی قەتیس مانەوەو مەیاندنی مەسەلەی کوردە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، هۆی تریش بێگومان زۆرن، بەلام گرنگترینیان ئەو بۆچوونە ساوایە گوایە بە وەدەست هێنانی دیمۆکراسی (بێ ئەوەی ڕوونکرابێتەوە چۆن؟؟) چەوساندنەوەی نەتەوەیش (کورد لێرەدا وەک کەمایەتیەک حسابی بۆ کراوە) دەپوکێتەوەو نامێنێت.

مارکس کە لە جیاتی ووشەی «دەولەت»، و «دەسەلاتداران»، «دەسەلاتدارانی بۆرژوازی» ووشەی «نەتەوەی» بەکارهێناوە، ئەو ڕاستیەی زانیوە کە چەوساندنەوە هەرچەندە لەلایەن ئەم «لایەنانە»وە هێنراوەتە ئاراوە، بەلام ئەوە هیچ لەو دروستایەتیە ناگۆڕێت کە ئەم پرۆسەیە واتە پرۆسەی داگیرکردن کە «نەتەوەیەک» دەکاتە سەردەست و «نەتەوە» یەکی دیکە، یان زۆرتر دەکاتە بن دەست. واتە «نەتەوە» سەردەستەکە، کەم یان زۆر، وەک یەکەیەکی تایبەتی لەم پرۆسەیەدا بەشداری دەکات و سوودو بەرژەوەندی تیا وەدەست دەکەوێت، هەر لەسەر ئەو بناخەیەش، زیان و نەهاتی و لە چەرمەسەریش تووش دەبێت کە لە بەردەوام بونیدا دەبێتە چەوساندنەوەی خۆی.

دیارە مارکس بە پلەی یەکەم مەبەستی لە چینی کرێکاران و بە پلەی دووهەمیش جووتیارو زەحمەتکێشانی نەتەوەی سەردەستە، کە چەوسانەوەی نەتەوەیی نەتەوە بندەستەکە دەبێتە سەرە مقەست و تویژگرتنێک بۆ چەوسانەوەکەی خۆیان، واتە ڕزگاربوونیان نەک هەر گران دەبێت بگرە دەشخرێنە هەلەوەو تووشی هەلدێرو نشێویش دەبن. ئەم بۆچوونەی مارکس لەم کاتەدا لە هەموو کاتێکی تر ڕاستر دەرچوو، بە تایبەتی مرۆڤ پارتە کۆمۆنیستەکانی تورکیا، ئێراق و ئێران و سوریا بە سەر هەرە لێواری مایەپوچی و خۆلەکیدانەوە دەبینێتەوە (ئەم قەیرانە هۆی گۆڕانکاریەکانی یەکێتی سۆڤیەت و ووڵاتانی سۆسیالیستی نی‌یە، بەلکو نزیکەی ١٢ساڵ لەمەو بەر بەسەر ئەم پارتانەدا هات، چ لە ئێران و لە ئێراق و چ لە تورکیاش. پارتی کۆمۆنیستی سوریا دەزگایەکی پارتی بەعسی ئارەبی سوریایە) هەروەها، مرۆڤ نەتەوەکانی ئەم ووڵاتانە دەبینێت بە چینێکی کرێکاری لاوازو پەرت و تەراتێنکراوەو، بێ کاری و نەبوونی دەزگای خزمەتگوزاری و کوژران و بڕین و زیندانی...هتد وە.

مارکس، گومانی لەم ڕاستی یە نەبووە هەر بۆیە ڕووی دەمی کردۆتە کرێکارانی ئینگلیز و پێی گووتوون خەباتی خۆیان لەگەڵ شۆڕشی ڕزگاریخوازی ئەو کاتەی ئیرلەندەدا یەک

بخەن. «بڕیارەکانی ئەنجومەنی گشتی لەسەر بەخشینی گشتی ئیرلەندە تەنها وەک پێشەکیەک بۆ بڕیارەکانی تر سوود بەخشە، ئەوە دەگەیەنێت- بە تەواوی بێ لەدادی ئینتەرناسیونال- کە زەمینە خۆشکەرەیەکە بۆ سەرفرازی چینی کرێکاری ئینگلیز کە ئەم یەکێتی‌یە زۆرەملی‌یەی ئێستا بگۆڕن -بۆ نموونە-، کۆیلەتی ئیرلەندا- بۆ فیدراسیۆنێکی دڵخوازو یەکسان ئەگەر بشێت، وە بۆ جیابوونەوەی تەواو ئەگەر پێویست کرا». (٤٥)

مارکس مەبەستی ئەوەیە مەسەلەی «نەتەوەی چەوساوە» بکرێت بە چەقی قورسایی خەبات و لەوێوە هەنگاو بنرێت، ڕووبەڕووی یەکێتی‌یەکی دڵخوازیانەوئەگەر بشێت» و بۆ جیا بوونەوەی «تەواو» ئەگەر پێویست کرا. مارکس و لینین و هەموو مرۆڤێکی ژیری تر ئەو ڕاستی‌یە دەزانن کە ڕک و کینەی نەتەوەی بن دەست وا زوو «ناپرکێتەوە » و ووشک ناکات و ڕەنگە دڵخوازی یەکێتی‌یەکی وا بە پەلەو خێرا نەبن، بە تایبەتی نەتەوەی چەوساوە وەک مارانگازێک لە هەموو جۆرە خشەیەک سڵدەکاتەوە. یەکێتی دڵخوازیانە بۆ ئەمان، وا بە گەرمو گوڕی‌و پەلە، ڕەنگە هەر ئاوازی «خشە» یەکیان بگەیێنێتە گوێ و بەس.

بەڵام پارتە کۆمۆنیستەکانی ئەم وڵاتانە هەر هەوڵیانداوە ئەگەر تەنانەت بە سڕینش‌و بنێشتەتالیش بێت ئەوا کوردو نەتەوە سەردەستەکانی ئەم وڵاتانە پێکەوە بنووسێنن. ئەویش نیلسۆن ماندێلا ووتەنی: ئەوان «دەسەلاتدارانی دەوڵەتی ناوەندی» لە سەر مێژو ئێمەش لەسەر ئەرزە رەقەکە.

بە چاوخشاندنێک بە مێژووی ئەم وڵاتانەدا کە کوردستانیان داگیرکردووە دەبینین کە چۆن ڕژێمە ناوەندیەکان- هەرە زۆریەیان- بەکردەتای سەربازی و ململانێ‌ی ناوچەچێتی و تیرۆر و کوشتن و بڕینەوە جڵەوی ڕژێمیان هەڵچڕوکاندووە و هەر بەو شێوەیەش لاچوون و بە درێژایی ئەم مێژووە تاڵو سوێرە بزوتنەوە نەتەوەیی‌و نیشتمانیەکان بە نشێو و فۆرتدا ڕاچوون، ئیتر ئەم پرۆسەیە بە بەردەوامی دووبارە بۆتەوە. کەچی ئەم پارتە کۆمۆنیستانە هەر زوو دڵیان بە ڕژێم داوەتەوە و ئەمیش هەر پاش ماوەیەکی تایبەتی و کورت دەستی بڕیونەتەوە.

واتە هەمیشە کێشەکە لە نێوان پارت و ڕژێم دا بووە بە و هیوایەی دڵی ڕژێم «نەرمبکرێت» یاخود هەرچۆنێک بێت هەندێک هەنگاوی ریفۆرمیستانە بنرێت ئەگەرچی هەر بۆ ناوو سەرزارەکیش بووە، دوور لە جەماوەر و نزیک لە ڕژێم، لە جیاتی هەوڵدان بۆ بردنی هێزە جیاوەزەکانی جەماوەر بە کۆمەڵێک پرۆسەی ئامادەکردن‌و دیزکراسیدا، بە پێچەوانەوە وڕگ گیراوتە «ڕژێم» و هەوڵدراوە «ڕژێم» کە هەمیشە دیکتاتۆری و تۆتالیتاریانە بوون- بە کۆمەڵێک

پرۆسەی گۆڕانکاری لاوەکی و «دیموکراسی(؟؟؟؟)» دا ببرێت.

هەرچەندە هێزی ئەم جەماوەر قڕکردنە زۆرن، بەڵام بەڵگەی ڕووداوەکان ئەوە دەسەلمێنن کە ئەم هەنگاوانە «هەڵەی رامیاری» و «هەڵەی تاکتیکی نین». ڕۆدۆلف بەهرۆ[٤٦] دەڵێت، زۆر پارتی رامیاری لە بەر نەبوونی بناخەی زانستیانە و خەبوونەوەو کەڵەکەبوونی بەرژەوەندی کەسایەتی و ناوچەگەرێتی و دەستبەدەرەکی دەبنە دەستگاو ئامێرێکی ترسناکی بیروکراتی کە وەک «ئۆپۆزیسیۆن» دەڕواننە جەماوەرو گەل. واتە دەبنە یەکەیەکی تایبەتی ترازاو لە کۆمەڵ و هیچ پەیوەندیەکی ڕەوشتی و کۆمەلایەتی و ڕامیاریان بە کۆمەڵگاوە نامێنێت. بوونی چەندین پارت و ڕێکخراو و دەوڵەتی بیروکراتی و دیکتاتۆری تۆتالیتاری بەڵگەی تە پساوو خەوش هەڵنەگری ئەم ڕاستیەن.

ئەمەش دیارە کۆمەڵێک ماکی زۆرو هەمەچەشنەی هەیە بەڵام گرنگتریان لە خشتە بردنی جەماوەرە بە دەستیخۆکە چاوەروانی رژێم بکرێت بگۆڕێ بۆ دیموکراسی. ئیدی بەبێ هیچ جۆرە زەمینەیەکی خۆیی و بابەتی و بەبێ هیچ جۆرە خۆرێکخستن و ئامادەکردنێک.سەرچاوەکەشی تێنەگەیشتنی ئەم پارتە کۆمۆنیستانەیە لە «دیموکراسی» و چۆنیەتی وە دەستهێنانی دیموکراسی و سۆشیالیزم بە شێوەیەکی سروشتی وا کە هاو ئاهەنگی ڕەوتەکانی تری کۆمەڵ بێت.

«لەم کاتەی ئێمەدا بە تە نها پرۆلیتاریا لە سەربەستی ڕاستەقینەی گەلان و کرێکارانی هەموو جیهان پشتگیری دەکات. بۆگەلانی جیاواز کە پێکەوە بژین لە ئاشتی و سەربەستی‌دا یان لە جیابوونەوە و فۆرمی رژێمی جیاوازدا(ئەگەر ئەمە -جیابوونەوەو فۆرمی ڕژێمی جیاواز- خۆشترو هاسانتر بێت) دیموکراسی تەواو، ڕەچاو کراو لەلایەن چینی کرێکارانەوە سەرەکیە. هیچ بەرخوردانێک(ئمتیاز) بۆ هیچ نەتەوەیەک یاخود زەمانێک نەبێت، تەنانەت بەبێ نزمترین پلەی چەوساندنەوە یاخود بچووکترین ئادادی سەبارەت بە کەمایەتیەک- ئەمانە پرینسیپەکانی چینی کرێکارە»[٤٧]

دیارە لینین لە بی ئیشرکاریدا نەبووە دانیشتبێت و قسەی بۆخۆی کردبێت، بەڵکو لە ئەنجامی کۆمەڵێک تاقیکردنەوەی تاڵو سوێردا گەیشتۆتە ئەو بڕوایە. هیچ وولاتێک وەکو ڕووسیای پێش شۆرشی ١٩١٧ لە گیروگرفتی هەمەجۆری نەتەوایەتی و کەمایەتیدا تا ژێرچەنەی نوقم نەبوو بوو.

لەئەنجامی توێژینەوە و لێکۆلینەوەی وەلامەکانی سکرتێری گشتی پارتی کۆمۆنیستی تورکیا(پ.ک.ت) کە لە پرسیاری چاوپێکەوتنێک دا داوێتیەوە بە هاسانی دەگەینە ئەو بڕوایە کە کێشەی کوردستان نەک هەر کێشەی سەرەکی نیە، نەک هەر بە گیروگرفتی لاوەکیش لە قەڵەم

نادرێت، بەڵکو بەلای پارتی کۆمۆنیستەوە ئەو کێشەیە تەنها یەکێکە لە ماکەکانی خراپی باری ئابووری و نەبوونی ریفۆرم. ئەوەتا لە سەرچاوەیەکدا لەژێر ناوی- هێزە دیمۆکراسیەکان لەژێر پەلاماردا- هەندێک وورده گلەیی لە رژێم دەکات و دەڵێت:-

«شەرە بانگەوازنەکراوەکە دژی خەڵکی کورد هەر بەردەوامە»[٤٨].

بێ گومان (پ.ک.ت ) هیچ بەرنامەیەکی تایبەتی بۆ چارەی گیروگرفتی کوردستان نی‌یە. ئەمە لە کاتێکدا کە لە هەموو نوسراوێکیان‌دا ووتارێک یان زیاتری سەبارەت بە مەسەلەی فەلەستین تیایە، کەچی بە نیوە دێڕێکیش نەک هەرباسی پانزده ملیۆن کوردی ژێر چەپۆکی خۆیان ناکەن، بەڵکو هەروەها باسی کوردستانیش وەک پارچەداگیرکراوەکانی ژێر چەپۆکی ئیراق و ئیران و سوریا -ش ناکەن، ئیدی نازانم چی وای لە سکرتێری گشتی کردووە بە هەموو ژیری و ئاوەزێکی‌یەوە (؟) چاوەڕێی رژێم بێت تا ئەو شەرە بانگەوازنەکراوە بوەستێنێت؟!

نیو ملیۆن سەربازی داگیرکاری فاشی تورکیا لە کوردستاندا دایانکوتاوە، سەدان هەزاران مرۆڤ لە زیندانەکاندا خزێنراون، بێ‌کاری و نەبوونی قوتابخانەو نەخۆشخانەو...هتد.

کوردستان لەلایەن هێزەکانی سوپای ناتۆوە کراوەتە مەیدانی تاقیکردنەوەی چەک و بارەگای تۆقاندن و خەفەکردنی بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی تری رۆژئاوا و باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان، ئینجا دروستکردنی جاش و بە هێزکردنی هێزی فیوداڵی و خێڵەکی کوردو بڵاوکردنەوە و هاندانی بیری ئۆتۆنۆمیخوازی لە پارچەکانی دیکەی کوردستان و پان ئیسلامی و یەکایەتی خاکی تورکان و پیرۆزایەتی سنورە دەستکردەکانی، لەمانەش بترازێت خنکاندنی دەنگی جەماوەری ئەرمەنستان و کەمایەتیەکانی تری وەک جۆرجی و یۆنانی و ئارەب و.....هتد ئەمانە هەموو گشتیان بڤەیە و سکرتێری گشتی ناخوازێت توخنیان بکەوێت.

هەر ماوەیەک پاش ئەم باس کردنە مێژوویی‌یەی(؟؟) کوردستان ئەندامێکی لیژنەی بیرۆی رامیاریان لە ژێر ناوی-شەریکە بچکۆلەدا A jenur Partner باسی مێژووی بەستنەوەی تورکیا بە ناتۆوە دەکات و لە نیوەی باسەکەی دا دڵی جولاوەو بە نیوە دێڕێک باسێکی سەرپێ‌ی کوردی کردووە:

«هەموو پارت و رێکخراوەکان دەستیان بەسەر داگیراوە، ئەشکەنجە و ئازاری هێزە دیمۆکراسیەکان، پیاهەڵچونی چەکداریانە دژی کوردەکان لە تەشەنەدایە، هەموو ئەمانە لە ژێر ناوی پەرلەمانیزمدا»[٤٩].

پ.ک.ت دەکارێت چەندین کتێب و گۆڤارو رۆژنامە هەر تەنها لە سەر ئەوە دەرکات کە رژێم

دان بە بوونی کورددا «نا» نێت. بەڵکو بەئاشکرا بە تورکی شاخاوی لە قەڵەم دەدرێت. ئینجا توێژینەوەو شەن و کەوکردنی چەندین بابەتی تر و دارشتنی بەرنامەیەک، کە هیچ نەبێت کێشەو گیروگرفتە نەتەوایەتی یەکانی تورکیا بە ئاشکرا قسەی لەسەر بکرێت و داوای چارەسەرێک یان دۆزینەوەی چارەیەک لەهەموو هێزە دیموکراسی و پێشکەوتووخوازەکان بکرێت. کەچی بە نیو دێر دەڵێت: «پیاهەڵچونی چەکدارانە دژی کوردەکان لە تەشەنەدایە». هەرچەندە ئەمە وەکو هەڵوێستێک پۆزەتیڤە، بەڵام ئایا ئیدی مەسەلەی کورد تەواو؟!

بۆ پ.ک.ت بەڵێ. چونکە دەخوازێت نیو دێرێک لە قسەی بۆش وەک «زەمینەیەک بۆ پاشەکشە» پاشەکەوت بکات( ئێ: ئەمە دنیایە شتێک ڕوویدات) کە خەڵکی کوردستان «گلەیی یان» پێ نەکرێت و لە هەمان کاتیشدا دڵی تورانی فاشیە دەسەڵاتدارەکانی تورکیا لە خۆیان نەیەشێنن. بەپێی ئێمە و خوێنەر بێت، لە پیناوی «تورکی شاخاویدا» لە وە زیاتر ناکرێت.

هەر پاش ئەوە گۆرەپانێک بۆ یەکگرتنی هێزەکاندا- دەڵێت:-

«ئێمە پشتگیری لە خەباتی گەلی فەلەستین لە پێناوی مافە بە جێکانیدا دەکەین. لەگەڵ مافی رژێمێکی سەربەخۆ، وە مافی دروستبێتی بوونی هەموو وولاتێک لە ناوچەکەدا. هەروەها ئێمە لەگەڵ کۆبونەوەیەکداین بۆ بەستنی کۆنفرانسێکی نێو نەتەوەیی بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی تەواو بۆ کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست. (کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لە فەرهەنگی سیاسی ئێستادا مەبەست لە فەلەستینە-نووسەر) داوا لەتورکیا دەکەین کە هەنگاوێکی دروستکارانە لەم بوارەدا بنێت.پارتیمان پیرۆزبایی لە ئەنجامەکانی جووتبوونەوەکەی جەزائیر دەکات لەلایەن دەستەی نەتەوەیی ڕێکخراوی ڕزگارکردی فەلەستینەوە، وەک سەرکەوتنێکی گەورە بۆ گەلی فەلەستین»(٥٠)

دیارە ئەمە وەک هەڵوێستێکی رامیاری سەبارەت بە مەسەلەی فەلەستین بەجێیە، بەڵام باشە بۆچی کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە پلەی یەکەم کێشەی نەتەوەیەکی(٣٠) ملیۆن مرۆڤی خاک بەشکراو نەبێت، بۆچی کێشەی نەتەوەیەکی دوو ملیۆنی بێت؟!( خۆی لە راستیدا دەبێت کێشەکە کێشەی هەردوولا بێت، بەڵام لێرەدا تەنها مەبەست گەورەکردنی فەلەستینە بە مەبەستی چاو بەسکردنی جەماوەری خەڵکو حەلالکردنی خوێنی کورد). ئەگەر پارتە کۆمۆنیستەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست کێشەی کورد بە کێشەیەکی سەرەکی ئەم ناوچەیە نەزانن، داخۆ ئیمپریالیزم و کۆمپانیا مۆنۆپۆڵەکان و کۆلۆنیالیست و فاشیستەکان چۆن لە کورد بڕوانن؟!

دیارە کورد مرۆڤی خوێن سەوزن و کوردستانیش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نیە، بەڵکو بەشێکە لە

ئەستێرەیەکی دور لە زەمین.

ئەوەی سەیرە نووسەر پاسەکەیی خستۆتە ژێر ناوی- پردێک بۆ هاوڕێیەتی، نەک بۆ دەست درێژیکردن-

وا دیارە پردی کۆمۆنیستە کەمالیستەکانی تورکیا هێندە درێژە یەکسەر بە کوردستاندا پازیداوەو پەڕیوەتە ئەو بەر ئاوەکەوە و مۆڵەتی ئەوەی نەبووە لە کوردستاندا لەنگەر بگرێت.هەر بۆیە مەسەلەی کورد  کە گەورەترین گیروگرفتی تورکیای ئێستایە  بە نیوە دێڕێک تەواو بووە و (پ.ک.ت) ئەگەر شەرەفی ئەو ناوەی پێدەینێ - مەسەلەی فەلەستینی کردووە بە چەقی قورسایی پاسەکەیی و ئاوا بابەتیانە لە سەری نووسیوە.(؟)

لە ڕاستیدا، ئەمان نەک هەر پشتیان بە مەسەلەی فەلەستینەوە نایەشێت بەڵکو تەنانەت هەر مەبەستیشیان نی‌یە، ئەوە نەبێت  کە بە کارهێنانی پەرژینێکی باش و لەبارە بۆ لەناو بردنی بزووتنەوە و جەنگی نیشتمانیانەی خەڵکی کورد.

ئەگەر مەسەلەی کورد دڕندایەتی دوو ڕژێمی تورکیاو ئیسرائیل بێت و قسەو باس لەسەر کۆلۆنیالیزم بکرێت ئەوا دەبێت چەوساندنەوەی نەتەوەیی و دژی دوو نەتەوەی چەوساوە هەردوو هەریەک و هەمان مافیان پێ ببەخشرێت کە ئەویش سەربەستی جیابوونەوە و  مافی دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی نەتەوەیی‌یە.

ئەگەر مافی سەرەکی بریتی‌یە  لە هاوکاری و یارمەتی دانی نەتەوە ژێردەستەکان بەبێ هیچ جۆرە جیاوازیەک و بێ هەستی ڕەگەزپەرستانە، دەبێت وەدەستهێنانی مافەڕەواکانیان بێت لەسنورێکدا کە بە تەواوی دڵخوازو هەڵبژاردەی خۆیان بێت، واتە مافی خۆنووسین، ئیدی بۆچی دەبێت جیاوازیەکی هێندە گەورە لە نێوان نەتەوەی کوردو فەلەستین و ئەریتیری و ئیرلەندەدا هەبێت؟!

ئەوەش لەیاد خوێنەر نەچێت، کە ئەو شێوازە بێپکارانەیە کە لە کوردستاندا لەلایەن داگیر کەرانەوە پەیرەو کراوە،وەک «دان نەنان بە بوونی خەڵکی کورد دا»  و بە کارهێنانی« گازی کیمیاوی و تەقەمەنی فسفۆر و ناپالم و بە کۆمەڵ کوشتنی بە ئەژمار و سووتاندنی خاک و سامانە سروشتی‌یەکان و...هتد هێشتا لە هیچ سوچێکی ئەم جیهانەدا بە کار نەهێنراوە.

بۆ ئەوەی خوێنەر  زیاتر لە پاسەکە نزیک بکەینەوە پەنا دەبەینە بەر نووسراوێکی سکرتێری گشتی پارت کۆمۆنیستی ئیسرائیل لە ژێر ناوی« تەنها ڕێگەیەک بۆ ئاشتی» دەڵێت:

هەڵوێستی پارتی کۆمۆنیستی ئیسرائیل بۆ ئەو گیروگرفتانەی کە پەیوەندن بە دابین کردنی

ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستەوە لەسەر هەمان بناخەی ئەو چارەسەرکردنانەیە کە لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بە مەبەستی دڵنیاکردنی هەموو سەرانسەری خەلکی ناوچەکە هاتوونەتە کایەوە.

دیارکردنی ئەم بڕیارانە دەبێت کێشانەوەی ئیسرائیل بێت لە هەموو ئەو زەویانەی کە لە ساڵی ١٩٦٧ دا داگیری کردووە. دامەزراندنی دەوڵەتێکی فەلەستینی لە زیفەی غەربی- لە ئوردن، لە گەڵ بەشە ئارەبی‌یەکەی جێروسەلیم- قدس- وقیتاع غەزەدا، هەروەها گەڕاندنەوەی بەرزاییەکانی جۆلان» ی داگیرکراوە بۆ سوریا. بە کورتی‌یەکەی، بنچینەی چارەسەرکردنەکە بریتی‌یە لە دوو دەوڵەت بۆ هەردوو نەتەوەکە - ئیسرائیلیەک و فەلەستینیەک-»(٥١)

ئێمە پرسیار دەکەینەوە داخۆ چی بۆتە هۆی ئەوەی کە پارتی کۆمۆنیستی ئیسرائیل- بە تایبەتی کە سەرانسەری باسەکە بخوێنرێتەوە- هێندە قراوان و ژیرانە بۆ مەسەلەکان بچێت؟ و هیچ جۆرە هەستێکی ڕەگەزپەرستی لە تێڕوانینەکانیدا نەبێت.

لە وەڵامدا دەڵێین مرۆڤ زۆر هەن کە گەشتۆنەتە ئەو ڕاستیەی وەک «مرۆڤ» سەیری هەموو مرۆڤێکی تر بکەن و نکۆڵی لە هەموو مافێکی گەورەو بچوکی مرۆڤی تر نەکەن. لەمانەش بترازێت پارتی کۆمۆنیستی ئیسرائیل لە ڕوانگەی سۆشیالیزمی زانیستی‌یەوە لە فەلەستین دەڕوانێت و خۆی بە کۆنەپەرست و فیوداڵ و هێزی بۆرژاوی ڕەگەزپەرستی نەتەوەکەی خۆیەوە نەبەستۆتەوە. ڕزگاربوونی فەلەسین بە زیانی بزووتنەوەی کرێکاری ئیسرائیل دانانێت و لە سەر ئاسی بیری نەتەوەیی بیرتەسکیش نەهاتوون هەلو مەرج لەسەر چۆنیەتی سەرفرازی و ڕزگاری خەلکی فەلەستین دانێن. پارتی کۆمۆنیستی ئیسرائیل نەیویستووە فەلەستین بکاتە مەیدانی تاقی کردنەوە و بووکەبارانی‌ی ڕووداوەکان.

کارێکی سەیر دەبوو ئەگەر پارتی کۆمۆنیستی ئیسرائیل بە دوورو درێژی باسی« کوردستان» ی بکردایەو بە نیوە دێرێکیش باسی فەلەستینی بکردایە.یاخود مەسەلەی فەلەستینیان بە تەنها یەکێک لەو گیروگرفتانە بزانیایە کە دەوڵەتی ئیسرائیل هەیەتی، ئەویش وەک ماکێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی، یاخود نەبوونی دیموکراسی. هەروەها بە هیچ شێوەیەکیش هەلو مەرجی گەورەو بچوکیان لەسەر فەلەستین یاخود نەهاتوون دانەناوە. زۆر ساویلکانە ئاڵای دیموکراسی بۆ ئیسرائیل و ئۆتۆنۆمیش بۆ فەلەستین بەرز بکەنەوە.

ڕەنگە خوێنەر ئەو ڕاستیە بزانێت کە پارتی کۆمۆنیستی ئیسرائیل تەنها خۆی بە پارتی کۆمۆنیستی ئیسرائیل دادەنێت و لە هەمان کاتیشدا پارتی کۆمۆنیستی فەلەستینیش هەیەو

هەموو دەولەتێکی ئارەبیش خاوەنی پارتی کۆمۆنیستی خۆیانن. کەس نەهاتووە دامەزراندنی پارتی کۆمۆنیستی فەلەستین بکات بە تاوانێک و خەلکی فەلەستینی پێ بترسێنێت. تەنانەت عزیز محمد دەبێژێت گوایە پارتی کۆمۆنیستی ئێراقی لە دروست کردنیشی‌دا دەستی سەرەکی هەبووە.

هیچ لایەنێکیش بە فەلەستینیەکانی نەگوتوە ئەوە پارتی کۆمۆنیستی ئیسرائیل، یان ئەوەتا لە نێو ئەمدا کار بکەن، یان ئەوەتا (٢٣) پارتی کۆمۆنیستی ترتان هەیە، بۆ دەی کەن بە (٢٤)؟!
نەخێر، ئەگەر یامەی یارمەتی خەلکی فەلەستین نەدرابێت ئەوا دەستیش نەخراوەتە کاریان.

هەر دوای ئەوە شایستەی پێکەنینە کە ئەم ڕفێژۆنیستانە ئەم ڕژێمە فاشی‌یەی ئێستای تورکیا- تەنانەت ڕژێمە سەربازی‌یە فاشی‌یەکانی پێشووش - بە بەردەوامبوون و قوڵبوونەوەی ڕامیارێتی کەمالیزم و شۆڤێنیزمی تورکی دانانێن، بە پێچەوانەوە، تا ئێستاش بە ئاشکرا بەرگری لە بیری کەمالیزم و کەمالیستەکان دەکەن و زۆر جاریش بە شانازیەوە ناویان دەهێنن، ئەوەتا لە ژێر ناوی - با چاوی منداڵان بە تیشکی بەختەوەری بدرەوشێتەوە- کۆمۆنیستێکیان (؟؟) دەڵێت: «ئەو دوانەی کە بەرگری دەکەن- بە مەبەستی لە دوو گۆڤاری «سیلجوک» و «ئیمان» ـە- وەرگێر- لە ڕێبازی ئەتاتورکی بەرز و مەزن بۆ بوونی تورکیای پێشکەوتووی خاوەن سیادەت[٥٢]».

ئایا هەر لەو کاتەوەی کەمالیستەکان- کە شۆڤێنیترین توێژی ڕاستڕەوی تورکی و تا ئێستا زاڵترین و بە دەسەڵاترینن- شۆڕشی گەنجە تورکەکانیان هەڵچرووکاندووە، چەوساندنەوە چینایەتی و نەتەوەیی‌یەکان هێندەی تر دژواتر و قوڵتر نەبوون؟! ئایا ئەم ڕژێمە فاشیستیە بەناو پەرلەمانیەی ئێستا بریتی نی‌یە لە تەواو کردن و قووڵبوونەوەی سیستەمی ئەتاتورکی فراوانخوازو ڕەگەز پەرست؟! ئایا لە چ کات و ساڵێکدا لە ژێر سایەی ئەم ڕژێمانەدا، خەلکی کوردستان، بۆ ئەو مەبەستەش ئەرمەنی‌و ئارەب‌و ئاسووری‌و جۆرجی و یۆنانی توانیویانە تەنانەت بە زمانی خۆشیان بدوێن یاخود بچوکترین مافی ڕامیاریان هەبێت؟!

ئێمە هەموو ئاگادارین کە لە یەکەم ساتی دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە زمان‌و کولتوری تورکی کراونەتە ڕەسمی و بە تەنهاو تاکە زمان و فەرهەنگ بوون کە مافی«بوون» یان هەبوویێت و هەر یەکسەر هەموو بزووتنەوەیەکی کوردستانی و خەلکی ئەرمەنستان و....هتد تۆێنراوەتەوە.

ئەم بەناو کۆمۆنیستانە وەک کەنگەری ئوسترالی بەر شەوارە کەوتووی ڕاوکراویان لێهاتووە نازانن لای ڕاست و لای چەپی خۆیان کامەیە. ئەم توێژە کە باڵێکی تایبەت‌و هەمیشە دەسەلاتدار(تا ئێستا) دەنوێنێ لەم پارتانەدا دەخوازن بەناوی ئیسرائیل‌و کێشەی فەلەستینەوە

کێشەی بنچینەیی و فرەسەرەکی ڕۆژهەلاتی ناوەراست(کوردستان) بخنکێنن و لە بیر ئازادیخوازانی جیهانی بەرنەوە و لە ئاستی نێو نەتەوەیی بهێننە خوارێ. بە داخەوە کە تا ئێستا لەو هەوڵەیاندا سەرکەوتووبوون.

تورکیا گەورەترین پۆلیسی ناوچەکەیە و هێزی« بڵاوبوونەی خێرایی» ئەمریکی تێدایە و گەورەترین و بەربلاوترین بنکەی پاکتی ناتۆیە و دەبێت حسابێکی تایبەتی بۆ بکرێت و بە ترسناکترین هێز بدرێتە قەڵەم. چونکە ئیسرائیل و سعودی عارەبیی و ئوردن و پاکستان...هتد تەنها بریتین لە کۆمەلێک رژێمی کۆنەپەرستی نیمچە سەربازی کە بە بەردەوامی دەبنە تەواوکاری یەکتر و بۆشاییەیە گەورە ڕامیاری و ئابوریەکانی خۆیان بە یارمەتیدان و هاریکاری یەکتر پڕ دەکەنەوە و هیچی تر. ئەمەش زۆر ڕوون و ئاشکرایە و لینین وتەنی زۆر شەرم و شکۆیە تازە بە تازە ئەلف و بێ ی مارکسیزم بۆ ماڵەوە بە دیاری بێنینەوە.

با ئەمانە بخەینە لاوە، گرنگترین خاڵ کە دێتە مەیدانی گفتوگۆوە ئەوەیە کە ئایا بۆچی ئێمە لەگەڵ «جیابوونەوە» و «دامەزراندنی دەولەتێکی ڕامیاری سەربەخۆدایین بۆ خەلکی کوردستان»؟!

بێگومان، هۆکان زۆرن و هەمەلایەن و هەمە جۆرن و هەمووشیان باس کردن و توێژینەوەی تایبەتیانەیان گەرەکە. ژێرخانی کردنەوەو دەست پێکردنی ئەم باسە بریتییە لە:

هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ئەو وولاتانەی کوردستانیان پێوە لکێنراوە و دوای خۆیان بوون بە داگیرکاری خەلکی کوردستان، گەلی کوردستان هیچ کاتێک و بە هیچ جۆرێک خاوەنی بچوکترین مافی دیموکراسی نەبوون. نەک هەر ئەوە بەلکو ڕۆژ بە ڕۆژیش هەوڵی سڕینەوەی کولتور و شارستانی و مێژووی دراوە.

بەلای پارتە کۆمۆنیستەکانی ئەم وولاتانەوە « جیابوونەوە» زیان بە بزووتنەوەی کرێکارانی ئەم وولاتانە و ناوچەکەو لە بەردەوامیشدا دا بە دەولەتە جیهان دەگەیەنێت- هەروەک جامیان بۆ کورد گرتبێتەوە و لە دەمی ئەفسوونەوە پێیان وترابێت کە ئەم ئایندەیی بە دەبێت بە ئەمریکای دووهەم و هیچ ئیش و کاری نابێت دژایەتی کردنی کرێکارانی ئەم وولاتانە نەبێت-، هەروەها و لە بەر ئەوە دامەزراندنی دەولەتێکی کوردی پێویست ناکات و کورد پێویستی بە دەولەتێکی سەربەخۆ نییە (ئیسلامیەکانیشیان هەمان هەلویستیان هەیە، دەبێژن کورد دەولەتی بۆ چییە، ئێمە هەموو ئیسلام و بەندەی خوداین، لە تورکیا دەلێن یەک دەولەتی ئیسلامیمان بەسەو لە ئێران هەروەها و لە وولاتی ئیراقیش هەر بە هەمان شێوە) بەلکو لە سایەو سێبەری دەولەتێکی دیموکراتدا(؟) هیچ گیروگرفتێکی ڕامیاری سەبارەت بە چەوسانەوەی نەتەوەیی نامێنێ و کوردیش

بە «ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینەش» دەگات.

«مارکس ناسراوە بەوەی ئارەزووی سەربەخۆی(پۆلەندە) ی کردووە لە پێناوی بەرژەوەندیەکانی دیموکراسی ئەورووپا و خەباتەکەی دژی هێزی دەسەلات- دەتوانرێت بگوترێت، دژی دەسەلاتی سەرانسەری و زالێتی«ئینفلۆنس» تەشەنەکردنی کۆنەپەرستانەی -تساریزم. تا چ رادەیەک ئەم بۆچوونە ڕاست بوو، بە تەواوی بە بەلگەوەکراو بە ڕوونی بە پراکتیک لە سالی١٨٤٩ دا ئەنجامدرا، کە لەشکری نۆکەری روسیا ڕزگاریخوازیتی نەتەوەیی و هەلگەڕاندنەوە شۆرشگێڕە-دیموکراسیانەکەی هەنگاری ووردو خاش کرد»(٥٣)

کە لێرەدا فرە گرنگەو هەندێک کەس ناوەڕوو لیێ تێدەگەن ئەوەیە کە مارکس و ئەنجلس لەگەلْ دیموکراسیتی ئەورووپادا نەبوون لە پێناوی وەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی پۆلەندەدا، بەلکو لەگەلْ سەربەخۆیی(پۆلەندە)دا بوون لە پێناوی هاسانکردن و هاسان - هێنانەوەی مافە دیموکراسیەکان و ئەورووپایەکی پڕ دیموکراسی و ئاسایشدا. هێنانەوەی دیموکراسی پێویستی بە کۆمەلێک هەنگاوی بنچینەیی یە، کە یەکێکی هەرە گرنگیان ڕزگارکردنی نەتەوە بن دەستەکانە لە هەموو جۆرە کۆیلایەتی یەک.

«هەر لەو کاتەوە- (لە کاتی ووردوخاش کردنی شۆرشی هەنگاریاوە -وەرگێر) تەنانەت تا دوای مردنی مارکسیش، تاسالی ١٨٩٠، لەکاتی بوونی مەترسی یەکدا تساریزم هاوسوێن لەگەلْ فەرەنسەدا- شەڕێکی شەرێکی کۆنەپەرستانەی دژی ئەلمانیای نا-ئیمپریالیست و سەربەخۆ تاو ئەدا، ئینگلس یەکەم کەس و لەپێش هەموو شتێکەوە وەستابوو بۆ خەبات دژیـ«تساریزم».(٥٤)

لێنین بۆیە دەلێت یەکەم کەس و لەپێش هەموو شتێکەوە دژی تساریزم وەستابوو؟ چونکە تساریزمی روسیای ئەو کاتە بە بەردەوامی سەری هەموو جولانەوەو ڕاپەڕینێکی شۆرشگێرانەو دیموکراسیخوازی ئەو کاتەی پان کردۆتەوە، تەنانەت بەگژ سەربەخۆیی ئەلمانیش داچووە. ئەوە تا زیاتر لە سەد سالْ دوای ئەوە ئەو ڕژێمانەی کوردستانیان داگیر کردوە بە هەمان کار هەلْدەسن و چەند جارێک خراپترن.

چۆن مافە دیموکراسی یە سەرەتایی یەکان وەدەست دەهێنرێن تاکو بنەما بنچینەیی یەکانی دیموکراسی لە دایک نەبن و وەدەست نەهێنرێن. واتە، کۆمەلانی خەلک بۆ ئەو جۆرە ژیان و خەباتە خۆیان ئامادە نەکردبێت؟

هەموو بەلگە سیاسی یەکان وا دەگەیەنن کە بەرزکردنەوەی ئالای سەربەخۆیی کوردستان خۆی لە خۆیدا بە هێزکاری بزوتنەوە دیموکراسی و کرێکارانی ئەم وولاتانەیەو دەبێتەساخکردنەوەی

هەڵوێست سەبارەت بەو دۆخەی خۆیانی تیا دەبیننەوە. کارێکی ئێجگار هەڵەیە، ئەم هەنگاوە بخرێتە پێش دەسکەوتە مرۆڤایەتی‌و مافە دیمۆکراتە سەرەتاییەکانەوە. ئازادی نەتەوەکان کە مافی زگماکی مرۆڤ‌و کۆمەڵگایەتی نابێت لەبار بچووێنرێت و پێشێل بکرێت، بەتایبەتی لەلایەن پارتێکی چینی کرێکارەوە کە خوازیاری دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی دیمۆکراسی‌و هاوبەیەکسان‌و سۆشیالستی بێت.

«بەڵام مارکسیەکان دەزانن کە دیمۆکراسیەتی کۆتایی بە چەوساندنەوەی چینایەتی ناهێنێت، تەنها خەباتی چینایەتی ئاراستەترو بەرفراوانترو کراوەتر دەکات، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە دەمانەوێت.

هەتا سەربەستی تەڵاقدان بەرفراوانتر بێت، ئافرەتان زیاتر و ڕوونتر بۆیان دەردەکەوێت کە سەرچاوەی«بەندێتی خۆماڵیان» سەرمایەدارە.(لە دیمۆکراسیدا).

هەتا سیستەمی ڕژێم دیمۆکراسیتر بێت، کرێکاران ڕوونتر دەبینن کە سەرچاوەی ڕەگی شەیتان-بەدێتی- سەرمایەدارە.

هەتا یەکسانی نەتەوایەتی پڕتربێت(وە ئەوەش تەواو نی‌یە بێ سەربەستی جیا بوونەوە) کرێکارانی نەتەوە چەوساوەکە ڕوونتر دەبینن کە هۆیەکانی چەوساندنەوەیان سەرمایەدارە....هتد»(٥٥)

ئاشکرایە تا مرۆڤ هەندێک(بەڕێژە لە چاو دۆخی خۆی‌و بابەتی‌دا) ئازاد نەبێت، واتە بە کۆمەڵێک مافی سەرپێی‌ی‌و بچکۆلە شاد نەبێت، دەرک بە گیروگرفتە سەرەکی‌یەکان ناکات. ئازادی«تەڵاقدان»و «دیمۆکراسی»و «جیابوونەوە» کۆمەڵێک دینگەی بناخەیین بۆ ئەوەی لایەنەکان زیاتر و قوڵتر لە کێشەکانیان بگەن و لە ڕاستی‌یەکان نزیک ببنەوە.

یەکسانی نەتەوایەتی ناشیاوە بێ سەربەستی جیابوونەوە، ئیدی ئەو سەبەستیی جیابوونەوەیە هەج فۆرمێکی ڕامیاریش بگرێتەوە، مافە دیمۆکراسی‌یە سەرەتایی‌یەکان و ئازادی دەست پێ‌کردن نابنە چارەسەر بۆ گیروگرفتەکان، بەڵکو دەبنە هۆکاری هاسانکردنیان و زەمینە بۆ چارەکان خۆش دەکەن.

«بە پاڵپشتی کردن لە مافی جیابوونەوە، پشتگیری دەکەن لە نەتەوە پەرستێتی برژوای نەتەوەی بن دەست. ڕۆزا لۆکسەمبورگ ئاوا دەڵێت و سیمکۆفسکی ئەمەی خستۆتە سەردەم،ئەو ئۆپۆرتۆنیستەی کە بە ڕێکەوت تەنها نوێنەری بیروباوەڕی سەرکوتکارە سەبارەت بەم مەسەلەیە لە ڕۆژنامەیەکی سەرکوتکارانەدا.

وەڵامی ئێمەش بۆ ئەمە ئەوەیە: نەخێر، بۆ بۆرژوا چارەسەرێکی «تایبەتی» بۆ ئەم مەسەلەیە گرنگە، بۆ کرێکاران گرنگترین شت لێکجوداکردنەوەی پرنسیپەکانی ئەم دوو ئاراستەیەیە.

هەتاکو بۆرژوای نەتەوەی بن دەست دژی چەوسێنەر شەڕبکات، ئێمە هەموو کاتێک و لە هەموو دۆخێک داو لە هەموو کەسێک توندتر لەگەڵی داین، چونکە ئێمە گەورەترین و توندترین دوژمنی خۆبنێنی چەوساندنەوەین.[٥٦]

بەڵێ، نەتەوەی بن دەست بۆی هەیە تا دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆش بڕوات. چونکە بە دامەزراندنی دەوڵەتەکەشی‌ئەوە هێشتا بەرخۆدانی زیاتری لە نەتەوەی سەردەست نابێت. بەڵکو تەنها هاوبەکسان دەبن. کە پارتە بۆرژواو نیمچەبۆرژوار خێڵەکی و فیودالیەکانی کوردستان تەنانەت لە پەشەڕاوی ئۆتۆنۆمیش لایانداوە و بە ئاشکرا بەرخۆردانی زیاتر و زیاتر بە بۆرژوای مشەخۆری نەتەوەی سەردەست دەفرۆشن، بێگومان لەسەر حسابی کرێکارو جووتیارو زەحمەتکێشی خەڵکی‌کورد، ئەوا دەبوایە ئەم کارە هێندەی تر کۆمۆنیستەکانی ئەم وولاتانەی هۆشیار بکردبایەتەوەو بیانڕوانیبایە کە چۆن مێشکی ئۆتۆنۆمیخواز و خیانەتکار لە کوردستاندا بۆتە تەوارکارو بەردەوام بوون و ووزەی لەبن نەهاتووی مێشکی مشەخۆر و بیروکراتی دەوڵەتی.

ئەرکی سەرشانی گشت چەپێکی نەتەوەی‌سەردەستە کە هەمیشەگە باسی مافی سەربەستیجیابوونەوە بۆ نەتەوەی بن دەست بکەن و بە هیچ خاڵێکی تر رازی نەبن، چونکە تەنها مافی سەربەستی جیا بوونەوە(بەهەموو فۆرمێکەوە) دەبێتە بناخەو هۆکاری یەکێتی دڵخوازی.

«سۆشیالیزمی سەرکەوتوو دەبێت پێداویستیانە دیموکراسیتی تەواو دابمەزرێنێت وە سەرەنجامیش، نەک تەنها یەکسانێتی راستەقینەی گەلان بخاتەروو بەڵکو پێویستە ئالأی مافی نەتەوە ژێردەستەکان بۆ دیارکردنی چارەنووسی خۆیان بە دەستی خۆیان بەرزبکاتەوە. بۆ نموونە، مافی سەربەستی جیابوونەوەی ڕامیاریانە. ئەو پارتە سۆشیالیستانەی بە هەموو چالاکی خۆیانەوە دەری ناخەن کە ئێستاو کاتی شۆڕش و دوای سەرکەوتنیش نەتەوە ژێر دەستەکان ئازاد دەکەن و پەیوەندیان لەسەر بناخەی «یەکێتی دڵخوازیانە» لەگەڵدا دەبەستن- وە یەکێتی دڵخوازیانەش ڕستەیەکی بۆش و درۆیە بەبێ بوونی مافی جیابوونەوە- ئەم پارتانە خیانەت لە سۆشیالیزم دەکەن»[٥٧]

بە واتەیەکی تر بە دان نان بە مافی نەتەوەکاندا (بێگومان بە مافی جیابوونەوەو دامەزراندنی فۆرمێکی سیاسیشەوە وەک، دەوڵەت) پرۆلیتاریا دەتوانێت زەمینەیەک خۆش و ئامادە بکات بۆ ئەو یەکێتی‌یە دڵخوازی‌یەی خوازیاریەتی، بۆ یەکێتی دڵخوازی ڕاستەقینە لە نێوان گەلاندا.

بێگومان نەک تا ئێستا هەر(بەڤە) بووە کورد لە مافی «جیابوونەوە» بدوێت، نەک هەر تاوان بووە باسی دامەزراندنی دەوڵەت و پەسارێک یان فۆرمێکی رامیاری سەربەخۆ بکات، بەڵکو تەنانەت «یەکێتی دڵخوازی» بشی لێکراوە بە «برایەتی‌یەکی پڕ ساختەچێتی و درۆی تەبی‌بێت».

واتە گەلی کوردستان تاڵی بێت و ترشی بێت، بیەوێ یان نە، دڵخوازو ویستەی خۆشی نەبێت ئەوا هەر«یەکایەتی خاک»ی ئەم وڵاتانە لە بەردەمیدا بووەو هەر سەرەنجام کردوویانە بە «برا»ی نەتەوە سەردەستەکان. خۆ ئەگەر لەم «برایەتی‌یە» خۆی راپسکاندبێت، ئەوا دووچاری کوشتن‌و برین‌و سووتاندن و ئاوارەیی و تەراتێن کردنیش بووە و تاوانی کۆنەپەرست‌و ناسۆشیالیست‌و پەرتخواز و هتد یش خراوەتە پاڵی.

ئاغایەک کە لەگەڵ کارەکەرێکدا لە راو دەبن، لە سەرەتادا وا بەڵێنی پێدەدا کە نێچیری یەکەم کەس، ئەگەرچی گەورە و گرانبەهاش بێت هەر بۆ ئەو کەسە خۆی بێت. بەڵام زوو بە زوو هەر کە دەبینێت یەکەم نێچیری کارەکەرەکەی ئاسکێکی جوانکیلەو ئەوەی خۆشی پیرە کەروێشکێکە پەشیمان دەبێتەوە. بۆیە روو دەکاتە کابرا دەڵێت: بەڵێنم دابوو ئەوەی یەکەم کەس گەورەترین نێچیر بپێکێت بۆخۆیی هەڵگرێتەوە. ئێستاش هەر لەسەر هەمان بەڵێن ماوم، ئەگەر ئاسک دەخوازیت فەرموو ئەوە کەروێشک و ئەگەر کەروێشکیش دەخوازیت فەرموو ئەوە کەروێشک.

«پرۆلیتاریای نەتەوەی چەوسێنەر پێویستە خۆیان بە رستەی گشتی‌و ساکارو خەڕەکەوە (streotyped) نەبەستنەوە دژدروستکردنی مالێکی تر(Annexation- ئەم ووشەیە بە مانای ماڵێک یان خانوویەک دێت کە سەربەخۆ بێت و پەیوەندی بە لایەنی ترەوە نەبێت، یاخود خانوویەک کە جوودابێت و لە هەمان کاتیش دا بە شێک بێت لە باڵەخانە یان خانوویەکی گەورەتر. لینین مەبەستی لە ووشەی«فیدراڵ-ی» و «دەوڵەتی سەربەخۆیە» بەو مانایەی ئەگەر نەتەوەی چەوساوە، کورد ووتەنی بیەوێت کەلاوەیەک بکاتە جێ گوزەرانی خۆی با بیکات- نووسەر)و لە پێناوی یەکسانێتی نەتەوەکاندا بە گشتی، هەروەکو هەر برژوایەکی پاسفیست(Pacifist- دوورە پەرێز- ئەو کەسانەی بڕوایان بە خەباتی چەکدارانەو شەڕی شۆڕشگێڕانە نییە بەتایبەتی لە بەر هۆی رەووشتی و ئایین‌و نەریتی و بێ هیوایی‌و....هتد- نووسەر )دووپاتی دەکاتەوە.

پرۆلیتاریا بێ‌دەنگ نامێنێتەوە لەسەر مەسەلەی سنووری دەستکردی دەولەتێک(frontier) کە دژزراوەتەوە لە سەر بناخەی چەوساندنەوە(بڕوانە سنوورەکانی ئێران و تورکیا و ئێراق و سوریا-

نووسەر) -مەسەلەیەک کە هێندە «ناخۆشە» بۆ بۆرژوا ئیمپریالیستەکان.

پرۆلیتاریا پێویستە خەبات بکات دژی ئەو گلدانەوە زۆرەملێیەی نەتەوە چەوساوەکە لە چوارچێوەی ئەو ڕژێمە تایبەتییەدا، کە مانای ئەوەیە پێویستە بجەنگێن بۆ مافی دیارکردنی چارەنووسی نەتەوەکان بە دەستی خۆیان.پرۆلیتاری پێویستە داوای سەربەستی جیابوونەوەی رامیاریانە بکات بۆ کۆلۆنی و نەتەوە چەوساوەکان کە لە لایەن «نەتەوەکانی خۆیانەوە» هێنراوەتەکایەوە.دەگینا ئینتەرناسیونالیزمی پرۆلیتاریا بێ لە ووشەی بۆش و بێ مانا هیچ نابەخشێت. نە باوەڕ دەمێنێ و نە هاریکاری لە نێوان کرێکارانی نەتەوەی چەوساوە و چەوسێنەردا.

دڵپیسێتی ریفۆرمیست و کاوتسکێکان کە بەرگری لە سەربەخۆیی دەکەن و کەچی بێ دەنگ دەمێننەوە بەرامبەر ئەو نەتەوانەی لەلایەن هێزەکانی خۆیانەوە دەچەوسێنرێنەوە و لە ژێر دەوڵەتی«خۆیان» دا بە زۆری زۆرداری هێشتوویانەوەتەوە، هەروا لە ناخیاندا پەنگ دەخواتەوە و دەمێنێتەوە.(58)

لێنین ئەو راستییەی زانیوە کە هەندێ کەس بان سەریان لێدەشێوێت و بە پێچەوانەوە لە بیری سۆشیالیزمی زانستی دەگەن، یاخود هەر بەدەستی بەنقەست و خواستی مەبەست و شۆڤێنیانە فەلسەفەی مارکسیزم لێکدەدەنەوە. سەرانی پارتی کۆمۆنیستی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیر کردووە لە هەمرو کەسێک زیاتر، تەنانەت لە«ئیمپریالیستەکانیش»، بە تەنگ سنووری دەستکردی ئەم دەوڵەتانەوە دێن و بەشە داگیر کراوەکانی کوردستان بە «ڕۆژئاوا» و «رۆژهەڵات» و «باکوری خۆشەویستی وولات» ناو دەبەن (تەنانەت تاکو ئێستاش ١٩٩١/٨/٢٥). ئەو ووشە «خۆشەویست» ەی کە کۆلکەی هاوبەشە و لە هەمموویاندا دووبارە دەبێتەوە، ئامرازێکە بۆ(بەلەبەنقەست) پووشاندنی هەستی نەتەوەیی چەوسێنراوی مرۆڤ و کۆمەلگای کورد، لە هەمان کاتیشدا «سوێندخواردنە» لەسەر «سووربێتی»یان بۆ بە پیرۆز زانینی سنوورەکان و یەکایەتی ئەم خاکانە.

ئەوەتا ڕێسان دۆگان هەر لەو نووسراوەیدا «پردێک بۆ هاورێیەتی ئەک بۆ دەست درێژی کردن»- دەڵێت:

یەکێک لە هەرە پەرەگرافە سەرەکێکانی ئەلتەرناتیفی(پ.ک.ت) ئەوەیە کە ئەک داوای پێداویستیێتی بەرگریکردنی بەردەوام لە سیادەی نیشتمانی تورکیا دەکات و بەس، بەلکو کارکردن لە پێناوی وەدیهێنانی سیادەی نیشتمانی هەمرو «دەوڵەتێک»-یش»(59)

دژگان نالێت، سیادەی نیشتمانی هەموو نەتەوەیەک، یان گەلێک، یان سیادەی نیشتمانی بە گشتی. باسەکەی دژگان لە سەر « دیمۆکراسی» نی‌یە تاوەکو بلێین دژگان مەبەستی لە سیادەی نیشتمانی گشت لایەنەکانە لەو دەولەتەدا. دژگان مەبەستی لە «دەولەتە»، مەبەستی لە دەولەتی تورکیایە، مەبەستی پیرۆزایەتی و سرووشتیبێتی و خواکردووی ئەو سنوورانەیە.

«سیادەی نیشتمانی هەموو دەولەتێک»!! «سنوور» و «دەولەت» لە هەرە دژەکانی بیری مارکسیزمن.

لە کاتێکدا کە سنوور لە پێناوی «سنوور» و دەولەت لە پێناوی «دەولەت» دا بێت، واتە جەنگاندن لە پێناوی بەرژەوەندی‌یە بەرتەسکە برژوازیە بالادەستەکاندا. هەر بۆیە بەلای ئەم کومۆنیستەوە کفرە گەلی کوردستان باسی سنوورێک بکات (ئەگەرچی ئەو سنوورە نەتەوەییشە وداگیرکراویشە) و فرمێسکی کروکۆدیلانە دەرێژێ گوایە دەولەتێکی نەتەوەیی بۆ کورد پێویست نی‌یە و پەسارێکی وا لە قازانجی گەلی کوردستان و پرۆلیتاریای ناوچەکە نی‌یە. کەچی بێ ڕەووشتانە، لەسەر «سنووری نەتەوەیی خۆیان» و «سنووری دەولەتی خۆیان-کە فراوانخوازە-» و «سیادەی دەولەتی خۆیان» ئامادەن نەک هەرمێشک بەلکو ویژدانی خۆشیان بفرۆشن. ئەمە لە کاتێکدا «سنووری دەولەتی خۆیان» کە وا بە گەرمی‌یەوە بەرگری لێدەکەن، بە تەنها سنووری دەولەتی خۆیان نی‌یە، بەلکو بریتیشە لە کۆی خاکی چەندین نەتەوەی داگیرکراوی تر. هەروەهاش، ئیمپریالیستەکانی جەنگی جیهانی یەکەم دایان مەزراندووە، نەک گەلانی ناوچەکە.

هەر بۆیە کوردستان نە بە وولات دادەنێن و نە بە خاکی نەتەوەیەکیش، ئەوەتا لە هەمان سەرچاوەدا لە ژێر ناوی«هەرەشە لە سیادەت‌دا » دەلێت:

« هەنگاوی سەربازیانە دژی کوردەکان نراوە، لە تورکیاش و لە دەرەوەشی دا »(٦٠)

ئەوەتا نە دەلێت لە « باکوری کوردستان» یان «کوردستانی تورکیا » «یان کوردستان»...هتد و نە ناوی «کوردستان»یش بە گشتی دەبات. بەلکو دەلێت لە تورکیاش و لەدەرەوەشیدا. واتە سنوورەکانی تورکیا و وولاتەکانی تری بە دیاردەی یەکەم تەقینەوەی ئەستێرەی زەوی داناوە. هەروەک ئەم سنوورانەو ئەم نەخشەیە نیشانەی سەرپشتی جەنگیزخانی باپیرەی بوویێت و نەتەوەی کوردیش بە هەلکەوت، قارچک ئاسایی، هەلتۆقیبێت. یاخود ناوبردنی کوردستانیش وەک خاکێک بۆ خەلکی کوردستان بریتیبێت لە ڕاگوێزانی ئەو کرێکارانەی لە بەهەشتەکانی دەولەتی تورکیا و ئێران و ئێراق و سوریا دا دەژین.

«هەر لە ڕووانگەی بەرژەوەندیکانی بزووتنەوە شۆرشگێرانەکەی کرێکارانی ئەلمانیاوە بوو کە

مارکس لە ١٨٤٨ داوای لە دیموکراسی سەرکەوتوو لە ئەڵمانیادا دەکرد کە دەست نیشان و گەرانتی سەربەستی بۆ ئەو گەلانە بکات کە لە لایەن ئەڵمانەوە دەچەوسێنرانەوە. لە ڕوانگەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی کرێکارانی ئینگلیزەوە بوو کە مارکس ١٨٦٩ دا داوای جیابوونەوەی ئیرلەندەی دەکرد لە ئینگلتەرەدا، هەروەها گوتی، ئەگەر فیدراسیۆنیش (یەکێتی دڵخوازیانە. وەرگێڕ) دوای جیابوونەوە بێتە کایەوە، تەنها بە خستنە بەردەمی ئەم داوایە بە ڕاستی مارکس کرێکارانی ئینگلیزی بە گیانی ئینتەرناسیونالیزم پەروەردە دەکرد»[٦١]

مارکس و لینین هەمیشە «فیدراسیۆن»، واتە یەکێتی دڵخوازیانەیان بە هەنگاوێک داناوە کە دوای پرۆسەی «جیابوونەوە»، یان هیچ نەبێت «سەربەستی جیابوونەوە» (بۆ نموونە لە هەڵبژاردنێکی ئازاد دا)، بێت. دەگینا بێگومان ئەم فیدراسیۆنە نەک هەر دڵخوازی نابێت بەڵکو دروستکراو و داتاشراو و هەڵبەستراو دەبێت. واتە دەبێتە زیندانێک، هەروەک ئێستای کوردستان.

«سۆشیالیستەکان نەک تەنها پێویستە داوای بێ هەڵ و مەرجانەی و زوو بە زوویی ڕزگارکردنی کۆلۆنیەکان بکەن بەبێ پێز لێدان - ئەم داوایە لە دەربڕینی رامیاریانەوە هیچ شتێک ناپەخشێت بێ لە دان نان بە مافی دیارکردنی چارەنووسی نەتەوەکان بە دەستی خۆ-، بەڵکو پێویستە هەروەها پشتگیری کردنێکی بەرسنوور پیشکەش بە بنچینە سەرەکیەکانی بزووتنەوە بۆرژوازیە دیموکراسیەکە بکەن بۆ ڕزگاربوونی نیشتمانیانە لەم وڵاتانەدا و دەستی یارمەتی بۆ ڕاپەڕینەکە یان درێژ بکرێت- یان شەڕی شۆڕشگێڕانە، ئەگەر هەبێت- دژی ئەو هێزە ئیمپریالیستانەی کە دەیان چەوسێننەوە».[٦٢]

لینین چەندین جار دوو پاتی «بێ هەڵ و مەرجانەی و زوو بە زوویی»کردۆتەوە و چەندین نموونەی ڕازیکاری هێناوەتەوە. لینین هەرگیز هەڵەی وای نەکردووە کە نەتەوەیەکی چەوساوە بێ هوودە بکاتە چاوەڕوانی شۆڕشێکی پرۆلیتاریا یان شۆڕشێکی کرێکاریانە، یا خود بە تەنها بیانبەستێتەوە بە ستراتیژ و ئامانجی شۆڕشێکی کرێکارانەوە، یان دوارۆژ و پاشەڕۆژ سەرکەوتن و ژێرکەوتنی نەتەوەیەک بە تەنها بە بزووتنەوەیەکی زەحمەتکێشانەوە یان کرێکارانەوە ببەستێتەوە. نەخێر، بەڵکو پێچەوانەی ئەم ڕستەیەی دوایی تێڕوانینێکی ڕاستی لینین بووە و مێژووش ئەم تێڕوانینانەی وەک خۆری بەرەبەیان ئاشکرا کردووە.

لینین هەروەها لە « بزووتنەوەیەکی بۆرژوازی » یانەو لە «شەڕێکی شۆڕشگێڕانە» دوواوە. لینین چاک لە ریالیزمی نەتەوەیەکی ژێردەست گەیشتووە و زانیویتی کە ڕەنگە جەماوەر «شەڕێک» لە

جیاتی «شۆڕشێک» بەرپا بکەن، بەڵام مادەمەکی ئەو شەڕە لە پێناوی ئازادی و وە دەست هێنانی مافە زەوتکراو و پێشێلکراوەکاندایە، چونکە ئەو شەڕە لە پێناوی دەرهێنانەوەی پارووە نانیانە لە وورگی چەوسێنەرەکاندا - ئیدی چەوسێنەر لە هەر فۆرمێکی ڕامیاریدابێت-، هەروەها لە پێناوی سەرفرازکردنی ویژدان و مل کەچ نەکردندا بۆ کۆیلەیەتی مرۆڤ، بۆ مرۆڤ ئەوە خۆی لە خۆیدا شەڕێکی شۆڕشگێڕانەیە.

شەڕی شۆڕشگێڕانە تەنها بریتی نی‌یە لە داواکاری کرێکارانە، لە دابین کردنی دڵنیابیکردنی ئایندەو پاشەڕۆژی کرێکار، لە برینەوەی مووچەی گونجاوو لەبار بەرامبەر کرینی هێزی کاری مرۆڤ و...هتدا.

هەموو شەڕێک لە پێناوی سەرفرازکردنی بەها مرۆڤایەتی‌یەکان‌و هێشتنەوەی نرخی مرۆڤ و پاراستنی ویژداندا بێت شەڕێکی شۆڕشگێڕانەیە.

(لە کۆتایی‌دا پێویستە وەڵامی پرسیارێک بدەمەوە کە لە لایەن چەند هەڤاڵێکەوە کراون، بەڵام هێندەی من بزانم هێشتا لە ڕۆژنامەدا گفتوگۆی لە سەر نەکراوە. ئەویش ئەو پرسیارەیە کە لە سەر پەرەگرافی(٩) ی پرۆگرامە سیاسیەکەمانە لە بارەی مافی نەتەوەکان لە دیارکردنی مافی چارەنووسیاندا بە دەستی خۆیان. ئەم پەرەگرافە بە دوو بەشەوە خەریک دەبێت. بەشی یەکەم بریتی‌یە لە بەیان نامەیەکی نوێ سەبارەت بە مافی دیارکردنی چارەنووس. بەشی دووهەم، بریتی‌یە لە بەیانکردن‌و بانگەوازێک و داواکردنی تیانی‌یە. پرسیارم لێ‌کراوە ئاخۆ گوایە بەیانکردنێک لەوێدا هەبێت. بەگشتی لە پرۆگرامێکدا جێگای بەیان کردن نی‌یە، بەڵام وا هەست دەکەم بە تایبەتکردنێک- جیاکردنەوەیەک- لێرەدا بۆ یاساکە پێویستە. لە جیاتی ووشەی دیارکردنی مافی چارەنووس، کە کۆمەڵێک گێرمەو کێشەی لێکدانەوەی هێناوەتەکایەوە، دەقاو دەق مەبەستەکەی دەخەمە بەردەست: «مافی سەربەستی جیابوونەوە».

پاش شەش مانگ تاقیکردنەوە لە شۆڕشەکەی ١٩١٧ زۆر بە گران دەشێت نکۆڵی بکرێت کە پارتی پرۆلیتاریی شۆڕشگێڕانەی ڕووسیا، ئەو پارتەی کە زمانی ڕووسیی- مەزن بەکاردەهێنێ زۆری بۆ هێناوە دان بە مافی جیابوونەوە دا بنێت.کە ڕژێم دەگرینە دەست، ئێمە ئەو کاتە بە زووترین کات و بەبێ دانانی هیچ هەلومەرجێک دان دەنێین بەو مافەدا بۆ فینلەندا، ئۆکرانیاو ئەرمەنیا و هەموو نەتەوەیەکی تر کە لە لایەن تساریزمەوە چەوسانەتەوە (وەیا بۆرژوای ڕووسیای مەزن). لەلایەکی ترەوە، ئێمە بە هیچ جۆرێک ئارەزووی جیابوونەوە ناکەین، ئێمە ڕژێمێکی وا گەیمان دەوێت کە ئەوەندەی بشێت نەتەوە دراوسێ‌یەکانی ڕووسیای مەزنی تیا کۆببێتەوە. ئێمە لە

پێناوی بەرژەوەندیەکانی دیمۆکراسی و سۆشیالیزمدا ئارەزوومەندی ئەمەین. بۆ ڕاکێشانی ئەوەندە ژمارە کە بشێت لە خەلکی کرێکاری ئەتەوە جیاوازەکان بۆ ناو خەباتی پرۆلیتاریا.

ئێمە ئارەزووی یەکێتی شۆڕشگێرانەی پرۆلیتاریا دەکەین.یەکبوونێتی نەک جیابوونەوە. ئێمە ئارەزووی یەکێتی‌یەکی شۆڕشگێرانە دەکەین. هەر لەبەر ئەوەیە دروشمەکەمان داوای بە یەکبوونێتی ڕژێمەکان ناکات بە گشتی، چونکە شۆڕشی کۆمەلایەتی تەنها داوای یەکگرتنی ئەو ڕژێمانە دەکات کە تێپەڕبوون یاخود تێپەڕ دەبن بەرەو سۆشیالیزم، و ئەو کۆلۆنیانەی سەربەستیان وەدەست هێناوە و...هتد.

ئێمە یەکێتییەکی دڵخوازیانەمان گەرەکە، لە بەر ئەوەیە پێویستە دان بە مافی جیابوونەوە دا بنێین، چونکە تساریزم‌و بۆرژوای ڕووسیای مەزن بە چەوساندنەوەکەیان تاڵی و بێ بڕوایی‌یەکی زۆری ڕووسیە- مەزنەکانیان خستۆتە نێودڵ‌و دەروونی ئەتەوە دراوسێ‌کانەوە. ئەمانەش پێویستە بە کردەوە نیشان بدرێن نەک بە دەم)(٦٣)

کەواتە ئەگەر گفتوگۆکەمان ئێستاش هەر لەسەر مارکسیزم و لینینزمە ئیدی بۆچی پارتە کۆمۆنیستەکانی ئەم وولاتانەی کوردستانیان داگیر کردووە وا بیر ناکەنەوە؟؟! و تەنانەت هەمیشەش بوون بە ئامێری سەرکوتکردن‌و پروپاگەندەی ژەهراوی دژی خەلکی ڕەش‌و ڕووت و هەژار و ناویان لێناوە شەڕی کۆنەپەرستی و خێلەکایەتی؟ کرێکاران و بزووتنەوەی کرێکارانی ناوچەکە کوردستانیان دابەش نەکرد تاوەکو ڕزگارکردنی کوردستان لە خزمەتی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان بێت. بەلکو هێزە ئیمپریالیستەکان داگیرو دابەشیان کردوو ئێستاش(٧٠) ساڵێک پاش ئەو کارەساتە، ئیمپریالیزمی ئەمەریکی و سەربازەکانی ناتۆ لەبەردەم دەرگای هەموو ماڵە کوردێکدا هەواریان هەلداوە و بەشێکی زۆر لە دوژمنانی کوردستان پیاوی ئەمەریکان(بوون) و تا دوا ڕاپەڕینی ئەم ساڵیش ئەمەریکا، وەکو هێزێک ئیمپریالیستی هەر دژی خەباتی ڕزگاریخوازانەو شەڕی شۆڕشگێرانەی خەلکی کوردستانەو بە ئاشکراش دژی دامەزراندنی دەولەتێکی کوردین کە بە مانایەکی تر سڕینەوەی سنوورەکان دەبەخشێت.

ئەم داگیرکردنەی کوردستان بە پلەی یەکەم هەمیشە کە زیانەکانی بۆ خەلکی زەحمەتکێش‌و جووتیار و کرێکاری کوردستان بووە و بە گشتیش سەراپای کورد زیانی لێکەوتووە. کرێکارانی ئەم وڵاتانە، ئەگەر هەر زیانیشیان لێ نەکەوتبێت ئەوا قازانجیشیان نەکردووە، ئیدی بۆچی دەبێت ڕزگارکردنی کوردستان لە خزمەتی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستدا بێت؟!

وئەگەر ئێمە داوای سەربەستی جیابوونەوە بکەین بۆ مەنگۆلی و فارس و میسری‌یەکان و

هەموو نەتەوە چەوساوەو نایەکسانەکان بەبێ هیچ جیاوازیەک- جیاکردنەوەیەک- لەبەر ئەوە نیە کە ئارەزووی جیابوونەوە دەکەین بەڵکو تەنها لە بەر ئەوەیە ئێمە ڕادەوەستین بۆ کۆمەڵەیەکی هاریکاریانەی سەربەست و گەیاندنیان بەیەک، بە پێچەوانەو دوور لە کۆمەڵەیەکی زۆرەملێ. ئەوە تەنها هۆکەیە (٦٤).

باوەڕناکەم بەشی زۆری ئەم ووتانەی لینین پێویستیان بە ڕوونکردنەوە و ئاشکرا کردن هەبێت. پیاو بە دەستی بەنقەست و خواستی مەبەست نەبێت ناتوانێت ماناکانیان بە پلەیەکی (١٨٠.) وەربگێڕێت.

> "تا بۆ پاڵپشتی کردنی نەتەوەک لە حوکم کردنی نەتەوەکی تردا"
> پرسیار: ئایا ئەمە بریتی‌یە لە سەربەستی جیابوونەوەش ؟
> دان نەنان بە سەربەستی جیابوونەوەداو پشتگیری کردنە لە حوکم کردنەکە «
> ئەم هاوکێشەیە وەیەکەم هەنگاو بەرەو یەکێتیی‌یەکی پتەو تر «.... (٦٥)

ئەمەی سەرەوە بریتی‌یە لە هاوکێشەیەک کە وەختی خۆی لینین لە دەفتەری تێبینی‌یەکانیدا کێشاویەتی. ئەم چەند دێرەی سەرەوە تێڕوانینە تایبەتی‌و گشتی‌یەکانی لینینمان بێ ئەملاو لا دەنێنە بەردەست. دەڵێین گشتی، چونکە ئەم هاوکێشەیە نەبەستراوە بە هیچ کات و شوێن و ناوچەیەکی تایبەتی و هیچ دۆخێکی تایبەتی و دیاریکراو لە ئارادا نی‌یە. لە هەمان کاتیش دا تایبەتی بە چونکە چۆنیەتی شێوازی «سەربەستی جیابوونەوەکە» لە سەر کۆمەڵێک فاکت و دۆخی خۆیی‌و بابەتی ونستاوە و لێرەدا لینین «ئازادی هەڵبژاردنەکەی» خستۆتە مشتی نەتەوە چەوساوەکە خۆیەوە. بۆ نموونە، ئەگەر ئەو نەتەوەیە بخوازێت دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنێت یاخود لە سیستەمێکی فیدرالیدا بێنێتەوە.

(ئەمەش شایانی باسە، کە ئەو نەتەوانەی لە یەکگرتنێکی فیدراسیۆنی دا. لە بلۆکەکانی ڕۆژهەڵاتدان وەک سۆڤیەت و یۆگۆسلاڤیاو چیکۆسلۆفاکیا...هتد تا نیستا شێوازی فیدراسیۆنەکەیان هەڵیەو هەروەکو جاران دەچەوسێنەوە و زەمینی- قورس لە ژێر چنگی دەوڵەتی ناوەندیدایە. ئەمڕۆ ١٩٩١/٧/٢٥ وا ٣ هەفتەیە دەوڵەتی ناوەندی یۆگۆسلاڤیا شەڕێکی کۆنەپەرستانەی کردۆتە سەر «کرواتیا» و بە هێزی ئاسمانی لێیاندەدات. ئەمە نموونەیەکی باشە بۆ ئەو چەشنە برایەتی‌یە پڕ درۆو دەلەسەیەی شۆڤێنیزمەکانی سەردەست خەڵکی پێ لە خشتە دەبەن، بە تایبەتی کە نەتەوەی کورد بەهیچ جۆرێک حسابی «کرواتیا»ی هەرگیز بۆ نەکراوە)

سکرتێری گشتی پارتی کۆمۆنیستی ئێراق لە نووسراوێکدا بە ناوی ( بەردەوام بوونی

ترادژیدیایەکی نیشتمانی) هەندێک فرمێسکی کرۆکۆدیلیانەی بۆ ئێراق هەڵڕشتووە و دەڵێت:
«لە کەرتی دووەمی ساڵەکانی (١٩٧٠) وە، رژێمی ئێراق پێنچی بە ئاراستە ڕامیاری و ئابووری- کۆمەڵایەتی‌یەکانی خۆی کردوە»(٦٦)

سکرتێری گشتی لەوێدا راوەستاوە و پێمان ناڵێت «بۆ»؟ چونکە خۆشی لەو بەرەدا خۆی دەبینێتەوە کە زەمینە خۆشکەرەی پێچکردنەوەکەیە. دوای ئەوەش ڕوونی ناکاتەوە کە «چی» بۆتە هۆی ئەوەی پارتی کۆمۆنیستی ئێراق سەرەڕای ئەو هەموو گۆڕانە فرەنێگەتیڤانەی رژێم تا ساڵی ١٩٧٩ ش هەر لە تەک ڕژێمدا بمێنێتەوەو تاوەنەکانی لەگەڵدا بەشبکات(؟)

لەوەش بترازێت، کاکی سکرتێر دەڵێت لە «کەرتی گشتی دووهەمی ساڵەکانی (١٩٧٠) وە »، واتە لە دوای ئاشبەتالەکەوە. بەو مانایەی، سکرتێری گشتی دەخوازێت ئەوەمان پێبڵێت کە رژێمی ئێراق لە سەرەتای ساڵی(١٩٧٠) وە تا (١٩٧٦) دیمۆکراسی و پێشکەوتوخوازو سۆشیالیست و...ئەو ووشە چەورانەی تر بووە کە سەرکردایەتی پارتی کۆمۆنیستی ئێراقی زوو زوو بە باڵای دەبڕیٚ و هەروەها ئەو «بەرە» یەش حەلاڵ بکات کە کاتی خۆی دوو قۆڵی لە گەڵ رژێمی بەعسی عەفلەقیدا دایان مەزراند. بە کورتیەکەی بە ڕەوا زانینی هەموو ئەو کارە نامرۆڤی‌یە ماڵوێرانکارەیە کە رژێمی بەعس لە کەرتی دووەمی ساڵەکانی(١٩٧٠) دا دەرهەق بە نەتەوەی کورد کردنی. کە لە پێچکردنەوەکەی (بادان)کەی کەرتی دووهەمی ساڵەکانی (١٩٧٠) دەدوێت، پێمان نالێت لەو ماوەیەدا، واتە تا کۆتایی (١٩٧٩/ ١٩٨٠) وەک پارتی کۆمۆنیستی ئێراق «چی» یان دژی ئەو «پێچکردنەوە»یە کرد، وە شێوەو شێوازی رامیاریان لە چ فۆرم و میتۆدێکدا بوو.

کەسیاسەتی دەرەکی ئێراق لەگەڵ سۆڤیەت و وولاتە سۆشیالیستە مافیایی‌یەکاندا باش و بەتین و هاوڕێیانە بوو ئەدەبوایە ببێتە سەنگی مەحەک و هێلانەی کۆتری ئاشتی بۆ (پ.ک.ع)، بەڕادەیەک کە نەک هەرخۆی لە بەرەیەکدا بدیتەوە، بەڵکو تەنانەت خوازیاری تواندنەوە و ئاوێتە بوونیش بێت لە پارتی بەعسی‌دا.

پ.ک.ع وولاتە سۆشیالیستی‌یەمافیایی‌یەکان و وولاتی برجنێفی رڤیژیونست و بیروکراتیان بە لوتکەی کۆمۆنیزم و بەهەشتی سۆشیالیزم دادەنا، هەر لەبەر پەیوەندی توندو تۆڵی ئێراق لە سیاسەتی دەرەکیدا لە گەڵ ئەم لایەنانە وای لە پ.ک.ع گەیاندبوو گوایە ئەم ڕامیارێتی‌یە دەرەکی‌یە پۆزەتیفە(؟؟!) ی ئێراق لە سەر ڕامیارێتی ناوخۆیش ڕەنگدەداتەوە و ڕژێم لە هەمان کاتدا پێشکەوتووخوازو سۆشیالیست دەبێت. بێ‌گومان، سەرکردایەتی ئەم پارتە هەروەها شەیدای

بەڵێنە چەورەکانی ڕژێمیش بوو بوو، کە دەتوانین ناوی «خۆشەویستی لە یەکەم نیگاوە» ی لێنێین. ئەم بەڵێنە چەورانەش، لە کەژاوەی دکتۆرا ژەنگ گرتوەکەی بریجنێفدا «هەنگاو ڕێگا نا سەرمایەداری بەرەو سۆشیالیزم» ناوی لیکە گلاندەکانی زۆر چەندەی پارتی کۆمۆنیستمان پێ دەتیزان. چەندین وتاری شیرین و گوڵڕەنگ و سرومەیی گەواهی ئەم ڕاستیانەن.

ئەگەر ئێمە واز لە شێوازی ڕامیاریتی دەرەکی ئێراق بهێنین و نەشمانەوێت بەلای دا بچین هێشتا ئەو پرسیارە دڵتەزێنە مەیدانی ئاخافتنەکەمان بەجێناهێڵێت و دەپرسێت داخوا بۆچی (پ.ک.ع) لە ئاستی ئەو هەموو ناڕەواکاری کردارە داگیرکارە فاشیانە بێ دەنگ دەمایەوە؟

بناخەی هەڵەکان یاخود هیچ نەبێت «بێ دەنگ مانەوە» ی پارتی کۆمۆنیستی ئێراق لەو سەرچاوەیەوە هەڵدەقوڵێت کە ئەم پارتە «داگیرکار-کۆلۆنیالیست» یک ناڕوانێتە ئێراق، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە جۆرێکی تر لە «هەڵسانگاندنی ڕامیاری» کە ناشبارە کارێکی «سوودبەخش» بە نەتەوەی کورد بگەیەنێت، لە زیان زیاتر.

خۆ ئەگەر هەر لەبەر خاتری درێژە پێنەدان ئێمە ڕامیارێتی دەرەکی ئێراق بە پۆزەتیف بقەبڵێنین، ڕامیارێتی ناوخۆی ئێراق هێندەی تر (کە زۆر خراپ بوو» ئاراستەیەک و ناوەڕۆکێکی دژ بە ڕامیارێتی دەرەکی دەبێت،

ئێمەش پرسیار دەکەین داخۆ چۆن ڕژێمێکی پێشکەوتووخواز لە هەمان کاتیش دا نادیمۆکراسی بێت؟! یاخود ڕژێمێکی دیمۆکراسی لە هەمان کاتدا کۆنەپەرست و شەڕخواز و فاشی بێت؟!

(ئەمە هەر بناخەی ئەو بۆچوونە چەوتەی سەرانی بەرەیە کە بە جەماوەر دەڵێن گوایە «ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌کەیان» دیمۆکراسی تیا بەر کەماڵ دەبێت و بە پێی هەڵبژاردن و دەنگی ئازاد گۆرانکاری یەکان دێنە کایەوە، هەرگیز ئەو پرسیارە لە خۆیان ناکەن ئاخۆ چۆن، لەسەر چ بناخەیەکی فەلسەفی، یان لۆژیکو وڵاتێک دەوڵەتە ناوەندیەکەی دیکتاتۆرو هەرێمەکەشی دیمۆکراتی دەبێت، یاخود دەوڵەتی ناوەندی یەک تاکە پارت دەبێت و ناوچەی ئۆتۆنۆمیش فرە پارت؟!)

تەنها هەنگاوێکی هەڵە دەبێتە هۆی ونبوونی ڕێگایەکی دوورو درێژ و بناخەیەکی هەڵە دەبێتە هەرگیز تەواو نەبوونی خانوویەک، یاخود داڕمان و گۆڕینی ناوەڕۆک و ڕووخساری بە شێوەیەک کە هەر لە خانووش نەکات. بۆ چوونێکی هەڵەش کە پارتێکی ڕامیاری ژێرخانی ستراتیژو ئایدۆلۆژی خۆی لە سەر هەڵبچنێت، سەرەنجامەکی لەلایەکەوە گەلێکی ماڵوێرانی ووژە لێبڕاو وێ ئایندە دەبێت، هەروەک ئێستای وڵاتی ئێراق و ئێران و وا تورکیاش ڕووەو ئەو

چارەنووسە هەنگاو دەنێت، لەلایەکی تریشەوە ئەو مایە پووچییە دەبێت کە وەک ئەهەنگێکی برسی خەریکی هەلوشینی پارتی کۆمۆنیستی ئێراق و دەستەخۆشکەکانیتی و هاکا قووتدران و لە چەند لاپەرەیەکی مێژوو، ئەویش ڕەش و تاڵو کرچ، هیچ ئاسەوارێکی تر وەجێناهێلن.

دکتۆراکەی برجنێف(کە Animal farm-ەکەی جۆرج ئۆرویل نەبێت هیچی تر ناهێنێتەوە یاد)(٦٧)، لەمەڕ گەیشتن بە قۆناخی سۆسیالیزم بەبێ‌پێداویستی هەنگاونان بە قۆناخ و پرۆسەکانی سەرمایەداریدا، بووە هۆی مایە پووچی زۆر پارت و ڕێکخراوی کۆمۆنیستی و هەروەها سەرگەردان کردنی کۆمەڵانی خەڵکیش، یەک لەوانە وولاتی ئێراقە و پ.ک.ع (٧) ساڵی ڕەبەق بە توندی دەهۆڵی بۆ دەکوتی و خۆی کردبوو بە شایەری بە شان و پیاهەڵدانی ڕژێم و دەستکەوتەکانی.

ولە ڕووانگەی بۆچوونی ئێمەوە هەنگاوی ڕێگای نا-کەپیتالیستانە پێویستە زیاتر دیاری بکرێت. مەبەستم ئەوەیە کە دەبێت زۆر تایبەتیانە لە بارو دۆخێکی تاریلکەو تایبەتدا بخرێتە کار. ئەو بۆ چوونە لە بارەی گەورەکردنی ئەو هەنگاوەوە و خەملاندنی لە هەموو شوێنێکدا، هەڵەبوو. هەنگاوی ڕێگای ناسەرمایەداری زۆر بە هەڵەوە لەو وولاتانەوە دەستی پێکرد کە تەنها ڕامیاریتی یەکی دەرەکی دژ بە ئیمپریالیزمیان هەبوو بەس، هەرچەندە کە خۆی ئەمانە باشەو بە سوودە -، بەلام ئەمە بریتی نییە لەوەی کە ئەم وولاتە ڕووەو سۆشیالیزم دەڕووات.

بە هەمان شێوە، ڕامیاریتی هاندان و گەورەکردنی کەرتی دەوڵەتیState sector کە خۆی لە خۆیدا فاکتێکی بە سوودە- زۆر هەڵەبوو کە کرا بە بەڵگەیەک بۆ کۆتایی هاتن بە پێشکەوتنی سەرمایەداری لەم وولاتانەدا.

لە زۆر کاتدا، زلکردن وگەورەکردنی ئەم هەنگاوە و فرێدان و واز لێهێنانی هەموو شتەکانی ترو یاسا گشتییەکانیان بۆ کردنی خەیاڵ پلاوی ڕۆیشتنی دەوڵەتان بەرەو سۆشیالیزم ڕاوەستاو ئەگرنجا لەگەڵ ڕیالیزمدا. ناوی کۆمەڵێک وولاتی تایبەتی ناهێنم بۆ ئەوەی زویر نەبن، بەلام ئەندێشەیەکی وا لە ڕووی تیۆرەوە بە ڕوونی و ئاشکرا کرداری ڕاستەقینەی پراکتیک دەشێوێنێ. مەسەلەی دیموکراسیتی و ڕژێم لەم بوارەدا خراپ هەڵسەنگێندراوە. پیاو بیر لە چەندین وولات دەکاتەوە کە دیموکراسی لە ناوبناگۆیی پێهەڵچنرابوو کەچی لەسەر ئەوەشەوە بە پێشکەوتووخواز دادەنران. لە ڕوانگەی ئێمەوە، هیچ وولاتێک بە پێشکەوتووجواز دانانرێت ئەگەر دیموکراسی نەبێت. هیچ وولاتێک ناکارێت نا دیموکراسی و لە هەمان کاتیش دا پێشکەوتوو خواز بێت. تاقیکردنەوە ئەم ڕاستییەی بە تەواوی لە هەموو شوێنێکدا سەلماندووە» (٦٨)

نموونەیەکی باش بۆ ئەم «بەسەرهات»ەی ئێمە ! چۆن وڵاتێک دەکرێت پێشکەوتووخواز بێت و هەنگاوی سۆشیالیستانە بنێت ئەگەر ژمارەی زیندانەکانی لە ژمارەی قووتابخانەو فێرگاکان بیهتر بێت؟! چۆن وڵاتێک بە دیموکرات دادەنرێت کە نەتەوەیەکی (٥) ملیۆن مرۆڤی لە بچووکترین مافی مرۆڤایەتی - نەک هەر نەتەوایەتی -بێبەش بن؟! هەمان ڕژێمی بەعس ئەبوو کە لەساڵی(١٩٧٠/١٩٧١) دا دوو سەدهەزار کوردی بەغدا و کوت و عەمارەو نەجەف و کەربەلا بە ناوی ئێرانییەوە دەرکرد ؟(سەرکردایەتی خێڵەکی ئەو کاتە لە چەند بەیانێکی سووک زیاتر هیچی تری لێنەوەشایەوە- پارتی کۆمۆنیستیش مەستی کارتێکردنی یەکەم نیگا بوو). شاری شەنگار بۆردومان نەکراو دەیان جار دەست درێژی نەکرایە سەر؟ موسڵ بە تارەب نەکرا، و کرێکارانی نەوتی کەرکوک و مووچەخۆرەکوردەکانی ئەوێ بەر دەردە خانەنشینی و ڕاگوێزرانەوە...هتد نەکەوتن؟

چەندین کاری فاشستیانەی تر کە هەموو لەنێوان ساڵی(١٩٧٠،١٩٧٤) دا ڕووی داوە، ئەگەر بمانەوێت لە جەنگە نیشتمانییەکەی ١٩٧٤ یش ئەدوێین. لەهەموو سەیرتر ئەوەیە کە یەکێک لە هەرە خاڵە گەرمەکانی گفتوگۆی ناوخۆی پارتی کۆمۆنیستی ئێراق لە دوای(١٩٧٩) وە واتە پاش ئەو «هەموو» کارەساتە دڵتەزێنە، هێشتا ئەدەکرا لەسەر «ڕەفتارفاشیستی» ئێراق ڕێکەوتنێک ساز بکرێت. ئێمە پێمان وایە هەموو داگیر کارێک کە میتۆدی بنەبڕکردن و لە ناو بردنی سیستەماتیکی دژی نەتەوەی بن دەست بەکارهێنا، ئەوا فاشیستە. پارتی کۆمۆنیستی ئێراق ئەم بۆچوونەمان لەگەڵدا بەش ناکات چونکە بەلای ئەوانەوە نە «ئێراق» داگیرکارە و نە کورد «داگیرکراو»ەو نە شێوازی «بنەبڕ» کردنیش بەکارهێنراوە.

ئایا دەبێت و کارێکی پێویستە و تەنانەت «ڕەواشە» خەڵکی کوردستان باجی ئەم هەموو هەڵە مێژووییانە بدەن بە بەردەوامی بکرێنە قوربانی بۆچوون و ڕوانگەی دەستەیەک خەڵک کە «مێژووی بوونیان» بەڵگەی نەشاراوەی لێنەهاتوویی و کاڵێتی و هیچ لە دەست نەهاتنیان دەکات؟!

«ئێمە داوای سەربەستی دیاریکردنی مافی چارەنووس دەکەین، بۆ نموونە، سەربەخۆیی یان سەربەستی جیابوونەوە بۆ گەلانی چەوساوە. نەک لەبەر ئەوەی خەو بە دابەشکردنی ئەم وڵاتانەوە دەبینین لە ڕووی ئابووریەوە، یاخود لەبەر دروستکردنی کۆمەڵێک ڕژێمی بچکۆڵە. بەڵکو بە پێچەوانەوە، لە بەر ئەوەی ئێمە دەوڵەتی زل و یەکێتی توند و تەنانەت ئاوێتەبوونی نەتەوەکانیشمان گەرەکە لەگەڵ یەکتر، تەنها لەسەر بناغەی دیموکراسی و ئینتەرناسیونالیزمی ڕاستەقینە، کە هەرگیز بەبێ سەربەستی جیابوونەوە وەدەست ناهێنرێت».(٦٩)

لێنین زۆرجار تیشکی خستۆتە سەر تێکەڵاو نەکردنی پرۆسەی دیمۆکراسی و خەباتی چینایەتی تاوەکو ئەوانەی لە سەرەتای ویژەو کولتووری سۆشیالیستی دان ئەکەونە هەڵەوەو ئەو هێڵە «کاتی»یە بکێشن کە هەردوو پرۆسە ئازادیەکان لێک جیادەکاتەوە.سالی زالی رفۆرمیست و فراوانخوازی مۆسکۆ وای لە دەستەخۆشکەکانی گەیاندووە کە ئازادی‌یە سەرەتایی‌و مافە دیمۆکراسی‌یەکانی وەک «سەربەخۆیی» یان «سەربەستی دیارکردنی چارەنووس بە دەستی خۆ» بۆ پرۆلیتاریا بە پلەی دووهەم دێن.

«خستنەلای دیارکردنی چارەنووسی نەتەوەکان بە دەستی خۆیان و خستنی دیارکردنی چارەنووسی کرێکاران بە دەستی خۆیان لە جێگای بە تەواوی و بێ ئەملاولا هەڵە دەبێت. چونکە دانانی ئەو مەسەلەیە بەم شێوەیە لەگەڵ گیرمەو کێشەکاندا ناگونجێت، وە لەگەڵ ئەو ڕەوتە زیکزاکی‌یەدا نایەتەوە کە لێکجوداوازی نەتەوەکانەوە خەملیوە»(٧٠)

دیارە ووشەکانی لێنین زۆر دیارو ئاشکران وتوێژینەوەیەکی ئەوتۆیان پێویست نی‌یەو بە زمانێکی ئالۆز بە هێما نەنووسراون. لە هەمان کاتیش دا تەنانەت ئەگەر لێنین لە سەر ئەم مەسەلەیە یاخود مەسەلەیەکی دیکەی تر بۆ چوونێک یان زیاتری هەڵەبێت و لە سوودی نەتەوەکان نەبن و پێویستیان بە پشتگۆی‌خستن و چاک کردن هەبێت، یا هەنگاوی پێویست بۆ دووبارە داڕشتنەوەیان بدرێت. ئەرکی سەرشانی کەس نی‌یە هەمان هەڵە دووبارە بکاتەوەو لەسەر هەمان ئاواز بخوێنێ. ووتەکانی لێنین، هەروەکو چەندین مرۆڤی لێهاتووی تری ئەم سەر زەمینە هەموو سەرەنجامی تاقیکردنەوەی تایبەتی‌و تایبەتن بە قۆناخێکی مێژوویی دیاریکراو و تەنها بە گشتی کۆمەڵێک لایەنی هەمە چەشنەی تر دەگرنەوە، مەرج نی‌یە هەمیشە لە هەموو شوێنێک و لە گشت ئان وسات و لە ئاوو هەوای هەموو نەتەوەیەکدا دروست بن و لەگەڵ ڕیالیزمدا بێنەوە و یەک ئاهەنگی داخوازیەکانی کۆمەڵ بن. لەسەرو هەموو ئەمانەشەوە، بیری زانستی نە دەروێشایەتی و نە ئەڵقە لە گوێی قبوڵدەکات.باوەر ناکەم هیچ نووسەرو زاناو داناو ویژەوانێکیش پێی خۆش بێت کە خەڵک بە هەڵە لە ووشەکانی بگەن و شیرازەی مەبەست و مانای بەرهەمەکەی بگۆڕرێت و بە پێچەوانەی مەبەستەکەیەوە بپراکتیکێنرێت.

ڕامیارێتی پڕ هەڵەی ئەم پارتە کۆمۆنیستانە، لەسەر ئەو بناغەیەی کە ئەم دەوڵەتانەی کوردیان لە نێو خۆیاندا قووتداوە « داگیر کار» نین بە دەیان شێوە ڕەنگی داوەتەوە. ئەگەر هەر بڕوانینە چەوساندنەوەی زمان و بەرە و « پوکاندنەوە» ڕۆیشتنی زمانی کوردی و لە هەمان کاتدا قەتیس مانەوەو پەنگ خواردنەوەی و پێشنەکەوتنی شان بە شانی دەسکەوت‌و پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی‌و

ئابووری و تەکنیکییەکان، دەبینین کە چۆن زمانی کوردی لە مەترسی «نەمان» دا لەسەر هەرە لێواری بوون و نەبوون بەملاو لادا دەکەوێت. لەمانەش بترازێت، گەورەترین هۆیە کە تا ئێستا خەلکی کورد نەیتوانیوە لە بابەت فەلسەفییە جیهانییەکان نزیک بێتەوە و بکەوێتە تاووتوو ئەمدیوو دیو پێکردنیانەوە. کۆمەڵێک بەرهەمی وێژەیی و کولتووری و فەرهەنگی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی تر وەرنەگێڕاونەتە سەر زمانی یەکتر تاکو، ئەم نەتەوانە (ئەگەرچی دژی خواستی دەوڵەتی ناوەندیش بێت) لێک نزیک بینەوە و بە یەکتری ئاشنا بن، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا دەبووە «جۆرە» دان پیانانێک بە کورددا وەک نەتەوەیەک، کە دیاردە هەر لە بەر ئەم هۆیەشە کە کورد و زمان و وێژەو هەموو بە هایەکی تری پشتگوێ خراوە.

خەلکی کوردستان (بەشە داگیر کراوەکەی ئێراقی لێدەرچێت (ئەویش کە بە بەردەوامی لە گۆڕان و هەلکشان و داکشاندا بووە) نەیان توانیوە بە زمانی خۆیان بدوێن و بنووسن و بخوێنن، و هیچ بابەتێکی فەلسەفی جیهانیش( لەلایەن چەند ڕووناکبیرێکی نیشتمان پەروەری کوردەوە نەبێت) کەم یان زۆر وەر نەگێراوەتە سەر زمانی کوردی. ئەگەر خەلکی کوردستان ویستبیان لە بابەتێکی فەلسەفی، هونەری موزیکی، رامیاری....هتد بگەن،(ئەوە بێجگە لە ڕێگای هەژارییەکە کە بەشەڕەشەق و ناخۆشی و کورت دەستی هەندێ ڕوناکبیری کوردەوە هاتوونەتە چێ‌کردن) تەنها دوو رێگەی تر هەبووەو بەس.

١. ڕاوەستان و چاوەڕێ‌بوون تاکو بەشکم ڕۆژێک لە ڕۆژان هەندێک لەم پارت و ڕێکخراوەنە دڵیان بجوڵێت و هەندێک بابەت بگۆڕنە سەر زمانی کوردی( بەداخەوە، مێژووی نیوسەدە زیاتر لە تاقیکردنەوەی تاڵوسوێرو کوشندە تا ئەو «ڕاوەیە» دلی نەبزواندن)، یاخود

٢. مرۆڤی کورد، بە زۆری زۆرداری و دژ بە خواستی خۆی فێری زمانی تورکی و فارسی و ئارەبی بێت کە ئەبێ یەکەم لەلایەکەوە مەحالە، بە تایبەتی لە بەر نەبوونی قوتابخانەو دەستگای پەروەردەو فێرکردن‌دا لە هەموو سوچێکی کوردستان، دووهەم کە دەشبێتە هۆی لە بیر چوونەوەی زمانەکەی خۆی، کە (نەخوێندنی زمانەکەی خۆیی و باش خوێندنی زمانی داگیرکارە).

ئەگەر ڕژێمی ناوەندی و هێزە بۆژاو نەتەوەپەرستەکان لەم وولاتانەدا ڕێگەی ئەوەیان دابێت کە هەندێ بابەت بگۆڕێتە سەر زمانی کوردی ئەوا هەرە زۆربەیان ئەوانە بوون کە لە خزمەتی بەهێزکردنی خۆیان و پاراستنی بەرژەوەندیەکانیاندا بووەو لە سەنگەری دژایەتی کردنی بیری سەربەخۆیی و نەتەوەی کورد دا خۆی دۆزیوەتەوە. سەرکردایەتی بۆژوا و خێڵەکایەتی کوردیش نەک هەر پێخۆشحالی بلاوبوونەوەی بابەتی فەلسەفی و ئایدیۆلۆژی وزانستییەکان نین بەلکو

دەمی قەیچی سانسۆریان هەرگیز لە هێنی دوژمنان و داگیرکاران و بە پێنجەوانەوەشەوە، وەرگێراوە؟ یاخود تەنانەت هەوڵدراوە یارمەتی و هاوکاری ڕووناکبیرانی کورد بکەن بۆ خەملاندنی زمانێکی یەکگرتووی کوردی کە هیچ نەبێت وەڵی هەنگاوێکی سەرەتایی ڕۆڵی هەبێت و زمانی کوردی لە مەترسی پرکاندنەوە بپارێزێت؟!

کۆمەڵێک پرۆفیسۆری سۆڤیەتی ڕەخنەیان لە «ماوتسیتۆنگ» گرتووەو لەوێدا ڕۆڵێکی فرە مەزنیان بە زمان و، چۆنیەتی تێگەیشتنی (ماو) لە بیروباوەڕی مارکسیزم-لینینزم، بە هۆی زمانەوە داوە.

«ئەمەش کارێکی سەر سوڕمێنەر نی‌یە، سیستەمی فێرکردن و پەروەردەی کلاسیکی کە ماوتسی‌تۆنگ وەدەستی کەوت بە دڵنیایی‌یەوە سەرانسەری فێرکردنەکانی مارکسیزمی نەگرتۆتەوە. ماوتسی‌تۆنک لەکاتی خۆ دروستکردندا نەیتوانی بە بیروباوەڕی ڕاستەقینەی مارکسیزم شاد بێت، چونکە ئەو زانیاری‌یانەی کە لەو بارەیەوە دەستی دەکەوت لە بنەڕەتدا لە سەرچاوە جیاوازەکانی سۆشیال-بۆرژواکانەوە بوون.

دوا بە دوای ئەمەش، ماو تەنها لە ڕێگەی وەرگێرانەوە نەبێت نەیتوانی بیروباوەڕی مارکسیزم وەربگرێت. ماو نەیتوانیوە بەرهەمە مارکسی‌یە- لینینی‌یەکان لەسەرچاوە ڕەسەنەکانەوە وەربگرێت چونکە هیچ زمانێکی بێگانەی نەزانیوە. لەسەر ئەمانەشەوە شتێکی ئاشکرایە کە تا سەرەتای (٤٠) ەکان وە تەنانەت تا ١٩٤٩، ش) ئەم سەرچاوانە نەگۆڕابوونە سەر زمانی چینی، تەنها ژمارەیەکی کەمیان نەبێت. سەرچاوە سادەکانی مارکسیزم تەنها و تاکە سەرچاوەی سەرەکی بوون بۆ ماوتسی تۆنگ»(٧١)

لە ڕاستی دا نموونەی باشترو پاراوتریش هەن، بەڵام ئێمە ناتوانین پەنا بەرینە بەر سەرچاوەیەک کە لە «دایکی» سۆڤیەتەوە هەڵنەقوڵابێت، دەگینا پارتە کۆمۆنیستەکان بە تاوانی دیموکراسی لیبرالی هەڵمان دەواسن و گوێش بۆ ووتەکانمان ڕاناگرن. بەڵام لەم نموونانەدا ناچارن -ئەگەرچی بە بێگاریش بێت- سەری ڕەزامەندیمان بۆ بلەقێنن.

چەوساندنەوەی زمان دیاردەیەکی ئاشکراو روونە و زۆر ووتنی لە سەر پێویست ناکات. لە ڕاستیش‌دا یەکێکە لە خراپترین شێوەکانی چەوساندنەوە، چونکە بەکارنەهێنانی زمان دەبێتە هۆی تێکچوونی بەشێکی زۆری شیرازەنەتەوەیی یەکان و بنەمای کولتووری و فەرهەنگی نەتەوەیەک تووشی لێکپچڕان و کرمێ بوون دەکات.

کاتی خۆی لە دانیشتنێکدا «ئەتاتورک» -مصطفى کمال» پرسیار لە ئامادەبوان دەکات و

دەڵێت: ئایا ئێوە دەزانن بۆچی ئێمە وولاتەکانی بەڵکانمان لە کیس چوو و نەمانتوانی لە ژێر دەستی خۆماندا بیان هێڵینەوە؟ هەر دوای خۆی وەڵامی خۆی دەداتەوە و دەڵێت:،،چونکە ئێمە نەمانتوانی زمان و کۆلتووریان لێ قەدەغەبکەین، نەتەوەی خاوەن زمان و کولتور لە کوشتن نایە»

نزیکەی (٧٠) ساڵ دوای ئەوە، تازە بە تازە لە تورکیا یاسایەک دەرکراوە کە گوایە خەڵک بۆی هەیە( دیارە مەبەستیان لەوکورد » ەە، هەرچەندە ناوی کورد بە ڕەسمی لەو یاسایەدا نەهاتوە) لە ماڵەکانی خۆیاندا بە زمانی دیکە - بێجگە لە تورکی- بدوێن. دیارە دەوڵەتی فاشیستی داگیرکاری تورکیا ئێدی ئەو هێزەی لێبڕاوە کە لە هەموو ماڵێکدا سیخوڕێک دابنێت. لە کاتێکدا کە بەشی زۆری نەتەوەکانی جیهان لە پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتدان، تورکە فاشیستەکان تازە هەوڵدەدەن بەم جۆرە ووتە هیچ و پووچ و بێ سەرو شوێنانە نەتەوەی کورد لە خشتەبەرن.

«زمان گرنگترین مانای پەیوەندی و لێک نزیکبوونەوەی مرۆڤە. یەکگتوویی و پێشکەوتنی بێسنووریتی فێرکردنی زمان بریتین لە گرنگترین بارو دۆخ بۆ بازرگانی‌یەکی ئازادی بێ‌گەردی مەزن لەسەر پێوەرێک کە بگونجێ و هاوسەنگ بێ لەگەڵ سەرمایەداریتی نوێدا، بۆ دانیشتوانێکی سەربەرزو بەرفراوان، بۆ هەموو چینە جیاوازەکانی، وە هەروەها بۆ دامەزراندنی پەیوەستیێکی توندو قایم لە نێوان بازاڕی ساخکردنەوە و هەموو وە هەریەکێک لە خاوەندارەکان، گەورە یان بچووک، لە نێوان فرۆشیارو کڕیاردا.»[٧٢]

بەڵام با خوێنەر بڕوانێتە شێوازی بە کۆلۆنی کردنی کوردستان و خەسڵەتی داگیرکارە مشەخۆرە زاروو- ڕەفتارەکانەوە، ئینجا هەڵسەنگاندنی ئەم پرۆسەیە لەگەڵ چۆنیەتی بۆچوون و تێڕوانینی ئەم پارتە کۆمۆنیستانەوە. ئەگەر هەر نەمانەوێت باسی کورد وەک«نەتەوەیەک» بش بکەین، ئەو ڕاستی‌یە هەر قووتدەبێتەوە کە داخۆ بۆچی فراوانی (٥٥٠٠) هەزارکیلۆمەتری چوار گۆشە لە خاک هیچ جۆرە کارخانەو کارگەیەکی وای تێدا نەبێت کە شایانی تێبینی‌و باس بێت و بەهەموو شێوەیەک پشتگوێ خرابێت. ئایا نزیکەی(٣٠) ملیۆن پەلەوریش مافی ئەوەیان نی‌یە خاوەنی پەسارو شوێنێکی تایبەتی بن کە بتوانن پرۆسەی دەست پێکردن و بەردەوام بوون و کۆتایی ژیانی خۆیانی تیادا وە ئەنجام بگەیەنن؟!

«یەکێک لە ڕۆژنامە لیبرالی یەکانی کە کاتی خۆی لە ژێر ناوی«ڕیسکۆسلۆڤۆ Russkoye-slovo» دا دەرچوە، لە ژمارەی(١٨٩) ی دا نوسراوە: وە تەنانەت ئەوانەش کە دژی بە ڕووسی کردنن« ڕۆژنامەکە دەڵێت» بە هەزار شەرە شەق دەتوانن نکۆڵی لە وە بکەن کە وولاتێکی گەورەی وەک ڕووسیا پێویستە یەک زمانی ڕەسمی هەبێت، وەئەم زمانەش هەر دەبێت ڕووسی بێت».[٧٣]

لە ئەنجامی ئەو هەموو دووره پەرێزی و پشت گوێ‌خستن و بێ دەنگ‌بوونەوە کە پارتە کۆمۆنیستەکانی ئەو وولاتانەی کوردستانیان داگیر کردووە تیایدا پسپۆرن و دەستی باڵایان تیایدا هەیە، دەگەینە ئەو بڕوایەی کە هەڵوێستی خراپتریان لە لیبراڵە کۆنەکانی ڕووسیا هەیە، بەڵام ئەو زاتەیان نی‌یە بانگەوازی بکەن‌و بدرکێنن، تەنها لە ژێرەوە و لە پراکتیکدا سەلماندوویانە.

ئیمپڕۆی کەوڵکراوە، سویسرای بچکۆلە بە بوونی ٣ زمانی رەسمی. ئەڵمانی‌و فەرەنسی و ئیتالی- لە جیاتی یەک زمانی ڕەسمی، هیچی لە کیس نەچوو، بەڵکو سوودیشیان وەرگرت....هتد ئەگەر ئیتالیەکان زۆرجار لە پەرلەمانی گشتی‌دا بەفەرەنسی بدوێن ئەوا لەبەر ئەوەی نی‌یە کە لەلایەن یاسای تیرۆر(بەڕەبەری)،ی پۆلیسی‌وە زۆریان لێکراوە.(شتی وا نی‌یە لە سویسرا)، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە دانیشتوانی بە شارستانیتی لە ڕژێمێکی دیمۆکراسیدا خۆیان زمانێکیان بەلاوە پەسەندەترە کە بەشی زۆری لی‌ی تیبگەن. زمانی فەرەنسی کینەو رکی لە دڵی ئیتالی‌یەکاندا دروست نەکردووە، چونکە زمانی نەتەوەیەکی سەربەستی خاوەن شارستانیتی‌یە. زمانێکە کە بە زۆر و بە گورزو پیوەری خوێنی پۆلیس دانەسەپێنراوە. بۆچی ڕووسیای-«مەزن» کە زیاتر هەمە چەشنەیەو وولاتێکی بە تە واوی دوواکەوتووە، ڕێگا لە پێکەوتنی خۆی بگرێت بە هۆی زەوت کردنی هەر بەرخۆردانێکەوە بێت بۆ هەر زمانێک؟ ئایا پێچەوانەی ئەمە ڕاستی نابێت لیبراڵی‌یە ئەفەندی‌یەکان؟!

هەق نی‌یە بە ئەگەر ڕووسیا دەیەوێت ئەوروپا بەرێتەوە، کۆتایی بە هەموو بەرخۆردانێک بێنێت بە تەواوترین و بە پەلەترین و بە زووترین کات کە شیاو بێت؟!»(٧٤)

داخۆ بۆچی ئەم نموونەیەی سەرەوە پڕ بە پڕی وولاتەکانی تورکیاو ئێران و ئێراق و سوریا نەبێت؟

دیارە لینین نەیتوانیوە (لەبەرهەر هۆیەک بێت) نموونە لە سەر هەموو کۆن‌و قوژبنێکی ئەم جیهانە بێنێتەوە، هەر لەبەر ئەوەیە پێویستە لێبڕاوانە گشتی‌یەکانی تایبەت بکرێن بۆ دۆخێکی تر، بەڵام لەگەڵ ڕەچاوکردنی هەموو فاکتەو هۆکارو هۆ....هتدێک.

بردنەوەی زمانێک لەبیر نەتەوەیەکی چەوساوە و بە زۆر سەپاندنی زمانێکی تر بەسەریدا بریتی نی‌یە لە سۆشیالیزم و ئینتەرناسیۆنالیزم. پشتگوێ خستنی مەسەلەیەکی وا گرنگ کە سەرەنجامەکەی هەڕەشە لە ئاییندەی نەتەوەیەکی بن دەست بکات بریتی‌یە لە رازی‌بوون‌و تەنانەت پشتگیری کردنیش لەو سیستەمە ڕامیاری‌یەی ئەم چەوساندنەوەیەی هێناوەتە ئاراوە. پارتی کۆمۆنیستی ئەم وولاتانە زەمینەخۆشکەری ئەم چەوساندنەوەیەن.

سکرتێری گشتی پ.ک.ع لە دوو مەسەلەی هەرە بنەڕەتی دەدوێت کە پێویستە جوڵانەوەی گەلی

کورد بەسەریانادا زاڵ بێت، لە خاڵی دووهەمدا دەڵێت:

(وئەمەیەک» دووەمیشیان، لەوانەیە، بەشێکی زۆری لەوەوەهاتبێت گەلێ جار جولانەوەی گەلی کورد دەبێتە سەربازی شەڕی خەلکی تر، واتە دەبێتە سەربازێکی وون بۆ شەڕی ئەلاو ئەولا....هتد)(٧٥)

پێویست ناکات خوێنەر بە مایکرۆسکۆپ لە ووشەکانی بڕوانێت و نێوانی هەموو ووشەو دێرێک بخوێنێتەوە تا لە مەبەستی«عزیز محمد» بگات کە چۆن زۆر نزیکوزتونیستانە و ترسنۆکانە (ئەم ڕەنگە لێرەدا ناوی نابێت «ڕێز» ؟ ) کزمەلێک ڕاستی شاردۆتەوەو دووروبەریزانە خوازیاری رازیکردنی دلی هەموو کەس و لایەن و پارت و ڕێکخراوێکە.

پیرەمێردی نەمر دەڵێت:

ئەوەی بیەوێت دنیا مەمنوون‌کات

ئەبێ لای عالەم خۆی بە مەیوون کات.

دیارە مەبەستی پیرەمێرد ئاشکرایە.

بەلام مەبەستی عزیز محەمەد ڕوونکردنەوەو لێ‌توێژینەوەی گەرەکە.سکرتێری گشتی دەڵێت:«گەلێ‌جار جولانەوەی کورد».

ئەمە سووک و هاسان هەموو «ڕێکخراوەکانی گرتۆتەوە، بێ ئەوەی ئەگەر بەهۆی چەند ووشەیەیەکیشەوە بێت هەندێک جیاوازکاری پێویست لە نێوان ئەم‌و ئەو دا بکات. سکرتێری گشتی ناخوازێت بڵێت «بزووتنەوەی گەلی کوردستان»، چونکە بەکارهێنانی ووشەی «بزووتنەوە» و «کوردستان» لەو یەک ئاهەنگی‌یەدا لەگەڵ ڕەوتی بیری ئەم و چۆنیەتی بینینی خەلکی کوردستاندا نایەتەوە. «جولانەوەی گەلی کورد» ئەو لاوازی و لەرزینەی تیایە کە قورسایی بە خۆیەوە نادیبێت، واتە خۆی وەک «نیوە» یەک دەبینێتەوە کە دەبێتە تەواوکاری«بزووتنەوەی ئێراق»، نەک وەک یەکەیەکی سەربەخۆ. واتە بزووتنەوەیەکی کوردستانی.

لە هەمان کاتدا لەم دەربڕینەی سکرتێردا باس لە «جولانەوەی گەلی کورد، واتە باس لە هەموو «سەرانسەری کوردستان».

ئێمە دەزانین کە ئەمە کارێکی ژیرانە نیە. چونکە لەم «جولانەوەیەشدا گەلێک پارت‌و ڕێکخراو و گرووپی جیاواز هەن. تەنها لایەنێک لەمانە بوونەتە «سەربازی شەڕی خەلکی تر»، ئەوانیش سەرانی ئەم بەرەیەی ئێستان، مرۆڤ دەتوانێت یەک بەیەک و ناو بەناو باسیان بکات.

بەشێکی زۆری پارت و ریکخراوەکانی باشووری کوردستان کە لە دەرەوەی بەرەدا کاردەکەن

هەرگیز « سەربازی شەڕی خەڵکی تر» نەبوون. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەر بەو شێوەیە. پارتەکانی باکورد کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستانی ـ تورکیا ی لێنەدرێت کە لەلایەن (پ.د.ک.ع) دروستکراوە و خەریکی بڵاوکردنەوەی بیری ئۆتۆنۆمیخوازی و خنەخنە لەگەڵ فاشیەکانی تورکیادا، ئەوەکانی تر کە (P.K.K) گەورەتریانە، هەرگیز نەبوونەتە «سەربازی شەڕی خەڵکی تر»، و تەنانەت بە دەیان دۆکومێنت و پرۆتۆکۆلی تۆمارکراو هەن کە داوایان لە هەموو لایەنەکانی تری بەشەکانی کوردستان کردووە کە بەرەیەکی یەکگرتووی کوردستای دابەزرێنن و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بە مانای ووشە بخرێتە دۆخی« ڕزگاری نیشتمانی یەوە».

هەرچی دوو ڕێکخراوی پارتی دیموکراتی کوردستانی-ئێران و حزبی کۆمۆنیستی ئێرانە(کۆمەڵە) هەردوو پەیوەندیەکی بە تینیان لەگەڵ ڕژێمی ئێراقدا هەبووە- کە بێگومان کارێکی خراپە، بەڵام خۆشبەختانە شەڕی کوردیان بۆ سەددام نەکردووە، ئەمەش بریتی یە لە هێشتنەوەی سەربەخۆیی ڕێکخراوەکەیان (هیچ نەبێت لە سنوورێکی دیاریکراودا- هەرچەندە کە جێگای ڕەخنەیە).

سەرانی پارتە فیودالی و خێڵەکایەتی یەکانی باشووری کوردستانن(سەرانی بەرەی ئێستا) بێجگە لەوەی هەمیشەگە لە دەست تێکەڵاوکردن و سازشدا بوون لەگەڵ ڕژێمی ئێراقدا بە ئاشکراش پاسداری ئێران و پاسەوانی سنوورەکانی سووریا و تورکیا بوون و مێژووی بونیان پڕە لە گرتن و ڕاونان و کوشتنی ئەندام و لێپرساو خەڵکی بەشەکانی تری کوردستان.

بە واتەیەکی تر، جیاوازیەکی گەورە لە نێوان ڕێکخراو و پارتەکانی بەشە جیاوازەکانی کوردستاندا هەیەو ناڕەوایە سکرتێری گشتی بیانخاتە ژێر پاسایەکی گشتی و میهری فەلسەفەکانی خۆیەوە و بڵێت«جولانەوەی گەلی کورد».

هیچ کاتێکیش «گەل-ێک» کاری «سەربازێتی خەڵکی تر» ناکات.بەڵکو «سەرکردایەتی یەک» دەیکات. لە وەدەچێت سکرتێری گشتی بیەوێت تاوانی چەندین ساڵی قڕان و نەهاتی و بەنشێودا ڕۆچوون بخاتە گەردنی خەڵکی کوردستانەوە.(؟) چونکە جێی گومانە سکرتێر تا ئەو ڕادەیە دەبەنگ بێت.

سکرتێری گشتی دەڵێت: «دەبێتە سەربازی شەڕی خەڵکی تر».

جارێ پێش هەموو شتێک کاکی سکرتێر دەزانێت کە ووشەی «سەرباز» ئەگەرچی لە سیستەمی بۆرژوا و سەرمایەداری و ئیمپریالیزم دا هەر بۆ هێرش و پەلاماردان بەکارهێنراون بەڵام خۆی لە خۆی‌دا ووشەیەکی پۆزەتیڤە و ووشەیەکی نێگەتیف نی یە. کە ووشەی «خەڵکی تر»-ی دێتە سەر

واتاکەی بە تەواوی دەگۆڕێت، چونکە مرۆڤ دەکارێت ببێتە سەربازی نەتەوەکەی خۆی، بەڵام نەکارێت ببێتە سەربازی وولاتێکی تر.

ئەمە یەکەم جارە شتی وا بگوترێت و مەدالیاکە بە سکرتێری گشتی ڕەوایە.

کە کۆمەڵێک خەڵک چەک دەکەنە شانیان بۆ «خەڵکی تر» -وولاتی تر- واتە «جاش»، «نۆکەر» «بەکرێنگیراو»....هتد (شەرم و شکۆ نەبێت زمانی کوردی پڕن لەم ووشانە.

کە دەڵێین« شەڕی خەڵکی تر» واتە شەڕێک کە لە خواستی کۆمەڵانی خەڵکدا نەبێت و شەڕی نێوان دام و دەزگای ڕامیاری، یاخود خاوەن بەرژەوەندی تایبەتمەندیانەی دوور و لەمانەوە» بێت.

بە تایبەتی ئێمە دەزانین لەم باسەدا «جولانەوەی گەلی کورد» کێن و هەروەها دەزانین «شەڕی خەڵکی‌تریش» ئەو وولاتانەن کە کوردستانیان داگیر کردووە.ژمارەشیان (چوارە)و( سیان )نی‌یە، وەک عەزیز محەمەد باسی کردووە.

کەواتە سکرتێری گشتی دەخوازێت بڵێت: «زۆر جار هەندێک ڕێکخراو پارت و لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردستاندا، تا ئێستا لە بەشی ئێراقدا بە تایبەتی و بە گشتیش جۆرێک لە ڕەنگدانەوە لە ئێراندا، دەبنە جاش و بەکرێنگیراوی دەوڵەتە ناوەندی‌کان».

پێویستیش وابوو چ ناو و چ هەندێک کردەوەی ئەم لایەنانە پەنجەی ئاماژەی بۆ ڕاکێشرایەو تۆژینەوەشیان لە سەر بکرێت.

نەک بڵێت:« گەلی جار جولانەوەی گەلی کورد دەبێتە سەربازی شەڕی خەڵکی تر».

ئەمە بێ لە ترسنۆکی ڕامیاریانە و هەوڵدان بۆ ڕازیکردنی گشت لایەنەکان، هەروها تێکدان و بە نشێو بردنی زمانی کوردیشە. ئەم جۆرە کارە زۆر زیان بە نەوەی داهاتوو دەگەیەنێ‌و دەبێتە هۆی بە هەڵە تێگەیشتنی ووشەو کەم کردنەوەی هەستی دەربڕین و تۆژینەوەی ڕامیاریانەی ووردو بێژنگ لێدراو، هەروەها فێرکردنی شێوازێکی دەربڕینی لاوەکی و بێ هەڵوێستی.

دوایی هێندەی تر خۆی بە هەڵەدا دەبات‌و دەڵێت: «واتە دەبێتە سەربازێکی وونبو بۆ شەڕی ئەملاوئەولا».

کەم مرۆڤ هەیە نەزانێت ووشەی «سەربازی وون بوو» چەند بە نرخ و پرشنگدارە. با خوێنەر بکەینە ناوبژیکار و لێی بپرسین داخۆ ئەو گروپ‌و دەستەو ڕێکخراوانەی شەڕ بۆ لایەنێکی تر دەکەن‌و چەکیان پێ دەکرێتە شان و لە ئەنجامدا دەکوژرێن دەبنە «سەربازی وون بوو»؟!

سکرتێری گشتی هەندێک نەبەردایەتی ناداتە بەرخۆیی و بڵێ: زۆر جار لایەنێک، یان زیاتر لە ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستاندا، بە تایبەتی تا ئێستا لە ئێراقدا، چەکی براکوژی‌و

نیشتمان فرۆشی دەکەنە شانیان و دەبنە جاش و نۆکەری دەوڵەتێکی ناوەندی کە هەر خۆی داگیرکاری کوردستانە- ئەمەش لە پێناوی وەدەستهێنانی هەندێک دەسکەوتی کەسایەتی و پێکخراوەیی زۆر بەرتەسکدا، بێ گومان دژی بەرژەوەندی کۆمەلانی خەڵک، لە دوایش‌دا هەر لەلایەن هەمان دەوڵەوە دەفرۆشرێن و ئینجا ترۆش دەکرێن و چەند ساڵێک کاروانی خەباتی سەرفرازی کوردستان دوا دەخەن و ناهەمواری و دۆزەخێکی ڕامیاری تر، کە دەبێتە سەرە مقەستی داگیر کردنەخۆی، دۆزەخێک بۆ گەلی کوردستان بە گشتی و بە تایبەتیش بۆ ئەو پارچەیە دادەخەن.

بەڵکو دەڵێت:« گەلی جار جوڵانەوەی گەلی کورد دەبێتە سەربازی شەڕی خەڵکی تر، واتە دەبێتە سەربازێکی وون بوو بۆ شەڕی ئەملاو ئەولا ».

باشە خوێنەر، هیچ هیوای بە پارتێکی ئاوا هەیە کە ئەوە هەڵوێستی سکرتێری گشتی‌یەکەی بێت؟! بە تایبەتی پاش نیو سەدە لە تاقیکردنەوەی تاڵ‌و سوێر کە بە سەر گەلی کوردستان و وولاتی ئێراق‌یان‌دا هێناوە؟!

ئەگەر سکرتێری گشتی و هاوڕێکانی هەر هێندەی تۆزقاڵێکیش ئەبەردیان تیا بووایە و شەرمیان لە خۆیان بکردایە و خاوەنی ئەو مێژووە پڕ ئەهاتی‌یە نەدەبوون. کارل‌مارکس ووتەنی: «شەرم خۆی لە خۆی‌دا شۆرشێکە»(٧٦)

بەردی بناخەی سەرکەوتن بریتی‌یە لە ئەبەردایەتی لە دەربڕین و ڕاستگۆیی لە دارشتن‌دا.

تەنها ئەمانە هەوێنی سەرکەوتنێکی ئاشکران ر هەر ئەمانەش دەبنە ژێرخانێکی پتەو بۆ ستراتیژێکی دیاریکراو و ئاشکرا و ڕوون.

سەرانی کورد نەک هەر لەگەڵ خۆیان و کۆڵگای کوردستاندا ڕاستگۆنین بەڵکو بە هیچ شێوەیەکیش باوەڕیان بە نەتەوەی کوردو ماف ونازادیەکانی نی‌یە و لە هەمرو هەڵوێستێکیان بە گومانن. بەردەوام بوونی ئەم لایەنانە مسەلەی کورد هێندەی تر دەخەنە زۆلگاوێکی مەنگ‌و بەنگ‌خواردووەو ڕووا ڕووی بۆگەن کردنی دەبەن.

سکرتێری گشتی دەڵێت: « لەو باوەڕەدام پێش ئەوەی داوا لە خەڵک بکەین کە یارمەتیمان بدەن، هاریکاریمان لەگەڵدا بکەن، کۆمەکمان پێ بکەن، پێویستە ئەوە خۆمان هەبین، لەوەی یەکێ بڵێ ئێمە هەین، بەڵێ هەین، بەلام چۆن هەین، نموونەمان چەندە، ئەندازەمان چەندە، ئەو ئیمکانیاتەی کە بۆ سبەینێ دوو سبەی هەمانە چەندە؟ ».(٧٧)

ئەم قسانەی سکرتێری گشتی بەیوەندی‌یەکی دوور یان نزیکیان بەو پرسیارەوە نی‌یە کە لێی

گراوە. سکرتێر لە زۆر وردە بڕۆوا بە گومانتر دەدوێت کە دێتە سەر مەسەلەی ستراتیژ نەک هەر نایەوێت ڕاستەوخۆ باس لە شتێک بکات، بەڵکو تەنانەت بە ناڕاستەو خۆش بۆی ناچێت. لە هەمان کاتدا زۆر ریفۆرمیستانە بۆی دەچێت ئەویش بە هەزار شەڕەشەق، ئینجا تێکەڵاوێتی‌یەکی لە (بۆچوون) و (ئامۆژکاری) داوە بە زەوی‌دا.

دیارە ئەو(٣) ڕستەیەی سکرتێری گشی وەک لایەنێک لە لایەنەکان بە «گشتی» دروستە، بەڵام مەبەستی ڕاستەقینەی سکرتێر ئەوە نی‌یە کە لە مەبەستی «گشتی» ڕستەکانەوە لێکدەدرێتەوە، بەڵکو مەبەستی سکرتێر، مانا شاردراوەکەو منجە منجی نێوان ووتەکانە، کە هەموو بە پێزی‌یەکی شۆڕشگێڕایەتی تیادا خەساندووە.

سکرتێر دەڵێت: «پێویستە ئەوە خۆمان هەبین». بێ‌گومان مەبەستی «بوون» نی‌یە، چونکە ئاشکرایە کۆمەک‌و هاریکاری شتێک ناکرێت کە «نەبێت». مەبەستی سکرتێر -گەورەیی‌و بچووکی‌یە-، «پێویستە ئەوە خۆمان هەبین»، واتە «ئەوەندە گەورەبین (؟)، ئەوەندە بارستایی و قەوارەی ڕامیاری و سەربازی‌و هتد مان هەبێت». بەڵام «چەند؟» ئەوە پێویستە لە سکرتێر خۆی بپرسین.

یارمەتی‌و کۆمەک و هاوکاری بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بە قەوارەو بارستایی و گەورەیی‌و بچووکی‌یەوە نی‌یە، ئیتر بۆ مەبەستی ڕامیاری، کۆمەلایەتی، یان تەندروستی بێت، بەڵکو زیاتر لەسەر «ڕەوایەتی ماف»، و «ڕەوایەتی داوا» و لایەنی یارمەتیدەر» و... هتد کەوتووە.

لە کاتێدا پێویستە ئێمە هەبین» و «پێویستە ئێوە هەبن» دێتەکایەوە کە لایەنی یارمەتیدەر، هاریکار، کۆمەک کار، مەرج و خواست و ویستەی هەبێت و بیوێسترێت لایەنی «وەرگر» جێ‌بەجێیان کات.

ئەو هاریکاریەی عزیز محەمەد لێیدەدوێت هاریکاریەکی پرنسیپی‌یە، لە بەر ئەوە نابێت پەیوەندی بە قەوارەو بارستایی و ئەندازەو گەورەیی و بچووکی‌یەوە هەبێت، یان وەک خۆی دەڵێت « ئەو ئیمکانیاتەی بۆ سبەینێ و دوو سبەی هەمانە چەندە؟».

بەڵام لە دەربرینەکەیدا ئەم «هاریکاریە پرنسیپی‌یە» گۆڕاوە بە «دەستبار» یان «دەست تێکەڵاو کردن لەسەر بەرژەوەندی»، وەک کردنیکارێک بۆ دەوڵەتێکی ناوەندی، یان CIA، MIT و...هتد. ئەو کاتە ئەو لایەنانە، هەروەک عەزیز محەمەد دەڵێت، دەپرسن: « نموونەتان چەندە، ئەندازەتان چەندە، ئەو ئیمکانیاتەی بۆ سبەینێ و دووسبەی هەتانە چەندە؟» و بەو شێوەیە.

کورد دەڵێت: « کورد بدوێنە شەرحی دڵی خۆی دەکات».

ئەزیش پێم وایە سکرتێری گشتی لە و تاقیکردنەوە تاڵانە دەدوێت کە خۆیان لەگەڵ سۆڤیەت و وڵاتە سۆشیالیستیە مافی بابی یەکان و دەوڵەتە ناوەندییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیان بووە.

هەردوایی بەردەوام دەبێت و دەڵێت: دەبێ ئاسۆیەکی ڕوونت لە پێش بێ، تاکو ئەوانەی تریش بتوانن یارمەتیت بدەن».

ئەگەر مرۆڤ، خێزان، ڕێکخراو و پارت ئاسۆیەکی ڕوونیان لە پێش بێ، ئیتر چ پێویستیان بە یارمەتی خەڵکی تر هەیە. خۆی یارمەتی دان و هاوکاری بۆ ئەوەیە کە « ئاسۆیەکی ڕوون بێتەپێش »، نەک « ئاسۆیەکی ڕوون لە پێش بێ» بۆ ئەوەی « یارمەتی دەسکەوێت».

ئەوەی کە سکرتێر لێی دەدوێت تاقیکردنەوە تاڵەکانی سەرکردە هوردە بۆرژوار خێلەکی و کۆنەپەرست و نا مارکسی یەکانە کە « نموونەو ئەندازەو ئیمکانیاتی سبەیی و دووسبەی» شیان حساب کراوەو دوایش نە « یارمەتیان دراوە» و نە «ئاسۆی ڕوونیشیان لێ دیار بووە».

ئەوەی سکرتێر دەیەوێت بیلێت و لەبەر هەر هۆیەک بێت لەسەر زمانی کۆنابێتەوە و بۆی دەرنابڕێت بریتی یە لە ستراتیژو ئایدۆلۆژیا، واتە بوونی بەرنامە و پرۆگرام و خشتە و شێوازی جۆراو جۆر بۆ گەیشتن بە ئامانج.

(١٩٠٠) ساڵێک لەمەوبەر عبسا دەڵێت: «خودێی مەزن ناکارێت یارمەتی مرۆڤێک بدات کە نەزانێت چی دەوێت»، ڕاستایەتی ئەم ڕستە بە نرخە لەم مەسەلەیەی سکرتێری گشتی دا لە هەموو کاتێک زیاتر بە نرختره و مانا دەبەخشێت. کە بە داخەوە، هەندێک لە سەرانی باشووری کوردستان و سکرتێری گشتی کە لە پایزی تەمەنیاندان هێشتا تازە بە تازە لە هەرە سەرەتای ئەم باسەدا گرۆگاڵیانە.

پەیدا کردنی دۆست و هاوڕێی ڕاستەقینە لە ئاشکرایی و ڕوونی و دیارکردنی « داوا » و «ئامانج» دایە.

چ مرۆڤێک لەم جیهانە بەرینەدا هێندە خۆی دێنێتە خوارێ و خۆی نزم رادەگرێ کە بیێتە هاوڕێی ئەو «هەڵوێست» و «منجە منجە»ی سکرتێری گرۆگاڵی پێوەدەکات؟!.

لەسەر پرسیاری لەمەڕەبەرەیەکی کوردستانی یەکگرتوو» یان «بوونی پارتێکی کۆمۆنیستی کوردستانی...» دەبێژێت:.

«لەو باوەڕەدام دەبێت جۆرە پەیوەندی یەک لە نێوان کوردستانی ئێراق و کوردستانی تورکیا و کوردستانی ئێران هەبێ. بەڵام دەبێ ئەو جەبهەیە ناوەڕۆکێکی تایبەتی هەبێ، ئەو ناوەڕۆکەی نەبێ کە وڵاتێکی سیاسی، لە شوێنێکی تایبەتیدا پێک دێت. دەبێ سنوورێکی بۆ دابنرێ، یانی

بۆنی ئەوەی لێ نەیەت بەرەیەکی نێوەندی‌یە، سەرکردایەتی بزوتنەوەی کورد لە هەموو کوردستانا دەکا بۆ ئەمە دەڵێم؟

چونکە هەل‌و مەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی جیاوازی‌یەکی زۆری هەیە، لەو باوەڕەدام زەحمەتە سەرکردایەتی‌یەکی سیاسی بتوانێ لە هەموو کوردستان دا ئەم کارە ئەنجام بدات»...(هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٩٦)

پێش هەموو شتێک:« بەڵام دەبێ ئەو جەبهەیە ناوەڕۆکێکی تایبەتی هەبێ، ئەو ناوەڕۆکەی نەبێ کە لە وولاتێکی سیاسی، لە شوێنێکی تایبەتیدا پێک دێت، دەبێ سنوورێکی بۆ دابنرێ، یانی بۆنی ئەوەی لێ‌نەیەت بەرەیەکی نێوەندی‌یە، سەرکردایەتی بزووتنەوەی کورد لە هەموو کوردستان دەکا» نە لە ئامۆژگاری دەچێت و نە لە پێشنیار و نە لە بۆچوون. ئەم قسانە لە هەموو شتێک زیاتر لە «هەڕەشە» دەچن.

سەیرە،ئەم وولاتە کۆلۆنیالیستانە بە ئاشکرا لە پاکتێکدا لەسەر لێدانی بزووتنەوەی کوردستانی ڕێک دەکەون و هاریکاری دەکەن‌و ئاوێشی لێدەنێن‌وئەهێشتنی دزو جەردەو ڕێگرە»، کەچی نەتەوەیەکی بەشکراو و چەوساوە تەنها «جۆرە پەیوەندی‌یەک لە نێوانیاندا هەبێت»، ئەوەیش بۆنی هیچی لێ‌نەیەت.

بەپێ‌ی سکرتێری گشتی دیارە بەرەیەکی کوردستانی یەکگرتوو دەبێت مەترسی لەم کۆلۆنیالیستانە و پاکتەکانیان بێهتر بێت.

سکرتێر پێمان ناڵێت ئەی ئەو «جۆرە پەیوەندی»یە چۆن بێت و تا چەند گەورە بێت و لە ڕووی چۆنایەتی‌یەوە چۆن بێت و، لەمانەش بترازێت، بەرنامەیەکیان بۆ ئەو « جۆرە پەیوەندی‌یە» نی‌یە، چونکە هەر لە بناخەوە بڕوایان پێ‌ی نیە و دەزانن کە بەرەیەکی وا مانای زاڵبوونی بیری کوردستانی‌یە و ئەویش واتە سەربەخۆیی. ڕزگاربوونی کوردیش بەپێ‌ی دزە مایە پوچەکانی ئەم پارتە کۆمۆنیستانە زیان لە ڕەوتی کۆمۆنیزمی ئەم وولاتانە و ناوچەکە دەگەیەنێت.

«دەبێ ئەو جەبهەیە ناوەرۆکێکی تایبەتی هەبێت.» بە کوردی‌کەی دەبێ بە هیچ شێوەیەک کوردستانی نەبێت و باسی یەکایەتی خاکی کوردان نەکات. ئەگینا ناوەرۆکێکی «تایبەتی» چیتر دەگرێتەوە؟

ئەمە هەر خۆی وەک هاوکێشەیەکی ڕامیاریش هەڵەیە چونکە ناکرێت « بەرەیەکی کوردستانی» لەسەر بناخەی ئۆتۆنۆمی دابمەزرێت و ڕەوتی لایەنەکان و شێوازی ڕامیاری خەبات و...هتد یان زۆر لێک جیاواز دەبێت.( ئەگەر ئێستاش بەرەیەکی کوردستانی لەسەر بناخەی ئۆتۆنۆمی

دروستکراوه ئەوە ماناى دەبەنگى‌و ساویلکەیی خامبێتی ئەو سەرانەیە، خۆ ئەگەر ئەم هۆیە
ڕەتکرێتەوە ئەوا هۆى دووهەم بێ ئەملاو لا دەست بڕێنەو لە خشتەبردنی جەماوەری کوردستانە.
چۆن بەرەیەک دەتوانێت «کوردستانی» بێت لە هەمان کاتیش‌دا ووشەی ئێراق بخاتە تەک خۆی؟
بە تایبەتی بەرەیەکی کوردستانی تەواو واتە سەربە هەموو پارچە داگیرکراوەکان. «ئەو ناوەرۆکەی
نەبێت کە لە وولاتێکی سیاسی، لە شوێنێکی تایبەتیدا پێک دێت».

ئەخێر هەر ناوەرۆکێکی هەبێت یا هەیبێت، بەلأم یا «سیاسی» نەبێت، یا یەکگرتوو نەبێت، یا
یەک ستراتیژو ئامانج نەبێت. ئیدی کابرا ووتەنی : کورد ئاسکی دەوێت بە سەرچاو ئەوە
کەروێشک، ئەگەر کەروێشکیشی دەوێت بەسەر چاو ئەوە هەر کەروێشک.

دوایی خۆی بە ناچاری دان دەنێ بە جەرگی خۆیداو بە ئاشکرا زاڵبێتی گیانی و بیری شۆڤێنیزمی
ناوەبی لە پارتی کۆمۆنیستی ئێراقیدا دەخاتە روو: «یانی بوتی ئەوەی لێ‌نەبەت بەرەیەکی
ناوەندی‌یە، سەرکردایەتی بزووتنەوەی کورد لە هەموو کوردستان دەکات».

دەوا بڵێ!! «بەرەیەکی ناوەندی» نەک فریشکی پارتی کۆمۆنیستی ئێراقی، بەلکو فریشکی
هەموو دوژمنان و تەنانەت ئەمریکاشی خستووە.(کەواتە سکرتێری گشتی دەمێکە مژدانەی ئەو
هەواڵەی داوە کە بەرە کارتۆنەکەی باشووری کوردستان « نەک » هەر « ناوەندی » نی‌یە بەلکو تەنان
« باشووری کوردستانیش‌نییە » بەلکو بەرەی «کوردستانی ئێراقە». (؟!) بە واتەیەکی تر،
هەلگرانی بیری ئۆتۆنۆمی کە شروالی هەموویان زەفەری پێبراوە، ئێستا بە ناچاری هەموویان
«لە» شرواڵێکدا خڕ کردۆتەوە)

ڕڤیژۆنیزم بۆتە تانەی سەر بینایی ڕەوتی بیری سکرتێری گشتی وتەنانەت واشی لێکردووە کە
دژی نەبینێتی مێژووش بووەستێتەوە. ئەگەر لە کوردستان دا، هەموو پارچەکان بەو «ئۆتۆنۆمی‌یە
ڕاستەقینە» بەش بگەن (کە نەشیاوە سەربگرێت) کە پارتە کۆمۆنیستەکان دروشمی سوورمەیی‌یان
بۆ بەرز کردوتەوە هێشتا ئەو ‹ئازادی›ی-یەی کە لە نێوان بەشەکانا دێتەکایەوە پێک دێت
دەبێتە هۆی دروست بوونی سەرکردایەتی‌یەکی نێوچەیی یاخود ناوەندی، بە تایبەتی لەبەر
یەکایەتی زمان و خاک و کولتوورو نەریت و فەرهەنگ....هتد لەسەر هەمووشیانەوە ئامەزرۆی
یەکتر بینین‌و تێکەڵاو بوونی نەتەوەیی،مەگەر نێوان سنوورەکانی ئێستا بکرێتە شوورایەکی ئاسنین.
ئیدی دەبێت بۆچی سکرتێری گشتی زەندەقی لەم بەرە نێوەندی‌یە چووبێت؟!

ئەگەر پیاو بڕوانێتە هاریکاری توندو تۆڵی دوژمنانی کورد لە پێناوی بە هەتا هەتایی کردنی بێ
دەستایەتی نەتەوەی کورد دا،تا ئەو ڕادەیەی کە هەموو یەکێکیان بۆی هەبێت بە درێژایی و

قولایی ئەوەندە کیلزمەتر خۆی پێخۆشە و دەتوانێت ولە دەسەلاتی رامیاری و سەربازیدایە بچێتە بەشێکی تری کوردستانەوە و سەری شۆرشگێران و بزووتنەوەی جەماوەری پان بکاتەوە، ئەمە لە کاتێکدا زۆرجار، کات هەبووە کە هەر(٣) وولاتی عێراق و ئێران وتورکیا پێکەوە هێرشی فرۆکەو بەرنە سەر ناوچە رزگارکراوەکان کە تا رادەیەک نێوان هەر سێ‌سنوور دەگرێتەوە.خۆ ئەگەر یەکێک لەم وولاتانە بێ هێز بێت ئەوا لایەنەکانی تر پارسەنگی بدەنەوەو نەهێڵن بزووتنەوەی کوردستانی ئەو بەشە خۆی لە پێوەندەکانی راپسێکتی و هەوڵی سەربەخۆی بدات، واتە سەراپای ئەم هەموو ناتەبایی‌و کۆنترادێکت و رکوکێنانەی لە نێوانیاندایە، دەکارێن، ئەگەر هەر بۆ کاتێکی دیاریکراویش بێت لەسەر لێدان و خنکاندنی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردستان رێک بکەون.

لەم بارو دۆخە رامیاری‌یەدا، کە تا رزگارکردنی کوردستان، کەم یان زۆر بەردەوام دەبێت، بزووتنەوەی کوردستانی زۆر خۆرسکی و سروشتیانە، بێ ئەوەی هیچ لایەنێک زۆری بۆ بێنێت و بێ هیچ فشارێکی دەستکردانە، دۆخە ناوخۆیی‌یەکانی( بە تایبەتی بە هۆی پۆکاندنەوەی بیری فیۆدالی و خێڵەکایەتی‌و ئەزموونە کۆنە پەرستە سەرەتایی‌یەکانەوە ) دەبنە هۆکاری دامەزراندنی یان لە دایک بوونی بەرەیەکی کوردستانی بەر فراوان، واتە بەرەیەکی ناوەندی و سەرتاسەری. بەتایبەتی چونکە جەماوەری کوردستان دەگەنە ئەو راستی‌یە (ئەگەر تیۆری زانستیانەش یارمەتی ئەو برایەیان نەدات ئەوا لە تاقی‌کردنەوەی دژوار و تاڵەوە پێ دەگەن) کە هێزی بزووتنەوەی کوردستانی لە رێکخستنی خۆی‌دایە. تەنها ئەو یەکێتی‌یە دەبێتە ئەو هێزە دینامیکی‌یەی کە بتوانێت گالیسکەی کاروانی خەباتی رزگاریخوازانەی کوردستان بە پێچەوانەی خواست و ویستی کۆنەپەرست و خیانەتکارو ئۆتۆنۆمیخوازو دوژمنانی کوردستان بجوڵێنێ‌و بەرەو خاڵی مەبەست کە «سەربەخۆیی» و «دروست کردنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ و دیمۆکرات» ، ببات.

ئەم هێزەش سەرەنجامی یەکێتی‌یەکی خاوەن پەیرەو پرۆگرام و یاسایەکی تایبەتی دێتە کایەوە لەلایەن هێزە چەپ و راستەکانەوە. ئەم هێزانەش دیارە ناتوانن لە بەرەیەکدا یەک بگرنەوە ئەگەر یەک کە گرنگترین کۆڵکەی هاوبەشە نەبێتە خاڵی پەیوەستیان کە ئەویش «بیری کوردستانی» و «ناوەندیێتی‌یە».

بێگومان سکرتێری گشتی ئەمە چاک دەزانێ ، بەلام ئەوەی‌لێبدەترسێ و خوازیاری شاردنەوەیەتی ئەوەیە کە ئەم بەرەیە تەنها لە دەست پێشخەری هێزە چەپەکانەوە و لە یەکایەتی و یەکگرتنی هێزی پرۆلیتاریای شۆرشگێردا دێتە کایەوە،(باڵی راست لە کوردستاندا ناشیاوە

بتوانێت دەست پێشخەری دامەزراندنی بەرەیەکی ناوەندی بکات. هاتنەپێشەوەی ئەم باڵە تەنها پاش ئەو دەست پێشخەرییە دەبێت کە چەپەکان پێی هەڵدەستن و کە لە هەمان کاتیشدا دەبکەن بە ئامێری بەربەرەکانی و پشبرکێی ئایدیۆلۆژی لەگەڵ ئەم باڵەدا)، کە لە پارتێک یان چەند پارتێکدا کۆ ببنەوەو بەرنامەو چالاکی هاوبەش ئامادە بکەن. ئەویش ئەو خاڵەیە کە سکرتێری گشتی وا لێکردووە وەک بێ ناو ناو بلەرزێ: یەکگرتنی چەپی کوردستان و کۆبونەوەیان لە رێکخراوێک یان چەند رێکخراوێکداو دامەزراندنی بەرنامەو چالاکی هاوبەش. بەکوردیەکەی واتە: ئەڵتەر ناتیڤی پارتە کۆمۆنیستەکانی وڵاتە داگیر کەرەکان.

سکرتێری گشتی دەزانێت پارتە وردە بۆرژواو لیبرالی و خێڵەکی‌یەکان ناتوان و ناخوازن و لە دەستیان نایەت بەرەیەکی وا هەر فراوان و یەکگرتوو و ناوەندی دابمەزرێنن. مێژوو ئەوەی سەلماندووە. مەحاڵە هێزی بۆرژواو کۆنەپەرستی تا سەردەمی و ناچاخی کوردستان لە بەرەیەکدا خۆیان بدیننەوە، یاخود ئاڵای سەربەخۆیی کوردستان بەرز بکەنەوە تاکو یەکانگیری خەباتێکی یەک لایەنانەی کوردستانی هێزە چەپەکانی کوردستان نەبنەوە. بە واتایەکی تر، تاکو چەپ لە کوردستاندا یەک نەگرێت، تا هێزێکی خاوەن بەرنامە و خشتەی یەکگرتووی چەپ بەرژەوەندی بۆرژوا وخێڵەکایەتی ئۆتۆنۆمیخوازی سەرشۆری کوردستان نەخاتە مەترسی‌ەوەو هەڕەشە لە پەساری رامیاری و چینی پێی کۆمەڵایەتیان نەکات، نەشیاوە ئەم هێزە «وراستڕەوانە» بتوانن یاخود بخوازن بەرنامەکەیان بۆ «بەرنامەیەکی کوردستانی» و «خڕبوونەوەیان لە بەرەیەکدا» بگۆڕن.

هەر لە بەر ئەوەیە سکرتێری گشتی و هەموو ئەوانەی وەک ئەو بیر دەکەنەوە هێندە بە ووشەی چەپی کوردستانی‌و بیری کوردستانی و یەکگرتنی چەپی کوردستانی و بەرەی ناوەندی بێزار دەبن و ڕەنگ و ڕووی ڕەوشتی رامیاری‌یان پێوە نامێنێت و زۆر جار دەرهەق ئەم لایەنانە دەبنەوگورگ».

سکرتێری گشتی‌و هاوبیرەکانی نەک هەر لە رێکخراوە وردە بۆرژواو خێڵەکی‌یەکان ناترسن بەڵکو تەنانەت حسابیشیان بۆ ناکەن، چونکە ئەو راسی‌یە بۆ هەموو لایەک دەرکەوتوە کە بیری ئۆتۆنۆمی وە سەرانی ئۆتۆنۆمیخواز» ئەگەر ببێتە ئاگریش، هەر کورد دەسووتێنن.

سکرتێر دەڵێت: «دەبێ سنورێکی بۆ دابنرێ»، دەبێ ئەو سنوورە چیبێت کە بۆ بەرەیەکی کوردستانی دابنرێت؟ «کوردستانی» بن، بەڵام «کوردستانی»- مەبن.

یاخود کوردستانی بن لە سنووری ئەو دەوڵەتانەدا واتە «بەرەی کوردستانی- ئێراق، ئێران، تورکیا، سووریا» دابمەزرێنن. ئەمە زیاتر لە خەڵەفاندن دەکات وەک لە بۆچوونێکی رامیاری.

«دەبێ سنوورێکی بۆ دابنرێ»، واتە مەترسی ئەخاتە سەر سڕینەوەی سنوورەکان. واتە بتوانێت برایەتی «کوردو ئارەب »، «کوردو تورک» بەرز بکاتەوە بەڵام برایەتی کوردو کورد» توڕدا. چونکە یەکێتی کورد و برایەتی کورد بەلای سکرتێری گشتی‌یەوە «نەتەوە پەرستێتی‌یە» و دژی پاراستنی بەرژەوەندی« کرێکارانی » ئەم وڵاتانەیە.

لە پڕێکدا سکرتێری گشتی تووشی پەرکەمی سیاسی‌بووە و هەنسکی گریانێکی قوڵ دەکاتە پێشبینەی ئەم ووتانەیی و هەندێک فرمێسکی دەنکە ئۆکیانە هەڵدەرێژێت و دەڵێت:«چونکە هەلومەرجی سیاسی و ئابووری کۆمەڵایەتی جیاوازی‌یەکی زۆری هەیە، لەو باوەڕەدام زەحمەتە سەرکردایەتی‌یەکی سیاسی بتوانێ لە هەموو کوردستاندا ئەم کارە ئەنجام بدات».

چەند ساویلکەیی‌یە؟!

مارکس دەڵێت: « کرێکانی جیهان یەکگرن» .

دیارە مارکس زانیوەتی کە هەلو مەرجی سیاس‌و ئابووری و کۆمەلایەتی جیاوازیەکی زۆری هەیە لە نێوان هەموو وولات و دەوڵەتانەی جیهاندا ( کەژمارەیان لە کاتی ئەودا زۆر لە ئێستا کەمتر بووە)، بەڵام مارکس ساویلکە نەبووە و زانیویەتی کە ئەم یەکگرتنە لەدەنگی چەقەنەیەکدا نایەتەدی. پێشبینی ئەو راستی‌یەی کردووە کە ئەم یەکگرتنە هەنگاو بە هەنگاو دەڕووات و پرۆسەیەکی دوورو درێژ و پڕ وورده کاری‌یەو هەورازو نشێویی زۆری تیایە.

ئەم پرۆسەیە کاتێک دەگاتە ئەو قۆناخە کە چینی کرێکارانی دوو گەل، دوو دەوڵەت یان زیاتر بە هەرە زۆریەی دەسکەوتە دیمۆکراسی‌و ئازادی‌یە سەرمایەداریە لیبراڵییەکان شادبوو بن، بە شێوەیەک کە ئیتر سەرمایەداری لە وە زیاتری پێ نەکرێت و لە قەیرانی نەهاتی‌یەکاندا وەک گای ئیسپانی فشار بۆ بڕواو هەنگاوی یەک و دووی لەگەڵ یەکدانەیەتەوە و لە چاو پرۆلیتاریای «ئەوکاتەدا » بە ئاشکرا ببێتە هێزێکی «کۆنەپەرست».

بۆچی پارتی کۆمۆنیستی ئێراق داوای یەکایەتی خاکی ئارەب و یەکێتی نەتەوەی ئارەب دەکات؟خۆ هەلومەرجی سیاس‌و ئابووری و کۆمەڵایەتی جیاوازیەکی زۆری هەیە، لە نێوان هەموو وولاتە ئارەبی‌یەکاندا.خەڵکی هەموو دەولەتێکی ئارەبی خاوەنی قەوارەو فۆرمێکی رامیاری و ئابوری و کۆمەڵایەتی فرە جیاوازن لە یەکتر. هۆی ئەمەش ئەوەیە کە هەریەکە بە جیا خاوەنی پەسارێکی رامیاری سەربەخۆن کە ئاراستەی‌یەکی ئابوری و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی تایبەتی دروست کردووە، بە شێوەیەک کە تەنها «جۆرێک» لەزمان و ئاینی کۆلەکەی هاوبەشی سەرەکیین.

لە هەموو ئەمانەش بترازێت، پارتی کۆمۆنیستی ئێراقی، وەک پارتێکی کۆمۆنیست دەبوایە

چەند لە یەکگرتنی دەوڵەتەکانی عێراق و ئێران و تورکیا وڵاتە دراوسێیەکان دەدوێت هەر ئەوەندەش لە یەکگرتنی دەوڵەتە ئارەبییەکان بدوایە. پارتێکی کۆمۆنیست هەوڵی لێک نزیکبوونەوەو یەکگرتن و تەنانەت ئاوێتە بوونی نەتەوەکانیش دەدات لە ڕێگای ڕێکخراوە کرێکاری و پرۆلیتاریەکانی هەموو دەوڵەکانەوە. ئیدی چ پێویست دەکات پارتی کۆمۆنیستی ئێراقی تەنها لە یەکایەتی خاکی ئارەب و نەتەوەی ئارەب بدوێت؟

لەسەر هەموو ئەمانەشەوە، بە هەموو بۆچوون و ڕوانگەیەکی مارکسی لینینی خەڵکی ئەم دەوڵەتە ئارەبیانە چەوسانەوەی نەتەوەییان لەسەر نەماوە و تەنها چەوسانەوەی چینایەتی لە ئارادایە، خەباتی چینایەتی و ئینتەرناسونالیانەش کوا پێویستی بەم جۆرە دروشمانە هەیە کە ئێستا لە لایەن پارتی کۆمۆنیستی ئێراقیو هەندێک لایەنی ترەوە بەرز کراونەتەوە؟ کە باس دێتە سەر یەکگرتنی خاک و نەتەوەی ئارەب دروشمەکانی پارتی کۆمۆنیستی ئێراقو سوریا و هەموو دەوڵەتە ئارەبییە بۆرژواو نەتەوەپەرستانی بەتەواوی وێک چوون.

جیاوازیەکی ڕامیاری وئابوری و کۆمەڵایەتی ئەوتۆ لە کوردستان نییە کە شایانی باس بێت. کوردستان هەروەک یەک دەچەوسێتەوە و یەک دۆخی هەمە لایەنە باڵی بەسەردا کێشاوە. کەی ئەوە جیاوازی ڕامیارییە کە کورد بە ئایدۆلۆژی کەمالیزم بچەوسێنرێتەوە یان بە ئایدیۆلۆژی میشیل عەفلەق یان پان ئێرانیزم یان پان ئیسلامیزم؟ کوا جیاوازییەکی کۆمەڵایەتی ئەوتۆ لە کوردستان هەیە کە هەڕەشە لە پەساری «بەرەیەکی ئارەتدی» بکات؟ ئەگەر جیاوازیەک هەبێت ئەوا تەنها لاوە-کییەو چارەسەرکردنی هاسانە و ئەو جیاوازییە لە نێوان هەموو نەتەوەیەکی تریشدا هەیە تەنانەت ئەگەر پێکیشەوە بن و دابەشیش نەکرابن، با خوێنەر بڕوانێتە بەشە جیاوەزەکانی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، سوید، سویسرا، ئەمەریکا... هتد. ئەم دەوڵەتانە و زۆری تریش نەک هەر لە زاراوەی زماندا بەڵکو لە چۆنیەتی جل و بەرگ و خۆراک و هونەری فۆلکلۆریش دا جیاوازیان هەیە. بەڵام ئەم جیاوازیە شایانی باسکردن و تۆژینەوە نییەو نابێتە بە سروشت کردنی لێک پچڕاندنی نەتەوەیەک، بە تایبەتی نەتەوەیەک کە دژی خواست و ئارەزووی نەتەوەیی خۆی داگیر و دابەش کرابێت.

با خوێنەر بڕوانێتە هەر دوو دەوڵەتی یەمەن، کە دوو ئاستی زۆر جیاوازیشیان هەبوو و تەنانەت دژ بە یەکیش بوون کەچی لە چاوپێکەوتنێکی چەند سەعاتییدا یەکیان گرت و تەنانەت لە جەژندا شەیەکیشدا کردیان بە شووتی.

ئەم کارە بە لای پارتی کۆمۆنیستی ئێراقەوە نەک هەر پەسندە بەڵکو تەنانەت جێگای شانازیو

خۆ هەڵکێشان و هەڵپەڵەش بوو، لەگەڵ ئەوەدا ئەم دوو دەوڵەتە هەردوو خاوەنی دوو پەساری رامیاریش بوون و ئەشدەچەوسانەوە.

با بڕوانینە هەردوو وولاتی ئەڵمانیا کە بە پلەیەکی تەواوکراوە ئاراستەی رامیاری کۆمەڵایەتی ئابووری جیاوازیان هەبوو کە چی بە کورترین مارە ئەو دیوارە رووخێنرا کە خۆێنی دەیەها ئەڵمانی پێوە ووشک بوو بووەوە.دیارە ئەمانە پرۆسەیەکی هاسان کردنین، بەڵام ناشیاو نین و خەڵکی کوردستان نەک هەر تامەزرۆی پێکە ژیان و هاوکارین بەڵکو مێژوو سەلماندی کە ئامادەن خۆێنی خۆشیان لە پێناوی ئەم یەکگرتنەوەیەدا بەخت بکەن. بەڵام دیارە بیری زاڵی نەتەوەپەرستی تورکی، فارسی، ئارەبی ئیتر لە هەموو فۆرمێکی سیاسیدا خۆی حەشاردابێت، نکۆڵی لەم راستیەو لە گەڵێک راستی‌تریش دەکات. تەنانەت لە کوردستانیش رزگار دەکرێت زۆر بێشەرمانە هەروەک چۆن نەتەوە پەرستی باڵا دەستی پاکستانی دەیگووت: «ئازادیمان بە بەنگلادیشی‌یەکان بەخشی»، ئەمانەش هەمان قەوان لێدەدەنەوە.

دوایی سکرتێر بەردەوامیتی بە فەلسەفە ووشەکەی دەدات‌و دەڵێت: «لەو باوەڕەدام زەحمەتە سەرکردایەتی‌یەکی سیاسی بتوانێ لە هەموو کوردستانا ئەم کارە ئەنجام بدات».

جارێ ووشەی «زەحمەتە» رێژەیی‌یە و لەسەر تواناو تاقەت‌و خواست و ویست و هیواو..هتدی ئەو کەسە یان ئەو لایەنە کەوتووە کە لەو بابەتە دەدوێت. لە مەسەلەی رزگار کردنی نەتەوەیەکدا مرۆڤی شۆڕشگێر ناچێت بە هەر دوو دەستی شانەکانی خۆی بگرێت‌و رێگای بەرەو پێشەوە هەنگاونان لە خۆی بگرێت، بەڵکو ووزەو تاقەتی شۆڕشگێرانەی بەرز دەبێت و بە پێی فشارو بۆ هێنانی رووداوەکان خۆی رادەگرێت و دەچەقێتەوە، ئەمە مانای ئەوە نیبە مرۆڤ گەش بینێکی دەبەنگ یا خود گەش بینێکی رمبازێنکارانە بێت، بەڵام دەبێت «گەش بین» بێت و فشارە رووداوەکان کە هەمیشە گە کاتی و رێژەیین نائومێد و بێ‌هیوای نەکەن، واتە تا دەتوانێت لە ریالیزمەوە نزیک بێت و لە رووداوەکان بە ئاگا بێت و خاوەنی دوور بینی و پێش بینی و هێزێکی هەڵسەنگاندنی بابەتی و توندو تۆڵ بێت، نەک سکرتێر ئاسایی بە «گۆترە» سڵاوی مەسەلەکان بداتەوە.

ناپەسەندو نارەوایە ووشەی «زەحمەتە» بکرێتە سەنگی مەحەک بۆ لە بارێردنی بەرەیەکی کوردستانی کە ئامێرێکی بڕیاردەرانەیە لە ئایندەی کوردستان و ناوچەکەدا.

کارێکی دوژمنکارانەشە جەماوەری کوردستان بە ووشەی «زەحمەتە» گۆش‌و پەروەردە بکرێن، ئەز باوەر ناکەم هیچ جۆرە دەسکەوتێکی مرۆڤایەتی هاسان دەست مرۆڤ و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی

کەوتبێت. سەدان بزووتنەوە و سەر هەڵدان‌و یاخی بوونی خوێناوی و تاڵ‌و سوێرو دژوار لە هەموو سووچ و قوژبنێکی ئەم جیهانەدا راستایەتی ئەمە دەسەلمێنن. لەگەڵ هەموو ئەمانەش‌دا دامەزراندنی بەرەیەکی کوردستانی ئەگەر زەحمەتیش بێت (بێگومان هاسان نی‌یە)، ئەوا دانەمەزراندنی، کە دەبێتە هۆی مانەوەی گەلی کوردستان بە ژێردەستەیی، هێندەی‌تر «زەحمەت»تر و دژوارترە.

خەلکی کوردستان دەبێت وەلام و چارەسەریان بۆ هەموو ئەو گیرو گرفتانە هەبێت کە روودا و روویان دەبێتەوە. سوور بوون لەسەر پێچەوانەی ئەمە، بریتی دەبێت لە نکۆڵی کردن لەوەی کە گەلی کوردستان خاوەنی خەسلەت و کەرەتکاری مرۆڤانە بێت.

مەبەستی سکرتێر لە «سەرکردایەتی‌یەکی سیاسی» چی‌یە!! ئەگەر مەبەستی لەوەیە کە هەموو پارت‌و رێکخراوەکانی کوردستان وەک چێشتی مجەوور ئاسایی تێکەلاو بکرێن و یەک سەرکردایەتی سیاسی دروست بکەن، ئەوە هەر نەک نەشیاوە بەڵکو ناژیر بێژیشە (عەزیز محمد هەر لەم باسەدا لە خراپایەتی بە ئەژماردی پارت‌و رێکخراوەکان دەدوێت و پی‌ی وایە زۆرایەتی رێکخراوی سیاسی لە کوردستاندا زیان لە بزووتنەوەی کورد دەگەیێنێت. ئەوەش هەڵوێستێکی فرە هەڵەیە و بۆچوونێکی دیکتاتۆریانەیە. خراپایەتی‌یەکە لە زۆریەتی رێکخراوەکاندا نی‌یە، بەڵکو لە نەبوونی بەرنامەی هاوبەش‌و چالاکی هاوبەش و کاری هاوبەش و نەبوونی پەرلەمانێک‌دایە).

سەرکردایەتی‌یەکی سیاسی یان ئەوەتا سەر بە رێکخراوێکی توند و تۆڵ‌و سەرتاسەری‌یە (کە بەڵگەو رووداوەکان وای دەسەلمێنن «چەپ» بێت)، یان لە ئەنجامی گردبوونەوەو دروستکردنی بەرەیەکدایە لە نێوان گشت یان بەشی زۆربەی هێزە چەپەکاندا، کە ئەمانیش بینە بەشێک لە بەرە کوردستانیەکە. یان هەر یەکگرتنی چەپەکانە لە فۆرمی رێکخراوێکی سەرتاسەری، یان یەک پارتیدا، واتە تاوێنە بوونیان و پێکهاتنی بوونێکی نوێ.

ئەگەر چەپەکانی کوردستان لە فۆرمی بەرەیەکدا کۆ بینەوە و بەشێک بن لە بەرە کوردستانی‌یە گەپەکە، ئەوا کارێک نیە کە لە رووی زانیاری‌یەوە هێندە گران و قورس بێت، بەتایبەتی و هیچ نەبێت تا بەسەرچوونی قۆناخی رزگاریخوازی نیشتمانی، دوایی، ئەم بەرەیە یاخود ئەم «سەرکردایەتی سیاسی‌یە» دەتوانێت لەگەڵ باری ریالیستی و بارودۆخی ئەو کاتەدا بیراز بکرێت و نوێ بکرێتەوە، یاخود دیسانەوە، ئەم پارت و رێکخراوە تاکانە سەربەخۆیی خۆیان وەربگرنەوە و وەک یەکەیەکی تایبەتی کار بکەن، بە تایبەتی کە «ئەوکاتە» خەبات لە پێناوی دەسکەوتە چینایەتی و هاوبەشی‌یەکاندا دەبێت.

چەند پارتێکی چەپ، ئیدی بناخەی لە دایک بوونیان هەر پارچەیەکی کوردستان بێت، دەتوانن سەرکردایەتی‌یەکی سیاسی‌دابمەزرێنن و ببنە یەک پارت، ئینجا چەند لیژنەیەکی سەربەخۆ پێک بهێنن کە بەسترابن بە لیژنەیەکی جێبەجێکردنەوە، هەر یەگە لەم لیژنانە دەتوانن کاری رامیاری و سەربازی و...هتدی ئەو پارچە تایبەتی‌یەی کوردستان بەرێوە بەرن کە تیدا پسپۆرن.

یاخود ئەگەر هەر یەک پارتی چەپی سەرتاسەریش هەبێت دەکارێت لیژنەیەکی تایبەتی پسپۆر و کارزان دابمەزرێنێت، کە هەر لیژنەیەکیان کاری تایبەتی رامیاری و سەربازی ئەو پارچە داگیرکراوە جێبەجێ بکات کە تیایدا پسپۆرە. خۆی لە راستیدا دامەزراندنی لیژنەی پسپۆری تایبەتی هەر مەرج نی‌یە تایبەت بە پارچەیەکی داگیرکراو بێت، بەڵکو تەنانەت هەر لەیەک پارچەشدا پێویستە لیژنەی پسپۆری تایبەتی هەبێت بۆ ناوچەی تایبەتی، ئەوەش هاسان کردنی ڕێگای خەبات و خۆشکردنی زەمینە و لەبارکردنی پێداویستی‌یەکانە. ئینجا ئەم لیژنانە، چ ببەسترێنەوە بە سەرکردایەتی یەک پارتی سەرتاسەرییەوە، چ ببەسترێنەوە بە سەرکردایەتی‌یەکی فرەلایەنی‌یەوە، لە پرنسیپی خەباتەکە ناگۆڕێت. خاڵی گرنگ ئەوەیە کە ئەم سەرکردایەتی‌یە سیاسی‌یەی سکرتێری گشتی لێ‌ی کردوین بە پارووی قورگی شێر، وانی‌یە و بە پراکتیکردنی تەنها(بە پلەی یەکەم) هەستی لێپرسینەوە و نیشتمانیێتی گەرەکە.

هەر دوایی دەڵێت: «لەکاتی خۆیدا کە شۆرشی ئەیلول هەرەسی هێنا، هەندێک هاتنە لای ئێمە، دەیانویست دەرس لەوە وەربگرن، بچن حیزبێکی مارکسی پێک بێنن، بە ئێمەیان گوت... گوتمان بابە ئەوانەی کە ئێستا دەبنە حیزبێکی مارکسی، لەوەیە خەڵکێکی زۆر کۆ ناکەنەوە، ئێوە پێویستان بە بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی کورد هەیە، بزوتنەوەیەکی نەتەوایەتی، گۆرەپانەکە چۆڵە. ئەوەی ئێوە هەوڵی بۆ دەدەن کۆرو کۆمەڵی کورد کۆناکاتەوە، دەبێ هەوڵ بۆ شتێکی تر بدەن».

ئەز بەش بەحاڵی خۆم لە ئەدەبیاتی سۆشیالیزمی زانستیدا بابەتی کرچ و کاڵ و منداڵانەم سەرشێوێنەرم دیتووە، بەڵام مەخابن رستەی وەک ئەمانەی سەرەوە بە دەگمەنیش هەڵناکەون. بریابا دەستمان بڕۆشتایەو مۆزەخانەیەکی تایبەتیمان بۆ ئەم پۆخڵەواتانە هەڵبەستایە. ئەز دەبێژم ئەگەر مەدالیاو ئافەرین بۆ دەبەنگی و نابینایی رامیاری هەبایە ئەوا دڵنیام باری سکرتێری گشتی هێندە قورس دەبوو کە لەسەر چوارانیش هێندەی ڕەوتی کیسەڵێکیش نەدەبزوا!.

پێش هەموو شتێک ئەز ئەم «چیرۆک»ەی سەرەوە بە «راست» نازانم. «هەندێک هاتنە لای ئێمە......».

دەبێت داخۆ ئەو کەسانە کێ بووبن؟!

هەموو دەزانین تاکە ڕێکخراو پارتی دیموکراتی کوردستان- ئێراق بوو. سەرانی ئەم بەرەیەی ئێستا (تاڵەبانی لێندەرچێت، یاخود هەندێ مرۆڤ و ڕێکخراوی نوێ) هەموویان لە پارتی دیموکراتدا کاریان دەکردو هەرگیز نەچوونەتە لای پارتی کۆمونیستی ئێراق، ئەوەی بێنینەوە هەڤاڵانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی بوون (هێشتا نەبوو بوون بە کۆمەڵەی ڕەنجدەران)، ئەوانیش هەرگیز دۆستی پارتی کۆمونیست نەبوون و بگرە دژایەتیشیان دەکردن. نەشیاوە ئەم لایەنە چوونێتە بەغدا و پرسیارێکی ئەوایان لە سەرکردایەتی پارتی کۆمونیست کردبێت. هەموو کوردستان ئاگاداری شەهید بوونی شەهاب و جەعفەر و ئەنوەرن. ئاگاداری بزوتنەوەی سەرەتایی کۆمەڵە و ئینجا دامەزراندنی (ی.ن.ک)و بە شەهید بوونی ئارام ئاشنان، دیارە خەڵکی چەپ و شۆڕشگێڕ هەمیشەگە هەبوون و هەرگیزیش بە سەرکردایەتی خێلەکی و ووردە بورژوای کورد ڕازی نەبوون و بە پێی توانای خۆیان کاریان کردووە (بەداخەوە وەک ڕێکخراوێک نەبوون- کۆمەڵەی ڕەنجدەران گفتگۆیەکی تایبەتی گەرەکە). جێی گومان و دوو دڵی‌یە و دروست نی‌یە ئەم کەسانە هاتبن (چووبن بۆ بەغدا) و پرسیارو ڕاوێژیان لە سەرکردایەتی پارتی کۆمونیست کردبێت کە سەرما و شەختەی گیانی خۆیەدەستەوە دەرێتی و خۆفرۆشیان لە ژێر پاڵتۆ ئەستورەکەی پارتی بەعس‌دا لە بەستن دەپاراست.

چۆن کۆمەڵێک مرۆڤ کە بە تەمای کارێکی وا شۆڕشگێڕانە بێ پرسیار لە پارتێکی وەکو کۆمونیستی ئێراق دەکەن کە خۆیان ووتەنی لە «بەرەیەکی توندو ئەپساوو هەتاهەتاییدا» لەگەڵ پارتی بەعس‌دا لە گەرمەی خەبات دا بوون؟بەلام با لە پێناوی بەردەوام بوونی ئەم ئاخافتنەدا بڵێین ئەم «چیرۆکە» ڕاستە.

عزیز محمد دەڵێت:«گوڕقان بابە، ئەوانەی کە ئێستا دەبنە حیزبی مارکسی، لەوەیە خەڵێکی زۆر کۆ ناکەنەوە».

خەڵکی زۆر مانای چی؟ «خەڵکی زۆر» چ پەیوەندی‌یەکی بە پارتیەکی مارکسی‌یەوە هەیە؟ «ئەوەی ئێوە هەوڵی بۆ دەدەن کوڕ و کۆمەڵ کۆناکاتەوە».

بۆ کۆی ناکاتەوە؟ تۆ بڵێی نەتەوەی کورد هەر بە زگماکی دژی بیری کۆمونیزم بێت؟! یاخود نەتەوەی کورد هێندە دواکەوتووە کە جێگای پارتێکی کۆمونیست یان ڕێکخراوێکی چەپی تیا نابێتەوە؟

سکرتێری گشتی دوو خاڵ تەنگی پێ هەلچنیوە. یەکەم پارتی کۆمونیستی ئێراقی کە لە بەرەکەی (١٩٧٣)وە لە کوردستاندا مایەپووچ بوو، لەبەر دژایەتی کردنی خەڵکی کورد نەبوو

دژی بیری مارکسیزم، بەڵکو لەبەر ئەو هەموو هەڵە و لادان و قەیرانانەدا بوو کە پارتی کۆمونیست هەمیشەگە یەکێک بوو لە هۆکارەکانی روودانیان. سکتێری گشتی زۆر بێ شەرمانە، لە جیاتی باسی ئەو دروستایەتی‌یە و درکاندنی ڕاستی‌یەکان، هەر ئەوەندەی ماوە بڵێت کورد کۆمونیست خۆرە.

دووهەم خاڵ، سکرتێری گشتی، پارتەکەی خۆیان بە خاوەنی پسوڵەی خاوەندرایتی گۆرەپانی کوردستان دەزانێت (مێژوو چاک ئەوەی سەلماندوە) و نەک هەر ئامۆژگاری خەڵکیان دەکرد بەوەی رێکخراوێکی چەپ لە کوردستاندا دانەمەزرێت، بەڵکو دژایەتییەکی تەواویشیان دەکردن. (بڕوانە جیابوونەوەی «قیادەی مەرکەزی» و «دامەزراندنی کۆمەڵەی رەنجدەران»).

دامەزراندنی پارتێک مانای ئەوە نییە کە دەست بەجێ و گەرماو گەرم خەڵک لە خۆی کۆ بکاتەوە. باوەر ناکەم هیچ نەتەوەیەکیش چاوەڕوانی شۆرشێک بێت کە بە شەوێک بەرپا بێت. کۆمەڵانی خەڵک، بۆ ئەو مەبەستە چەپی نەتەوەیەکی بن دەست، گەشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە پشووی درێژو دیسپلین و چەند ساڵێک لە خەباتی توند بەردی بناخەی بزوتنەوەیەکی جەماوەری و شەرێکی شۆرشگێرانەن. ئەمەش پرۆسەیەکە سکرتێری گشتی دەبوایە ببینیایە ئەز پێم وایە کە خێری دەگەیشت ئەگەر «دەستی نەنایە بە رووی» ئەو « برادەرانەوە؟!!».

دوایی بەردەوام دەبێت «ئێوە پێویستان بە بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی کورد هەیە، بزوتنەوەیەکی نەتەوایەتی».

چەند شەرمە!! ئێمە دەزانین پارتی کۆمونیستی ئێراق بڕوای بە یەکایەتی خاکی ئێراق و یەک گەلێتی ئێراق هەیە و ئەگەر کراش « ئۆتۆنۆمی راستەقینە». بۆ کورد ئایا بزوتنەوەی نەتەوایەتی هەیە لە سنووری یەکایەتی و وولاتی داگیرکارو لە خولگەی ئۆتۆنۆمی‌دا بێت؟!

پارتی کۆمونیستی ئێراق بەو « برادەرانەی؟! گووتووە، ئێمە کاری چەپ دەکەین، ئێوە ئەو ئەرکە مەخەنە سەر شانی خۆتان. ئێوە بزوتنەوەیەکی نەتەوایەتی‌تان پێویستە. بزوتنەوەیەکی نەتەوایەتی کە دروشمی «ئۆتۆنۆمی» بەرزبکاتەوە(؟!).

ئەز دەڵێم لە راستیدا ئێمەی (کورد) بزوتنەوەیەکی کوردستانیمان پێویستە. بزوتنەوەیەک کە خەڵکی کوردستان، پێداویستی و خواست و ئارەزوو داواکاری ئەوان هەوێنت و بەردی بناخەی شالاوی دامەزراندنی بێت.

داخۆ بۆچی رێکخراوێکی چەپ کاری «بزوتنەوەیەکی نەتەوایەتی » پێهەڵناسوورێت؟! دوایش ئامۆژگاری کردوون کە « بۆ شتێکی‌تر هەوڵبدەن». دەبێت ئەو «شتەی»تر چی بێت؟! « بوون بە

سەربازی لایەکەی ترە» یاخود دروست کردنی ڕێکخراوێکی فیۆدالی و هێزەی بۆرژوای ئۆتۆنۆمیخوازە تا گۆزەپانەکە باشتر و لە بارتر بێت بۆ تەراتێنی پ.ک.ع؟!

بەڵێ، خەڵکی کوردستان چیان دەوێت با بیکەن، ئەویش لە ژێر دوو مەرجدا، یەکەم باسی چەپێتی و کۆمۆنیزم نەکەن و دووەمیش تەنها لەسەر خولگەی ئۆتۆنۆمی و یەکایەتی سنوورە داگیرکاراندا بخولێنەوە.

کەریم ئەحمەد ناوێکیان جار جارێک کۆمەڵێک هاوکێشەی ڕەهایی (مطلق) و ئەگۆڕ دەدات و بە زەویدا و بۆچوونی خۆی (یان وایپێشان دەدات) گۆایە چەمکی تیۆرانینەکانی بیری سۆشیالیستی زانستیین سەبارەت و دەربارەی مەسەلەی چەوساندنەوەی نەتەوەیی. لە نزیکەی ١٦ لاپەرەیەکی و بێ مانادا لە ژمارە (٢٥/٢٤)ی «ڕێگای ئاشتی و سۆشیالیزم»دا ئەوەی کۆن و سواو و خڕەک بێت ئەم لێداوەتەوە و ناوی لێناوە بیری مارکسیزم و دەڵێت: «ئەو بیروڕایانەی ئیدعای دامەزراندنی حیزبێکی شیوعی دەکەن لەسەر بنچینەیەکی نەتەوەیی لە وڵاتێکی هەمە نەتەوەیی‌دا، دەبنە کۆسپێک لەبەردەم هێنانەوەی هۆشمەندی سۆشیالیستی و نێو نەتەوەیی بۆ نێو ڕیزەکانی کرێکاران و ڕێگە لە خەباتی یەکگرتوویان دەگرێ لە پێناو مەسەلەی نیشتمانی و چینایەتی‌یەکاندا» (٧٨).

جارێ خوێنەر نازانێت داخۆ «کەریم احمد» مەبەستی لە «وڵاتێکی هەمە نەتەوەییدا» چی؟!. هەموو دەزانین وڵاتە هەمە نەتەوەیی‌کان‌ەی وەک هیندوستان و ئەسیوپیاو ئێراق و تورکیاو ئێران کە ناوبراو سنوورەکانیان بۆ پیرۆز دەکات هەموو دەستکردەی ئیمپریالیزمن. کۆمپانیا مۆنۆپۆڵە ئاڵۆزە فرە مەزنەکان بەو مەبەستە ئەم شێوە پێکهاتنانەیان دروست کرد تاکو بتوانن هەمیشەگە بە هۆی «بوون» و «بەردەوام بوون»ی چەوساندنەوەوە تیایاندا سوودیان چ وەکو بازاڕو چ وەکو هێزی ئیزباوی هەزاران و چ وەکو سەرچاوەی ئەشتومەک لێ وەربگرن.

ئینگلیز بە زۆری زۆرداری، واتە پاش دۆڕاندنی کورد لە شەڕێکی نیشتمانیانەدا (با خوێنەر بڕوانێتە کوردستان لە سەردەمی شێخ مەحمودی حەفیددا- بە هەموو لاوازی‌یەکیشی‌یەوە)، ئەو پارچەیەی کوردستانی خستە سەر دەوڵەتی ئێراق. (هەروەها ئێران و تورکیا و سوریاش، ئەمەش بە (٣)قۆڵی لەلایەن ئینگلیزو ئەمریکاو فەرەنساوە).

ئێراقت بە زۆری زۆداری بە زەبەری چەک وڵاتی کۆێتی خستە سەر سنوورەکەی خۆی. ئاخۆ ئەگەر داگیرکردنی کوێت لە لایەن ئێراقەوە تا هەفتا ساڵێ هەر بەردەوام بوایە، کوێت دەبووە پارچەیەکی سروشتی لە خاکی ئێراق؟

ئاخۆ پارتی کۆمونیستی ئێراق شەرەفی بوونیان بە پارتی کۆمونیستی کوێت دەدا؟ یان ئەو کاتە بە «باشووری خۆشەویستی وولات» ناویان دەبردن و « هەرێم»ێکیشیان بۆ دەکردنەوە؟ وە ئایا خەڵکی کۆێت (کە ئارەبیشن) دەبوونە بەشێک لە گەلی ئێراق؟

کەریم احمد زۆر خراپ لە « وولاتێکی هەمە نەتەوە»»گەیشتوە.

«وولاتێکی هەمە نەتەوە» لە کاتێکدا یەک پارتی کۆمونیست، یا خود پارتێکی چەپی زانستی کرێکاری دەبیات بەرێوە، یا خود پەیرەوی خەباتی وەدەستهێنانی ئەو کە چینایەتییەکانی دەکات کە ئەو نەتەوانە قۆناخی چەوسانەوەی نەتەوەیی‌یان جێهێشتبێت و بە «دڵخوازی خۆیان» یەکیان گرتبێت و لە ژێر یەک دروشم یەک ئاڵادا (یان بە پێی خواستی خۆیان) و لە ژێر چەتری یەک یا هەمان پەرلەمان و دەستوردا کۆ ببوبێتنەوە. نەک دەوڵەتێکی ئیمپریالیستی بە زۆری زۆرداری و لە بەر دابینکردنی بەرژەوەندی کۆمونیستی زرکەتاڵ و لە دەرەوە کۆک‌کراودا چەپڵەی پیرۆزایەتی و یەکێتی بۆ بکوتن، ئەگەر کەریم احمد بە کارێکی وا قایلە داخۆ بۆچی پارتی کۆمۆنیستی ئێراقی دژی داگیرکردنی کۆێت وەستا؟

بە پێی ئەم ئێزەی(؟) کریم احمد ئایا داگیرکردنی کوێت لە لایەن ئێراقەوە بریتی نابێت لە یەکگرتنی خاکی ئارەب، هیچ نەبێت وەک جۆرە دەست پێکردنێک؟ بریتی نابێت لە نزیکبوونەوەی کرێکارانی کۆێت و ئێراق و کوردستانیش؟ ئایا بریتی نابێت لە دروست بوونی وولاتێکی «هەمە نەتەوەیی» گەپتریش؟

ئەگەر داگیرکردنەکانی ئەمەریکا ببێتە هۆی دروستکردنی « وولاتیی هەمە نەتەوەیی» گەپتر و گەپتر و خاوەن سنوری نوێ، داخۆ بۆچی ئێمە هەمورمان خەباتی خۆمان لەگەڵ رامیاری ئیمپریالیزمی ئەمریکادا یەک نەخەین بەو هیوایەی وەدەوڵەتی مەزن و خاوەن یەک پارتی کۆمونیست دروست بێت» و کرێکارانی جیهانیش بگەنە مەبەستی خۆیان، یاخود هیچ نەبێت چەندین قۆناخی دژواریان بۆ هاسان بکرێت و ئەو پرۆسە درێژەیان بۆ کەم بکرێتەوە؟

داخۆ بۆ چی سنووری ئێستای دەوڵەتی تورکیا پیرۆز بێت و شایستەی نەگۆڕان بێت بەڵام ڕێگا بە سوریا نەدرێت لوبنان بخاتە سەرخۆی، یاخود ئیسرائیل نەک هەر باشووری لوبنان، بەڵکو نیوەی لوبنان بلکێنێت بەخۆیەوە، تەنانەت بۆ ئەو مەبەستە، ئەو مارەی ئالاندوێتی‌بە ملی نیلەوە تا فورات، بکەوێتە خۆی.

دەبێت پیرۆزایەتی سنوری ئێستای دەوڵەتی ئەتیوپیا چی بێت؟ دەبێت ئەریترییەکان تا ئێستا چ سوورودێکیان لەم یەکایەتی خاکە وەرگرتبێت؟ یا خود دەبێت چەوساندنەوەی ئیرلەندە و

بەرپەرو کشمیرو پەنجاب و...هتد. لە خزمەتی کام کرێکار و دژی بەرژەوەندی کام ئیمپریالیزمی جیهانی بێت؟!

ئەو هاوکێشە فرە مەخسەرەی کریم احمد بە ئاشکرا پەنجەی ئاماژەی دەنێتە سەر، ئەو زۆلکاوە سەرپۆش گیراوەیەکە پارتی کۆمۆنیستی ئێراق و دەستە خوشکەکانی لەسەرە رێگای کاروانی خەباتی رزگاریخوازی خەڵکی کوردستاندا خۆشیان کردووە.

کۆمۆنیستەکانی جیهان دەبێت لەگەڵ یەکێتی و یەکگرتنی نەتەوەی زۆرتر و زۆرتر دابن. بەڵام لینین وتەنی نەک لەسەر حیسابی نەتەوەیەکی بن دەست یان زیاتر، بەڵکو لە ئەنجامی نەهێشتنی هەمرو مۆرک و بوونێکی چەوساندنەوەی نەتەوەیی بە هەمرو شێوەکانیانەوە، دیارە ئەم یەکێتی و تێکەڵاو بوونەش ناشیاوە بێتە ئەنجام ئەگەر بە تەواوی دڵخوازیانە و لە ئەنجامی سەربەستی جیابوونەوە و پەسار و دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆدا نەهاێتە کایەوە.

ئەز دەخوازم بە کریم احمد بێژم کە ئەوەی ئەو دەیەوێت بیڵێت «سورە میرگ» نیبە و «میرگە سورە».

ئەگەر کریم احمد و هاورێکانی تەنها تۆزێک نرخی مرۆڤی کوردو نەتەوەی کوردیان بزانیایا و رێزیان لە هەست و نەستی بەهاو مرۆڤایەتیەکانی بگرتایە، ئەوا بەلانی کەمەوە لە «هەڵبژاردنێکی ئازاد» دەدوان کە خەڵکی کوردستان بێ‌فشارو زۆر بۆ هێنانی ئەملاو ئەولا ویست و داواکانی خۆی بخستایەتە بەردەم جیهان.

ئایا بۆچی گەلی کورد مافی هەڵبژاردنێکی ئازادیان نەبێت؟! ئایا هەڵبژاردنێکی ئازاد نابێتە فاکتەرێکی یەک لایەنە کارەوەی دەهۆل کوتانەکانی ئەملاو ئەولا؟! ئایا ئەگەر کریم احمد و هاورێکانی هێندە لەسەر راستایەتی برایەتی کوردو ئارەب دڵنیان، هێندە سوورن لەسەر ئەوەی خەڵکی کوردستان پیرۆزیایەتی و یەکایەتی ئەم سنورانەی لایەرزو رەوایە بۆچی بە پلەی یەکەم داوای هەڵبژاردنێکی ئازاد ناکەن؟!

خۆداوا کردنی هەڵبژاردنێکی ئازاد بچووکترین مافی مرۆڤە!

ئەگەر کریم احمد وهاورێ سەرلێشێواوەکانی هەر «بەرژواش» بیر بکەنەوە، خۆ دیاری کردنی چارەنووسی نەتەوەکان بەدەستی خۆیان یەکێکە لە بەندی پەیرەو پرۆگرامی رێکخراوە نەتەوەکان، داخوا بۆچی ئەم برگە زۆر سادەیە لە کوردستاندا (بێ هیچ جورە هەلومەرج و تایبەتمەندیەک) پەیرەوپیادە نەکرێت؟

سەرکردایەتی پارتی کۆمۆنیستی ئێراق هێندەی تورێکی قوراوی ئەرێزی کورد دەگرن و نە

نرخیشی دەزانن. کریم احمد زۆر بە دڵنیابەوە سیستمە مافیایەکەی ئورووپای رۆژهەڵات نەبێت (هەرچەندە لەپاسەکان لادەدەین، بەڵام ئەگەر مرۆڤ بە چاوی خۆی ئەم وولاتانەو سۆڤیەتی نەدیتبێت و بە بازێرو گوند و دێهاتەکانیاندا نەگەرابێ نازانێت ئەم سیستیمە پڕ هەڵەیە بە ناو کۆمونیستییەی ئەمانە دەهۆڵی بۆ دەکوتن تا چ رادەیەک نرخی مرۆڤی شکاندوەو چۆن کاری کردۆتە سەر چۆنیەتی هەست و ئەست و بیرکردنەوەو هەڵس و کەوتیان. بە کوردیەکەی بە هەڵە بە پراکتیک کردنی بیری کۆمونیزم تراژیدیایەکی نێو نەتەوەیی ترسناک و کوشندەی خوڵقاندووە کە چەندین باس وتو وێژینەوەی تایبەت و بە مەبەستی گەرەکە) نە بە تیۆری نە بە پراکتیک ئاشنای هیچ جۆرە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی رامیاری و ئابوری نیە کە مرۆڤ بتوانێ لە گەڵی دا بکەوێتە تۆژینەوەی شەن و کەوکردنەوە.

دیارە سەرەنجامی ئەو تیژە فرە هەڵەیە و بە پیرۆز زانینی ئەو «سنوورانە»یە کە ئەم «وولاتە هەمە نەتەوەیانەی» وەک یوگوسلاڤیا و سۆڤیەت و ئەتیوپیاو...هتد. لەسەر لێواری پارچە پارچە بوون و لێک ترازاندنێکی تەواودا بەملاولادا دەکەون و پیاوانی پایتەختیان وەک تازە ئەکرۆباتێک ئێستا نا ئێستا لە هەرەتی گلاندان. ئەم قەیرانە دەسیسە و پلانی ئیمپریالیزم نی‌یە (هەرچەندە بێ‌گومان هێزە ئیمپریالیستی و مۆنۆپۆلی‌یە ئاڵۆزە فرە گەورەکان تاپڵێ‌ی سوودی لێ وەردەگرن) بەڵکو بریتی‌یە لە کۆی کەف و کوڵ و هەڵچوونی ئاتەبایی‌یەکانی دروشمی زلوورستەی چەورو بۆش کە تەنگیان بە مرۆڤی چەوساوە هەڵچنیوە و تا بن هەنگڵێ هاتوون، ئەمانە کاردانەوەی هەنگاوی رامیاری هەڵەن کە بناخەی خۆیی لەسەر «یەکێتی درۆ» و «برایەتی ساختە» و «پیرۆزایەتی سنووری دەسکرد» و «زۆر بەرخودانی نەتەوەی سەردەست» و...هتد. دۆزیوەتەوە. هیچ مرۆڤێک لە ئازادی راناکات.(٧٩).

هیچ نەتەوەیەک سیستەمێک رەت ناکاتەوە و تور نادات کە لە سایەی‌دا پشووی دابێت و نان و کارو مافە مرۆڤایەتی‌یەکانی (چینایەتی‌یەکان لەولاوە بوەستێت) تیا دەست کەوتبێت و نەوەکانی ئایندەی بە دڵنیایی‌یەوە درێژە بە ژیانیان بەدەن.

ئەو مرۆڤانەی ئەمڕۆ «کریم احمد» تاوانی دژایەتی کردنی «وولاتی هەمەنەتەوەیی» و تێکدانەوەی «سنووری پیرۆزیان» دەنێتە پاڵ ژمارەیان لە سەدان ملوێنە پترە، نە تیرۆرستن و نەدرندەو ئەشەڕخواز و نە ئانیشتمانی و نە ئیمپریالیستی، بەڵکو بریتین لەو مرۆڤانەی جۆرج ئەورویڵ گوتەنی: لە دروشمی بەرازەکان توڕەن».

ئێمە بڕوامان بە سۆشیالیزمی زانستی هەیە و بۆ «وولاتی هەمە نەتەوەیی» و یەکێتی

نەتەوەکان و دەوڵەتی گەپ و توڕدانی سنوورەکان تێدەکۆشین، بەڵام پێش هەموو شتێک داوای سەربەخۆیی و سەرفرازی نەتەوە بنە دەستەکان دەکەینە و گەرەکمانە هەموو بەر خۆردانێکی زیادە و تایبەتی نەتەوە سەردەستەکان توڕدەین و نەتەوەکان لە پرۆسەیەکی ئامادەکردنی زانستیانەدا لە یەک نزیک بکەینەوە، پێمان وانی‌یە ڕژێمێکی بەهەشتی ئاسمانی ئەو چارەیەی هەبێت وەلا دەست کەوێت، بە تایبەتی کە لە هیچ لایەکەوە کاری بۆ نەکراوە. نەتەوەی کوردیش وەک هەموو نەتەوەیەکی دیکە تەماشا دەکەین و لە هیچ ڕوانگەیەکی تایبەتی و تالوکەوە تێی ناڕوانین و پێشمان وایە سەرکەوتن لە هەگبەی هەموو هەنگاوێکماندایە.

دەبوایە ناوبراو تۆزێک سوودی لە تاقیکردنەوەی وڵاتە سەرمایەداری‌کان وەربگرتایە و هەستی بکردایە کە چۆن ئەم وڵاتانە لە قۆناخی سروشتی خۆیاندا دەڕۆن چینی کرێکار و پرۆلتاریا لە پرۆسەی خۆدۆزینەوەوە و هەوێن گردنێدا بەردەوامن. با ناوبراو بڕوانێتە وڵاتەکانی سکەندناڤیا، ئەورووپای ڕۆژئاوا، یان ئەمەریکا و کەنەدا دەبینێت کە چۆن وا تەنانەت «پەساپۆرت»یش بەرە پوکاندنەوە و نەمان دەڕوات و خەڵکی ئەم وڵاتانە لە زۆربەی ئەم وڵاتانەدا دەتوانن بژین و کاربکەن و تەنانەت بشبن بە هاونیشتمانی لایەنێکی دیکەی‌تر. کولتورو فەرهەنگی هیچ لایەنێک نەخراوەتە ژێر میهری قەیچی و بۆمبای فوسفۆر گاز بارانەوە. بە هۆی وەرگێڕان و تێکەڵاوی‌یەوە تا ڕادەیەک هەست بە کۆمەڵێک کۆڵکەی هاوبەشی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابووری دەکەن کە بەداخەوە کۆمەڵگاکانی ئێمە و ئەوانەی کریم احمد و هاوڕێکانی پێ‌ی سەرسام بوون هێشتا لە هەرە هەنگاوە سەرەتایی و دەست پێ کردنیشی‌دا نین. بۆ ئەو مەبەستە تەنانەت لە شەڕی یەکتر کوشتن و ناوخۆییش دان.

ڕاستە بەشێکی ئەم گۆڕانکاریانە لە خزمەتی بەرژەوەندی سەرمایەدارە زلەکاندا دایە بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەم گۆڕانکاریانە بەشێکی لێک نەپچڕاون لە بەردەوام بوونی پرۆسەیەکی مێژوویی نەبڕبەبینتدا، کۆمەڵێک قۆناخی سروشتی و خۆرسکی جۆرەکانی پێشکەوتنەکانی کۆمەڵن، کە هەر خۆیان دەبنە دەروازەیەک بۆ شەن و کەوکردنی پرۆسەی قۆناخێکی هاوبەش و سۆشیالیزم.

ئەم برایەتی و یەکسانی و تێکەڵاوبوونەی ئەم نەتەوانە (یان هیچ نەبێت وەک هەنگاوێک) زۆر بابەتیانەتر، ڕێک و پێکترو یەک ئاهەنگانەتر لەگەڵ خواست و داواکاری‌یەکانی نەتەوەکاندا دەگونجێن وەک لەو دروشمە بۆگەنانەی کە کریم احمد و هاوڕێکانی (٧٠) ساڵە مرۆڤی پێ لە ناو دەبەن، ئەویش تەنها لە پێناوی باڵا دەستی «بەرازەکان»دا.

سەرکردایەتی پارتی کۆمۆنیستی ئیراقی دەبێت بە یەک لە کوردستاندا دادگا بکرێن. ئەم

ڕاستیبە ئێستاش نەبێت لە ئایندەدا پیادە دەکرێت.

مارکسی‌یەکانی کوردستان و هەموو ئەوانەی بڕوایان بە سۆشیالیزمی زانستی هەیە، بە هیچ شێوەیەک و لە ژێر هیچ هەلومەرجێک‌دا ناخوازن کوردستان بکرێتە گۆڕەپانی تاقیکردنەوەی بیرێکی «دزراو» و «مایە پووچ».

هەر دوایی کریم احمد دەڵێت: «لەسەر بنچینەیەکی نەتەوەیی لە وڵاتێکی هەمە نەتەوەیی‌دا» دیارە ناوبراو ورێنەی کردووە، دەنا دەبوایە بیزانیایە چۆن قسەکانی خۆی تایبەت بکات بەرامبەر مەسەلەیەکی تایبەتی و هەر لە خۆیەوە بە گشتی قسە نەکات.

ئێمە دەڵێین نە هەموو مارێک ژەهراوی‌یە و نە هەموو ژەهردارێکیش مارە.

ناوبراو مەبەستی لە «کورد»ە. لەبەر ئەوە ئەز دەڵێم ئەوانەی کە خوازیاری لە دایک بوون و دامەزراندنی پارتی کۆمونیستی کوردستانن، ئەم داوایە لەسەر بنچینەیەکی نەتەوەیی بەرز ناکەنەوە. پارتی کۆمونیستی کوردستان، بۆ ئەو مەبەستەش پارتی کرێکاری کوردستان PKK، یان پارتی ئازادی کوردستان PAK، کە هەردووک بڕوایان بە سۆشیالیزمی زانستی و هێزی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ، یا خود هەر پارتێکی‌تری چەپی کوردستانی، واتە پارتێک بۆ «گەلی» کوردستان. پارتێک بۆ سەرانسەری خەڵکی کوردستان. نەک پارتێکی تایبەتی تەنها بۆ «کورد».

کە دەشڵێین پارتی کۆمونیستی کوردستان، واتە ئێمە وا سەیری نەتەوەی کورد ناکەین کە بە دەستی سروشت لە سنووری وڵاتێکی خوا کردی ئەگۆڕی «فرە نەتەوەیی» دا بژی، بەڵکو پێمان وایە ئەم نەتەوەیە بە زۆرو داپەشکراوەو لێک ترازێندراوە و هەموو «بەشێکی داگیرکراوی» نابێتە «نەتەوەیەک» لە وڵاتێکی فرەنەتەوەیی. کوردستان خاکێکی بە کۆلۆنیکراوە، گەلی کوردستان کۆمەڵگایەکی بە کۆلۆنیکراوە.

لە وڵاتێکی وەک تورکیادا، کە نەک هەر کورد، بەڵکو ئارەب و ئەرمەنی و جۆرجی و یونانی و ئاسوری و ...هتدیش هەن بەڵام نە پارتی کۆمونیستی تورکیا باسیان دەکات و نەبە پێی پەرلەمانی کمالیستە فاشی‌کانیش و جودیان هەیە. ئیدی «فرەنەتەوەیی» چی؟!

لەمانەش بترازێت دەڵێت بوونی پارتێکی کۆمونیستی کوردستانی (تەنانەت ئەگەر لە یەک پارچەش‌دا بێت) بۆچی دەبێتە کۆسپێک لەبەردەم هێنانە ناوەوەی هۆشمەندی سۆشیالیستی و نێو نەتەوەی بۆ نێو ریزەکانی کرێکاران و ڕێگە لە خەباتی یەکگرتوویان دەگرێ.. هتد»؟!

ئایا ئەمە ناشیرین کردن و بە کەمزانینی پرۆلیتاریا و کرێکاری کوردستان ناگرێتەوە؟!

داخۆ ئەم پارتانە، هەر دوویان هەر سێ، ناتوانن لە ئاستی خۆیانەوە بە خەباتی خۆیان هەڵسن و مێژوو بکرێتە سەنگی، مەحەک لە گۆرەپانێکی پان و بەرینی دیموکراسیانەدا زەحمەتکێش و کرێکارانی کوردستان و ئەم وڵاتە داگیرکارانە بکەن کۆمەڵێک سەرئەنجام؟ داخۆ هەر دەبێت یەک پارت و یەک سەرۆک و یەک خوداوەند و ... هتد هەبێت؟!

ئایدیالیزمی کریم احمد گەشتۆتە خاڵێک کە هەموو مرۆڤایەتی لە بیلبیلەی چاوی «یەک» کێۆدا بەدی دەکات. ئێمەش دەڵێین، خودایە ئەو کێۆە بەڵایەکی بەسەردا نەیەت، دەنا ناوبراو پشت لە هەموو مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەکات».

«تیۆری مارکسیزم- لینینیزم ئەوە دووپات دەکاتەوە کە شیوعیەکانی یەک وڵات، نەتەوەکانیان هەرچەندە جیاواز بن، حیزبێکی شیوعی یەکیان دەخات، چونکە ئەم حیزبانە لە سەر بنچینەی نەتەوەیی و هەرێمی لە یەک وڵاتدا دانەمەزرێن». هەمان سەرچاوەی پێشوو.

ئەز دەبێژم مێژوو نەک هەر وای دووپات نەکردەوە، بەڵکو لەم قۆناغەدا بە «هەڵە»ش سەلماندی، با خوێنەر بڕوانێتە هەموو وڵاتە سۆشیالیستیەکانی ماقبایی‌یەکان و سۆڤیەت و تەنانەت دۆخی «تبت» لە (چین)یش، بزانە داخۆ ئەو یەکتر کوشتن و رەگەزپەرست و نەژادپەرستی‌یەی لە هەڵاوی چێشتە مجەوری‌یەکەی ئەمانەوە بەرزبۆتەوە مرۆڤ ناهێنێتە سەر لێواری نائومێدی؟!

دیارە ناوبراو لە ئەستێرەیەکی دی دەدوێت، دەنا سەبارەت بە سەر زەمینی ئێمە شتی‌وا نی‌یە. ئەوە چین و تبت و هۆنگ کۆنگ، ئەوە سۆڤیەت و پانزە کۆمار و کۆمەڵێک ئۆتۆنۆمی، ئەوە یوگوسلاڤیا و هەفت فیدراڵی و چەندین ئۆتۆنۆمی... هتد.

ئەو بڕیارانەی کە لە ۱۹۹۱/۷/۲۲ دەرچوون، گوایە لە نێوان گۆرباچۆف و (۹) نۆ سەرۆکی کۆماری سۆڤیەتدا مۆرکراوە کە ناوی یەکێتی سۆڤیەت لە «یەکێتی کۆمارە سۆشیالیستی‌یەکانی سۆڤیەتەوە» بگۆرێت بۆ «یەکێتی کۆمارە سۆڤیتی‌یە سەربەخۆکان»، ئەز پێم وایە هێشتا سەر ناگرێت و زوربان دەرەنگ هەڵدەوەشێنەوە. ئەم کۆمارانە، یاخود بەشێکی زۆریان «هەر دەبێت» بە پراکتیک جیا ببنەوە و لە پرۆسەی «پەسارێکی رامیاری سەربەخۆ»دا دەمێک بژین.

ئەوەتا لە خاڵی (۲)دا دەڵێت: «حیزبی شیوعی لەسەر بنچینەیەکی چینایەتی دادەمەزرێت، لە هەر وڵاتێکدا ژمارەی نەتەوەکانی هەرچەندە بن، نەک لەسەر بنچینەی نەتەوەیی، چونکە چینی کرێکاری هەر وڵاتێک لە ژێر بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی دیاریکراودایە و یەک یاسای بەسەردا جێبەجێ دەکرێ و رووبەرووی یەک بارو دۆخی سیاسی دەسەڵاتدارانی ئەو دەوڵەتەو یەک بارودۆخی سەربەخۆ دەمێنێتەوە». (۸۰)

سۆشیالیزمی زانستی هەرگیز شتی وای نەگوتووە. سۆشیالیزمی زانستی «مرۆڤ»ەنییە، بەڵکو بیرە. واتە یەکێک لە بۆچوونەکانی سۆشیالیزمی زانستی لە یەک پارت دەدوێت بۆ چینی کرێکاران، واتە ئەڵتەرناتیڤی دوو، و سێ و چوارو پێنج و... هتدیش هەن، ئەگەرچی هەر وەکو بۆچوونێکیش ساخ بێنەوە. کریم احمد ئەمەی لە ئێمە کردووە بە ئایەتێکی قورئانی، بەڵام لە پێشەوە «بسم الله» کەیی لە بیرچووە.

بەڵێ یەک پارت بۆ چینی کرێکاران، ئیدی لە وڵاتێکی فرە نەتەوەییدا بێ یاخود لە وڵاتێکی یەک نەتەوەیی‌دا، یا خود بۆ ئەو مەبەستە لە وڵاتێک دا یەک نەتەوە و کە مایەتی‌یەکی تیا بێت، بۆ نموونە وڵاتێکی سوید... سویدی و سامی.

کە هێزەکانی ئیمپریالیزمی جیهانی لە جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم‌دا بە ئارەزووی خۆیان سنووریان گۆڕی، بۆچوونێکی‌وا واتە یەک پارت بۆ چینی کرێکارانی دەوڵەتێک، بوو بە بۆچوونی زاڵ، ئەویش دیارە بەو هیوایەی کە خەباتی کرێکاران باشتر ئاوێدات و ئامانجە چینایەتی‌یەکانی باشتر بپێکێنرێن. بەڵام دیارە ئەم کارەش کاری تایبەتی و هەنگاوی تایبەتی و بڕینی قۆناخی تایبەتی گەرەکە، کە یەکێک لەوانە نەهێشتنی چەوساندنەوەی نەتەوایەتییە بە هەموو جۆرو مانایەکی‌یەوە، هەروەها ئامادەکردنی کۆمەڵگاو تەوردانی ئاین لە دەوڵەت و... هتدیش دەگرێتەوە.

نەهێشتنی چەوساندنەوەی نەتەوەیش بەو مانایە نەهاتووە کە ئەو نەتەوەیە پەراوەزە بکرێت و بە کۆمەڵ بکوژرێت و تووشی ڕاگوێزان و کۆچ پێکردن و تواندنەوە بێت هەروەک (کریم احمد)و هاوڕێکانی لێی گەیشتوون. واتە ئەو بیرە داوای نەهێشتنی چەوساندنەوەکە دەکات نەک نەهێشتنی نەتەوەکە.

نەهێشتنی چەوساندنەوە، واتە بە باشترین شێوە کە بشێت، لەسەر بەستی جیا نەبوونەوەوە دەست پێ دەکات تا مافی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سیاسی سەربەخۆ (واتە فۆرمی سیاسی بەلای پرۆلیتاریاوە گرنگ نییە. گرنگ ئەوەیە ئەو نەتەوەیە بە دڵخوازی خۆی بێ فشار ئەو «هەڵبژاردنە» ئەنجام بدات).

ئەگەر وا نەبێت ئەوا پێویست ناکات یەک پارتی کرێکاری هەبێت بۆ هەموو نەتەوەکان، با لە یەک سنووریشدا بن. بەتایبەتی ئەگەر ئەو پارتە، پارتی کۆمونیستی ئێراقی ئاسایی ڕیفیزیۆنیست و باڵی نەتەوەپەرستی نەتەوەی سەردەست تیایدا زاڵ بێت و نەتەوەی بن دەست و چینی کرێکاری هەر دوولاشی بە هەزاران هەوارز و نشێوبدا بردبێت. لەم کاتەدا نەک هەر تەوردانی ئەم لایەنە پێویستە، بەڵکو دەبێت لێشیان بپرسرێتەوە و بخرێنە بەر دادگای گەل.

بوونی دووپارتی کرێکاری، بۆ نەتەوەی سەردەست و بن دەست تا بڵێی گرنگە بە تایبەتی کە ئامانجەکانی هەر دوو نەتەوە زۆر لێک جیاوازەو داوا کرێکاری یەکانیش هێندە ئاییندەیین کە ناکرێنە کۆڵەکەی هاوبەشی خەباتێکی یەکگرتوو.

ئاوبراو بەردەوامە «چونکە چینی کرێکاری هەر وڵاتێک لە ژێر بارو دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی دیاریکراو دایە یەک یاسای بەسەردا جێبەجێ دەکرێ و رووبەرووی یەک بارو دۆخی سیاسی دەسەلاتدارانی ئەو دەوڵەتە و یەک بارو دۆخی سەربەخۆ دەبێتەوە».

ئێمەش ناچارین بڵێین کە واتە هەموو مارکسی‌یە کلاسیکیەکان و روناکبیرانی سۆشیالیزمی زانستی و مێژووی خەباتی مرۆڤایەتی ناماقوڵ دەکەن کە لە دوو چەوساندنەوەی جیاوازی «نەتەوەیی» و «چینایەتی» دەدوێن؛ چینی کرێکاری هەر وڵاتێک «مانای چی؟!».

دیارە شۆرشی پرۆلیتاریاو چینی کرێکار کۆتایی (ئەویش لە دۆخی بە پراکتیک کردنی تیۆری زانستیانەی سۆشیالیزمی زانستی بە بوونی رێکخراو و پارتی سۆشیالیستی زانستی تەواودا) بە هەموو جۆرە چەوساندنەوەکان دێنێت و لەوانەش چەوساندنەوەی نەتەوەیی، ئەمەش بیری سەرەتایی سۆشیالیزمی زانستی‌یە و شتێک نی‌یە (کریم احمد) تازە بە تازە پێمانی بفرۆشێت. بەڵام داخۆ خەڵکی ئێراق ئامادەی ئەم شۆرشە پرۆلیتاریایەن و پێداویستی‌یە مێژوویی‌یەکانیان لاچنگ دەکەوێت و قۆناخەکانیان بریوە؟! داخۆ چینی کرێکاری ئێراق و کوردستان(؟!) سەریان دەپەرژێت بە توێژینەوەی کەسایەتی‌و چینایەتی‌یەکانی خۆیان هەڵسن و هەڵوێستی سیاسیانەیان بابەتیانە سەبارەت بە رووداوەکان دیاری بکەن؟ وەئایا خاوەنی بەرنامەی ئێستایی پاشەرۆژیین و بە جۆرێک لە ژیانی دیموکراسیدا تێپەڕبوون و سیستەمی تەکنیکی دیموکراتی دەزانن؟ یاخود تا ئێستاش بە دوای پاروە نانێکدا وێڵن؟!

بە کورتییەکەی، ئایا کریم احمد و هاورێکانی تا ئێستا کرێکاری ئێراق و کوردستانیان فێری چی‌کردووە؟

رەنگە زەحمەتکێش و کرێکارانی ئێراق لەبەر وون بوون و ماڵوێرانی تەختی تۆتالیتاری بەعس برسێتن، رەنگە لە پێناوی کارو پاروە ناندا رەگی بەعس لە بناخەوە دەربکێشن. رەنگە لەبەر گیرو گرفتە کۆمەڵایەتی و ئابووری‌یە کەڵەکە بووەکەڕولێنیشتوەکان رژێم دوای رژێم بلەرزێنن، بەڵام ئەمانە هیچیان پەیوەندیان بە شۆرشی پرۆلیتاری و کرێکاری، یان بۆ ئەو مەبەستە، چینایەتی‌یەوە نی‌یە. ئەم جۆرە بزوتنەوانە، کە بە گشتی جەماوەرین، لە ئەنجامی ئەو بوحرانە بێ بنەوە هەڵدەتۆقێنن کە فاشیزم وەک لەشێکی نەخۆش لە شێوەی زیبکە و کێم و پیسایدا لە

قوڵبوونەوەو پەنگخواردنەوەی خۆیدا دەریان دەکات. هەمیشە هێزەکانی بۆرژوا و سەرمایەدار، بە تایبەتی و دەستی دەرەوە ئەم جۆرە بزوتنەوانە لوول دەدەن و دەیان ماشنەوە، ئەویش لەبەر بێبەرنامەیی و ناڕێکخراویی و هەر کەس بۆ خۆیی و لەمانەش بترازێت بێ بۆنوی و نەبوونی هیچ پرسارێکی دڵنیایی، لە ناو ئەو هێزە جەماوەرییەدا.

کریم احمد پێویستە ئەوە بزانێت کە شۆرشی کرێکارانە پرۆسێسێکی درێژترو بناغەیەکی پتەوتر، کۆمەڵگایەکی گەیوو پێشەساز و پڕ کۆنترادێکتی چینایەتی پێویستە. مێژووش سەلماندنی کە شۆرشێکی وا ناشیاوە سەربگرێت ئەگەر وەکو خەڵکی ئەو وولاتە (کۆمەڵگایە)لە گۆرەپانێکی دیموکراسی وئازاددا- هیچ نەبێت دیموکراسی لیبرالیانە- بەشی هەرە زۆری بابەتە رامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگییەکانیان هەزم نەکردبێت.

ئەگەرەکو پارتێکی کۆمۆنیست بە رێکەوت لەبەر کەڵکە بوونی هەڵە سیاسییەبە کوشندەکانی خۆی لەناو سنوورێکدا تەنگی پێ هەڵچنرا (نەک لەبەر هەڵوێستی سیاسی و لە دایک بوونی بزوتنەوەیەکی جەماوەری) مانای ئەوە نی‌یە کە شۆرشی پرۆلتباریا- ش دەبێت روو بدات و ئیدی خەڵک توانای دروست کردنی کۆمەڵگای سۆشیالیستی هەیە و بەو شێوەش رژێمێکی سۆشیالیزم دێتە کایەوە و چەوساندنەوەکان ناهێڵرێن.ئەمە تیۆری زانستی نییە، بەڵکو سەرشێوان و خەلافاندنە.

لەسەر مەسەلەی «یەک پاسای بەسەردان جێبەجێ دەکرێ و روو بە رووی یەک بارو دۆخی سیاسی دەبێتەوە... هتد».

ئەمە ناکرێت بە گۆترە بگووترێت. بەڵکو دەبێت جوان شی بکرێتەوە و دەست نیشان و دیاری بکرێت و تایبەتیش بکرێت کە مەبەست لە چ دەوڵەت، چ نەتەوە و چ سنوورێکە. چونکە ئەگەر ئەمە بە رێکەوت لە دۆخێکی تالوکەدا راست بێت نیتر مەرج نی‌یە بکرێتە یاساو ناوبراو لە «جامی» بگرێت.

چۆن کرێکارانی رەش پێست لە خوارووی ئەفریکادا «یەک یاسایان بە سەردا جێ بەجێ دەکرێ و روو بەرووی یەک بارو دۆخی سیاسی دەبنەوە» کە هێشتا وەک مرۆڤیش تەماشا ناکرێن. لە یەکێک لە راپۆرتەکانی ئەم دواییەدا (مانگی ٩/١٩٩١)منداڵانی رەش پێست «تەنانەت بۆیان «نی‌یە» لەو قووتابخانانەش دا بخوێنن کە سپی پێستەکان بە جێیان هێشتوون و چۆڵیان کردوون و کاریان پێ‌ی نەماوە.

لە وڵاتێکی وەکو تورکیادا کە تەنها «تورک» بە رەسمی وجودی هەیە و لە کوردستاندا بە

سەدان بەڵگە هەن کە مرۆڤی کورد لەسەر بە کوردی ئاخاڤتن کوژراوە و مرۆڤی زیندانی تا زمانی تورکی فێر نەبێت ئادرێت بە دادگار... هتد، ئیدی چۆن «یەک یاسایان بەسەردان جێبەجێ دەکرێ و رووبەرووی یەک بارودۆخی سیاسی دەسەڵاتدارانی ئەو دەوڵەتە و یەک بارو دۆخی سەربەخۆ دەبنەوە». (؟!)

دیارە ئەمە بۆتە مەتەڵی ماسی‌یەکەو بە کریم احمد هەڵنایەت چونکە زۆربەی زۆری گیاندارانی جیهان پولەکەدارن!!

ئینجا هەر بۆ بەڵگەی ئەم دۆزە بێ سەرو بنەی خۆشی دەڵێت: «کرێکارانی ئارەب و کورد و تورکمان و ئاشوری لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوک و کۆمپانیای نەوتی بەسرە و هی‌تر بە بێ‌جیاوازی مل کەچی یەک یاسا و رەفتاری سەرمایەدارینە و روو بە رووی یەک یاساو هەڵس و کەوتی دەسەلاتداران دەبنەوە».

ئای کەوا نییە (!!).

دەبێت چەند ساڵ بێت نووسەر هەر لەسەر ئەخشە چاوی بە ئێراق دەکەوێت(؟!).

رژێی بەعسیش هەر هەمان شت دەڵێت: ئێمە بە یەک چاوەوە لە گەلانی ئێراق دەروانین». تەنانەت سەددام حسین لە وتارێکدا دەڵێت «ئێمە پێمان باش نی‌یە باسی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد بکەین، چونکە ئەوە دەبێتە مایەی ئەوەی وا لە ئێمە بڕوانرێ کە بە «جیاوازی» تەماشای ئەتەوەی کورد دەکەین. ئێمە بە یەک چاوەوە لە هەموان دەروانین». خۆ ئەگەر بێتە سەر چەوساندنەوەی چینایەتی باوەر ناکەم سەددام حسین نکۆڵی لە بوونی چەوساندنەی چینایەتی لە ئێراقدا بکات. بە تایبەتی کە «بوونی چەوساندنەوەی چینایەتی هێشتا لە جیهاندا نەبۆتە مایەی «شەرم» و «شکۆ» بۆ دەوڵەتێک.

لەمانەش بترازێت، کوا کورد لە کەرکوکدا ماوە تاوەکو لە کۆمپانیای نەوت‌دا کار بکا؟! خەڵکی کورد لە ماڵەکەی خۆی وەدەرئرێت و بە بەرچاوی خۆیەوە خانووەکەی دەدرێتە خێزانێکی ئارەب و نرخێکی هێمایی کە ئاگاتە نیوە نرخی خانوو ئەوشتومەکانی دەدرێتی و بێ هیچ جۆرە دڵنیایی‌یەکی کۆمەلایەتی رەوانەی ئایندەیەکی نادیار دەکرێت، ئایا چۆن ئەم کرێکارە، جوتیارە یاخود زەحمەتکێشە لە گەڵ کرێکارێکی ئارەبدا بەراوورد ناکرێت؟!

کوا کورد بۆی هەیە لە کۆمپانیای بەسرەدا کار بکات؟! ئەگەر خێزانە کوردەکان بۆ بەسرە راگوێزراونەتەوە ئەوا لەناو شارەکەدا ناژین و خانووی خەڵکی ئارەبیان بۆ چۆڵ نەکراوە، تەنانەت کەلاوەیەکیشی بۆ ئامادە نەکراوە، بەڵکو لە بیابانەکاندا وەک «بارمتە» مامەڵەیان لەگەڵدا

دەکرێت، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر بە کۆمەڵ ڕێندە بە چاڵ ئەکرابن(٨١).

جووتکاری کورد نەک هەر ئامێری نوێ و چەرخی پێ نادرێت، نەک هەر یاسا ریفۆرمی‌یە کشتوکاڵی‌یەکان نایانگرێتەوە، نەک هەر باج و خەراجی قورس و گرانیان لەسەر کەڵەکە بووە، بەڵکو تەنانەت ڕاشکوێزراونەتەوە بۆ شوێنگای زۆرەملێ خانوو و زەوی و سامانیان گشت ویران و خاپوور کراوە.(٨٢)

ئەمانە شتێکی تازە نین لەناوبراو شاراوەبن. هەر لەسەرەتای ساڵانی (١٩٧١)وە «میری بیشتمانی سۆشیالیستی» ئەو کاتە دانیشتوانی کوردی شەنگارو موسڵ وناکرێ و خانەقین و مەندەلیو ...هتدی بە ئارەب دەکردو تەنانەت گەڕی ئالانّد بووە ئاگرێ و شەقلاوەو هەولێریش، نەک هەر تەنگی بە نیوملوێن کوردی شاری بەغدا هەڵچنیبوو بەڵکو تەنانەت لە قووتابخانەیەکی کەڕولاڵی وەک ئەوەی بەغدا نەنووسراوە «قووتابخانەی فێرکردنی نووسین و خوێندن بۆمنداڵانی ئێراق » بەڵکو نووسراوە بۆ منداڵانی ئارەب».

ئیدی چۆن «کرێکاری کوردو ئارەب لە ژێر یەک باروودۆخی سیاسی‌دادەژین»؟ کریم ناهەقی نی‌یە بەو شێوەیە بیر بکاتەوە، چونکە خۆی و هاوڕێکانی لە ڕوانگەی بۆچوونی سەرانی مۆسکۆوە دەڕوانتە ئێراق و کوردستان و هەموو ئان و زەمانێک خەڵکی ئێراقیان لە پێنجی بۆێ بۆ دوازدەدا بەجێ هێشتووە.(٨٣) و لە جیاتی لە ڕووانگەی مارکسیزم- لینینزمەوە بڕوانتە کوردستان، لە ڕوانگەی قەرەوڵێ تفەنگەوە لی‌ی دەڕوانن.

کاتێ خۆی کە فنلەندە بە تواندنەوەی خۆی لەو یەکێتی‌یەی ئەو کاتەی سۆڤیەت‌دا ڕازی نەبوو، تەنها بریتی نەبوو لە داخوازی بۆرژواکانی فینلەنداو پەمپلێدانی ئەو کاتەی دەوڵەتی سوید، بەڵکو خەڵکی فینلەندە هەر لە کۆنەوە رکیان لە هەموو دەسەلاتێکی تساریزمی رووسیا هەڵگرتبوو، ئەمەش وای لێکردبوون شک لە هەموو جۆرە یەکێتی‌یەک بکەنەوە و دارەتێکی وا بە «داو» بزانن. ئەوە بوو پارتی کۆمونیستی فینلەندا

لە نامەیەکدا بە ئاشکرا بۆ لینینیان روونکردبۆوە کە ئەمان تەنها بە سەربەخۆیی فینلەندا رازی دەبن، ناخوازن بەشێک بن لەو یەکێتی‌یە. لینینیش ئەم راستی‌یەی چاک دەزانی هەر بۆیە گوێی بۆ داخوازی‌یەکانیان شل کرد، ئەوەتا (٧٠)ساڵ دوای ئەم رووداوە مێژووی‌یە، تازە بە تازە رووسی‌یەکی هاوبیری کریم احمد کە ناوی (ڤلادمیر زیدینوفسکی)یە، لە (تالین)ی پایتەختی ئیستلەند (کە یەکێکە لە ٣ کۆماریی بەلتیک) لە وتارێکدا هەرەشە لە سەربەخۆیی فینلەندە دەکات و دەڵێت: «فینلەندە بە مێژوو سەر بە

رووسیایە» و «ئەم وولاّتانەی بەڵێبک دەبێت لەسەر نەخشەی جیهان بسرێنەوە و نەمێنن». هەر دوای ئەم شەکر بارانە زمانی شالبارگای بەرگری سۆڤیەت لە رۆژی ٢شەمە (١٩٩١/٨/١٢) بە پەلە لە دەستگای هەواڵنێری «نوڤوستی» بەوە وەلاّمی دەداتەوە و دەڵێت: «زیدینزفسکی لەبەر خۆیەوە قسەی کردووە».

کەریم و سەرکردایەتی پارتەکەی لەبەر خۆیانەوە قسەدەکەن.

کریم احمد دەڵێت: «خاوەنی رای دامەزراندنی حیزبی شیوعی کوردستانی سەربەخۆ پشت بەوە دەبەستێ کە گوایە گەلی کورد مافی بریاردانی چارەنووس و مافی لەدامەزراندنی دەوڵەتێکی نیشتمانی سەربەخۆدا هەیە، بۆیە دەبێ لەم بارەدا شیوعی‌یە کوردەکان یان ئەوانەی لە کوردستاندا کاردەکەن حیزبی سەربەخۆی خۆیان پێک بێنن».

کورد دەڵێت: درۆ بە دەم مردووەوە دەکرێ.

پارتێکی سەرانسەری وەک پارتی کرێکارانی کوردستان لە ئەنجامی قوڵبوونەوە و خڕ بوونەوە و کەڵەکە بوونی هەموو کۆنترادیکت و داکۆکی‌یەکانی کۆمەڵگای کوردستانی داگیرکراودا لە دایک بوو، کە هیچ پارتێکی فیودالی و بۆرژوای کوردستان زۆرانی لە گەڵدا پێ ناگرێ و پارتی کۆمۆنیستی تورکیاش، نەک هەر سەبارەت بە مەسەلەی کورد هەڵەن بەڵکو پێکی سەرکوتکردنەوەی دەستی فاشیستەکانی تورکیاشن.

کە نیو دەرزەن رێکخراوی چەپ لە باشووری کوردستاندا لە دایک دەبن، خۆی لە خۆی‌دا واتە بروانە بوون بەوەی کە پارتی کۆمۆنیستی ئێراق (وەک چەپێکی سەرانسەری) ناتوانێت و نەیتوانی‌وە چارەسەر بۆ گیرو گرفتە بەسەر یەک کەوتووەکاندا بدۆزێتەوە و دەستە وەستان ماوە. چەپایەتی ئەم رێکخراوانە لە هەمان کاتدا واتە بروانە بوون بەوەی پارتە فیودالی و هوردە بۆرژواکان چارە سەری گیرو گرفتی کوردیان لا نییت.

واتە سەر هەڵدانی چەپ و بیری کوردستانی بەردەوام بوونی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کوردستانە لە قۆناخی نوێ و بە بیری نوێ شێوازی چاخی‌بەوە. واتە بە گۆڕدا هاتنەوەی هەموو ئەوانەی (لەوانەش پارتی کۆمۆنیستی ئێراق) کە بە کوردستان خۆیان هێڕی سیاسەت دەکەن.

کەواتە لە دایک بوونی ئەم پارت و رێکخراوانە (کە لە ئەنجامدا هەر دەبێت لەبەرەیەکدا یەک بگرن) یاخود چەند یەکێکیان ناوێنەی یەکتر بن و پێکهاتێنێکی نوێ و بەرنامەیەکی نوێ دارێژن) هێزی کۆبوونەوەو کەڵەکە بوونی گیروگرفتەکان و قەتیس مانەوەیانە کە بێ‌هۆودە چاوە روانی چارە و یەک کالاّ کردنەوەن، ئەم دۆزە بێ بناغەیەی ناوبراو کە دەڵێت: «حیزبی شیوعی کوردستان

سەربەخۆ پشت بەوە دەبەستێ کە گوایە گەلی کورد مافی بڕیاردانی چارەنووس و مافی لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی نیشتمانی سەربەخۆدا هەیە، بۆیە دەبێ...».

کۆمونیستەکانی کوردستان، ئەم هۆیەی سەرەوە بە بیانوو ناهێننەوە بۆ دامەزراندنی پارتێکی کۆمونیستی کوردستانی، بەڵکو بە چارەسەری گیرو گرفتی کوردی دەناسێنن. کۆمونیستەکانی کوردستان پێویستی‌یان بە دۆزینەوەی «بیانوو» و «پسوڵەی لێبووردن» و «مەرەخەسیی پارتی کۆمونیستی ئێراق» نی‌یە تا پارتێکی کۆمونیستی کوردستانی دابمەزرێنن، بەڵکو ئەم پارتە خۆی لەسەر ئەنجامی کۆنترادیکت و گیروگرفتە کەرولێنیشتووەکانەوە لە دایک دەبێت.

کەریم بە دەستی بە ئەنقەست خۆی گێل دەکات و ووشە و رستەو مەبەستی خەڵکی دەگۆڕێت بێ ئەوەی نموونەیەکی دیاریکراو و دەست نیشانکراو بهێنێتەوە. ئەوە تا لە دوای کۆمەڵێک رستەی بێ سەرو شوێندا دەڵێت: «ئەگەر بارو دۆخی مەوزوعی و زاتی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە کوردستانی ئێراقدا هەڵکەوت ئەوا لەسەر شیوعی‌یەکانە کە حیزبی شیوعی سەربەخۆی خۆیان پێک بهێنن...هتد».

کورد دەڵێت: خۆشەویستی بە پارەناکرێت.

ئەز دەڵێم: ئەقڵیش.

ئێمە گوتمان کە لە دایک بوونی پارتێکی چەپی کرێکاران (ئیدی ناوی «کۆمونیست» لە خۆیان بنێن یان نە) لەبەر دەستە وەستانی پارت و رێکخراوە فیودالی و بۆرژواکانی و پارتی کۆمونیستی ئەو وولاتانەن کە کوردستانیان داگیر کردووە. کە ناتوانن چارەسەرە گیرو گرفتی کوردستان بکەن سەریان لێ‌ی دەرناچێت. هەر لەبەر ئەوەیە کە کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان لە رێکخراوێکی سەرتاسەریدا (مەرج نی‌یە هەر کوردستانی ئێراق بگرێتەوە) خۆیان رێک دەخەن و لەگەڵ دروشمە کرێکاری‌یە ئینتایی و ئایندەکاندا ئالای سەربەخۆ بوون و سەرفرازیش بۆ نەتەوەی کورد بەرز دەکەنەوە. هیچ کاتێکیش بە هیچ جۆرە یەکگرتنێک لەگەڵ نەتەوەی سەردەست‌دا رازی نابێت تاکو بەدڵنیایی‌یەوە نەزانن (لە هەڵبژاردنێکی ئازاددا) کە ئەم یەکگرتنە بناخەی زانستی خۆیی هەیە و سەردەگرێ. کۆمونیستەکانی کوردستان ژیرانە و بابەتیانە رووداوەکان هەڵدەسەنگێنن، ئامادە نین ئایندەی کوردستان یان گەلێکی‌تر بخەنە گێژاوی مەترسی‌یەوە.

خەڵکی کوردستان، پارتێکی کۆمونیست یان پارتێکی چەپی زانستی دەخوازن بۆ ئەوەی بە توند و تۆڵی و چالاکی‌یەوە لە خەباتی رزگاریخوازانەی نیشتمانیدا بەشداری بکات و ئەو بۆشایی‌یە

گەورەیە پڕ بکاتەوە کە لە ئەنجامی تەراتێنی ڕیڤیزیۆنیست و هێزە کۆنەپەرست و فیوداڵییەکانەوە گەورە پڕ بکاتەوە و لە هەمان کاتیشدا پارسەنگی ئەو تایە بداتەوە کە هێزی بۆرژوای کورد لە کاردانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردستانی باردەکات. واتە ئەم «پارتە» دەبێت ببێتە هێزێکی «منافس» بەرامبەر هێزە بۆرژوا جۆراو جۆرەکان و بە هۆیەوە لە خولگەی بیری ئۆتۆنۆمیخوازی و سازش مامەڵەدا بترازێنرێن. خەڵکی کورد دەوڵەتێکی کوردستانی ناخوازێت تا بۆی هەبێت پارتێکی کۆمونیست دروست بکات.ئەم بۆچوونە تا بڵێی شێتۆکانەیە. بەڵکو پارتێکی کۆمونیست دەخوازێت تا بەشداری لە دروست کردنی ئەو «پەسارە»ش‌دا بکات و هەنگاوی خەباتی چینایەتیش بنێ.

لەوە دەچێت کەریم وڕێنەی بەنج لێبدا بێت. ئیمە دەڵێین کاکی برا نەخۆشییەکان لە پێناوی «بەکارهێنانی» دەرمانەکاندا سەریان هەڵنەداوە، بەڵکو دەرمانەکان لە پێناوی چاک کردنەوەی نەخۆشییەکاندا دروست کراون. دانەوێڵە لە پێناوی «وەگەڕخستنی» ئاش‌دا سەوزنەبووە بەڵکو ئاش لە پێناوی دانەوێڵەدا دروست کراوە. ئایا گەلی کوردستان کۆمەڵگایەکی گێل و سەیر و سەمەرە نابێت ئەگەرەکو تا دروست بوونی دەوڵەتێک پارتێکی کۆمونیستیان پێویست نەبێت بەلام لە دروست بوونی دەوڵەتەکەوە پێویستیان بێت!!

بە حسابی کەریم، ڕۆژی لەدایک بوونی «دەوڵەت»، ڕۆژی لە دایک بوونی کرێکارو ڕۆژی دەست پێکردنی خەباتی ڕامیاری و چینایەتییەتی. داخۆ پێش دروست بوونی دەوڵەت دەبێت کرێکار چی بێت؟!

ئەز دەبێ بڵێم، ئافەرین پارت بۆ خۆت و سەرکردایەتیت!

جێگای داخە کە تا ئێستا کۆمەڵگای کوردستان ڕێگا بە پارتی کۆمونیستی ئیراقی دەدەن لە کوردستاندا هەبن. ئەگەر جەماوەر زۆر بە زوو نەیەنە دەم ئەوا بە دەستی خۆ (بەلام بێ ئاگایانە) میلی تفەنگێکی داگیراوە لە خۆیان ڕادەکێشن.

کریم احمد دەڵێت: «ئەو بیروڕایانەی دەربارەی دامەزراندنی حزبی شیوعی سەربەخۆی کوردستان خراوەتە ڕوو لەم ڕوانگەیەوەن».

ئینجا دوو خاڵی داوە، خاڵی یەکەم، ئەز هەر پێویستیشی نازانم وەلام بەرێتەوە، سەبارەت بە خاڵی دووەم دەڵێت:

«هەڵوێستێکی ئایدیۆلۆژی و سیاسی» «چەپڕەواندگە» چونکە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ڕۆڵی حزبە نەتەوەییە کوردییەکان و توێژە کۆمەلایەتی غەیرە پرۆلیتاریاکان کۆتایی پێهاتووە و توانای

سەرکردایەتی کردنی بزاڤی نەتەوەیی رزگاریخوازی کوردیان نی‌یە».

چەپەکانی کوردستان[1] بە گشتی خۆیان لە دوو بەرەدا دەبیننەوە. بەرەیەکیان خەباتی خۆیان بە خەباتی گەلانی وولاتەکەوە بە ستۆتەوە، بۆنموونە ئالای شۆرش[2] رەوتی کۆمونیست وزەحمەتکیشانی ئێران- حیزبی کۆمونیست... و ...هتد کە بەتایبەتی لە «ئۆتۆنۆمی» بۆ کوردستان دەدوێن، بە گشتیش» دیاریکردنی مافی چارەنووس بەدەستی خۆ».

بەرەی دووەم ، لەوانە پارتی ئازادی کوردستان PAK و پارتی کرێکارانی کوردستان PKK سەرتاسەرین. خۆیان بە پارتی یەک سنوور یەک وولات دانانێن. خۆیان بە پارتی خەلکی کوردستان دەناسێنن. بروایان بەسەربەخۆ بوون و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و دیموکراتی کوردستانی‌یە. بروایان بە سۆشیالیزمی زانستی‌یە و پێیان وایە خەباتی رزگاریخوازانەی خەلکی کوردستان دەبێت هاوکاری بزوتنەوە نیشتمانی‌یەکانی ئەم وولاتانە (تورکیا، ئێران، ئێراق، سووریا) بکات و یارمەتیان بدات و ئەوانیش هەر بە هەمان شێوە، بەلام خەبات و ئامانجەکان هەرگیز هەمان شت نین و خەباتی گەلی کوردستان نابەسترێتەوە بە شێوازی خەباتی ئەوانەوە. (ئەمەش گفتگۆیەکی تێرو تەسەلی پێویستە و جێگای ئەم باسە نی‌یە).

بە هەر شێوەیەک، هەر دوو بەرەکە داوای (نان و کارو ئازاد)ی دەکەن. هەرچەندە کە داوای «ئازاد»ی‌یەکە لە فۆرمی سیاسی‌یەوە هەندێک لێک جیاوازە، بەلام هەردووکیان دوو تێروانینی جەپن، چ خاو[*]ن «مافی چارەنووس» و چ«دەوڵەتی سەربەخۆش- جیابوونەوە».

هەر دوولاش، بنکەیەکی تا رادەیەک پان و بەرینی جەماوەریانەیان هەیە کە هەندێک جار هێندە چالاک بوون، بە ئاشکرا هەموو هێزی کۆنەپەرستی ناوەکی و دەرەکی دژیان کۆبوونەتەوە و گەلە کۆمەکێشیان ساز داوە. (بۆ نموونە، ئێستا هەر رێکخراوێک لە «بەرە»دا نەبێت بۆی نی‌یە لە شارە گەورەکاندا بارەگای هەبێت. PKK ش بۆی نی‌یە- بە پێی بەرە- لە باشووری کوردستاندا شانە چێ بکات ...هتد).

نیتر دەبێت بۆچی هەڵوێستێکی نایدیۆلۆژی سیاسی «چەپڕەوانەیان هەبێت؟!

ئەگەر وابوایە ئەوا رەوتی مێژوو ئێستا بە پێچەوانەوە دەبوو. واتە لە جیاتی سەرکردایەتی پارتی کۆمونیستی ئێراقی ئەوا ئەو چەپانەی کوردستان لە پاییزی تەمەن و مایە پووچی‌دا سەریان لە لێواری گۆڕ دەلەزرا.

لە بەردەوامبوونەکەی دا دەڵێت: «چونکە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە رۆڵی حیزبە نەتەوەیی بە کوردیەکان و توێژە کۆمەلایەتی‌یە غەیرە پرۆلیتاریاکان کۆتایی پێهاتووەو توانای سەرکردایەتی

کردنی بزاڤی نەتەوەیی ڕزگاریخوازی کوردیان نی‌یە».

ئەز دەڵێم ڕەنگە «کۆتایی» یان پێ نەهاتبێت، بەڵام بە ئاشکرا لە «کۆتایی»دان.

دەبێت «کۆتایی» بۆ کریم احمد چی بێت؟!

نەتوانین، دەستەوەستان بوون، گلانی یەک لە دوای یەک، ئاشبەتاڵی هەمەچەشنە، دەست تێکەڵاو کردنی وەخت و ناوەخت، ماچی فاشی، ... هتد ئەمانە هەموو «نە توانایی» سەرکردایەتی کردنن. نەبوونی «توانای سەرکردایەتی کردن» بەو مانایە نایەت کە جەماوەریان لە تەک‌دا نەمابێت.

لەسەرەتای دروست بوونی ئەم پارتانەوە، سەرکردبەتی ئەم پارت و ڕێکخراوانە کورد بە کوشت دەدەن. ماڵی کورد بە سوتان و وێران کردن دەدەن و پاشەڕۆژی چەندینە ملوێن کورد، مافی مرۆڤایەتی و چینایەتی و نەتەوەییان خراوەتە ژێر قورسایی جوتێک پۆستاڵی ڕەشەوە. کوردستان کراوەتە گۆڕەپانێک بۆ تاقیکردنەوە و مەشقی چەکی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا. سەرانی فیوداڵ و وردەبۆرژوای ئۆتۆنۆمیخواز کە نووسەر پێیان دەڵێت «غەیرە پرۆلیتاریا» لە شەڕەتەقەوە بۆ ماڵوێرانی و لە وێوە بۆ سازش و دەستیکەڵاوکردن و دوایی بۆ ماچ و ئینجا بۆ شەر هەڵگیرسانەوەو دوایش بۆ ئاشبەتاڵ، زیاتر چی‌تریان کردووە؟

ئێمە بە کاک کریم احمد دەڵێین کە کاری باش «سەرەنجامی» باش دەبێت. ئایا بۆچی کاک کریم احمد یەکێک لەو دەسکەوتە مێژوویی‌یانەمان وەک مزگێنی یەک بە بیردا ناهێنێتەوە؟ لە هەموو شتێ سەیرتر ئەوەیە کە پارتەکەی کریم احمد لە هەموو مێژووی «خەباتی(؟!)» ئەم پارتە فیودالی و خێڵەکیانەدا، دۆست بە ڕژێم و دژ بەمان بوون . هەمووکات بە چاوی کۆنەپەرست تێکدەرو نا نیشتمانی‌یەوە ناوی ئەم «غەیرە پرۆلیتاریا» یەیان بردووە. کەچی ئێستا لە ترسی بانگەوازی مایە پووچی و بانگی ئاشکراوە هەر ئەوەندەماوە ئەستێرەیەکی ئاسمان بۆ ئەم «غەیرە پرۆلیتاریا»یانەی کورد داگرن.

مێشکی چەپ و سەربەخۆیی لە کوردستاندا پێی وانی‌یە کە ڕۆڵی ئەم «غەیرە پرولیتاریا»یانە کۆتایی پێ‌هاتووە (بەو شێوەیەی کەریم احمد زراوی چووە)، بەڵکو پێی وایە کە هێزەکانی «غەیزە پرۆلتاریا» لەسەریان پێویستە کۆمەڵێک هەنگاوی تایبەتی و دیاریکراو بنێن، تاکو بتوانن وەک توێژ و دەستە و گروپ و چینێکی تایبەتی لە کوردستان هەڵس و کەوت بکەن. ئەمەش گرنگترین ئەو هەنگاواندن.

١) بە مۆنۆپۆل نەکردنی گۆڕەپانی کوردستان و تاپۆنەکردنی خاکی کوردستان لە سەر خۆیان.

٢) دان نان بە بوونی ڕێکخراو و گرووپی ڕامیاری و سەندیکایی و پیشەیی و... هتدی سەربەخۆدا و دڵنیا کردنی گۆڕەپانێکی دیموکراسی وئازادی کە هیچ جۆرە دەنگێکی تیا کپ نەکرێت. واتە بڕوا بوون بە «بەزین» و «سەرکەوتن» لە ململانێی یەکی ئاشتیانە و فاچەکیانەدا.

٣) وازهێنان لە هەموو جۆرە دەست تێکەڵاو کردن و بوون «سەرپادزێنک» بۆ ڕژێمێکی کورد کوژی چواردەور هەروەها ساخکردنەوە و یەکلاکردنەوەی ئەو «بەرنامانەی» کە هەیانە و خستنی بۆ بەردەست جەماوەری خەڵک.

هێزە «غەیرە پرۆلتاریا»کان دەبێت بگەنە ئەو باوەڕەی کە بە فشارو ڕەفتاری دیکتاتۆری سەرکوتکارانە جەماوەر دەستەمۆ نابێت. دەبێت بگەنە ئەو باوەڕەی کە خەڵکی کوردستان بۆیان هەیێت لە هەڵبژاردنی ئازادو بێ سنووردا بڕیار لەسەر ئایندە و پاشەڕۆژ و چارەنووسی خۆیان بدەن.

کریم احمد چاک دەزانێت کە ئەو هێزە «غەیرە پرۆلیتاریا»نە ئێستا بوونەتە پاسەوانی ئەو سنوورە خۆشەویستانەی کە پارتی کۆمونیستی ئێراق شەیدایان بووە، هەر لەبەر ئەوەیە ئاوا بە هەرچواردەوری خۆیدا پارێزگاریان لێ دەکات. بۆچی کریم احمد بە هەمان چاوەوە ناڕوانێتە هێزە «غەیرە پرۆلیتاریا»کانی فەلەستین کە بە ئاشکرا داوای دەوڵەتێکی فەلەستینی دەکەن؟ و هەروەها ناڕوانێتە پارتی کۆمونیستی فەلەستین و تاوانباریان ناکات؟!

بۆچی دروستکردنی سنووری نوێ بۆ فەلەستین و لەتکردنی ئیسرائیل ڕەوا دەبینێت کەچی سنورێکی نوێی وا بۆ خەڵکی کوردستان بە دژی بیری کۆمونیزم و نائینسانیەتی‌یە باس دەکات؟!

ئەگەر پ. ک.ع پارتی سەرانسەری گەلانی ئێراقە، ئیدی دروست کردنی هەرێم » بۆ باکووری خۆشەویستی وڵات (کوردستان) لەسەر چ بناخەیەکی فەلسەفی و ڕامیاری سۆشیالیزمی زانستی‌یە؟! داخۆ سەرکردایەتی پارتی کۆمۆنیستی ئێراق هەرگیز بیریان لە دروست کردنی «هەرێم»ێک کردۆتەوە بۆ ناوەڕاست و باشووریش؟!

ئایا دانان بە بوونی «هەرێم» یەکدا بۆ کوردستان «باکووری ئێراق» خۆی لە خۆیدا مانای شک بردن نیە بە بوونی «جیاوازکاریەتی»؟! ئیدی ئەو جیاوازیانە هەرچیەک بن.

کریم احمد دەڵێت: «ڕێکخراوی هەرێمی کوردستان لە سنوری حیزبدا سەربەخۆیی تەواوی خۆی وەربگرێ، لە سنوری بەرنامەی گشتی حیزبدا بەرنامەیەکی تایبەتی خۆی هەبێ، پەیڕەوێکی ناوخۆی تایبەتی هەبێ، ئەمەش بە پێی هەمان بنچینانەی کە پەیڕەوی نێو خۆی حیزب پشتیان پێ دەبەستێ»(٨٤)

با خوێنەر بە ووردی لەم رستانە بڕوانێت، بزانێت داخۆ کریم احمد چەند گێلانە دەخوازێت خەڵکی کورد «گێل» کات.

دزێوترین مرۆڤ ئەو کەسەیە کە هەموو خەڵکێکی‌تر بە نەزان و کەم عەقل لە قەڵەم بدات.

کابرایەک وەلاخێک بە سنگ و گوریسێکەوە دەبەستێتەوەو دەڵێت: «ئەم وڵاخەی من بۆی هەیە هەموو جیهان بە ئازادی تەی بکات و «سەربەخۆیی تەواوی خۆی وەربگری».

با کابرا دەیان جار ئەمە دووپات بکاتەوە، با تا دەمری بقیژێنێ و لەخۆی بدات، هەموو مرۆڤێکی ژیر ئەو راستیە دەزانێت کە ئەم وڵاخە لە سنوری «درێژایەتی» گوریسەکەدا دەبزوێ و بەس.

ئەگەر ناوبراو خاوەنی «باوەڕێک» بوایە سوێندمان دەدا!!

بەڵام وا بە پرسیارێک سەری دەقەبڵێنین و دەڵێین ئایا هونەر لەم «هەرێم»ە دا چی‌یە ئەگەرەکو لە سنوری «حیزب» دەرنەچێت؟ ئێمە هەموو دەزانین حیزبەکەی «کریم احمد» چی‌یەو چی دەوێت و ڕووەوکوێ هەنگاو دەنێ، لەبەر ئەوە ئۆتۆماتیکی دەزانین «هەرێم»ەکەش مانای چی‌یە و توانای کارو چالاکی و خەباتی چەندە. کریم احمد...دەڵێت:- بەڵام ئاراستەوخۆ- «بارەگا»یەک لە کوردستان دەکەینەوەو ناوی لێ دەنێین «ڕیکخراوی هەرێم».

«هەرێم» بەرنامەیەکی تایبەتی خۆی هەبێ بەڵام لە «سنوری بەرنامەی گشتی حیزبدا». ئەمە ئەلسەفەی مێژوی بێسالە. «بەڵام» لە «سنوری» «بەرنامەی گشتی حیزبدا»!؟

ئەوەی نووسەر وێنەی پێوە دەکات بە کوردی پێی دەگوترێت «لق».

لە خاڵی چوارەمدا کە هەر زۆر کۆمیکە دەڵێت: هەروەها کۆمیتەی ناوەندی هەرێمی کوردستان هەڵدەبژێرێ و ناز ناوی ڕێکخراوەکەش بڕیار دەدات، ئەمەش پاش ڕەزامەندی حیزب لەسەر نازناوەکەی».

نووسەر ووشەی «نوێنەر»ی گۆڕیوە بە «کۆمیتەی ناوەندی»، هەتا ئێستاو هەتا ژیان لە بڕەوی بەردەوام بووندا بێت تەنها ڕێکخراوێکی «سەر بەخۆ» دەکارێت «کۆمیتەی ناوەندی» هەبێت. ئەگەر ڕێکخراوەکە ناسەربەخۆ بوو یا خود بەشێک بوو لە «یەکەیەکی سەربەخۆ گشتی» ئەوە تەنها «کۆمیتەی جێبەجێکردن»ی دەبێت. واتە بڕیارەکانی لە «سەرەوە» بۆ دێت. تازە بەتازە سەرکردایەتی پارتی کۆمونیستی ئێراقی هەمان سیاسەتی سەددام حوسێن لە کوردستان دا بە کار دێنێت.

«با خوێنەر بڕوانێتە (ئەنجومەنی بڕیاردان و جێبەجێکردن)ی نارچەی ئۆتۆنومی».

کریم احمد بە هەموو ناوەزنکیەوە دەڵێت: «بەڵام ئەوەش پاش ڕەزامەندی حیزب لەسەر ناز ناوەکەی».

نووسەر ناڵێت ئێمە ناوەکەی بۆ هەڵدەبژێرین (دەبێت «ناو» چ جۆرە قورساییەکی هەبێت؟!) بەڵکو دەڵێت دەبێت ئێمە ڕەزامەند بین لەسەر ناوەکەی.

کورد دەڵێت: شەل نییە و پای شکاوە. ئەم «هەرێم»ە مێژووییەی پارتی کۆمۆنیستی ئێراقی بە دیاری بۆی هێناوینەتەوە وەک «ناو»یش ئازاد نیە.

ئەمەش دیارە بەردەوام بوونی هەمان لنگەفرتێیە کە سکرتێری گشتیان بینی پێوە گرتوە کە دەڵێت:

«ئێمە ڕەفتار لەگەڵ حکومەتێک دەکەین، حکومەتێکی نارەبیەو بمانەوێ و نەمانەوێ پەیوەندی لەگەڵ عالەمی نارەبی هەیە. قەزییەی کورد دەبێ «قانیدە» بنکەیەک، قزگەیەک لە ناوچەی ئەرەبیدا. لە ناو هێزە نیشتمانپەروەرەکانی عەرەبیدا، لە ناو هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەبیدا لەناو ڕژێمە ڕزگاریخوازەکانی عەرەبیدا هەبێ. زیاتر ئامادە دەبێ بۆ ئەوەی بەرهەڵستی ڕژێمی دیکتاتۆری عێراق بکات لەوەی بچێ پشت بەلایەکی‌تری بێگانە ببەستێ. هێزی شۆڕشگێری کورد لە ئێران پشت ببەستێ بە گەلانی ئێران زیاتر بۆی دەچێتە سەر لەوەی پشت بە سەددام ببەستێ». (٨٥)

ئافەرین سکرتێری گشتی بۆخۆت و ئامۆژگاریت!

ئەمانە بکات، لەوەی «بچێت» پشت بەلایەکی‌تری بێگانە ببەستێت».

بزوتنەوەی جەماوەری کوردستان کە ڕزگاریخوازانەیە پێویستە تەنها پشت بە خۆی ببەستێت و بەس. ئەم بزتنەوەیە دەکارێت هاوکاری و کۆمەک بە بزوتنەوەی نیشتمانیانەی ئەم وڵاتانە «ئەگەر هەبن لە هەمان کاتدا» وەربگرن، یاخود بە پێچەوانەوە.

داخۆبۆچی ئەگەر پشت بەم لایەنانە نەبەستێ ئەوا تەنها ئەم ئەڵتەرناتیڤەی‌تر بمێنێتەوە کە «پشت بەستن بەلایەکی‌تری بێگانە بێت». ڕاستر نابێت وەک ئەڵتەرناتیڤی(٣) بڵێین کە «کۆمەک و هاوکاری» جێگای «پشت پێ بەستن» بگرێتەوە، «پشت بەستن بەلایەکی‌تری بێگانە»ش بە ئاشکراو ڕاستەوخۆو ئازایانە بکەینە هەڵوێستی «جاشایەتی و خۆ فرۆشتن»؟!.

*( سەرئەنجام ئەگەر بمانەوێت مانای مانی ئەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنووسیاندا بەدەستی خۆیان بخەینە بەر دەست، نەک بە وازی کردن بە پێناسەی بەیاسا، یا خود «داهێنانی» پێناسەی*

ئابەجیٚ و وشک، بەڵکو بە لێکدانەوەی بارو دۆخە ئابوری- مێژووییەکانی بزوتنەوە نەتەوەییەکان، پێویستە بیٚ ئەملاولا و چەندو چوون بگەینە ئەو بروایەی کە دیاریکردنی مافی چارەنوسی نەتەوەکان مانای جیابوونەوەی رامیاریانەی ئەم نەتەوانەیە لە هەموو ئەستوون و هێما نەتەوەییە نامۆکان، هەروەها دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆیە).(٨٦)



# بیـــری ئۆتۆنۆمـــی

ئۆتۆنۆمی وەک شێوازێکی رامیاری و ئامرازێکی لە خشتەبر بریتی نیە لە بەرهەمێکی رامیاری نوێ، واتە بەرهەمی مێژووی رامیاری سەدەی بیستەم نیە. بێگومان، هەرچەندە لەم فۆرمە رامیاریەی ئێستادا نەبووە، بەلاّم وەکو «بیر» مێژوویەکی کۆنی هەیە.

رەخساندنی هەندێک مافی «سەربەخۆیی»ەبدی کولتووری، فەرهەنگی، کۆمەلاّیەتی، تۆخمی، رامیاری بۆ کەسێک، توێژێک، گروپێک یان نەتەوەیەک زۆرجار «کارێک» بووە کە لایەنە دەسەلاتدارەکان نەیانتوانیوە نکۆلّی لیّ بکەن، لەبەرئەوە جلّەوی خۆیانیان «هێندێک» واتە بە رادەیەکی گونجاوودیاریکراو، زۆر بە ئاگاو لەسەر خۆ، شل کردوە، تاوەکو «لایەنە» بن دەستەکان هەندێک فشاریان لەسەر کەم بێتەوەو نەهێلرێت ئەو فشارە بگاتە رادەی تەقینەوەو نارەزایی.

بە کوردیەکەی ئەو جامەی کە کورد دەلّێت: «کە پڕ بوو لێی دەرژێت» ئەمان نەهێلّن «پڕی لیّ رشتن» بێت، بەلّکو لە نێوان «پساندن» و «خۆگرتن» و «پڕبوون» و «بەسەر دانەرشتن» دا بمێننەوە.

ئەمجۆرە مافەسەربەخۆیە، زۆرجار وا بچوک دەبێتەوە کە ئەندامێکی خێزان لە خولگەی ئاکارو رەوشتە دیاریکراوە سنور بۆ دانراوەکان «یاخی. REBELL بێت و خێزانیش یان سەرکردایەتی خێزان بە هەندێک «جلّەو شلْ کردن» ناچار بکرێت کە لە شێوەی «مافی سەربەخۆیدا» جارناجار بیاندات.

ئەم «مافە سەربەخۆییانە» دەقاو دەق پڕ بەپێستی ئەو ناچاری» یەیە کە لە ئەنجامی کێشەو ململاّنەی «دەسەلاّتدار» و «بێدەسەلاتدا» لایەنی یەکەم یا لیّ دەسەنرێت یا خود وەک دەستپێشخەرییەک «خۆی» دەیدات.

ئیمپراتوورەگەورە کۆنەکان زۆرجار لە توانایان دا نەبوە، یا خود بە باشیان نەزانیوە نەتەوەیەکی بچووک‌تر لە خۆیان بە تەواوی بتوێننەوەو لە ناوی بەرن بەلّکو هاتوون میتۆدێکی هاسان‌تر و لەبارتریان بەکار هێناوە. تا «یەکەم» بەرگریەکی ئەوتۆیان لیّ راست نەبێتەوە بێزاریان بکات و «دووەم» تا وردە وردە بە پشوو بە کاوە خۆ هێزی تەواوی ئەو نەتەوەیە بن بڕ بکەن.

رۆمەکان کاتی خۆی هەرگیز دەسەلاّتی خۆیان راستەوخۆ تێکەلاوی هەندێک دەسەلاّتی ئایینی و

کۆمەڵایەتی نەکردووە لەو وڵاتانەدا کە لە ژێر دەستیان دا بووە. هەمرو کاتێکیش ئەگەر ویسترابێت باج و سەرانە کۆ بکرێتەوە یاخود بڕیارە دەستور دراوەکانی ئیمپراتۆر بگەیێننە خەڵک ئەوا هەمیشە لە نێوان یەکێک لە باڵاترین سەرکردەی خۆیان و چەند کەسێکی ئایینی یان کۆمەڵایەتی بەناو بانگی نەتەوەی بن دەست یان وڵاتی بن دەست دا رووی داوە. واتە، بە هێزی زەبری سوپای رۆم و هەندێک دەستوری گشتی کە شایستەی سەرپێ چی‌لێنەکردن بوون ئەم وڵاتە بن دەستانە بە رێوە براون. لە هەمان کاتیشدا ئەم هێزە سەربازیانە هەمیشە هەوڵیان داوە ناکۆکی و ناتەبایی لەناو دەستە کۆمەڵایەتی و ئایینیە جیاوازەکاندا دروست بکەن و بە گژ یەکیانیشیاندا بکەن. بەڵام هەر پێش ئەوەی ئەم شەڕە ناوخۆییە گەیشتبێتە پلەیەکی ناسک و خوێناوی وەستاندوویانە، ئەمەش لەبەر دوو هۆی سەرەکی، یەکەم هێشتنەوەی گیانی کینەو رک لە نێوان ئەم گروپ و دەستەو نەتەوانەدا، دووەم لە خەڵکی بن دەستی بگەیێنن کە بوونی دادوپاسای «رۆم» یان، ئیمپراتۆر پێویستە.

یەکێک لەو نەتەوانەی زیانی لێ کەوت جولەکەکانی ئیسرائیل بوون. کە وەک نەتەوەیەک هەر پێش لە دایک بوونی عیساش رۆلی شۆڕشگێڕانەی خۆیانیان هەبووە. جولەکەکانی ئیسرائیل دەستە وەستان مابوونەوە بەرامبەر ئەوهێزە گەورەیەی رۆم، کە ئایینی جولەکە- موسائیزم- هیچی وای پێ نەمابوو دژیان بەکاریان بهێنن، بیری موسائیزم بە تایبەتی بە هۆی بەرهەڵستی کردنی مێژوویی خۆیەوە دژی ئیمپراتورە گەورەکان لەوانە فیرعۆنەکانی میسرو پاشایەتییە مەزنەکانی میسۆپۆتامیا، سوابوو و دۆستێکی واشی نەبوو لەسەری هەڵبداتێ، لەلایەکی تیرشەوە، هێندی هێندی لەناو خۆی دا پەنگی دەخواردەوە و کەرووی کۆنەپەرستیەتی و کۆنیەتی هەڵدەهێنا، ئەمە کارێکی وای رەخساند کە موساییەکان لە دۆزاندنێکی نەبینێبێتدا بن. لەبەر ئەوە داهێنانەکەی عیسا وەک ئالترناتیفێکی شۆڕشگێڕانەی ئەو کاتە- هاوچەرخ باشترین بوو، وەک بە گژ داهاتنەوەیەک دژی وتارە خەرەکیە سواوەکانی «موسا»ش و تاوەک بوژاندنەوەو بە ووزە هێنانەوەی خەڵکەکەش.

پێش ئەم داهێنانەی عیسا رۆمەکان تەنگیان بە جولەکەکان هەڵچنی بوو و تەنانەت بە ئاشکراش دەستیان دەخستە کاروبارو پەرستگای جولەکەکانەوە. بەڵام لەگەڵ ئەم بزوتنەوە نوێیەدا دەستە وەستان مان و ئەوە بوو جڵەویان بۆ موساییەکان خۆش کردو وورده وورده دەسەڵاتیان بۆزیاد کردن تا وای لێهات بە ئاشکرا جولەکەکان بۆ مەبەست کوشتن و لە ناو بردن وەدووی عیساییەکان دەکەوتن. هەر لە بەر بوونی ئەو دوو هێزە دژەش بوو، یەکێکیان داگیرکەرو ئەوی تریان

کۆنەپەرستی ناوخۆ کە عیسا خەباتی ئاشتەرو ئاشتی هەڵبژارد. بەهەر شێوەیەک ئەم سیاسەتەی ئەو کاتەی رۆمەکان کتومت ئەم «ئۆتۆنۆمی»یەی ئێستا بوو. واتە پشتگوێخستنی گیروگرفتە بنچینەیی و بنەڕەتییەکان و خۆخەریکردن و دەندووکدان و خۆمەژۆلکردن بە گیرو گرفتی «وەکی سەرپێییەوە». بەڵام خەڵکەکە تەنانەت ئەوانەش کە جولەکە بوون. ئەم سیاسەتەی رۆمەکانی بۆ دەرکەوت و هێندی هێندی لایەنگری عیسابییەکانیان دەکرد و لە دەسەلاتی فرە «بەر سنووردار» و کارتۆنیەتی قەشە جولەکەکان بێزار بوون، ئەمەش بوو بە هۆی بزوتنەوە و یاخی بوون بەڵام «تیتۆس» کە فەرماندەیەکی لەشکری رۆم بوو لە ئیسرائیل لە سالی ۷٠ی زاینیدا چاک دەستی خۆی لێ وەشاندن کە لە دواییدا بوە هۆی ناو زراندن و بەناو بانگی تیتۆس و کە گەرابەوە بۆ رۆم و بوو بە کەیسەریش. وێرانکردنی وولاتی جولەکەکان لە لایەن رۆمەکانەوە هەر بەردەوام بوون بەشێوەیەک کە لە سالی ١٢٥ زاینیدا ئەو ناوچەییەیان گشت سووتاندو جلەکانیان بە جیهاندا پەرش و بلاوکردەوە.(٨٧)

هەر سەیرێکی بە پەلە لە مێژووی ئیسلام دەبینن کە چۆن ناوەبە رەگەزپەرەستە ئیسلامەکانی ئەو سەردەمە هەر دوای مردنی محەمەد (٦٣٢ز) بە ناوی بلاو کردنەوەی ئایینی ئیسلامەوە خاکی وولاتانی نائارەبیان داگیر کردووە. لە پێش کۆتایی نیوەی دووەمی سەدەی شەشهەم (دەورووبەری ٦٢٨ز)دا بەسەر رۆمە بێزەنتیبەکاندا سەرکەوتن و وولاتی ئیسرائیلیان داگیر کرد. ئەمەش بووە هۆی لە ووزە برینی هەموو جۆرە بزوتنەوە و سەرهەلدانێک لەو ناوچەیە. ئەو ئیمچە ئازادییەی جولەکەکان بە هۆی لاواز بوونی دەسەلاتی رۆمەوە دەستیان کەوتبوو و تەنانەت لە زیاد بوونی بەردەوامیشدا بوو، جارێکی‌تر بەهۆی داگیرکردنی ئیسلامەوە ئەماد هەموو جۆرە سەبەرستییەک پێچرایەوە.

محمدیزم لە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراستدا شۆێن پێی خۆی کردەوە. محەمەدییەکان لە سەرەتادا بکوژو تالانکار و سووتێنەرو لەناو بەربوون و دروشمییان «خەنجەر» یان «ئیسلام» بان بەرز دەکردەوە. ئەمەش بووە هۆی خنکاندنی هەموو جۆرە دەنگێکی نارەزاو ناقابل، لە هەمان کاتیشدا لاواز بوون و تواندنەوەی گیانی نەتەوەیی و سرینەوەی نەریت و خوو رەوشتە ئایینییەکانی‌ترو هەروەها پرنسیپە کۆمەلایەتی، فەرهەنگی و کولتوورییەکان. بە کوردیەکەی، ئیسلام بووە جۆرێک لەم چەوساندنە نوێیانەی ئێستا کە لە شێوەی پان- ئیرانیزم و پان دەولەتیزمی ناوەندیدا رەگەزپەرستەکانی نەتەوەی سەردەست بەسەر کورددا دەیسەپێنن.

بەلام پاش ئەم پرۆسەیە، محەمەدییەکان جۆرێکی‌تر لە شێوازی داگیرکارانەیان بە کارهێناوە کە

تاراده‌یه‌کی بالاّ دیپلۆماسی‌یانه‌و دیماگۆگیانه‌یه (پێویست ناکات له‌ هۆیه‌کانیان بدوێین) که‌ له‌ راستی‌دا بووه‌ هۆی په‌یدا کردنی «پرازه‌»یێک له‌ ناو به‌ره‌ی ئۆپۆزیسیۆنی ئه‌و کاته‌ دژ به‌ ئیسلام خۆیدا، به‌م شێوه‌یه‌ هێنده‌ی‌تر ئۆپۆزیسیۆنی لاواز بێ‌هێز و که‌م ده‌رامه‌ت کرا. ئه‌ویش ئه‌و شێوازه‌ بوو که‌ هه‌رگیز پیاوێکی ئاره‌بیان نه‌ده‌کرد به‌ مه‌لا یا خود به‌ سه‌رۆکی ناوچه‌یه‌ک، به‌ڵکو هه‌میشه‌گه‌ ئه‌و «پیاوه‌»یان له‌ناو خودی نه‌ته‌وه‌ی داگیرکراودا هه‌ڵده‌بژاردو ته‌نانه‌ت به‌ ناوی باوکی (هه‌ر وه‌ک له‌ ئاره‌بیدا باوه‌) یان هۆزه‌که‌ی تیره‌که‌یه‌وه‌ بانگ ده‌کراو ناوی ده‌براو به‌ ناوبانگ ده‌کرا. محه‌مه‌دی‌یه‌کان، وه‌ک داگیرکارێک ئه‌و راستی‌یه‌یان زانیوه‌ که‌ ئیسلام واته‌ی «ئاره‌ب» و بوون به‌ ئیسلامیش واته‌ قبولْ کردن و رازی بوون به‌ به‌شێکی گه‌وره‌ له‌ نه‌ریت و خود و ره‌وه‌شت و ئاکاری ئاره‌بی، له‌ سه‌روئه‌مانه‌شه‌وه‌، به‌شداریکردنی له‌ فراوانکردن و بلاْوکردنه‌وه‌ی ئه‌و بیره‌دا. یان هیچ نه‌بێت خه‌ساندن و سست کردنی مرۆڤی نه‌یار.

با خوێنه‌ر بروانێته‌ هه‌مان شێوازی تاکتیکیانه‌ی پارتی به‌عس. ده‌بینێت که‌ چۆن به‌عسی‌یه‌کان به‌ زۆر هه‌موو جۆره‌ مرۆڤێک ده‌که‌ن به‌ به‌عسی و دارای بوون به‌ ئه‌ندامی لێده‌که‌ن. به‌عسی‌یه‌کان باش ئه‌و راستی‌یه‌ ده‌زانن که‌ سوودێکی ئه‌وتۆ له‌ که‌سێک وه‌رناگیرێت که‌ به‌ زۆره‌ملی کرابێت به‌ ئه‌ندام، به‌لاّم ئه‌وه‌ش ده‌زانن که‌ ئه‌م مرۆڤه‌ له‌ قۆناغی «نه‌یاری»دا نامێنێت و ده‌خرێته‌ فۆرمێکی «بێ‌لایه‌نی»یه‌وه‌، هه‌روه‌ها دوور نییه‌ نه‌خرێته‌ هه‌ڵوێستی دووره‌په‌رێزی و به‌شداری نه‌کردنه‌وه‌ له‌به‌ره‌ی ئۆپۆزیسیۆندا. یاخود به‌لایه‌نی که‌مه‌وه‌ ده‌بێته‌ هۆی که‌م کردنه‌وه‌ی «چالاکی»یه‌ نهێنی‌یه‌کانی.

بیری محه‌مه‌دیزم سه‌باره‌ت به‌ کۆنێتیشی هێشتا راده‌یه‌کی زۆر شێوازی دیپلۆماسی و له‌ خشته‌به‌ری تێدایه‌ که‌ به‌ ئه‌ندازه‌یه‌کی فراوان و بالاّ کارده‌که‌نه‌ سه‌ر مرۆڤی نائیسلامی ساکار، بۆ نموونه‌، با خوێنه‌ر بروانێته‌ «لافرق بین عربی و عجمی الا بالتقوی» هه‌روه‌ها «إنا انزلنا قرآناً عربیا لعلکم تعقلون» که‌ یه‌که‌میان به‌ مانای «جیاوازی له‌ نێوان ئاره‌بێک و نائاره‌بێکدا نی‌یه‌، له‌ خواپه‌ره‌ستیدا نه‌بێت» و دووهه‌میان «ئێمه‌ قورئانێک «په‌راوێک»مان به‌ زمانی ئاره‌بی بۆ ناردنه‌ خواره‌وه‌ تا ژیر بن.».

به‌م شێوه‌یه‌، ئه‌و جۆره‌ سه‌ربه‌ستی‌یه‌ به‌رسنووره‌ی هه‌ندێک نه‌ته‌وه‌ی بن ده‌ست یان ئاسه‌ر به‌خۆ پێش ئایینی محه‌مه‌دیزم هه‌یان بووه‌ (به‌تایبه‌تی ده‌ست درێژی نه‌کردنه‌ سه‌ر چمکه‌ ئایینی و بروا ئاسمانیاکانیان- وه‌ک شێوه‌یه‌کی ئۆتۆنۆمی») ئه‌وا به‌ هۆی داگیرکردنی ئیسلامه‌وه‌ پوکاوه‌ته‌وه‌و ته‌نها سه‌ربه‌ستی‌یه‌ک که‌ مرۆڤێکی نائاره‌بی موسوڵمان هه‌یبوبێت- ئێستاش هه‌روایه‌- بریتی

بووە لە ناوەرۆکی دێرە ئایەتێکی قورئان یان ووتەیەکی پەیامبەر کە نەیەکەڵکی خواردن و خواردنەوە و نۆشین هاتوە و نە بە فریای فەرهەنگ و کولتوورو زمانیان گەیشتوە، بەڵکو هێندەی‌تر دەستەمۆو دوورەپەرێزی کردوون.

ترسناکی و زیانەخۆیی داگیرکردنی ئیسلام لە چاو داگیرکردنەکانی تردا ئەوە بووە کە ئەو داگیرکردنانەی تر هەر چەندە هەر خوێناوی و نامرۆڤانە و درندەیی‌یانە بوون بەڵام بناخەی کۆمەلایەتی و ئایینی نەتەوەکانیان بە شێوەیەکی لاوەکی و کەم ئەبێت، وەک ئایینی ئیسلام هەڵنەتەکاندووە.

داگیرکردنەکانی ئیسلام هەر لە بناخەوە رەگی نەتەوەکانی هەڵکێشاوە و پێش هەموو شتێک خۆی ئالاندۆتە زمان و کولتور. بۆ نموونە، ئێستا «سۆمالی» و «ئەریتری» و «بەربەری» و ... هەندێ رەگەزی باکوور و رۆژهەلاتی ئەفریکیا خۆیان بەئارەب نادەنە قەڵەم، بەڵام زمان و کولتور و فەرهەنگی ئارەبی بە شێوەیەک رەگی داکوتاوە کە مرۆڤ دەکارێ بە پۆلێک» لە رەگەزی ئارەب پێناسەیان بکات.

نەتەوەیەکی وەکو قیبتیی‌یە کۆنەکان کە خاوەنی شارستانیی مەزن بوون و ئەهرام وئاسەوارەکانی میسریان لە پاش جێماوە، ئێستا نەک هەر نەماون، بەڵکو فەرهەنگ و شارستانێتیان بە ئارەبی ساغکراوەتەوە (هیچ نەبێت لە لای جیهانی ئارەبەوە). نموونەیەکی ساکاری تری ئەم سەردەمە، پەرەوازەیی و تواندنەوەی بەربەرێکانی مەراکش و جەزائیرن، هەروەها تێکەلاو بوونی زمان و کولتوری «فارس» و «ئەفغان» و «پاکستان»ە لەگەڵ ئەزموون و فەرهەنگ و یاساو رێسا ئیسلامی‌یەکاندا.

بە خۆ تێخزاندنی ئاکارو خەسڵەتە نەتەوەیی و فەرهەنگی و کولتووری‌یەکانی ئارەب لە شێوازی باوەڕو هەست نەست و بیرکردنەوەی ئەم نەتەوانە لە ژێر ناوی «ئیسلامەتی»دا کۆتایی بەو جۆرە سەربەستی‌یە بە سنووروەش «ئۆتۆنۆمی خەرەکی» هات کە هەندێک نەتەوەی بن دەست یان ناسەربەخۆ هەیان بوو.

هەر لەسەر ئەم رامیاری‌یە کۆنە سواوەیە پیاوێکی وەک رەفسنجانی دەبێژێت «ئێمە هەموو ئیسلامین و یەک دەوڵەتمان بەسە». یا خود رژێمەکانی‌تر دەڵێن «ئێمە یەک دەوڵەت دیاترمان ئەگەرەکە، ئێمە بەندەی خوایین و ئیسلامین، لە ئیسلامدا جیاوازکاری نی‌یە».

یاخود دەوڵەتی تورکیا پیاوە پەرزینەیی‌یەکی وەک (ئەولقادر ئەقسو) پرۆگرام دەکات و دەخوازێت بە تەریقەتی نەقشەبەندی و ئایینی ئیسلام گەلی کورد هەڵخەڵەتێنێ. ئەم دیاردەیە

هەروەها لە باشووری کوردستانیش ماوەیەکە سەری هەڵداوە. ئەم لایەنانە بە زۆری سەر بە دەوڵەتی ئێرانن.

هەموو ئەمانە، واتە هەوڵدان بۆ خەفە کردن و خنکاندنی هەموو بیرو باوەر و هەست و ئەست و ئەزموونێکی نەتەوەیی و نەهێشتنی مێشک و بیری کوردستانی، بە شێوەیەک کە تەنانەت ئۆتۆنۆمی خەرەک و کلاسیکی پێش سەردەم و دوای سەردەمی رێنێسانەکانیش بە باڵامان نەبرێت. مرۆڤی کورد دەبێت پرسیار بکات کە ئەگەر مەسەلەی ئیسلام تەنها خودێ پەرەستی بێت و بڕواهێنان بە خودێ و پەیامنێری خودێ بێت بۆچی بە دروست بوونی دەوڵەتێکی کوردستانی بەتاڵ دەبێتەوە؟

بۆچی مرۆڤی ئیسلامی کورد هەروەکو پاکستانی و فارس و تورک و ئارەب و مالیسیایی و...هتد خاوەنی پەسارێکی رامیاری و دەوڵەتێکی سەربەخۆ نەبێت؟!

کە دەروانینە مێژووی کورد دەبینین لە هەموو قۆناخەکانیدا- بێ‌گومان قۆناخی سەرەتایی و کۆیلەیەتی لێدەرچێت- میرنشینی جیاوازی گەورە و بچووک، خاوەن دەسەلاتی تەواو و نیمچە سەربەخۆ لێرەو لەوێ هەبوون.

ئەم میرنشینانە هەمیشەگە بە بارمەتی و لە ژێر دەسەلاتی ئیمپراتوریەتی فارس (پاش رووخاندنی ئیمپراتۆریەتی میدیا- نزیکەی ٤٠٨ پ.ز)(٨٨) و تورک یان پان- ئیسلامیزمی ئەو سەردەمانەدا بوون و نەیانتوانیوە لە سنووری ئەو دەسەلاتانەدا خۆیان قوتار بکەن. ئەم دەسەلاتانە چەندین جار ئەم میرنشینە کوردانەیان لە ناوخۆیاندا بەشەر داوەو هەم یەکتریان پێ‌کوشتوون و هەم پارسەنگی رامیاری لایەنەکانی‌تریان پێ داونەتەوە. یاخود ئەم میرنشینانە خۆیان بە دڵخوازی خۆیان چوونەتە ژێر چەتری لایەنێکەوە و شەریان دژی بەشەکانی‌تری نەتەوەی کوردستان کردووە (ئەم دیاردە ترسناکە تا ئێستاش هەر بەردەوامەو خێڵەکایەتی و فیودالی کورد ناقەتی لێ‌ی نەچووە- با خوێنەر بروانێتە مێژووی ئەم(٣٠) ساڵەی دوایی باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان).

ئەم جۆرە پارسەنگدانەوەو بەکار هێنانە کە تورک و فارس و ئارەبە ئیسلامەکان پەیرەندیان دەکرد هەمان مێتۆدی رۆمە یونانی و کەیسەرەکانی رووس بوو کە تازە وەک مۆدێلێک چنگیان کەوتبوو.

بەڵام دوژمنانی کوردستان ئەو راستی‌یەش دەزانن کە ئایینی ئیسلام لە کوردستان نەبۆتە سیستەمێکی رامیاری و کۆمەڵایەتی، هەروەک لە وڵاتە ئارەبی‌یەکان و فارستان و تورکیادا بووە. لەبەر ئەوەی بە ئیسلام کردن بە پرۆسەیەکی زۆر خوێناوی وە ئەنجام هێنراوە نەیتوانیوە

بچێتە قووڵایی مێشکی مرۆڤی کوردەوە و تێکەڵاو و ئاوێتەی خوێن و هەستیان نەبووە، ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی کە کورد هەموو کاتێک مەترسی بەگژ داهاتنەوەو یاخی بوونی لێ بکرێت.

ئەم نەتەوە سەردەستانە هاتوون جۆرێک لە سەربەخۆیی و ئازادی بەرتەسک و کاتی و لاوەکی کولتووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و هەندێ جاریش «ئارادەیەک» رامیاری و سەربازییان بە کورد داوە، کە تا ئێستاش لێرە و لەوێ بەردەوامە، بەڵام بە توندیش ئاگاداری بوون و چاویان لێ نەخافڵاندووە.

لەو کاتەوە گەلی کورد لە ژێر سیاسەتی ئۆتۆنۆمی ئەوکاتەدا دەستەمۆکراوە و لە هەمان کاتیش‌دا کرمی ئیسلام خەریکی خواردن و پوکاندنی بناخە بنچینەییە کۆمەڵایەتییە فرە دێرینەکانی بووە. هەر لەبەر ئەوەشە کە بیرو مێشکی سەربەخۆیی نەتەوەیی کورد تەنها لە مێشکی چەند سەرکردەیەکی کوردپەروەر و نیشتمانپەروەرو وڵات پارێزی هەندێ رووناکبیردا نەبێت نەگەیشتۆتە سەرانسەری کوردستان و بە ناخی کۆمەڵگای کوردستاندا نەچۆتە خوارەوە. ئەمەش گرنگترین هۆکاری رووخاندن و تێکشکاندنی بزوتنەوەو سەرهەڵدانە نەتەوەییەکانی کوردە.

کە هەڵگرانی بیری ناسیونالی کورد بەتەنها ئەم تاوانە، واتە دەستەمۆ کردنی کورد بە بیری ئۆتۆنۆمی، دەخەنە ئۆباڵی بیری «مارکسیزم»ەوە، لە راستیدا ناڕەوایە و نادروستیشە. میرو دەرەبەگ و شێخ و خێڵەکییەکانی کورد ئەمەیان کردۆتە خوی چێشت و ئەوەندەش تیایدا سەرەکەوتوو بوون کە شاگردانی قوتابخانەی ئەو بیرە چەپەڵەیان لە ئەمڕۆش سەریانی پێناودا دادەنێن.

راستە کە ئەم شێوە نوێیەی بیری ئۆتۆنۆمی دیاری دەستی سەرکردایەتی ریڤزیۆنیستی (پ.ک.ع)-ولە مۆسکۆ وەکۆک کراوە، بەڵام بە هۆی هاودەنگی سەرکردایەتی بەزیوی (پ.د.ک.ع) و خێڵەکایەتی و فیودالێ کوردەوە نەبوایە ستەم بوو جێی خۆی لە کۆمەڵگای کوردستاندا بکاتەوە.

ئەگەر چەپ لە کوردستاندا- پارتە کۆمونیستەکانی وڵاتە داگیرکەرەکانی لێدەرچێت- لە ئۆتۆنۆمی دواین مەبەستیان ئەو خۆبەدەستەوەدان و مامەڵەیە نەبووە کە سەرکردایەتی سازشکاری هوردە بۆرژوا پێوەی خەریک بووە و مەبەستی بووە، بەڵکو تەنها بریتی بووە لە خراپ تێگەیشتنیان لە مەسەلە گرنگەکان کە پەیوەستن بە سەربەخۆیی نەتەوە و پەیوەندی بە نێو نەتەوەییەکانەوە.

لێرەدا من لەگەڵ هەڵگرانی بیری ناسیونالیستی کورد یەک دەگرمەوە کە هەندێک بە «ناو»

مارکسی کوردزۆر بە هەڵە لە بیری سۆشیالیزمی زانستی گەیشتون و بە پێچەوانەی بنەما سەرەکی‌یەکانی لە کوردستان پیادەیان کردووە. ئەمەش دیارە لە لایەکەوە بۆتە ماڵوێرانی نەتەوەی کورد کە کراوەتە گۆرەپانی تاقی کردنەوەو زرمەزلی و لە لایەکی‌تریشەوە خراپ تێروانینی بەشێک لە جەماوەری کورد لە بیری مارکسیزم. واتە لە جیاتی ئەوەی تاوانی هەڵەکان بخرێتە سەر هەڵگرانی ئەو «جۆرە» بیرە، خراوەتە سەر بیری «مارکسیزم» خۆی.

بە هەر شێوەیەک، ئۆتۆنۆمی ئیدی هەر لایەنێک هەڵگری بێت، دەبێتە ئامێرێکی لە خشت بەرو بزیوێنەر کە کتو مت دەچێتە خزمەتی بەرژەوەندی‌یەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانەوە. مێژووی خوێناوی و ماڵوێرانی پیادەکردنی ئەو بیرە بەڵگەی بێ‌خەوشی بیری سەربەخۆیی و کوردستانی‌یە. کوڵەکەی سەرەکی ئەم بیرە دوژمنکارە لە لایەکەوە بیری هوردە بۆرژوای سازشکارو ئیسلامی کوردە و لە لایەکی ترەوە ئەو مارکسی‌یە بوتاندن کە وا دەزانن برایەتی نەتەوەکان و ئینتەرناسیونالیزم لە بێ مافیتی و سەر شۆڕیتی و بێ ئیتبازێتی نەتەوە بن دەستەکانەوە لە دایک دەبێت. خاوەنی بیری کوردستانی و دژی هەموو ئەو لایە نانەیە کە کوردستانیان کردۆتە گۆرەپانی تاقیکردنەوەی بیری قەرزکراوو لە دەرەوە هێنراو و ماموڵەکار.

ئۆتۆنۆمی چی‌یە؟!

ئۆتۆنۆمی لە مانا بەربڵاوەکەیدا جۆرێکە لە ماف کە بەرواڵەت و بەگشتی «رامیاری» دەنوێنێ، دەنا بە تایبەتی و وەک ناوەرۆک بریتی‌یە کە کۆمەڵێک مافی کولتووری و فەرهەنگی و کۆمەلایەتی بەرتەسک. ئەم مافانە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی‌ترو لە رژێمێکەوە بۆ رژێمێکی‌تر دەگۆرێت. واتە ئۆتۆنۆمی فۆرمی رامیاریانەی خۆی لە ژێرخانی سیستەمی رامیاری ئەو رژێمە ناوەندی‌یەوە وەردەگرێ کە خۆی لە تیا دەبینێتەوە.

ئۆتۆنۆمی ووشەیەکی یۆنانیيە، هەروەک زۆر ووشەی فەلسەفی کۆنی تر، بە تایبەتی یۆنانی، ووشەیەکی لێکدراوە. Autos بە مانای «خۆ» و Nomos بە مانای «یاسا» یاخود «رێسا» دێت. واتە یاسای خۆ، یان رێسای خۆ، کە لە شیکردنەوەی زمانەوانی فەلسەفیدا بە مانی خۆ-بەڕێوەبەر، یان خۆ- بژێویش دێت. ووشەی «خۆ»ش بۆ بوونی ئۆرگانی، بەرجەستە و نا بەرجەستەش دێت. نابەرجەستە وەک «ناوەز».

ووشەی ئۆتۆنۆمی لە مان فەلسەفیەکەیدا بۆ یەکەم جار لەلایەن ئیمانۆیل کانت (فەیلەسوفێکی ئەڵمانی ١٧٢٤-١٨٠٤)-وە وەک زاراوەیەکی فەلسەفی بەکارهێنراوە، ئەمەش وەک هەڵسەنگاندن و پێناسەکردنی «ئازادی». واتە مرۆڤ وەک بوونێکی بە «ناوەز» (ئەقلانی) بڕیار

لەسەر «خۆ»ی دەدات. کە ئەویش لە زاراوە فەلسەفیەکەیدا دەبێت بە «ئاوەزی پراکتیک»، واتە مرۆڤ خۆی بڕیار لەسەر ئەو یاسا گشتیانە دەدات کە دوایان دەکەوێت. لەهەمان کاتیشدا بە مانای ئازادی لە «دەسەڵاتی دەرەوە»دا دێت، بە تایبەتی ئازادی لە «دەسەڵاتی» ئایینی، کە بریتی دەبێت لە ئازادی مرۆڤ «سەرفرازی emancipation» وەک بوونێکی بە ئاوەز.

ئۆتۆنۆمی لە مانا گشتییەکەیشدا بەو مانایە دێت کە «ئارچەیەک» یاخود «چالاکییەک» سەر بە «خۆ»ی بێت، یاخود «خۆ» بەڕێوەبەرێت. بەڵام لەم مانایەشدا زیاتر لە چالاکییەوە نزیکە. بۆ نموونە دەگوترێت: ئۆتۆنۆمی هونەر، ئۆتۆنۆمی هۆنراوە ...هتد.

ئەگەر بشڵێین ئۆتۆنۆمی خاک واتە خاکێکی کێبڕی، خاکێکی کە لە دەسەڵاتی «مرۆڤ»ـەوە دوور بێت. یاخود لە دەسەڵاتی هەموو جۆرە تەنێکی ئۆرگانیکی بە ئاوەزەوە دووربێت. کە دەگوترێت ئۆتۆنۆمی بۆ کورد، ئەم داوایە لە مانا فەلسەفیەکەشیدا هەڵەیە. نەک بە تەنها لە مانا رامیاریەکەیدا. چونکە گەلێک و خاکێک ناتوانن پێکەوە، هەردوو لەیەک کاتدا خاوەن ئۆتۆنۆمی بن. لەسەرەتای بوونی مرۆڤدا، مرۆڤ ژێردەستەی سرووشت بوو. سرووشت و بوونەکانی زۆر لە مرۆڤ، کە سەرەتایی بوو، وەهەروەها لە ئاوەزی مرۆڤ (بە هەموو توانا و چالاکییەکانەوە) گەورەتر و بە دەسەڵاتر بوو. ئێستا «سرووشت» ژێردەستەی مرۆڤە. (ئەهاتییە کتوپڕە تالوکەکانی لێدەرچێت).

بە واتایەکی تر مرۆڤ یان سرووشت (خاک) هەردەم یەکێکیان لە ژێر سایە، یاخود رێسا و یاسای ئەوی تریاندا ژیان دەباتەسەر.

پێچەوانەی ووشەی «ئۆتۆنۆمی» بریتییە لە ووشەیەکی لێکدراوی تری یۆنانی، کە ئەویش هیترۆنۆمییە Heteronomi.

Heteros بە مانای «یەکێکی تر»، «بوونێکی تر»، Nomos بە مانای «یاسا» یا «رێسا» دێت. واتە «یاسای یەکێکی تر» یاخود «شەر بە بوونێکی تر». بوونێک کە بەسترابێت بە یاسا و رێسای «لایەنێکی» ترەوە.

بۆ نموونە، کانت دەڵێت کە «ویستە» Will هیترۆنۆم دەبێت (لەژێر دەسەڵات و یاسای لایەنێکی تردا دەبێت- دیارە یان نادیارە- لە کاتێکدا کە لە «دەرەوە»وە بڕیاری لەسەر دەدرێت و ئاراستە دەکرێت. لە جیاتی ئەوەی لەلایەن هۆکارە رەووشتی و ئاوەزییەکانی خۆیەوە ئاراستە بکرێت.

ئەوەی کە لێرەدا مەبەستە لێتۆژینەوە فەلسەفیەکە نییە. بەڵکو روونکردنەوەی مانای

ووشەیەکە. لە رامیاریتی سەرانی بەرەی «هەرێم ؟!»دا مانای ئۆتۆنۆمی (کە خۆی لە خۆیدا هیچ مافێکی ئەوتۆ نییە وەک چارەیەکی رامیاری بۆ گەلێکی کۆلۆنیکراو) بەمێشکی کۆلۆنیالیستی پڕکراوە و دوو دەسەڵاتی هوردەبرژوا و فیوداڵی کۆمپرادۆر لە پراکتیکدا کردوویانەتە «هیترۆنۆمی».

ئەگەر خوێنەر لەو کارەسات و نەهاتی و قەیرانانە ووردبێتەوە کە بەسەر گەلی باشووری کوردستاندا هێنراون دەگاتە ئەو بڕوایەی کە گۆڕینی ئۆتۆنۆمی پەیوەندی بە هەڵەی تاکتیکی و نەزانینی سیاسەتەوە نییە. بەڵکو کتومت پیلانی کۆلۆنیالیستەکانە. ئەم گۆرانکاریانەش تەنها بە دەستی «ناوخۆ» دەکرێت. چونکە کۆلۆنیالیزم بەبێ یارمەتی دەستی «ناوەوە»، بەبێ یارمەتی و هاوکاری لایەنی تایبەتی ناوخۆیی، بەبێ کۆمەکی فیوداڵ و هوردەبرژوای بەکرێگیراو ناتوانێت رامیاریتی خۆی بگۆڕێت بۆ نیو- کۆلۆنیالیزم.

ئەگەر لە روانگەی رامیاریتی دەوڵەتە داگیرکارەکانەوە بڕوانینە ئۆتۆنۆمی ئەوا بریتی‌یە لە ئامرازێک بۆ جامکردنی هەموو جۆرە فەنکسیۆنێکی نەتەوەیی لە بچووکەوە بۆ گەورە. واتە نەک هەر خزمەت نەکردن بەڵکو مایەی ماڵوێرانی و سەرگەردانیشە. ئەم مافانە (ئەگەر لە هەندێک دۆخدا وەدەست بهێنرێن(؟!)) شێوازێکی رامیاری ئەمیبایان هەیە و بەبەردەوامی لە گۆراندان.

لەوە دەچێت یوسف ستالین یەکەمین دەستپێشخەری گۆڕینی ووشەی ئۆتۆنۆمی بێت لە مانا فەلسەفیەکەیەوە بۆ مانایەکی رامیاری لەوێشەوە بۆ بە پیادەکردنی. ئەمیش بناخەی بەرکەماڵکردنی ئەم بیرەی لە ووشەی (AUTOMATION)ی ئینلیزیەوە وەرگرتووە کە هەر رەگەکەی یۆنانییە، بەڵام لەمانا ئینلیزیەکەیدا بە مانای «سەربەخۆیی» دێت لە سنوورێکی «دیاریکراو»دا.

سەربەخۆیی‌یەک کە بە هیچ شێوەیەک کار ناکاتە سەر کارو فەنکسیۆنی پارچە گەورە سەرەکی‌یەکە. هەموو پارچەیەک لە مەکینەیەکی چاپکردن کە سەربەخۆیی بزواندن و جوڵەو ئەملاولاکردنی هەبێت بریتی‌یە لە پارچەیەکی خاوەن «ئۆتۆنۆمی»، چونکە ئەم پارچەیە لە سنووری مکەکینەکەدا هەڵدەسووڕێت و هەرگیز ناتوانێت لەو «سنوورە» سەرپێچی بکات یان یاخی بێت کە بۆی دانراوە.

بەم شێوەیە مەکینەیەکی گەورەش خاوەنی ئۆتۆنۆمی‌یە لە سنووری کارگەدا، کارگەش خاوەنی ئۆتۆنۆمی‌یە لە سنووری ناوچە و وولات و ئەو یاسایانەدا کە دەیانگرێتەوە. کەواتە ئۆتۆنۆمی لە راستیدا سەربەستی‌یان مافێکی سیاسی نییە تا بەسەر مرۆڤ یان نەتەوەیەکی بن دەستدا

بسەپێنرێ یان پێشکەش بکرێت.

ئێمە دەزانین کە دیموکراسی بریتی‌یە لە جۆرێک سیستەمی رامیاری، ئەوەش دەزانین کە دیموکراسی چەندین شێوازی تایبەتیانەی خۆی هەیە و لەسەر بناخەی ئایدیۆلۆژی تایبەتیانە بەندە، کە لە جۆری دیموکراتی بۆرژوا، دیموکراتی بۆرژوای لیبرالی و دیموکراتی بۆرژوای کۆنسەرڤاتیف (پارێزەر)، دیموکراتی پرۆلتاریا و دیموکراتی سۆشیال دیموکراتەکان... و هتد، پێکهاتووە.

ئەو جۆرەی کە تا ئێستا لە فۆرمی تیۆری خۆی راتەکاندبێت و لە بواری پراکتیکدا مرۆڤ پیادەی کردبێت دیموکراتی بۆرژوایە. ئەمیش بریتی‌یە لە کۆی سەرجەمێکی تێکەڵاو لە بۆچوون و تێروانینێکی گشتی هەمە لایەنەی بۆرژوای لیبرالیٰ (ئازاد) و پارێزەرو هەندێک تێروانینی توێژو گروپی‌تر لە چینی بۆرژوا خۆی. ئەمە جۆرە سیستەمە بۆ سەدەو نیوێک دەچێت (بێ‌گومان لەو فۆرمەی ئێستادا نە،) لە ئەوروپادا (بە پلەی یەکەم سوید و ئینگلیتەدا) پەیرەو دەکرێت و بە گشت ئەوروپا و ئەمریکا و باکووری ئەمریکا بڵاو بۆتەوە.

لەبەرئەوەی ئەو جۆرە دیموکراسیانەی‌تر کە باسیان لێدەکرێت، بە تایبەتی دیموکراتی چینی کرێکار یان دیکتاتۆری پرۆلتاریا تا ئێستا لە مەیدانی تاقیکردنەوەدا پیادە نەکراون و مرۆڤ بە چاوی خۆی نەیدیتووە، ئەوا شێوازی دیموکراتی بۆرژوا تا رادەیەکی زۆر سەرکەوتووە و چەندین دەسکەوتی گرنگی وەدەست هێناوە کە شایانی ئەوەن مرۆڤایەتی شانازییان پێوە بکات.

بێ‌گومان ئەم سیستەمە و دەسکەوتەکانی خەڵاتی چینی بۆرژوای دەسەڵاتدار نییە بۆ کۆمەڵ بەڵکو لە ئەنجامی ئەو شۆرشە کۆمەڵایەتی‌یە پێشکەوتووخوازانەوە هاتۆتە کایەوە کە بۆرژوای کامڵ بەسەر کۆمەڵگای فیودالیزم‌دا کردوویەتی، بێ‌گومان ئەوەش شان بە شانی خەباتی چینی کرێکار و جوتیارو زەحمەتکێشانی کۆمەڵگا.

هەرچەندە کە تا ئێستاش گیروگرفتی نەتەوەیی و فۆرمی چەوساندنەوەی نەتەوەیی لە زۆربەی ئەم وڵاتانەدا هەن کە خۆیان بە دیموکرات و زۆرجار بە تاکە یان بە تەنها دەوڵەتی دیموکراتیش لە قەڵەم دەدەن. بێ‌گومان ئەم چەوساندنەوەی نەتەوەییە هەمان ناوەرۆک و خەسڵەتیان نییە کە ئەتەوە بن دەستەکانی‌تری وڵاتانی جیهان هەیانە. باسکەکان لە ئیسپانیا و کۆرسیاکایی‌یەکان لە فەرەنسا ئیرلەندە لە ئینگلستان و چەندین هۆزی هیندی سوور لە کەنەداو ئەمریکا هەموو نموونەی چەوساندنەوەو دادۆشینی نەتەوەیین، بەڵام بێ‌گومان لە شێوازی‌تری رامیاری و ئابووری‌دا کە لێرەدا مەبەستی باسەکەمان نییە تالێیان بدوێین.

بەهەر شێوەیەک چەوساندنەوەی نەتەوەیی هێشتا لەم وڵاتانەدا ماوە کە «چاکترین» شێوازی

دیموکراسی «ڕیالیستی» پیادە دەکەن، ئیتر داخۆ چۆن دیموکراسی چارەی گیروگرفت و چەوساندنەوە و دادۆشینی «نەتەوەیی» دەکات؟!

ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە ئەم کۆمەڵگایانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی سێهەم خەباتێکی دوورو درێژ و پرۆسەیەکی درێژ خایەنیان لە پێشدایە تا بەم جۆرە «دیموکراسی»یەش بگەن.

چەپە سەرلێشێواوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەتی هەندێک لەو ڕێکخراوە کوردییانەی کە لە جیاتی ئایدیولۆژی سۆشیالیزمی زانستی «هەوا»ی چەپ لێیداون دەڵێن گوایە ئەمان «دیموکراسی بۆرژوا»یان قبوڵ نییە و (بەکەمی دەزانن!) هەوڵی وەدەستهێنانی «کۆماری شۆڕشگێر»، واتە دیمۆکراسی شۆڕشگێر بۆ سیستەمی سیاسی دەوڵەت دەدەن.

بێگومان، ئەم دروشمە- هەرچەندە جوان و ڕازاوەیە- بۆتە ئامێرێکی ترسناک و کوشندە دژی کۆمەڵگای کوردستان، چونکە پاشایەتی دروشم لە گونجاندنیایەتی لەگەڵ ڕیالیستی بابەتی و ژیانی ئێستایی و خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگایەکدا، نەک لە جوانێتی و ڕازاوەیەتی و درەوشاوەییدا. مرۆڤ دەتوانێ ڕازاوەترین دروشم بەرز بکاتەوە کە تەنانەت داوای داگرتنی ئەستێرەکانیشی تیابێت بۆ مرۆڤ، بەڵام ئایا ئەم داوایە تا چ ڕادەیەک پیادە دەکرێت و ڕیالیستیانەیە؟!

دیارە هەموو لایەنێک سەربەستە لە بەرزکردنەوەی ئەو «داوا»یانەدا کە بە گرنگیان دەداتە قەڵەم. بەڵام دروست وایە هێزەکانی چەپ لە کوردستاندا کوردستان نەکەنە گۆرەپانی خۆ بە سیاسەت فێرکردن. هەروەها بزانن دروشمە ئێستاییەکان دەبێت کرامانە بن و بە ئاگاوە خەبات بکەن و دڵنیابن کە کۆمەڵگا بە چ قۆناغێکی مێژووییدا تێپەڕ دەبێت، نەک بەرز کردنەوەی دروشمێکی وا زەق و خەیاڵی کە ببێتە مایەی بە هیواشی کوشتنی جەماوەری کوردستان و نائومێد کردنیان.

ئەگەر هێزی بۆرژوای کۆمەڵگایەک نەگەیبێت و شۆڕشێکی بۆرژوای نیشتمانی بەرپا نەبووبێت و داکۆکی بە چینایەتییەکان قوڵ نەبوو بێتەوە تا ئەو ڕادەیەی دەسەڵاتی هەندێک کۆمپانیای مۆنۆپۆلی پیشەیی و سەرمایەی بیانی کەم بکاتەوە یا خود بەر سنور کات، کە هەندێک گۆڕانکاری «هیچ نەبێت» ڕیفۆرمیستی بەسەر کۆمەڵگادا بهێنێت و دەسەڵاتی ئاین لە سیستەمی ڕامیاری دور بدات و هتد، چۆن کۆمەڵگایەک خۆشە دەکرێت و بەو گیانە گۆش دەکرێت کە پارێزگاری لە سیستەمێکی دیموکراسی شۆڕشگێر بکەن؟!

ئینلیز ووتەنی، «مرۆڤ دەبێ فێری پێ‌گرتن بێت پێش ئەوەی بیەوێت رابکات» کۆمەڵگاش دەبێت بە هەندێک قۆناغی مێژوویی گرنگ دا تێپەرێت تاکو بتوانێت «نەک» قبوڵی دیموکراتی شۆڕشگێر بکات «بەڵکو» قبوڵی دیموکراتی بۆرژوا بکات. یاخود تاکو بتوانێت بەرگری لە مافە دیموکراسی‌یە سەرەتایەکان بکات و بە مافی رەوا و ئاسایی خۆیانیان بزانێت.

دەرک نەکردن یان نکۆڵی کردن لەم راستی‌یە گەورەترین گیروگرفتی ئایدیولۆژی بۆ لایەنە چەپەکان ساز کردووە کە زۆربەیان دەخوازن یا وادەزانن کە بە هۆی هێنانە کایەی رژێمێکی دیموکراسی‌یەوە کۆمەڵگا دیموکراسی دەبێت و دیموکراسی بەرکەماڵ دەبێت.

بە گەڕانەوەی سیستەمی سوید، ئینگلیستان یان پەرلەمانی ئوستراليا بۆ ئێران، ئێراق یان تورکیا، کۆمەڵگای ئەم وڵاتانە راستەوخۆ نابن بە دیموکراسی وخەڵکەکە دیموکراسیزم لە مانای راستەقینەی خۆیدا قبوڵ ناکەن، هەر لەبەر ئەوەش بەرگریشی لێ ناکەن و ناشی‌پارێزن. کۆمەڵانی خەڵک کاتێک دیموکراسی قبوڵدەکەن و بەرگری لێدەکەن و بە سیستەمێکی رامیاری خۆیانی دەزانن کە خۆیان هەڵیان بژاردبێت و بە خەبات و کار وەدەستیان هێنا بێت. ئەم کارەش قۆناغی تایبەتی و خەبات و چالاکی تایبەتیانەی گەرەکە، واتە دوورە لە بڕیاری پەلەو کاری خێرا و کودەتای سەربازەی نیمچە سەربازی‌یەوە.

گریمان ئەو دیموکراتی‌یە بەهەشتی‌یە ئاسمانی‌یەی ئەو هێزە چەپانە لێی دەدوێن (ناشڵێین چەپ سەرلێشێواو، دەڵێین: فرەژیر) وەدەست هێنراوە. کۆمەڵگا هەر وەک فلیمێکی کارتۆنی ئەمریکی یەك‌پارچە گوڵزار و پرنەشئە و جۆش وخرۆش و مۆزیکە و لە هەموولایەکەوە یەک ئاهەنگی‌یەو هەموو لایەک «کوڵمی سوور» و «ووڕگی تێر» و «پێخەفی ووشک»ەو لە باڵەخانەیەکی سەرتەیزمیەوە بەربێتەوە نامرێ. داخۆ ئەو کاتە لەو هەوا دیموکراسی‌یەدا کورد «ئۆتۆنۆمی» بۆچی‌یە؟!

یاخود با بڵێین رژێمێکی دیموکراسی فەرمانڕەوا و سیستەمی رامیاری دەبێت (کە ئاوا لە نێوان دیموکراسی ئاسمانی و دیموکراسی بۆرژوادا بێت)(؟!!) یان وەک فەرەنسا، بە تایبەتی کە سیستەمی دیموکراسی لەوێ لە ژێر کارتێکردنی سۆشیال دیموکراتەکان و تارادەیەک پارتی کۆمونیستی فەرەنسی و هێزی رادیکاڵ و رووناکبیرو چەپ وایە بە گشتی، واتە لە زۆر وڵاتی‌تر بەرناوەڵتره. داخۆ ئەو کاتە «ئۆتۆنۆمی» چ قورسایی‌یەکی رامیاری دەبێت؟!.

ئەوە تازە کۆرسیکایی‌یەکان پاش دە(١٠)ساڵ لە خەباتی «ئاشتی!!» دیسانەوە دەستیان داوەتەوە «چەک».

رژێمێکی دیموکرات کەی گوێ دەداتە ئەوەی نەتەوەیەک بە زمانی خۆی بخوێنێت یان نە.؟ کەی گوێ دەداتە ئەوەی نەتەوەیەک پەیڕەوی کولتوورو ئەرهەنگ و شارستانێتی خۆی بکات یان نە.؟! رژێمێکی دیموکراسی کەی گوێ دەداتە ئەوەی داخۆ تاکە کەس و گروپ دەستە و... هتد چ پەیڕەوێکی ئایینی و فەرهەنگی هەڵدەبژێرن و پیادە دەکەن؟!

سیستەمێکی دیموکراسی کە سەرمایەدار تیایدا باڵا دەستە تەنها بە دەربەست «پارە» و «بەرژەوەندی» و «سوود» و «قازانج»ەوە دێت. لەبەر ئەوە گوێ نادانە هیچ جۆرە سەربەستی و ئازادی‌یەکی تاکەکەس وگروپ وچین و...هتد «تاکو» مەترسی نەخەنە رێگای ئەم «خواستانەیانەوە». کۆرسیکایی‌یەکان چیان دەوێت با بیکەن «بەلأم» داوای شتێک نەکەن کە بببێتە کۆسپ لە رێگای سوود و قازانج و بەرژەوەندی‌یەکانی سەرمایەدارانی فەرەنگدا.

کە برۆوای باڵاو سەرمایەداران سیستەمی دیموکراسی دەهێننە گۆڕێ لەوەیان نییە فریشتەترین چینی کۆمەڵ بن، بەڵکو لەوەیانە کە بێ ئەو ئازادی و سەربەستی‌یە (تارادەیەک) گشت لایەنی‌یە ناتوانن بە «موراد»ی دڵی خۆیان بکەن. ئەوەش دیارە سوودی بۆ گەلێکی بن دەست هەیە، بەلأم ئایا ئەم «سوودە» تاکوێ بردەکاتەوە؟!

سیستەمێکی دیموکرات، واتە سیستەمێک کە خەڵکی کۆمەڵگا بتوانن بڕیاری خۆیانی تیا بدەن. هەموو ئەو داوایانەش کە «ئۆتۆنۆمی» دەیانگرێتەوە، ئۆتۆماتیکی لە سیستەمێکی دیموکراتدا بەرکەماڵ دەبێت، ئیدی ئەوکاتە «ئۆتۆنۆمی» چ مانایەک دەبەخشێت؟!.

با خوێنەر بڕوانێتە وڵاتی سویسرا کە سێ نەتەوەی جیاوازی تیایە. بە سێ زمانی جیاواز دەدوێن و هیچ ئازادی‌یەکی فەرهەنگی و کولتووری لایەنێکیش زەوت نەکراوە، هەروەها کەنەدا و چەندین وڵاتی‌تر (کە دیموکراتی برۆواشەو چەپە خواناسەکانی(؟) ئێمە پێی رازی نین)، دەبینیت کە ئۆتۆنۆمی لەم وڵاتانەدا شتێکە هەر لە فەرەنگی رامیاریش‌دا نییە.

لەبەر ئەوە داوا کردنی «دیموکراسی» و «ئۆتۆنۆمی» لەیەک کات دا واتە تێنەگەیشتن لە پرنسیپە سەرەکی‌یەکانی ئازادی «نەتەوە» و «چینایەتی»یش.

ئۆتۆنۆمی خۆی هەندێک مافی کولتووری و فەرهەنگی بەرتەسکە لەبەر ئەوە ناتوانێت لە سیستەمێکی دیموکراتیدا فۆرمی خۆی بهێڵێتەوە، چونکە ئەو سیستەمە دیموکراسی‌یە سنووری ئازادی‌یەکانی «فرە» گەورەترە لەو «سنوورە»ی کە ئۆتۆنۆمی داوای دەکات و بە پەساری بوونی خۆیی دادەنێت.

لەم دوایی‌یەدا هەندێک لایەن داوای «دیموکراسی بۆ ئێراق و سەربەستی ئایینی بۆ هەموو

لایەک» دەکەن. (ئەمەش گوایە ئاینزای وەک سوونی و شیعە و بەهایی و ئینجا جولەکەو گاور لەم ولاتانەدا هەیە).

ئەم لایەنانە هێندە ساویلکەن نازانن کە «سایکولاریزم» واتە «سەربەستی ئاین»، سایکولاریزمیش هەر وەک ئۆتۆنۆمی خانەیەکی بچکۆلەیە لە «تەنی» سیستەمی دیموکراسی.

کە سیستەمی دیموکراسی دێتە کایەوە کۆمەڵێک خانەی «سەرەکی» دەست بەکار دەکەن کە هەموو مافە کولتووری و فەرهەنگی و ئاینییەکان دەگرنەوە. بەواتایەکی‌تر، دیموکراسی هەر ناتوانێت دروست ببێت ئەگەر ئەم خانە سەرکیانە پێش هەموو شتێک ژیانیان پێ نەبەخشرێت.

(یەکێک لە هەرە هەنگاوە گرنگەکان- کە دوایی دێینە سەری - بۆ هێنانە دی سیستەمێکی دیموکراسی بریتییە لە تورداني دەسەڵاتی تایبەتی ئاینێک لە سیستەمی رامیاری و لە جیاتی ئەوە هێنانە کایەی سایکۆلاریزمە، واتە بەخشینی سەربەستی ئاین بۆ هەموو مرۆڤ و گروپ و ... هتدێک لە دەرەوەی سیستەمی رامیاری‌دا. کە بەداخەوە نەک هەر چەپەکانی کوردستان لێی نادوێن، بەڵکو ئاگاشیان لێوەی نییە).

داوا کردنی دیموکراسی بۆ ولاتێک و ئۆتۆنۆمیش بۆ نەتەوەیەک کە تیایدا دەژی، یاخود داوا کردنی دیموکراسی و سەربەستی ئاینێک یان ئاینزایەک بۆ لایەنێک، کت و مت وەک ئەوە وایە مرۆڤ بڵێت: «سەربەستی تەواو بۆ ئافرەتان و بۆشیان هەبێت سواری پاسکیل بن»، یا خود «سەربەستی وئازادی تەواو بۆ ئیسلامەکان‌وبۆشیان هەبێت نوێژی بەیانیش بکەن»...... و بەم شێوەیە.

بەلام وەک گریانێک با بڵێین ئەم ئوتۆنۆمییە هەر دەبێت و دەگونجێت.

واتە سیستەمێکی دیمۆکراسیمان هەیە بۆ ئیراق و ئۆتۆنۆمیشمان هەیە بۆ کورد.( تا لێرەدا دەبێت ئەوە بۆ خوێنەر روون بکەمەوە کە چ لە پرۆژەکەی بەرەداو چ لە چەندین چاوپێکەوتنی سەرانی بەرەدا، کە هەموو بە تۆمارکراوی هەن، لە جیاتی داوای «دیمۆکراسی» داوای «جۆرێک لە دیمۆکراسی» کراوە، ئەمەش دیارە بەو مەبەستەی جۆرە دیمۆکراسیەک بێت لە نێوان سەرانی بەرەو رژێمدا، واتە رژێم ئەو تایبەقەندیانەی خۆی بهێڵێتەوە کە سەبارەت بە کۆمەڵێک مەسەلە هەیەتی چ سەبارەت بە باری تایبەتی‌و چ سەبارەت بە باری گشتی ئیراق‌و پارتەکانی دەرەوەی بەرەو دەسەلاتی بەعس...هتد) لەم کاتەدا کۆمەڵێک دەستووری دارێژراوی دەوڵەتی ناوەندی هەن کە خاوەن ئۆتۆنۆمی بۆی نییە لێیان دەربچێت وسەرپێچیان لێبکات. واتە تەنها دەتوانێ لە ناوەوەی خولگەی ئەم دەستورانەدا بەوهەندێک» سەربەستی(!!)بیروەبڕین ودۆچوون وتێڕوانین هەڵسێت.

راستە کۆمەڵگای کورد وەک «زۆربە» ئیسلامن. بەڵام لە هەمان کاتدا بە پێچەوانەی ووتەی هەندێ کەس و لایەنەوە چ لەبەرەی گەلی کوردا و چ لەبەرەی داگیرکاراندا، ئایینی ئیسلام لە نێوان دوو نەتەوەی کورد و ئارەب دا کۆڵکەی هاوبەش نی یە.

ئاینی ئیسلام بە فراوانخوازی و داگیرکردن هاتۆتە کوردستانەوە، نەیتوانیوە ئارێتەی خوێنی کورد بێت. سیستەمی پەروەردەوکۆمەلأیەتی، هەڵسوکەوتە ئاکاری و رەوشتی یەکانی تا ئەو رادەیە نەگۆڕیوە کە «شۆڕشێک» بۆ چارەسەرکردنیان پێویست بێت. هەروەها نەتەوەی کورد خاوەنی دەوڵەتێکی رامیاریش نەبووە تا ئەم ئاینە بۆ چەوساندنەوەی نەتەوەکەی خۆی و نەتەوەکانی تر بەکار بهێنێت. بەڵکو بە پێچەوانەوە بووە.

هەر لەبەر ئەو راستی یەیە زۆربەی خەڵکی کورد تەنها بە رەواڵەت ئیسلامن، هەرچەندە کە ئاینی ئیسلام رێگەی لە شێوازی بیرکردنەوەی کوردایەتی و نەتەوەی کورد گرتووە، بەڵام ئەمە لە سەردەمێکی کۆنتردا بووە و گفتوگۆیەکی تری پێویستە. لە کاتی تەقینەوەی گڕکانی ئیسلام لە ئێران، زۆر لە ئیسلامەکانی جیهان بە تایبەتی ئەوانەی خاوەنی دەوڵەتی خۆیانن زوو بە زوو تینیان گەیشتێ و مێشەی ئیسلام لێی دان، کەچی لە کوردستان تەنها بەشەکەی ژێر چەپۆکی ئێراق هەندێک کاری تێکرا، ئەویش لە بزووتنەوەیەکی جەماوەریدا نەبوو، بەڵکو لە شێوەی هێزێکی بچووکی چەکداری جاش.ئیسلامیدا بوو، کە بەدەستەی پارتە فیودالی یەکانی ئەم بەشە زەمینەیان بۆ رەخسێنرا. بۆ نموونە، تاڵەبانی لە ساڵی ۱۹۸۰ دا یەکەم هێزی چەکداری جاش.ئیسلامی لە باشووری کوردستان دروست کرد.

ئاینی ئیسلام لە کۆمەڵگای ئارەبدا بە توندی جێی خۆی کردۆتەوە و بۆتە سیستەمێکی رامیاری وخۆیی چێشتی هەموو جۆرە بوونێکی کۆمەلأیەتی و شارستانیانە و تەنانەت بە شانازیشەوە لی ی دەدوێن. پیاوانی «مەزن!!»ی وەک جەمال عەبدولناسر و میشل عەفلەق(کە تەنانەت خۆی ئیسلام نی یە) و موعەمەر قەزافی...هتد کردوویانەبە کۆڵەکەی ئایدیۆلۆژی پان ئارەبیزم و داهێنەری سۆشیالیزمی ئارەبی کە سۆشیالیزمی ئیسلامی دەگرێتەوە.

ئەم دەوڵەتە ئارەبیانە، هەموو کەم یان زۆر( هەرچەندە لە لێکدانەوە و پیادەکردندا جیاوازیان هەیە) ئەزموونەکانی قورئان و ووتەکانی پەیامبەر بە بنچینەی دەستووری سیستەمی رامیاری دەوڵەتەکانیان دەپێناسێنن.

لەسنووری بەرنامەی ئۆتۆنۆمیدا (با خوێنەر ئەو تێبینی یە بکات کە مەبەست لە پرۆژەکەی بەرە نییە، پرۆژەکەی بەرە هێندە پەرپووتە ناکرێت بە ئۆتۆنۆمیش بدرێتە قەڵەم) گەلی کورد تاڵی بێت

یان ترشی، دەبێت لە خولگەی ئەو دەستوورە ئایینی‌یانەدا بخولێتەوە کە دەوڵەتی ئێراق پێوەیان بەندەو لەسەریان گیرساوەتەوە.

گرنگ نی‌یە کۆمەڵگای کوردی رازی دەبێت پیاوێکی کورد(٣) ژنی هەبێت یان نە. گرنگ نییە کۆمەڵگای کوردی چۆن دەڕوانێتە ئافرەت و چۆن مافەکانی ئافرەت هەڵدەسەنگێنێ‌و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات. نەتەوەی کورد هەر دەبێت مل‌کەچی دەستوورە ئیسلامی‌یەکانی ئەم وڵاتانە بێت. با ئافرەتی کورد لە جیاتی جارێک دەیان جار نارەزابێت. با ئافرەتی کورد هێندە خەبات بکات هەموو دنیا بلەرزێنێت. مادام ئەم بێنەو بەردەیە لە سنووری ئۆتۆنۆمی‌دایە هەرچارەنووسیان بە رژێمی ناوەندی‌و یاسا دەستوورە ئیسلامی‌یەکانی ئەم وڵاتانەوە بەندە و ئەستەمە دەستکەوتێک وە دەست بهێنرێت.

گریمان ئەو رژێمە دیموکراسی‌یە ئاسمانیەش بەرکەماڵ دەبێت کە پیاوانی پووت خەونی پێوە دەبینن، ئەو کاتەش مافەکانی ئافرەت هەر لەو سنوورە بەرتەسکەی دەستووری دەوڵەتی دەمێنێتەوە. هەتا ئێستا هیچ لایەنێک لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆن بەرنامەی دیموکراسی دانەڕشتووەو جەماوەریان ئاگادار نەکردووەکە قسە لەسەر چ جۆرە دیموکراسی‌یەکەو چۆنیش بەر کەماڵ دەبێت.

لە وڵاتی ئێراق، هەروەها لە ئێران‌و تورکیاش دا هیچ پارتێک( زەحمەتکێشانی ئێرانی لێدەرچێت ئەویش بەبەرتەسکی‌ە بڕوانە، چەند سەرنجێک لەسەر مەسەلەی مەزهەب‌و شێوەی هەڵوێست گرتن لە بەرامبەری‌دا »، نەک هەر لە مەسەلەی توڕدانی ئیسلام لە دەوڵەت نادوێ بەڵکو هەر ناشوێرن توخنی بابەتێکی وا بکەن.

هەتا ئایین( کە لە ئێراق‌و ئەم وڵاتانەی تردا «ئیسلام»ە) لە سیستەمی رامیاری جیا نەکرێتەوە و تووڕ نەدرێت و نەکرێتە ئارەزوو و ئازادیەکی تاکەکەسی لە کۆمەڵدا، نەشیاوە بتوانرێت کۆمەڵێک دەستووری کۆنستیتوتی دابەزرێنرێت کە وەک «مرۆڤ» بڕوانێتە خەڵکی ئێراق، نەک وەک «عارەب» و «ئیسلام» و «ژن» و « پیاو». ئەمە نەک هەر لە ئایندەیەکی نزیکدا شیاو نی‌یە، بەڵکو نەبابەتی قسە کردنیشە و نە هیوایەکە کورد دڵی پێخۆش بکات.

لەم قۆناخەدا، هەردوو داوای «دیموکراسی بۆ ئێراق‌و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان» ئیدی بام دەیان جاریش راستەقینە بێت نە بناخەی بە پراکتیک کردنی هەیە و نە ئەوەشە کە بەشێکی خەڵکی کورد لی‌ی تێگەیشتووە.

بەشداری کردنی ئافرەت لە هەموو بوارەکانی ژیان‌و بەرهەمهێناندا. سەربەستی تەواو و یەکسانی ئافرەت کە بە هیچ جۆرێک « پیاو» بەرخۆرداتی تایبەتی‌و کەسایەتی و توخمی نەبێت،

واتە پوچکردنەوەی هەموو بەرخوردانێکە کە مێژووی شۆڤێنیزمی نێرینەو و ئایین( لای ئێمە بە پلەی یەکەم ئیسلام دێت) بە پیاوی بەخشیبێت.

هەروەها وەرگرتنی هەمان مووچە بۆ هەمان کار، لابردنی هەموو یاساکانی مارەکردن و تەلاقدان و هێنانەوە...هتد کە ئایینی ئیسلام یاخود ئایینێکی تر دانەری بێت. لە جیاتی ئەمانە هێنانە کایەی یاساو ڕێساو بڕیاری تایبەتی کە لە بەرژەوەندی هەمەلایەنەی مرۆڤی کوردستان و کۆمەڵگای کوردستان دابێت، لە هەموو شتێ گرنگتر، ئافرەتان خۆیان بەشداری لە دانان و دارشتنیان دا بکەن، نەک ئەم یاسایانە تەنها لە لایەن «نێرینە» وە دانرێن. هەموو ئەمانە بریتین لە خۆێنی کورد و نرخی گیانی مرۆڤی کورد و نابێت بە هیچ جۆرێک لە بازاری ئۆتۆنۆمیدا بخرێنە سەودای کڕین و فرۆشتنەوە.

بێ لەو مەسەلانەی کە پەیوەندن بە ئافرەتەوە، هەندێک بابەتی گرنگی تریش هەن کە لە لاوازکردن و دواخستنی کومەڵدا ڕۆڵی سەرەکیان هەیەو بە توندی بەستراون بە دەسەڵاتی ئایینەوە لە سیستەمی ڕامیاریدا. ئەویش وەک چۆنیەتی سزادانی ئەوانەی سەرپێچی لە یاسا دەکەن، هەروەها چۆنیەتی دارشتنی یاسا کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووری یەکانە، ئینجا سیستەمی فێرکردن و گۆشکردن و پەروەردەو...هتد.

خاڵێکی گرنگی تر بریتی یە لە سەربەستی خوێندن، واتە بەرسنوورنەکردنی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن.

لە ئۆتۆنۆمی دا ئەم مافە نرخێکی ڕامیاری ئەوتۆی نی یە شایانی باسکردن بێت. خوێندن بە زمانی کوردی بریتی نی یە لە سەربەخۆیی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن بە گیانی کوردایەتی و نیشتمانی بە شێوەیەک کە لەگەڵ کۆمەڵگای کوردستان و بەرژەوەندی یە تایبەتی و گشتی و چینایەتی یەکانی دا بگونجێت. چونکە مرۆڤی کورد بە تەنها ئەو بابەتانە دەخوێنێت و فێردەبێت کە لە تێکستە ئارەبی یەکانەوە وەرگێردراون و دەوڵەت بڕیاریان لەسەر دەدات و لەبەرژەوەندی ڕامیاری و ئابووری و ئایدیۆلۆژی خۆی دایە. (٨٩)

وەک دوو نموونەی ساکار با خوێنەر بڕوانێتە وانەی «مێژوو» و «ئایین».

هەموو دەزانین مێژوو لە لایەن ئەو خەڵکانەوە نووسراوەتەوە کە دەسەڵاتدار بوون. واتە، دەسەڵاتداران مێژوویان نووسیوەتەوە، ئەوەی بە باشیان نەزانیبێت نەیانووسیوە و تۆماریان نەکردووە و نەیان هێشتووە بنووسرێتەوە.

ئەو مێژووەی ناوی لێنراوە « مێژووی نەتەوەی ئارەب» و ئێستا لە وڵاتی ئێراق و سووریا دا

(هێندەی ئەمن ئاگادارم) دەخوێنرێ، سەراپا درۆ و ناراستی و زلکردنی گیانی ئارەب و بەشان وبالاٚ هەڵدانی شارستانی‌یەتی ئارەب و چاکایەتی ئارەبە موسڵمانەکان وڕێنمەکانی ئێستایە. (ئەم راستی‌یە سەبارەت بە تورکیا و ئێران ـ یش دروستە)

مرۆڤی کورد بۆی نی‌یە ئەم بابەتە بخاتە بەر شەنی پرسیارەوە، تەنها بۆی هەیە پیادەی بکات. خۆ ئەگەر باوەڕی پێی نەبێت ئەوا ناتوانێت دژی بووەستێت و ئەڵتەرناتیڤی تر ناخوات. لە هەمان کاتیشدا ئاگاداری مێژووی نیشتمان و نەتەوەی خۆی نی‌یەو پێیان نامۆیە.

لە خوێندنی وانەیەکی وەک (ئایین) دا مرۆڤی کورد بە ناچاری هەفتەی چەند سەعاتێک لە کاتی خۆی بە خوێندنی ئایینی ئیسلامەوە بە فیڕۆ دەدات.


لەبەر ئەوەی بابەتی وا ناسک و گرنگ کار دەکاتە سەر چۆنیەتی بیرکردنەوەی مرۆڤ و تێڕوانین و.....هتد ئەوا زۆر پێویستە کورد خۆی سەرپشک بێت لە خوێندنی بابەتێکی وادا. سەربەخۆیی کورد سەبارەت بەم بابەتە ئەوە دەگرێتەوە کە دەتوانێت وەک «زانستێک» مامەڵەی لەگەڵدا بکات و بتوانێت بێ‌لایەنانە و بێ هیچ جۆرە فشارێک بریاری خۆی لەسەر بدات. تەنها لە ئایینی ئیسلامیش نەکۆڵێتەوە بەڵکو لە هەموو ئایین و ئایینزایەکی تریش، هەروەها هەموو ئەو بابەتە فەلسەفیانەی پەیوەندیان بەم بابەتەوە هەیە. بە کورتەکەی هەموو بابەتێک ئیدی زانستی، هونەری، وێژەیی، پیشەیی یان..هتد.بێت دەبێت بەو شێوەیە بوترێتەوە و پەیرەوبکرێت کە لەگەڵ هەست و بیرو مێشکی مرۆڤی کورد و بەرژەوەندی‌یە نەتەوەیی و نیشتمانی‌یەکاندا بێتەوە و، بگونجێت، ئەم کارە لە سنووری ئۆتۆنۆمیدا ناشیارە.

لەسنووری ئۆتۆنۆمی‌دا هەروەها، دەزگا گرنگەکانی بڵاوکردنەوەو راگەیاندن وەک رۆژنامەو گۆڤار و رادیۆو تەلەفزیۆن و سینەماو...هتد بە توندی دەبەسترێن بە چۆنیەتی رامیاری ناوەو دەرەوەی رژێمی ناوەندی‌یەوە. بە واتەیەکی تر، کۆی بەرهەمەکانی ئەم دەزگایانە تارەدەیەکی زۆر هەمان فۆتۆکۆپی بەرهەمەکانی رژێمی ناوەندی خۆی دەبن و بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێت لە مەداری ئارەزوو و مەبەستی رژێمی ناوەندی لابدرێت.

بە ووردبوونەوە لەم خاڵانە دەردەکەوێت کە ئۆتۆنۆمی بە واتایەکی تر بەرسنووورکردنی رەوتی بیری مرۆڤی کوردە. مرۆڤی کورد بۆی نابێت بەسەربەستی و ئازادی لە بوارەکانی فەلسەفەو رامیاری و پیشەسازی و تەکنۆلۆژیادا کاربکات هەردەم بەرماوەو بیری دوێنی و پێری‌ی رژێمی ناوەندی پێ‌دەگات، ئەویش زۆر بە بەرسنووری.

خاوەن ئۆتۆنۆمی هیچ کاتێک خاوەنی سوپای خۆی وهێزی بەرگری نابێت، واتە بە گۆڕانی رژێم،

ئیتر بە هەر جۆرە مەبەستێک بێت ئەم پەسارە دەکەوێتە مەترسی لە ناوچوون و پوکانەوە. ڕەنگە زۆرجار زیانی گەورەتریش بدات وەک لە تێکدانەوەی خۆی. تەنانەت هێزی پۆلیسیش کە بۆ مەبەستی هێمنی و ئاسایشی ناوخۆیە هەر سەر بە دامی شالیگاری ناوخۆی ڕژێمی ناوەندی دەبێت. ئەتەوەی بن دەست هیچ بەهایەکی ئەوتۆی نابێت کە ڕژێمی ناوەندی ئەو وڵاتە ئاگای لێوە نەبێ و نەتوانێ دەستی بەسەردا بگرێ وباری پێ نەکات.



# ئۆتۆنۆمی لە ئێراق

## (بۆ ئەو مەبەستە لە تورکیا وئێران و سووریا)یش سەرناگرێت

پێش ئەوەی بێینە سەر ئەم باسە با ئەوە لە یاد نەکرێت کە «سەربەخۆیی» چ بە مانا رامیاری‌کەیی و چ بە مانا بایۆلۆجی‌کەی بریتی‌یە لە گەرەنتی، واتە قەلغانی دڵنیایی بۆ مانەوەو بەردەوام بوون لەسەر گۆڕانکاری سروشتی‌و خۆرسکی لەگەڵ مێژوودا گونجاو و لەباری توخمە ڕەگەز.

هەموو کەم کردنەوەیەک یان داشکاندنێک لە مافی سەربەخۆیی، پێشکەوتن و گۆڕانکاریە خۆرسکی و سروشتی‌یەکانی توخمەڕەگەزێک دەخاتە مەترسی و گۆمانی لەناوچوونەوە. کەمکردنەوەی سەربەخۆیی گیاندار، پەلەوەر، مرۆڤ، بۆ ئەم مەبەستە گروپ‌و نەتەوەش لە بواری چۆنیەتی خواردن و نووستن و هەڵس و کەوت و ئاکارو رەوشت‌دا بریتی دەبێت لە وونکردنی شێوەکارو رووخسارو ناوەڕۆکی تایبەتمەندیانەی ئەو توخمەرەگەزە.

دیارە ئەم کارە هەروا بە هاسانی بەسەر نەتەوەکەیدا ناهێنرێت بەڵکو پرۆسەیەکی درێژ خایەنتر و ناوهەوایەکی شیاوتر و لەبارتری گەرەکە، بەڵام لە هەمان کاتیش‌دا کرداری «تواندنەوە» یان «لەناوبردنی» نەتەوەیەک ناشیاو نابێت.

کە بیری کۆمۆنیزم داوای یەکگرتنی کرێکاران جیهان دەکات( بێ‌گومان ئەمە خۆشی لە خۆی‌دا دەبێتە یەکگرتنی نەتەوەکانیش) بریتی نابێت لە تواندنەوەی یاخود پوکاندنەوەی نەتەوەیەک یان چینی کرێکاری وولاتێک چونکە ئەم پرۆسەیە یەکەم دڵخوازیانەیەو بە زۆرەملێ‌ی نەهێنراوەتە گۆڕێ( بە پێچەوانەی بۆ چوون‌و تێڕوانینی پارتی کۆمۆنیستی ئەو وولاتانەی کوردستانیان داگیر کردووە)، دووهەم بە پرۆسەیەکی تایبەتی و درێژخایەن و تێرو تەسەل و زانستی کە هەموو قۆناغێکی پێویست دەبڕێ، دێتە ئەنجام.

ئەم کردارە لەسەر حسابی نەتەوەیەک یان چینێکی کرێکار نابێت. بە شێوەی یەکگرتنی دڵخوازیانە دەست پێ دەکات‌و ئینجا ڕووداو ڕەوی تێکەڵاوبوون و ناوێتە بوون هەنگاودەنێ.

ئەم پرۆسەیە بە گرنگترین قۆناغدا تێپەڕ دەبێت کە ئەویش « پوکانەوەی» ی دەزگای رامیاری دەوڵەتە وگۆڕینی ئەم دەزگایەیە بۆ کۆمەڵێک دامەزکەی رێکخستن و جێبەجێکردنی هەرەوەزی گشتی.

لێرەدا ئەو پرسیارە قووت دەبێتەوە کە داخۆئەگەر چارەنووسی «دەوڵەتێک» لە هاتا

رامیاری‌یەکەیدا لە ئاییندەدا (بێ‌گومان ئایینده‌یەکی نادیار و دیاری نەکراو) هەر پوکاندنەوە بێت و سڕینەوەی سنوورەکان ئەبێ ببێتی مێژوویی بێت ئیدی دروست کردنی دەوڵەتی نوێ‌و کێشانی سنووری نوێ لە پێناوو لە پای چیدا؟!

ڕەوتی مێژووی نەتەوەکانی جیهان جیاوازە و هەموو بە قۆناغی تایبەتی‌و بە بارو دۆخی سایکۆلۆجی‌و سیسیۆلۆجی تایبەتمەنیانەدا دەڕۆن. بناخەی کۆمەلایەتی و رامیاری‌یان ناشێ وەک یەک بێت و هەمان ئامانج و خواستیان بۆ هەمان قۆناغ نی‌یە. بە تایبەتی بە هۆی چەوساندنەوەو داڕۆشینی نەتەوەیی‌یەوە زۆر نەتەوەی بن دەست لە «یەکگرتن» سڵ‌دەکەنەوە و دەترسن و هەنگاوێکی وا بە دیسانەوە ژێردەستی و دۆڕاندنی مافەکانیان دەزانن.

ئێمە گرووقان ئۆتۆنۆمی لە سیستەمێکی دیموکراسیدا مانا ئابەخشێت. کە ئۆتۆنۆمی خۆی لە خۆی‌دا چەند شانەیەکی بچکۆلانەو سەربەبی‌و لاوەکی پرنسیپە گشتی‌یەکانی دیموکراسی بێت ناشیاوە لە ناوو هەوایەکی نادیموکراسیدا بژی.

واتە ئۆتۆنۆمی لە ناو رژێمی نادیموکراسی و تۆتالیتاری‌و دیکتاتۆر..هتد بوونی نی‌یە.

بە داوا کردنی « ئۆتۆنۆمی» لە رژێمێک ئەو رژێمە ناگۆرێت بۆ دیموکراسی. ئەگەر ئۆتۆنۆمی لە لایەن رژێمێکەوە پیادە بکرێت مانای ئەوە نی‌یە کە ئیدی ئەو رژێمە دیموکراسی دەبێت،چونکە ئەم رژێمە دەکارێت هەروەک تاکتیک زەمینەی ئەم مەسەلەیەی خۆش کردبێت و لە توانایدایە لە ماوەی چەند سەعاتێکدا شروشیتاڵ بە هەموو لایەنێک کۆ بکاتەوە.

رژێمی ئێراق کە دەساو دەست بە سەرانی بەرە دەکات و ئۆتۆنۆمی(؟).یان ناداتێ لەگەڵ خۆیدا ڕاستگۆیە.

رژێمی ئێراق دەزانێ لەم کاتەدا ئەم ئۆتۆنۆمی‌یە کرێدیتی دیموکراسی بوونیان بۆ پەیدا ناکات (سەبارەت بە جیهانی دەرەوە، هەرچی سەبارەت بە دۆخی ناوخۆیی ئێراقیشە ئەوا هەروەکو خۆی بە بەستویی دەمێنێتەوە چونکە خەڵکی ئارەبستان کە خۆیان لە ناو ئاگردا دەژین رژێم بە دیموکراسی ناپێناسێتن تەنها لەبەر ئەوەی « ئۆتۆنۆمی» دەداتە سەرانی بەرە.

رژێمی ئێراق لە کاتێکدا ئۆتۆنۆمیان دەدا کە ئەو ئۆتۆنۆمی‌یە لە جیهانی دەرەوە وەک کرێدیتێکی دیموکراسی بوون دەبخوارد. یان هیچ نەبێت لەبەر بەرژەوەندی‌یان لەگەڵ رژێمی ئێراقدا خۆیانیان پێ گێل دەکردو لە کردارە چەپەڵەکانی رژێمی ئێراق بێ دەنگ دەبوون. رژێمی بەعسیش ئەم هەلەیان دەقۆستەوە و وەک تاکتیکێک بۆ بە هێز کردنی دەسەلاتی خۆیان بەکاریان دەهانی. هەم پارسەنگی قورسایی رژێمەکانی تورکیا و ئێران و سووریا یان پێ دەدایەوە و هەم

پەردەیەکیش بوو لە پیشتیەوە بزووتنەوەی نیشتمانی ئێراق و کوردستانیان پیدەخنکاند.

بەلام ئیستا ئۆتۆنۆمی وەک ئەو تاکتیکە کۆنەی کە ڕژێمی ئێراق پێویستیتی کار ناکات (سەرانی بەرە هەر بە حسابی کۆن لی ی دەخوڕن!)، واتە کۆنە فەنکسیۆنەکانی ئۆتۆنۆمی ئیفلیج بوون. هەر لەبەر ئەوەیە سەرانی بەعس هیچ جۆرە گرنگایەتی یەک لە بڕیاری بەخشینی «ئۆتۆنۆمی» دا نابینن.

بە پێچەوانەوە، ئەدانی ئۆتۆنۆمی و گەمەکردن بە ڕۆژی خوێندنەوەکەی(سەرانی بەرە تا ئیستا دەیان جار پێش بینی یەکەیان هەڵەبووە .؟!) سوود بە ڕژێمی بەعس زیاتر دەگەیەنێت.

ئەو سوودەش یەکەم گاڵتە پێکردنە بە وولاتەکانی تورکیا و ئێران و سووریا. ئەم وولاتانە لە بەهێزی کورد زیاتر ترسیان هەیە وەک لە مانەوەی ڕژێمی بەعس. دووهەم، خنکاندنی بزووتنەوەی نیشتمانی نارەبستانە، چونکە خەڵەتاندنی کورد و بە فیڕۆدانی خەباتی جەماوەری و خوێنی گەلی کورد ئۆتۆماتیکی لە زیان ئەوان و بزووتنەوەکەیاندایە، سێ‌هەم، کە دوا خاڵی نی یە، بریتی یە لە بردنەوەی کات و خۆخۆکردنەوە و خۆ ئامادەکردن و پەمپدانی شەڕی برا کوژی لە کوردستاندا.

سەرانی ڕژێمی بەعس چاک دەزانن دیمۆکراسی بۆ ئێراق ( ئەگەر هەر لە شێوەی سیستەمی ڕامیاریش دا بێت) بە لایەنی کەمەوە واتە نەهێشتنی دەسەلاتی خۆیان، لەبەر ئەوە ناشیاوەیە هەڵبژاردنی گشتی و شێوازی فرە لایەنی و.....هتد ڕازی بن.

ئەگەر ڕژێمی بەعس کورسی فەرمانڕەوایی بدۆڕێنن ئەو کاتە دەیدۆڕێنن کە بە زۆر لێیان بسەنرێتەوە، لۆژیکی ڕامیاری هێندەی فێرکردووین ڕژێمێکی وا کە خاوەنی مێژوویەکی خوێناوی و شەڕویستە بە ئاشتی و بە گفتوگۆ تەختی بەڕێوەبردن چۆڵناکات. لەبەر ئەوەیە هەرگیز بە داوای دیمۆکراسی بوون ڕازی نابن و بگرە دژی بۆ چۆنێکی وا دەش جەنگن.

بەلام ڕژێمی ئێراق ڕاستی یەکی تریش دەزانێت کە سەرانی بەرە لی ی بێ ئاگان، ئەویش هۆی قبولکردنی ئۆتۆنۆمی یە. ڕژێم لەوە بە ئاگایە کە دانی ئۆتۆنۆمی بە سەرانی بەرە بەرەو دیمۆکراسی بوونی نابات، هەر بۆ یەشە دەکارێت و لە توانایدایە بەسالان لەسەر ئۆتۆنۆمی بدوێت و سەرانی بەرە داوەت کات و میوانداریتیان بکات. دەزانێت ئۆتۆنۆمی بڕیارێکی سەرپێی یەو پێویستی بە هیچ جۆرە گۆڕانکاری یەکی بنەڕەتی نی یە کە لە ڕژێم و شێوازی دەوڵەت و فەرمانڕەوایی بەعسدا بێتە کایەوە.

ئینجا لەسەر ئەو بناخەیەی دیمۆکراسی دایکی ئۆتۆنۆمی یە، یاخود منداڵانی مافە سەرپێی یەکانە، ناکرێت پێچەوانەی ئەمە ڕاست بێت، واتە ئۆتۆنۆمی نابێتە بناخە یان

زەمینەیەک بۆ بە دیمۆکراسی بوون، تەنانەت نابێتە هۆکارێکی لاوەکیش رووەو گۆڕان بەرەو دیموکراسی.

هەر بۆیەشە رژێمەکانی تورکیا و سووریاو ئێران هەمیشەگە هانی یەکدی دەدەن بۆ ئۆتۆنۆمی و لە کاتی بزووتنەوەیەکی جەماوەریدا کە دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ شیاوبێت بە دەیان پلانی کوژەر ساز دەکەن بۆ لە باربردنی.

ئەگەر رژێمی ئێراق بە شێوەیەکی خۆرسکی و سرووشتی و لە ئەنجامی خەباتی دیمۆکراتیانەی پارت و رێکخراوەکاندا بەرەو دامەزراندنی سیستەمێکی دیمۆکراسی هەنگاوی بنایە ئەوا ئەم دەوڵەتانە هەر لەیەکەو هەست کردنەوە هەوڵی خنکاندنیان دەدار چەندین پیاوی وەک سەرانی بەرەیان دەکردە بە گۆیا. کە ئێستا بێ دەنگن و بە کاوەخۆ بیر لە داهاتوویان دەکەنەوە ئەوەیە ئەو راستییە دەزانن کە ئۆتۆنۆمی واتە گەمەکردن و نابێتە گۆڕینی سیستەمی رامیاری دەوڵەتی ئێراق.

بەلاّم هەر ئەم دەوڵەتانە لە سەرەتای بزووتنەوەکەدا پێش ئەوەی سەرانی بەرە بگەنەوە کوردستان سەری ئاسمانیان لێ هاتبووە وە یەک و نەیاندەزانی چی بکەن و مەترسی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی فریشکی خستبوون.

بە کوردیکەی سەرانی بەرە قۆپچەیەکیان دۆزیوەتەوە و بە هەموویان دەیانەوێت پاڵتۆیەکی بۆ بکرن.

لەبەر ئەوەی پرنسیپی سەرەکی و بنچینەیی دیمۆکراسی تا ئێستا لە ئێراق، چ وەکو رژێم و چ وەکو کۆمەڵگا پیادە نەکراوە، ئەوا ئۆتۆنۆمی وەک و باسێکیش دەبێتە وەهم و خەیاڵ. بەلاّم خەیاڵێکی پلاّو، خەیاڵێکی فرە ساویلکانە کە هەڵگری بیرەکە دەکاتە مرۆڤێکی ساکارو بۆش و بێ ناوز کە لە گەرمە نیوەڕۆدا بە دوای سێبەری خۆیدا وێڵ دەبێت.

پێش ئەوەی بێینە سەر باسی ئەم رژێمە و پارت و رێکخراوەکانی ئەم وولاّتە با خوێنەر تێبینی ئەو خاڵە بکات کە هەڵگری بیری سەربەخۆیی و کوردستانی وولاّتانی تورکیا، ئێراق، ئێران، سووریا بە داگیرکار، واتە کۆلۆنیالیستی خاکی کوردستان دەزانێت.

پاش ئەو پێکەوەلکاندنە زۆرەملێ و ناسرووشتییەی بووە هۆی دابەشکردنی کوردستان، نەتەوەی کورد لە راونان وەدەرکردنی هێزە ئیمپریالیستەکاندا رۆڵی گەورەو تایبەتی هەبووە بەلاّم کۆنەپەرستەکانی ئەم وولاّتانە و باڵی زاڵی رەگەزپەرستیان نەک هەر بە چاوی دراوسێ و دۆستەوە نەیانڕوانیوەتە خەڵکی کورد بەڵکو تەنانەت بە گژیشیداهاتوون و بەزۆری هێز لەو بەشە سنوورانەدا هێشتویانەتەوەو لەهەمان کاتیشدا هەوڵی تواندنەوەیان داوە.

لەبەرئەوە پرۆسەی «پێکەوەلکاندن» بۆتە زەوتکردن و ئینجا داگیرکردن.

هەروەها ئەم داگیرکردنە فۆرمێکی ئابووری وەرنەگرتووە، واتە تەنها لە چەوساندنەوەی ئابووری و داپۆشین‌دا نەماوەتەوە، بەڵکو ئەم دەوڵەتانە کورد بە نامۆو دوژمن و وێرانکار دەدەنە قەڵەم و بە کۆسپی سەرە ڕێ‌و هۆکاری نەهاتی‌یەکانی خۆیانی دەزانن.

ئەم ڕژێمانەی ئێستا، بەتایبەتی لە ڕووانگەی خاوەن بیری سەربەخۆیی کوردەوە، بریتین لە بەردەوام بوون و قووڵبوونەوەی ئەو ڕژێمانەی پێشوو. هیچ جیاوازی‌یەکی ئەوتۆ، بە تایبەتی لە تێڕوانینیانا بەرامبەر مەسەلەی کورد، لەنێوان کۆن و نوێ‌دا نی‌یە کە سەبارەت بەم باسە خاڵی تێبینی‌و دەست نیشانکردن بێت.

هیچ دەوڵەتێکی داگیرکار ناکارێت لە هەمان کاتدا دیموکراسی بێت. ناکارێت داگیرکار و پێشکەوتووخواز بێت. دەوڵەتێک کە بە ئاگای تەواوە هەوڵی تواندنەوەی نەتەوەیەک دەدات، لە هەمان کاتدا بە کێویلە و تورکی شاخاوی و نا ئیسلام و کۆمۆنیست و...هتد یان لە قەڵەم دەدات ناتوانێت لە هەمان کاتدا هەندێک مافی کولتووری بەم نەتەوەیە ببەخشێت.

کە دەوڵەتێکی دوژمنکار دان بە بەشێک(!!) لە مافە کولتووری و فەرهەنگی‌کانی کورد دا دەنێت مانای ئەوە نابەخشێت کە ئەم دەوڵەتە خراپ لە نەتەوەی کورد گەیشتووە، یاخود لە پاشەڕۆژدا ڕامیارێتی خۆی بە باشە دەگۆڕێت، یان ئەگەر نەتەوەی کورد بەم مافە لاوەکیانە قایل بێت ئەوا ئەو دەوڵەتە بە «نیشتمانی» دەیان ناسێت و تێڕوانینەکانی خۆی لە بەرژەوەندی ئەوان دەگۆڕێت..

ئەم دەوڵەتانە هیچ کاتێک کۆمەڵێک ماف ئیدی یا سەرەیی‌و لاوەکیش بن، نادەنە نەتەوەی بن دەست. چونکە ڕژێمێک ناتوانێت «تۆزێک» دیموکراتی بێت، یان «تۆزێک» پێشکەوتووخواز بێت، یان تۆزێک مرۆڤ پەروەر و ئاشتی‌خواز بێت.

هەتا ئێستا ئەم دەوڵەتانە چەندین جار فشاریان هاتۆتە سەر(هۆیەکان بە ئەژماردو هەمە چەشنەن). ئەو فشارە وای لێکردوون کە ڕامیارێتی خۆیان سەبارەت بە کورد، بۆماوەیەک، باشتر یان ڕاستر بڵێین (نەرمتر) کردووە.

سەرانی کورد لە جیاتی بابەتیانە بڕوانە گیروگرفتی کورد و ئەم «فشارە» بە قازانجی گەلی کورد بهێننەوە، بە پێچەوانە، هاتوون لەگەڵ ڕژێمدا دەستیان تێکەڵاوکردووەو دەستیان کردووە بە مامەڵەو سازش. واتە لە جیاتی ئەوەی بوحرانی ئەم دەوڵەتە هێندەی تر زیاد کەن، هاتوون کرێدیتی نیشتمانی و باشایەتی و دیموکراتی و مرۆڤ دۆستیان بۆ پەیدا کردووە و ئەو

بۆشایی‌یەیان بە قازانجی رژێم پڕکردۆتەوە، گوایە رژێم دوژمنی کورد نی‌یە بەڵکو خراپ لە مەسەلەی کورد گەیشتوە. بەم شێوەیە کاتێکی باشیان داوەتێ تاکو خۆی کۆ بکاتەوە و دووبارە خۆی بە هێز بکاتەوە.

رژێمی خوارووی ئەفریکا بە چاوێکی جیاوازخوازەوە دەڕوانێتە ڕەش‌پێستەکان. ئەم تێڕوانینە لە هەموو بوارێکی بوون‌و ژیاندا ڕەنگی داوەتەوە. ئێستا کە رژێمی ئەپەرتاید ناچارکراوە دەست بە گۆڕانکاری بکات ئەشیاوە بتوانرێت لە «نیوەی» گۆڕانکاری‌یەکاندا بووەستێت یان بیاداتەوە. رژێمی ئەپارتاید یان ئەوەتا دەبێت خول بدات و بەرەو دوواوە بگەڕێتەوە، یان ئەوەتا دەبێت بەردەوام بێت. واتە سنوور بۆ گۆڕانکاری‌و ئازادی‌یەکان دائەنێت.

رژێمێک هەنگاو بە کاوەخۆ بێت یان بەرەوتی ئاسایی دەتوانێت ڕووداو ڕووی بە دیمۆکراسی کردن و پیشکەوتنخوازی بزوێت، بەڵام ناتوانێت لە ڕێژەیەکی تایبەتیدا وەک «تۆزێک»،و «تارادەیەک»، و «هەندێک» یان ٤٥٪ بە دیمۆکراسی یان بە ئاشتی خواز بێنێتەوە.

ئەم وڵاتانەی کوردستانیان داگیرکردووە دەزانن و هۆشیارن و بە ئاگای تەواوەوە دەستیان بەسەر کوردستاندا گرتووە. هەر رژێمەکانیش وا بیر ناکەنەوە، بەڵکو لەبەر درێژخایەنی ئەم پرۆسەیە شێوازی ئەم بیرکردنەوەو تێڕوانینە چۆتە ژێرخانی بیری زۆربەی پارت‌و ڕێکخراوەکانەوە. (لە تورکیادا هەندێک ڕێکخراوی چەپ دان بە سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیدا دەنێن).

واتە ئەگەر ئەوانیش جلەوی فەرمانڕەوایی هەڵچڕوکێنن( دەڵێن هەڵچڕوکێنن چونکە ئەستەمە ئەم لایەنانە بتوانن سروشتیانەو بە هەڵبژاردنی ئازاد دەسەڵات بگرنە دەست) ئەوا هەر بە «هەمان» چاوەوە لە کورد دەڕوانن وە«کوردستان» بە بەشێک لە خاکی خۆیان دەزانن.( بێ‌گومان «کورد»یش بە داگیرکاری ئەو خاکەو بە دوژمنی خۆیان دەزانن) .

دەوڵەتی ئیراق وەک هەموو دەوڵەتێکی ئارەبی تر بناخەی دەستووری دەوڵەتەکەی لەسەر ئایینی ئیسلام بەندە. ئەمەش وای لە پارت و ڕێکخراوەکانیان کردووە یەکەم: نەتەوەیی بن‌و دووهەمیش : ئیسلامی. واتە بە خاکی خۆ زانینی هەموو قوژبنێک ئیسلام دەستی گەیشتبێتێ.

ئەم بیرە زاخاوی تەواوەو ئاوێتەی هەرە زۆربەی ئایدیۆلۆژیای هەمە جۆری ئارەبی‌یە. بیری ئیسلام بۆتە بناخەو ژێرخانی فەلسەفەی بیری ئارەبی، قوڵبوونەوەی ئەو مەسەلەیە لەوەدایە کە بنچەوانەکەشی ڕاستە.

ئەمەش مانای ئەوەیە بەشی هەرە زۆربەی پارتە ئارەبی‌یەکانی ئەم وڵاتانە، چ ڕاستەوخۆ چ

ناراستەوخۆ بیری نەتەوەی خۆیان لە ئیسلامەوە هەڵدەهێنجێنن، بە شێوەیەک ئیسلام بۆتە کۆڵکەی هاوپەشیان.

هەر لەبەر ئەوەیە دیکتاتۆری، تاکەکەس و تۆتالیتاریتی، تیرۆر، رەگەزپەرستی و ئینجا تێڕوانینیان لە ئافرەت و شێوازی فێرکردن و پەروەردەو...هتد بۆتە خەسڵەتێکی گشتلایەنە، یاخود کەرەکتارێکی سەرتاسەری گشتیانە و بە هاسانی تیایاندا بەدی دەکرێت، بە تایبەتی کە گشتیان خۆیان بە « نوێنەری» راستەقینە لە قەڵەم دەدەن.

ئەم بیرە واتە ئیسلام دەوڵەت، یان فەرمانڕەوا دەکاتە نوێنەری هەموان و لە هەمان کاتدا جێگری پەیامبەر و خودێش. بەپێی قورئان، چینو توێژو دەستەو گرۆپو..هتد بێن، یاخود بوونیان نرخی نی یە و بەڵکو کۆمەڵ وەک « یەکەیەک» هەیە. ئەمەش لە هەمان کاتدا لە چۆنیەتی تێڕوانینیان لە چینی زەحمەتکێش و کرێکار دا رەنگ دەداتەوە.

ئەوەشمان لە یاد نەچێت کە بەشی زۆریەی ئەم پارتانە لە جەماوەر هەڵنەقوڵاون. واتە نوێنەری راستەوخۆی چینێک نین، بەڵکو بە زۆری وەک دەستەو تاقم وگروپ خۆیان دەبیننەوە و بەزۆری دەستکردی هێزەکانی بێگانەن، بە تایبەتی ئەمەریکاو ئەوروپا و بە گشتیش هەندێک لە وولاتانی ئارەب. یاخۆێنەر لە هەردوو بەرەی ئۆپۆزسیۆنی ئیراقی( چ ئەوانەی ئینگلستان و چ ئەوانەی سوریاو لوبنان) وورد ببێتەوە. ئەم «سەر بەدەرەوە»یی یە بۆتە ئاکارێک کەئیدی ناشارێتەوە.

یەکێک لە هەرە پارتە زاڵەکانی مێژووی دروست بوونی ئیراق پارتی بەعسی ئارەبی سۆشیاتیستی یە. ناوی پارتەکەیان بریتی یە لە «ئارەبی سۆشیالیستی» واتە یەکەم بیری «ئارەبی» دووهەم «سۆشیالیستی». بەڵام سۆشیالیستی لەسەر بناغەی بیری ئیسلام نەک سۆشیالیستی زانستی. هەر بۆیەشە ووشەی «ئارەبی» یەکە بە ووشەی«ژیانەوە.بەعس» توند کراوە.

واتە: پارتێکی رەگەز پەرست کە یەکسانێتی و هاوبەشی‌و ئازادی لە بیری ئارەبی ئیسلامیدا دەبینێتەوە. ئەمەش ئاوێنەی هەمو نووسراوو بڵاوکراوەیەکی ئایدیۆلۆژی یانە. ئەوەتا «میشل ئەفلەق» دەڵێت:«هیچ جۆرە پەیوەستی یەک یا پەیوەندی یەک لە نێوان کۆمۆنیزم و مێژووی نەتەوەی ئارەبدا نییە. لە نێوان کۆمۆنیزم و نەریتی دانایی‌و رووناکبیرێتی ئارەب دا نی یە.(گیانی‌ئارەبی) قبوڵی تەرێتیتی و ئەقلانێتی تیۆری مارکسیزم ناکات.(٩٠)

گرنگترین فەلسەفەی ئەم پارتە بریتی یە لە «انحناء مام العاصفە» واتە چەمینەوە بۆ بارە».

لە راستیش‌دا ئەم پارتە بەوپەری لە خۆبووردوویی و ئاکەمتەرخەمییەوە پیادەی ئەم فەلسەفەیەدەکەن.(بێ‌گومان، پارتی بەعسی ئارەبی سۆشیالیستی-سووریا هەروەها هەمان بۆچوون

و تێڕوانینی بەعسی‌یەکانی ئێراقیان هەیە. هەروەک چۆن ئێراق وڵاتی کوێت و کوردستان بەخاکی خۆی دەزانێ، سووریاش لوبنان و کوردستان بە خاکی خۆی دەزانێ. بناخەی ئەم بیرەش لەو ویلایەتانەوە هاتووە کە کاتی خۆی ئۆسمانی‌کان وەک «ویلایەت» یان نیمچە دەوڵەت و دەوڵەتۆکە دایانمەزراندن. بەڵام شۆڤێنیزمی ئارەبی لەوە زیاتر ناچێتە دواوە چونکە ئەگەر بەپێی مێژوو بێت ئەوا هەر هەمووی دەبێتەوە بە سنووری ئۆسمانی و ئەمیش واتە وڵاتی تورکان. هەرچەندە تورکەکان نە تەنها دەسەڵات و نەتەنها نەتەوەش بوون لەم ئیمپراتۆری ئۆسمانی‌یەدا، بەڵام لەوەدا سەرکەوتووبوون کە هەموو ئیمپراتۆرەکە بە «تورک» بکەن. تەنانەت ئێستاش لە زۆر وڵاتی جیهان ئوسمانی واتە تورک).

بەعسی‌یەکان، هەر پاش گلانەکەی ۱۹٦۳، هاتنەوەیان بۆ دووهەم جار بۆ سەر شانۆیی ڕژێم و جڵەوگیری لە ساڵی ۱۹٦۸ دا تا ئێستا بریتی‌یە لە کۆمەڵێک (چەمینەوە بۆ بار)، بە شێوەیەک کە کەم ڕێکخراوو پارت لە جیهاندا هێندە تاکتیک ساز بوون.

ئەم پارتە، سوپاس بۆ ئەم فەلسەفەیان چەندین جار خۆیان لە قوڕگی مەرگ دەرباز کردووە. دەستی دوا بەیەکی پارتەکانی باشووری کوردستانیان بریوە ( بێ لە ڕێکخراوە تازەکان). هەروەها پارتە ئارەبی‌یەکان و ئێران و خێڵە هێزدارەکان و لەسەر هەمووشیانەوە پارتی کۆمۆنیستی ئێراقی.

لەمانەش بترازێت وڵاتی ئێران و سووریاو ئارەبی سعوودی و تەنانەت وڵاتەکانی ڕۆژئاوا ئەمەریکاو لەم دوایەشدا ڕێکخراوی نەتەوەکانیش.

لەهەموو ئەمانەش گرنگتر لە خشتە بردنی یەکجارەکی نەبووە، بەڵکو لە خشتەبردن و دەست برینی هەمیشەیی و بەردەوام بووە کە پارتی بەعس تا رادەیەک ئەندازیارە تیایدا. هەموو ئەم لایەنانەی سەرەوە(ئەمەریکاو ڕێکخراوی نەتەوەکانی لێدەرچێت، ئەویش لەبەر ئەوەی ئێراق کارتی رامیاری پێ‌ئەماوە یاری پێبکات) چەندین جار، یەک لەدوای یەک، بە بەردەوامی و هەمیشەیی لە خشتەبراون، تەنانەت بە بەڵێنی چەور واشیان لێکردوون کە بەشان و باڵاشیاندا هەڵدرێت و بەرگریشیان لێ بکرێت. (بێ‌گومان دەبەنگی و ئاست نزمی ئەم پارت و لایەنانە خۆشیان دەور دەبینێت).

بەعسی‌یەکان سوودێکی زۆریان لە سیستەمی سۆڤیەتی وەرگرتووە. هەم و داموو دەزگایەک ئیدی پیشەی هونەری، کولتووری، رامیاری یان هەرچی‌یەکی تر بێت کراوەتە دەوڵەتی. هەموو ئەمانەش دابەشکراون بۆ کەرتی تایبەتی. هەموو کەرتێکیش وەک شانەیەکی گشتی پارتی بەعسی لێکراوە. بە تایبەتی شێوەی بەڕێوەبردن و ڕێکخستن و سەرپەرشتیان بە بیرکردنەوەو

مێشکی بەعس.

سوپاو پۆلیس‌و ڕێکخراوە سیخوڕی‌و گۆمارپارێزەکان هەموو ڕێکخراوی تایبەتی خۆیان هەیەو هەمووش بەستراون بە هەردوو سەرۆکایەتی «کەرتی» و «نەتەوەیی» یەوە. خاڵی تێبینی لێرەدا ئەوەیە کە هیچ کام لەم ڕێکخراوانە پەیوەندیان پێکەوە نی‌یە. تەنها بە بڕیاری« سەرەوە» هاریکاری یەکدی دەکەن.

هەموو پەیوەندی‌یەکان ڕێکراو ڕاستەوخۆ دەچنە فێرگەی ڕامیاری و دەستوور دەرەوە «مکتب السیاسی والتوجیهات» لە بەغداو ئەگەر کاری هاوکاری، چالاکی هاوبەش، بە فریاکەوتن و یارمەتی هەبێت یان پێویست بێت ئەوا لەوێندەری‌یەوە ئاراستەو ڕەوانە دەکرێت. واتە ئەم ڕێکخراوە نهێنیانە سەربەخۆ کاردەکەن و بە بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی‌یەوە بەندن.

دوای دوو سەرۆکایەتی ناوبراو کە گرنگترین و باڵاترین ئۆرگانن، پەرلەمان دێت کە بەعسی‌یەکان ناویان ناوە « ئەنجومەنی نیشتمانی».

ئەم دەزگایە بە پێچەوانەی وڵاتە دیموکراسی‌یەکانەوە کە دەبێت باڵاترین دەسەڵات بێت، نزمترین دەسەڵاتە(یاخود بێکردار - ئەنگسیزن ترین دەسەڵاتە). ئەندامەکانی ئەم ئەنجومەنە نیشتمانی‌یە لە ئەنجامی ئەو هێزنگسازی‌یەوە دەست نیشانکراون کە سەرکردایەتی‌هەرە باڵای بەعس(سەددام و تکریتی‌یەکان) پەیتا پەیتا دەیکات. دیارە ئەم ئەندامەش بە زۆری ئەوانەن کە مایەی ترس، ئەخۆش، ناچالاک یان خزم‌و کەس‌و کاری دەسەڵاتە باڵاکانن.

مرۆڤ دەکارێت بڵێت ئەنجومەنی نیشتمانی نەک هەر جێگای پیاو ماقوڵان و مرۆڤی ڕامیاری‌و بڕیاردان نی‌یە بەڵکو تەنانەت بڕیتیشە لە شوێنی خەساندن و بێکاری. ئەم دەزگایە لە جیاتی ئەوەی بڕیاری لێ بێتە دەرێ، بە پێچەوانەوە بڕیاری لێ دەچێتە ژوورەوە.

بەڵام بێ‌گومان ئەم دەزگایە بەو شێوە ساکارە نەخراوەتە پێش چاوی خەڵک. بەڵکو بە شێوازی مۆدێرنی لە خشتەبەرو فیروێنەر دیکۆرکراوە و ڕازێندراوەتەوە، فۆرم‌و شێوەی پێکهاتنی تایبەتیانەی خۆی هەیە و بە یاساو ڕێسای ڕۆتین و بیرۆکراسی توند کراوە. بەعسی‌یەکان لەو هەنگاوە دا زۆر سەرکەوتوون کە توانیویانە، لەلایەکەوە ئەم دەزگایە بێ دەسەڵات‌و کردارێکەن و لە لایەکی ترەوە بە ناوبانگی بکەن و بیکەنە جێگای تێبینی و سەرنج.

دوای ئەم دەزگایە دوو دەزگای( دامۆکە) بڕیاردان و جێبەجێکردنی هەرێمی دێن کە چ لەلایەن پارتی بەعسەوە (هەر لەسەرەتای دامەزرانیانەوە) و چ لەلایەن «سەرانی بەرە» وە پێیان دەوترێت «ئەنجومەن». ئەم دامۆکانە گوایە بۆ جێ بەجێ کردنی کاروباری باکوری ئێراق دروست

کراون، که ئەم دوایی‌یەدا بەرە گۆڕیان بۆ «هەرێم» و لە سەرەتای ئەم نووسراوەدا، باسی هەردوولایان کراوە.

هەمو کوردێک، بۆ ئەو مەبەستە هەمرو ئێراقی‌یەکیش ئەو راستی‌یە دەزانن کە ئەم دامزکانە بێ نرخن و تەنها بابەتی رازاندنەوە و خشڵی ئاڵو واڵای سیستەمی رامیاری دەوڵەتی ئێراقین.

ئەم دامزکانە بەها، یاخود فەنکسیۆنێکی وا تایبەتیان نی‌یە تا جۆرە شایانی باس بن، بەڵکو تەنها وەک بازنەیەکی گەیەنەر لەنێوان دەستوورەکانی دەوڵەت و دانیشتوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا دروست کراوە.

لە ئێراق، سەرەک کۆمار باڵاترین دەسەڵاتی هەیە. ئەمە هەر دیاردەیەکی مێژووی بەعسی‌یەکانە نی‌یە بەڵکو هەر بەبەردەوامی وابووە و ئێستاش وایە. ئەم کارە لە مێژووی‌یەکی وا نزیکدا ناگۆڕێت، بەڵکو بەستراوە بە کۆمەڵێک گۆرانکاری فرەمەزنی ترەوە کە دەبێت لە پارتە رامیاری‌یەکانی ئێراق و گۆڕینی ئایدیۆلۆژیاندا دەست پێ بکات.

سەرەک کۆمار بۆی هەیە هەمرو یاسایەک پوچەڵ بکاتەوە، لای بەرێت یاخود هی‌تر بهێنێتە جێگایان. ئەگەر تەنها لەدوای ساڵی(١٩٥٨) بشەوە بڕوانینە ئەو یاساو بڕیارانەی لە لایەن سەرەک کۆمارەکانی ئێراقەوە هاتوونەتە چی‌کردن ئەوا بە رێژە لەگەڵ یاسا گۆڕین و لابردنی ئاسایی‌یاندا دەگەنە ژمارەیەکی تا رادەیەک خەیاڵی. دەتوانین بڵێین سەرەک کۆمار باڵاترین دەسەڵاتە لە هەمرو بوارەکانی رامیاری‌و یاسایی و کولتووری‌و رەوشتی‌و تەنانەت فێرکردن و پەروەردەش دا، بە کوردی‌کەی تەنها پیاوی گۆرا پانە.

هەمرو دامو دەزگایەکی ئێراق، بچووک بێت یان گەورە، لە کوردستان بێت یان لە ئێراق بریتین لە کۆمەڵێک رێکخراوی زنجیرەی یەک تەواوکار کە بۆ توند کردن و تۆکمەکردنی پارتی بەعس دروست کراون و هێنراونەتە کایەوە.

تەنها پەنجەرەیەک کە بخوازرێت، یان بڕوسترێت لەسەرجیهانی دیمۆکراسی لە ئێراقدا بکرێتەوە بریتی‌یە لە هەڵوەشاندنەوەی هەمرو دام و دەزگاکانی ئێراق و سڕینەوەی هەمرو هەنگاوێکی رامیاری تایبەتی و گشتی کە بەعسی‌یەکان نابێتیان. هەروەها هەڵوەشاندنەوەی هەمو فێرگە و سیستەمەکانی پەروەردەو فێرکردنە کە بەعسی‌یەکان دەستی داهێنەرانەیان تیایاندا هەیە. ئەم سڕینەوە وە هەڵوەشاندنەوانە دەبێت بە شێوەیەکی وا نەخشە بۆ کێشراو وەئەنجام بگەیەنرێت کە مۆرکی بوونی پارتی بەعس ئاسەوارێکی وای لەسەر ژیانی کۆمەڵگای ئێراق و کوردستان نەمێنێت. بێ‌گومان مەرج نی‌یە ئەم سڕینەوەو هەڵوەشاندنەوانە فۆرمی تۆڵە سەندنەوەی فیزیاوی و

گیانی بگرێته خۆی.

لەبەر شێوازی پێکهاتنیو لە هەمان کاتدا ئەو جۆرە زاڵێتیەی کە پارتی بەعس دەستیکەوتووە هەرچۆنێک و لە هەر روانگەیەکەوە بروانرێتە ئۆتۆنۆمی و گەمەی دەستێکەلاْوکردن بێ ئەملاوئەولا و بێئەو بەرە هەر لەبەر بەرژەوەندی رژێمی ناوەندی بدایە.

ئایا پاشەرۆژێکی بێ بەعس لە ئێراقدا چۆن دەبینرێت؟

١. ئەو پارتانەی هەن نە دیموکراسین ونە پرنسیپە بنچینەییەکانی دیموکراسیش قبوڵدەکەن. ئێمەش لە رووانگەی ئەم پارتانەوە لە پاشەرۆژی ئێراق دەروانین.

٢. وەک نەتەوە لە کورد ناروانن. تەنانەت بەرنامەیەکی ئۆتۆنۆمی داڕێژراویان نییە.

ئیسلامەکانی ئەم پارتانە دەڵێن: «بە باکور وناوەراست و باشوورە وە»، یەکەم دەروانە کوردستان وەک پارچەیەک لە ئێراق. دووهەم،کوردیان تواندۆتەوە بۆ زاراوەیەکی یەک لایەنی، هەروەک پارتی کۆمۆنیستی ئێراق دەبێژن «گەلی‌ئێراق» لەم گەلی ئێراقەشدا وەک ئیسلام لە کورد دەروانن. واتە بە خاک و مرۆڤەوە بەشێکی خواکردو لێک نەپچراو لە «گەل» و «خاک»ی ئیسلام.

ئەم پارتانە لە پێناوی وەدیهێنانی کۆمارێکی ئیسلامی دا خەبات دەکەن. نموونە، یاخود مۆدێلی ئەم کۆمارە جۆرێک دەبێت لە دەوڵەتی پاکستان، ئارەبی سعوودی یان ئێران، یاخود تێکەڵاْویەک لە هەرسێکیان.

کارێکی زۆر گرانە پارتێکی ئارەبی بدۆزرێتەوە کە «ئیسلام» نەخوازێت. هەتا ئێستا نەک هەر پارتێک نییە کە دژایەتی دەسەڵاتی ئایینی ئیسلام بکات بەڵکو گشت لایەنانە هەر هیچ نەبێت بە دروشمی ناراستەوخۆ و شێوازی تر پشتگیری لە ئیسلام دەکەن.

تا ئێستا هیچ پارتێکی ئارەبی نییە دژی دەسەڵاتی ئایینی ئیسلام بە تایبەتیو ئایین بە گشتی بێت، تەنانەت پارتی کۆمۆنیستی ئێراقیش.

پارتی کۆمۆنیستی ئێراقی لەم دواییەدا زۆر شۆڕشگێرانە و داهێنەرانە لەم رێکخراوە ئایینزانی و ئیسلامیانە دەدوێت و دەروانێت. ئەم هەڵوێستەش وەکو هەموو هەڵوێستێکی تری پارتی کۆمۆنیستی ئێراق بێ بناخەو ترسنۆکانەیە.

خەباتی خەڵکی ئێراق (بێ‌کوردستانی داگیرکراو) بە قۆناغی رزگاریخوازانەی نەتەوەیی یان نیشتمانی دا تێپەرنابێت بەڵکو لە قۆناغی شەڕو بەزاندنی فاشیزمدایە، کە ئەنجامەکەی (ئەگەر خەباتی خەڵکی ئێراق گەیوو و لە بار بوایە) دامەزراندنی دەوڵەتێکی فرەلایەنی نیشتمانی، یاخود

دارشتنی فۆرمێکی دیموکراسی دەبوو.( ئێستا لەم کاتەدا کۆدەتای سەربازی، یاخود پاش کاتێکی دیاریکراو کە هێنانەوەی دۆخ دەبێت بۆ بارێکی ئاسایی و هێمن، بریتی دەبێت لە هێنانە کایەی پەرلەمانێکی کارتۆنی، واتە لە ئەنجامی کۆبوونەوەو خڕبوونەوەی هەندێک پارت و ڕێکخراوی تایبەتیانەی دروست کراودا. ئەمەریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا لەم کاتەدا بە کارێکی واوە خەریکن، هەر لەبەر ئەوەشە دەوڵەتی ئەمریکا بە یارمەتی سەرانی بەرە، ڕاپەڕینەکانی کوردستانی لەبار برد، تاوەکو دروست بوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستانی پارسەنگی هێزەکان و ناوچەکە تێک نەدات)

بەهەر شێوەیەک. خەباتی خەڵکی ئێراق بە گشتی بۆ هێنانەدی سیستەمێکی دیموکراسی‌یە (نەک ڕژێمێکی دیموکراسی وەک پارتەکان دەڵێن).

ئەم پارتە ئاینییانە ناکرێت و ناشێت بتوانن خزمەت بەو مەسەلەیە بگەیەنن و بۆ ئەو مەبەستە تێ بکۆشن. ئەم پارتانە پێش ئەوەی لە هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی سیاسی نزیک بوو بێتنەوە، یاخود پێشبینیان کردبێت هەر لە ئێستاوە لە دامەزراندنی« کۆماری ئیسلامی» و «دەوڵەتی ئیسلامی» و « یەکێتی جیهانی ئیسلامی»...هتد دەدوێن.

ئەم پارتانە بە مووش لەسەر بیری پان ئارەبیزم و پان ئیسلامیزم لانادەن. لەبەر ئەوە خەسڵەتێکی کۆنەپەرستانە و دوواکەوتوانەیان هەیە. خاوەن هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە بە ئیشتمانی و شۆڕشگێڕیان لە قەڵەم نادات و دەستی یارمەتیان بۆ درێژ ناکات، بەڵکو هەر هیچ نەبێت لە گۆڕەپانێکی دیموکراسیدا دژایەتیان دەکات. هێنانەوەی ئەم پارتە ئایینی‌یانە بۆ سنووری قبوڵکردنی پرنسیپەکانی دیموکراسی و دانان بە مافی بوونی هەمە لایەن و فرە پارتی و پاشەڕۆژێکی دیموکراسیدا ئاپلی‌ی گرنگە.

هیچ جۆرە ڕژێمێکی ئایینی ناتوانێت دیموکراسی و پێشکەوتووخوازبێت. بەڵام دەشێت لە سیستەمێکی دیموکراسی پەرلەمانیدا ئەملاو لایان لێبگیرێت‌و سنووری تایبەتیانەیان بۆ دابنرێت. پشتگیری کردنی بێ بناخە، بێ دیارکردنی سنووری کارو خەبات و ئامانجەکان، لە پارت و ڕێکخراوە ئاینییەکان بریتی‌یە لە قوڵکردنەوە و بۆگەن پێ کردنی گیروگرفتە سەرەکی‌یەکانی کۆمەڵگای ئێراق لە جیاتی چارەسەرکردنیان. ئەم جۆرە پشتگیری کردنەی پارتی کۆمۆنیستی ئێراقی‌و هەندێک ڕێکخراوی هوردە بۆرژوای ڕاپا، پێشێل کردن و لەبیربردنەوەی مافە چینایەتی‌و ئافرەتی‌یەکانن.

هەموو دەزانن چارەنووس و شێوەی ژیانی مالیسیا، ئێران، سعوودی ئارەبی و پاکستان چۆنە کە

هەموویان ئیسلامین و هەموشیان شێوازی جۆراو جۆری ئیسلام بە کار دەهێنن و یەک سیستەمی ئاینی پیادە ناکەن. ئەخوازەلا رێکخراوێک یان پارتێک کە پێش ئەوەی رژێم بگرێتە دەست قورئانێکی وەک دەستووری رژێم و یاسای دەوڵەت ئاپێتە بن هەنگلی. ئەم کارە جێی مەترسی‌یەکی گەورەیەو نوخشانەی رژێمێک لێدەدات کە کەمتر کاولکار نابێت لە رژێمی بەعس.

ئەم پارتانە کاتێک دەبێت شوێنیان لە گۆرەپانی خەباتی دیموکراتیدا بۆ بکرێتەوە بۆ خۆش بکرێت کە «دەستورێکی دارێژراو» وەک یاسای کۆ- نستتیتوتی هەبێت و ئەو پارتانە لەناو خولگەی ئەم یاساو رێسایانەدا کە تولە رێی کۆمەڵگای دیموکراسین،بخولێنەوە و بەکار و چالاکی خۆیان هەڵسن.

واتە،ئەم لایەنانە بۆیان نەبێت بە تاک و تەنیا دەستوورێکی هەرەمەکی کارتۆنیان لە دوو توێی قورئان و ووتەکانی پەیامبەردا وەک سیستەمێکی رامیاری بەسەر خەڵکدابسەپێنن. هەتا ئاین کە ئیسلامە لە ئێراقدا لە سیستەمی رامیاری جیانەکرێتەوە و تور نەدرێت و نەکرێتە ئارەزوویەکی مرۆڤی تاک و خواستێکی کەسایەتی ئەستەمە بتوانرێت کۆمەڵێک دەستوری کۆنستتیوتی دابەزرێنرێت، کە تیایدا مرۆڤ وەک «مرۆڤ» سەیری بکرێت و رێز لە بەها و مافەکانی بگیرێت. نەک وەک ئارەب و ئیسلام تەماشا بکرێت و هەڵسەنگێنرێت.

پارتێکی ئاینیش ناتوانێت لە پێناوی دیموکراسی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵانی خەڵکدا خەبات بکات ، تاوەکو خۆی بە بەشێکی بچووک لەو دەستووورە نەزانێت. لە جیاتی ناسینی و بینینی دەستوورەکە وەک بەشێکی بچووک لە خۆی.

هەموو پارتێکی ئارەبی لە ئێراقدا نەک هەر هیوا خواز، بەڵکو «ئامانجی» یەکگرتنی نەتەوەی ئارەبە بێگومان لە ئۆقیانووسەوە بۆ کەنداو. ئەمەش واتە هەڵگرتنی «دروشم» پێش دامەزراندنی دەستووری دەوڵەت و کۆنستتیوت، یاخود پەرلەمان.

بە پێچەوانەوە، خۆی دروشم دەبێت لە خزمەت و لە سنووری دەستووردابێت.

کە پارتێکی ئارەبی لە ئێراقدا دروشمی یەکایەتی خاکی ئارەب بەرزدەکاتەوە و داوای بە یەککردنی هەموو سنوورەکان دەکات لەو کاتەدا ناتوانێت تەنها بە بوونی دەنگی ئەندامانی ئەو پارچەیە(کەرتە) رژێم بگرێتە دەست بەڵکو دەبێت ئەو و مافەی لە لایەن سەرانسەری خەڵکی ئارەبەوە بدرێتێ.

واتە دەست تێکەڵاوکردنی خەڵکی نائێراقی لە ئیش و کاری ناوخۆی ئێراق. ئەمە پێش ئەوەی دەستووری کۆنستتیوت بڕیاری خۆی لەسەر ئەم مەسەلانە بدات. خۆ ئەگەر دۆخێکی وا گونجا کە

بڕیارێکی بەو شێوەیەی تیا بدرێت داخۆ ئەوە چ جۆرە پەیوەندییەکی بە نەتەوەی کوردەوە هەیە؟!

خاڵی سەرەکی ئەوەیە ئەم پارتانە بە پلەی یەکەم ئێراقی نین، بەڵکو ئارەبین. واتە تەنها بە پلەی دووهەم ئێراقین. هەر لەبەر ئەوەشە دەڵێن: فلانە پارت، یان ڕێکخراو لە کەرتی ئێراقدا.

زۆریان هەر ووشەی «کەرت»یشیان بە خۆیانەوە نەبەستووە، دیارە مەبەستیان لەوەیە کە تەنانەت بۆ کارو چالاکیش ووشەی«کەرت» پێویست ناکات و یەکایەتی خاکی ئارەب حاشا هەڵنەگرە.

لە ئەنجامی هەڵگرتنی دروشمی« یەکایەتی»،«یەیەک کردنی خاک و گەلی ئارەب» و هتد دا ئەم پارت و ڕێکخراوانە توشی شەڕ، جەنگی ناوەخۆیی، دەرەکی بچووک و گەورە دەبن، هەندێک لەم جەنگانە تابلۆی ماڵوێرانکارو تێکدەرو کوژەرن.

بێگومان ئەمە کاری خۆیانە، گیروگرفتی خۆیانەو بابڵێین مافی خۆشیانە. باوەڕناکەم کورد تواجێکی ئەوتۆی بەرامبەر ئەم مەسەلەیە هەبێت. بەڵام داخۆ بۆچی دەبێت گەلی کورد بیبێتە سووری بەرلەشکری نێوان ئەم بینەو بەردەیە.؟!

نەتەوەی کورد دەکارێت هیواخوازی هێنانەدی هیواو ئامانجەکانی نەتەوەی ئارەب بێت.

(بێ لە فراوانخوازی و داگیرکردن و شەڕی کۆنەپەرستانە) و تەنانەت پشتگیریان بکات.

بەڵام مانەوەی کورد لە سنووری ئەم دەوڵەتەدا، وەک بەشێک لەو خاک و گەلو سیستەمە دەبێتە مایەی گێچەڵ و شەڕی ناهەموار و بەڵای کوژەر کە ئەزۆرو ئە کەم پەیوەندی بە کورد و خاکی کوردستانەوە نییە.

ئەم پارتانە سرووشتیانەو لە ئامانجی قوڵبوونەوەی خەباتی ئۆپۆزیەتی و چینایەتی و نیشتمانیانەدا دانەمەزراون. بەڵکو هەرە زۆریەیان دەستکردی ئەملاو ئەولای پایتەختەکانی ترن. هەر بۆیە لە دانیشتنێکی وەک ئەوانەی سەرەتای ساڵی ١٩٩١ دا لە لوبنان تەنانەت نەشیان دەتوانی( ئێستاش ناتوانن) لەسەر ڕوخاندنی ڕژێمی ئێراقیش ڕێک بکەون. ئەمە لە کاتێکدا کە هەموو جۆرە خەبات و چالاکییەکی نیشتمانیانە بۆ وولاتی ئێراق و لە پێناوی ڕزگارکردنی خەڵکەکەدا، هەم پێویستە هەم سوود بەخشیشە(٩١)

نانیشتمانیتی( هەندێکیان خۆیان بە پارتی و ڕێکخراوی چینایەتیش لە قەڵەم دەدەن؟!) ئەم لایەنانە لە دوو خاڵی فرە سەرەکیدا دەردەکەوێت:

١. هیچ لایەنێکیان بەرنامەیەکی دارێژراو و ئامادەیان بۆ ئێراقێکی دیموکرات نییە، بەڵکو بەرنامەکانیان بۆ ئێراقێکی تاکڕەو و تۆتالیتاریانەیە.

٢. ئەوا (١٢) ساڵ زیاترە( ئەگەر هەر یەکەم دەس درێژی بەعس لە ساڵی١٩٧٩ بۆ سەر هەموو لایەک دەست نیشان بکەین) نەیانتوانیوە لە بەرەیەکی دیموکراسیدا کۆ ببنەوە (نەک یەکگرن!؟).
ئەم لایەنانە هێندە جەماوەر و لایەنگریان کەمە کە تا ئێستا نەیانتوانیوە هیچ جۆرە خەباتێکی بایەتیانە، لە پراکتیکدا پیادەبکەن.

ئەگەر ئەم پارتانە لە جیاتی دروشمی سووڕمەیی و بەهەشتی وەک پرنسیپ ئێراقی بووناپە. واتە لە زەمینەی ئێراقێکی دیموکراتەوە ڕووبەڕووی یەکگرتنی خاکی ئارەب بۆشتنایە هەروەها بەراستی نوێنەری بەشێک لە جەماوەر بوونایە، بڕوایان بە یارمەتی نەتەوەکان و برایەتی کورد و ئارەب هەبوایە، ئەوا هەموو یەکێکیان پێویست بوو خاوەنی دوو بەرنامەی تێرو تەسەل و داڕێژراو بوونایە، هەروەها دووخاڵی سەرەکی و بنچینەیی هاوبەشیشیان هەبێت، تاوەکو مەسەلەو گیروگرفتەکانی ئێراق لە دۆخێکی لە بارو گونجاو بۆ خەملاودا چارەسەر بکرێن، یاخود دۆخێکی تایبەتی بخەملێنرێ بۆ شێوەیەکی چارەسەرکردن.

دوو خاڵەکەش، یەکەمیان توڕدانی تایین لە سیاسەتی ڕێکخراوو پارت و بەو شێوەیەش لە سیاسەتی دەوڵەت، هەروەها بڕیاری بە خەڵک کردنی لەشکرو سوپا. دووهەمیان، چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێراق وەک دەست پێکردنێکی سەرەکی و هەڵگرتنی ئەو دروشمانەی بۆ ئەو قۆناغە پەسندن. دوو بەرنامەکەش ئەمانەن:

١. سەبارەت بە گەلانی ئێراق و چۆنیەتی پێکهاتنی خاکی ئێراق و بەستنەوەی چارەنووس و ئایندەی عێراق بە کۆمەڵگای ئێراقخۆیەوە. شیکردنەوەی هەموو مافە رامیاری و ئافرەتی و پیشەیی و فەرهەنگی و کولتوورییەکان بە تێرو تەسەلی، هەروەها داڕشتنی بەرنامەی بوژەی نیشتمانی و دابەشکردنە ئابووریەکان بە شێوەیەکی زانستیانە و دوور لەو خواست و ئارەزوو و مەبەستی گروپ و دەستەو ڕێکخراو و پارت.( ئەم خاڵانە لەم کاتەدا تا بڵێی ئایندەیی‌یەو خاوەنی بیری ئۆتۆنۆمی نەک پشت بە ڕیالیزم نابەستێت بەڵکو لەسەر لیکە تەناقی چاڵچاڵۆکە ئەکرۆبات دەکات).

٢. سەبارەت بەرەوئۆتۆنۆمی» یە «ڕاستەقینەیە» بێ‌ ترانج، کە ئەمان بە گەلی کوردی دەشێن و ڕەوا دەبینن. ئینجا ووردکردنەوەی هەموو یاساکان و مەودای سنووری گەرەنتی ئەم مافانەو دانانی لە بەردەم خەڵکی کوردستاندا.

ئەز ئەم دووو بەرنامەیە بە کارێکی نەشیاو دەزانم لە ئایندەیەکی نزیکدا. بە هەر شێوەیەک تا ئەم خاڵانە بە ڕێک و پێکی وە ئەنجام نەهێنرێن خەونیش بە دیموکراسیەوە نابینرێت لە ئێراقدا.

ئەگینا هێنانەدی کۆمارێکی دیموکراسی هێندە خەیاڵ پڵاو دەبێت کە مرۆڤی ژیرو خاوەن تەندروستی دالْخەشی بۆ لێنادات. ئەم کۆمارە چارەنووسی بە چارەنووسی ئەو قۆناخە کۆمۆنیستی‌یە دەبێت کە کاتی خۆی لیونارد برجنێف دەهۆڵی بۆ دەکوتاو دەیگووت: «یەکێتی سۆڤیەت لە قۆناخی سۆشیالیزمی بالادایە و ڕووەو کۆمۆنیزم هەنگاو دەنێت».

تا کۆمەڵگاکانی ئەورووپا دەسەڵاتی ئایینیان(کە لێرە ئیسلامیزمە.گاور) لە سیستەمی رامیاری فری‌نەدایە دەرێ نەیانتوانی هیچ دەسکەوتێکی پەرلەمانی وەدەست بهێنن. تا کۆمەڵێک پاسا وەک زەمینە خۆشکەرێک دانەڕێژرا کە هەموو بە پێی زانست بەرگری لە مافە تایبەتی و گشتی‌یەکانی تاک‌و کۆمەڵ بکەن، هەنگاو بۆ دیمۆکراسی نەنراو بیری دیموکراسی جێی خۆی نەگرت. دیموکراسی لە هەنگاوی یەکەمدا بریتی دەبێت لە ئاشنا کردنی خەڵک بە مافەکانیان، ئینجا شادبوونیان بەو مافانەو فێرکردنیشیانە کە چۆن پارێزگاری و بەرگری لەو مافانە بکەن.

تا ئێستا بەرنامەی بەشی زۆری پارت و ڕێکخراوەکان (بێ گومان بەوانەی کوردستانیشەوە) هێندە ناتەواو و پڕکەم و کوری‌و مەبەست نەپێکارن، هێندە ترسنۆکانە دارێژراون شایانی خوێندنەوە نین و مرۆڤ ناتوانێت بیانکاتە سەرچاوەی هیچ باسێکی ئەوتۆ. نەک هەر بە کەڵکی خوێن بۆڕشتن نەهاتوون تەنانەت بە کەڵکی ئاو بۆ ڕشتنیش نایەن.

ئەمەش بێ‌گومان خۆی لە خۆیدا تێشکاندنەوەی ئاست و پلەی زانستی رامیاریکارەکانە و مەبەستی دیموکراسی و نیشتمانیانە.

ئەو ووزە و توانا و کات و دەرفەتەی ڕووناکبیرانی کورد بە ناچاری دەبێت دژی بیری تۆتۆنۆمیخوازی سەرفی بکەن، دەتوانرێ بۆ کارو چالاکی بە سوودتر بخرێتە گەڕ کە بە دڵنیایی‌یەوە کاروانی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلەکەمانی زۆر خێراتر رووەو پێشەوە و بەرەو سەرکەوتن تاو ئەدا.

لەبەر ئەمانەو چەندین هۆی گرنگی تر ئەستەمە لە ئایندەیەکی نێزیک‌دا دیموکراسیزم و دەستووری کۆنستتیوتی لە ئێراق بچەسپێنرێت. لە مانەش بترازێت، باری سایکۆلۆجی مرۆڤی ئارەب و چۆنیەتی دروست بوونی پێکاتی سۆسیۆلوجی نەتەوەییان بێ ئەندازە لەگەڵ خەسڵەت و پێکهاتە سۆسیۆلۆجی‌یەکانی نەتەوەی کورد دا جیاوازن. خەڵکی ئارەبی ئێراق بە توندی کەوتۆتە ژێر باری هێرشێکی بەر بڵاوی پڕۆپاگەندەو دەزگای بلاوکردنەوە ئارەبیەکانی وڵاتە ئارەبی‌یەکانی تر، کە هەر یەکەیان لە ئاوازێک دەخوێنێت و کارێکی هاسان نی‌یە بۆ مرۆڤی ئارەب بە هاسانی بتوانێت بڕیاری خۆی بدات و خۆی ساغ بکاتەوە.

چۆنیەتی بیرکردنەوەی مرۆڤی ئارەب و یەکگرتنیان لەسەر کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش بۆ تە مەسەلەیەکی فرە ئایبندەیی و شتێک نی‌یە لەم کاتەی ئێستادا نەتەوەی کورد چاوەڕوانی بێت، یاخود خەباتی خۆی لەگەڵدا هاوبەش بکات. بەڵام بێ‌گومان «یارمەتی» یەکتر و هاوکاری ریالیسبانەترەو بەڵێنێکیشە دەتوانرێت بیرێتە سەر.

هەواڵنامەی کتێب

# مەسەلەی رامیارێتی دەرەوەی دەوڵەتی ئیراق

. لەبەر ئەوەی کە ستراتیج و ئامانجی دەوڵەتی ئیراق، ئەگەر تەنانەت بەسەر زارەکیش بێت، هاوپەکی بەشەکانی تری جیهانی ئارەبە، بەتایبەتی کە دێتە سەر یەکایەتی خاکی ئارەب و نەتەوەی ئارەب و...هتد دژخێکی وا تایبەت دەهێنێتە کایەوە کە ئەم دەوڵەتە دژی دەوڵەتێکی تر، یان نەتەوەیەکی تر بێت.بێ ئەوەی دڵخوازێتی نەتەوەی کوردی لەسەر بێت، یان دوور نییە ئەولایەنە» دۆستی نەتەوەی کورد نەبێت، یان هیچ نەبێت کێشەکەی لەگەڵ نەتەوەی کورد دا نەبێت.

بە کوردییەکەی، نەتەوەی کورد دەبێت ئۆتۆماتیکی «دۆستایەتی» یەک یان « دوژمنکارێتی» یەک قبوڵ بکات کە نە پەیوەندی پێوە هەیەو نە بەشێکە لە ژیان و نەبەسوودیشە بۆی.

بە حیسابی دەوڵەتی ئیراق، خەڵکی جولەکە داگیرکاری وڵاتی ئارەبن، مەبەستی جولەکە داگیرکردنی بەشی زۆری خاکی ئارەبە، بیری جولەکە واتە زایۆنیزم و ئەمەش واتە بیری دژی ئیسلام. ئیسرائیل خاکی فەلەستینەر و داگیرکراوە. ئەم پارچە خاکە بەشێکە لە خاکی نەتەوەی ئارەب و... فەلەستینیش بە شێکە لە نەتەوەی ئارەب. دوژمنانی ئیسلام دوژمنی ئارەبیشن، لەبەر ئەوە دوژمنانی ئیسلام و ئارەب دەبێت لە ناو ببرێن، دەبێت ئیسرائیل فڕێ بدرێتە دەریای رۆژهەڵاتی ناوەراستەوە. ئەم چەند دێرە، زۆر یان کەم، سەرجەمی پێناسەی بیری بەشی هەرە زۆری رێکخراوە ئارەبییەکان و هەموو رێکخراوە ئارەبییەکانی ئیراقە.

زۆر بە داخەوە کە ئەمە بۆتە رێبازی تێڕوانین و روانگەی بەشی زۆری پارت و رێکخراوە کوردیەکانیش بەبێ ئەوەی هیچ حسابێک بۆ بەرژەوەندی گەلی کورد بکرێت و گوێ لە چیرۆکی ئیسرائیلییەکانیش گیرابێت.

گەشتنی فەلەستینییەکان بە مافە رەواکانیان و لەوانەش مافی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ خۆیان، بەو شێوەیەی لەگەڵ خواست و ئارەزوو و مەبەستییاندا دەگونجێ و لەگەڵ باری ریالیستی ژیان و جیهان دا دێتەوە، بریتییە لە داوا یەکی رەواو کورد ئەگەر پشتگیریشی نەکات، ئەوا نابێت دژی بووەستێت و ببێتە کۆسپی سەرە رێگای.

بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە نەتەوەی کورد بەیداخی شەڕی جولەکە بەرزبکاتەوە و هەموو

ووشەو رستەیەکی ئارەبەکان، بەتایبەتی شۆڤێنی و رەگەز پەرستەکانیان کە ئێستا باڵی زاڵن، دووبارە بکاتەوە و کۆپیانە و نەزانیانە تەنها لە ڕووانگەی دیتن و بۆچوونی ئارەبەوە بڕواننە ئیسرائیل. واتە بە هیچ شێوەیەک تێڕاونینێکی بابەتی(ئۆبجێکتیڤی) رێک و رەوان و سەربەخۆی خۆمانمان نەبێت.

ئەمە خیانەتە لە نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستان.

بەهەر شێوەیەک، گرنگ نی‌یە نەتەوەی کورد و مرۆڤی تاکی کورد و گرووپی تایبەتی جیاوازی کورد و سەران و سیاسی و...هتدی کورد چۆن بیر دەکەنەوە و چۆن دەڕواننە ئیسرائیل و چۆن ئیسرائیل دەبینن، مادامەکی کوردستان بەشێکە لە خاکی ئێراق و ئێراقیش کەرتی خاکی ئارەبە، واتە فەرزکردنی هەمان بۆ چوون و ڕوانگەی سیاسی لەسەر نەتەوەی کورد.

نەتەوەی «کورد» هەمووی باجی ئەم هەڵەیە دەدات، ئیتر کورد پێ‌ی خۆش بێت یان نە.

ئەوەش گرنگە کە هەچ کاتێک دەوڵەتی ئێراق و وڵاتە ئارەبی‌یەکانی تر، لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل دا ئاشت ببنەوە ئەوا بێ‌گومان هیچ لایەنێک پرس، بۆ ئەو مەبەستە پرسە گورگانەش، بە کورد و سەرانی کورد و مرۆڤی کورد ناکات. واتە کورد هیچ نرخێکی رامیاری و ئابووری رەوشتی پێ نادرێت. بێ‌گومان، ئەم ئاجی بێ نرخی‌یە، یەکەم جار پڕ بە پری کەللەی سەرانی بەرە هاتۆتە دروست کردن.

لە رۆژی ١٩٩١/٨/١٩، سەر لەبەیانی رۆژی دووشەممە کودەتایەکی سەربازی کتوپڕ لە یەکێتی سۆڤیەت ڕووی‌دا. ئەم کۆدەتایە لە لایەن جێگیری سەرۆک کۆمارەوە «جێنادیچ جانایێف» وە سەرکردایەتی کراو ٧(هەفت کەس) بەشداری ئەم کۆدەتایەی کرد. لەم کودەتایەدا، سەرەک کۆماری بەدەنگ هەڵبژێردراوی یەکێتی سۆڤیەت «میکاێل گورباچۆف» زیندانی کراو دەستی بەسەردا گیرا. بەهۆی بزووتنەوەیەکی شۆرشگێرانەی سەرانسەری خەڵکی سۆڤیەتەوە چ لە کۆماری رووسیاو چ لە بەشەکانی تردا، پاش نزیکەی دوو رۆژ و نیو، رۆژی چوارشەممە، کات ١،٣٠ و رێکەوتی١٩٩١/٨/٢١ کودەتاچی‌یەکان هەڵهاتن و هەموو شتێک گەڕایەوە دۆخی جارانی.

یەکەم کەس کە پێشوازی ئەم کودەتا نابەجێ‌یەی کرد، لە ئێوارەی سێ‌شەممەدا واتە تەنها پاش تێپەر بوونی (١٢) سەعات بەسەر ئەم کودەتایەدا، بریتی بوو لە «سەددام حسێن»، هەر دوای ئەویش سەرۆکی لیبیا موعەممەر قەزافی بوو.

لە جیهاندا ئاشتیخوازی ساڵ و پاڵەوانی ساڵ و هونەرمەندی ساڵ و...هتد هەیە، ئەگەر دزێوی ساڵیش هەڵبژێردرایە ئەوا سەددام حسێن چەند ساڵێک لەسەر یەک یەکەمی دەهانی.

لە ڕاستیدا، ئەوە گیروگرفتی کورد نییە، سەددام حسێن چۆن بیر دەکاتەوە و چۆن دەڕوانێتە ڕووداوەکانی جیهان و چۆن بەدوای پێڕی دیکتاتۆرو سەربازچییەکان دا دەگەڕێت. گیروگرفتی کورد لە وەدایە کە تاکو بەشێک بێت لە ئێراق، تاکو بەشێک بێت لە خاکە بەرینەکەی نەتەوەی عارەب، ئەوا دژواوێکی وەک سەددام حسێن و موعەممەر قەزافی هەمیشەگە نوێنەرایەتی دەکەن و لە جیاتی وی قسە دەکەن.

سەرانی بەرە لەلایەن دژواوترین مرۆڤی ئەم سەر زەمینەوە هەڵدەخەڵەتێنرێن. سەرانی بەرە گرەو لەسەر ئەسپێکی وا کۆنە تۆپیو دەکەن، کە ئەفسوونی گزچانەکەی موساش ئێسک و پرووسکیپابڕدووی کۆ ناکاتەوە.

ئەمڕۆ، کە ١٩٩١/٨/٢١، هەواڵنێرەکانی دەنگی ئینگلستانBBCڕایان گەیاند گوایە «مەسعود بارزانی» لە چاوپێکەوتنێک دا گوتوویەتی کە «ئەمڕۆ دەوڵەتی ئێراق پرۆژەو بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی خستوێنەتە بەر دەست، ئێمەش بە تەمای لێکۆڵینەوەو لێتۆژینەوە بین».

مرۆڤی ژیر دەپرسێ داخۆ سەددام حسێن داوای ئۆتۆنۆمی دەکات یان سەرانی بەرە؟

دەبێت ئەو لێکۆڵینەوەو لێتوێژینەوەیە چی بێت کە لەمەڕ «پرۆژەیەکی ڕژێمی ئێراق» بێت و سەبارەت بە «ئۆتۆنۆمی» بیڕو سەرانی بەرە بیکەن؟!

ئەمەیە بیری ئۆتۆنۆمی و سنوورەکانیشی دیارە هەر پڕ بەو پێستەن.

پەیوەندییەکانی ڕژێمی ئێراق بە جیهانی دەرەوە، سەبارەت بە زلهێزو نەتەوەی بن دەستو کۆمپانیای مۆنۆپۆلیوهتد خوێنی کوردەو مرۆڤی کورد نابێت چیدی بەوە ڕازی بێت. کە سەرانی بەرە ئەم کارە فرە گرنگە، زۆر سەخیانە، لەژێر دەستی شالیاری دەرەوەی ئێراقدا دادەنێن گەورەترین و سامناکترین بە هەڵدێردابردنی کوردە.

# مەسەلەی ناکۆکی نێوان
# دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ئێراق و تورکیا و ئێران و سووریا چوار وڵاتن کە کوردیان بە ژێر دەستەیی هێشتوەتەوە، ئەم چوار وڵاتە هەر لە سەرەتای دروست بوونیانەوە هێندە داکۆکیان زۆرە کە تەنها لەسەر لێدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد نەبێت لەسەر هیچ شتێکی تر ناتوانن رێک بکەون.

ئەگەر گیروگرفتی ژێردەستەیی کوردستان خاڵی هاوبەش و مەترسی مەرگیان نەبوایە ئەوا بە دڵنیایی‌یەوە نەیان دەتوانی لەسەر ئەوەش رێک بکەون.

کوردستان کۆلۆنیەکی نێودەوڵەتیە لەبەر ئەوەیە بۆتە خاڵی هاوبەش و کۆڵکەی هاوبەش لە نێوان ئەم دەوڵەتە تانەدا. واتە بووە بە ئەڵقەی گەیەنەر و تەزووی هێزی بەرژەوەندیەکانیان.

بەشی زۆری ئەم تیغ لەیەک سوینە و کینەی‌یە بریتی نی‌یە لە کێشەیەکی نوێی رامیاری و تەنها پەیوەندی بە ئاڵۆزیتی باری رامیاری ئێستای ناوچەکەو جیهانەوە بێت، بەڵکو پەیوەندی‌یەکی زۆر دێرینی مێژوویی هەیە، لەلایەکەوە، فارسەکان، هەر لەدوای رووخاندنی ئیمپراتۆریەتی میدیاوە کە کورد تا ئێستاش هەر بن دەستە خۆیان بە خاوەن و زلهێزی ناوچەکە دەزانن ناتوانن دان بەو ریالیستە تاڵەدا بنێن کە ئارەب توورک، وەک دووهێزی دیکە لەبەر دەمیان قووت بوونەتەوە.

ئارەبەکان، هەر پاش داگیرکردنەکانی ئیسلام، کە پێی خۆیان لەو ناوچانەدا توند کردووە هەموو نا ئیسلامێکیش بە ئارەب دادەنێن و پێیان سەیرە کە نەتەوەیەکی وەک کورد یان فارس، لەلایەکەوە ئایینی ئیسلام قبوڵبکات و لەلایەکی تریشەوە نەهێڵێت نەتەوەی ئارەب ببێتە سەردەست و کۆنترۆڵی تەواویان لە ژێر دەستا بێت وباڵی زاڵ بن. ئەمە وای لە هێزی دەسەڵاتدارو باڵی زاڵی ئارەب کردووە،(کە هەتا ئێستا کۆنەپەرستی خێڵەکی، بۆرژوازی دەوڵەتین) بەبێتا پەیتا لە شەڕی بێ هێزکردنی ئەو نەتەوە نا ئارەبە موسڵمانانەدابن کە هێشتا زەبرو زەنگی زەمانە سەری بۆ سەردەستەیەتی ئارەب پێ شۆڕ نەکردوون.

هەرچی تورکیشە، هەرگیز نایانەوێت بڕوا بکەن کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بریتی بوو لە کۆی سەرجەمی هێزە ئیسلامی‌یەکان ناتوانن دان بەو راستیەدا بنێن کە کەم یان زۆر هەموو

نەتەوەیەکی ئەو ناوە کە ئیسلام بوو بێت بەشداری تیادا کردووە. تورکەکان وەختی خۆی لەو هەنگاوەدا سەرکەوتوو بوون کە ئیمپراتۆری ئوسمانی بکەنە ئیمپراتۆری تورک، هەتا ئێستاش هەر بەو شێوەیە لە مێژوودا ماوەتەوە. بەڵام ئەم هاوکێشەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جێگای نابێتەوە چونکە خۆیان بەشێک بوون لەم ئیمپراتۆریەتەو کەم یان زۆر دەستیان تیای بو، ئەگەرچیش، پاش جەنگی جیهانی یەکەم هەر بە ئازانجی تورکەکان و شۆرشی گەنجە تورکەکانی ئەو کاتە کۆتایی هات. ئیمپریالیزمی ئەمریکاش دەستێکی باڵای هەبوو لە تورک کردنی ئیمپراتۆریەتی ئۆسمانیدا ئەویش وەک دەستباودانەوەیەکی تولەیی و جاشیەتی دەوڵەتی تورک بۆ ئەمریکا.

بەم شێوەیە ۳ نەتەوەی ئارەب و تورک و فارس کێشەیەکی مێژوویی قوڵتریان هەبەو هیچ بەڵگەیەکیش ڕاستی ئەوە دەرناخات کە ئەم کێشەیە لە ئایندەیەکی نزیکدا بەرەو چارەسەرکردن بڕوات. تەنها چارەسەر کە پەیوەندی دزی کوردەوە هەبێت شادبوونی نەتەوەی کوردە بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ ئینجا بە دیموکراسی کردنی سیستەمی ئەم وڵاتانەیە بە شێوەیەکی وا بنەرەتی کە ئەم گەلانە بکەنە باوەری تەواو و بزیان دەرکەوێت کە ئەم کێشەیە بە شێکە لە میراتەکانی فیودالیزم و خێڵەکی ئەم نەتەوانە و پێویستە لە بیر بکرێن و تووڕ بدرێنە سەر سەرەنوێلکی مێژووەوە.

هۆی دووهەمیش دەگەڕێتەوە بۆ چرتایەتی بەشکردن و سنووری ئەم وڵاتانە، بۆ نموونە لە ئێراق تورکمان هەیە، کە تورکەکانی تورکیا کردویانن بە بیانویەک بۆ وەدەستهێنانەوەی ویلایەتی موسڵی کۆنی دەوڵەتی ئوسمانی. لە تورکیادا ئارەب هەن، کە زۆر خراپ دەچەوسێنرێنەوە هەروەها چەند شارۆچکەیەکی سووریاش هەیە کە لەلایەن تورکیاوە داگیر کراون. لە ئێران، ئازەریش هەن، کە خۆیان بە تورک یان جۆرێک لە تورک دادەنێن و «قەشقانی»ش هەن کە خۆیان بە تورکی پلە یەک دادەنێن...هتد ئەمە وای کردووە کە ئەم دەوڵەتانە لەلایەکەوە بیانوی شەرەکانیان حەلال بکەن و لەلایەکی تریشەوە جار جار هەستی شۆڤینیزمی باڵادەستی خۆیان بکەوێنەوە قوڵپدان و کڵپە.

ئەم هۆیانە بوونەتە هۆکاری پڕ بایەخ بۆ بوونی جەنگێکی هەمیشەیی توند و ماڵوێرانکار. هەر لە سەرەتای بوونی ئەم ڕژێمانەوە، فەرمانڕەوایانی ئەم دەوڵەتانە دژی یەک بوون، واتە ئەمە شتێک نییە پەیوەندی بە ڕژێمەکانی ئێستای سەددام و ئۆزال و ڕەفسنجانییەوە هەبێت. شتێک نییە چەپە سەرلێشێواوەکان بیبەستنەوە بە خەسڵەتی سیاسی ئەم ڕژێمانەوە یاخود یەکێک یان

دووانیانەوە. شتێکیش نییە کە بە چارەسەرکردنی دیموکراسیزم لە لایەکیان‌دا چارەسەربکرێت.

وەک لۆژیکی(ژیربێژی) رامیاری مەحاڵە ئەم چوار دەوڵەتە لەیەک کات‌و ئان و سات‌دا بێن بە دیموکراتی، دیارە ئەگەر(؟!) سیستەمێکی دیموکراسی لە یەکێکیشیان‌دا بێتە چێ‌کردن،ئەوا ئەوەکانی ترهەر شەڕی خۆیان بە بەردەوامی ئەفرۆشن، بزووتنەوەی کرێکاریش هێندە بە هێز و بڕەو یەکگرتوو نییە کە کورد چاوەڕوانی ئەوەبێت ئەمان بە گیانی ئینتەرناسیونالیزم و هاوخەباتی و...هتد بیپەستێنن.

جەنگی ئەم دەوڵەتانە بۆ تە گرن رەشی کورد، بەشێوەیەک کە باجی شەڕ لەسەر کورد و لە کوردستاندا دەیان جار زۆرترە لە هێنی‌ئەم وڵاتانە خۆیان کە دامەزرێنەری شەڕەکەن، تەنانەت هەندێ جار ئەم شەڕانە لە نێوان دوو دەوڵەت‌دا هەر بە مەبەستی لە باربردن و لاوازکردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازیانەی کوردستان چێ دەکرێت.

سەددام حسێن شەڕێکی ٨ ساڵەی خوێناوی دژی دەوڵەتی ئێران بەرپا کرد.. سەرەنجام، بێ ئەوەی نەتەوەی کورد هیچ پەیوەندی‌یەکی زۆر یان کەمی بەم دوو رژێمەو ئامانج و خواستەکانیانەوە هەبێت. بێ ئەوەی هیچ پەیوەندی‌یەکی کۆمەڵایەتی فەرهەنگی و تەنانەت کولتووریشی بەم دوو نەتەوەیەوە هەبێت، بێ‌ئەوەی ئاگای لە شەڕی «قادسیە»ی دێرینی باو باپیرانی ئەم دوو نەتەوەیەوە هەبێتو کۆمەڵێک «بێ‌ئەوەی» تریش، کەچی دەبێت کورد باج و خەراجی ئەم شەڕە بدات. لە راستیدا باجێکی باشیشیدا، سوپاس بۆ سەرانی بەرە.

واتە سەراپای سەرەنجامە تووشەکانی ئەم شەڕە هاتووە لە دەرگای ماڵی کوردی داوە.

خۆی گەلی کورد و خاکی کوردستان لە هەموو رووەیەکەوە دواکەوتتو و پاش کەوتووە، ژمارەی ئەو کارگەو کارخانەو کۆمپانیانەی کە تیایدایە لە ژمارەی پەنجەی‌یەک دەست تێناپەڕن، ژمارەی دەزگا کارگوزاری‌و پیشەیی‌یەکان بە دەقات لە وانەی نەتەوە بن دەستەکان کەمترەو کەمتریش دەبێتەوە. لە شەڕێکی وا ماڵوێرانکەرانەدا هێندەی تر زیان لە کورد دەکەوێت و هەتا پرۆژە و چاک کردنەوەی دەزگاو شوێنە پیشەیی و کشتوکاڵی‌یەکانی ناوچەکانی خۆیان وەستا بێت، کوردستان پولێکی تیا سەرف ناکرێت.

بەڵام ئەم دەوڵەتانە، هەر لە ناوخۆیان دا شەڕناکەن، بگرە شەڕ بەچواردەورەکانیشیان دەفرۆشن. بۆ نموونە، با خوێنەر بڕوانێتە ئێران و کۆمارە ئیسلامی‌یەکانی یەکێتی سۆڤیەتی سەر سنووری ئێران. ئێران ودەست درێژی کردنە سەر ئەفغانستان و سعودی ئارەبی..هتد.

ئێراق دژی کوێت و سعودی ئارەب و ئیسرائیل، سوریا وئیسرائیل، سوریا و لوبنان و سوریاو

ئوردن، هەروەها تورکیا و یۆنان، تورکیا و بلگارستان و تورکیا و سیپروس، تورکیا لە شکری ناتۆدا دژی یەکێتی سۆڤیەت...هتد.

کورد تووشی شەڕێک دێت کە هیچ جۆرە پەیوەندی‌یەکی رامیاری و ئابووری و رەوشتی و نەتەوەیی پێوە نی‌یەو لە هەمووی بە داخەوە تر، دەبێت بەشداری لە زۆریشیان دا بکات و رۆڵەی خۆی تیادا بە کوشت بدات. کورد لە لەشکری تورکیا و ئێران و ئێراق‌و سووریادا سەربازە. واتە ماڵوێرانی‌و تووشی‌ونەهاتی لە هەموو بوارێکی ژیان‌دا، خاکی کوردستان دادەپۆشێت.

بوونی دەوڵەتێکی کوردستانی ئەگەر هەر نەشبێتە ئاوڕێکار ئەوا هیچ نەبێت دەتوانێت بێ‌لایەن لە نێوانیاندا بمێنێتەوە، کەخۆی لە خۆی‌دا کەمکردنەوەی زیان وتووشی‌یەکانی شەڕەکەیە.

ئەمە راستییەکی مەزنە!

نەتەوەی کورد، پێویست ناکات و تەنانەت نادادی و ناڕەوایە، باجی شەڕێک بدات کە فری بە سەرێوە نی‌یە. نەتەوەی کورد نابێت ببێتە سووری بەرلەشکر و قوربانی داکۆکی‌یەکانی ئەم دەوڵەتانە. داواکردنی ئۆتۆنۆمی‌و کردنی خاکی کوردان بە بەشێک لەم وولاتانە واتە گۆێ نەدان بە پاشەڕۆژی نەتەوەی کورد و حەلاڵ کردنی رشتنی خوێنی کورد.

ئەو چەپانەی کە دەیانەوێت کورد بکەن بە کۆلەوژی ئاگردان، گوایە خزمەتی ئینتەرناسیۆنالیزمی جیهانی‌و یەکێتی نەتەوەکان دەکەن. گەورەترین زیان لە هێزی چەپ‌و خەباتی کرێکاران و یەکێتی راستەقینەی گەلان دەدەن. رێگای سروشتی بریتی‌یە لە بوونی کۆمەڵێک قۆناغی گونجاو و لە بار، نەک هێشتنەوەی گەلی کوردستان لە ژێر ئاگرباران کۆمەڵێک رژێمی فاشیستی و سەربازی و دیکتاتۆری تۆتالیتاری‌دا.

# ماکەکانی ئۆتۆنۆمی

داواکردنی ئۆتۆنۆمی، گەلێک ماکی پێوەیە، ئەم ماکە سیاسیانە کوشندەو نایبندە شێوێن و خەباتی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان بێ ووزەو هێز دەکات و لە رەوتی مێژوو خۆی دەخات و لە راستیش‌دا تا ئێستا زۆر چاک دەستی خۆی وەشاندووە. یەکەمیان بریتی‌یە لە:

١. دروشمی رووخاندنی رژێم

هەڵگرتنی دروشمی رووخاندنی رژێم پارتە سیاسی‌یەکانی بە شێوەیەک سەر لێشێواندووە کە هەرگیز نەتوانن هێڵێکی ستراتیژی راستەقینە و ئامانجێکی دیاریکراویان هەبێت. سەرلێشێواندنی سیاسی گەلێک چەشن و لە زۆر دۆخی رامیاری ناسکدا لە سەرەنجامی کاردانەوە هەڵدەتۆقن و دومەڵ ئاسا دەبنە هۆی پیسکردنی هەوێن و پوختەی خەبات. لەبەر بێ سەرو شوێنی و بێ بناخەی ئەم دروشمە جاری وا هەیە وای لێ دێت خەبات هەموو ماناو مەبەستێکی سیاسیانەی خۆی وون بکات، کت و مت لە شێوەی«فشە» و «درۆ» و خۆ هەڵکێشانی سەرشەقام دا خۆی بنوێنێت. نەک تەنها کوردی باشووری کوردستان، بەڵکو تەنانەت‌ئەوانەی رۆژهەڵات و رۆژئاوا و باکوریش ئەو راستی‌یە لە هەموو لایەک باشتر دەزانن کە مەحاڵە رژێمی ناوەندی لە کوردستان‌وە بروخێنرێت. ئەم هاوکێشە رامیارییە خۆماندوو کردنی پێوە ناوێت و هۆکاریش ئەمانەن:.

١. باری جوگرافی، واتە دووریی رژێمی ناوەندی و پایتەخت و بنکە سەربازی‌یە ناسک و گرنگەکانی لە کوردستانەوە

٢. رژێم دەسەڵاتێکی فرە بەر بڵاوی هەیە بۆ خستنی بایکۆتی ئابووری و شێوەکانی تر لە سەر کوردستان.

٣. چونکە داواکە ئۆتۆنۆمی‌یە، رژێم دەکارێت هەموو شێوازێکی وەڵام دانەوەی سەربازی بەکار بهێنێت، بە تایبەتی کە دەزانێت هیچ لەسەری ناکەوێت. مێژووی دەست وەشاندنی ئێراق ئاشکرایە، حافزولئەسەد لە ساڵی١٩٨٢ شاری حەلەبی بۆردومان و خاپور کرد، ضیائولحەق هەموو ئەحمەدی‌یەکانی لە زیندان کرد و زۆریشی لێکرشتن. مێژووی ئێرانیش لەبەرچاوە هەروەها تورکیا دژی کورد و ئەرمەنی و جیۆلۆجی و...هتد هەروەها خنکاندنی بزووتنەوەی ئایینزانی بەهائی و

دژی ئەفغانستان... تا دوا ئۆتۆنۆمی بێت، گیروگرفتی کوردستان بە کاری ناوخۆیی و یاسای ئەو وڵاتە دادەنرێت کە تیایدایە، ئیتر بام لە جیاتی هەڵەبجە و بادینان، سلێمانی و هەولێر و دهۆکیش شەهید بێ.

٤. رەگناکوتانی ئەم رژێمانە بە توندی و قایمی لە نەتەوەکانی خۆیاندا، بە واتەیەکی تر، داخوازیەکانی ئەم نەتەوانە هێشتا نەگەشتۆتە پلەی «روخاندنی رژێم»، بوونی چەند پارت و رێکخراوێکی لە دەرەوە دروست کراو مانای گەیوی و کاملی ئەم «پلەیە» نادات.

٥. بەهێزیتی رژێمی ناوەندی لە رووی پرۆپاگەندەو سەربازی و ئابووری و تەکنۆلۆژیا و...هتد لە چاو گەلی کورد دا. هیچ لایەنێکی جیهانی ناخوازێت گوێ لە دەنگێکی خنکاو و بێ سەدا بگرێت، بە تایبەتی کە ئەروەدەنگە» نابێتە کارتێکردنێکی خراپ و نێگەتیڤ لەسەر بەرژەوەندیەکانیان. بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان کاتێک کار دەکاتە سەر بەرژەوەندی وڵاتانی جیهان کە بیەوێت لە سنووری ئەم وڵاتانە خۆی دەرباز بکات و هەوڵی دروست کردنی سنووری نەتەوەیی خۆی بدات، لەو کاتەدا، وڵاتانی جیهان ناچار دەبن گوێ لە هەموو چرپەیەکیش بگرن، چونکە ئەوکاتە لەسەر بەرژەوەندیەکانی ئەوان دەبێت.

٦. کە بریتی نیە لە دواخاڵ، ئەوەیە کە رووخاندنی رژێم بیانوویی تەواو دەخاتە دەست رژێم بۆ بەرگری لە بوونی خۆی هەموو جۆرە شێوازێکی وەلامدانەوە بەکار بێنێت چونکە تەنها کردنە دەرەوەو توردانی لەشکرەکەی نیە لە کوردستاندا، واتە لە پارچەیەکی سنووری فەرمانرەوایدا، بەڵکو توردان و لەناو بردنی خۆشی و رژێمەکەشیتی. دیارە هەروا لایەنێک» بکرێتە کونی مەرگەوە، تا دوا تکەی خوێن و دوا ووزەی دەجەنگێت.

لەمەش بترازێت، نەتەوەی کورد بە هیچ شێوەیەک مافی بەرزکردنەوەی «روخاندنی رژێم» ی نیە. نەتەوەی کورد بۆی نیە دروشمی روخاندنی رژێمی شیلی و سلڤادۆر و فیلیپین و ئۆگەندە بەرز بکاتەوە. ئەگەرچی دیکتاتۆرو رەفتارفاشیش بن، روخاندنی رژێم هەمیشە ئەرکی سەرشان و مافی ئەو نەتەوەیەیە کە رژێمەکەیان لەدەست دایە. نەتەوەی کورد دەکارێت و بۆی هەیە، ئەگەر بە باش و بە پێویست و بە پۆزەتیڤی بزانێت، دروشمی هاوکاری و یارمەتی دان بەرز بکاتەوە، لەگەڵ نەتەوەیەک دا، بۆ رووخاندنی رژێمێک. ئیدی ئەو رژێمە ئیراقی، سووری یان هەچ وڵاتێکی تر بێت گرنگ نیە( بێگومان،ئەگەر وڵاتێک بێت کە کوردی داگیرکردووەو لە خزمەتی بەرژەوەندیە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد دابێت و لەو قۆناغەدا هاوخەبات و ئارەزوومەندی بزووتنەوەی نیشتمانی ئەو وڵاتە بێت ئەوا باشتر).

بەلام مەرج نی‌یە نەتەوەی کورد ئەم هاوکاری و یارمەتی‌یەشی لەدەست بێت، یان لە توانا دابێت، چونکە زۆرجار نە لە خزمەتی بەرژەوەندی نەتەوەی کورد دایەو نە لە توانی سەربازی و سیاسیشی دایە.

رووخاندنی رژێم لە ئێراقدا مافی نەتەوەی ئارەبەو لەسەر شانی‌یە پلەی یەکەم.نەتەوەی ئارەبە کە ئەم دروشمە بەرز بکاتەوە. کورد بۆی نی‌یە ئەم دروشمە بەرزبکاتەوە و بەسەر خەلکی ئارەب دا بسەپێنێت. لێپسراوێتی و سوودو زیان و....هتد ەکانی ئەم رژێمە بە پلەی یەکەم لە زۆربەی دۆخەکاندا بۆ نەتەوەی ئارەبە، هەر لەبەر ئەوە مافی بریاردانی لەسەر بابەتێکی وا کە مێژووی‌یە دەبێت بەوان بدرێت.(زیانی کوردستان لە داگیردنەکەوەیە نەک لە رژێمەوە).

بەشی زۆربەی خەلکی ئێراق ئارەبن. (ئەگەرچی لەسەرەتاش دا بەدەستی دەرەوە هاتبنە سەر حوکم)، کورد بە ژمارە نەتەوەی دووهەمە و بە هیچ شێوەیەکیش لە بناخەو دامەزراندنی رژێمەکانی ناوەندی‌دا دەستی نی‌یە. ئەگەر خەلکی ئارەب، دروشمێکی ئاوایان بەرز کردەوە ئەوا کورد دەکارێت«دروشمی هاوکاری و یارمەتی‌دانیان» بەرز بکاتەوە. کارێکی نا سروشتی و لە لۆژیکی سیاسی‌دانی‌یە کورد دروشمێکی وا بە یارمەتی و پەمپدانی پارتی کارتۆنی دروست کراوو لەدەرەوە کۆک‌کراوو بێ‌زەمینەی جەماوەری، بەرز بکاتەوە ونەتەوەی ئارەب یارمەتی وهاوکاری بکات.

کرداری خۆرسکی و سرووشتی ئەوەیە کە نەتەوەی ئارەب لە بڕواو دسپلینی تەواوە ئەو دروشمە بەرزبکاتەوە و کوردیش پشتگیری لێ بکات. هەج کاتێکیش نەیتوانی بە خەبات و قوناغی خۆیەوە مەژول بوو، سەری نەپەرژایە سەر هاریکاریەکی وا،، ئەوا جێگای گلەیی و رەخنە نابێت و نابێت بە مال بەسەری‌یەوە.

بەرزکردنەوەی دروشمێکی ئاوا کە لە رووخاندنی رژێم بدوێت، میوەیەکە لە هەمیشە زستان دایەو کورد تەنها دەتوانێت بە نەگەیوی بیخوات.

لەمانەش بترازێت بەرزکردنەوەی دروشمی رووخاندنی رژێم مەترسی ئەلتەرناتیف دەخاتە دلی بەرەی رۆژئاواوە و مەترسی ناپەرسەنگێتی ناوچەکە دەهێنێتە کایەوە، رووخاندنی رژێم دەستی سیاسی ئەملاو لای زیاتری گەرەکە وەک و تەنها لە کورد.

لەسەرو هەموو ئەمانەشەوە «روخاندنی رژێم» هەروەکو چەند لایەنێکی سیاسی نەگەیوو کرچ و کال بەرزیان کردۆتەوە بریتی نی‌یە و نابێت لە ستراتیژی کورد و بە ئاشکرا دەرکەوت کە ئەم دروشمە لە لایەن پایتەختەکانی دەرەوەو بە دەستی ئەوان هێنرایە گۆرەپانەوە و کرایە سەرگوڵنگی

دروشمەکانی تر.

«رووخاندنی رژێم» نیدی بە دەستی «قەدە» بێت و لە ئەنجامی کودەتای سەربازییەوە بێت، یان تەنانەت بزووتنەوەیەکی ئارەبیش بیهێنێتە ئەنجام، مادامەکی بناخەی ئەم پارت و رێکخراوانە دیموکراسی نییە و باوەڕیان بە رژێمێکی هەمەبالی و بە کۆمەڵ نییە، هەر هەمان رێبازی تاکڕەوانە و دژ بە کورد دەگرێتەوە خۆی زوو یان درەنگ. هەمووشمان ئەوە دەزانین کە کورد ناتوانێت جڵەوی فەرمانڕەوایی لە ئێراق دا بگرێتە دەست، ئەگەر رێکەوتنی رامیاریش، لەملاوە ئەم کارە وە ئەنجام بگەیەنێت، هەردەبێت ئەم جڵەوە بدرێتەوە دەست پارت و رێکخراوە ئارەبییەکان.

ستراتیژی نەتەوەی کورد بریتییە لە رزگاربوون و وەدەستهێنانی سەربەخۆ بوون. ئەمەش واتە توڕدانی هەموو هێزێکی بێگانە بۆ ئەو دیو سنووری نەتەوەی کورد، دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی و دامەزراندنی هەموو دەزگایەک کە بە هێزکردن و خزمەت کردنی ئەم دەوڵەتەدا بێت.

بێگومان ئەم کارە وەک هەنگاوی یەکەم، هەرچی هەنگاوی دووهەمیشە، کە پەیوەندی بە قۆناغی رزگاری نیشتمانی نامێنێت، دەبێت (کە ئەرکی سەرشانی چەپەکانە) رەخساندن وخۆشکردنی زەمینەیە بۆ کۆمەڵگایەکی یەکسان و سۆشیالیست.

گەشتن بە قۆناغی سۆشیالیزم لە رێگای بڕینی یەکسەریی قۆناغی رزگاری نیشتمانییەوە، بەبێ ئەوەی کۆمەڵ بە قۆناغی سروشتی و خۆرسکی دا تێپەڕ بێ، خەونێکی سەوزو سوورە و دالغەیەکی منداڵانەیە بە پراکتیک لە چەندین وڵات دا کرا، نەک تەنها سەری نەگرت، بەڵکو بووە هۆی دامەزراندنی رژێمی تۆتالیتاریانەو تاکڕەو تەنانەت فاشیزمیش، لە جیاتی کۆمەڵگای بە تەندروستی و هاوبەش و یەکسان، کۆمەڵگایەکی نەخۆش و لاوازو پڕ داکۆکی(کۆنترا دیکت) دروست کرد.

ئەگەر شۆڕشی قۆناغی رزگاریخوازی نیشتمانیە هێندە پتەو وتۆکمە بوو ولە هەمان کاتدا بووە هۆی روخاندنی رژێمی ناوەندی، بێ لەدەرکردنی وارنانی لەشکرە داگیرکەرەکەشی، ئەوا پێویستە ئەو شۆڕشە بە توندی پارێزگاری لە سنوورەکانی خۆی بکات و پەیمان و رێکەوتنی تەواویش، سەبارەت بە سنوورو باری دڵنیای کوردستان و...هتد لەگەڵ ئەولایەنانەدا ببەستێت کە دێنەسەر رژێم. بە هیچ شێوەیەک سەربەخۆی کوردستان هەڵنەگرێت بۆ گفتوگۆ و راوێژ لەسەری. زۆر هەڵی مێژووی لە کیس کورد چووە و براوە. با ئیدی چارەنووسی نەوەی داهاتووی کورد بەدەستی خۆمان رۆژ رەش و پڕ چەرمەسەری نەکرێت.

ئەگەر هەندێ رێکخراو وپارتی سیاسی بەو هیوایەوە خەبات دەکەن کە شۆڕشی کوردستان بیبێتە

شۆڕشی هەموو گەلانی ئەو وولاتە، ئەمە لە دەبەنگی سیاسی زیاتر هیچ مانایەکی ئەوتۆی تر نابەخشێت و خەباتی چەند ساڵەی ئێران و ئیراق شایەنی بەڵگەی سەلمێنراومانە،ئەمەش دوبارە لەبەر ئەوەیە کە کێشەی نەتەوەی کوردو نەتەوەی ئارەب یەک کێشەو هەمان کێشە نیبە. راستە کە لە مێژووی دروستکردنی گیانی سیاسی ئیراق دا نەتەوەی کوردو ئارەب هەردوو پێکەوە چارەنووسیان بەستراوە بە رژێمی ناوەندی‌یەوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نی‌یە کە گۆڕینی رژێم لە هەمان کات و ساتدا لە خزمەت و بەرژەوەندی هەردوو لادا دەبێت. هیچ نەتەوەیەک خواست وئارەزوو و مەبەستی چوون یەک نیبە و هەموو بە هەمان شێوازی سیاسی ناخەبەتێن.

داواکاریەکانی نەتەوەی ئارەب لە ئیراقدا هەرگیز هەمان داواکاری خەڵکی کورد و نەبووە و پێچەوانەکەشی راستە. ئەگەر بە رێکەوت هەردوو لاو لەبەر ئەوە ئەگەر لەسەر دروشمی «روخاندنی رژێم» یش رێک بکەون(کە ناشکەون) ئەوا پاش رووخاندنی رژێم ناتوانن بەرنامەیەکی هاوبەشیان هەبێت. لایەنێکیان هەمیشە ئیمتیازاتی زۆرتری دەبێت. بە تایبەتی لە دۆخێکی وا کرچ و کاڵ و ناگەیودا کە رێکخراوو پارتە ئارەبی‌یەکانی ئیراق خویانی تیا دەبیننەوە. ئۆپۆزسیونی ئیراقی، تا کاتی دەست تێکەڵاو کردنەکەی «بەرە» نەیان دەتوانی لەسەر ئەوە رێک بکەون کە ئۆتۆنۆمی بە کورد بدرێت، ئیدی چۆن لە کاتی رژێم گرتنەدەستدا ئەم داوایە دەپراکتیکێنرێت؟.

بەرزکردنەوەی دوو دروشمی سەربەخۆ لەلایەن هەردوو نەتەوە دەبێتە زیاتر لە یەکتر گەیشتن و هاوکاری‌یەکی پتەو تر لە نێوانیاندا. ئەمەش واتە گەیشتن بە شوێنی مەبەست بەبێ کات بە فیڕۆدان و بەبێ هەڵوەرە کردن لە هەمان شوێن دا. بەرنامەو چالاکی و خەباتی هاوبەش لە کاتێک دا کە دوژمن کۆڵکەی هاوبەش بێت، لە زۆر کات زۆر هەڵو مەرج دا شایستەی روودان و کردنە. بەڵام ستراتیژی هاوبەش و ئایندەی هاوبەش بۆ دوو نەتەوەی جیاواز، لە دۆخێکی ئێستای وەک نەتەوەی کورد و ئارەب دا بە تەواوی ناشیاوە.

### ٢ـ لەبار بردنی کۆمەک و هاریکاری دەرەکی

ئێمە هەموو دەزانین، هەموو نەتەوەیەک دۆستی تایبەتی و گشتی خۆی لە جیهاندا هەیە. ئەتەوە نی‌یە کە کینی لە نەتەوەیەکی تر بێت بە دەستی ئەنقەست و وەک شێوەیەکی خواکرد، نەتەوەش نی‌یە کە هەموو نەتەوەکانی جیهان رکیان لی‌ی بێت. مرۆڤی ئاشتی‌خواز مرۆڤ پەروەر و رزگاریخواز بەشی زۆریەن لە دانیشتوانی جیهان، ئەگەر هەندێ جار ئەم راستی‌یە بە پێچەوانەوە هەستی پێ بکرێت، کە بی‌گومان ئاسایی‌یە، تەنها و لە راستی‌دا، هۆی رێک نەخستن و کەمێتی

پەیوەندی و خۆساخ نەکردنەوە و....هتدن.

کە سەرانی «بەرە»ی سەرانی خەرەکی فیودالی و خێڵەکایەتی کورد بانگ بە گژیی کورد دا دەدەن گوایە کورد دۆستی نی‌یە و کەس ئاوور لە کورد ناداتەوە، هەڵەیە و ناراستی‌یە. یەکێک لە هۆ گرنگەکان ئەوەیە کە ئەوەندەی ئەو رژێمانە هەولیان داوە بۆ ئاوو زڕاندنی‌کورد و ناسینی بە جیهان وەک شەڕخواز و شەڕانی و گۆشەگیر و لە شاخ ژیاو(واتە دوور لە شارستانێتی) ئەوا کورد(بێ‌گومان خەتا، تاوانی پارتە سیاسیەکانە) نەک هەر نەیتوانیوە دژی ئەم کارە ناپەسەندە نامرۆڤایەتی‌یە هەوڵبدات، بەڵکو لە راستی دا هیچیان نەکردووە کە شایانی باس بێت. تەنانەت زۆر جار، سەرانی ئەم بەرەی حازری‌یەی ئێستا دووبارە و سێ‌بارەی لێبووردنی گشتی(عفو العام).ی رژێمیان کردۆتەوە و چاویان لە ئاست ئەو راستی‌یە نوقاندووە کە لێبووردنی گشتی خۆی لە خۆی‌دا بۆ خەڵکی تاوانبار و تاوانکارە، نەک بۆ گەلێک، یان چینێک کە مافی خۆی داوا بکات.

هۆی دووهەم ئەوەیە کە هەتا ئێستا مرۆڤی کورد وا فێر کراوە خۆی بە ئێراقی یان ئێرانی ( لە کوردستانی باکور ئەو گیروگرفتەمان نی‌یە) بناسێت. لەم کاتەدا هەچ کەسێک، گروپێک، یان لایەنێکی سیاسی کە بکارێت یارمەتی مرۆڤ و کۆمەڵگای کوردی بدات پەنا دەباتە بەر رژێم و هەوڵدەدات لە رێگای رژێمەوە چارەسەری ئەم گیرو گرفتە بکات. لە راستیشدا ئەمە جۆرێک لە ژیربێژی(لۆجیک) سیاسی تێدایە، چونکە دۆستەکان ناتوانن لە رێگای کوردەوە چارەسەری رژێم بکەن، بەڵکو دەتوانن لە رێگای رژێمەوە چارەسەری کورد بکەن.

هۆی سێ‌هەم: ئەوەیە هەرە زۆربەی سەرکردەی هەموو پارت و رێکخراوەکانی کوردستان هەموو خۆیان بە دڵ و بە گیان بە ئێراقی‌و بە ئێرانی دەزانن و دەناسێن و پێش کەش‌دەکەن. سەرانی بەرەی کوردستانی ئێراق نەک هەر ئەوەندە بەڵکو تەنانەت لەسەر ئێستگەو تەلەفیزۆنەکانی وڵاتانی جیهان دەبێژن گوایە «سەربەخۆیی خەونە»، ئەوەش واتە، نەک هەر خۆ بە ئێراقی زانین، بەڵکو دژایەتی هەموو کوردێک کە بیر لە سەربەخۆی بکاتەوە و کردنی کوردستان بە موڵکی خۆیان. لەم کاتەدا، نەک وڵات و نەک لایەنی رامیاری و نەک رێکخراوی پیشەیی‌و مرۆڤی ئاشتی پەروەر بەڵکو تەنانەت «هێزێکی سروشتی» و «خواکردیش» ناتوانێت دەستی هاوکاریت بۆ درێژ بکات. خۆ ئەگەر بیشی‌کات ئەوە تەنها دەبێت لە رێگای رژێمەوە بێت، واتە داوا لە رژێم بکرێت کە دانیشێت لەگەڵ کورد دا، یان گوێ لەکورد بگرێت، یان باشتربێت لەگەڵ کورد داو...هتد ئەم لایەنانە ناتوانن لە رێگای کوردەوە رژێم ناچار بکەن دانیشێت و گفتو گۆ لەگەڵ کورد دا بکات. چونکە کوردیش خۆی بە بەشێک لەم وڵاتانە دەناسێنێت ئەستەمە هیچ لایەنێک

بتوانێت یارمەتی بدات و هاوکاری بکات، خۆ ئەگەر بیشی‌کات ئەوە یارمەتی هاوکاری سیاسی نابێت، بەڵکو یارمەتی و هاوکاری «مرۆڤایەتی» دەبێت، وەک داوودەرمان و خۆراک و جل‌و بەرگ (کەهەرگیز ناگاتە شوێنی خۆی)،وە پارەو کۆمەکی دارایی(کە هەتا ئێستا سەرانی بەرە خواردوویانە) ئەوەی کە کورد پێویستی پێ‌ی دەبێت یارمەتی رامیاری‌یە لەم دۆخەدا کەس ناتوانێت بیدات.

بۆنموونە ئەگەر باشوور یان ناوەراست یان خەڵکی شاری بەغدا گیروگرفتیان لەگەڵ رژێم‌دا هەبێت، هەر لە رێگای رژێمەوە دەبێت چارەسەری ئەم گیروگرفتانە بکرێت، خۆ هیچ لایەنێک ناکارێت دەوڵەتۆکەیەکیان لە ناوەراستی ئێراق‌دا بۆ قووت بکاتەوە. هەر بەو شێوەیەش، هەتا خەلکی کورد و ئەو پارچەیەی کوردستان بە بەشێک لەم دەوڵەت‌و سنوورانە دابنرێت هەروا دەمێنێتەوە. ئەمەش کارێک نییە سەرانی بەرە بە«بێ‌دۆستایەتی»و «بێ کەسایەتی» کوردی دابنێن.

هۆی چوارەم، کە زۆر ئاشکرایە، خەباتی ئێراقیانەی خەلکی کوردە. ئەویش بریتی‌یە لەوەی کە هەتا ئێستا بەرژەوەندی وولاتانی رۆژئاوا لە کوردستان‌دا نەخراوەتە مەترسی‌یەوە. ئەمەش مانای ئەوەیە کە «بەرەی رۆژئاوا» پێویست ناکات لەگەڵ کورد دانیشن و حسابی جیاوازی بۆ بکەن،یان گوێ لە خواست‌و ئارەزوو و داواکانی بگرن. هەموو لایەنێکی سیاسی ژیرو بە ئاگا ئەو راستی‌یە دەزانێت کە (ئەگەر؟) شۆرشی کوردستان بتوانێت لە مانگێک‌دا دەیان جار رژێمی ئێراق هەڵبووەشێنێتەوە و دروست بکاتەوە، چونکە داوای ئۆتۆنۆمی دەکات، ئەوا داواکە ناوخۆی‌یەو پەیوەندی بە کاروباری ناوخۆی ئێراقەوە هەیەو هەر بە گفتوگۆ دەست تێکەلاو کردن تەواو دەبێت. ئیدی هیچ لایەنێک ئەوەندە نەشارەزاو نەکەدەو دەبەنگ نی‌یە خۆی بە دەستی خۆی بخاتە کەمینی ئورزێکی قەپانەتەوە.

واتە، نە بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری فشاری خستۆتە سەر رۆژئاوا و نەهەستی مرۆڤایەتی و دادپەروەریش. هیچ دۆستێک لەوە زیاتری پێ‌ناکرێت کە هەتا ئێستا دەوڵەت و نەتەوەکانی جیهان بۆ کوردیان کردووە. سووربوون لەسەر « بێ دۆستایەتی» و «بێ پشتایەتی» و بێ کەسێتی کورد بریتی‌یە لە بێ ئابووری و خیانەت لە کورد و خاکی کوردستان. بەو مەبەستەی کە کورد هەمیشە تەنها داوای ئۆتۆنۆمی بکات‌و نەوێرێت دەمی سەربەخۆیی و رزگاریخوازی بکاتەوە.

تەنانەت ئەگەر نەتەوەی کورد لە کاتێکی تایبەتی و دۆخ و هەوڵ و مەرجێکی تایبەتی دا «دۆستی»بشی نەبێت ئەوە مانای ئەوە نی‌یە کە واز لە مافی خۆی بهێنێ و خۆی بێ‌دەنگ بکات

و سەر بۆ زەبرو زەنگی ئەملاولا دانەوێنی. هەمرو نەتەوە بن دەستەکانی جیهان لەسەرەتای خەباتیان‌دا بێ پشت و پەنا و یارمەتی بوون، بەلأم هەر سوور بوون لەسەر خەباتی خۆیان و داوای سەربەخۆیی و رزگاری و دەوڵەتی نەتەوەیی‌یان کردووە و زۆری نەبردووە هیواکانیان هاتۆتەدی. تەنانەت زۆر «دوژمنی‌ئاشکراش» یان هێناوەتە سەر مێزی گفتوگۆ و هەڵوێست وەرگرتن.

هیچ نەتەوەیەکی بن دەست لە جیهان دا هێندەی کورد دۆستی نی‌یە. بۆ بەراورد با خوێنەر بروانێتە مێژووی ئەریتریاو بەربەر و کشمیرو ئیرلەندە وولاتانی بەلتیک لە سۆڤیەت و /...هتد. بەمەرجێک هەمرو ئەم نەتەوە بن دەستانە داوای سەربەخۆیی و دەوڵەت دەکەن و وەکو کورد خۆیان بە پارچەیەک لەو وولاتانە نازانن. هەمووشیان لە بواری رزگاری‌دا هیوای سەرکەوتنیان هێندی هێندی زۆرتر دەبێت، واتە زۆر لە پێش کوردەوەن.

## ٣- یارمەتی دانی ناوەکی وولات

ئەم یارمەتی‌یە بە دوو شێوە ساغ دەبێتەوە، یەکەمیان سەبارەت بە نەتەوەی بن دەست خۆیەتی هیچ مرۆڤێکی کورد ناخوازێت لە پێناوی ئۆتۆنۆمی‌دا خۆی بدات بە کوشت. ئەوانەی لە کوردستان هەتا ئێستا شەهید بوون و خوێنەکانیان بۆتە دۆلارو لە گیرفانی سەرانی کورد دا هەڵتۆقیون، هەمرو لە پێناوی رزگاری و سەربەخۆیی دا شەهید بوون. ناشیاوە کەسیان بەو « شەهید» بوونە رازی ببونایە ئەگەر بیانزانیایە خەباتی خوێناویان بە گفتوگۆ و دەست تێکەڵاوکردن و ماچ کۆتایی دێت. هیچ کوردێک نایەوێت لە پێناوی ئۆتۆنۆمی و خاکی ئێراق دا خۆی بدات بە کوشت و ماڵ و سامان و سەروەتی خۆی بخاتە گری مەرگەوە.

هیچ دایک و خوشک و برا و دۆستێک ناخوازێت خۆشەویستەکەی لە پێناوی دەست تێکەڵاو کردن و گفتوگۆ و ماچ و مووچ‌دا خۆی بدات بە کوشت. سەرەنجام هەر کوردستان بەشێک بێت لە ئێراق و کورد هەر لە گێژاوی نادڵنیایی دا بخولێتەوە. مرۆڤی کورد بۆ یە دەجەنگێ و خۆی دەدات بە کوشت و ماڵ و سامانی پێشکەش دەکات بەو هیوایەی بگاتە دڵنیایی و پاشەرۆژێک، ئەگەر فریای خۆشی نەکەوێت ئەوا فریای نەوەی دوارۆژی نەتەوەکەی بکەوێت.

دەی کەوایە سەرانی بەرە بە چ مەبەستێک ئەم دەوەن بە ئاشە سەد پات دەکەنەوە؟ ئەوا پێنج مانگە لە بەغدا چیان دەوێت و داوای چی دەکەن؟! دیارە ئەم کارە بە ئاشکرا پیلانێکی کۆلۆنیالیستیانەیە و بریتییە لە پرۆسەی بێهیواکردن و نائومێدکردنی خەڵکی کورد.

لە هەمرو ئەوانەش گرنگتر ئەوەیە لە کاتی داواکردنی ئۆتۆنۆمی‌دا، بزووتنەوەی جەماوەری راستەقینە شۆرش دادەبڕێن چونکە داوای «ئۆتۆنۆمی» ناتوانێت هەمرو توێژو گروپ و دەستە و

تاقم و چینێکی کۆمەڵ کۆ بکاتەوە.

چینی کرێکار کە هۆشیارترین چینی کۆمەڵە سوور دەزانێت «ئۆتۆنۆمی» داوایەکی ترسنۆکانەی هوردە بۆرژوار خێڵەکایەتی نەتەوەیەکە. دەزانێت ئەم داوایە نایێتە هۆی وەدیهێنانی دیموکراسیزم و گۆڕانی بناخەی سیستەمی سیاسی. ئاشکرایە لایان کە ئەم داوایە خواستێکی بەر تەسک و تەنگەبەری نەتەوەیی‌یەو تەنها لە خزمەتی گیرفانی چەند کەسانێک دا بەو بەس. دەزانن هەرگیز خزمەتی کۆمەڵی پێ ناکرێت. ئەوەش دەزانێت کە هەر بە گفتوگۆ سازش تەواو دەبێت. لەبەر ئەوە بەشداری لەو «شەرەتەقە»یەدا ناکات کە چەند لاوێکی هەڵفریوێنراو و لە خشتە براوی خوێن گەرمی تیا کۆکراوەتەوە و زوو بە زووش خوێنیان بە فیرۆ دەڕوات.

چینی کرێکار ئەم نەتەوە بن دەستە زوو بە زوو دەگاتە ئەو بڕوایەی کە خۆی دەبێت پێشڕەوایەتی ئەم بزووتنەوە و شۆڕشە بکات و داواکەش دەبێت سەرجەمی داوای توێژو گروپ و چینەکانی کۆمەڵ بێت، نەک تەنها دوای لایەنێکی بە زۆر سەپێنراو و بەرتەسک. ئەویش دیارە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەبێت، یان هیچ نەبێت هەڵبژاردنێکی ئازاد بۆ خۆ ساغ کردنەوە. ئەو گروپ و توێژو چینە ڕاڕایانەی کە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەدا بەشداری دەکەن و ملی خۆیان دەنێن، ناخوازن و نایانەوێت بەشداری لە داواکردنی«ئۆتۆنۆمی» دا بکەن. چونکە ئەگەر هەموو مافێکی ئەوان بێتە سەر وەدەست هێنانی کۆمەڵێک مافی لاوەکی و سەرپێیی، ئەوا ئەو هێزە ڕاڕاو تارادەیەک کۆنەپەرستانە خۆیان لە ڕێگای سازش و دەست تێکەڵاو کردنەوە لەگەڵ ڕژێمدا، راستەوخۆ ئەم کارە هەڵدەسگێنن و پێویستیان بەوە نی‌یە هێزێکی کۆنەپەرست و بێگانەخوازی نانیشتمانی بێت بە دەم ڕاستیان و لەسەر بەرژەوەندی ئەمانە خۆی داسەپێنی و مامەڵە بکات. ئەو ڕاستی‌یە هەردەم ئاشکرایە کە هێزە کۆنەپەرست و ڕاڕاو هەلپەرستەکان زۆرچاک ئاگایان لە یەکترە و لە یەکتر شارەزان.

بە کورتی‌کەی ئەو هێزانەی بەرژەوەندی‌یان لە رزگاری نەتەوەکەیان‌دا دەبیننەوە(کە هەردەم بەشی زۆربەی زۆری توێژو چینەکانن) بەرژەوەندی‌یان لە «ئۆتۆنۆمی» دا نابینن، بگرە ترووشی چەوساندنەوەی بەرفراوان و لابەلایش دەبن. لەبەر ئەوە ئامادە نین لە داوایەکی وەک «ئۆتۆنۆمی» دا بەشداری بکەن، ئەمەش هەروەکو ئێستا لە باشووری کوردستان دا خەریکە ڕەنگ دەداتەوە، دەبێتە هۆی پاسیڤی و دوورە پەرێزی و بێ‌لایەنی کۆمەلانی خەڵک و بێ هیوایش، کە بێ‌گومان لە بەرژەوەندی و قازانجی ئۆتۆنۆمیخوازان دایە.

شێوەی دووهەم، بریتی‌یە لە هاوکاری و یارمەتی نەتەوەی سەردەست. ئێمە ئەو ڕاستی‌یە

دەزانین کە کۆمەڵێک تۆێژ و گروپ و چینی کرێکار و جوتیار(هەرنەتەوەندەی هۆشیار بوونەوە) نەک هەر دژی خۆ راپسکاندن و رزگاربوونی نەتەوەی بن دەست نین، بەڵکو تەنانەت زۆرجار هەوڵی یارمەتی دان و هاوکاریشی دەدەن.

واتە بەهۆی خۆساخکردنەوە و ئاشکرابێژی داواکانەوە، مرۆڤ دەتوانێت دۆست و دوژمنی خۆی بە تەواوی لێک جیاکاتەوە ئەوەی دۆستە، شۆرش دەتوانێت سوودی لێوەرگرێت و داوای یارمەتی پێویستی لێبکات. ئەوەی بەرەی دوژمیش بگرێت، ئەوا چاک دەناسرێن و شۆرش دەتوانێت هەنگاوی پێویستانە دژیان بنێت. ئەمەش دەبێتە بێ هێزکردنی رژێم و دۆزینەوەی پواز لە خۆی.

لە کاتی داواکردنی ئۆتۆنۆمی دا، چینی کرێکار و جووتیاری ئەم وولاتە(نەتەوەی سەردەست) دەزانن کە ئۆتۆنۆمی نەک هەر بەرژەوەندی و قازانجی ئەمانی تیانییە، بەڵکو بە زیانیشیان دەگەرێتەوە، لەبەر ئەوە ئەگەر دژایەتیشی نەکەن، خۆیانی تێ هەڵناقورتێنن. سەرانی بەرە، هەموو کاتێک شۆرشی کوردستانیان بە شۆرشی گەلانی ئێراق داناوە، و باسی یەکایەتی بەرژەوەندی و هاوکاری هەمەلایەنەو..هتد یان کردووە، کەچی لە دەنگی چەقەنەیەک‌داو‌دۆستی گیانی بە گیانی، خۆیانیان لە بیرکردوە (کە گەلی ئارەبیا لە ئێراقدا) و لەگەڵ رژێم‌دا دانیشتوون. بەمە گەورەترین مستەکۆڵە لە بزووتنەوەی نیشتمانی ئێراق دراوە، یا خوێنەر بڕوانێتە رێکەوتنەکەی ۱۹۷۰/۱۹۶۹ی پارتی، ۱۹۸٤/۱۹۸۳ی (ی.ن.ک) و (۱۹۹۱)یش دەبینێت کە چۆن لە داوای ئۆتۆنۆمی‌دا خەڵکی ئارەب، و بزووتنەوەکەیان گەورەترین زیان دەخۆن.هەچ کاتێک رژێم سەرانی کورد بە میوانی خۆی قبوڵبکات ئەمان پشتیان لە خەڵکی ئارەب و رێکخراوەکانیان کردووە و فرۆشتویانن، بێگومان ئەمە خواست و داواکاری یەکەمی رژێمە تا بتوانێت یەکەم، ئارەب بکات بە دوژمنی کورد و هۆشی تا دەتوانێت سەری ئارەب پان بکاتەوە و لەسەر کوردیشی حساب بکات، واتە کورد ویری کردووە. ئیتر چۆن خەڵکی ئارەب دەتوانن لە داواکارییەکی وەک ئۆتۆنۆمی دا پشتی کورد بگرن، بێگومان نایگرن.

هەرچۆنێک و لە هەر روانگەیەکەوە سەیری ئۆتۆنۆمی بکرێت، لەماڵوێرانی و تووشی و نەگبەتی زیاتر، هیچ جۆرە سوود و قازانجێکی نییە.

٤. کە کوشندەتریانە، بریتییە لە تاکتیکی نەخۆش

لەوەپێش لەوە دواین کە دوژمنانی کورد، لەناوخۆیان دا ناکۆکن و دژ بەیەکن، لەبەر ئەوە هەموو دوژمنێک(وولاتێکی داگیرکار) کە بتوانێت کورد و رژێمێک بەشەر بدات، واتە لاوازکردنی هەردووولایان.دیارە ئەمە مێژوو سەلماندوویەتی، کە لەکۆتای‌دا بە پلەی یەکەم ماڵوێرانی

کوردی تیابوو. ئەو تیزەی کە دەبێژێت «دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە» لە هەموو کاتێک‌دا راست نی‌یە و ئەو رستەیە، تا ئێستا، خوێنی هەزاران لاو لەسەر کورد کەوتووە.

کە سەرانی کورد، لە باشووری رۆژهەلات‌دا داوای ئۆتۆنۆمی دەکەن، ستراتیژی سیاسیان بۆ خۆیان دانەناوە، بۆ نموونە، خۆی داواکاری«ئۆتۆنۆمی» واتە دان نان بەوەدا کە گیروگرفتی کورد بریتی‌یە لە یەکێک لە گیروگرفتە ناوخۆیی‌یەکانی ئێراق و دەبێت دووقۆلی، لەگەڵ رژێم‌دا چارەسەری ئەم گیروگرفتە بکرێت. ئەمە کەس لاری لێ نی‌یە.

دەی کە وایە بە چ مێشک و گەڵاو گیپالێکەوە سەرانی کوردی ئۆتۆنۆمی‌خواز لەگەڵ رژێمێکی دیکەدا پەیوەندی تەواو و گیانی بە گیانی دەبەستن بۆ شەڕکردن دژی ئەو رژێمەی کە خۆیان دەبێت لە گەڵی‌دا دانیشن و گیروگرفتەکە چارەسەر بکەن؟

سەرانی کورد چاک دەزانن، کە ئەم کارە لە هەموو روانگەیەکەوە پەیوەندی بە مەسەلەی ئۆتۆنۆمی و داوایەی ئەوانەوە نی‌یە. هەروەها دەشزانن کە ئەم رژێمە خۆی هەروەکو ئەو رژێمەی کە خۆیان دژی وەستاونەتەوە، دژی نەتەوەی کوردەو رەفتارفاشیانە مامەلەی لەگەڵدا دەکات.

لەبەر ئەوەیە ئۆتۆنۆمی لەفۆرم و قالبی داوای دیموکراتیانەدا نەماوە، بەڵکو بۆتە خۆفرۆشی‌و بازرگانی بە فرمێسک و خوێنی کوردەوە. هەروەها بۆتە مایەی بێ‌هێزکردنی بزووتنەوەی نیشتمانی ئەم وولاتانەش.

ئەم هاوکاری‌یەی کە هەیە لە نێوان سەرانی کورد و رژێمێک دا هەروا بە سادەی‌و ساکاری و لەیەک سنووردا نەماوەتەوە، بەڵکو ئەو لایەنانە بە ئاشکرا دژایەتی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستانیش دەکەن لەو پارچەیەدا. با خوێنەر بڕوانێتە مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراق و (ی.ن.ک) و ئەم «بەرە» یەی ئێستاش.

نووسەری ئەم باسە زۆر لەگەڵ خەڵکی فارس و تورک و ئارەب‌دا دەکەوێتە مشت و مڕی مەسەلەی کورد و گیروگرفتەکانی دیکەی رۆژهەلاتی ناوەراستەوە. جارێکیان رەگەزپەرستێکی فارس کە لە گفتوگۆیەک دا بەزا بە تووڕەیی‌یەوە پێ‌ی گووتم: «ئەگەر خەڵکی کوردستانی ئێران و ئێراق سەرکردەکانی خۆیان بگۆڕنەوە، ئەوا رژێمی ئێران و ئێراق هیچیان بەرامبەر بە کورد نامێنێت و گیروگرفتی کورد تەواو دەبێت».

کابرا راست دەکات. ئەگەر سەرانی باشووری کوردستان هێندە لەگەڵ رژێمی ئێراندا بەینیان خۆشە، ئەگەر رژێمی ئێران ئەو دادپەروەرە جیهانی‌یە مەزنەیە دەی با بینە سەرۆکی کوردی رۆژهەلات( کورد هەر کوردە و ئەگەر گیروگرفتی کورد بەوە تەواو بێت بۆ نا؟») و ئۆتۆنۆمی بۆ

ئەو بەشە وەرگرن. سەرانی رۆژهەلاتیش با بێن و بێنە سەرکردەی«خۆیان ووتەنی» کوردی ئێراق و هێندەی تر برایەتی کورد و رژێم پتەو بکەن.

کابرا جارێکی تریش راست دەکات. سەرانی کورد وایان لە گیروگرفتی کورد کردووە لەوە بچێت کە رژێم گیروگرفتی لەگەڵ ئەمان دا هەیە نەک لەگەڵ کورد دا. لەبەر ئەوە سەرانی کوردی ئێراق کە هێندە خۆش دۆستی رژێمی ئێرانن با گیروگرفتی کوردستان لەوێندەرێ چارەسەربکەن و ئەوانەی ئێرانیش بێنە ئەم دیوو چارەسەری گیروگرفتی کورد لەگەڵ رژێمی سەددام حسێن دا بکەن.

دوژمنانی کوردستان لە ئەورووپادا وایان بڵاوکردۆتەوە گوایە کوردی ئێران(نەک سەرانیان) لەگەڵ رژێمی ئێراق‌دان و دۆستی رژێمی ئێراقن. هەروەها کوردی ئێراق دۆستی رژێمی ئێرانن و لەگەڵ رژێمی ئێران دان. تەنانەت ئەم ئاکارەیان کردۆتە خەسڵەتێکی نەتەوایەتی کوردی. گوایە هەر لە کۆنەوە کورد پیاوی لایەک بووە. لەبەر ئەوە هەموو جارێک هەواڵنێرەکان وەک توانج لەسەر کورد دەنووسن: «ئەگەر کوردی ئێراق هێندە شەیدای رژێمی ئێرانەوکوردی ئێران هێندە شەیدای رژێمی ئێراقە بۆ هەردوولایان جێ‌گۆڕکێ ناکەن(؟)»

واتە کوردی ئێران بچێتە جێگای ئێراق و بە پێچەوانەشەوە، تاکو ئیتر هەموو کەسێک بە مورادی دڵی خۆی بگات. ئەم قسانە هەرچەندە تاڵو تفتن، بەڵام راستی‌یەکی مەزنیان تیا حەشاردراوە.

دیارە ئەمانە لەکە نین بەسەر تیزڵی نەتەوەی کوردەوە. بەڵکو لەکەی شەرم و بێ ئابڕوویین بەسەر تیزڵی ئەو سەرانەوە کە لە زیان زیاتر قازانجیان بۆ نەتەوەی کورد نەبووە و ناش بێت.

رژێمی سەددام حسێن چاک دەزانێت کە کوردی کوردستانی رۆژهەلات بە دۆستی کورد و دۆستی خۆیانی نازانن. بەڵکو بە دوژمنی سەرسەختی کوردیشی دادەنێن. بەڵام سەددام حسێن سوودێکی چاک لەو سەرانە وەردەگرێ کە بەسەربەرزی و شانازی‌یە بارەگا لە شارەکانی کوردستان(ژێرچەپۆکی ئێراق) دەکەنەوە و ناوی لێناون کوردی ئێران.دەیەوێت کورد بکات بە دوژمنی کورد و شەری ئێرانیان پێ بکات. کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بارەگای خۆی لە کوردستان دا دەکاتەوە و هەموو جۆرە هاوکاری‌یەک لەگەڵ رژێمی ئێراقی‌دا دەکات، کارێکی رێکەوت و هەڵەیەکی سیاسی نییە بەڵکو پلانێکی دارێژراوە و زۆر دوژمنی کورد بەهەمە قۆڵی بڕیاریان لەسەر داوە. مەنسووری حیکمەتی چاک دەزانێت کە دەستی‌خۆی نی‌یە و ماری پێ دەگرێت.

حزبی کۆمۆنیستی ئێران بە هەموو ئاوەزێکی رامیاری و فەلسەفی‌خۆیەوە(؟!) خوازیاری ئەوەیە

کە بە هاوکاری ڕژێمی فاشیستی ئێراق کۆمەڵگای ئێران بە بەهەشتی سۆشیالیزم بگەیەنێت، لەو بەهەشتەش کۆمەڵگای کوردی ئێران بە خودموختای ڕاستەقینە بگەیەنێت. ئەم مەبەستە،تەنها دەبێت لەو ڕێگایەوە بێت کە هەروەک چۆن کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ژەهری پان ئێرانیزم لە هۆش خۆی بیرێت. ئاوا باشووری کوردستانیش بەژەهری پان- ئارەبیزم لە ووزە بخرێت.

دەبێت شانازی ئەو «خەباتە» لە کوێ‌دا بێت کە مرۆڤ بە یارمەتی و بە پسوڵەی ڕژێمێکی فاشیست و خوێن ڕێژ بارەگایەکی لە بەشێکی داگیرکراوی وڵاتەکەی خۆی‌دا بۆ کرابێتەوەو شێوازی خەباتەکەشی(؟) بریتی بێت لە گۆشکردنیان بە بیری پان.دەوڵەتیزمی داگیرکار؟ دەیەها دروشمی ناقۆناغی و سەرلێشێوێنەریش بەرزکرابێتەوە. وەک‌وجمهوری دیموکراتیکی ئینقیلابی.کۆماری دیموکراتی شۆڕشگێڕ». ئەمە لە قۆناغێک دا کە هیچ ڕێکخراو پارتێکی ئێران ناتوانن تەنانەت لەسەر ڕوخاندنی ڕژێمی ئێرانیش ڕێک بکەون. ئەمە لە کاتێک دا کە دانیشتوان و کۆمەڵگای ئێران تووشی دووەپەرێزی و بێ‌هێزایپاسیفیزم بوون. دەبێت تاکتیکی ئەم خەباتە لەکوێ‌دا بێت؟!

ئۆتۆنۆمی ڕێگا بۆ هێزی بە کرێگیراوی وڵات خۆش دەکات کە لە شێوەی ڕێکخراو دا خۆیان بنوێنن و بە دروشمی سوورمەیی و بەهەشتی ئاسمانی کۆمەڵاتی خەڵک لەخشتەبەرن و لە هەموو دنیای بگەیەنن گوایە کوردی ئەم دیو و ئەم دیو لە مێژەوە پیاوی ئەم ڕژێم و ئەو ڕژێمن. ئاکاری خۆفرۆشی و دوژمنکارێتی‌وخۆخۆری بکرێتە کەرەکتاری نەتەوەی کورد.

واتە نەتەوەی کورد نەک هەر لە بیری سەربەخۆی و کوردستانی، نەک هەر لە بیری گەیشتن بە مافە ڕەواکانی دوور بخرێتەوە بەڵکو تەنانەت هەر خۆشی بکرێتە کۆسپ لە ڕێگای خۆیداو ڕێگە لە پێشکەوتنی ناوچەکەش بگرێت.

مرۆڤی وڵات پارێزو نیشتمانی لە پشت کارێکی واوە ناوەستێت و نابێتە ئامێری دەستی دووژمنان.

لە چاوپێکەوتنێک کە لە ١٩٨٨/٣/٢. دا دەزگای CNN . ئەمریکی لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی ئێراق و ئێران دا سەبارەت بە گازبارانی شاری هەڵەبجە کردی، نزیکەی (٤٥) چرکەش لەگەڵ تاڵەبانیدا قسەکرا.

کابرای تواجبەر پرسیارێکی لە تاڵەبانی کرد کە بە داخەوە تاڵەبانی خۆی بە دەستی خۆی دەروازەی لەسەر چاوپێکەوتنە لایەلایەکەی خۆی پێوەدا. ئەگەر تاڵەبانی ژیرانە وەڵامی ئەو پرسیارەی بدایەوە، کارێکی وادەرەخسا کە پرسیاری تری ئاراستە بکرێت. ڕوونکردنەوەی

مەسەلەی ئەو گازبارانە بۆ رای گشتی جیهان بێ ئەندازە بە بایەخی و گرنگ بوو سەبارەت بە ئەتەوەی کورد و خەباتەکەی.

کابرا لێی پرسی:ئایا ئێوە بۆچی هەر سوورن لەسەر ئەوەی کە دەوڵەتی عێراق گازبارانی شاری هەڵەبجەی کردووە، بۆچی ئێران لە پشت ئەم کارەوە نەبێت؟! وە ئایا بەڵگەتان چی‌یە؟

لە وەڵامدا تاڵەبانی دەڵێت:« چونکە ئێران وا بە پیاوەکانی خۆی ناکات».

لە راستدا تاڵەبانی ووشەی«پیاو-بەکرێگیراو» ی بەکار نەهێنا. بەڵکو ووشەی «Allies».ی بە کارهێنا، کە لە ئینگلیزیدا« هاوپەیمان » دەگرێتەوە. تاڵەبانی ویستی بڵێت: چونکە ئێران وا بە هاوپەیمانەکانی خۆی ناکات».

بەلاّم هەموو جیهان دەزانێت کورد هاوپەیمانی ئێران نی‌یە. هەموو مرۆڤێکی ژیر دەزانێت ئەتەوەی چەوساوە ناتوانێ هاوپەیمانی دەوڵەتێکی سەردەست بێت. هیچ بناخەیەکی فەلسەفەیی و رامیاری رەوشتی ئەم جۆرە«هاوپەیمانی»ی‌یە ناگرێتە خۆی.

لە هەمان کاتیشدا، ئەوکاتە گەرمەی دوا زۆرانی ئەمەریکاو دەوڵەتی ئێران بوو، کە ئێران بۆ دواجار، تا ئاییندەیەکی فرە داهاتوو، پشتی لە زەوی دەدرا. خەڵکی جیهان بە خەباتی ئەو کاتەی رۆژهەلاّتی کوردستان ئاشنا بوون.

هیچ مرۆڤێک نەیدەتوانی ئەو نادروستی‌یە قبوڵبکات کە کورد بە هاوپەیمانی ئێران لە قەڵەم بدرێت. لەبەر ئەوە خەڵکی جیهان، یان بەلای کەمەوە بینەرانیCNN کە ژمارەیان لە دەیان ملیۆن پترە وا لە تاڵەبانی گەیشتن کە دەڵێت: «ئێران وا بە پیاوەکانی خۆی ناکات».

لە راستیشدا ئەمە راستی‌یە شاردراوەکەشە :سەرانی کورد بێ ئەملاولا «پیاو» ی ئێران بوون (ئێستا پیاوی لایەنی ترن).

کابرای توانجدەر بەکسەر تێگەیشت کە ئەگەر پرسیاری تر لە تاڵەبانی بکرێت ئەوا وەڵامەکەی تاڵەبانی لە جیاتی سوود، زیان بە خەڵکی کوردستان دەگەیەنن. ئەو کاتەش ئەمەریکا ئەو جۆرە وەلاّمانەی نەدەویست. بەڵکو دەیویست رووی دەوڵەتی ئێراق و لەبەرچاوی جیهان رەش بکات و ئابووری سەددام حسێن بەرێت تا رژێمی سەددام لە شەڕێکی « راگەیاندن» دا بیەزێنێ و سەددام بە تەواوی بچێتە باوەشی ئەمەریکاوە کە لەسالی ١٩٨٤ وە میرنشینەکانی کوێت و سەوودی ئارەبی بوو بوونە دەلاّلیان. واتە لەبەر چاوی رەشی کورد نەبوو.(بەلاّم هەردەتوانرا ئەو هەڵە باشە بقۆزرێتەوە).

ئەوەبوو هەر دوای ئەم پرسیارە تاڵەبانی پشت‌گوێ‌خراو پرسیاری تری لێ نەکرا. لە جیاتی

هەمرو دەستێکی خێر بۆ کورد، بەتایبەتی پاش مالوێرانی‌یەکی وا کە بەسەر کورد دا هات. هەر دوو نوێنەری ئێران ئێراق بە ئارەزووی خۆیان یەکتریان تاوانبار دەکرد. لە کاتێکدا کوردستان تۆزی مەرگی لێ هەڵدەسا، نوێنەرانی ئێران و عێراق بەدەم جۆزێنیان بە یەکتر دەدا و بە چاویش ئافەرینیان بۆ یەکتر دەنارد..

کابرای توانجدەر، هەوەک مرۆڤێکی رامیاری، لە هەمان کاتدا پسپۆر بە رۆژهەلاتی ناوەراست و کورد ئەم راستیبانەی چاک دەزانی، هەر بۆیەش پرسیارێکی لە «ئەنباری» کرد (ئەنباری،باڵوێزی سەددامە لە بارەگای رێکخراوی نەتەوەکان لە نیویۆرک). ویستی بەو پرسیارە پارسەنگی وەلامە ژەهراوی‌یەکەی تاڵەبانی بداتەوە و باش ئەو هەمرو ماڵوێرانی و نەگبەتی‌یەی بەسەر کورد دا هاتووە، کورد خۆی تاوانبار نەکرێت و بە بیانوی«پیاوی» ئەملاولاوە گازاپارانی کورد نەکرێت. لە هەمان کاتیشدا نەبێتە شوێنی گاڵتەجاری‌وگەمەش.

توانجدەرەکە بە ئەنباری گووت:«ئێوە دەڵێن چی‌سەبارەت بەو وەلاّم وسووربوونەی تاڵەبانی»؟!

ئەنباریش زۆر لەسەرخۆ هەروەک خۆی بۆ پرسیارێکی وا ئامادە کردبێت، بە بڕواو دڵنیایی‌یەکی تەواوە گووتی: ئەم کابرایە جاشە» Coll aborater ،خیانەتکارە» ئەمرۆ لەگەڵ ئێرانە، سبەینێ لەگەڵ سووریا و بەم شێوەیە، ئێمەش دەتوانین بیهێنینەوە بۆلای خۆمان».

مرۆڤی کورد قورگی پڕ دەبێت لە گریان.

لە دوا سالآنی (١٩٥٠) وە کورد خاوەنی سەرکردەیەک نەبووە شانازی پێوە بکات. کورد سەرکردایەتی نی‌یە جێی شەرم و شکۆ و کەمێتی کورد نەبێت. تۆبڵێی تاڵەبانی بە هەڵە وەلاّمێکی وا بداتەوە؟ ئەگەر دابێت جێگای سەرسورمانە یەکێکی وەک تاڵەبانی رۆژی دەیان هەڵەی لەو بابەتە بکات!!

ئەم ئەنباری‌یە کابرایەکی فرە لێهاتووە. لەکاتی قسەکردندا زەردەخەنەیەکی لالێوی تاڵ و پڕ گاڵتەجار دەکاتە پێشبینەی قسەکانی. کارێکی هاسان‌نی‌یە مرۆڤی کورد خۆی لە نێوان زەردەخەنەی ئەو و وەلاّمی تاڵەبانی رابگرێت.

سێ‌ساڵ دوای ئەوە قسەکانی ئەنباری لە هەمرو کاتێک راستر دەرچوو کە تاڵەبانی لە سەرەتای مانگی٤/١٩٩١ دا لە هۆڵی مبزانداری سەددام وەک داشە هارە. بەهەر چواردەوری خۆیدا دەخولایەوە «ئەنباری»یش لە نیویۆرکەوە بە هەواڵنێرەکانی دەگووت:« تاڵەبانی،هەروەک خۆی دەڵێت لە هەمرو کاتێک گەش‌بین ترو بە هیواترە»

بەڵێ سێ‌ساڵ دوای ئەوە ئەنباری رازی نەبوو بە ووتە و رستەی خۆی لەو دەستبکەلاّوکردنە

بدوێت کە لە قوڕگی مەرگ دەرباز کردن. بەڵکو وەک هەموو جارێکی تر دەیزانی چۆن بەرگری لە خۆی و ڕژێمەکەی بکات:تاڵەبانی هەروەک خۆی دەڵێت لە هەموو کاتێک گەش بین‌ترە و بە هیواترە».

ئەزیش دەبێژم تەنانەت فاشیستەکانیش لەگەڵ خۆیاندا ڕاستگۆن.

## سەرچاوەکان:


١- "گفتوگۆی شۆڕش لەگەڵ میری". بڵاوکراوەیەکی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان-کانونی دووەمی ١٩٨٥. ل٧.

٢- چاوپێکەوتنێکی هەواڵنێریٚ لە بەغدا، لەگەڵ مەسعود بارزانی لە شەوی ١٩٩١/٧/١٧، کاتێک کە شاری سلێمانی لە لایەن جەماوەرەوە بۆ دووهەم جار ئازادکرا. هەروەها بڕوانە چاوپێکەوتنی ١٩٩١/٧/٢٥، مەسعود بارزانی لەگەڵ ڕۆژنامەی "القادسیە"ی زمانی سوپای ئێراقیدا.

٣- یەکەم هەفتەی چاوپێکەوتن، لە یەکەم چاوپێکەوتنی تاڵەبانی لەگەڵ هەواڵنێری دەرەوە لە بەغدا. سەردانە چوارقۆڵیەکەی بەرەی کوردستانی ئێراق.

٤- ووتارەکەی تاڵەبانی لە قەشقۆڵی بۆ جەماوەری کوردستان لە دەستپێکەلاوکردنەکەی ساڵی ١٩٨٢دا. هەروەها بڕوانە ڕۆژنامەی "العرب"، ژمارە و٦٥، ٦/اب/١٩٨٤، چاوپێکەوتنێک لەگەڵ "جاسم محمد حسین".

٥- هەمان ووتاری پێشوو. لەم چاوپێکەوتنەدا تاڵەبانی دەڵێت: «شەڕی دژ بە سوپای ئێراقی مێژوویەکی پڕ شەرمی لەسەر تۆمارکردین».

٦- چاوپێکەتنێک لەگەڵ سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی ئێراق «عزیز محمد» لەگەڵ گۆڤاری "مامۆستا" ژمارە (٤-٥) تەمووزی ٧٨٩١. ل٨٥. هەروەها ئیدریس بارزانی لە چاوپێکەوتنێکی هەمان گۆڤاردا ل٧٤. ووتارێکی تاڵەبانی لە ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان لە نیوەی مانگی ١٩٩١/٨، ئەم ووتارە، لە قەوارەی دوو کاسێتی یەک سەعاتیدا لە ئەرکیڤی "Kurdistan Centrum" دا دەستدەکەوێت.

٧- ئەڵتەرناتیف.ڕۆدۆلف بەهرۆ، بە زمانی سویدی. دەستنووس یەکەم بە ئەڵمانی ساڵی ١٩٧٧، وەرگێڕانی سویدی ساڵی ١٩٧٩.

٨- هۆنراوەیەکی هۆنەری ئەمر "دڵدار".

٩- ڕۆژنامەی Dagens Nyheter ی سویدی، دۆکومێنت، ١٩٩١/١/٢٧، یەکشەممە.

١٠- هەمان سەرچاوەی ژمارە (٣).

١١- سیمینارێکی بەرەی کوردستانی ئێراق. ڕۆژی پێنج شەمە، ١٩٩١/٤/٢٥ لە هۆڵی "Kista Träff" لە سوید. نوێنەری (ی.ن.ک. بەکر حسێن) و نوێنەری (پ.د.ک.ع. وەهاب پارتی).

١٢- پرۆژەیەکی بەرەی کوردستانی ئێراق، "مشروع الجبهة الكردستانية العراقية للحكم الذاتي لاقليم كردستان".

١٣- نووسەری ئەم نامیلکەیە، بە یارمەتی (٣) هەڤاڵ و دۆست (١٨) کەسمان لەوانە راسپارد کە ڕۆشتنەوە کوردستان تا زانیاری ئەوار لەمەڕ ئەو مەسەلە کۆبکەنەوە. هەروەها قسەکردنیش بە تەلەفون لەگەڵ خەڵکی ئاوارەی کورد لە چەندین شار و شارۆچکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

١٤- سەردانێکی مسعود بارزانی بۆ سوید و چاوپێکەوتنی لەگەڵ کوردەکانی سویددا لە "Kista Träff" لە ستۆکهۆلم.

١٥- مامۆستا "جەمال نەبەز" یەکەمین کەسە لە کورددا ئازایانە توانیبێتی ئەم راستییە بخاتە سەر کاغەز. گرنگایەتی و دەستپێشخەری ئەم خاڵە ڕەوایە بدرێتە ناوبراو.

١٦- Sveriges Statsskick, En Faktasamling, Arne Halvarson 1986, S. 18.

١٧- گەشتێک بۆ باکووری کوردستان، مهاباد کوردی، ١٩٩١.

١٨- هەمان سەرچاوەی ژمارە (١).

١٩- بڕوانە بڵاوکراوەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران -کۆمەڵە- لەمەڕ شەڕی براکوژی.

٢٠- پێشڕەو، ئۆرگانی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران - کۆمەڵە، ژمارە (١٥).

٢١- یەکەم چاوپێکەوتنی هەواڵنێری لەگەڵ خومەینی دا لە فەرەنسا، لەمەڕ کوشتارە بە ناوبانگەکەی ئەرتەشی ئێرانییەوە دژی خۆپیشاندەرەکانی تاران، خومەینی دەڵێت: ئەز دەتوانم لە خوێنی مەزن بپاڕێمەوە بۆ ئەو سەربازانەی دوێنێ لە کوچە و بازارەکانی تاران و شارەکانی دیکەدا موسڵمانە براکانی خۆیانیان دەکوشت. ئەمە هیچ گیروگرفت نییە، بەڵام ناتوانم بۆ ئەو سەربازانە بپاڕێمەوە کە ئەمڕۆ یان سبەی برا موسڵمانەکانی خۆیان دەکوژن.

٢٢- "بە تۆپی زیندەڕۆیی راوناکرێت" دەربڕینێکی ئەحمەد سەعید حەسەن)ە. لە ووتارێکی رەخنەگرانەدا لە گۆڤاری یەکگرتنی ژمارە ١٩٨٩/٨/٧ دا بڵاوکراوەتەوە، "تەحەنگی بڕۆوا بە تۆپی زیندەڕۆیی راوناکری".

٢٣- "جمهوریە" و "حریە" دوو رۆژنامەی رەسمی تورکیان. یەکەمیان بە مانای "کۆمار" و دووەهەمیان بە مانای ئازادی". لەسەر سووچی یەرەی یەکەمی رۆژنامەی "حریە" دا وێنەیەکی کمال ئەتاتورک و ئاڵایەکی تورکیا چێکراوە و لە خوارێوە نووسراوە: تورکیا بۆ تورکە. ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە هیچ رۆژنامەیەکی جیهان -بێگومان فاشیستە ئۆیەکانی لێدەرچێت- ئەگەرچی کۆنەپەرست و رەگەزپەرستیش بن ئاوا شۆڤێنیزمیان بە ئاشکرا نەیان خستۆتە بەردەم مرۆڤ. کردارێکی سەیرە کە ئاڵەیانی رژێمی تورکیا بە یەکێک لە هەرە دەوڵەتە دیموکراسییەکان و بە تەنهاء دەوڵەتی دیموکراسی رۆژهەڵاتی ناوەراستی لە قەڵەم دەدات .




٢٤- بڕوانە گۆڤاری «دەنگی کوردستان» کە بڵاوکراوەیەکی پارتی کرێکارانی کوردستانە و بە زمانی تارەبی دەردەچێت. ل٥٢.

٢٥- أغدو دیمقراطی و حرمان شعب حتى من حق الحلم، کتێبێکی جلال تاڵەبانی‌یە و لە نیوەی دووهەمی ساڵی ١٩٨٨دا، دوای تاشبەتاڵە خشکەییەکەی ئەو ساڵە دەرکرا. ئەم کتێبە زووبەزوو هەر لە لایەن (ی.ن.ک)ەوە کۆکرایەوە و لە بڵاوکردنەوە خرا. پێش ئەوە ناوی «جلال تاڵەبانی» یەکە لابراو لە جێگاکەی "الاتحاد الوطنی الکردستانی» دانرا. ئەم کتێبە لە ناوەڕۆکدا زۆر لاوازە و پڕە لە کۆنترادیکت و دووبات بوونەوە، لە هەمان کاتیشدا هەڵوێستی تاڵەبانی ئاشکرا نییە، بەڵکو لە نێوان ئوتۆنۆمی و مافی چارنووسدا بە هەڵواسراوی ماوەتەوە.

٢٦- لە دووەم راپەڕینەکەی شاری سلێمانیدا، نوێنەرانی (ی.ن.ک) و یەکێک لە ئەندامی سەرکردایەتیان بە ئاشکرا لە نێوان "مونەزەمەی ئەمن» و پێشمەرگەی میللیدا بوونەتە ناوبژیکار. لەو ناوبژیکردنەدا (٤٨) سەعات دراوەتە "مونەزەمەی ئەمن" کە شاری سلێمانی بۆ ماوەیەکی کاتی بەجێبهێڵێت و لە دەرەوەی شاری سلێمانیدا لە نزیک ..باخی بەختیاری" خۆیان دامەزرێنن.

٢٧- بینایی، کۆمەڵە هۆنراوە، بۆ بازرگانانی ڕێگەی سوور، ١٩٩١.

٢٨- مەبەست لە دەستپێکەلاوکردنەکەی بەهاری ١٩٩١ە کە بە رەسمی لە لایەن (ب.ک) بانگەوازکرا، لە سیمینارێکی بەرفراوانی ئالای شۆڕشدا کە لە شەقلاوە بە ئاشکرا گیراوە، مەلا بەختیار دەڵێت: "دۆکۆمێنت هەیە کە گفتوگۆ پێش هێرشەکەی رژێمی بەعس و لە کاتی راپەڕینەکانیشدا هەر هەبووە». بە واتایەکی تر، کە سەرانی بەرە دەڵێن ئێمە ئەو گفتوگۆیەمان لە پێناوی پاراستنی خەڵکی کوردستاندا کردووە، نە بناخەی هەیە و نە دروستیشە.

٢٩- کۆڕێکی جەمشید حەیدەری، لە هۆڵی فیدراسیۆن. "باروودۆخی کوردستان لە کۆڕێکدا"، ١٩٩١/٩/٢٢، کاتژمێر -/٢ی پاشنیوەڕۆ.

٣٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٣١- چاوپێکەوتنێکی مسعود بارزانی لەگەڵ رۆژنامەی "القادسیە"دا. ٢٢ی گەلاوێژی ١٩٩١.

٣٢- مادام بۆڤاری لە کاتی نەخۆشیونیشدا هەر کاری دەکرد. کە دکتۆرەکان پێی دەڵێن دەبێت دانیشێت و پشوو بدات، دەڵێت: وەگەر چەکوشی مەرگ هەر لەسەرم بدات با ئەو کاتە لێی بدات کە بە پێوەم».

ئەختەری ژنی رەشۆل، یەکێک بوو لە ژنانی سلێمانی کە لە خۆپیشاندانێکی دژ بە ئینگلیزدا شەهیدکرا، لە کاتی هێنانەوەی تەرمەکەی بەهەشتی شێخ مەحموودی حەفیددا بۆ سلێمانی.

٣٣- هەمان سەرچاوەی (٣١).

٣٤- بە پێی رۆژنامەکانی تورکیا و هەواڵە ئابوورییەکانی خۆیان، بڕوانە رۆژنامەکانی "جمهوریە" و "حریە"ی ساڵی (١٩٩٠) و (١٩٩١).

٣٥- Kriminalisering av Kurdistans Arbetar Parti P.K.K i Sverige. May 1987. "CEDRI". Comite Europeen pour la defense des refugies et immigres/Kurdernes Vänner.

٣٦- ووتارەکەی تاڵەبانی لە ئەشتۆڕی، لە گۆڤاری (؟)کەی ساڵی ١٩٨٣/١٩٨٤دا. هەروەها بڕوانە سەرچاوەی (٤).

٣٧- لەساڵی ١٩٨١ وە تورکیا بە ئاشکرا چەندین جار هێرشی فڕۆکەی کردۆتە سەر کوردستانی ژێر چەپۆکی ئێراق، لە سەرەتای راپەڕینەکانی بەهاری ١٩٩١دا ئەم هێرشانە ئاشکراتر و بەرفراوانتربوون.

٣٨- کۆڕبەندی و بیرەوەری، هاوار ١٩٨٤، ل١٩٢.

٣٩- لە کۆڕەکەی فیدراسیۆنی جەمشید حەیدەریدا، حەیدەری دەڵێت: فڕۆکە هەلیکۆپتەرەکانی ئێراق بە دڵەوە تەقەیان لە خەڵکەکە ئەدەکرد.

٤٠- "ئیوەڕۆی ئاهەنگ" دەرپەڕینێکی مامۆستا گۆرانە و لە هۆنراوەی "شەوێک لە عبداللە"دا وەرمگرتووە.

٤١- بە پێی زانیارییەکانی (پ.ک) زیاتر لە (١٨٠) هەزار مرۆڤی کورد بێسەروشوێنن.

٤٢- ئەم ووتارەی تاڵەبانی لە شێوەی وەلامی دوو پرسیاردا لەسەر "ئێستگەی دەنگی گەلی کوردستان"دا بڵاوکرایەوە بە دەنگی تاڵەبانی خۆی. ئەم کاسێتە زۆر شایانی باسە، چونکە مرۆڤ بە تەواوی بۆی دەردەکەوێت کە تا چ رادەیەک تاڵەبانی راست ئەبێژە.

٤٣- لینین، کۆکراوەکان ژ ٢٢، ل٣٥٣ بە ئینگلیزی.

٤٤- کۆمەڵێک سەرچاوە، بۆ نموونە لینین، کۆکراوەکان ژ ٢١، ل٢٩٣.

٤٥- مارکس لەسەر ئیرلەندا لە نامەیەکدا. لینین، کۆکراوەکان ژ ٣٩، ل٦٠٣.

٤٦- هەمان سەرچاوەی ژمارە ٧، رۆذژلف بەخرۆ.

٤٧- لینین The Awaking of Asia ل٢٤.

٤٨- Braving Repression حەیدەر کلز بە ئینلیزی Information Bulletin ل٣٩، مانگی٥.

٤٩- World Marxist Review بە ئینلیزی ل٥ . ١، رێسات دۆگان، مانگی٨.

٥٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٨ . ١

A Bridge to friendship, not a Springboard of A......

٥١- World Marxist Review ل٤٧، مانگی ٩ بە ئینلیزی، مایز ڤیلتر.

٥٢- قضايا السلم و الاشتراكيه ل١٢٤ مانگی ٦، بە ئارەبی، جەمیل کارامان.

٥٣- لینین، کۆکراوەکان، ژ ٢٢، ل. ٣٤ بە ئینلیزی.

٥٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٥٥- لینین، کۆکراوەکان، ژ ٢٣، ل٧٣ بە ئینلیزی.

٥٦- لینین، کۆکراوەکان، ژ ٢٠، ل٤١١ بە ئینلیزی.

٥٧- لینین، کۆکراوەکان، ژ ٢٢، ل١٤٣ بە ئینلیزی.

٥٨- لینین، کۆکراوەکان ژ ٢٢، ل١٤٧ بە ئینلیزی.

٥٩- سەرچاوەی (٤٩).

٦٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٦١- لینین، کۆکراوەکان، ژ ٢٢، ل٩٤١ بە ئینلیزی.

٦٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٥١.

٦٣- لینین، کۆکراوەکان ژ ٢٦، ل١٧٥ بە ئینلیزی.

٦٤- لینین، کۆکراوەکان ژ ٢٣، ل٦٧ بە ئینلیزی.

٦٥- لینین، کۆکراوەکان، ژ ٣٩ ل٧٤٢ بە ئینلیزی.

٦٦- بڕوانە World Marxist Review، مانگی ٩ ل. ١١، عزیز محمد، ژمارە ٣. ساڵی ١٩٨٧.

٦٧- کێڵگەی ئاژەڵان، Animal Farm، جۆرج ئۆروێل، کە لە ڕاستیدا ناوی دەتیریک پلایەر بە Eric Blair.

٦٨- World Marxist Review، ل٣١ بە ئینلیزی، ژمارە ٣. ساڵی ١٩٨٧، مانگی ٩، محمد حەرمل.

٦٩- لینین، کۆکراوەکان ژ ٢١، ل ٤١٣ بە ئینلیزی.

٧٠- لینین، کۆکراوەکان ژ ٢٩ ل١٧٣ بە ئینلیزی.

٧١- نقد المفاهيم النظريه لمارتسی ترنغ، چاپی مۆسکۆ، ١٩٧٤ بە ئارەبی، ل٣٥، دار التقدم.

٧٢- لینین، کۆکراوەکان، ژ ٢٠ ل٣٩٦ بە ئینلیزی.

٧٣- لینین، کۆکراوەکان ژ ١٩ ل٣٥٥ بە ئینلیزی.

٧٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٧٥- گۆڤاری مامۆستای کورد، چاوپێکەوتنێک لەگەڵ عزیز محمد، لە لایەن فەرهاد شاکەلیەوە، ژمارە ٤-٥.

هەواڵنامەی کتێب

سالی ۱۹۸۷.

۷٦- Shame it self is a revolution، نامەیەک بۆ (ئەدنۆلد ریدج) لە لایەن مارکسەوە. The letters of Karl Marx, Saulk Padover, 1979, New Jersy.U.S.A.

۷۷- هەمان سەرچاوەی (۷٥).

۷۸- ڕێگای ئاشتی و سۆسیالیزم، ژمارە ۲٤ ، ۲٥.

۷۹- پەیوەندی بە ناونیشانی کتێبەکەی ئێریخ فرۆمەوە Erich From نییە، بڕوانە Escape From Freedom.

۸۰- هەمان سەرچاوەی (۷۸).

۸۱- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

۸۲- بە پێی زانیارییە کۆکراوەکان، لە لایەن دوو لایەنگری (ی.ن.ک)وە، ژمارەی ۳۹٦۸ گوند و لادێ و شارۆچکەی کوردستان خاپوورکراون.

۸۳- دەربڕینێکی ڕێکخراوی پارتی کۆمۆنیستی مارکسی لینینیەکان، شۆڕشگێڕەکان،(r)KPML لە نامیلکەیەکدا لە دوو کورتە وتاردا. Vart leder Gorbatjov Sovjetunionen? Front mot revisionismen.

۸٤- هەمان سەرچاوەی (۷۸).

۸٥- هەمان سەرچاوەی (۷٥).

۸٦- لینین، کۆکراوەکان، ب ۲ ل۳۹۷ بە ئینلیزی.

۸۷- Israel Nu och Då, av Erik Karlsson, Noaf 1987. هەروەها Bibelnsland reseansmål, av Erik Beijer, Noaf 1981.

۸۸- Kurdistan (The Origens of Kurdish Civilaization), J. Kurdo. بە ئینلیزی.

۸۹- لە سەرەتای ئەم نووسراوەدا بە درێژی باسی ئەم خاڵەم کردووە. بڕوانە سەرچاوەی (۱٥).

۹۰- V.D.Zotov The Marxist Theory of Society بە ئینلیزی، چاپی مۆسکۆ، الدار التقدم.

۹۱- دژکۆمینتێکی هەمەچەشنە لە شێوەی وتار و بەیاندا زۆرن کە کەم یان زۆر سەرانسەری پارت و ڕێکخراوە ئارەبییەکانی ئێراق دەگرێتەوە کە تەنانەت لە چەندین دانیشتن و جڤیندا نەیانتوانیوە لەسەر ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسیش ڕێکبکەون. یەکێک لەو بەیانانەی لە لوبنان دەرکرا، بەیانێکە کە هەموو ڕێکخراوەکانی بەرە بەشداری تیاکردووە. لەوێدا لە لایەن پارتە ئارەبییەکانەوە ڕەخنە لە سەددام حسێن گیراوە و هێرشی کراوەتە سەر لەبەر ئەوەی گوایە لە ڕێکەوتن نامەکەی جەزائیر لای داوە و هەڵی وەشاندۆتەوە. ئەوەی سەیرە کە سەرانی هەموو پارتە کوردییەکان ئیمزای خۆیان لە ژێر ئەو بەیانەدا کردووە. تەنها نوێنەری «الحزب الاشتراکی فی العراق» کە «مهدر الریس»ە بە ڕوونی وەک ڕوونکردنەوەیەک نووسیویەتی: «لەگەڵ دەست کێشانەوەمان لەسەر ئەو خاڵەی لەسەر ڕێکەوتنامەکەی جەزائیرەوەیە چونکە دوورە لە خواست و ویستەی گەلەکەمانەوە».

مرۆڤ دەپرسێ داخۆ، بۆچی ۷ پارتی کوردی (پارتی کۆمۆنیستی ئێراقیش ئیمزای کردووە) لە ڕووی ئەم هەموو

خیانەتکاریەدا نەک ڕێندەنگ بمێننەوە بەڵکو تەنانەت بەشداریشی تیادا بکەن و چەپڵەشی بۆ بکوتن و پەنجەمۆری خۆشیانی لە ژێردا بکەن؟؟


ئەم بەیانە کە لە ژێری ناوی "بیان قوی المعارضه العراقیه" دا دەرچووە و بەرواری ١٩٩٠/١٢/٢٧ پێوەیە، هەروەها هەموو تاوانەکانی ئەم ٢٣ ساڵەیان تەنها خستۆتە پاڵ سەددام حسێن، نەک پارتی بەعسی ئارەبی سۆسیالیستی و ئارەبە ڕەگەزپەرستەکانی ئێراق. شایانی باسیشە کە نوێنەری "پاسۆک"یش ئیمزای کردووە. ئێستا پاسۆک ناوی خۆی گۆڕیوە بە پارتی سەربەخۆیی و دیموکراتی کوردستان.

* هەموو ئەم دۆکۆمێنتانەی لە ئەرکیڤی (Kurtdistan Centrum) دەست دەکەون. لە کاتی داواکردنی کۆپی تایبەتیدا ڕەنگە دانانی نرخێکی تایبەتی پێویست بکات.

* تکا لە هەموو ڕۆڵەیەکی دڵسۆزی نیشتمانەکەمان دەکەین کە بە پێی توانا ئەو فاکت و دۆکۆمێنتانەی لایان دەست دەکەوێت و نایەوێت لە مەترسی فەوتاندندابن، ڕەوانەیان بکەن بۆ ناونیشانی:

Kurdistan Centrum
Västmanagatan 73
113 26 STOCKHOLM
SWEDEN
Att/ K.R.K.


یاخود خۆیان بە پێی توانا سوودیان لێوەربگرن و نەهێڵن تۆزی لە یادکردن و پشتگوێ خستنیان وەسەربنیشێت. هەتا ئێستا کە دوژمنانی ناوخۆ و دەرەوەی کورد بە ئارەزووی خۆیان تەراتێن دەکەن، یەکێک لە هۆیەکان ئەوەیە کە ڕووناکبیران و دڵسۆزانی کورد تا ڕادەیەک لە تۆمارکردن و هەڵگرتن و پاراستنی ئەو دۆکۆمێنتانەدا کەمتەرخەمن.




مۆنۆپۆلی بەرهەم
بێجگە لە نوێنەرەکانی خۆی
لە پارتەکاندا هەروەها خاوەنی
ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی خۆشیەتی،
بە شێوەی فیلم و تەلەفزیۆن و پروپاگەندە و
ئەفیش و... هتد.
ئەمەش کاردەکاتە سەر کۆمەڵگا و
ئەویش کار دەکاتەوە سەر چۆنیەتی
هەڵبژاردن.

سیستەمێکی دیموکراسی «١٦»

وێنەی ژمارە (١)




سیستەمێکی تاک پارتی، تۆلیتاری دیکتاتۆری

ئەنجومەنە بڕیاردان (پەرلەمان-٤)= دەنگی A، یاخود دەنگی A+ کۆی دەنگی B و C.

پەرلەمان (ئەنجوومەنی نیشتمانی)= ئامرازێکی پڕوپاگەندە. فەنکسیۆنی بڕیاردانی نیە.

خالی ١.٢.٣.٤ وە ٥ بریتین لە دەسەلاتی بەڕێوەبردنی خەڵک (ئەو پێنج لایەنە- هێزە-ی لە نەخشەی (١)دا دەست نیشانکراون. لێرەدا هەموو دەسەلات و توانای سەرۆک کۆمار و پارتن.

وێنەی ژمارە (٢)

لە سیستەمێكی دیموكراسیدا بە دڵنیاییەوە دەبێت لە یەک پارت زیاتر هەبێت، ئەم پارتانەش هەمیشەگە لە شێوازی پێکهاتنی سیستەمی بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا چوارهەم دەسەڵات- بوون- دێن، «میری» کە لە نوێنەرانی هەڵبژێردراوانی ئەم پارتانە پێکدێت و بۆ ماوەیەکی دیاری کراو لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێررێن، دووهەم دەسەڵاتن. لە سیستەمی تۆتالیتاریانە و یەک پارتایەتی دیکتاتۆردا، وەک ئێراق، ئێران، تورکیا، سووریا و...هتد. ئەم شێوازی پێکهاتنە تارادەیەک پێچەوانەیە. بڕوانە نەخشەی ژمارە (٢).

کە دەڵێن سیستەمێکی دیموکراسی ناکارێت لە سەدا سەد دیموکراسی بێت لەبەر ئەوەیە کە تائێستا بە شێوەیەکی زانستیانە نەتوانراوە ستاتیستیکێکی زانستیانە بکرێت و بزانرێت داخۆ «دەسەڵاتی ڕاگەیاندن و گەمەی ڕامیاری و هێزی ڕاکێشان» چۆن ساغ دەبێتەوە. لە ساڵی ١٩٨٢ لە نەرویج هەوڵدانێکی وا کرا کە ئەنجامەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

ئەم لایەنانەی خوارەوە هەموو دەسەڵاتیان کەم یان زۆر لەسەر چۆنیەتی دیموکراسیزم و چوونایەتی ئەم سیستەمە هەیە. (دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی خەڵک).

١- هەڵبژێردراوەکان (لەلایەن خەڵکەوە).

٢- هەڵبژێردراوەکان (ڕەسمی، لەلایەن پارتەکانەوە)

٣- ئەو ڕێکخراوانەی پەرلەمانی نین و بەرژەوەندی تایبەتی ڕامیاری و هونەری و پیشەیی و کۆمەڵایەتی خۆیان هەیە و خاوەنی هێزی ڕاگەیاندنن.

٤- مۆنۆپۆڵەکانی بەرهەم.

٥- ڕاگەیاندن خۆی.